

# دایک

شاکاری ماکسیم گۆرکی

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى إقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com


منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# دایک

شاکاری مەکسیم گۆرکی



لەبڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

**بەڕێوەبەری گشتی:** ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی / فولکەی گۆزەکان / تریک ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

**پەیوەندی:** 07501590032 - 07701974656

**ناوی كتێب:** دایك

**نوسینی:** مەكسیم گورگی

**وەرگێڕانی:** زاهیر محەمەد

**هەڵەچن و زمانەوانی:** سەردار حەسەنخاڵی

**دیزاین:** كۆمپانیای كتێب

**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەكەم

**تیراژ:** 1000 دانەی لێ چاپكراوە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی (1838) ساڵی (2017) پێدراوە.**

**ئەم كتێبە لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبانە، مافی لە چاپدان و كۆپی كردنی پارێزراوە.**

## لەبارەی نوسەری ئەم کتێبەوە:

ناوی راستەقینەی نووسەری ئەم کتێبە "ئالێکسی ماکسیمۆڤیچ پیشکۆف"ە، بەڵام چونکە نووسراوەکانی لە ژێر ناوی خوازراوی "مەکسیم گۆرکی" بڵاو دەکردەوە، بەم ناوە ناسراوە.
وشەی "گۆرکی" بە مانای تاڵ دێت و ئالێکسی پیشکۆف بە هۆی ژیانی تاڵ و ناسازگاری خۆی ئەم ناوەی هەڵبژاردووە.
گۆرکی لە بنەماڵە یەکی هەژار چاوی بە دنیا هەڵهێنا و لە تەمەنی منداڵیدا باوکی لە دەست دا. لە بەر ئەوە قۆناغی منداڵی لە دژوارترین و سەختترین بارودۆخدا بە سەر برد. بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، ناچار بوو کاری جۆراوجۆر بکات، ڕۆژێك پینەچی، ڕۆژێك وێنەکێش و رۆژێك چێشتلێنەر و رۆژێك باخەوان. بەردەوام شارەوشاری دەکرد و بەم شێوەیە ژیانی دەگوزەراند.
بەڵام قەت ئەم ژیانە تاڵە، لە خوێندن و فێربوون دووری نەخستەوە و دوای ئەوەی خۆی لەم زەلکاوە رزگار کرد، ڕابردووی فەرامۆش نەکرد و بە چاوی سووك و کەم نەیڕوانییە ئەو کەسانەی کە لە زەلکاوی ژیانێکی تاقەتپڕوکێندا نغرۆ ببوون و چاوپۆشی لە کێشەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە نەکرد.
گۆرکی لەو نووسەرانە نەبوو لە سەرەوە سەیری کەسانی چەوساوە و دوورخراوەی کۆمەڵگا بکات و خۆی نەکاتە شەریکی گرفت و مەینەتییەکانیان. ئەو منداڵی گەل بوو و نووسینەکانی وەك ئاوێنەیەك ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی تیا دەبینرا.
دەتوانین کتێبی دایکی لە ناو بەرهەمەکانیدا بە شاکارێکی گەورە لەقەڵەم بدەین، چونکە لەم بەرهەمەدا دۆخی کرێکاران و ژیانی سادە و یەکدەست و دڵگیری ئەوان وەسف کراوە و پیشانی دەدات چۆن زنجیرەکانی دەست و پێیان دەپسێنن و خۆیان لە دەست ستەمکاران و زۆردارانی سەردەم رزگار دەکەن.

# بەشی یەکەم

# وێنەی (1)

ڕۆژانە لە ژینگەی شارۆچکەی کرێکاری کە دووکەڵ و تۆز و خۆڵ، ئاسمانەکەی داپۆشیبوو، دەنگی فیکەی کارخانە دەهات و بە دوایدا پیاوگەلێکی خەمبار بە جەستەی شەکەت و ماندووی کاری ڕۆژی پێشووتر، وەک قالۆنچەی ترساو خێرا لە ماڵە خۆڵەمێشییەکانیان دەهاتنە دەر و لەو کە شە ساردەی بەیانی، لە کۆڵانە تەسک و باریکەکانی شارۆچکەکە، بەرەو دیوارە بەرزەکانی ئەو کارخانەیە بەڕێ دەکەوتن کە چاوەڕێی هاتنیان بوو. دەنگدانەوەی تیژی دەنگە خەواڵووەکان، دەنگی جوێنە سووک و قێزەونەکان، دەنگی پەنگخواردووی ئامێرەکان و قووڵتە قووڵتی هەڵم، پێشوازی لێ دەکردن. دووکەڵکێشە بەرز و ڕەش و ناحەزەکان، وەک کوتەکێکی ئەستوور بە سەر سەری شارۆچکەکەوە دەبینرا. ئێوارە کاتێک خۆر ئاوا دەبوو و تیشکی سوورباو، لە سەر شووشەی پەنجەرەی ماڵەکان دەدرەوشایەوە، کارخانەکە پیسایی مرۆیی لە ناو سکە بەردینەکەی خۆی فڕێ دەدایە دەرەوە و دووبارە کرێکارەکان بە ڕوخساری ڕەش و دووکەڵاوی کە تەنیا ددانەکانیان لەو ڕەشاییەدا دەبرسکایەوە، شەکەت و ماندوو بە کۆڵانەکاندا بڵاو دەبوونەوە و بۆنی ڕۆنی ئامێرەکانیان لە هەوادا بڵاو دەکردەوە.

کارخانە هەموو وزە و توانای پاشەکەوتکراوی ناو دەمار و ماسوولکەی ئەم پیاوانەی مژیبوو و ڕۆژێکی لە دەفتەری تەمەنی ئەوان کورت کردەوە، بێ ئەوەی بەرهەمێکی بۆ کرێکارەکان هەبێت. بەم جۆرە، هەر ڕۆژە و هەنگاوێک لە مەرگ نزیک دەبوونەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن. تەنیا دڵخۆشی و چێژیان لە ژیان ئەوە بوو کە دوای کاری تاقەتپڕوکێن، چەند ساتێک لە مەیخانەیەکی

دووكەڵگرتوو بە رابواردن و حەوانەوە سەرقاڵ بن.
كرێكارەكان ئاواتی ڕۆژانی پشوویان دەخواست، چونكە ناچار نەبوون لە سەرمای تاریكوڕوونی بەیانیدا لە ماڵ بێنە دەر و دەیانتوانی تا نزیك نیوەڕۆ لە ناو جێگەدا بمێننەوە. دواتر كرێكارە خێزاندارەكان باشترین جلەكانیان دەپۆشی و دەڕۆیشتنە كلێسا و سەركۆنەی ئەو گەنجانەیان دەكرد كە گرنگییان بە بابەتە ئاینییەكان نەدەدا.
دوای نوێژی خواپەرستی، نانی نیوەڕۆیان دەخوارد و بۆ ئەوەی بتوانن بە سەر شەكەتی و ماندوویی كەڵەكەبووی ناو لەشیاندا زاڵ بن، مەشروبیان دەخواردەوە و گەدەی خۆیان بە كزانەوەی توندی ئەلكهۆڵ دەورووژاند و دووبارە تا ئێوارە دەخەوتن و دواتریش وەڕس و بێزار بە ناو كۆڵانەكاندا دەسووڕانەوە. ئەوانەی گالۆشیان هەبوو، تەنانەت ئەگەر زەوی وشكیش بوایە لەپێیان نەدەكرد و ئەوانەی چەتریان هەبوو، لە ڕۆژی ساماڵیش لەگەڵ خۆیان دەیانبرد و بەم شێوەیە هەركەسە و هەوڵی دەدا پێش هاوتاكەی بكەوێت.
ئەو كاتانەی یەكیان دەبینی، باسی بارودۆخی ناو كارخانەیان دەكرد.
وتار و ئەندێشەكان تەنیا پەیوەندییان بە كارەوە هەبوو. زۆر بە كەمی رووی دەدا بیرۆكەیەك، تەنانەت كورت و بێ ئەنجام، وەك بروسكەیەك رووناكی بە ڕۆژە خەمبزوێنەكانیان ببەخشێت. لە كاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ، پیاوەكان شەڕیان بە ژنەكانیان دەفرۆیشت و زۆر كات بێ ئەوەی تێبینی دەستەكانیان بكەن، تا بۆیان دەلوا، لێیان دەدان.
گەنجەكانیش بە شەو یان لە كافێكان دەمانەوە یان لە ماڵی یەكتر كۆدەبوونەوە و ئاكۆردیۆنیان دەژەنی و گۆرانی سووكوچرووكیان دەوت، سەمایان دەكرد و چیرۆكی بەدڕەوشتییان دەگێڕایەوە. لە رادەبەدەر مەشروبیان دەخورادەوە و لە بەر ئەوەی بە هۆی كاری

زۆر، لەشیان پرووكابوو، زوو مەست دەبوون و لە ئەنجامدا بە بچوكترین بیانوو، وەک شێر هەڵدەچوون و دەكەوتنە گیانی یەک. هەستی توورەیی و دوژمنایەتی لە پەیوەندییەكانیان بە تایبەت لەگەڵ ئاغاكانیان دەبینرا. وەک بڵێی ئەو نەخۆشییە رۆحیە لە باوكیانەوە بە میرات مابوو و وەک مۆتەكەیەكی رەش تاكو مردن لەگەڵیان بوو. ئەم هەستە ناچاری دەكردن زۆر بێ بەزەییانە، كاری نەشیاو و ناپەسەند بكەن.
رۆژانی پشوو، گەنجەكان درەنگ دەگەڕانەوە بۆ ماڵ، بە هۆی شەڕكردن لەگەڵ هاورێكانیان، جلوبەرگیان دەدڕا و قوڕاوی دەبوون و دەموچاویان دەڕووشا. هەندێک كاتیش دایكی و باوک منداڵەكانیان مەست و سەرخۆش لە ناو مەشروب فرۆشییەكان دەدۆزییەوە و تێرجوێن و پڕشەقیان دەكردن و بەرەبەیان، ئەو كاتەی دەنگی فیكەی كارخانە بەرز دەبۆوە، رەوانەی كارخانەیان دەكردن. هەرچەند دایكی و باوكەكان جوێنیان دەدا و لە منداڵەكانیان دەدا، بەڵام خواردنەوە و شەڕەكانیان بە ئاسایی دەزانی، چونكە خۆیشیان لە سەردەمی گەنجیدا هەم دەیانخواردەوە، هەم شەڕیان دەكرد و هەم سزایان وەردەگرت. بەڵێ، ژیان هەمیشە بەم شێوەیە بووە و كەس نەیدەزانی ئەم ژیانە كە وەک رووبارێكی لیتاوی، بە شێوەیەكی رێک و خاو دەڕوات، دەڕژێتە كوێ.
هەندێک جار لە شارۆچكەی كرێكاران كەسانێكی نامۆ دەبینران و دیار نەبوو لە كوێوە هاتوون. رۆژانی یەكەم سەرنجی خەڵكیان رادەكێشا، بەڵام دواتر دەبوونە ناسیاو و خەڵک بێ ئەوەی سەرنجیان پێ بدەن، بە بەردەمیاندا تێدەپەڕین.
لەگەڵ ئەمەشدا، جاروبار كەسانێک دەبینران كە قسەی تازەیان دەكرد، ئەو قسانەی تا ئەو رۆژە كەس نەیدەوێرا لە شارۆچكەكە بیانهێنێتە سەر زمان یان تەنانەت بە بیری كەسدا نەهاتبوو كە دەكرێت بە شێوەیەكی دیكە بیر بكەیتەوە و ژیان بە سەر بەریت.

كرێكارەكان بێ ئەوەی بڕوایان پێ بكەن، زۆر بە وردی گوێیان لە قسە سەیر و سەمەرەكانیان دەگرت. ئەم قسانە لای هەندێك كەس دەبووە هۆی تووڕەبوونی كوێرانە و لای هەندێكی تر هاندان و نیگەرانی و هیوا و ئومێدیشی بۆ كەسانێك دروست دەكرد و دەبووە هۆی ئەوەی بێ هۆ و بۆ سڕینەوەی ئەم هەڵستانە، پەنا بۆ مەشروب بەرن.

دانیشتووانی شارۆچكەكە ئەگەر بە ڕوخسار یان وتەی كەسانی تازە هاتوو، شتێكی نوێ و تایبەتیان دەبینی، بارودۆخیان بۆ ئەو كەسە قورس و دژوار دەكرد و بۆ ماوەیەكی زۆر بە رق و كینەیەكی سروشتی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكرد. وەك بڵێی دەترسان كە ئەمان شتێك تێكەڵ بە ژیانیان بكەن، ئەم ئارامی و ئۆقرە پڕ لە چەرمەسەری و ئازارەیان لێ تێك بدات. چونكە بەم چەشنە ژیانە ڕاهاتبوون و وایان دەزانی هەر گۆڕانێك تەنیا لە بەر ئەوەیە كە لەوانەی كۆیلایەتییان قورستر بكات. لە بەر ئەوە هەوڵیان دەدا پەیوەندییەكی ئەوتۆ لەگەڵ ئەو كەسانە دروست نەكەن و پشتگوێیان دەخستن. دواتر ئەوانیش دیار نەدەمان و بە هەمان ڕێگەی خۆیاندا دەگەڕانەوە، یان ئەگەر لە كارخانەیش دەمانەوە، نەیاندەتوانی بڕۆنە ناو كۆمەڵەی یەكگرتووی كرێكارەكان و ناچار دەبوون لێیان دوور بكەونەوە.

بەم شێوەیە ئەوان پەنجا ساڵ دەژیان و دەمردن.

# وێنەی (2)

میخائیل ڤیلاسیێفی کلیلساز، پیاوێکی خەمبار و خەمۆک، بە چاوە بچوکەکانییەوە کە نیشانەی بێ متمانەیی و ڕەشبینی بوو بەرامبەر بەم ڕۆژگارە، لە وەها دۆخێکدا دەژیا. باشترین کلیلسازی کارخانە و ڕۆستەمی گەڕەک بوو کە تەنانەت لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانیشی بە شێوەیەکی توندوتیژ هەڵسوکەوتی دەکرد، لە بەر ئەوە هەقدەستێکی کەمی وەردەگرت. هەرڕۆژە و لە کەسێکی دەدا، هەمووان لێی دەترسان و لای کەس خۆشەویست نەبوو. تاقمێک، چەند جارێک بڕیاریان دا لێی بدەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەو کاتێک هەستی دەکرد کەسێک دەیەوێت هێرشی بکاتە سەر، تاشەبەردێکی هەڵدەگرت، قاچی دەکردەوە، وەک شاخێک دەوەستا و بێ دەنگ و بێ جوڵە چاوەڕوانی هێرشبەرەکەی دەبوو. ڕوخساری کە لەژێر چاو تا ژێر گەردنی بەڕیشی ڕەش داپۆشرابوو، هەروەها دەستە تووکنەکانی، هەمووانی دەترساند. بە تایبەت چاوە کاریگەر و ڕوانینە تووڕە ئامێزەکەی وەک دڕێلێکی تیژ، جەستەی مرۆڤی کون دەکرد. هەمووان لێی دەترسان و کاتێک کەسێک دەکەوتە بەر نیگای هەڕەشەئامێز و توندی چاوەکانی، هەستی دەکرد ڕووبەڕووی هێزێکی دڕندە و چاونەترس بۆتەوە. هێزێک کە ئامادەیە بێ بەزەییانە لێی بدات.

بە دەنگێکی گڕ بەڕکابەرەکانی دەوت: "ون بن لە بەر چاوم، خوێڕی هیچ و پووچینە!"

لە ناو ریشە پڕەکەی ڕوخساریدا، ددانە گەورە و زەردەکانی دەبریسکانەوە. ئەوسا ڕکابەرەکانی، لە ترسا جوێنیان پێ دەدا و دەکشانەوە.

دووباره هاواری دەكرد: "بێ شەرەفینە!"
ڕوانینە ناحەز و قێزەونەكەی وەک ئالایەک دەدرەوشایەوە. پاشان بە حاڵەتێکی شەڕخوازانە، سەری بەرز دەکردەوە و شوێن دوژمنەکانی دەکەوت و هاواری دەکرد: "کێ حەزی لە مردنە؟"
بە دڵنیاییەوە کەس حەزی نەدەکرد بکوژرێت...
کەم قسەی دەکرد و بە زۆری وشەی "هیچوپووچ"ی بە کار دەهێنا. لە کارخانە ئەم جوێنەی بە سەرۆک و پاسەوانەکانیش دەدا. تەنانەت لە کاتی بانگکردنی هاوسەرەکەی ئەم جوێنەی بە کار دەهێنا: "هیچوپووچ نابینی پانتۆڵەکەم دڕاوە!"
کاتێک پاڤڵ، کوڕەکەی تەمەنی بوو بە چواردە ساڵ، ڕۆژێک ڤێلاسێڤ ویستی جارێکی تر بە قژ لە زەوی بەرزی بکاتەوە، بەڵام پاڤڵ چەکوشێکی قورسی هەڵگرت و وتی: "دەستم لێ مەدە".
بە شێوەیەکی مەترسیدار بەرەو پاڤڵ ڕۆیشت، وەک بڵێی سێبەرێک بکەوێتە سەر دارێک و لە ناکاو نەڕاندی: "چیت وت؟"
پاڤڵ وتی: "ئیتر بەسە!" ڕێگە نادەم لەمەودوا بەم شێوەیە هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکەیت".
لە کاتێکدا چاوە ڕەش و گەورەکانی دەرپەڕاندبوو، چەکوشەکەی لە هەوادا دەجوڵاند.
ڤێلاسێڤ سەیری کرد و دەستە توکنەکەی لە پشتەوە شاردەوە و بە بزەوە وتی: "زۆر باشە!" چی تر؟"
دواتر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: "ئاخ، هیچوپووچ!"
دوای چەند سائێک رووی کردە ژنەکەی و وتی: "لەمەودوا بۆ خەرجی خۆت و پاڤڵ داوای پارە لە من مەکە... تێگەیشتی؟"
ژنەکە بوێرانە وتی: "واتە هەموو داهاتەکەت بۆ مەشروب خەرج دەکەی؟"
ڤێلاسێڤ مشتێکی کێشا بە سەر مێزەکەدا و نەڕاندی: "پەیوەندی بە تۆوە نییە هیچوپووچ!" دەڕۆم و ژنێکی تر دەکەم بە هاوڕێی خۆم."

هەرگیز ئەو کارەی نەکرد، بەڵام لەو ساتەوە تا سەرەمەرگ کە نزیکی دوو ساڵی خایاند، چیتر نە سەیری کوڕەکەی کرد نە یەک وشەی لەگەڵدا باس کرد.

سەگێکی هەبوو وەک خۆی تووکن و گەورە. هەموو ڕۆژێک ئەم ئاژەڵە تا دەرگای کارخانە بە دوایدا دەڕۆیشت و تا ئێوارە چاوەڕێی دەکرد.

ڤێلاسیف ڕۆژانی پشوو دەڕۆیشتە مەشروب فرۆشی و بە نیگا تیژ و بڕەڕەکەی، سەیری ڕێبوارانی دەکرد. بە درێژایی ڕۆژ سەگەکەی لەگەڵدا بوو. کاتێک مەست و سەرخۆش دەگەڕایەوە بۆ ماڵ و لە پشت مێزی نان خواردن دادەنیشت، سەگەکەی لای خۆی دادەنیشاند و لە قاپەکەیدا خواردنی پێ دەدا. قەت لەو ئاژەڵەی نەدەدا و بە شێوەیەکی خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەدەکرد. دوای نانخواردن ئەگەر ژنەکەی لە کاتی خۆی قاپەکانی کۆ نەدەکردەوە، هەمووی فڕێ دەدایە سەر زەوی، بە دەمی کراوە و چاوی بەستراو و بە دەنگێکی کز، هاوشێوەی لوورەی گورگی برسی، گۆرانییەکی خەمگینی دەوت و تا کۆتاییهاتنی قاپی مەشروبەکەی بەردەوام دەبوو. دواتر لە سەر کورسییەک رادەکشا و سەگەکەی لای خۆی دەخەواند.

بەم دواییانە تووشی فتق بوو. پێنج ڕۆژی تەواو لە ناو جێگەکەی تلایەوە و بە چاوی بەستراو ددانەکانی لە یەک جیڕ دەکرد. لەو کاتەدا جارناجار بە ژنەکەی دەوت: "مەرگەمووشم بەرێ، دەرماندامو بکە".

ژنەکەی دکتۆری هێنا. دکتۆر بۆی نووسی مەڵهەمی لێ بدات و وتی پێویستی بە نەشتەرگەرییە و دەبێت خێرا سەردانی نەخۆشخانە بکات.

ڤێلاسیف وەڵامی دایەوە: "بە توونی تەتەر!" دەمەوێت بە تەنیا بمرم هیچوپووچ!".

دوای ڕۆیشتنی دكتۆر، ژنەكەی بە چاوی فرمێسكاوی داوای لێ كرد بۆ نەشتەرگەرییەكە ئامادە بێت، بەڵام میخائیل بە مشتەكۆڵە هەڕەشەی لێ كرد و وتی: "ئەگەر باش ببمەوە، ئەژدادت دەسووتێنم!" تاكو سەرئەنجام بەیانییەك زوو، كاتێك دەنگی فیكەی كارخانە بەرز بۆوە، دوای پەلەقاژەیەكی دوورودرێژ گیانی دا. خستیانە ناو تابووت، لە كاتێكدا دەمی كراوە و ڕوخساری مۆن بوو. ژنەكەی، كوڕەكەی و دانیلووسف چیكێف، ئەو دزە سەرخۆشەی لە كارخانە دەریان كردبوو و، چەند كەسی تر لە بەختڕشەكانی گەڕەك تا گۆڕستان لەگەڵ تەرمەكەی ڕۆیشتن. ژنەكەی كەمێك گریا، بەڵام چاوەكانی پاقڵ وشك بوو.

ئەو كەسانەی جەنازەكەیان دەبینی، دەوەستان و هێمای خاچیان لە سەر سنگیان دەكێشا و دەیانووت: "دەڵێی پلاگە زۆر خۆشحاڵە بەوەی كە مێردەكەی مردووە."

كەسێكی تر بۆ ئەوەی قسەكەی بۆ ڕاست كردبێتەوە، دەیووت: "نەمردووە، سەقەت كراوە!"

دوای ئەوەی تابووتەكەیان خستە ناو گۆڕ، هەمووان گەڕانەوە، بەڵام سەگەكەی لەوێ مایەوە، لە سەر خاكی گۆڕەكەی خەوت و ماوەیەك بێ ئەوەی بوەڕێت، گۆڕەكەی ماچ كرد. دوای چەند ڕۆژ دیار نەبوو كێ كوشتی.

# وێنەی (3)

پانزە ڕۆژ بە سەر مەرگی ڤێلاسیێف میخائیل-دا تێپەڕی.
پاڤڵ ڕۆژێکی یەکشەمە، وەک گەنجەکانی تر کە ڕۆژانی پشوویان لە مەشروب فرۆشی بە سەر دەبرد، مەست و سەرخۆش گەڕایەوە بۆ ماڵ. لە کاتێکدا تلاوتل دەڕۆیشت، خۆی گەیاندە ژوورەکەی و هاوشێوەی باوکی مشتێکی قایمی لە مێزەکە دا و هاواری کرد: "نانم بۆ بێنە زۆرم برسییە!"
پلاگە لێی نزیک بۆوە، لای دانیشت، لە ئامێزی گرت و سەری کوڕەکەی خستە سەر سنگی. پاڤڵ پاڵی پێوە دا و دەستی خستە سەر شانی دایکی و دووبارە وتی: "خێراکە دایکە!" پەلە بکە".
دایکی بە دەنگێکی خەمبار وەڵامی دایەوە: "چیتە؟" گەمژە گیان چیتە؟".
پاڤڵ بۆڵەبۆڵی کرد و وتی: "دەمەوێت جگەرە بکێشم، توتن و پەڕەکەی باوکم بەرێ."
پاڤڵ یەکەم جاری بوو سەرخۆش بێت. مەشروب جەستەی لاواز کردبوو، بەڵام هۆشی بە تەواوی لە دەست نەدابوو. لە خۆی پرسی: "من مەستم؟" نا، مەست نیم"
بە دڵنەواییەکانی دایکی شەرمەزار بوو. نیگا خەمبزوێنەکانی دایکی کاری تێ کرد. دەیویست بگری و بۆ بەزاندنی ئەم هەستە، زیاتر خۆی وەک سەرخۆش پیشان دەدا!"
دایکی دەستی بە قژە ئاڵۆزکاو و عارەقاوییەکەیدا دەهێنا و بە هێواشی دەیووت: "تۆ نەدەبوو ئەو کارە بکەی!"
دنیایەک خەم و پەژارە لە سەر ڕوخساری چرچ و لۆچی دایکی دەبینرا. چاوە خەمبار و نیگەرانەکەی دەدرەوشایەوە. کلوی سپیی

پیری لە سەر قژە پرەکەی نیشتبوو. ژنێکی خۆڕاگر بوو.
دەیویست برشێتەوە. چەند جارێک رشایەوە. دایکی بردیە سەر جێگەکەی و خاولییەکی تەڕی خستەر سەر دەموچاوە زەردهەڵگەڕاوەکەی. کەمێک باش بوو، بەڵام دنیا بە دەوری سەریدا دەسووڕایەوە، پێڵوەکانی قورس بوون، ناو دەمی تاڵ بوو. بە ناو برژانگەکانیدا سەیرێکی ڕوخساری دایکی کرد و بە خۆی وت: "هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە مەشروب بخۆمەوە، ئەوانی تر دەخۆنەوە و هیچیان لێ نایەت، بەڵام من دەخۆمەوە و دەرشێمەوە".
دەنگی میهرەبانی دایکی لە دوورەوە بیست، وتی: "ئەگەر تۆ دەست بە مەشروب خواردنەوە بکەیت، چۆن دەتوانی بژێوی ژیانی من دابین بکەی؟"
پاڤڵ چاوەکانی داخست و وتی: "هەمووان مەشروب دەخۆنەوە، بەڵام کاریش دەکەن".
پلاگە لە قوڵایی دڵەوە ئاهێکی ساردی هەڵکێشا. پاڤڵ راستی دەکرد. دایکی باش دەیزانی خەڵک بۆ بە دەستهێنانی شادی و خۆشی جگە لە مەیخانە هیچ شوێنێکی دیکەیان نییە و تەنیا بە مەشروب دەتوانن خەمەکانیان لە بیر بکەن. لەگەڵ ئەمەیشدا وتی: "تۆ نابێت مەشروب بخۆیتەوە، باوکت لە بری تۆیش خواردوویەتیەوە و بە ئەندازەی پێویست ئازاری منی داوە.. تۆ دەبێت بەزەییت بە مندا بێتەوە".
پاڤڵ گوێی لەم قسانە دەگرت کە لە رووی خۆ بە دەستەوەدان و پشت بەستنەوە بوو، بیری لە ژیانە سادە و خاکییەکەی ئەم ژنە کردەوە کە هەمیشە چاوەڕێی لێدانی مێردەکەی بوو.
لەم دواییانە پاڤڵ بۆ ئەوەی باوکی نەبینێت، کەمتر دەهاتەوە بۆ ماڵ، بەڵام قەت دایکی لە بیر نەکردبوو و ئێستا کە وردە وردە هۆشی دەهاتەوە سەر خۆی، بە وردی سەیری دەکرد. بالای بەرز و کەمێک چەماوە بوو، ملکەچی و خەمی لێ دەباری. جەستەی کە بە هۆی کار و زەحمەتی بەردەوام و هەڵسوکەوتی مێردەکەی تێک

شکابوو، خوار و بێ هەستوخوست دەجولا. وەک بلێی دەترسێت لەوەی کە بەر شتێک بکەوێت. لە ڕوخساری پان و شێوە هێلکەیی و چرچ و لۆچی ئەم ژنەدا، دوو چاوی نیگەران و خەمبار وەک چاوی زۆربەی ژنانی شارۆچکەکە، دەدرەوشایەوە. شوێنەواری برینێکی قووڵ بڕۆی ڕاستی کەمێک بەرز کردبۆوە، وا دەردەکەوت گوێی ڕاستی بەرزتر لە گوێی چەپی بێت، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کەمێک سامناک دەرکەوێت.

لە ناو قژە ڕەش و درێژەکەیدا تاڵی سپی دەبینرا کە نیشانەیەک بوو بۆ خەم و پەژارەی بەردەوامی ژیانی پڕ ئێش و ئازار. لافاوی فرمێسک بێ دەنگ و ئارام بە سەر کولمیدا دەهاتە خوار.

پاڤل لەسەرخۆ وتی: "مەگری دایکە، خۆڕاگر بە، بەرگە بگرە!"، کەمێک ئاوم بۆ دێنیت؟"

- بە سەرچاو کورم!" هەر ئێستا.

کاتێک گەڕایەوە، پاڤل خەوی لێ کەوتبوو. ساتێک بێ دەنگ بوو، هەناسەی نەدا. پەرداخەکە لە دەستیدا دەلەرزی و پارچە سەهۆڵەکە بەر لێواری پەرداخەکە دەکەوت. پلاگە پەرداخەکەی لە سەر مێزەکە دانا و لە بەرامبەر وێنەی پیرۆز کەوتە سەر ئەژنۆ و بە هێواشی دەستی کرد بە چپاندن. شووشی پەنجەرەکان بە هۆی شەپۆلی دەنگداری ژیانی ڕەش و تاریکی دەرەوە دەلەرزی. لە تاریکی و هەوای شێداری شەوێکی پاییزیدا دەنگی ئۆکۆردیۆنێکی ناخۆش دەبیسترا و کەسێک بە دەنگی بەرز گۆرانی دەخوێند و قسەی نەشیاوی دەکرد و دەنگی ژنە تووڕە و ترساوەکان دەهاتە گوێ.

***

لە ماڵە بچکۆلەکەی ڤێلاسێف، ئارامتر و بێ دەنگتر لە جاران و کەمێک جیاوازتر لە ژیانی بنەماڵەکانی دیکەی شارۆچکەکە، ژیان

بەردەوام بوو. ئەم ماڵە بچوک و سادەیە لە کۆتایی کۆڵان، لە سەرەولێژییەک دروست کرابوو کە لە خوارەوەی زەلکاوێک دەبینرا. یەک لە سەر سێی ماڵەکە چێشتخانە بوو و بەرچیتێکی تەنک کە دەگەشتە سەقفەکە، لە ژوورێکی بچوکی جیا دەکردەوە کە ژووری نوستنی دایکی بوو. پاشماوەی خانووەکە ژوورێکی چوارگۆشە بوو، دوو پەنجەرەی تیا دەبینرا و قەرەوێڵەکەی پاڤل لە سوچێک بوو و لە سوچەکەی تر، مێزێک و چەند کورسییەک، کە نتۆرێکی جل، ئاوێنەیەکی بچوک و سنووقێک بۆ جلی خوری زستانە و کاتژمێرێکی دیواری و دوو وێنەی پیرۆز دەبینرا.
پاڤل هەوڵی دەدا وەک کەسانی تر بژیت. ئەوەی شیاوی گەنجێک بوو وەک ئۆکۆردیۆن، کراسێک، بۆینباخێک، جووتێک گالۆش و داردەستێکی بۆ خۆی دابین کرد و بوو بە هاوشێوەی گەنجە هاوتەمەنەکانی. دەرۆیشتە شەونشینییەکان و فێری پێلکا "سەمای فەرەنسی" دەبوو. رۆژانی یەک شەمەش بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە بۆ ماڵ و بەیانییەکەی ژانەسەرێکی قورسی دەگرت و تا ئێوارە تای بەرز بوو.
رۆژێک دایکی لێی پرسی: "پێم بڵێ، دوێنێ شەو خۆش راتبوارد؟"
بە خەمباری وەڵامی دایەوە: "زۆر هیلاک بووم، لەمەودوا دەڕۆمە راوە ماسی، لەم کارە باشترە، یان لەوانەیە تفەنگێک بۆ خۆم بکڕم".
پاڤل زۆر شێلگیرانە کاری دەکرد، قەت نەبوو لە سەر کارەکەی ئامادە نەبێت یان سزا بدرێت. کوڕێکی بێ دەنگ و لەسەرخۆ بوو. چاوەکانی کە وەک چاوی دایکی گەورە و شین بوو، نارەزایەتی لێ دەباری. هەرگیز نە راوە ماسی کرد، نە تفەنگی کڕی. بەڵام بە تەواوی لەو شێوە ژیانە هەڵگەڕایەوە کە تایبەت بوو بە کورە هاوتەمەنەکانی خۆی. ئیدی کەمتر لە شەونشینییەکان دەبینرا و شەوانیش قەت بە مەستی و سەرخۆشی نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵ.
دایکی کە بە چاوە بێدارەکانی چاودێری دەکرد، دەیبینی روخسارە

گەنمییەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر و ڕوانینەکانی قورستر و لێوەکانی توندوتیژییەکی سەیر لە خۆیدا دەشارێتەوە. وا دەهاتە بەرچاو وەک بڵێی پڕ بێت لە تووڕەییەکی نامۆ، یاخود هەڵگری ئازاری نەخۆشییەکی تایبەت بێت. پێشتر هاوڕێکانی زۆر سەردانیماڵەکەیان دەکرد، بەڵام چونکە پاڤڵ ڕۆژانە کەمتر لە ماڵ دەمایەوە، سەردانەکانیش کۆتاییان هاتبوو. دایکی لە بەر ئەوەی پاڤڵ وەک گەنجەکانی دیکە ژیان بە سەر نابات، پێ دەچوو شادومان بێ، بەڵام کاتێک دەیبینی پاڤڵ بە پێداگرییەکی زۆر دەیەوێت خۆی لەو ژیانە دووبارەیە دوور بخاتەوە، نیگەرانییەکی سەیر دەکەوتە دڵیەوە. پاڤڵ هەندێک کات چەند کتێبێکی دەهێنایەوە و سەرەتا هەوڵی دەدا بە نهێنی بیانخوێنێتەوە و هەندێک کاتیش چەند بابەتێکی لە سەر کاغەز یادداشت دەکرد.

ڕۆژێک پلاگە لێی پرسی: "پاڤڵ، حاڵت باش نییە؟"

- بۆچی!" زۆر باشم.

دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "چەند کز و لاواز بوویت؟"

پاڤڵ قسەی نەکرد و بێ دەنگ بوو.

پاڤڵ و پلاگە ئیتر زۆر یەکتریان نەدەبینی و کەمتر پێکەوە قسەیان دەکرد. هەموو بەیانییەک پاڤڵ بێ دەنگ چاکەی دەخواردەوە و دەڕۆیشتە سەر کارەکەی، لە کاتی نیوەڕۆ، تەنیا نانی دەخوارد و لە سەر مێزەکە چەند قسەیەکیان دەکرد و دووبارە تا ئێوارە ون دەبوو. کاتێک لە کاری ڕۆژانە تەواو دەبوو، خۆی دەشۆرد، نانی دەخوارد و تا درەنگانی شەو کتێبی دەخوێندەوە. ڕۆژانی یەکشەمە بەیانی زوو لە ماڵ دەرۆیشتە دەرەوە و تا درەنگانی شەو نەدەگەڕایەوە. دایکی دەیزانی دەڕواتە شار و حەز بە بینینی شانۆ دەکات، بەڵام لە شارەوە کەس سەردانی نەدەکرد. دایکی هەستی کرد بە تێپەڕبوونی کات کوڕەکەی کەمتر قسەی لەگەڵ دەکات، هەروەها هەستی کرد هەندێک کات وشەی تازە لە قسەکانیدا بە

کار دینێت کە لێی تێ ناگات و ئیتر دەستەواژە گشتییەکان لە سەر زمانی نەماون. هەندێک وردەکاری نوێ لە کردەوەکانی دەرکەوت و سەرنجی پلاگەی ڕاکێشا، بۆ نمونە لە کاری هەرزەی تایبەت بە گەنجان چاوپۆشی کرد، جوڵە و کردارەکانی ئازادتر و ئاسودەتر و ڕواڵەتی سادەتر و بەسۆزتر دەردەکەوت. ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی نیگەرانی دایکی و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دایکی، شتێکی تازە دەبینرا. هەندێک کات ژوورەکەی گسک دەدا، ڕۆژانی یەکشەمە خۆی جێخەوەکەی کۆ دەکردەوە و بە گشتی هەوڵی دەدا بەسۆزتر لەگەڵ دایکی ڕەفتار بکات. لەو شارە کەس ئەوەی نەدەکرد.

ڕۆژێک پاڤڵ تابلۆیەکی هێنایەوە بۆ ماڵ و بە قەدی دیوارەکە هەڵیواسی. ئەم تابلۆیە سێ کەسی پیشان دەدا کە شوێنەواری ئیرادە و بوێری لە ڕوخساریان دەباری. خێرا دەڕۆیشتن و گفتوگۆیان دەکرد. پاڤڵ ڕوونی کردەوە: "ئەمە وێنەی حەزرەتی مەسیحە کە لە نێوان مرۆڤەکان هەڵستاوە و دەڕواتە ئامائۆس.

پلاگە ئەم وێنەیەی پێ جوان بوو، بەڵام بە خۆی وت: "تۆ ڕێز لە مەسیح دەگری، کە چی سەردانی کلێسا ناکەیت.

چەندین تابلۆی دیکە دیوارەکەی ڕازاندەوە و هەر ڕۆژە و ژمارەی کتێبەکان لە سەر ڕەفەکە زیادی دەکرد کە لە لایەن هاوڕێیەکی پاڤڵ دروست کرابوو. کتێبەکان، جوانییەکی تایبەتیان بە ژوورەکە بەخشیبوو.

پاڤڵ دایکی بە "جەنابت" ناو دەبرد و بە هەمان ناوی "دایک" بانگی دەکرد. هەندێک کات بە خۆشەویستییەوە دەیووت: "دایکە، نیگەران مەبە!" ئەمشەو درەنگ دەگەڕێمەوە".

دایکی لە پشت ئەم وشانە هەستی بە شتێکی بەهێز و جدی دەکرد و پێی خۆش بوو.

پاڤڵ کوڕێکی ئارام و پیاوی کار و خوێندنەوە بوو. چالاک و تێکۆشەر بوو.

نیگەرانیی ئەو بەردەوام زیاتر و زیاتر دەبوو. پاڤڵ لەم بارەوە قسەی لەگەڵ نەدەکرد. هەستی دەکرد رووداوێک روو دەدات و ئەم بابەتە دڵی ئازار دەدا. هەندێک کات لە پاڤڵ نارازی دەبوو و بیری دەکردەوە: "کەسانی تر وەک مرۆڤ دەژین، بەڵام کوڕەکەم وەک قەشەکان... زۆر جدییە!" ئەمە بۆ تەمەنی ئەو نابێت".

لە خۆی پرسی: "لەوانەیە خۆشەویستێکی هەبێت.

بەڵام بۆ بەدەستهێنانی دڵی کچێک، پێویستە پارەت هەبێت. لە کاتێکدا پاڤڵ هەموو داهاتەکەی تەسلیمی دایکی دەکرد.

بەم شێوەیە هەفتەکان و مانگەکان تێپەڕین و نزیکەی دوو ساڵ لە تەمەنێکی سەیر و بێ دەنگ و پڕ لە ترسێکی نامۆ، گوزەرا.

# وێنەی (4)

شەوێک دوای نانی ئێوارە، پاڤڵ پەردەکانی دادایەوە و چرای قەدی دیوارەکەی داگرت و هەڵیکرد و سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە بوو. دایکی دوای ئەوەی قاپەکانی شۆرد و وشکی کردنەوە، لە چێشتخانە هاتە دەر و بە هێواشی لێی نزیک کەوتەوە. پاڤڵ سەری بەرز کردەوە و سەیری دایکی کرد کە هەزار پرسیار لە روانینەکەیدا بوو. دایکی خێرا وتی: "ویستم بپرسم چی دەخوێنیتەوە؟"

پاڤڵ کتێبەکەی لابرد و وەڵامی دایەوە: "دایکە دانیشە.

پلاگە لای دانیشت، پشتی راست کردەوە و چاوەڕێی بیستنی قسەکانی پاڤڵ-ی دەکرد.

پاڤڵ بێ ئەوەی سەیری ڕوخساری بکات، بە دەنگێکی گڕ و زبر، دەستی پێکرد: "ئەو کتێبانەی دەیانخوێنمەوە، قەدەغەن، خوێندنەوەیان قەدەغەیە، چونکە راستییەکانی ژیانی خەڵک باس دەکات، ئەم کتێبانە بە نهێنی چاپ دەکرێت و ئەگەر بە کەسێکەوە بیگرن، زیندانی دەکەن، دەزانی بۆ؟" چونکە ویستوویەتی راستییەکان بزانێت؟" تێگەیشتی؟"

پلاگە نەیدەتوانی هەناسە بدات، چاوەکانی ترسی لێ دەباری و زەق زەق سەیری کوڕەکەی دەکرد. زانی کوڕەکەی گۆڕاوە و بۆتە کەسێکی نامۆ. دەنگی کوڕەکەی گۆڕابوو، دەنگێکی گڕتر، ئەستوورتر و راشکاوتر. بە پەنجە باریکەکانی سمێڵە قەیتانییەکەی با دەدا و روانینە سەیرەکەی لەژێر سێبەری برۆکانی ون دەبوو. دایکی بۆ کوڕەکەی دەترسا و بەزەیی پێدا دەهاتەوە. بە منجە منج وتی: "پاڤڵ تۆ بۆ ئەو کارە دەکەی؟"

پاڤڵ سەری بەرز کردەوە و بیرمەندانە وەڵامی دایەوە: "دەمەوێت

راستییەکان بزانم.“
پلاگە هەستی کرد کوڕەکەی، خۆی بۆ شتێکی تایبەت و مەترسیدار تەرخان کردووە. لای دایکی هەموو شتێک لە ژیاندا بە پێویست و یاری چارەنووس بوو، لە بەر ئەوە راهاتبوو لە بەرامبەر هەموو شتێک چۆک دابدات. بە هێواشی گریا، بێ ئەوەی لە دڵە خەمبارەکەیدا هۆکارێک بۆ رشتنی فرمێسکەکانی بدۆزێتەوە.
پاڤڵ بە دڵگەرمی وتی: ”مەگری دایکە!“
دایکی هەستی کرد دەیەوێت ماڵئاوایی بکات.
پاڤڵ بەردەوام بوو: ”بیری لێ بکەرەوە... ئەمە کەی ژیانە ئێمە هەمانە؟“ تۆ چل ساڵ لە تەمەنت تێپەڕیوە، بەڵام ئایا بە راستی ژیاوی؟“ تا ئەو کاتەی باوکم لە ژیاندا بوو، بەردەوام لێی دەدای... من ئێستا لە باوکم تێ دەگەم بۆ خەم و ناخۆشییەکانی بە سەرتۆدا دەڕشت کە سەرچاوەکەی ئەم ژیانە نەهامەتبارە بوو و خەریک بوو دەیخنکاند، خۆیشی نەیدەزانی هۆکارەکەی چییە. سی ساڵی تەواو کاری کرد. کاتێک دەستی بە کار کرد، کارخانەکە زیاتر لە دوو بینای نەبوو و ئەمڕۆ حەوت بینای هەیە. ئەم کارخانەیە لە گەشەکردندایە، بەڵام لە بەرامبەر گەشەکردن و فراوانبوونی، چەند کرێکار دەکوژرێن یان دەمرن!“
پلاگە ئارەزوومەندانە و بە ترسەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت. چاوەکانی پاڤڵ بە شێوەیەکی جوان دەبریسکایەوە. سنگی نا بە مێزەکەوە و لە دایکی نزیک بۆوە. ڕوومەتی بەر ڕوومەتی دایکی دەکەوت کە لە فرمێسکدا تەڕ ببوو. بۆ یەکەم جار باسی ئەو راستییانەی دەکرد کە پێیان گەیشتبوو. ئەو بە سادەیی گەنجێک و بە گەرمی شاگردێک کە شانازی بە زانیارییەکانی دەکات و لە دڵەوە گرنگییان پێ دەدات، سەبارەت بە هەموو شتەکان قسەی دەکرد و دەیزانی دایکی تێی ناگات. مەبەستی لەم کارانە تاقیکردنەوەی خۆی و قەناعەت پێکردنی دایکی بوو. هەندێک جار، کاتێک وشەی

بۆ دەربڕینی مەبەستەكەی نەدەدۆزییەوە، بێ دەنگ دەبوو و لەو کاتەدا هەستی بە ڕوخساری خەمباری دایکی دەکرد. بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. لە بەر ئەوە هەوڵی دا دووبارە سەبارەت بەو قسە بکات: "چ خۆشییەکت لە ژیان بینیوە؟" چ بیرەوەرییەکی شیرینیت لە رابردوو هەیە؟"

دایکی خەمبار و دڵشکاو سەری لەقاند. چەندین شتی تازەی لە خۆیدا هەست پێ دەکرد کە هێشتا هیچ کامیانی نەدەناسی، شتێک کە هەم رەنج بوو، هەم شادی. یەکەم جار بوو سەبارەت بە ژیانی قسە دەکرا و ئەو بیرکردنەوە نامۆیانە لەودا بە ئاگا دەهاتەوە کە زۆر لەمێژ بوو خەوتبوون و هەستی کپکراوی نارەزایی لە ژیانی تیا هەڵدەخڕاند، ویستی سەبارەت بە خۆی و هاوڕێکانی قۆناغی منداڵی بدوێت، بەڵام وەک کەسانی تر لە ناو قسەکانیدا، جگە لە گلەیی و گازندە و سکاڵا هیچی تر نەدەبینرا. کەس پێی نەدەوت بۆچی ژیانی ئەوەندە بە ئازار و دژوارە. ئێستا کوڕەکەی لە بەرامبەری دانیشتووە و هەموو ئەو شتانەی چاوەکان و ڕوخسار و زمانی دەیووت، بە تەواوی هەستی پێ دەکرد و کاریگەرییەکی سەیری لە دڵیدا جێ دەهێشت. لەوەی کوڕەکەی بە خەمەکانی دەزانێت و ئەمڕۆ هەموویان دێنێتە سەر زمان و تێ دەگات و بەزەیی پێدا دێتەوە، شانازی دەکرد.

پلاگە دەیزانی کەس لە قسەی دڵی دایکان تێ ناگات و دڵسۆزییان بۆ ناکات و ئەوەی پاڤڵ سەبارەت بە ژیان دەیڵێت راستییە، راستییەکی تاڵ، هەستێکی خۆش لە هەناویدا قووڵپی دەدا و خۆشەویستییەکی نامۆ، دڵگەرمی دەکرد.

دایکی رووی کردە کوڕەکەی و پرسی: "باشە، ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟"

- دەمەوێت فێر بم و کەسانی تر فێر بکەم. ئێمەی کرێکار دەبێت بخوێنین، دەبێت بزانین، دەبێت تێبگەین بۆچی هەمیشە ژیانمان بە

ناخۆشی و سەختی تێدەپەڕیت.
دایکی بە بینینی چاوی کوڕەکەی کە هەمیشە توورە و جدی بوو، بەڵام ئێستا بە هۆی خۆشەویستی و بەزەیی دەبریسکایەوە، چێژی وەردەگرت. ئەگەرچی هێشتا لە ناو چرچولۆچی روومەتی پلاگەدا فرمێسک مابوو، بزەیەکی رەزامەندی کەوتە سەر لێوی. لەو ساتەدا دوو هەستی دژبە یەکی تیا دروست بوو: "هەم شانازی بە بوونی کوڕەکەی دەکرد و لە لایەکی تر نەیدەویست فەرامۆشی بکات کوڕەکەی گەنجە و بڕیاری داوە بە تاقی تەنیا ئەم شەڕە دەست پێ بکات. حەزی دەکرد پێی بڵێت: "هێشتا گەنجی، دەتوانی چی بکەیت؟" لە ناوت دەبەن، دەکوژرێیت"، بەڵام دەترسا لەوەی هەستی پەسندانی کوڕە گەنجەکەی لە ناو بچێت کە لە ناکاو وریاتر و جیاواز لە گەنجەکانی دیکەی دەبینی.
پاڤڵ بە بینینی بزەی سەر لێوی دایکی و سەرنجدانی بۆ قسەکانی و ئەو خۆشەویستییەی لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، وای زانی توانیویەتی راستییەک بدۆزێتەوە و تێی بگەیەنێت. ئەو شانازییەی لە هێزی وتارەوە پێی برا، وای کرد زیاتر متمانەی بە خۆی بێت. پڕ بوو لە زەوق و شەوق. لە بەر ئەوە جاروبار بە گاڵتە و پێکەنینەوە قسەی دەکرد و هەندێک کات مۆن و توورە و هەندێک کات رق و کینە لە قورگیدا پەنگی دەخوارد. کاتێک دایکی ئەم دەربڕینە وشک و زبرەی قسەکانی کوڕەکەی دەبیست، بە ترسەوە سەری دەلەقاند و لە کوڕەکەی دەپرسی: "بە راست بەو جۆرەیە؟"
پاڤڵ زۆر بە بڕشتی وەڵامی دەدایەوە: "بەڵێ.
باسی ئەو کەسانەی بۆ دەکرد بیر لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵک دەکەنەوە، تۆوی راستی دەچێنن و دەسەڵاتداران وەک ئاژەڵە درەندەکان شوێنیان دەکەون و دەیانخەنە گرتووخانە یان بە دەستی دوژمنانی ژیان، کاری قورسیان بە سەردا دەسەپێنرێت.
زۆر بە حەز و تامەزرۆییەوە هاواری کرد: "من لەو کەسانەم

بینیوە!“ ئەوانە باشترین مرۆڤەکانی جیهانن!“.
ئەم کەسانە، ترسیان دەخستە دڵی دایکیەوە و ئەو دووبارە دەیویست لە کوڕەکەی بپرسێت: ”بە راست وایە؟“
بەڵام قسەی نەکرد و گوێی لە قسەکانی پاڤل دەگرت سەبارەت بەو پیاوانەی بۆ ئەو نامۆ بوون و نەیدەناسین و ئەو شێوە بیرکردنەوەیان فێری کوڕەکەی کردبوو. لە کۆتاییدا پێی وت: ”خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە، باشتر وایە بخەوی... بەیانی دەبێ بڕۆیتەوە سەر کار.“
پاڤل وتی: ”دەچم دەخەوم.“
لە کاتێکدا ئاوڕی بۆ دایکی دایەوە، پرسی: ”لە قسەکانم تێگەیشتی؟“
پلاگە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ”بەڵێ!“.
دووبارە فرمێسک لە چاوەکانی هاتە خوار و لە کاتێکدا، قووڵپی گریان قوڕگی گرتبوو، وتی: ”لە ناو دەچیت!“.
هەڵستا و لە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد و وتی: ”باشە، ئێستا دەزانی دەمەوێت چی بکەم و بۆ کوێ بڕۆم!“ هەموو شتێکم پێ وتی. دایکە گیان، تکا دەکەم ئەگەر منت خۆش دەوێت ڕێگەم لێ نەگری!“.
دایکی هاواری کرد: ”وا باش بوو هیچم پێ نەڵێیت!“
پاڤل دەستی دایکی گرت و گوشی.
پلاگە لە وشەی ”دایکە گیان“ کە لە قوڵایی دڵی گەنجێکەوە وترا و لەو دەست گوشینە کە شتێکی نوێ بوو، پچڕپچڕ وتی: ”دڵنیا بە بە پێچەوانەی ویستی تۆ هیچ کارێک ناکەم، تەنیا ئاگات لە خۆت بێت!“ و، بێ ئەوەی خۆی بزانێت دەبێ ئاگای لە چی بێت، خەمبارانە وتی: ”ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کزتر و لاوازتر دەبیت.“
کاتێک بە نیگایەکی گەرمی دایکانەوە سەیری جەستەی بەهێز و ڕێکی کوڕەکەی کرد، بە هێواشی وتی: ”خوا بتپارێزێت!“ چۆنت پێ خۆشە وا بژی، من ڕێگەت لێ ناگرم!“ تەنیا یەک شتم دەوێت، کاتێک لەگەڵ خەڵکدا قسە دەکەی، وریا بە!“ نابێت بڕوا بە خەڵک

بکەین!“ هەموو لە یەک بێزارن!“ بەرامبەر بە یەک چاوچنۆکن و تامەزرۆی خراپەکارین. تۆ ئەگەر بتەوێت راستییان پێ بڵێیت، بە ئاسانی رازی نابن. لە بەر ئەوەی تێ ناگەن، لێت بێزار دەبن و لە ناوت دەبەن!“

پاڤڵ کە لە بەردەرگا وەستابوو و گوێی لەم قسە تاڵ و ناخۆشانە دەگرت، بزەیەکی کرد و وتی: ”بەڵێ دەزانم خەڵک خراپن... بەڵام لەو کاتەوەی زانیومە راستییەک لە سەر زەوی هەیە، مرۆڤەکانی سەر زەوی بە باشتر دەبینم..!“

دووبارە بزەیەکی کرد و بەردەوام بوو: ”خۆشم بە تەواوی نازانم چۆن ئەمە رووی دا!“ بە منداڵی لە خەڵک دەترسام.. کاتێک گەورە بووم لە هەموویان بێزار بووم... چونکە هەستم کرد بێ غیرەت و ترسنۆکن، بەڵام ئێستا بەزەییم پێیاندا دێتەوە، چونکە دەزانم بەرامبەر بەم ژیانە پڕ نەهامەتییە تاوانبار نین.“

وەک ئەوەی بخوازێت گوێ لە دەنگی ناخی بگرێت، ساتێک بێ دەنگ بوو، دواتر بەردەوام بوو: ”ئەمانە کاریگەری پەی بردن بە حەقیقەتە!“

پلاگە سەیری کرد و بە بەزەییەوە وتی: ”هاوار بە ماڵم!“ تۆ چەندە گۆڕاوی!“

نیوەشەو کە پاڤڵ لە خەوێکی قووڵدا بوو، دایکی بە هێواشی لە قەرەوێڵەکەی نزیک بۆوە. ڕوخساری ئەسمەر، تووڕە و لاساری لە سەر سەرینە سپییەکە خۆی دەنواند. دایکی دەستی بە سنگیەوە نا و بیرمەندانە چەند ساتێک سەیری ڕوخساری کوڕەکەی کرد و گریا، بەڵام دیسانیش هۆکاری ترس و دڵەڕاوکێی خۆی نەدەزانی.

# وێنەی (5)

ژیانی بێ دەنگ و ئارامی ئەوان بەردەوام بوو و لە یەکتر نزیک و دوور دەکەوتنەوە.
ڕۆژێکی پشوو، پاڤڵ کاتێک لە ماڵ دەرۆیشتە دەر، رووی کردە دایکی و وتی: "ڕۆژی شەمە چەند میوانێکم هەیە، لە شارەوە دێن."
دایکی بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "لە شارەوە!"
هەناسەیەکی هەڵکێشا و بێ ئیرادە دەستی کرد بە گریان.
پاڤڵ دڵتەنگ بوو و پرسی: "بۆ دەگریت؟"
پلاگە فرمێسکەکانی پاک کردەوە و بە دەنگێکی کز وەلامی دایەوە: "نازانم بۆ، هەروا..."
پاڤڵ چەند هەنگاوێک بەرەو لای دایکی ڕۆیشت و وتی: "دەترسی؟"
- بەڵێ!" ئەو کەسانەی لە شارەوە دێن، دەزانی چۆن کەسانێکن؟"
پاڤڵ لێی نزیک کەوتەوە و هاوشێوەی باوکی بە تووڕەیی وتی: "لە بەر ئەو ترسە بێ مانایە ئێمە خەریکە لە ناو دەچین! فەرمانڕەواکانیش ئەم ترسەی ئێمە دەقۆزنەوە و باش دەزانن ئەو کاتەی خەڵک بترسن، وەک دارتووس لە ناو زەلکاودا دەڕزن."
دایکی بە دەم گریانەوە وتی: "دڵگران مەبە، کەسێک کە تەواوی تەمەنی بە ترس و لەرزەوە بە سەر بردووە، چۆن دەتوانێت ئەم هەستە نەفرەتییە لە خۆی دوور بکاتەوە. ترس لە ناو ناخماندایە و تەنانەت بە سەر هەموو هەست و نەستەکانمدا زاڵ بووە!"
پاڤڵ بە ئارامی وەلامی دایەوە: "داوای لێبوردن دەکەم دایکە، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە".
لە ماڵ ڕۆیشتە دەر.
دایکی ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو و کاتێک بە بیر خۆی دەهێنایەوە

كە كەسانێكی نەناسراو دەیانەوێت بێنەماڵەكەی، دڵی لە لێدان دەكەوت. نەیدەتوانی ئەوان لە زەینیدا وێنا بكات، بەڵام گریمانەی دەكرد دەبێ كەسانێكی مەترسیدار بن، چونكە ئەوان ئەم ڕێبازە نوێیەیان خستبووە بەردەم پاڤڵ.
ئێوارەی شەمە، پاڤڵ لە كارخانە گەڕایەوە. دەموچاوی شۆرد، جلەكانی گۆڕی و لە كاتی ڕۆیشتنە دەرەوە، بێ ئەوەی سەیری دایكی بكات، وتی: "ئەگەر كەسێك هات، بڵێ ئێستا دەگەڕێتەوە، چاوەڕێ بێت، تكا دەكەم مەترسە!"
پلاگە لە سەر كورسییەكە دانیشت. پاڤڵ بڕۆی بەرز كردەوە و وتی: "دەتەوێت بڕۆیتە دەر؟"
دایكی بەم قسەیە دڵتەنگ بوو. سەری بە نیشانەی نەرێنی لەقاند و وتی: "نا، بۆ بڕۆمە دەر!"
كۆتاییەكانی نۆڤەمبەر بوو. زەوی بەستبووی، پاڤڵ كە لە دەرەوە دەڕۆیشت، دەنگی خشەخشی بەفر لەژێر پێی دەبیسترا. تاریكییەكی زۆر و بێ جوڵە لە بۆسەدا بوو و تەوژمی بۆ شووشەكان دەهێنا. دایكی دەستی بە كورسییەكەوە گرتبوو، ڕوو لە دەرگاكە چاوەڕێی دەكرد.
وای دەزانی چەندین بوونەوەری نەگریس بە جلوبەرگی سەیر و سەمەر لە هەر لایەك و لە تاریكیدا بەرەو ماڵەكەی دێن. هەموویان بە دزی و بە هێواشی بە ڕێگەدا دەڕۆن و ئاگایان لە چواردەوری خۆیانە.
كەسێك لە ماڵەكەی نزیك بۆوە. دەنگی فیكەیەك هات، وەك تەلێكی ناسك، دەنگخۆش و خەمبزوێن لە بێ دەنگی و تاریكی شەو بەرز بۆوە. ئەم دەنگە بە ناو تاریكیدا دەگەڕا، لەوانە بوو بە دوای شتێكەوە بووبێت. نزیكتر بۆوە و لە ناكاو لەژێر پەنجەرەكە ون بوو. وەك بڵێی چووبێتە ناو درزی تەختەی دەرگاكە.
دەنگی پێ لە بەردەم دەرگا بەرز بۆوە. دایكی لەرزی و بە ترسەوە

دەرگای کردەوە.
سەرەتا سەرێکی گەورە دەرکەوت کە کڵاوێکی گەورەی پێستەی لە سەردا بوو. دواتر جەستەیەکی درێژ و چەماوە بە هێواشی خۆی خزاندە ژوورەوە. دووبارە خۆی راست کردەوە و لەسەرخۆ دەستی بەرز کردەوە، لە قووڵایی دڵیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "سڵاو.."
دایکی بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، چەمایەوە.
- پاڤڵ لە ماڵەوە نییە.
کابرا بە هێواشی چاکەتە پێستەکەی لە بەر داکەند و بەفری سەر جزمەکانی تەکاند، کڵاوەکەی فڕێ دا سوچێک و ڕۆیشتە ژوور. بەرەو کورسیەکە ڕۆیشت وەک ئەوەی بیەوێت لە توندوتۆڵی کورسیەکە دڵنیا بێت، تاقی کردەوە و دواتر لە سەری دانیشت. دەستی بە دەمیەوە گرت و باوێشکی دا. سەرە خڕەکەی بە گوێزان تاشیبوو. نووکی سمێڵە درێژەکەی شۆڕ ببۆوە. بە چاوە گەورە و زەقەکانی سەیری ژوورەکەی کرد، قاچی خستە سەر قاچ و لە کاتێکدا لە سەر کورسییەکە دەجوڵا، پرسی: "ئەم ماڵە هی خۆتانە یان بە کرێتان گرتووە؟"
دایکی کە ڕووبەڕووی دانیشتبوو، وەڵامی دایەوە: "بە کرێمان گرتووە".
- زۆر باش نییە.
دایکی بە دەنگێکی کز و لاواز وتی: "پاڤڵ ئێستا دەگەڕێتەوە. وتی چاوەڕێ بن."
چاوەڕێی دەبم.
لەسەرخۆیی، دەنگی نەرم و سادەیی ڕوخساری، بوێری بە دایکی دا ترس لە خۆی دوور بکاتەوە. زۆر بە ڕێزەوە سەیری دایکی دەکرد. بروسکەی خۆشحاڵی لە قووڵایی چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە و لە سیمای نارێک و چەماوەیدا شتێکی گاڵتەئامێز دەبینرا. کراسێکی

شینی لەبەردا بوو و پانتۆڵێكی ڕەش كە دەرلینگەكانی كردبووە ناو جزمەكەی. دایكی دەیویست لێی بپرسێت: "كێیە و لە كوێوە هاتووە؟" لە كە یەوە پاڤڵ دەناسێت؟". بەڵام كابرا بیربڵاوی كرد و پرسی: "دایە گیان!" كێ ناوچاوی ئێوەی كون كردووە؟"
بە دەنگێكی گەرم و شیرین قسەی دەكرد و بزەیەكی ڕووناك لە چاوەكانی دەبینرا، بەڵام بەم پرسیارەی پلاگەی تووڕە كرد. لێوەكانی گەست و دوای چەند ساتێك بە ساردی وەڵامی دایەوە: "بەڕێز، ئەم بابەتە چ گرنگییەكی بۆ جەنابت هەیە؟"
كابرای باڵابەرز ئاوڕی بۆ دایكی دایەوە و وتی: "لە قسەكەم مەڕەنجە!" ئەو پرسیارەم كرد چونكە زڕدایكی منیش ئەو كونەی لە ناوچاودا بوو. مێردەكەی بە قاڵبی پێڵاو لێی دابوو!" مێردەكەی پینەچی بوو و زڕدایكم جلشۆر بوو. زڕدایكم پێش ئەوەی ئەم پیاوە عارەقخۆرە بدۆزێتەوە، منی وەك منداڵی خۆی هەڵگرتەوە. ئەوەندە لە مێردەكەی دەترسام، كاتێك دەمبینی، هەستم بە لەرزینی ئێسقانەكانم دەكرد."
پلاگە بە هۆی راستگۆیی ئەو پیاوە، هەستی بە پەشیمانی كرد و بە خۆی وت: "ئەگەر هەڵسوكەوتێكی باشم لەگەڵ ئەم پیاوە نەبێت، پاڤڵ تووڕە دەبێ". بە شەرمەوە بزەیەكی كرد و درێژەی بە قسەكەی دا: "لە قسەكەی جەنابت نەڕەنجام، بەڵام لە بەر ئەوەی لە ناكاو ئەو پرسیارەت كرد، سەرم سوڕما. ئەمە دیارییەكە لە لایەن مێردەكەمەوە!". بە راست تۆ تاتار نیت؟"
كابرا قاچەكانی جوڵاند و بە شێوەیەك پێكەنینی، دەمی تا بناگوێی كرایەوە. دواتر زۆر بە جدی وتی: "نا هێشتا تاتار نیم!"
دایكی بە دەم بزەوە ڕوونی كردەوە: "بەڵام تۆ وەك ڕووسەكان قسە ناكەیت؟"
كابرا بە خۆشحاڵی سەری لەقاند و وتی: "شێوازی قسەكردنم لە ڕووسەكان باشترە!" من خەڵكی روسیای بچوكم لە شاری كانی

پێف!"
- دەمێکە لێرەیت؟"
- نزیکەی ساڵێک لە شار بووم و ئێستا مانگێک دەبێت هاتووم بۆ ئەم کارخانەیە. لێرە چەندین هاوڕێی باشم ناسی، یەک لەوان کوڕەکەی تۆیە...
بە دەم سمێڵ بادانەوە وتی: "دەمەوێت بۆ هەمیشە لێرە بمێنمەوە."
دایکی ئەو پیاوەی خۆش ویست و بۆ ئەو وەسفەی لە پاڤل-ی کرد، سوپاسی کرد و وتی: "چا دەخۆیتەوە؟"
کابرا شانەکانی بەرز کردەوە و وتی: "بەڵێ، بەڵام نامەوێت بە تەنیا چا بخۆم. کاتێک هەمووان هاتن، تۆ زەحمەت دەدەین".
دووبارە دەنگی پێ بەرز بۆوە. دایکی هەڵستا و دەرگاکەی کردەوە و بە سەرسوڕمانەوە کچێکی گەنجی کورتەباڵای بینی کە جلێکی ناسک و سادەی لە بەرا بوو. کچەکە هاتە چێشتخانەکە و پرسی: "دوا نەکەوتووم؟"
ئاندرێ "میوانی پێشوو" وەڵامی دایەوە: "نەخێر!" بە پێ هاتی؟"
- بەڵێ، تۆ دایکی میخائیلۆڤیچی؟" من ناتاشام.
دایکی وەڵامی دایەوە: "ناوی دووانیت چییە؟"
- ڤاسیلی یۆنا، ئەی ناوی دووانی جەنابت؟"
- پلاگە نیلۆنا.
زۆر باشە، ئێستا کەمێک یەکتر دەناسین.
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "بەڵێ!"
بە بزەوە سەیری کچەکەی کرد.
ئاندرێ پرسی: "دەرەوە ساردە؟"
- بەڵێ، لە کێڵگەکان هەوا زۆر ساردە و بایش هەڵیکردووە...
دەنگی نەرم و دڵگیر بوو. دەمی بچوک و نوقڵی، گشت گیانی خڕ و خرپن بوو. دوای ئەوەی پاڵتۆکەی دەرهێنا، دەستی بە سەر کوڵمە سوورەکانیدا هێنا و لە کاتێکدا دەنگی پاژنەی پێڵاوەکەی لە هۆڵەکە

بەرز بۆوە، خێرا ڕۆیشتە ژوور.
دایکی کاتێک جزمەی کچەکەی بینی، بەزەیی پێیدا هاتەوە و بە خۆی وت: "ئەو داماوە، تەنانەت پێڵاوێکی باشی نییە!"
دایکی خێرا وتی: "ئێستا سەماوەرەکە هەڵدەکەم، لەم هەوایەدا، چای گەرم زۆر خۆشە!"
خێرا لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە. وای هەست کرد دەمێکە ئەم کچە دەناسێت و هاوشێوەی کچی راستەقینەی خۆی، خۆشی دەوێت. بزەیەکی کرد و گوێی لە قسەکانی ناو ژوورەکە گرت.
کچەکە پرسی: "ئاندرێ بۆ دڵتەنگی؟"
- هیچ!" چاوی ئەم بێوەژنە زۆر جوانە و بیرم کردەوە لەوانەیە چاوی دایکی منیش بەم شێوەیە بێت... بەردەوام بیر لە دایکم دەکەمەوە و هەست دەکەم هێشتا زیندووە.
- تۆ وتت دایکت مردووە...
- نا، ئەوە زڕدایکمە... مەبەستم دایکی راستەقینەمە... وا بزانم لە شوێنێک لە کییێف، عارەق دەخواتەوە و سواڵ دەکات و کاتێک سەرخۆش دەبێت پاسەوانەکان بە زللە لێی دەدەن.!"
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "چەند پیاوێکی بەدبەختە!"
ناتاشا لەسەرخۆ و زۆر بە گەرمی قسەکردنی دەست پێکرد. دواتر دەنگی ئاندرێ بەرز بۆوە: "ئێوە هێشتا گەنجن و ئەزموونێکی ئەوتۆتان نییە و ساردی و گەرمی ڕۆژگارتان نەچەشتووە!" بوونی منداڵ زۆر دژوارە، بەڵام گەورەکردن و پەروەردەکردنی دژوارترە..."
دایکی دەیویست قسە بکات، بەڵام لە ناکاو دەرگا کرایەوە و "وسێف چیکێف" کوڕی دانیلۆی پیرە دز و دوژمنی بە ناوبانگی دانیشتووانی ناوچەکە، هاتە ژوور. بەردەوام خۆی لە خەڵک بە دوور دەگرت، مۆن و ڕووگرژ بوو، لە بەر ئەوە هەمیشە خەڵک گاڵتەیان پێ دەکرد.
دایکی بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "چیت دەوێت؟"

وسێف چیکێف بە چاوە خۆڵەمێشییەکانی سەیری کرد. بە لەپی دەستە پانەکەی، دەموچاوە پان و گرۆیکەی پاک کردەوە. بێ ئەوەی وەڵامی سڵاوی پلاگە بداتەوە، بە دەنگێکی نەشیاو بۆ تێگەیشتن وتی: "پاڤل لەماڵە؟"
- نا.
سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد و ڕۆیشتە ناوەوە و وتی: "سڵاو هاوڕێیان!"
دایکی بە دڵتەنگی و خەمباری وتی: "ئەویش؟"! چۆن دەکرێت؟"
دواتر دوو کوڕی تر کە زیاتر لە منداڵ دەچوون، هاتنە ژوور. دایکی یەکێک لەوانی دەناسییەوە، برازای فێدێر سیزۆف، کرێکارە پیرەکەی کارخانە بوو. چین و گرنجی دەموچاوی لەگەڵ ناوچەوانی پان و قژە لوولەکەی، ڕوخسارێکی تایبەتی پێ بەخشیبوو. پلاگە لێی نەدەترسا و بە کەسێکی لە خۆبووردووی دەبینی.
ناتاشا – ئاندرێ - فێدیا مازین - وسێف چیکێف و هاوڕێیانی تری پاڤل لە ماڵەکەی کۆبوونەوە تا سەبارەت بە خەباتی سیاسی گفتوگۆ بکەن.
سەرئەنجام پاڤل لەگەڵ دووان لە هاوڕێکانی کە کرێکاری کارخانە بوون و دایکی باش ئەوانی دەناسی، گەڕایەوە و بە ڕووخۆشی وتی: "چاکەش ئامادەیە!" زۆر سوپاست دەکەم!"
دایکی کە نەیدەزانی چۆن وەڵامی ئەو پێزانینەی بداتەوە، پێشنیاری کرد: "خواردنەوەی تریش دەخۆنەوە؟"
پاڤل پاڵتۆکەی دەرهێنا و وتی: "نا، سوپاس!"
بە سۆزەوە پێکەنی.
دایکی بیری کردەوە ئەگەری هەیە پاڤل بە ئەنقەست بۆ ترساندن یان گاڵتە پێکردن پێی، سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم ڕێکخراوە نهێنییە زێدەڕۆیی کردووە، لە بەر ئەوە بە هێواشی پرسی: "ئەو کەسە مەترسیدارانەی باست دەکرد، ئەمانەن؟"!

پاڤڵ كه ده‌یویست بڕواته ژووره‌وه، وتی: "به‌ڵێ، خۆیانن"
دایكی سه‌یرێكی كرد، هه‌ناسه‌یه‌ی هه‌ڵكێشا و به خۆی وت: "ئه‌م كوڕه هێشتا منداڵه!"

# وێنەی (6)

ئاوی سەماوەرەکە کوڵی، دایکی بردییە ژوور. میوانەکان لە تەنیشت یەک و بە دەوری مێزەکە دانیشتبوون. ناتاشا لەژێر رووناکی چراکەدا کتێبێکی بە دەستەوە بوو. دەیووت: "تێگەیشتن لەوەی بۆچی خەڵک ئەوەندە بە خراپی ژیان بە سەر دەبەن..."
ئاندرێ قسەکەی بڕی و وتی: "بۆ خۆیان ئەوەندە خراپن؟"
ناتاشا بەردەوام بوو: "دەبێت بزانین چۆن ژیانیان دەست پێ کردووە.."
دایکی لە کاتێکدا سەرقاڵی دروست کردنی چا بوو، وتی: "سەیر بکەن!" کوڕەکانم سەیر بکەن!"
هەمووان بێ دەنگ بوون.
پاڤڵ بە تووڕەیی پرسی: "دایکە دەڵێی چی؟"
من؟"
کاتێک بینی هەمووان سەیری دەکەن، بە شپرزەیی وتی: "هیچ، لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد!"
ناتاشا و پاڤڵ پێکەنین. لەم کاتەدا ئاندرێ بە دەنگی بەرز وتی: "دایە گیان زۆر سوپاس بۆ چاکە!"
- هێشتا نەتخواردووەتەوە سوپاسم دەکەی!"
دواتر سەیری پاڤڵ-ی کرد و وتی: "نابمە ئەرک بۆ ئێوە؟"
ناتاشا وەڵامی دایەوە: "ئێوە خاوەن ماڵن، چۆن دەکرێت ببنە ئەرک بۆ میوانەکانتان؟"
بە دەنگێکی منداڵانە و خەمبار بەردەوام بوو: "دایە گیان تکایە پیاڵەیەک چام بدەرێ. لە سەرما هەڵدەلەرزم و قاچەکانم بەستوویەتی."
پلاگە خێرا وتی: "هەر ئێستا، هەر ئێستا".

ناتاشا دوای خواردنی چا، هەناسەیەکی هەڵکێشا، قژی بۆ دواوە لادا و کتێبێکی ئەستووری وێنەداری بەرگ زەردی کردەوە. دایکی چای تێ کرد و هەوڵی دا پیاڵە چاکان نەشێوێنێت و، هەرچەند فێر نەبوو مێشکی زۆر بخاتە کار، بەڵام بە وردی گوێی لە دەنگی خۆشی کچەکە گرت: "دەنگی ناتاشا و قووڵتەقووڵتی سەماوەرەکە تێکەڵ بوو. بەسەرهاتی ژیانی مرۆڤە کێوییە سەرەتاییەکان کە لە ناو ئەشکەوتەکان ژیانیان بە سەر دەبرد و بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان، ئاژەڵە دڕندەکانیان بە بەرد دەکوشت، وەک پەردەیەکی جوان دەکرایەوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە وەک پارچەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو. پلاگە چەند جارێک سەیری پاڤل-ی کرد و دەیویست بپرسێت کوێی ئەم بەسەرهاتە قەدەغەیە.

پاڤل لای ناتاشا دانیشتبوو و لە هەمووان جوانتر دەردەکەوت. کچەکە کە بە سەر کتێبەکەدا چەمابۆوە، بەردەوام قژی لە سەر ناوچاوی لادەدا و سەری دەجوڵاند و لە کاتێکدا دەنگی نزم کردەوە، کتێبەکەی داخست تاکو خۆی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات. ئاندرێ سنگە پانەکەی خستبووە سەر مێزەکە، سمێڵی با دەدا و هەوڵی دەدا بە چاوەکانی سمێڵی خۆی ببینێت. وسێڤ چیکێف وەک پەیکەرێک لە سەر کورسی دانیشتبوو. دەموچاوە گڕوێکەی کە بڕۆی پێوە نەبوو، بە سمێڵێکی ناسک رازابۆوە و هاوشێوەی دەمامکێکی بێ جوڵە بوو. بێ ئەوەی چاوە وردەکانی بجوڵێنێت، سەیری هێڵەکانی ڕوخساری دەکرد کە لە ناو قاپە مسێکی بریقەدار ڕەنگی دابۆوە. فێدیای بچوک گوێی لە بابەتەکانی ناتاشا دەگرت و قسەکانی دووبارە دەکردەوە. یەکێک لەو گەنجانەی لەگەڵ پاڤل هاتبوو، قژسوور و باریکەڵە بوو و لە چاوە سەوزەکانیدا شادومانی دەبینرا کە دەیویست شتێک بڵێت و بێ سەبرانە دەجوڵا.

هەوای ژوورەکە گونجاو بوو. دایکی هەستی بە ڕەزامەندی دەکرد، هەستێک کە پێشتر ئەزمونی نەکردبوو. لە کاتێکدا ناتاشا لە

خوێندنەوەی كتێبەكە بەردەوام بوو، شەوانی پڕجەنجاڵی گەنجێتی خۆی، تەشەرە ناشیرین و قێزەونەكانی كوڕە گەنجەكانی بیر كەوتەوە كە دەمیان بۆنی مەشروبی لێ دەهات. بە بیرهێنانەوەی رابردوو، هەستی بەزەیی بەرامبەر بە خۆی، دڵە مەینەتبارەكەی دەگوشی.

بیری لە خوازبێنی مێردە خوالێخۆشبووەكەی كردەوە. كاتێک هەردووكیان لە دانیشتنێكی شەوانە بوون و لە ڕێڕەوێكی تاریک ئەوی گرتبوو و بە هەموو هێزی خۆی و بە دەنگێكی گڕ و تووڕە وتبووی: "ئامادەی ببیتە هاوسەری من؟"

ئەو هەستی كردبوو سووكایەتی بە كەسایەتی كراوە. لە بەر ئەوەی خوازبێنیكەر بە پەنجە ئەستوورەكانی گوشاری بۆ سنگی هێناوە و رەنجاندوویەتی.

كابرا ئاوی لووتی هەڵدەلووشی و هەناسەی گەرم و شێداری بەر ڕوخساری دەكەوت. هەوڵی دەدا لە ئامێزی پیاوەكە بێتە دەر و رزگاری بێت و كابراش بێ بەزەیی وتبووی: "بۆ كوێ دەڕۆی؟" وەڵامم بەرەوە!"

لە تاو شەرم و تووڕەیی نەیدەتوانی هەناسە بدات و قسە بكات. لەم كاتەدا كەسێک دێتە ناو ڕێڕەوەكە و پیاوەكە خێرا وازی لێ دێنێت و وتبووی: "یەكشەمە كەسێک دەنێرم بۆ خوازبێنیت..."

بەڵێنەكەی بردە سەر...

پلاگە چاوەكانی داخست و لە قوڵایی دڵەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا.

لە ناكاو وسێف چیكێف بە دەنگی منگن و نارازی هاواری كرد: "نامەوێت بزانم مرۆڤەكان چۆن ژیاون، بەڵكو دەمەوێت بزانم چۆن دەبێت بژین!"

گەنجە قژسوورەكە هەڵستا و وتی: "ڕاست دەكات!" قسەكانی تەواو ڕاستە!"

فێدیا مازین وتی: "من رازی نیم!" ئەگەر بمانەوێت بڕۆین، دەبێ

هەموو شت لە رابردوو تاکو ئەمرۆ بزانین."
گفتوگۆ گەرم بوو. پلاگە نەیدەزانی ئەوان بۆ هات و هاواریانە. ڕوخساریان سوور هەڵگەڕابوو، بەڵام کەسیان جوێن و قسەی ناشیرینیان نەدەهێنایە سەر زمان. پلاگە وای زانی ئەگەری هەیە شەرم لەو کچە بکەن، بۆیە قسە و جوێنی ناشیرین نادەن!" بە بینینی سیمای جدی ناتاشا کە وەک دایکێکی نیگەران بە وردی سەیری منداڵەکانی دەکات، دڵخۆش بوو. لەم کاتەدا ناتاشا وتی:
"بوەستن هاوڕێیان!" بوەستن"
هەمووان بێ دەنگ بوون و سەیریان کرد.
- ئەو کەسانەی دەڵێن دەبێت هەموو شتێک بزانین ڕاست دەکەن. ڕووناکی عەقڵ و زانست سەرەتا دەبێت ناخی خۆمان ڕوون بکاتەوە، تا ئەو کەسانەی لە تاریکی و نەزانی دان، بمانبینن. ئێمە دەبێت هەموو شتێک بە ڕاستی و دروستی وەڵام بدەینەوە.
ئاندرێ بۆ پشتڕاست کردنەوەی قسەکانی ناتاشا سەری لەقاند. وسێف چیکێف و گەنجە قژسوورەکە و ئەو کرێکارەی لەگەڵ پاڤڵ هاتبوو، دەستەیەکی جیاوازیان پێک دێنا و دایکی بێ ئەوەی بزانێت بۆ، رقی لەو سێ کەسە دەبۆوە.
کاتێک قسەکانی ناتاشا کۆتایی هات، پاڤڵ هەڵستا و بە ئارامی پرسی: "ئایا تەنیا دەمانەوێت سکمان تێر بێت؟"
لە کاتێکدا بە مۆڕەوە سەیری ئەو سێ کەسەی دەکرد، وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە: "نا!" دەبێت بۆ ئەو کەسانەی بە دوو دەست بینەقاقای ئێمەیان گرتووە و چاویان داخستووین، بیسەلمێنین کە هەموو شت دەبینین و ئاژەڵ نین و مەبەستمان تەنیا خواردن نییە، بەڵکو دەمانەوێت بە شێوەیەک کە شیاوی مرۆڤە، ژیان بە سەر بەرین!" دەبێت بە دوژمنەکانمان بڵێین ئەم ژیانە پڕ ئازارەی بە سەر ئێمەدا سەپاندوویانە، نابێتە لەمپەر کە لە ڕووی درک و هۆشیارییەوە، خۆمان لە سەروو ئەوانەوە نەبینین!"

دایکی گوێی لە قسەکانی دەگرت و لەوەی کە دەیبینی کوڕەکەی بەم شێوەیە قسە دەکات، شانازی بە خۆیەوە دەکرد.
لەم بەینەدا ئاندرێ وتی: "خەڵکی تێر زۆرن، بەڵام هیچیان راست کردار نین. ئێمە دەبێت لە سەر ئەم زەلکاوە بۆگەنەی ژیانی ئێستامان پردێک دروست بکەین کە بمانبات بۆ دنیایەکی نوێی پڕ لە چاکە و برایەتی. بەڵێ هاوڕێیان، ئەوە ئەرکی ئێمەیە!"
وسێف چیکێف بە دەنگێکی کز وەڵامی دایەوە: "کە سەردەمی خەبات و بەرەنگاری گەیشت، ئیتر کاتی ئەوە نامێنێ تەنانەت برینی دەستمان هەڵپێچین!"
نیوەشەو بوو. میوانەکان یەک لە دوای یەک ماڵی پاڤڵ-یان بە جێ هێشت. وسێف چیکێف و گەنجە قژسوورەکە زووتر لەوانی تر ڕۆیشتن. دایکی ئەم کارەی ئەوانی پێ ناخۆش بوو. لە کاتی ماڵئاوایی بە خۆی وت: "سەیر بکەن!" چەند پەلەیانە!"
ناتاشا پرسی: "ئاندرێ تۆ لەگەڵ من دێیت؟"
ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ!" بە دڵنیاییەوە!"
کاتێک ناتاشا بۆ پۆشینی پاڵتۆکەی ڕۆیشتە چێشتخانەکە، دایکی پێی وت: "گۆرەوییەکانتان بۆ ئەم وەرزە تەنکە!" حەز دەکەی جووتێک گۆرەوی خووریت بۆ بچنم؟"
ناتاشا بە پێکەنین وەڵامی دایەوە: "زۆر سوپاس بەڵام گۆرەوی خوری پێ دەخوات.
دایکی وەڵامی دایەوە: "بەڵام من گۆرەوییەکت بۆ دەچنم هەرگیز پێت نەخوات!"
ناتاشا بە جۆرێک سەیری دایکی کرد. ڕوانینەکەی بووە هۆی شپرزەیی و دڵتەنگی دایکی.
لە بەر ئەوە بە هێواشی وتی: "بمبوورە بۆ ئەو قسەیەی کردم... من لە قووڵایی دڵم یان لە رووی سادەییەوە ئەو قسەیەم کرد."
ناتاشا دەستی دایکی گوشی و بە هێواشی وتی: "تۆ چەندە میهرەبان

و باشی!"
ئاندرێ سەیرێکی ڕوخساری کرد و وتی: "شەو خۆش دایە گیان!"
دوابەدوای ناتاشا لە ماڵ ڕۆیشتە دەر.
دایکی سەیرێکی پاڤڵ-ی کرد کە لە بەردەم دەرگا وەستابوو و پێدەکەنی. بە شەرمەوە لێی پرسی: "بۆ پێدەکەنی؟"
- هیچ، خۆشحاڵم!"
پلاگە بە دڵتەنگی وەڵامی دایەوە: "دەزانم پیر و نەزانم... بەڵام باش و خراپ لە یەک جیا دەکەمەوە!"
پاڤڵ وەڵامی دایەوە: "تۆ ڕاست دەکەیت!" ئێستا دەبوایە جەنابت بخەوتیتایە!"
دایکی وەڵامی دایەوە: "ئێستا دەڕۆم دەخەوم!" تۆیش بڕۆ بخەوە."
قاپەکانی سەر مێزەکەی کۆکردەوە و لە دڵەوە هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد لەوەی کۆبوونەوەکە بە باشی بەڕێوە چوو. دواتر ڕووی کردە پاڤڵ و وتی: "پاڤڵ، تۆ ڕاستت دەکرد!" ئەوانە کەسانێکی باش بوون. ئاندرێ زۆر میهرەبانە!" کچەکەش... ئای چەندە بلیمەتە!" بە ڕاست چ کارێک دەکات؟"
پاڤڵ کە بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد، بە هێواشی وتی: "مامۆستایە".
- لە بەر ئەوەیە هەژارە؟" جلەکانی چەند شڕ بوو!" بەو جلانەوە لەم سەرمایەدا نەخۆش دەکەوێت!" دایکی و باوکی لە کوێن؟"
- مۆسکۆ!"
پاڤڵ لای دایکی وەستا و بەردەوام بوو: "باوکی زۆر دەوڵەمەندە. ئاسن دەفرۆشێت و چەندین ماڵی هەیە. لەو کاتەوەی ناتاشا هاتۆتە ناو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە، باوکی لە ماڵەوە دەریکردووە. ئەو لە ناز و نیعمەتدا گەورە بووە و ئێستا دەبینی ناچارە حەوت کیلۆمەتر بە پێ بڕوات. ئەویش تاک و تەنیا و بەم شەوە تاریکە!"
پلاگە هەستی بە خەمباری کرد. بیری نەدەکردەوە کچەکە بەم

شێوەیە بژیت.
دواتر رووی کردە پاڤڵ و پرسی: "دەڕواتەوە بۆ شار؟"
- بەڵێ.
- سەیرە!" ناترسێت؟"
پاڤڵ بزەیەکی کرد و وتی: "نا، ناترسێت!"
- بۆ ئێستا ڕۆیشت؟" دەیتوانی شەو لێرە لای من بخەوێت.
- نابێت، چونکە ئەگەری هەبوو لە کاتی ڕۆیشتن ببینن و نابێت ئەوە روو بدات.
دایکی بیرمەندانە سەیری دەرەوەی پەنجەرەکەی کرد و بە ئارامی بەردەوام بوو: "پاڤڵ تێ ناگەم کوێی ئەم کارە مەترسیدار و قەدەغەیە؟" ئەم قسانە خۆ کێشەی تیا نییە، وا نییە؟"
خۆی لەم بابەتە دڵنیا نەبوو، دەیویست پاڤڵ وەڵامی نەرێنی بداتەوە.
پاڤڵ بە ئارامی سەیری چاوەکانی دایکی کرد و وتی: "ئێمە هیچ کارێکی خراپمان نەکردووە و نایکەین، بەڵام زیندان چاوەڕێمانە. تۆ دەبێت ئەمە بزانی..."
دایکی دەستەکانی دەلەرزی و بە خەمباری وتی: "بەڵام ئەگەری هەیە... واتە ناکرێت خوا هاوکاری بکات و بارودۆخەکە بگۆڕێت".
پاڤڵ بە سۆزەوە وەڵامی دایەوە: "نا، نامەوێت فریوت بدەم، بەڵام ئەوە چارەنووسی ئێمەیە".
بزەیەکی کرد و دووبارەی کردەوە: "برۆ بخەوە!" زۆر هیلاک بوویت، شەوخۆش!"
کاتێک دایکی بە تەنیا مایەوە، لە پەنجەرەکە نزیک کەوتەوە و سەیری کۆڵانەکەی کرد. هەوا سارد و تاریک بوو. با گەمەی دەکرد و بەفری سەربانی ماڵەکانی رادەماڵی و بە هێواشی دەیکێشا بە دار و دیواردا و دەکەوتە سەر زەوی و هەورە سپییەکان کلوە تۆزئاساکانی بەفری بە درێژایی کۆڵاندا دەهێنا و دەبرد...
دایکی دۆعای کرد: "یا حەزرەتی مەسیح، خۆت ئاگات لێمان بێت".

فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس بوو. چاوەڕوانیی ئەو بەلایەی کوڕەکەی لەسەرخۆ و بە دڵنیایی باسی دەکرد، وەک پەپوولەیەکی شەوگەڕی کوێر، لە ناخیدا دەفڕی. دەشتێکی چۆڵ و داپۆشراو بە بەفر لە بەرچاوی دەرکەوت کە تیادا بایەکی سارد لە شێوەی گێژەڵووکەیەکی سپی و توند و سووتێنەر هەڵیکرد. با خۆی لە دەوری قاچی دەئالاند، شەپۆلی دەخستە داوێنەکەی و کلوە وردەکانی بەفری لە روومەتی دەدا. تارمایی بە دژواری بە ڕێگەدا دەڕۆیشت و قاچی لە ناو بەفرەکە دەچەقی. کچەکە چەمابۆوە هاوشێوەی لاسکە گیایەک کە لەو شەوە پەرێشانەدا، ببووە بووکەڵەی گەمە مەترسیدارەکانی بای پاییز. دارستانێک لای راست، دیواری خەمبزوێنی لە نزیک زەلکاوەکە هەڵکێشابوو و تیایدا لقە ناسکەکانی شۆڕەبی و سنەوبەر دەلەرزین و دەنگێکی خەماوییان لێ بەرز دەبۆوە. لە شوێنێکی دوور، تیشکی کزی چراکانی شار دیار بوو.
دایکی کە لە ترسا دەلەرزی، دووبارە لە بەر خۆیەوە وتی: "خوایە گیان خۆت رەحم بکە".

# وێنەی (7)

ڕۆژەکان تێدەپەڕین و وەکو مۆرەی چۆرتکە لە شێوەی هەفتەکان و مانگەکان کۆ دەبوونەوە. ڕۆژانی شەمە هاوڕێکانی پاڤڵ دەهاتن بۆماڵەکەیان و هەر کۆبوونەوەیەک وەک پلەیەک بوو لە پلیکانەیەکی درێژ کە نشێوێکی کەمی هەبوو و دەگەیشتە شوێنێکی دوور و نادیار و، بە هێواشی ئەو کەسانەی سەر دەخست کە پێیدا سەردەکەوتن. بەردەوام ژمارەی کەسەکان زیادی دەکرد، بە جۆرێک لەو ژوورە بچوک و سادەیەی پلاگە، شوێنی دانیشتن نەدەمایەوە. ناتاشا هەموو جارێکت لە ڕێگەی هاتندا سەرما دەیبرد و شەکەت دەهاتە ناو ماڵەکە، بەڵام لەگەڵ خۆی دنیایەک خۆشحاڵی بێ سنووری دەهێنا.

دایکی گۆرەوی بۆ چنی و دەیویست خۆی بیکاتە پێی. کچەکە سەرەتا پێکەنی، دواتر بێ دەنگ بوو و بیرمەندانە وتی: "ئەو ژنەی وەک دایکم وابوو، زۆر میهرەبان بوو!" زۆر سەیرە!" چینی خوارەوەی کۆمەڵگە هەرچەندە ژیانێکی دژواریان هەیە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی تر دڵیان روون و پاک و پڕ لە خۆشەویستییە!".

لە کاتی ئاماژەدان بە وشەی "خەڵکانی تر" بە دەست ئاماژەی بۆ شوێنێکی زۆر دوور کرد.

دایکی وتی: "ڕێک وەک ئێوە!" ئێوە دایکی و باوک و هەموو شتێکی خۆتان فیدا کرد!"

نەیتوانی ئەوەی بیری لێ دەکردەوە، تەواوی بکات، هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە کاتێکدا سەیری ناتاشای دەکرد، بێ دەنگ بوو.

ڕێزی لە ناتاشا دەگرت. بێ ئەوەی بزانێت لە بەر چی، بەرامبەر بە کچەکە سەری داخست و بزەیەکی کرد. لە سەر زەوی دانیشتبوو.

ناتاشـا وەڵامـی دایـەوە: "چاوپۆشـیم لـە دایكی و باوكـم كـرد... باوكم ئەوەنـدە تووڕەیـە وەسـف ناكرێـت... براكەشـم وەك خۆیەتـی.. مەشـروب دەخواتـەوە... خوشـكە گەورەكەم ژنێكـی بەدبەختـە... هاوسـەرگیری لەگـەڵ پیاوێكـی پیـر كـردووە... پیاوێكـی دەوڵەمەنـد و هـاوكات چاوچنۆكـە، بـەڵام هەمیشـە نیگەرانـی دایكمـم، ژنێكـی سـادە و دڵپاكـە وەك ئێـوە. بـەردەوام بەمـلاولادا دەڕوات و لـە هەمـوو شـتێك دەترسـێت. هەندێـك كات ئەوەنـدە دڵتەنگـی دەبـم، نازانـم چـی بكـەم".
ڕەنـگ بـە ڕوخسـارییەوە نەمـا و چـاوە شـینەكانی بریسـكایەوە، بـە هەمـان شـێوە كـە دەسـتی لـە سـەر شـانی دایكـی دانابـوو، بـە دەنگێكـی نـزم كـە لـە قووڵایـی دڵـەوە بـوو، وتـی: "خۆزگـە دەتزانـی... خۆزگـە تێ دەگەیشـتی لـەو كارە گەورەیـەی ئێمـە دەمانەوێـت بیكەیـن!"
هەسـتێكی ناخۆش لە دڵی دایكیدا دروست بوو. هەڵسـتا و بە خەمباری وتی: "بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتانە زۆر پیرم، نەخوێندەوارم..."
زۆربـەی كاتـەكان پاڤـڵ بـوو لە دانیشـتنەكان قسـەی دەكرد و وتەكانی دەهێنایـە سـەر زمـان. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لاوازتـر و كزتـر دەبـوو. دایكـی وای دەزانـی كاتێـك پاڤـڵ قسـە لەگـەڵ ناتاشـا دەكات، نیگا تووڕە و مۆنەكەی نەرمتر و دەنگی دڵگیرتر و خۆشـتر دەبێت. بیری كـردەوە: "هیـوادارم وا بێـت" و بـە گومانـی ئـەوەی لەوانەیـە ناتاشـا ببێتـە بووكـی، بزەیەكـی كـرد.
كاتێـك لـە دانیشـتنەكاندا گفتوگـۆ گـەرم دەبوو، ئاندرێ هەڵدەسـتا و لە كاتێكـدا بـە بەردەوامـی دەجـولا، بـە دەنگێكـی تایبـەت قسـەی دەكرد، بـەڵام سـادەییەكی پـاك لـە قسـەكانیدا دەبینـرا و دڵنیایـی و ئارامـی بەوانـی تـر دەبەخشـی. وسـێف چیكێـف كـە هەمیشـە مـۆن و گـرژ بـوو، لەگـەڵ سـامۆئیلۆڤ - گەنجـە قژسـوورەكە - ئاژاوەیـان دەنایـەوە و ئیڤـان بوكیـن، كـە گەنجێكـی سـەرخڕی قژقاوەیـی بـوو، وەك بڵێـی هەتـاو ڕەنگـی گۆڕیبێـت، لایەنگـری لـەم دووانـە دەكـرد.
ژاكـوب سـۆمۆڤ، بـەردەوام لـە خۆبـوردوو و پـاك و خاوێـن، كـە مـدوو

و جدی بوو و هاوشێوەی فێدیا مازین هاوڕای ئاندرێ و پاڤڵ بوو. هەندێک جار لە جێگەی ناتاشا نیکۆلا ئیڤانۆڤیچ لە شارەوە دەهات. چاویلکەی لە چاو دەکرد و ریشی تەنک بوو. دانیشتووی ویلایەتێکی دوور بوو و بە زاراوەی ئەو ناوچەیە قسەی دەکرد. باسی بابەتی سادە و لاوەکی دەکرد وەک ژیانی خێزانی، منداڵەکان، بازرگانی، پۆلیس، نرخی نان و گۆشت و ئەوەی پەیوەندی بە بژێوی ژیانەوە بێت. لە هەموو ئەم بابەتانەدا فێڵ و تەڵەکە و جۆرێک لە دەبەنگی و نەزانی دەدۆزییەوە. پلاگە هەستی کرد ئەو لە نیشتمانێکی دوور، لە وڵاتێکی ترەوە دێت کە تیایدا هەمووان ژیانێکی ئابڕوومەندانە و ئاسودەیان هەیە، لە کاتێکدا هەموو شت لێرە نامۆیە بۆ ئەو. نەیدەتوانی بەم ژیانە رابێت و وەک پێویستییەک لێی بڕوانێت، هەرچەندە ئەم ژیانەی پێ خۆش بوو، بەڵام شێلگیرانە دەیویست سەرلەنوێ و بە پێی بیرکردنەوەی خۆی دروستی بکات. ڕەنگی زەرد بوو و هەندێک چرچولۆچی بە دەوری چاوەکانییەوە دەبینرا. دەنگی نەرم و دەستەکانی هەمیشە گەرم بوو. کاتێک سڵاوی لە پلاگە دەکرد، دەستی بە پەنجە بەهێزەکانی دەگوشی و ئەمەش سوکنایی بە دڵی دایکی دەبەخشی.

لە ناو ئەو کەسانەی لە شارەوە دەهاتن، کچێکی باڵابەرزی جوانی چاوگەش و ڕوخسار کزی زەردهەڵگەڕاو بە ناوی ساشنکا دەبینرا. هەڵسوکەوتی پیاوانە لە کردار و وتاریدا هەبوو. کاتی قسە کردن برۆ ڕەشەکانی گرژ دەکرد و کونی لووتی فش دەبۆوە. ئەو بوو بۆ یەکەم جار بە دەنگێکی تووڕە و بەهێز وتی: "ئێمە سۆسیالیستین..." کاتێک دایکی ئەم دەستەواژەیەی بیست، بە ترسێکی کپکراو سەیری کچەکەی کرد، چونکە بیستبووی سۆسیالیستەکان تێزارەکانیان کوشتووە و ئەم ڕووداوە لە سەردەمی گەنجێتی پلاگە رووی دابوو. ئەو کات دەیانووت لە تۆڵەی ئەوەی کە تێزار دێنشینەکان "ئەو جووتیارانەی خولام و کۆیلە بوون"ی ئازاد کردووە، خاوەن زەوی

و کێڵگەکان تووڕەن و سوێندیان خواردووە تا نەیکوژن قژیان چاک ناکەن. لە بەر ئەوە پێیان دەڵێن سۆسیالیست. ئێستا دایکی نەیدەزانی بۆچی کوڕەکەی و هاوڕێکانی سۆسیالیستن.
دوای ئەوەی میوانەکان ڕۆیشتن، پلاگە لە پاڤڵ-ی پرسی: "پاڤڵ گیان، ڕاستە تۆ سۆسیالیستی؟"
پاڤڵ وەک هەمیشە ڕاشکاوانە و بەهێز وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".
دایکی لە قووڵایی دڵەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاوەکانی داخست و بەردەوام بوو: "ئاخر چۆن شتی وا دەبێت؟" سۆسیالیستەکان دوژمنی تێزارن و تەنانەت یەکێک لە تێزارەکانیان کوشتووە!"
پاڤڵ لە کاتێکدا دەستی بە ڕوخساریدا دەهێنا، بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد، بزەیەکی کرد و وتی: "ئێمە پێویستمان بەو کارە نییە!"
ماوەیەکی زۆر بە ڕێزەوە قسەی لەگەڵ دایکی کرد. پلاگە سەیری دەکرد و بیری دەکردەوە: "ئەو هیچ کارێکی هەڵە ناکات، دڵنیام!"
دوای ئەو شەوە، ئەوەندە ئەو دەستەواژەیان دووبارە کردەوە، گوێی دایکی پێی ڕاهات و چیتر لێی نەدەترسا، بەڵام ساشنکای خۆش نەدەویست. کاتێک ئەو کچە دەهات، دایکی تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبوو.
شەوێک بە دڵتەنگی و خەمباری بە ئاندرێ-ی وت: "ساشنکا زۆر سەختگیر و لەخۆڕازییە!" بەردەوام فەرمان دەدات، ئەم کارە بکە، ئەو کارە مەکە!"
ئاندرێ بە دەنگی بەرز پێکەنی و وتی: "ڕێک وایە!" باشت ناسیوە!" وانییە پاڤڵ؟"
چاوێکی لە دایکی داگرت و بە نیگایەکی گاڵتەئامێزانە وتی: "سەر بە چینی خانەدانەکانە!"
پاڤڵ بە ساردی وەڵامی دایەوە: "کچێکی بوێرە."
ئاندرێ قسەکەی پشتڕاست کردەوە و وتی: "ڕاستە!" تەنیا

نازانێت قەرزارە و ئێمە خاوەن قەرزین و دەمانەوێت مافی خۆمان وەربگرینەوە.“
دایکی دەیبینی ساشنکا بە تایبەتی سەختگیری لەگەڵ پاڤل دەکات و تەنانەت هەندێک کات سزای دەدات. لە بەرامبەردا پاڤل بزەی دەکرد و بێ دەنگ دەبوو، تەنانەت زۆر نەرمتر لە ناتاشا تەماشای دەکرد... دایکی ئەمەی بە دڵ نەبوو.
ئەم دانیشتنە هەفتەی دوو جار ئەنجام دەدرا و کاتێک دایکی دەیبینی گەنجەکان چەندە تامەزرۆ و ئارەزوومەندانە گوێ لە قسەکانی کوڕەکەی، ئاندرێ و کتێب خوێندنەوە خۆشەکەی ناتاشا و ساشنکا و نیکۆلا ئیڤانۆڤیچ و کەسانی تر دەگرن، نیگەرانییەکانی لە بیر دەکرد.
زۆر جار پلاگە لە خۆشحاڵی تاوناتاوی گەنجەکان سەری سوڕ دەما. ئەم خۆشحاڵییە کاتێک بوو کە هەواڵی پەیوەندیدار بە کرێکارە بیانییەکانیان لە ناو ڕۆژنامەکاندا دەخوێندەوە و لەو کاتەدا چاوی هەموویان دەبریسکایەوە و وەک منداڵ خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی. هەموویان لە دڵەوە پێدەکەنین و هاوڕێیانە دەستیان دەخستە سەرشانی یەک. یەکیان لە خۆشحاڵیدا وەک بڵێی سەرخۆش بووبێت، هاواری کرد: ”ئەم کرێکارە ئاڵمانییانە چەندە بوێرن!“
یەکی تر هاواری دەکرد:”سەربەرزی بۆ کرێکارە ئیتالییەکان“.
کاتێک ئەم وەسف و سڵاوانەیان بۆ هاوڕێ نەناسراوەکانیان دەنارد، وا دەردەکەوت کە گوایە دڵنیان ئەوان دەنگیان دەبیستن و لەم خۆشحاڵییەدا هاوبەشییان دەکەن.
ئاندرێ وەک هەر بوونەوەرێکی سەرمەست و شادومان، وتی: ”هاوڕێیان!“ پێتان چۆنە نامەیان بۆ بنووسین تاکو بزانن لە روسیایش کرێکاری لێیە کە بیر و باوەڕیان لەگەڵ ئەوان یەکە و بە سەرکەوتنی ئەوان خۆشحاڵ دەبن؟“
هەموویان بە نیگایەکی خەیاڵاوی و بە زەردەخەنەوە، ماوەیەکی

دووورودرێژ باسی فەرەنسییەكان و سویدییەكان و ئینگلیزەكانیان كرد وەك ئەو بوونەوەرە ئازیزانەی كە لە خەم و شادییاندا شەریك بن. لەو ژووورە بچوكەدا هەستی هاوبیری هاتە ئاراوە كە دەبووە هۆی یەكگرتوویی لە نێوان هەموو كرێكارانی جیهان، هەستێك كە دڵی هەمووانی وەك یەك دڵ دەهێنایە لەرزین و دایكیشی هەستی پێ كرد. هەرچەند نەیدەتوانی بە تەواوی دركی پێ بكات، بەڵام بە خۆشی و شادی و هێزی بزوێنەر و سەركەوتووانەی ئەوان، پڕ دەبوو لە هیوا و ئومێد.

ڕۆژێك پلاگە بە ئاندرێ-ی وت: "ئێوە كەسانێكی سەیرن؟" هەمووان بە هاوڕێی خۆتان دەزانن... چ جولەكە بێت چ نەمسایی چ ئەرمەنی... بە جۆرێك باسیان دەكەن وەك بڵێی هەموویان دەناسن... شەریكی خۆشی و ناخۆشی هەموو خەڵكن."

ناتاشا چاوی بڕییە شووێنێكی دوور و وتی: "خۆزگە دەتانزانی چ كارێكی گەورە ئەنجام دەدەین. كارێك كە هەرگیز لە سەر لاپەڕەكانی ڕۆژگار ناسڕێتەوە.

ئەو لە وەڵامدا وتی: "بەڵێ دایە گیان، ئێمە هاوخەمی هەموو خەڵكین!" گرنگی بە رەچەڵەك و نەتەوە نادەین. تەنیا گرنگی بەوە دەدەین كێ هاوڕێمانە و كێ دوژمن. هەموو كرێكاران هاوڕێی ئێمە و تەواوی دەوڵەمەندەكان و ئەو كەسانەی فەرمانڕەوایەتیمان دەكەن، دوژمنمانن. كاتێك مرۆڤ بە چاوێكی كراوە سەیری دنیا بكات و بزانێت ژمارەی كرێكاران چەندە زۆرە و هەڵگری چ هێزێكی ڕۆحانین، خۆشییەك كە وەسف ناكرێت هەموو گیانی دادەگرێت. دایە گیان دڵنیا بە ئەم هەستە لای فەرەنسی و ئینگلیزی و نەمسایی و...هتدیش دروست دەبێت، چونكە هەمووان منداڵی یەك دایكین، منداڵی هزرێكی تاقانە و نەبەزین و ئەویش هەستی برایەتی هەموو كرێكارانی جیهانە. ئەم هزرە هێزمان پێ دەبەخشێت، وەك خۆرێكی گەرم كە لە ئاسمانی دادپەروەری تیشك بڵاو دەكاتەوە و ئەم

ئاسمانە لە دڵی کرێکاردایە و کەسێکی سۆسیالیست هەر کەسێک بێت و هەر ناوێک لە خۆی بنێت.
ئەم دەربڕینە منداڵانەی هەستی ناخ، ئەم بڕوا رووناک و پتەوە، بەردەوام و زیاتر لە جاران لە ناو ئەم تاقمە بچوکەدا دەبینرا. کاتێک دایکی ئەم هیوا و ئومێدەی دەبینی، هەستی دەکرد شتێکی درەوشاوە و گەورە وەک خۆری ئاسمان، لە جیهاندا لە دایکی بووە. زۆر کات گۆرانییان دەوت، گۆرانیی خۆمانە و شاد، بە دەنگی بەرز. هەندێک جار گۆرانیی نوێیان دەوت، گۆرانیی زۆر تایبەت، بەڵام خەمبزوێن و سەیر. وەک ئەوەی سروودێکی ئایینی بخوێنن. ڕەنگ بە ڕوخساریانەوە نەدەما. لە کاتی گۆرانی وتن دەمارەکانیان گرژ دەبوو و مرۆڤ هەستی دەکرد هێزێکی شاراوە لە ناو وشەی ئەم گۆڕانییانەدا خۆی حەشار داوە. یەکێک لەو گۆرانییە تازانە، دایکی تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکرد، چونکە گۆرانییەکە، ناڵە و نیگەرانییەکانی رۆحێکی سووکایەتی پێکراوی دەرنەدەبڕی کە تاک و تەنیا لە کە لێن و کولێنی گومانە ئازاردەرەکاندا سەرگەردانە، هەروەها هاوارەکانی رۆحێکی بێڕەنگ و بێ شێوە کە لەژێر تەوژمی هەژاری و نەهامەتیدایە و لە ترسا خڵەفاوە. لەو گۆرانییەدا نە ئاخە پەشێوەکانی دڵێکی بەهێز کە بە شێوەیەکی سەیر تینووی بۆشایی بوو، ڕەنگی دەدایەوە، نە هاوارەکانی خەباتگێڕێکی ئازا کە ئامادەیە بێ جیاوازی کردن، باش و خراپ پێشێڵ بکات. لە گۆرانییەکەدا، تووڕەییەکی کوێرانە بەدی نەدەکرا کە بتوانێت هەموو شت لە پێناوی تۆڵەدا تەفروتونا بکات، بەڵام توانای ئافراندنی بچوکترین شتی نەبێت. بە کورتی، ئەو ئاوازە هیچ دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی دنیای کۆن، واتە دنیای کۆیلەکانی تیا نەدەبینرا. پلاگە حەزی بە قسەی قورس و ئاوازی تەرکەدنیایی نەدەکرد، بەڵام لەم گۆرانییەدا هێزێکی بێ بن هەبوو، وەک بڵێی دەنگ و وشەکانی دەخنکاند و هەستەکانی پێش ڕووداوی لە دڵدا بێدار دەکردەوە

كە بۆ هێزی مرۆڤ لەڕادەبەدەر گەورە و مەزن بوون. دایكی، ئەم هەستەی لە چاو و ڕوخساری گەنجەكاندا دەبینی. لە كاتێكدا تەسلیمی ئەم هەستە نامۆیە دەبوو، زۆر بە وردی و نیگەرانییەكی قووڵ، گوێی لە گۆرانییەكە دەگرت.
وسێف چیكێف-ی مۆن و رووگرژ وتی: "یەكەم ڕۆژی بەهار دەبێت ئەم گۆرانییە لە ناو كۆڵانەكەندا بڵێینەوە".
ئەو كاتەی باوكی جارێكی تر بە تۆمەتی دزی زیندانی كرا، بە ئارامی وتی: "ئێستا دەتوانین دانیشتنەكان بگوازینەوە بۆ ماڵی ئێمە".
بە گشتی، هەموو شەوێك دوای كۆتایی هاتنی كار، یەكێك لە هاوڕێكانی پاڤڵ دەهاتە ماڵی ئێمە و پێكەوە كتێبیان دەخوێندەوە. هەندێك لە بابەتەكانیان یادداشت دەكرد. ئەوەندە سەرقاڵی كتێب خوێندنەوە بوون كە دەرفەتی دەموچاو شۆردنیان نەبوو. تەنانەت لە كاتی نان یان چا خواردن كتێبەكەیان دانەدەنا. ڕۆژ بە ڕۆژ قسەكانیان بۆ دایكی قورستر و نامۆتر دەبوو...
پاڤڵ هەمیشە جەختی لە هاوڕێكانی دەكردەوە: "ئێمە پێویستمان بە ڕۆژنامەیەكە."
ژیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەرموگوڕتر دەبوو و ئەوان وەكو هەنگ كە لە گوڵێكەوە بۆ گوڵێكی دیكە دەڕوات، دوای تەواوبوونی كتێبێك، كتێبێكی دیكەیان دەست پێ دەكرد و دەیانخوێندەوە.
شەوێك وسێف چیكێف وتی: "ئەم ڕۆژانە بەردەوام باسی ئێمە دەكەن... ئەگەری هەیە بەم زووانە دەستگیرمان بكەن...
ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "هەوێردە بۆ ئەوە ئافرێنراوە كە بكەوێتە تەڵەوە!"
پلاگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاندرێ-ی زیاتر خۆش دەویست و كاتێك ئەم بە "دایە گیان" بانگی دەكرد، پێی وابوو دەستی نەرمونیانی منداڵەكەی خۆی گرتووە. ڕۆژانی یەكشەممە ئەگەر پاڤڵ كاری هەبوایە، ئەم داری دەشكاند. ڕۆژێك لە كاتێكدا دارێكی گەورەی

لە سەرشان بوو، دەرکەوت، تەوریٚکی هەڵگرت و خێرا یەکێک لە پلیکانە خراپ بووەکانی بەردەم دەرگاکەی چاک کردەوە.
ڕۆژێک پلاگە بە پاڤڵ-ی وت: "پێت باشە ئاندریێ بۆ هەمیشە لە ماڵمان بێت و خەرجی و بژێوی لە ئەستۆ بگرین؟" ئەم کارە لە بەرژەوەندی هەردووکتانە و ئیتر ناچار نین بەردەوام بڕۆنە ماڵی یەکتر".
پاڤڵ شانی بەرز کردەوە و وتی: "بۆچی ئەو ئەرکە دەخەیتە سەر شانی خۆت؟"
- ئەرکی چی!" تەواوی تەمەنم بێ هۆ زەحمەتم کێشاوە و ئێستا کێشە نییە ئەم کارە بۆ کەسێکی باش و تێگەیشتووی وەک ئەو بکەم!"
پاڤڵ وەڵامی دایەوە: "هەر کارێکت پێ باشە بیکە، ئەگەر خۆی ڕازی بێت، منیش خۆشحاڵ دەبم.."
دوای چەند ساتێک ئاندریێ هاتە لایان.

# وێنەی (8)

ئەم ماڵە بچوک و سادەیە کە لە کۆتایی شارۆچکەکە بوو، سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی رادەکێشا و زۆر کەس بە گومانەوە سەیری دیوارەکانیان دەکرد. پروپاگەندەی زۆر بە سەربانی ئەم ماڵەوە دەبینرا و هەمووان هەوڵیان دەدا ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەن کە لەو ماڵەدا شاراوە بوو.. لە بەر ئەوە هەندێک شەو دەهاتنە پشت پەنجەرەی ماڵەکە و بە دزییەوە سەیری ناوەوەیان دەکرد و هەندێک کات تەقەیان لە شووشەکە دەدا و دواتر وەک کەسە ترسەنۆکەکان هەڵدەهاتن.

ڕۆژێک لە کۆڵان، بێگۆنتزێف، مەشروب فرۆشی گەڕەک، ڕێگەی بە پلاگە گرت. پیرەپیاوێکی کورتەباڵا و قۆز بوو. هەمیشە ملپێچێکی هەوریشمی ڕەشی لە گەردنە سوور و پڕ چرچولۆچەکەی دەئاڵاند. چاویلکەیەکی بچوک لە سەر نووکی لووتە باریک و تیژەکەی دەبینرا و لە بەر ئەوە نازناوی "چاو ئێسقان"یان پێ بەخشیبوو.

بێ پچڕان و بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت، بارانی قسە و وشکەکانی بە سەر پلاگەدا باراند و دەیووت: "خاتوو پلاگە نیاوونا حاڵتان چۆنە؟" کوڕەکەتان باشە؟" هێشتاش ناتەوێ ژنی بۆ بێنیت؟" ئەم گەنجە ئێستا کاتی ژن هێنانییەتی. کاتێک دایکی و باوک لە تەمەنی گونجاودا ژن بۆ کوڕەکەیان دێنن، ئیتر خەیاڵیان ئاسودە دەبن، چونکە پیاوێک کە ژن و منداڵی هەبێت، ڕۆح و جەستەی تەندروستترە و وەکو قارچک ئەگەر بیخەیتە ناو سرکە، بە ساغی دەمێنێتەوە. من ئەگەر لە جێگەی ئێوە بوومایە، ئەو کارەم دەکرد. ڕۆژگارێکی زۆر خراپە خاتوو پلاگە. مرۆڤ دەبێت زۆر ئاگای لە منداڵەکانی بێت، چونکە کاتێک دەگەنە تەمەنێکی دیاریکراو، بە پێی

حەز و ویستی خۆیان دەجولێنەوە و ئەگەری هەیە كاری نەشیاو و ناپەسەندیش بكەن. ئەگەر تێبینیت كردبێ، دەبینی گەنجەكان قەت سەردانی كلێسا ناكەن، تەنانەت لە شوێنە گشتییەكانیش ئامادە نابن، با چەند پرسیارێكت لێ بكەم: "بۆ ئەمانە بە گوێی یەكدا چپەچپ دەكەن؟" بۆ لە كۆمەڵگا خۆیان بە دوور دەگرن؟" ئەوە چ قسەیەكە كە ناتوانن لە بەرچاوی هەمووان بۆ نمونە لە میوانخانە بیڵێن؟" ئاخۆ نهێنییەك لە ئارادایە؟" ئاشكرایە كارەكەیان گوماناوی و نهێنییە، بەڵام شوێنی نهێنییەكان لە كلێسای پیرۆزە!" هەموو ئەو نهێنیانەی بە شاراوەیی فێر دەكرێن، سەرچاوەكەی گومڕاییە. ئارەزووی سەلامەتی بۆ كوڕەكەتان دەكەم. ماڵئاوا.
لە كاتێكدا وای پیشان دەدا دەیەوێت كڵاوەكەی لە سەر لابەرێت، ڕۆیشت و دایكی بە نیگەرانی و پەرێشانی بە جێ هێشت.
جارێك ماریا كۆرسۆنۆڤا، هاوسێی بنەماڵەی ڤێلاسێف كە بێوەژنی ئاسنگەرێك بوو و لە بەردەم كارخانە خواردەمەنی دەفرۆیشت، لە بازاڕ پلاگەی بینی و وتی: "پلاگە ئاگات لە كوڕەكەت بێت!"
- بۆ؟"
ماریا بە نهێنی وەڵامی دایەوە: "پروپاگەندەی خراپم سەبارەت بەو بیستووە، دەڵێن دەستەیەكی پێك هێناوە وەك دەستەی قامچی وەشێنەكان و وەك ئەوان بە قامچی لە یەك دەدەن."
- هەڵیت و پەڵیت مەڵێ، ماریا!"
- ئەو كەسەی كاری قۆڕ دەكات، دەبێت سەركۆنە بكرێت، نەك ئەو كەسەی كارە هەڵیت و پەڵیتەكان دەگێڕێتەوە.
دایكی هەموو قسەكانی بۆ پاڤڵ دەگێڕایەوە، بەڵام پاڤڵ بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، شانی بەرز دەكردەوە و ئاندرێ-ش وەك هەمیشە بە قاقا پێدەكەنی.
دایكی بەردەوام بوو: "كچە گەنجەكانیش بەردەوام لێتان تووڕەن، چونكە ئێوە پاروویەكی گونجاون، بە باشی كار دەكەن، مەشروبیش

ناخۆنە و تەنانەت سەیری كچەكانی تریش ناكەن؟" دەڵێن لەوانەیە ژنە سۆزانییەكان لە شارەوە بێنە لای ئێوە یان...
پاڤڵ بە تووڕەیی و بێزارییەوە هاواری كرد: "بەڵێ، ڕاستە!"
ئاندرێ هەناسەیەكی هەڵكێشا و وتی: "لە زەلكاو هەموو شتێك بۆنی گەنیوی لێ دێت، دایە گیان، باشتر بوو بۆ ئەو كچە گەنجە گەمژەانەی روون بكەنەوە كە هاوسەرگیری چییە، بۆ ئەوەی ئەوەندە بۆ شكانی پەراسووەكانیان پەلە نەكەن!"
پلاگە وەڵامی دایەوە: "ئەوان بە باشی ئەوە دەزانن، بەڵام چۆن دەتوانن چاوپۆشی لەوە بكەن؟"
پاڤڵ وتی: "تێ ناگەن ئەگینا سەرگەرمییەكی دیكەیان دەدۆزییەوە".
دایكی سەیری ڕوخساری تووڕەی كوڕەكەی كرد و وەڵامی دایەوە: "ئەوە ئەركی ئێوەیە ئەم بابەتانەیان بۆ روون بكەنەوە!" دەتوانن ئەو كچانەی وشیارترن، بانگهێشتیان بكەن و..."
پاڤڵ بە ساردی وەڵامی دایەوە: "ئەوە ناكرێت، مەحاڵە!"
ئاندرێ وتی: "چۆنە تاقی بكەینەوە؟"
پاڤڵ ساتێك بێ دەنگ بوو و لە وەڵامدا وتی: "هیچ سودێكی نییە!"
دایكی بیری كردەوە. بە خۆپارێزیی خواپەرستانەی پاڤڵ دڵتەنگ بوو. دەیبینی هەموو هاوڕێكانی تەنانەت ئاندرێ كە بە تەمەن لەو گەورەترە، گوێ لە قسەكانی دەگرن، بەڵام وای بۆ دەچوو كە هەموویان لێی دەترسن و كار و كردە وشك و بێ رۆحەكانی پاڤڵ-یان بە دڵ نییە.
شەوێك دایكی پاڵ كەوتبوو. پاڤڵ و ئاندرێ لە ژوورەكە سەرقاڵی كتێب خوێندنەوە بوون. لە پشت بەرچیتە ناسكەكەی ژوورەكە گوێی لە گفتوگۆی ئەوان دەگرت. لە ناكاو بیستی ئاندرێ وتی: "دەزانی من ناتاشام خۆش دەوێت؟"
- بەڵێ، دەزانم!"
ئاندرێ هەڵستا و بە ناو ژوورەكەدا پیاسەی دەكرد و بە فیكە

مۆسیقایەكی خەمباری لێ دەدا. دووبارە وتی: "پێت وایە ناتاشایش بەم بابەتەی زانیوە؟"
پاڤڵ بێ دەنگ بوو و قسەی نەدەكرد.
ئاندرێ بە هێواشی پرسی: "بۆچوونی تۆ چییە؟"
- بەڵێ، پێم وابێت هەستی پێ كردووە و لە بەر ئەوەیە چیتر بەشداری دانیشتنەكانمان ناكات...
ئاندرێ دووبارە هەڵستا و بە ناو ژوورەكەدا پیاسەی كرد. گوێم لە دەنگی فیكەفیكەكەی بوو. دواتر پرسی: "پێت باشە بە خۆی بڵێم؟"
- چی؟"
- ئاندرێ بە هێواشی وەڵامی دایەوە: "ئاخر.. ئاخر من..."
پاڤڵ قسەكەی پێ وت و پرسی: "بۆ پێی بڵێی؟"
ئاندرێ وەستا و بە بزەوە وەڵامی دایەوە: "گومان دەكەم كاتێك پیاو كچێكی بوێت، دەبێ پێی بڵێت، ئەگینا هیچ ئەنجامێكی نابێت..."
پاڤڵ كتێبەكەی داخست و بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: "بۆچما تۆ چاوەڕوانی ئەنجام دەكەیت؟"
هەردووك چەند ساتێك بێ دەنگ بوون.
ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "دەی، دواتر؟"
پاڤڵ بە هێواشی وەڵامی دایەوە: "مرۆڤ دەبێت ئەو شتەی دەیەوێت بە تەواوی بۆ خۆی روون بكاتەوە. گریمان ئەویش تۆی خۆش دەوێت، هەرچەند گومان ناكەم بەو شێوەیە بێت، بەڵام گریمان – بەم پێیە هاوسەرگیری دەكەن - هاوسەرگیرییەكی سەرنجڕاكێش دەبێت!" كچێكی خوێندەوار و رووناكبیر لەگەڵ كرێكارێكی سادە!"
منداڵەكان لە دایكی دەبن و تۆ ناچار دەبیت بە تەنیا كار بكەیت و دەبێت زۆریش كار بكەیت. ئەوسا ئێوە ژیانێكی نەقڕ نەپڕتان دەبێت، خەرجیی منداڵەكان، خەرجی خانوو و... هەر دووكتان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكەمان لە ناو دەچن!"
چەند ساتێك بە بێ دەنگی تێپەڕی. دواتر پاڤڵ بە ئارامی وتی:

"ئەم بابەتە لە بیر بکە!" هیچ مەڵێ و، خەیاڵی ئەویش پەرێشان و نیگەران مەکە!"
- مەگەر بیرت نییە نیکۆلا ئیڤانکۆڤیچ ئامۆژگاری دەکرد کە مرۆڤ دەبێت ژیانێکی تێروتەسەل و بێ کە موکوڕی هەبێت. واتە هەم گرنگی بە رۆحی بدات هەم جەستەی...
پاڤڵ وەڵامی دایەوە: "ڕاستە، بەڵام نەک بۆ ئێمە!" چونکە بۆ چینی کرێکار تەنیا داهاتوو گرنگە و هەر شتێک ببێتە لەمپەر بۆ ئەوەی ئێمە بیر لە خۆمان و داهاتووی خۆمان نەکەینەوە، دەبێت لە ناو ببرێت!"
ئاندرێ وتی: "بەڵام ئەو کارە زۆر قورسە!"
- بیر بکەرەوە!" مەحاڵە جگە لەمە شتێکی تر بێت.
دووبارە بێ دەنگ بوونەوە و جگە لە دەنگی میلی کاتژمێر کە بێ وەستان دەسووڕا و چرکەکانی لە کات دادەبڕی، دەنگی دیکە نەدەبیسترا.
ئاندرێ وتی: "نیوەی دڵ پێی خۆشە و نیوەکەی تر لێی بێزارە... ئاخر ئەمە دڵە؟"
پاڤڵ دووبارە سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە بوو. دایکی لە کاتێکدا پاڵ کەوتبوو، چاوەکانی داخست و دەترسا بجوڵێت. ئەوەندە بەزەیی بە ئاندرێ دەهاتەوە دەیویست بۆی بگریت، بەڵام زیاتر دڵی بۆ پاڤڵ دەسووتا و بە خۆی دەوت: "کوڕە داماوەکەم!"
ئاندرێ درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: "کەواتە من دەبێت بێ دەنگ بم؟"
پاڤڵ بە هێواشی وەڵامی دایەوە: "ئەمە باشترە!"
ئاندرێ وتی: "زۆر باشە، کەواتە منیش ئەم ڕێگەیە دەگرمە بەر."
پاش کەمێک بە خەمباری وتی: "بەڵام پاڤڵ بزانە، ئەو کاتەی نۆرەی خۆت دێت، بە دڵنیاییەوە تۆیش ئازار دەکێشیت!".. "
- سەرەی منیش هاتووە و ئێستا ئازار دەکێشم!"

- تۆیش؟"
ڕەشـەبایەک دیوارەکانی ماڵەکەی بە یەک دادا. وەک بڵێی باسی داهاتوویەکی نامۆ و مەترسیداری دەکرد.
ئاندریێ بە هێواشی وتی: "بارودۆخێکی باش نییە."
پلاگە سەری خستە ژێر سەرینەکە و گریا...
بەیانی ئەو شەوە پلاگە هەستی کرد ئاندریێ لاوازتر و لە هەمان کات میهرەبانتر بووە. تا ئەو ڕۆژە، ئاندریێ-ی بە ئاندریێ سیمۆڤیچ بانگ دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژە لە ناکاو پێی وت: "ئاندریێ گیان، تۆ دەبێت جزمەکانت پینە بکەیتەوە، ئەگینا قاچەکانت دەیبەستێت!"
ئاندریێ وەڵامی دایەوە: "کاتێک کرێکەم وەرگرت، جووتێکی تازە دەکڕم."
بە قاقا پێکەنی و دەستی خستە سەر شانی دایکی و پرسی: "نەکا تۆ دایکی ڕاستەقینەی من بی، بەڵام چونکە زۆر ناحەز و ناشیرینم ناتەوێت دانی پیا بنێی؟" وا نییە؟"
دایکی بێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەستی ئاندریێ-ی گرت. دەیویست بە خۆشەویستییەوە قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام لە دڵەوە دەسووتا و زمانی بە قسەی نەدەکرد.

# وێنەی (9)

لە شارۆچکەی کرێکاری، هەمووان سەبارەت بە سۆسیالیستەکان و ئەو بڵاوکراوانەی لە گەڕەکەکە بڵاو دەبۆوە، قسەیان دەکرد. بڵاوکراوەکان باسی ئەو یاسایانەی دەکرد کە بە سەر کرێکارەکاندا سەپێنرابوون و هەروەها باسی مانگرتنەکانی پیتزبۆرگ و باشووری وڵاتی دەکرد. ئەم نووسراوانە کرێکارانی بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان هان دەدا.

مرۆڤە بەتەمەنەکان کە مووچەیەکی باشیان لە کارخانە وەردەگرت، بەم نووسراوانە تووڕە بوون و دەیانووت: "دەبێت ئەم ئاژاوەگێڕانە لە سێدارە بدرێن."

ئەو نووسراوانەیان دەبردە لای خاوەن کارخانەکان. بەڵام گەنجەکان تامەزرۆیانە دەیانخوێندەوە و دەیانووت: "ئەوانە راستییەکان دەڵێن.."

زۆربەی کرێکاران کە بە هۆی زۆریی کار و هەوڵدان، هێزیان لێ بڕابوو، خوویان گرتبوو گرنگی بە هیچ شتێک و هیچ کەسێک نەدەن، بە بێزارییەوە دەیانووت: "بەم قسانە هیچ چارەسەر نابێت، بۆچما کرێکارەکان دەتوانن هیچ کارێک بکەن؟"

لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان گرنگییان بەو نووسراوانە دەدا و ئەگەر هەفتەیەک ئەو نووسراوانە بڵاو نەکرابا، بە یەکیان دەوت: "ئەم هەفتەیە ئەو نووسراوانەیان بڵاو نەکردەوە، نەکا..."

بەڵام کاتێک ڕۆژانی دووشەمە دووبارە نووسراوەکان بڵاو دەکرانەوە، قسە و قسەڵۆک دەستی پێ دەکردەوە.

لە کارخانە و لە مارکێتەکان کەسانێک دەبینران کەس نەیدەناسین. ئەوان پرسیاریان لە خەڵک دەکرد و هەندێک بە وریایی و بە

گومانەوە و هەندێك بە شێوەیەكی تر لێكۆڵینەوەیان دەكرد.
دایكی دەیزانی هەموو ئەم وروژاندنانە كاری كوڕەكەیەتی. دەیبینی خەڵك لە دەوری كۆ دەبنەوە. ترس لە داهاتووی پاڤل و شانازی كردن بە بوونی كوڕێكی وا، تێكەڵ بە یەك دەبوو.
شەوێك ماریا كۆرسۆنۆڤا هاتەماڵی پلاگە و لە شووشەی پەنجەرەی دا. دایكی پەنجەرەكەی كردەوە و ماریا بە چپەچپ وتی: "پلاگە ئاگات لە خۆت بێت!" ئیتر پێكەنینەكانی ئێوە كۆتایی هات، ئەمشەو بۆ لێكۆڵینەوە دێنە ماڵەكەی تۆ و مازین و وسێف چیكێف..."
دایكی تەنیا لە سەرەتای قسەكانی حاڵی بوو، قسەكانی تری بوو بە ژاوەژاوێكی ناڕوون و مەترسیدار.
لێوە ئەستوورەكانی ماریا دەجولان و لووتە گۆشتنەكەی مشەمشی دەكرد. پێڵوی چاوەكانی نەدەوەستا و وەك ئەوەی لە ناو كۆڵانەكە بە دوای كەسێك بگەڕێت، سەری بەملاولادا دەسووڕاند: "ئازیزم گوێ لە قسەكانم مەگرە، وا بزانە ئەمڕۆ منت نەبینیوە!" تێ دەگەی مەبەستم چییە؟"
پلاگە پەنجەرەكەی داخست و مات و سەرگەردان لە سەر كورسییەكە دانیشت، بەڵام لە ناكاو هەست كردن بەو هەڕەشەیەی لە سەر كوڕەكەی بوو، ناچاری كرد لە شوێنەكەی هەڵستێت. خێرا جلی پۆشی، ڕۆیشتە لای فێدیا مازین كە نەخۆش بوو و نەدەڕۆیشتە كارخانە. كاتێك ڕۆیشتە ژوور، مازین لە نزیك پەنجەرەكە دانیشتبوو و كتێبی دەخوێندەوە. بە دەستی چەپی دەستەكەی تری لەقاند و پەنجە گەورەی لە پەنجەكانی تری دوور كردبۆوە. كاتێك دایكی ڕووداوەكەی بۆ باس كرد، خێرا هەڵستا و ڕەنگ بە ڕوخسارییەوە نەما.
بە منجەمنج وتی: "بەسەرهاتێكی سەیرە!" پەنجە گەورەم دومەڵی لێ هاتووە."
پلاگە بە دەستی لەرزۆك عارەقی ناوچاوی سڕی و پرسی: "ئێستا

دەبێت چی بکەین؟"
- چاوەڕێ بە... مەترسە!"
پلاگە هاواری کرد: "بەڵام ئێوە خۆیشتان دەترسن!"
- من؟"
کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕا و لە کاتێکدا بە شپرزەیی پێدەکەنی، وتی: "ئێستا کەسێک دەنێرم بۆ لای پاڤڵ، ئێوە بڕۆنەوە بۆ ماڵ... گرنگ نییە... خۆ لێمان نادەن!"
پلاگە کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵ، هەموو کتێبەکانی کۆکردەوە و دەیویست لە شوێنێکدا بیانشارێتەوە: "لەژێر زۆپاکە، لە ناو زۆپاکە، بەلوعەی سەماوەر و تەنانەت سەیری بەرمیلێکی پڕ ئاوی کرد. وای زانی پاڤڵ دەست لە کار هەڵدەگرێت و خێرا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، بەڵام نەهات. لە تاو شەکەتی لە سەر کورسییەکی چێشتخانەکە دانیشت. کتێبەکانی خستە ژێر داوێنی و تا کاتی گەڕانەوەی پاڤڵ و ئاندرێ بێ جوڵە لە شوێنەکەی مایەوە. سەرئەنجام هاتنەوە. دایکی لە شوێنەکەی هەڵستا و وتی: "هەواڵەکەتان بیستووە؟"
پاڤڵ بزەیەکی کرد و وتی: "بەڵێ، تۆ دەترسی دایکە؟"
بەڵێ دەترسم، ئەوەندە دەترسم هەر مەپرسە.
ئاندرێ وتی: "ترس سودی نییە، ئێوە نابێت بترسن."
پاڤڵ وتی: "سەماوەرەکەت هەڵنەکردووە؟"
دایکی هەڵستا و لە کاتێکدا کتێبەکانی پیشان دەدا، بە شپرزەیی وتی: "لە بەر ئەمانە بوو".
ئاندرێ و پاڤڵ بە قاقا پێکەنین. پێکەنینی ئەوان ورەی بە پلاگە بەخشی.
دواتر پاڤڵ چەند دانە لە کتێبەکانی هەڵگرت بۆ ئەوەی لە حەوشەکە بیشارێتەوە. ئاندرێ سەرقاڵی هەڵکردنی سەماوەرەکە بوو، وتی: "دایە گیان، ئێوە نابێت بترسن، ترس سودی نییە، تەنیا مرۆڤ پێی شەرمە لەوەی دەبینێت کەسانێک ئەم کارانە دەکەن، ئەو کەسانەی

شمشێریان بە دەستە و قامچییان بە جزمەكانیانەوە هەڵواسیوە، كون بە كونی ماڵی خەڵك دەپشكنن. پیشەكەیان زۆر گڵاوە و خۆیشیان دەزانن. جارێك هاتنە ماڵەكەی من و هەموو شتێكیان تێك دا، بەڵام دواتر كلكیان خستە سەر شان و ڕۆیشتن. جارێكی تر هاتن و منیشیان برد و بۆ ماوەی چوار مانگ زیندانییان كردم. گاڵتە بە خۆیان دەكەن... دێن و لەگەڵ سەد سەرباز ئێمە بە ناو كۆڵان و شەقامەكاندا دەبەن. هەزار پرسیار دەپرسن و ماوەیەك زیندانیمان دەكەن و دووبارە ئازادمان دەكەنەوە!" چی بكەن، ئەوانیش دەبێت مووچە وەربگرن..."

دایكی بە خۆشحاڵییەوە وتی: "ئاندرێ گیان!" ئەوە كەی قسەیە تۆ دەیكەی؟"

ئاندرێ كە لای سەماوەرەكە دانیشتبوو و بە هەموو هێزی فووی بە بەلوعەی سەماوەرەكەدا دەكرد و بە هۆی گەرماوە ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو، سەری بەرز كردەوە و وتی: "بۆچی چیم وت؟"

- وا قسە دەكەی دەڵێی تا ئێستا كەس سووكایەتی پێ نەكردووی؟"...

ئاندرێ بەرەو لای دایكی ڕۆیشت، سەری لەقاند و بە پێكەنینەوە وتی: "لەم دنیایەدا كەسێك هەیە تا ئێستا سووكایەتی پێ نەكرابێت؟" ئەوەندە سووكایەتیم پێ كراوە چیتر لە سووكایەتی پێكردنی كەسانی تر نارەنجم. ڕەنجان دەبێتە لەمپەر لەوەی مرۆڤ كارەكەی ئەنجام بدات. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شوێن ئەو بابەتە بكەوێت، كاتەكانی بە فیرۆ دەچێت. ژیان ئەوەیە!" سەرەتا بە سووكایەتی پێكردن تووڕە دەبووم، بەڵام كاتێك بە وردی بیرم لێ كردەوە، زانیم هەموویان دڵیان شكاوە، هەر كەس دەترسێت لە لایەن هاوسێكەیەوە زیانی پێ بگات، لە بەر ئەوە هەوڵ دەدات دەستپێشخەری بكات بۆ ئەوەی دوا نەكەوێت. بەڵێ دایە گیان، ژیان ئەوەیە!"

ئارام و لەسەرخۆ قسەی دەكرد و بە قسەكانی نیگەرانی و ترسی لە دڵی دایكی دوور دەخستەوە. چاوە دەرپەڕیوەكانی درەوشاوە و

خەمبار و بە بسکە بوون...
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەردەوام بوو: "ئاندرێ گیان!" هیوادارم بەختەوەر بیت."
ئاندرێ هەنگاوێکی هەڵگرت و بەرەو سەماوەرەکە ڕۆیشت و دووبارە کەوتە سەر ئەژنۆ و وتی: "ئەگەر بەختەوەریم پێ ببەخشن، ڕەتی ناکەمەوە، بەڵام ئەگەر بڕیار بێ خۆم داوای بکەم، نا، هەرگیز ئەو کارە ناکەم".
پاقڵ لە حەوشە گەڕایەوە و بە دڵنیاییەوە وتی: "هیچیان بۆ نادۆزرێتەوە."
بە دەم تەکاندنی تەپوتۆزی جلەکانی، بەردەوام بوو: "دایە گیان، ئەگەر خۆتان وا پیشان بدەن ترساون، ئەوان گومانمان لێ دەکەن و هەست دەکەن لێرە شتێک ڕوو دەدات. ئێوە باش دەزانن ئێمە نامانەوێت کارێکی خراپ بکەین. دەمانەوێت ماف و دادپەروەری بچەسپێنین و لە بەر ئەوە هەموو تەمەنمان بۆ ئەم دوو بابەتە تەرخان دەکەین. تاوانی ئێمە ئەوەیە!" کەواتە بۆ دەبێت بترسین؟"
دایکی بەڵێنی دا بوێر بێت و دەستبە جێ وتی: "خۆزگە تا زووە دەهاتن!"
بەڵام ئەو شەوە نەهاتن. بەیانی ڕۆژی دواتر پلاگە چونکە پێشبینی دەکرد ئەگەری هەیە بۆ ترسەکەی سەر بخەنە سەری، پێکەنی و وتی: "لەوە دەترسام کە بترسم."

# وێنەی (10)

ئەوان نزیکەی یەک مانگ دوای ئەو شەوە ترسناکە هاتن.
وسێف چیکێف و ئاندرێ و پاڤڵ کۆ ببوونەوە و سەبارەت بە ڕۆژنامەکان قسەیان دەکرد. نیوەشەو بوو. دایکی لە سەر جێگەکەی ڕاکشابوو و دەنگی ئەوانی دەبیست. لە ناکاو ئاندرێ هەڵستا و خێرا مەودای نێوان چێشتخانە و پەنجەرەکەی بڕی و کێلۆنی دەرگای بە هێواشی داخست. لە لای دەرگای دەرەوە دەنگی کەوتنی ستڵێکی ئاسنی بە گوێ گەیشت و لە ناکاو دەرگا کرایەوە. ئاندرێ چەند هەنگاوێک بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشت و گەڕایەوە، وتی: "دەنگی قامچییەکان لە کۆڵان دەبیستن؟"
دایکی هەڵستا و بە دەستی لەرزۆک جلەکانی هەڵگرت. بەڵام پاڤڵ لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە و بە ئارامی وتی: "بخەوە، ئێوە حاڵتان باش نییە..."
لەهۆڵەکە دەنگی خشەخش بە گوێ دەگەیشت. پاڤڵ لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە، بۆ پێشەوە پاڵی نا و پرسی: "کێیە؟"
تارماییەکی خۆڵەمێشی و باڵابەرز بە خێرایی بریسک لە چوارچێوەی دەرگاکە دەرکەوت. کەسێکی دیکەی لەگەڵدا بوو. هەردوو جەندرمەکە پاڤڵ-یان گرت و بە گاڵتەپێکردن وتیان: "دڵنیام ئێمە لەو کەسانە نین ئێوە چاوەڕێی دەکەن وایە.؟"
ئەوەی قسەی دەکرد ئەفسەرێکی باڵابەرز و باریکەڵە و سمێڵ ڕەش بوو. فێدیاکین، پاسەوانی شارۆچکەکە، بەرەو جێخەوی دایکی ڕۆیشت و لە کاتێکدا دەستی بۆ لێواری کڵاوەکەی برد، بە دەستەکەی تری پلاگەی پیشان دا و بە ترسەوە وتی: "ئەم ژنە، دایکیەتی جەنابی ئەفسەر!"

دواتر بە ئیشارەی دەست پاڤڵ-ی پیشان دا و وتی: "ئەمەش خۆیەتی!"
ئەفسەرەکە برۆی بەرز کرەوە و وتی: "پاڤڵ ڤیلاسیێف؟"
پاڤڵ سەری لەقاند. ئەفسەر کە سمێڵی با دەدا، وتی: "دەبێت ئەم ماڵە بپشکنین... هەستە پیرەژن!" کێی لێیە؟"
سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد و بە هەنگاوە خێراکانی بەرەو ژوورەکە ڕۆیشت و پرسی: "ناوتان چییە؟"
دوو کەسی دیکەیان وەک شایەت لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەردووکیان هاتنە ژوور. یەکێک لەوان ئاسنگەری ناسراو توریاکۆف و ئەوی دیکە کرێچییەکەی بوو، ریبین-ی شۆفێر کە پیاوێکی جدی و بێ دەنگ بوو. بە دەنگی گڕ وتی: "سڵاو پلاگە."
دایکی جلەکانی پۆشی و بۆ ئەوەی ورە بە خۆی بدات، وتی: "ئەمە چ گاڵتەجاڕییەکە؟" بۆچی شەو دێنە سەر ماڵی خەڵک؟" نازانن خەڵک خەوتوون؟"
هەموویان لەو ژوورە بچوکە کۆبوونەوە کە پڕ بوو لە بۆنی بۆیاخی پێڵاو. دوو جەندرمەکە لەگەڵ ریسکین، ئەفسەری پۆلیسی شارۆچکەکە، لە کاتێکدا بە بنی پۆستاڵەکانیان لە عەرزی ژوورەکەیان دەدا، کتێبەکانیان لە سەر رەفەکە دادەگرت و لە سەر مێزەکەی بەردەم ئەفسەرەکە هەڵیاندەچنی. دوو جەندرمەی تر بە مشت لە دیوارەکانیان دەدا و سەیری ژێر کورسییەکانیان دەکرد. یەک لەوان بە دژواری خۆی گەیاندە سەرەوەی زۆپاکە. ئاندرێ و وسیێف چیکێف لە سوچێکدا وەستابوون. دەموچاوی خڕۆکاوی نیکۆلا بە پەڵەی سوور داپۆشرابوو و بە چاوە وردە خۆڵەمێشییەکەی بەردەوام سەیری ئەفسەرەکەی دەکرد. ئاندرێ سمێڵی با دەدا و کاتێک دایکی هاتە ژوور، بزەیەکی کرد و سەری لەقاند.
پلاگە کە هەوڵی دەدا ترسەکەی بشارێتەوە، سەری بەرز کردەوە و هاتە پێش.

ئەفسەرەکە خێرا کتێبەکانی وەردەگرت و بە پەنجە باریک و سپییەکانی لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە و دواتر رایدەوەشاند و لە شوێنێکی تر دایدەنا. هەندێک جار یەکێک لە کتێبەکان دەکەوتە سەر زەوی. هەموویان بێ دەنگ بوون و جگە لە فنەفنی جەندرمەکان و بەرکەوتنی قامچییەکانیان، دەنگێکی تر نەدەهات و هەندێک جار پرسیارێک دەبیسترا: "سەیری ئێرەتان کردووە؟"

پلاگە لای دیوارەکە، لای پاڤڵ وەستا و وەکو ئەو دەستی لە سەر سنگی دانا و سەیری ئەفسەرەکەی دەکرد. ئەژنۆی دەلەرزی و بەرچاوی تاریک بوو.

لە ناکاو وسێف چیکێف بە تووڕەیی هاواری کرد: "واتای ئەم کارانە چییە؟" بۆ کتێبەکان فڕێ دەدەنە سەر زەوی؟"

دایکی لەرزی. تۆریاکۆڤ وەک ئەوەی لە دواوە زللەیان لێدابێت، سەری لەقاند و ریبین بە دەم بۆڵەبۆڵ سەیری وسێف چیکێف-ی کرد.

ئەفسەرەکە بڕۆی بەرز کردەوە و سەیری ڕوخساری خڕۆکاوی و بێ جوڵەی وسێف-ی کرد. دواتر بە خێرایی زیاتر لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە. هەندێک کات چاوە خۆڵەمێشییەکەی بە رادەیەک زەق دەکردەوە، وەک بڵێی ئازارێکی زۆر لە چاوەکانیدا بێت.

وسێف چیکێف دووبارە هاواری کرد: "سەرباز، کتێبەکان کۆ بکەرەوە!"

جەندرمەکان ئاوڕیان بۆ دایەوە و دواتر سەیری ئەفسەرەکەیان کرد. کاکی ئەفسەر سەری بەرز کردەوە و سەیری وسێف-ی کرد و فەرمانی دا کتێبەکان کۆبکەنەوە. یەکێک لە جەندرمەکان چەمایەوە و لە کاتێکدا لەژێر چاو سەیری وسێف-ی دەکرد، کتێبەکانی کۆکردەوە کە لاپەڕەکانیان لۆچی تێکەوتبوو.

دایکی بە چپە بە پاڤڵ-ی وت: "باشترە وسێف بێ دەنگ بێت و قسە نەکات."

پاڤڵ شانی بەرز کردەوە و هیچی نەوت. لەم کاتەدا ئەفسەرەکە هاواری کرد: "کەس نابێت بە چپە قسە بکات!" کێ لێرە تەورات دەخوێنێتەوە؟"
پاڤڵ وتی: "من".
ئەم هەموو کتێبە هی کێیە؟"
دووبارە پاڤڵ وەڵامی دایەوە: "من.
ئەفسەرەکە کە پاڵی بە کورسییەکەوە دابوو، وتی: "زۆر باشە، با وا بێت!"
دواتر پەنجەکانی تەقاند و قاچی بۆ ژێر مێزەکە درێژ کرد، دەستی بە سمێڵیدا هێنا و رووی کردە وسێف: "تۆ ئاندرێ ناخزکایت؟"
وسێف هاتە پێش و وتی: "منم!"
ئاندرێ ئەوی هێنایە دواوە و وتی: "هەڵە دەکات، من ئاندرێم!"
ئەفسەرەکە دەستی بەرز کردەوە و لە کاتێکدا بە پەنجە هەڕەشەی لە وسێف دەکرد، وتی: "وریای خۆت بە!"
دووبارە سەرقاڵی پشکنینی کتێبەکان بوو.
چاوە بێ موبالاتەکانی شەو بە تریفەی مانگەشەو، لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد. کەسێک لە بەردەم ماڵەکە پیاسەی دەکرد و دەنگی خشەخشی بەفری ژێر پێی بە گوێ دەگەیشت.
ئەفسەرەکە پرسی: "ناخزکا، تۆ پێشتریش بە تاوانی سیاسی لێکۆڵینەوەت لەگەڵ کراوە، راستە؟"
بەڵێ، لە رۆستۆڤ و ساراتۆڤ... تەنیا جیاوازییەکەی ئەوە بوو لەوێ جەندرمەکان لە جیاتی "تۆ" دەیانووت "جەنابت..."
ئەفسەرەکە چاوی راستی داخست و بەردەوام بوو:
"باشە، ناخزکا، لەوانەیە ئەو تاوانبارانەی نووسراوە قەدەغەکراوەکان لە ناو کارخانە بڵاو دەکەنەوە، بناسیت؟"
تا ئاندرێ ویستی شتێک بڵێت، وسێف چیکێف بە تووڕەیی هاواری کرد:

- "یەکەم جارە ئەو تاوانبارانە ببینین."
چەند ساتێک بە بێ دەنگی گوزەری کرد. ڕەنگی برینەکەی سەر ناوچاوانی دایکی پەڕی و برۆی راستی بەرز بۆوە.
ڕیشە ڕەشەکەی ریبین بە شێوەیەکی سەیر دەلەرایەوە. بە شەرمەزارییەوە سەری داخستبوو و دەستی بە سمێڵیدا دێنا.
ئەفسەرەکە فەرمانی دا: "ئەم ئاژەڵە لەم ژوورە بەرنە دەر".
دوو جەندرمە ژێر باڵیان گرت و بەرەو چێشتخانەکەیان برد. لەوێ پێی لە زەوی چەقی و بە دەنگی بەرز وتی: "چاوەڕێ بن، دەمەوێت پاڵتۆکەم لەبەر بکەم.
یەکێک لە ئەفسەرەکان کە بۆ پشکنینی حەوشەکە ڕۆیشتبوو، گەڕایەوە و وتی: "هیچم نەدۆزییەوە.
ئەفسەرەکە بە گاڵتەوە پێکەنی و وتی: "بەڵێ، دەمزانی لەگەڵ کەسێکی شارەزا و بە ئەزموون تێکەوتووین."
دایکی، گوێی لە دەنگی لەرزۆک و کزی دەگرت و کاتێک ڕوخساری زەرد هەڵگەڕاوی ئەوی بینی، هەستی کرد دوژمنێکی دلڕەقە و دلی پڕ لە نەفرەتێکی خانەدانانەیە بەرامبەر بە هاونیشتمانییان.
مرۆڤی وای کەم بینیبوو، بە جۆرێک بەم دواییانە لە بیری کردبوو خەڵکی واش هەن و تەنانەت بە خۆی دەوت: "لەوانەیە ئێمە هۆکاری نیگەرانی ئەم کەسانە بین."
ئەفسەرەکە وتی: "بەڕێز ئاندرێ ئۆنیسیمۆڤ ناخزکا، کوڕی باوکێکی نادیار، جەنابت قۆڵبەست دەکەم".
ئاندرێ بە ئارامی پرسی: "بە کام تاوان؟"
ئەفسەرەکە زۆر بێ ڕێزانە وەڵامی دایەوە: "دواتر پێتان دەڵێم."
سەیری پلاگەی کرد و وتی: "خوێندەواریت هەیە؟"
پاڤڵ وەڵامی دایەوە و وتی: "نا، خوێندەواری نییە".
ئەفسەرەکە بە تووڕەیی وتی: "لە تۆم نەپرسی!" و بەردەوام بوو: "وەڵام بەرەوە پیرەژن!"

دایکی کە بەرامبەر بەم پیاوە هەستی بە تووڕەیی دەکرد، لە ناکاو ڕاست بۆوە و وەک ئەوەی کەوتبێتە ناو ڕووبارێک لە سەهۆڵ، هەموو لەشی کەوتە لەرزین. شوێنی برینەکەی سەر ڕوخساری سوور هەڵگەڕا و برۆکانی شۆڕ بۆوە. دەستی بۆ لای ئەفسەرەکە درێژ کرد و وتی: "هاوار مەکە، هێشتا گەنجی و لە مانای دەرد و ئازار تێ ناگەی".

پاڤڵ قسەکەی بڕی و وتی: "لەسەرخۆ بە دایکە، تکا دەکەم".

دایکی خێرا بەرەو مێزەکە ڕۆیشت و وتی: "بوەستە پاڤڵ، بۆ ئەم خەڵکە بێ تاوانە قۆڵبەست دەکەن؟"

ئەفسەرەکە هەستا و بە دەنگێکی بەرزتر وتی: "بێ دەنگ بە پیرەژنی گەمژە، ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە... وسیف چیکێف بێننەوە".

دەستی کرد بە خوێندنەوەی کاغەزەکەی بەردەمی.

نیکۆلا-یان هێنا. ئەفسەرەکە دەستی لە خوێندنەوە هەڵگرت و وتی: "کڵاوەکەت لابەرە".

ریبین لە پلاگە نزیک کەتەوە و بە جوڵەی شان ئیشارەی بۆ کرد: "دایکە تووڕە مەبە".

وسیف پرسی: "کاتێک دەستیان گرتووم، چۆن دەتوانم کڵاوەکەم لابەرم؟"

ئەفسەرەکە دۆسیەکەی خستە سەر مێزەکە و بە هێواشی وتی: "واژۆی بکەن".

دایکی سەیری واژۆکردنی ئامادەبووانی دەکرد. کەمێک هێور ببۆوە و بە هۆی بێ دەسەڵاتی و داماوی، فرمێسکی تاڵ لە چاوەکانیدا قەتیس مابوو. لە ماوەی بیست ساڵ ژیانی ژنومێردایەتیدا فرمێسکی لەم چەشنەی زۆر ڕشتبوو، بەڵام دوای مردنی مێردەکەی، یەکەم جار بوو هەستی بەو ئازارە دەکرد.

ئەفسەرەکە سەیری کرد و بێ گرنگی پێدان وتی: "پیرەژن، هێشتا زووە بلووڕێنیت! چونکە بۆ داهاتوو بە ئەندازەی پێویست فرمێسکت

پێ نییه".
دایکی دووباره به تووڕەیی وەڵامی دایەوە: "دایکان بۆ هەموو شتێک و بۆ هەمیشە بە ئەندازەی پێویست فرمێسکیان پێیە... ئەگەر ئێوەیش دایکتان هەبێت، ئەم بابەتە دەزانێت".
ئەفسەرەکە خێرا کاغەزەکانی خستە ناو جانتاکەی و بە جەندرمەکەی وت: "ئەوانە زۆر سەربەخۆ دەجوڵێنەوە، مرۆڤ لە دەستیان بێزار دەبێت".
دواتر فەرمانی ڕۆیشتنی دا.
پاڤڵ دەستەکانی گرت و بە گەرمی وتی: "ماڵئاوا ئاندرێ، ماڵئاوا نیکۆلا".
ئەفسەرەکە بە گاڵتە وتی: "بەڵێ، بە راستی ماڵئاوا".
وسێف چیکێف بێ ئەوەی قسە بکات، دەستەکانی دایکی گرت، بە دژواری هەناسەی دەدا. خوێن لە ناو دەمارە ئەستوورەکانی گەردنی کۆ ببۆوە و چاوەکانی لە تاو تووڕەیی دەدرەوشایەوە.
ئاندرێ بزەیەکی کرد و سەری لەقاند و چەند وشەیەکی بە پلاگە وت و دایکی بە کێشانی هێمای خاچ، ئەوی پیرۆز کرد و وەڵامی دایەوە: "خوا خۆی ئاگای لە مرۆڤە راست کردارەکانە.
سەرئەنجام ئەو کەسانەی قامچی خۆڵەمێشییان بە دەستەوە بوو، لە ماڵی پلاگە ڕۆیشتنە دەر. دواکەس ریبین بوو. بە چاوە ڕەشەکانی سەیری سەروژێری پاڤڵ-ی کرد و بیرمەندانە وتی: "ماڵئاوا".
دەکۆکی و بێ ئەوەی پەلەی بێت، ڕۆیشتە دەر.
پاڤڵ کە دەستی لە دواوە گرێ دابوو، مۆن و گرژ لە ناو ژوورەکە و بە ناو کتێبە هەڵڕژاوەکاندا پیاسەی دەکرد. دواتر بە خەمباری وتی: "بینیت چۆن هەڵسوکەوتیان کرد؟"
پلاگە کە بە نیگەرانییەوە سەیری ژوورەکەی دەکرد، خەمبارانە وتی: "تۆیش دەگرن. بۆ وسێف ئەوەندە بە تووڕەیی قسەی کرد؟".
پاڤڵ بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "لەوانەیە ترسابێت. نەدەبوو بەو

شێوەیە قسە بکات. ناتوانین هیچیان لەگەڵ بکەین، تێ ناگەن..."
پلاگە لە بەر خۆیەوە وتی: "هاتن گرتیان و بردیان".
بەڵام هێشتا کوڕەکەی لای بوو. لە بەر ئەوە دڵی ئارامتر لێی دەدا. نەیدەتوانی درک بەم راستییە بکات. نەیدەتوانی تەرکیز بکات. بە هێواشی وتی: "ئەو پیاوە زەردە هەڕەشە و گاڵتەی پێکردین".
پاڤڵ وەک ئەوەی بڕیارێکی لە ناکاوی دابێت، وتی: "بەسە دایکە! وەرە ژوور و ئەمانە رێک بخە..."
پلاگەی بە "دایک" و "تۆ" بانگ دەکرد و کاتێک دەیویست لە دایکی نزیک بێتەوە، بەو شێوەیە بانگی دەکرد.
دایکی هاتە لای پاڤڵ و سەیری چاوەکانی کرد و لەسەرخۆ پرسی: "ئەوان سووکایەتییان بە تۆ نەکردووە؟"
- "بەڵێ، ئەوە زۆر سەختە! پێم باش بوو لەگەڵ ئەوان بڕۆم".
دایکی هەستی کرد فرمێسک لە چاوەکانی پاڤڵ کۆبۆتەوە و بۆ دڵنەوایی ئەو هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "خۆڕاگر بە کوڕم، تۆیش دەگرن".
- "دەزانم دایکە".
پلاگە دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، بە خەمباری وتی: "کوڕی خۆم، چەند بێ رەحمیت! خۆزگە لانیکەم دڵنەوایی منت دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەوە من قسەی ترسێنەر دەکەم و تۆیش بە هەمان شێوە وەڵامم دەدەیتەوە".
پاڤڵ سەیری کرد و بە ئارامی وتی: "دایکە گیان، نازانم چۆن وەڵامی جەنابت بدەمەوە، چونکە ناتوانم درۆ بکەم... دەبێت بەمە رابێین".
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و بێ دەنگ بوو. دواتر درێژەی بە قسەکەی دا: "چووزانم؟ دەڵێن ئەوانەی دەگیرێن، ئەشکەنجە دەکرێن، جەستەیان لەت لەت دەکەن و ئێسقانەکانیان دەشکێنن... پاڤڵ گیان، ئازیزم، کاتێک بیری لێ دەکەمەوە، دەزانم چەندە مەترسیدارە و

ئارەزووی مەرگ دەكەم".
-  بەڵام دایكە گیان، ئەوان بەم كارانەیان رۆح ئەشكەنجە دەكەن... ئەوە زۆر مەترسیدارتر و بە ئازارترە بەو دەستە گڵاوانەیان رۆحی ئێمە ئازار بدەن".

# وێنەی (11)

بەیانی ڕۆژی دواتر، هەواڵ هات کە بوکین، سۆمۆف و پێنج کەسی دیکە دەستگیر کراون. شەو فێدیا مازین هاتە سەردانی پاڤڵ و وتی هاتوونەتە ماڵەکەی منیش، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتووە و لەم بابەتە شادومان و خۆشحاڵ بوو و خۆی بە پاڵەوان دەزانی.
دایکی پرسی: "فیدیا، ترساویت؟"
فێدیا ڕەنگ بە ڕوخسارییەوە نەما، لە کاتێکدا پەڕەی لووتی دەلەرزی، وتی: "دەترسام ئەفسەرەکە لێم بدات، چونکە زۆر مەترسیدار بوو. بەردەوام هاواری دەکرد و قاچی دەکێشا بە زەویدا و دەیووت کارێک دەکەم لە زینداندا بڕزێیت.
بۆ ساتێک چاوە سووربووەکانی نوقاند، خێرا ئەژنۆی بردە دواوە و سەیری پاڤڵ-ی کرد و وتی: "ئەگەر کەسێک بیەوێت لێم بدات، وەک چەقۆ دەچمە ناو ورگی و بە ددانم هەڵیدەدڕم".
دایکی هاواری کرد: "تۆ زۆر کز و لاوازی، چۆن دەتوانی شەڕ بکەیت؟"
فێدیا لە بەر خۆیەوە وتی: "ئەو کارە دەکەم".
کاتێک ڕۆیشت، دایکی بە پاڤڵ-ی وت: "ئەمەیان زیاتر لە هەمووان زیانی بەردەکەوێت".
پاڤڵ بێ دەنگ بوو.
چەند خولەک دواتر دەرگای چێشتخانە کرایەوە و ریبین هاتە ژوور. بە دەم پێکەنینەوە وتی: "سڵاو، دووبارە هاتمەوە! دوێنێ شەو ئەوان ناچاریان کردم بێم، بەڵام ئەمڕۆ خۆم هاتووم".
دەستی پاڤڵ-ی گوشتی و دواتر دەستی خستە سەر شانی دایکی و وتی: "چایەکم بۆ دێنیت؟"

پاڤڵ سه‌یری ڕوخساری پان و ڕه‌ش و ریشی پڕ و چاوه دره‌وشاوه‌كانی كرد. له هێمنی نیگاكانیدا ڕێز و له‌سه‌رخۆیی به‌دی ده‌كرا.
دایكی ڕۆیشته چێشتخانه و سه‌ماوه‌ره‌كه‌ی داگیرساند. ریبین دانیشت و ده‌ستی به سمێڵیدا هێنا، ئه‌نیشكی خسته سه‌ر مێزه‌كه و له پاڤڵ-ی ده‌ڕوانی. وه‌ك ئه‌وه‌ی درێژه به قسه‌كه‌ی بدات، وتی: "ئاوا..! ده‌بێت به راشكاوی و بێ په‌رده قسه‌ت له‌گه‌ڵ بكه‌م، زۆر ده‌مێكه چاودێری تۆ ده‌كه‌م، ئێمه دراوسێین. ده‌مبینی كه‌سانێكی زۆر سه‌ردانی ماڵه‌كه‌ت ده‌كه‌ن، به‌ڵام قه‌ت به سه‌رخۆشی له ماڵه‌كه‌ت نایه‌نه ده‌ر. ئه‌مه زۆر گرنگه و له‌م گه‌ڕه‌كه كاتێك كه‌سێك هه‌ڵس‌وكه‌وتی ئارام و له‌سه‌رخۆ بێت، سه‌رنجی خه‌ڵك راده‌كێشێت. منیش كه زۆر تێكه‌ڵاوی خه‌ڵك نابم، ده‌بمه مایه‌ی سه‌رنجدان.
شێلگیرانه قسه‌ی ده‌كرد به شێوه‌یه‌ك بیسه‌ری ناچار ده‌كرد بڕوا به قسه‌كانی بكات. به‌رده‌وام بوو: "ئێستا هه‌مووان باسی تۆ ده‌كه‌ن. خاوه‌ن ماڵه‌كه‌م تۆ به كافر ده‌زانێت، چونكه قه‌ت سه‌ردانی كلێسا ناكه‌یت. منیش ناچم. پاشان، كاتێك ئه‌م نووسراوانه بڵاو بۆوه... به راست تۆ بیرت له‌وه كردۆته‌وه؟"
پاڤڵ بێ ئه‌وه‌ی نیگای له سه‌ر ریبین هه‌ڵبگرێت، وه‌ڵامی دایه‌وه: "به‌ڵێ، من ئه‌و كاره‌م كردووه".
دایكی نیگه‌ران و په‌رێشان له چێشتخانه هاته ده‌ر و هاواری كرد: "سه‌یره!" پاڤڵ تۆ ته‌نیا نه‌بووی".
پاڤڵ بزه‌یه‌كی كرد و دوای ئه‌وه ریبین-یش پێكه‌نی.
دایكی لووتی هه‌ڵقرچاند و له به‌ر ئه‌وه‌ی گوێیان له قسه‌كه‌ی نه‌گرتبوو، ڕه‌نجا و گه‌ڕایه‌وه بۆ چێشتخانه.
ریبین وتی: "بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌م نووسراوانه كارێكی باش بوو. ئه‌م بابه‌تانه هزری خه‌ڵك ده‌جوڵێنێت... نۆزده لاپه‌ڕه بوو وایه؟"
پاڤڵ وه‌ڵامی دایه‌وه: "به‌ڵێ".

- هەموویم خوێندەوە! زۆر باشە.. هەندێ بابەتی تیا بوو تێی نەگەیشتم. بەڵێ، کەسێک کە زۆربلێیی دەکات، زۆربەی قسەکانی بێ مانا دەبێت".

دواتر بزەیەکی کرد و بەردەوام بوو: "دوای ئەوە، ئەم پشکنینانە دەستی پێکرد و بووە هۆی ئەوەی تۆم خۆش بوێت و تۆش هاوشێوەی ئاندرێ و وسێف چیکێف خۆت سەلماند".

لە بەر ئەوەی ئەو وشەیەی کەمەبەستی بوو دەستی نەکەوت، بێ دەنگ بوو. سەیرێکی پەنجەرەی کرد، بە پەنجە لە مێزەکەی دەدا و بەردەوام بوو: "مەبەستی خۆتان دەرخست". وەک ئەوە بوو بڵێن: "ئێمە کاری خۆمان دەکەین، ئێوەیش کاری خۆتان بکەن. ئاندرێ کوڕێکی باشە، هەندێک کات لە کارخانە گوێم لە قسەکانی دەگرت و بە خۆم دەوت ناتوانن ئەمە لە ناو بەرن، مەگەر ئەوەی مەرگ لە ناوی بەرێت. کوڕێکی بوێرە! تۆ بڕوا بە قسەکانم دەکەی وایە؟"

پاڤڵ سەری لەقاند و وتی: "بەڵێ وایە".

- زۆر باشە، چل ساڵەم و تەمەنم دوو هێندەی تۆیە و بیست هێندەی تۆ شتم خوێندووەتەوە. زیاتر لە سێ ساڵ سەرباز بووم، دوو جار ژنم هێناوە، ژنی یەکەمم مرد و ژنی دووەمم تەڵاق دا. ماوەیەک لە قەوقاز بووم و (دوخوبر) ەکان دەناسم، نا هاوڕێ، ئەوان گومان دەکەن جڵەوی ژیانیان لە دەستدایە، بەڵام بەو شێوەیە نییە".

دایکی بە تامەزرۆیی گوێی لە قسەکانی دەگرت. خۆشحاڵ بوو لەوەی کە دەیبینی پیاوێکی کامڵ و پێگەیشتوو دێتە لای کوڕەکەی و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات. وەک ئەوەی بیەوێت دان بە گوناهەکانیدا بنێت، بەڵام دایکی هەستی کرد پاڤڵ بە ساردی لەگەڵ میوانەکەی هەڵسوکەوت دەکات. بۆ ئەوەی ئەم ساردییە نەهێڵێت، لە ریبین-ی پرسی: "میخائیل ئیڤانۆڤیچ، شتێک دەخۆی بۆت بێنم؟"

- نا دایکە، سوپاس، پێش ئەوەی بێم نانم خوارد. دەی پاڤڵ، تۆ پێت وایە ژیان بە پێی یاسا و ڕێسایەک هەڵناسوڕێت؟"

پاڤڵ هەڵستا و لە کاتێکدا دەستی بە پشتەملیەوە گرتبوو، بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد، وتی: "نا، ڕەوتی ژیان باشە، دەبینن ئەو ژیانە تۆی بە دڵێکی کراوە هێناوەتە ماڵەکەم. ژیان، دەبێتە هۆی یەکگرتوویی ئێمە کە بە درێژایی تەمەن کار دەکەین و سەردەمانێک دێت هەمووومان یەک دەگرین! هەڵبەت ژیان بەرامبەر بە ئێمە بێ ڕەحم و تووڕەیە، بەڵام هەر ئەو ژیانەیە چاوی ئێمەی کردۆتەوە و واتای تاڵی خۆی ئاشکرا کردووە و هەر خۆیەتی ڕێگەمان پیشان دەدات".

ریبین قسەکەی بڕی و وتی: "ڕاستە، پێم وایە دەبێت لە سەرەتاوە مرۆڤ دروست بکرێتەوە. کاتێک مرۆڤ تووشی نەخۆشی گولی دەبێت، دەبێت بیبەی بۆ حەمام و جەستەی بە پاکی بشۆری و جلی تازەی لە بەر بکەیت... بەم شێوەیە بە دڵنیاییەوە چاک دەبێتەوە، وانییە؟" بەڵام چۆن ناخی پاک بکرێتەوە؟ بابەتەکە لێرەدایە پاڤڵ!"

پاڤڵ ئارەزوومەندانە سەبارەت بە خوا و ئیمپراتۆر و بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و کارخانە و بەرگری کرێکارانی بیانی لە بەرامبەر ئەو کەسانەی دەیانویست مافەکانیان سنووردار بکەن، قسەی کرد. ریبین هەندێک کات بزەی دەکرد وەک ئەوەی بیەوێت قسەکانی جیا بکاتەوە، بە پەنجە لە مێزەکەی دەدا، بەڵام یەک جاریش قسەکانی پشتڕاست نەکردەوە. دوای پێکەنینێکی کەم، بە هێواشی وتی: "هێشتا زۆر گەنجی و خەڵک ناناسی".

پاڤڵ ڕووبەڕووی وەستا و بە ڕێزەوە وەڵامی دایەوە: "باسی گەنجی و پیری نییە. دەبێت بزانین بیرکردنەوەی کێ ڕاستە!"

- کەواتە بە بۆچوونی تۆ بۆ فریودانی ئێمە لە دەستەواژی خوا کەڵکیان وەرگرتووە؟ ئەگەر بەم شێوەیە بێت، دین، دینی ڕاستەقینە نییە".

لێرەدا دایکی خۆی تێهەڵقورتاند. کاتێک کوڕەکەی باسی خوای دەکرد، یان هەر شتێک کە بە بڕوای ئەم، پەیوەندی بە ئیمانی

خۆیەوە هەبوو و بە پیرۆزی دەزانی، بەردەوام هەوڵی دەدا چاو ببڕێتە ناو چاوی کوڕەکەی تاکو بە نیگاکانی داوای لێ بکات هێندە بە توندی و تووڕەیی هێرش نەکاتە سەر دین و هەستی دایکی بریندار نەکات. بەڵام هەستی کرد لە پشت سکاڵاکانی پاڤڵ، ئیمانێکی راستەقینە هەیە و ئەمەش سوکنایی پێ دەبەخشی. هەمیشە بە خۆی دەوت: "چۆن دەتوانم هەست بە بیرکردنەوەی پاڤڵ بکەم؟" وای دەزانی بۆ پیاوێکی بە تەمەن و بە ئەزموونی وەک ریبین سووکایەتییە گوێ لە قسەکانی پاڤڵ-ی گەنج بگرێت، بەڵام کاتێک ریبین بە ئارامی ئەو پرسیارەی لە پاڤڵ کرد، دایکی بێزار بوو و وتی: "کاتێک سەبارەت بە خوا قسە دەکەن، وریا بن، هەڵبەت هەرچیتان پێ خۆشە بیکەن..."

هەناسەیەکی تازە کردەوە و بە گوڕوتینێکی زیاتر بەردەوام بوو: "بەڵام پیرەژنێکی وەک من، ئەگەر ئێوە خودای لێ بسەننەوە، لە کاتی خەم و دڵتەنگیدا هانا بۆ کێ بەرێت؟"

فرمێسک لە چاوەکانی کۆبۆوە. قاپەکانی دەشۆرد، بەڵام دەستی دەلەرزی. پاڤڵ بە میهرەبانی وتی: "دایکە، تۆ لە قسەکەی ئێمە حاڵی نەبووی".

ریبین بە دەنگێکی واتادار، وتی: "ببوورە دایکە!" و لە کاتێکدا بزەی بۆ پاڤڵ دەکرد، بەردەوام بوو: "فەرامۆشم کرد تۆ پیرتر لەوەی بتوانین زیپکەکانت بۆ لابەرین".

پاڤڵ وتی: "من باسی ئەو خوا بەخشندە و میهرەبانە ناکەم کە ئێوە بڕواتان پێیەتی. مەبەستم ئەو خوایە بوو کە قەشەکان وەک قامچی بە سەر سەرمانەوە رایانگرتووە و بەوە هەڕەشەمان لێ دەکەن و بە ناوی ئەو، دەیانەوێت خەڵک ناچار بکەن گوێڕایەڵی ئیرادەی ستەمکارانەی چەند کەسێک بن.

ریبین لە کاتێکدا بە پەنجە لە مێزەکەی دەدا، وتی: "ڕاستە، ئەوان تەنانەت خوداشیان بۆ ئێمە گۆڕیوە. دوژمنەکان هەموو شتێک

دژی ئێمە بە کار دەبەن. دایکە بزانە خوداوەند مرۆڤی وەک خۆی ئافراندووە، کەواتە خودایش هاوشێوەی مرۆڤە، بەڵام ئێمە هێشتا هاوشێوەی خودا نین، بەڵکو هاوشێوەی ئاژەڵە دڕندەکانین. لە کلێسا لە جیاتی خودا، داهۆڵێکمان پیشان دەدەن... بەڵێ، دایکە، دەبێت شێوەی خودا بگۆڕین و پاکی بکەینەوە. پۆشاکی تۆمەت و درۆیان لە بەر خودا کردووە و ڕوخساریان شێواندووە بۆ ئەوەی ڕۆحی ئێمە دەربکێشن".

ریبین بە ئارامی قسەی دەکرد، بەڵام هەر وشەیەک لە زاری دەهاتە دەر، وەک لێدانی مشت بەر سەری دایکی دەکەوت و گێژی دەکرد. ڕوخساری ریبین لە چوارچێوەی خەمبزوێنی ریشە ڕەشەکەیدا، بە شێوەیەکی ترسناک دەردەکەوت. چیتر نەیدەتوانی بەرگەی ڕەنگدانەوەی بریسکەی چاوەکانی بگرێت و ترسێکی گەورەی لە دڵیدا نایەوە و لە کاتێکدا سەری دەلەقاند، وتی: "حەز دەکەم لێرە بڕۆم، توانای بیستنی ئەم قسانەم نییە و ناتوانم..."

هانای بۆ چێشتخانە برد. ریبین هاواری دەکرد: "دەبینی پاڤڵ، دەبێت لە دڵەوە دەست پێ بکەی، نەک مێشک، چونکە دڵ ناوچەیەکە هەرگیز شتی دیکەی لێ ناڕوێت".

پاڤڵ زۆر بە دڵنیاییەوە وتی: "تەنیا عەقڵە مرۆڤ رزگار دەکات".

ریبین پێداگرانە دەیووت: "عەقڵ هێزبەخش نییە، ئەوە دڵە هێز دەبەخشێت، نەک مێشک".

دایکی بێ ئەوەی دۆعاکەی بخوێنێت، لە جێگەکەی پاڵ کەوتبوو و هەستی بە دڵتەنگی دەکرد. لە سەرەتادا ریبین-ی بە کەسێکی بەڕێز و گونجاو دەبینی، بەڵام ئێستا دەبووە هۆی دڵتەنگی و رق و کینەی لە ناخیدا دروست دەکرد. لە کاتی گوێگرتن لە دەنگی بەرزی کە بە ئاسانی لە سنگە پانەکەی دەهاتە دەر، بیری کردەوە: "کافر، ئاژاوەگێڕ، باشە چ پێویستی دەکرد ئەویش بێت".

ریبین ئارام و بە دڵنیایی وتی: "شوێنێکی پیرۆز قەت نابێت چۆڵ

بێت، ڕۆحی ئێمە شوێنێکی بە ئازارە، ئەو شوێنەی کە جێگەی خوایە و ئەگەر ئەم خوایە ئەم ماڵە جێ بێڵێت، ڕۆح بریندار دەبێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە پاڤل! دەبێت بڕوا و ئیمانێکی نوێ دروست بکەین... دەبێت خودایەکی دیکە بئافرێنین، خودایەک کە هاوڕێی مرۆڤەکان بێت".

پاڤل هاواری کرد: "زۆر باشە، حەزرەتی مەسیحیش بەم شێوەیە بوو".

- بوەستە، حەزرەتی مەسیح چەندین خاڵی لاوازی تیا دەبینرا... دەیووت ئەم جامی شەهادەتە لە من دوور بکەنەوە! ئەو بە دەسەڵاتی قەیسەری ڕۆم ڕازی بوو. لە کاتێکدا خواوەند نابێت دەسەڵاتی کەسێک بە سەر کەسانی دیکەدا بە فەرمی بناسێنێت، چونکە بەتوانای ڕەها تەنیا خودایە. خودا ڕۆحی خۆی بۆ بەشی ئیلاهی و بەشی مرۆیی دابەش نەکرد، بەڵام مەسیح دانوستانی قبوڵ کرد و هەروەها هاوسەرگیری... نەفرینی ئەو بۆ داری هەنجیر بێ ویژدانییە، بۆچما تاوانی دارەکە بوو، بەری نەگرتبوو؟ ڕۆحیش ئەگەر میوەی باش نەدا، تاوانی خۆی نییە... بۆچما تۆوێکی خراپم لەودا چاندووە؟" بەم شێوەیە...

دەنگی هەردووکیان لە ژوورەکەدا بەزایەڵە بوو و وەکو هەستی پڕ جۆش و خرۆشی یارییەک دادەمرکایەوە و دووبارە تینی تێدەکەوت. پاڤل هاتوچۆی دەکرد و عەرزی ژوورەکە لەژێر قاچی ئەودا دەنگی دەدایەوە. کاتێک قسەی دەکرد، هەموو دەنگەکان لە ناو دەنگی ئەودا ون دەبوون. کاتێک ریبین بە دەنگی ئارام و لەسەرخۆ وەڵامی دەدایەوە، دەنگی چرکەچرکی کاتژمێری سەر دیوارەکە و دەنگی وشکی سەهۆڵبەندان کە بە چنگاڵە تیژەکانی دیواری ماڵەکەی دەڕووشاند، دەهاتە گوێ.

ریبین دەیووت: "لە بەر ئەوەی شۆفێرم، وەک شۆفێرێک قسەت لەگەڵ دەکەم. خودا وەک ئاگرە، کلێساکان ڕووناک دەکاتەوە، بەڵام

خودی کلێسا دروست ناکات... جێگەی ئەو لە دڵدایە. لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: "خودا وشەیە و وشە رۆحە".
بەڵام پاڤل پێداگرانە وتەکەی راست دەکردەوە: "عەقڵ".
- ڕاستە! کەواتە خوا لە دڵ و ئاوەزدایە، نەک لە کلێسا، چونکە کلێسا گۆڕستانی خوداوەندە و هەموو رەنج و بەدبەختییەکی مرۆڤ لە بەر ئەوەیە ئێمەیان لە خۆمان جیا کردۆتەوە. عەقڵ، پاشەکشێی بە دڵ کردووە.
دایکی خەوی لێ کەوت و نەیزانی ریبین کەی ڕۆیشت.
هەندێک کات سەردانی ماڵی پلاگە-ی دەکرد. کاتێک پاڤل میوانی بوو، ریبین لە سوچێکدا دادەنیشت و قسەی نەدەکرد، تەنیا جارجار دەیووت: "بەڵێ وایە".
جارێک بە رووگرژی سەیری ئامادەبووانی کرد و بە دەنگێکی تووڕە وتی: "دەبێت سەبارەت بە هەموو شتەکان قسە بکرێت. بەرامبەر بەوەی روو دەدات، هیچ نازانم. کاتێک مرۆڤەکان لە ستەم و زوڵم رزگاریان بوو، خۆیان تێ دەگەن چی باشە و ئەو کارە ئەنجام دەدەن. مێشکیان بەو شتانە ئاخنیوە کە خۆی نەیویستووە! ئیتر بەسە! ئێستا دەبێت خۆی بخوێنێت! ڕەنگە بیەوێت هەموو ئەو شتانە لە ناو مێشکی فڕێ بدات، چونکە دەبینێت هەموو شتێکیان دژی خۆی بە کار هێناوە. بۆ نمونە خودای کلێسا. ئەرکی ئێوەیە کتێبیان پێ بدەن. خۆی دەخوێنێتەوە و تێ دەگات. هەر ئەوەندە".
ئەگەر پاڤل لە ماڵەوە تەنیا بوایە، ماوەیەکی دووروودرێژ گفتوگۆیان دەکرد، بەڵام هەمیشە دوای ئەوە ئارام دەبوونەوە و دایکی بە نیگەرانی گوێی لە قسەکانیان دەگرت و هەوڵی دەدا لە قسەکانیان تێ بگات. هەندێک کات هەستی دەکرد ئەو دووانە کوێر بوون و لە تاریکی ئەو ژوورەدا بۆ دۆزینەوەی دەلاقەیەک بەملاولادا دەڕۆن، چنگ لە هەر شتێک دەدەن و بە دەستی بەهێز، بەڵام ناشارەزاکانی خۆیان، هەموو شتێک دەجوڵێنن، کەلوپەلەکان لە شوێنێکەوە بۆ

شوێنێکی تر دەگوازنەوە، بەریان دەدەنەوە بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی و دواتر پێشێلیان دەکەن، شتێک دەڕووشێنن، دەست لە شتێکی دیکە دەدەن یان دووری دەخەنەوە، بێ ئەوەی هیوا و ئومێدی خۆیان لە دەست بدەن...

ئەو دووانە، دایکیان راهێنابوو بە بیستنی ئەو قسە سادە و ترسناکانە. ئەم قسانە چیتر وەک سەرەتاکان کاریگەری لە سەر دانەدەنا. ریبین-ی خۆش نەدەویست، بەڵام وەک جاران رقی لێی نەبوو.

پلاگە هەفتانە جارێک کتێب و جلوبەرگی بۆ ئاندریێ دەبردە زیندان. رۆژێک داوای مۆڵەتی بینینی کرد. کاتێک گەڕایەوە، بە دڵسۆزی و دڵتەنگی بە پاڤل-ی وت: "ئاندریێ لە چاو ئەو کاتانەی لە ماڵەوە بوو نەگۆڕاوە، لەگەڵ هەمووان میهرەبانە و گاڵتە دەکات. هەڵبەت ژیانی زیندان زۆر دژوارە، بەڵام بە رووی خۆیدا ناهێنێت".

ریبین وتی: "دەبێ بەو جۆرە بێت. هەموومان لە دۆخێکی دژواردایین وەک ئەوەی لە ناو پێستێکی دیکەدا بین، پێستێک کە هەناسەی پێ دەدەین و بۆ ئێمە وەک جلوبەرگ وایە".

خەم و خەفەت دەورەی داوین، خەم هەڵدەمژین و جلوبەرگی پەژارە لە بەر دەکەین... ئەمە شیاوی شانازی کردن نییە. خۆ هەمووان چاویان نەبەستراوە، بەڵام کەسانێکیش هەن چاویان دادەخەن! بەڵێ بەم شێوەیە! کاتێک مرۆڤ گەمژە بێت، جگە لە ئازار و بەرگەگرتنی رەنج، هیچ چارەیەکی دیکەی نییە".

# وێنەی (12)

ماڵە کۆن و خاکییەکەی ڤیلاسیێف زیاتر لە جاران سەرنجی دانیشتووانی شارۆچکە کرێکارییەکەی رادەکێشا. هەندێک کات کرێکارێک دەهات و دوای سەیرکردنی دەوروبەری، بە پاڤڵ-ی دەوت: "باشە هاوڕێ، تۆ کە کتێب دەخوێنیتەوە، دڵنیام یاساکان دەزانی، بۆ منیشی روون بکەرەوە".
دواتر باسی ئەو ستەمەی دەکرد کە لە لایەن پۆلیس یان کارخانەوە لێی کرابوو. پاڤڵ لە کاتە دژوار و هەستیارەکاندا ئەوانی دەناردە لای هاورێ پارێزەرەکەی، ئەگەر دەیتوانی خۆی رێنوێنی دەکرد.
وردە وردە دانیشتووانی گەڕەک رێزی زیاتریان بۆ ئەو کوڕە گەنجە دادەنا کە زۆر سادە و بوێرانە سەبارەت بە هەر شتێک قسەی دەکرد و لە چواردەوری خۆی دەڕوانی و بە قووڵی بابەتەکانی هەڵدەسەنگاند و لە ناو هەزاران گرێ کوێرەدا ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کەسەکانی دەدۆزییەوە.
دایکی بەرە بەرە هەستی بە ئاستی کارلێکەریی کوڕەکەی کرد و لە کارەکانی تێ دەگەیشت و ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی وەک منداڵ خۆشحاڵ بێت. بە تایبەت دوای رووداوی "داشکاندنی یەک کوپەک بۆ زەلکاو" کە رێز و کەسایەتی پاڤڵ-ی لای هەمووان بەرزتر کردەوە؛ ئەو زەلکاوە فراوانەی دارسنەوبەر و دارتووسیان تیا رواندبوو، وەک خەندەکێکی بۆگەن دەوری کارخانەی گرتبوو. هاوین هەڵمێکی چڕ و زەردباو بەرز دەبۆوە کە دەبووە هۆی تەوژمی مێشولە بۆ گەڕەکەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تا. ئەم گەنداوە هی کارخانەکە بوو و بەڕێوەبەرە تازەکە دەیویست بۆ سودی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت. پلانێکی بۆ وشککردنی زەلکاوەکە و

دەرهێنانی خەڵوز داڕشت و بۆ کرێکارەکانی روون کردەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی زەلکاوەکە و باشبوونی دۆخی گشتی ژیانی هەمووان. فەرمانی دا لە هەر روبڵ-ێک کرێی کرێکاران، یەک کوپەک بۆ وشککردنی زەلکاوەکە کەم بکەنەوە.
ئەم فەرمانە بووە هۆی تووڕە بوونی کرێکاران. ئەوان زیاتر لەوە تووڕە بوون ئەم کەمکردنەوەیە فەرمانبەرانی نەدەگرتەوە.
فەرمانەکەی بەڕێوەبەر ڕۆژی شەمە دەرکرا. پاڤڵ نەخۆش بوو و نەیتوانی لە سەر کار ئامادە بێت و ئاگای لە ڕووداوەکە نەبوو.
بەیانی ڕۆژی دواتر سیزۆڤ-ی داڕێژەر کە پیاوێکی قۆز بوو، هەروەها ماخۆتین-ی کلیلساز کە بالای بەرز بوو و زوو زوو هەڵدەچوو، هاتنە لای پاڤڵ و ڕووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە.
سیزۆڤ لەسەرخۆ وتی: "کرێکارە پیرەکان لە دەوری یەک کۆبوونەوە و راوێژیان کرد و ئێمەیان ناردووە تاکو لە تۆ بپرسین ئاخۆ یاسایەک هەیە بە هۆیەوە بەڕێوەبەری کارخانە بتوانێت بە پارەی ئێمە شەڕی مێشوولەکان بکات یان نا؟"
ماخۆتین، چاوە چرچەکانی کۆکردەوە و وتی: "چوار ساڵ پێش ئێستا ئەم دزانە بۆ دروست کردنی حەمام پارەیان کۆکردەوە، سێ هەزار و هەشتسەد روبڵ کۆ کرایەوە، بەڵام کەس نەیزانی ئەو پارانە چی بە سەر هات؟ حەمامەکەش دروست نەکرا".
پاڤڵ ڕوونی کردەوە کە وەرگرتنی باج ستەمکارییە و کارخانە سودی زۆر لەم پلانە دەبینێت.
دوای چەند سەعاتێک دوو کرێکارەکە، مۆن و تووڕە ماڵی پاڤڵ-یان جێهێشت. دایکی لە کاتی بەڕێکردنیان بە پاڤڵ-ی وت: "زۆر باشە پیرەپیاوەکان دێن و شت لە تۆ فێر دەبن".
پاڤڵ بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، خەمبارانە سەرقاڵی نووسین بوو. دوای چەند ساتێک بە دایکی وت: "تکایە خێرا ئەم نامەیە بۆ شار بەرە".

دایکی پرسی: "مەترسی هەیە؟"
- بەڵێ، ڕۆژنامەکەی ئێمە لەوێ چاپ دەکرێت... دەبێت بابەتی ئەم کوپەک-ە لە ژمارەی داهاتوو چاپ بکرێت...
پلاگە بە دەم پۆشینی جلوبەرگ، وتی: "بە سەرچاو ئێستا دەڕۆم".
درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: "پاڤل گیان تێ دەگەم. کەمکردنەوەی یەک کوپەک جۆرێکە لە دزی... بە ڕاست ناوی ئەو پیاوە چییە؟"
ئیگۆر ئیڤانۆڤیچ...
ئەمە یەکەم کار بوو کوڕەکەی پێی ئەسپارد و چونکە پاڤل ڕاستگۆیانە هەموو شتێکی پێ وت و دەیتوانی سودێک بە کوڕەکەی بگەیەنێت، خۆشحاڵ بوو".
شەو درەنگان دایکی شەکەت و ماندوو گەڕایەوە. ڕووی کردە پاڤل و پێی وت: "ساشنکا-م بینی، سڵاوی هەبوو. ئەم ئیگۆرە چەندە بەڕێزە. بەردەوام قسە دەکات و پێدەکەنێت".
پاڤل بە ئارامی وتی: "زۆر خۆشحاڵم تۆ ئەوت بە دڵە".
- چەند خەڵکێکی سادەن! چەندە باشە هەموو مرۆڤەکان سادە و ڕاستگۆ بن.
ڕۆژی دووشەمە پاڤل نەیتوانی بڕواتە کارخانە. نزیک نیوەڕۆ فێدیا مازین بە خۆشحاڵییەوە هاتە ماڵەکەی و وتی: "هەموو کرێکارانی کارخانە شۆڕشیان کردووە! منیان بە دوای تۆدا ناردووە... سیزۆڤ و ماخۆتین دەڵێن تۆ باشتر لە هەمووان دەتوانی بابەتەکە بۆ کرێکارەکان ڕوون بکەیتەوە. خۆزگە بتتوانیایە سەردانی کارخانە بکەیت بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت بیبینیت".
پاڤل بێ ئەوەی قسە بکات، جلەکانی لە بەر کرد.
فێدیا مازین بەردەوام بوو: "ژنەکانیش کۆبوونەتەوە و هاتوهاواریانە".
دایکی وتی: "منیش دێم، تۆ حاڵت باش نییە".
پاڤل وەڵامی دایەوە: "باشە، تۆیش وەرە، خێرا خۆت ئامادە بکە".
هەموویان خێرا و بێ ئەوەی قسە بکەن ڕۆیشتن. ترس و دڵەڕاوکێ

بە ڕوخساری دایکیەوە دیار بوو، هەستی دەکرد ڕووداوێکی گرنگ ڕوو دەدات. لە بەردەم درگای کارخانە ژمارەیەکی زۆر ژن کۆ ببوونەوە و هاواریان دەکرد. کاتێک سێ کەسەکە توانیان بڕۆنە ناو حەوشەکەوە، لە ناکاو ڕووبەڕووی ژماریەکی زۆر بوونەوە کە تووڕە و تۆسن دەیاننەڕاند. دایکی بینی هەموو نیگاکان لە سەر دیواری کارگەی ئاسنگەرییە. لەوێ، لە سەر کۆماڵێک ئاسن، سیزۆف و ماخۆتین لەگەڵ ویالۆڤ و پێنج کرێکاری پیر و دەستڕۆیشتوو وەستابوون.

یەکێک لە ناو قەرەباڵغییەکە هاواری کرد: "ئەوەش ڤێلاسێف".

- ڤێلاسێف؟ پێی بڵێ بێت بۆ ئێرە.

لە ناو ئەو قەرەباڵغییە دەنگی ریبین بەرز بۆوە: "لە بەر یەک کوپەک نییە کە دەبێت بەرگری بکەین، بەڵکو بۆ چەسپاندنی دادپەروەییە و بەس! ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و بەهادارە، کوپەک نییە، چونکە کوپەک-ەکانی ئێمە گەورەتر لە کوپەک-ەکانی تر نین، بەڵام قورسترە لە یەک روبڵ-ی جەنابی بەڕێوەبەر، لە بەر ئەوەی خوێنی مرۆڤەکانی تێدایە. بەڵێ! ئێمە گرنگی بە یەک کوپەک-ی بچوک نادەین، بەڵکو گرنگی بەو خوێنە دەدەین کە لە سەر پارەکە هەیە".

ئەم قسەیە کاریگەری لە سەر خەڵک دانا و هاوار و دروشمی بوێرانە لە هەموو شوێنێک بەرز بۆوە: "ڕاستە. دەستخۆش ریبین".

- تۆ ڕاست دەکەی جەنابی شۆفێر!

- ئەوەش ڤێلاسێف.

دەنگەکان، لە کاتێکدا غەڵبەغەڵبی پەنگخواردووی ئامێرەکان و هەناسەی قووڵی هەڵم و خشەخشی بۆڕییەکانی کپ دەکرد، وەک گێژەڵووکەیەکی تۆقێنەر تێکەڵ بە یەک دەبوون. لە هەموو لایەک، مرۆڤەکان دەستیان ڕادەوەشاند و بە قسە کاریگەرەکانیان یەکتریان دەوروژاند و خێرا ڕایان دەکرد. تووڕەیی کە لە ناو سنگی شەکەتی خەڵکەکەدا سەرکوت کرابوو، بەئاگا هاتبۆوە و بە دوای ڕێگەی

دەرچووندا دەگەڕا، لە لێو دەهاتە دەر. سەرکەوتووانە باڵی دەگرت و وەک ئاگری تووڕەیی لە دڵی هەمووواندا بڵێسەی دەدا. هەورێک لە تۆزوخۆڵ و هەڵم بە سەر خەڵکەکەوە بوو. ڕوخسارەکان عارەقاوی، تووڕە و گریان لێ دەباری.

دڵۆپەی ڕەشی فرمێسک لە سەر کولمی سووتاوی بەرهەتاو دەچۆڕا، چاوەکان دەدرەوشانەوە و ددانەکان دەبریسکانەوە.

سەرئەنجام پاڤڵ لای سیزۆڤ و ماخۆتین دەرکەوت و هاواری کرد: "هاوڕێیان!"

دایکی بینی ڕەنگ بە ڕوخساری کوڕەکەیەوە نەماوە و لێوەکانی دەلەرزێت. بێ ئیرادە دەیویست لە ناو ئەو قەرەباڵغییە ڕێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە و بڕواتە پێش، بەڵام خەڵک بە تووڕەیی پێیان وت: "لە شوێنەکەی خۆت بوەستە پیرەژن". پاڵیان پێوە نا بۆ دواوە، بەڵام بێ هیوا نەبوو و بە شان و ئەنیشک پاڵی بە خەڵکەکەوە دەنا بەو هیوای بگات بە کوڕەکەی. لەسەرخۆ لێی نزیک کەوتەوە.

پاڤڵ دوای وتنی ئەو قسانەی کە خووی گرتبوو واتایەکی قووڵییان پێ ببەخشێت، هەستی کرد لە خۆشی ئەم شەڕە، قوڕگی گیراوە. تامەزرۆیی ئەوەی کە خۆی بە هێزی بیروباوەڕەکەی بسپێرێت و دڵی، کە بۆ دادپەروەری لێی دەدا، پێشکەش بە خەڵک بکات، هەموو گیانی داگرت. لە کاتێکدا دوای وتنی وشەی "هاوڕێیان" بوێری پەیدا کرد. بەردەوام بوو: "هاوڕێیان، ئەوە ئێمەین کلێسا و کارخانەکان بوونیات دەنێین، زنجیرەکان دروست دەکەین و زیو دەتوێنینەوە، ئێمەین ئەو هێزە زیندووەی کە بە هەمووان، لە لانکەوە تا گۆڕ، نانیان پێ دەدەین و چێژی ژیانیان پێ دەبەخشین...

ریبین هاواری کرد: "ڕاستە".

- هەمیشە و پێش هەمووان لە سەر کار ئامادەین، بەڵام بۆ ژیانکردن لە ریزی دواوەین. کێ لە خەمی ئێمەدایە؟ کێ خێری ئێمەی دەوێت؟ کێ وەک مرۆڤ سەیرمان دەکات؟ کەس".

وەک ئەوەی دەنگی، دەنگدانەوەی دروست کردبێت، کەسێک دووبارەی کردەوە: "هیچ کەس".
پاڤل دووبارە بە سەر خۆیدا زاڵ بوو و بە سادەیی و ئارامی وتاری پێشکەش کرد. خەڵک وەک جەستەیەکی ڕەش کە هەزاران سەری هەبێت، بە هێواشی لێی نزیک کەوتنەوە، بە هەزاران چاو سەیری پاڤل-یان دەکرد و گوێیان لە قسەکانی دەگرت:
- تا ئەو کاتەی هەست بە هاوکاری و یاریدەی نێوانمان نەکەین و تا ئەو کاتەی نەبینە خێزانێکی هاوڕێ و یەکگرتوو کە بە ئەشقی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکان یەکیان گرتووە، پشکێکی باشترمان لە ژیان دەست ناکەوێت.
ئەو کەسەی لای دایکی وەستابوو، وتی: "بڕۆ سەر بابەتە سەرەکییەکە".
لە سوچ و قوژبنەکانەوە، دەنگەدەنگ بەرز بۆوە: "ڕێگە بدەن قسەکەی بکات!"
- قسەکانی پێ مەبڕن.
- بێ دەنگ بن بزانین چی دەڵێت.
بە ڕوخساری ڕەش و مۆنی خەڵکەوە جۆرێک بێ باوەڕی دەبینرا. تەنیا چەند کەس بیرمەندانە سەیری پاڤل-یان دەکرد، کەسێک وتی: "ئەو پیاوە سۆسیالیستە. بەڵام کەسێکی زیرەک و تێگەیشتووە".
کرێکارێکی مل ئەستووری یەک چاو، بە شان پاڵی بە دایکیەوە نا و هاواری کرد: "چەند کەسێکی بوێر و ئازایە".
- هاوڕێیان کاتی ئەوەیە بە هێزێکی مەزن، خۆڕاگری و بەرگری لە مافەکانمان بکەین. دەبێت بزانین کەس جگە لە خۆمان هاوکاریمان ناکات و ئەگەر بمانەوێت دوژمن ببەزێنین، دەبێت ئەمە دروشمەکەمان بێت: "هەمووان بۆ تاکێک، تاکێک بۆ هەمووان".
ماخۆتین هاواری کرد: "هاوڕێیان ڕاست دەکات، گوێ لە قسەکانی بگرن، هەمووی ڕاستییە".

پاڤڵ بەردەوام بوو: "دەبێت بەڕێوەبەر بانگ بکەین، دەبێت داوای لێ بکەین..."
لە ناکاو وەک ئەوەی تۆفان لەو خەڵکەی دابێت، هەموویان پێکەوە هاواریان کرد: "بەڕێوەبەر! بەڕێوەبەر!"
- چەند کەسێک وەک نوێنەر بنێرنە لای.
دایکی توانیبووی بڕواتە ریزی پێشەوە و کە دەیبینی کوڕەکەی چۆن وتار دەدات، شانازی بە خۆیەوە دەکرد. پاڤڵ لە نێوان ئەو کرێکارە پیرانەی لە هەمووان بەڕێزتر بوون، وەستابوو. هەموویان گوێیان لە قسەکانی دەگرت و وتەکانیان پشتڕاست دەکردەوە. پلاگە وەسفی ئارامی و سادەیی ئەوی دەکرد. هاتوهاواری نارەزایەتی بەرز دەبۆوە وەک دەنگی تەرزە کە لە بانێکی تەنەکە بدات، بەڵام پاڤڵ بێ ئەوەی سنووری ئەدەب ببەزێنێت و جوێن و قسەی ناشیرین بکات، بە چاوی کراوە سەیری خەڵکەکەی دەکرد وەک بڵێی لە ناو ئەواندا بە دوای شتێکدا دەگەڕا.
- نوێنەرەکان!
- سیزۆڤ!
- ڤێلاسێف!
- ریبین، ددانەکانی مەترسیدارە!
سەرئەنجام پاڤڵ و سیزۆڤ و ریبین وەک نوێنەر دیاری کران و دەیانویست بڕۆن بە دوای بەڕێوەبەر کە لە ناکاو هاواری خەڵکەکە بەرز بۆوە: "ئەوە خۆی دێت!..."
- بەڕێوەبەر هات!
خەڵکەکە ڕێگەیان بۆ تێپەڕینی پیاوێکی باڵابەرزی ریش تریشەیی و دەموچاو باریک کردەوە. بێ ئەوەی بەر کرێکارەکان بکەوێت، دووری دەخستنەوە و دەیووت: "ڕێگە بدەن!"
چاوەکانی دەتروکاند و بە نیگای مرۆڤناسێکی شارەزا سەیری ڕوخساری کرێکارەکانی دەکرد. کرێکاران لە بەردەمی دەچەمانەوە

و کڵاوەکانی سەریان لادەبرد و سەریان دادەنەواند، بەڵام بێ ئەوەی گرنگی بەم ڕێزگرتنانە بدات، بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و تۆوی ترس و نیگەرانی لە ناو جەماوەرەکەدا دەچاند. هێشتا هیچ رووی نەدابوو، بزەیەکی شەرمەزاری لە سەر لێوی خەڵکەکە نەخشی بەست و بە دەنگیانەوە بە ئاشکرا دیار بوو هاوشێوەی ئەو منداڵانەی کارێکی هەڵەیان کردبێت، هەستیان بە پەشیمانی دەکرد. بەڕێوەبەر بە بەردەم دایکیدا تێپەڕی. مۆڕەیەکی لێ کرد و لە بن کۆماڵی ئاسنەکان وەستا. لە سەرەوە کەسێک ویستی دەستی بگرێت، بەڵام بێ گرنگیدان بەو دەستە، بە ئارامی سەرکەوت و لە بەردەم پاڤڵ و سیزۆڤ وەستا و رووی کردە خەڵکەکە و وتی: "ئەم کۆبوونەوەیە بۆ چییە؟ بۆ دەستتان لە کار هەڵگرتووە؟"
چەند چرکەیەک هەمووان بێ دەنگ بوون. سەری کرێکاران وەک لاسکی گەنم دەجوڵا و سیزۆڤ کڵاوەکەی لابرد، شانی بەرز کردەوە و سەری داخست.
بەڕێوەبەر وتی: "وەڵام بدەنەوە".
پاڤڵ لای ئەو وەستا و ئاماژەی بۆ سیزۆڤ و ریبین کرد و بە دەنگی بەرز وتی: "ئێمە هەرسێکمان بە نوێنەرایەتی ئەم خەڵکە داوا دەکەین لە بڕیاری کەمکردنەوەی یەک کوپەک لە مووچەکانمان پاشگەز ببنەوە".
بەڕێوەبەر بێ ئەوەی سەیری پاڤڵ بکات، پرسی: "بۆچی؟"
پاڤڵ بە دەنگێکی زۆر پاراو وەڵامی دایەوە: "ئێمە ئەم باجە ستەمکارانەیە نادەین".
"ئاوا..! بە بۆچوونی ئێوە مەبەستی من لە پلانی وشککردنی زەلکاوەکە، کەڵکاژۆکردنی کرێکارەکانە، نەک باشترکردنی ژیانی ئەوان؟!"
پاڤڵ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بە تەواوی راستە".
بەڕێوەبەر رووی کردە ریبین و وتی: "ئێوەیش؟"

- ئێمە بەیەکەوە هاوڕاین.
بەڕێوەبەر رووی کردە سیزۆڤ و وتی: "تۆیش، پیاوی باش؟"
سیزۆڤ سەری داخست و بە شەرمەوە بزەیەکی کرد. بەڕێوەبەر زۆر بە ئارامی ئاوڕی بۆ خەڵکەکە دایەوە و شانی بەرز کردەوە. دواتر سەیری سەرلەبەری پاڤل-ی کرد و وتی: "گومان دەکەم تا رادەیەک خوێندەواریتان باش بێت، بەڵام چۆن سودەکانی ئەم پلانەتانە نەبینیوە؟"
پاڤل بە دەنگی بەرز و راشکاوانە وتی: "ئەگەر کارخانە لە سەر خەرجی خۆی زەلکاوەکەی وشک بکردایە، هەموومان سودی ئەم پڕۆژەمان دەبینی".
بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە: "کارخانە پڕۆژەی خێرخوازی ئەنجام نادات! فەرمان دەکەم خێرا بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانتان".
لە کاتێکدا بە نووکی پێڵاوەکەی وردە ئاسنی لە بەرپێی دوور دەخستەوە، بێ ئەوەی سەیری کەس بکات، هاتە خوار.
دەنگەدەنگی نارەزایی لە ناو خەڵکەکە بەرز بۆوە. بەڕێوەبەر وەستا و پرسی: "چییە؟ دەتانەوێت چیتر بڵێن؟"
هەمووان بێ دەنگ بوون. تەنیا دەنگێک لە دوور، لە ناو کرێکارەکان بەرز بۆوە: "خۆیشت کار بکە".
بەڕێوەبەر زۆر بە تووڕەیی وتی: "ئەگەر تا چارەکە ساعەتێکی دیکە لە سەر کارەکانتان نەبن، فەرمان دەدەم هەمووتان سزا بدرێن".
بە ناو خەڵکەکەدا ڕۆیشت، بەڵام لە پشت سەری بۆڵەبۆڵ بەرز بۆوە و هەرچی دوورتر دەکەوتەوە، دەنگەکەکان بەرزتر و راشکاوانەتر دەبوون.
- زۆر باشە برۆن و قسەی لەگەڵ بکەن.
- مووچەی ئێمە ئەمەیە! ئاخ، بڕوانە چەندە بەدبەختین!
ڕوویان کردە پاڤل: "هۆی کاکی پارێزەر، ئێستا دەبێت چی بکەین؟"
ئەگەر بە قسەکردن بێت، تۆ قسەت کرد، بەڵام کە بەڕێوەبەر هات،

هەموو شتێک تێک چوو.
"ڤێلاسیێف ئێستا دەبێت چی بکەین؟"
لە بەر ئەوەی پرسیارەکان سات لە دوای سات زیاتر دەبوو، پاڤڵ وتی: "هاوڕێیان پێشنیار دەکەم دەست لە کار هەڵبگرن و تا ئەو کاتەی بەڕێوەبەر لە فەرمانەکەی پاشگەز نەبۆتەوە، کار مەکەن..."
دەنگەدەنگ زیاتر بوو: "ئێمە بە کەر دەزانی؟"
- واتە مان بگرین؟
- ئەویش بۆ یەک کوپەک؟
- هەمووومان دەردەکەن.
- کرێکاری دیکە لە شوێنی ئێمە دادەمەزرێنن.
- کار بە کرێکارە خیانەتکارەکان دەکەن!

# وێنەی (13)

پاڤڵ لە سەر بەرزاییەکان هاتە خوار و لای دایکی وەستا. هاتوهاوار و قەرەباڵغی لە تەنیشت ئەوان سات لە دوای سات زیاتر دەبوو.
ریبین لە پاڤڵ نزیک کەوتەوە و وتی: "باسی مانگرتن مەکە. خەڵک تا ئەو کاتەی بابەتی پارە لە ئارادا بێت، تەماحکار و چاوچنۆکن. لەوانەیە لەم ژمارە زۆرە تەنیا سێسەد کەسێک هاوڕای تۆ بن. ناکرێت ئەم تەپۆڵکە گەورەیە بە یەک تەکان بەرز بکەینەوە.
پاڤڵ بێ دەنگ بوو. خەڵکەکە بە دەموچاوی باریک و ڕەش لە بەردەمی تێدەپەڕین و سەیریان دەکرد. وەک ئەوەی داوای شتێکیان لێ کردبێت. دڵی خێرا لێی دەدا. پێی وابوو قسەکانی وەک دڵۆپەی باران کە دوای ماوەیەکی زۆر بباریتە سەر زەوییەکی وشک، کاریگەری لە سەر ئەو خەڵکە جێ نەهێشتووە.
کرێکارەکان یەک لە دوای یەک لێی نزیک بوونەوە و بۆ وتارەکەی پیرۆزباییان لێ کرد، بەڵام لە سەرکەوتنی بۆ مانگرتنەکە گومانیان هەبوو و، لە بەر ئەوەی خەڵک سەبارەت بە هێز و دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان هۆشیارییان نییە، گلەیی و گازندەیان دەکرد..
پاڤڵ هەستی بە سەرنەکەوتنی خۆی کرد و چیتر بڕوای بە هێزی خۆی نەما. ژانەسەرێکی قورسی گرت و هەستی بە بەتاڵی و مایەپووچی دەکرد. پێشتر کە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی لە زەینیدا وێنا دەکرد، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ دەبوو دەیویست بگری. ئێستا کە بیروباوەڕی خۆی بە ئامادەبوونی خەڵک هێنابووە سەر زمان، هەستی دەکرد کرچوکاڵ و لاواز بووە و هیچ کاریگەرییەکی نەبووە. خۆی بە تاوانبار دەزانی و هەستی دەکرد جلێکی ڕەشی کردۆتە بەر خەونەکانی، بۆیە کەس جوانییەکەی نەبینیوە.

شەکەت و ماندوو گەڕایەوە بۆ ماڵ. دایکی و سیزۆڤ لای بوون و ریبین شانبەشانی دەهات. لەم کاتەدا ریبین وتی: "تۆ زۆر باش وتار دەدەیت، بەڵام ناتوانی کاریگەری لە سەر دڵەکان دابنێیت. دەبێت وەک بروسکە لە قووڵایی دڵەکان بدەیت. تۆ ناتوانی کار لە سەر عەقڵی خەڵک بکەیت، چونکە ئەم پێڵاوە بۆ پێی ئەوان زۆر ناسک و تەسکە. پێیان بەم پێڵاوەدا ناچێت و ئەگەر لە پێی بکەن، زوو دەدڕێت! هەر ئەوەندە!"
سیزۆڤ بە دایکی وت: "ئێمەی پیرەپیاو کاتی هاتووە بەرەو گۆڕستان بڕۆین. خەڵک شۆڕشێکی تازە دەست پێ دەکات. ئێمە چۆن ژیاوین. لە سەر ئەژنۆ دەخزاین و هەمیشە بۆ سڵاو کردن تا زەوی کڕنۆشمان دەبرد، بەڵام ئەمڕۆ دیار نییە گەنجەکان بیر و عەقڵی تازەیان دەست کەوتووە یان وەک ئێمە و بگرە زیاتر لە ئێمە بە هەڵەدا دەچن... بەهەرحاڵ وەک ئێمە نین و بە جۆرێک لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیان قسە دەکەن وەک بڵێی لەگەڵ کەسێکی هاوشانی خۆیان دەدوێن. بەڵێ. پاڤڵ میخائیلۆڤیچ، تۆ کوڕێکی زۆر باشیت و بەرگری لە مافی خەڵک دەکەی. بەو هیوایەی بتوانی ڕێگەیەک بۆ رزگارکردنی ئەم خەڵکە بدۆزیتەوە. من دەبێت بڕۆم. ماڵئاوا.
ڕۆیشت.
ریبین بە پرتە و بۆڵە وتی: "تۆ بڕۆ بۆ گۆڕستان! ئێوە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی درز و کەلێنی دیوار باشن.. بینیت پاڤڵ، بینیت کێ داوای دەکرد تۆ ببیتە نوێنەریان و بڕۆی لەگەڵ بەڕێوەبەر قسە بکەیت؟ ئەوانەی دەیانووت تۆ سۆسیالیستی، تۆ ئاژاوەگێڕی، بەڵێ ئەوان. ئەوان وایان دەزانی تۆ لە کارخانە دەردەکەن و پاداشتی تۆ ئەویە".
- ئەوان پێیان وایە مافی خۆیانە!
- کەواتە کاتێک گورگەکان یەکتر لەت و پەت دەکەن، مافی خۆیانە!
ریبین دەموچاوی پێک دادابوو و دەنگی بە شێوەیەکی سەیر

دەلەرزی: "خەڵک بڕوا بە قسەی ڕاشکاوانە ناکەن، دەبێت ئەم قسانە تێکەڵ بە خوێن بکرێت".
پاڤڵ بە درێژایی ڕۆژ خەمبار و خەمۆک دەهاتە بەرچاو. نیگەرانییەکی سەیر ناخی داگرتبوو، وەک بڵێی بە دوای ونبوویەکدا دەگەڕا یان هەستی بە لەناوچوونی خۆی دەکرد، بێ ئەوەی چۆنییەتیەکەی بزانێت.
شەو، کاتێک دایکی خەوتبوو و پاڤڵ لە ناو جێگەکەی کتێبی دەخوێندەوە، جەندرمەکان دووبارە هاتن و بە تووڕەیی ناو ماڵ و عەمبار و هەموو شوێنێک گەڕان. ئەفسەرە ڕوخسار زەردەکە وەک جاری پێشوو سووکایەتی و گاڵتەی بە هەمووان دەکرد. حەزی دەکرد گاڵتە بە پاڤڵ و دایکی بکات. پلاگە بێ دەنگ و نیگەران لە سوچێک دانیشتبوو و سەیری کوڕەکەی دەکرد. پاڤڵ هەوڵی دەدا ترس و نیگەرانی خۆی بشارێتەوە، بەڵام هەر کاتێک ئەفسەرەکە پێدەکەنی، دەستەکانی پاڤڵ بە شێوەیەکی سەیر دەلەرزی. دایکی هەستی کرد کوڕەکەی بە وەڵام نەدانەوەی جەندرمەکە ئازار دەکێشێت و ناتوانێت بەرگەی گاڵتەکانی ئەو پیاوە هیچوپووچە بگرێت. دایکی ئەمجارە زۆر کەمتر لە جاری پێشوو ترسابوو، بەڵام دڵی پڕ بوو لە نەفرەتێکی زیاتر بەرامبەر بەم میوانە نەخوازراوە، هەرچەندە هەوڵی شاردنەوەی دەدا.
پاڤڵ توانی بە چپە پێی بڵێت: "ئەوان لەگەڵ خۆیان دەمبەن..."
پلاگە سەری داخست و بە هێواشی وتی: "تێ دەگەم".
بەڵێ ئەو تێ دەگەیشت. کوڕەکەیان زیندانی دەکرد، لە بەر ئەوەی قسەی بۆ کرێکارەکان کردبوو، بەڵام هەموویان لەگەڵ قسەکانی بوون و پشتڕاستیان کردبۆوە، کەواتە دەبێت هەموویان بەرگری لێ بکەن... لە بەر ئەوە بە زوویی ئازاد دەکرێت.
دەیویست کوڕەکەی لە ئامێز بگرێت و بگری، بەڵام ئەفسەرەکە کە لە تەنیشتی وەستابوو، مۆڕەی لێ دەکرد و پلاگە زانی ئەو پیاوە بە

خۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی فرمێسک و پاڕانەوە دەکات. هەموو هێزی کۆکردەوە و هەوڵی دا بە سەر خۆیدا زاڵ بێت و تا دەکرێت کەمتر قسە بکات. دەستی کوڕەکەی گرت و گوشی، هەناسەی لە سنگیدا کپ کردبوو، بە هێواشی پێی وت: "ماڵئاوا پاڤڵ، پێداویستییەکانت هەڵگرتووە؟"

- بەڵێ، نیگەران مەبە.

- خوا ئاگای لێت بێ...

کاتێک پاڤڵ-یان برد، دایکی لە سەر کورسی دانیشت، چاوەکانی داخست و هەناسەیەکی هەڵکێشا و ماوەیەک بە ئارامی گریا و دەردەدڵی خوێناوی خۆی تێکەڵ بە فرمێسکەکانی کرد. ڕوخسارە زەرد و سمێڵە قەیتانییەکەی کوڕەکەی لە بەرامبەر خۆی دەبینی کە چاوە گنج تێکەوتووەکانی چێژ و شادییان لێ دەباری. لە سنگیدا هەستی بە نەفرەت و تووڕەییەکی زۆر دەکرد بەرامبەر بەو کەسانەی کوڕەکەیان لە دایکی جیا کردبۆوە بە تاوانی وتنی ڕاستییەکان.

هەوا سارد بوو. دڵۆپەکانی باران بەر شووشەکان دەکەوت. وا پێ دەچوو شەوانە، مۆتەکەی خۆڵەمێشی، بە باسکی درێژ و ڕوخساری سوور و پان و بێ چاو، بە دەوری ماڵەکەدا دەسوڕێنەوە، بە ڕێگەدا دەڕۆن و دەنگی جزمەکانیان بە هێواشی دێت.

بیری کردەوە: "خۆزگە منیشیان بردبووایە".

فیکەی کارخانە بە دەنگی بەرز، بۆ سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی کار دەیلووراند. بەیانی ئەو ڕۆژە دەنگی ئەو هیچوپووچە، دڵنیایی پێوە نەبوو. دەرگا کرایەوە و ریبین هاتە ژوور و لە کاتێکدا دڵۆپەی بارانی لە سەر ریشی دەتەکاند، پرسی: "بردیان؟"

دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "بەڵێ، ئەو بەنەفرەتبووانە هاتن و..."

ریبین بزەیەکی کرد و وتی: "بە ڕاستی سەیرە.. هاتنە ماڵەکەی منیش، هەموو شوێنێک گەڕان، بەڵام نەیانگرتم..." کەواتە وتت پاڤڵ-

یان لەگەڵ خۆیان برد... دەزانم، بەڕێوەبەر فەرمانی بە جەندرمەکان داوە و ئەوانیش رژانە ماڵەکە و پاڤڵ-یان برد، ئاخ، ئەوانە دەستیان لە یەک گۆزەدایە! هەندێک خەڵک دەدۆشن و هەندێکیش قۆچەکانیان بۆ دەگرن". دایکی هەڵستا و بە دەنگی بەرز وتی: "ئێوە دەبوایە بەرگری لە پاڤڵ بکەن، ئەو لە بەر ئێوە خۆی خستە مەترسییەوە".

- کێ دەبوایە بەرگری لێ بکات؟

- هەمووتان.

- تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟ بەڵام نابێت ئومێدتان بەوە بێت. هەزاران ساڵی خایاندووە تاکو هێزی خۆیان کۆ کردۆتەوە... بزماری زۆریان لە دڵماندا چەقاندووە، چۆن دەکرێت لە یەک چاوتروکاندا یەک بگرین؟ دەبێت سەرەتا ئەو ئاسنە لە دڵماندا دەربێنین. ئەم ئاسنە چەقیوانەی ناو دڵمان ڕێگە نادات دڵەکانمان یەک بگرێت".

بزەیەکی کرد و بە لەنجەولار ڕۆیشت. قسە رەق و هیوابڕەکانی، خەم و پەژارەی دایکی زیاتر کرد، بە شێوەیەک بە خۆی وت: "ئەگەری هەیە ئەشکەنجەی بدەن یان بیکوژن..."

جەستەی ئەشکەنجەدراو و بریندار و خوێناوی کوڕەکەی وێنا دەکرد و ترس، وەک تۆپەڵێک قوڕی سووری بەستوو لە سەر سنگی نیشت و هێزی لێ بڕی. چاوەکانی کەوتە ئێش، نە زۆپاکەی هەڵکرد، نە نانی ئێوارەی ئامادە کرد، تەنانەت چای نەخوارد. درەنگانی شەو کە لە ناو جێگەدا پاڵ کەوتبوو، بیری لەوە کردەوە هەرگیز بە تەمەنی تەنیا و بەم شێوەیە نەبوو. لەم ساڵانەی دواییدا راهاتبوو لە چاوەڕوانییەکی هەمیشەییدا بێت، گەنجەکان بە بەردەوامی لە دەوروبەری لە جوڵەدا بوون و ڕوخساری جدی کوڕەکەی کە سەرچاوەی ئەم ژیانە نائارام، بەڵام باشە بوو، هەمیشە لە بەرچاوی بوو، بەڵام ئێستا نە کوڕەکەی لێ بوو، نە هیچ شتێکی تر.

# وێنەی (14)

ڕۆژ بە ئارامی گوزەری کرد و دوای ئەوە شەوێکی بێ خەو و دواتریش ڕۆژێکی دوورودرێژ تێپەڕی. دایکی هیوادار بوو کەسێک سەردانی بکات، بەڵام کەس نەهات. ئێوارە هات و دواتر شەو داهات. بارانی سەرمابردوو بەر دیوارەکان دەکەوت و دەیناڵاند. با، فووی بە بۆری زۆپاکەدا دەکرد و شتێک لە عەرزی ژوورەکە دەجوڵایەوە. ئاهەنگی خەمبزوێن و بە ئازاری باران وەک فرمێسک لە سەرەوە دەکەوتە خوار و هەموو شوێنێکی پڕ دەکرد. وا پێ دەچوو تەواوی ماڵەکە بە ئارامی دەلەرێتەوە و کەشی ناو ماڵەکە بە هۆی خەمێکەوە بەستوویەتی.

کەسێک بە هێواشی لە شووشەی پەنجەرەی دا...

دایکی لە سەر ئەو شێوازی تەقەلێدانە راهاتبوو و چیتر نەدەترسا، بەڵام ئەم جارە هەستی بە شادی کرد. هیوایەکی نامۆ ئەوی لە شوێنەکەی بەرز کردەوە. شاڵێکی خستە سەر شان و دەرگای کردەوە...

سامۆئیلۆڤ لەگەڵ کەسێکی تر کە سەری لە ناو یەخەی پاڵتۆکەی شاردبۆوە، هاتە ژوور.

سامۆئیلۆڤ بێ ئەوەی سڵاو بکات، پرسی: "خەبەرمان کردیتەوە؟" ئەو، پێچەوانەی هەمیشە، خەمبار دیار بوو.

دایکی وەڵامی دایەوە: "نەخەوتبووم". وەک ئەوەی بیەوێت پرسیار بکات، سەیری میوانەکانی کرد.

کابرای هاوڕێی سامۆئیلۆڤ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و کڵاوەکەی لابرد. دەستە پان و پەنجە درێژەکانی بۆ لای دایکی درێژ کرد و گەرموگوڕ وەک ئەوەی ئاشنایەکی کۆنی بینیبێت، بە پلاگەی وت:

"سڵاو دایە گیان! دەمناسیت؟"
پلاگە بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد: "بەڵێ، ئیگۆر ئیڤانۆڤیچ جەنابتی؟"
کابرا سەرە گەورەکەی دانەواند کە قژی هاوشێوەی قەشەکان درێژ بوو، وتی: "بەڵێ، خۆمم".
بزەیەکی شیرین ڕوخسارە خڕەکەی داپۆشی. چاوە خڕە خۆڵەمێشییەکانی بە مەبەستی دڵنەوایی کردن سەیری دایکیان دەکرد. بەو گەردنە ئەستوور و خڕ و قۆڵە کورتەکانی، مرۆڤی بیری سەماوەرەکە دەخستەوە. ڕوخساری دەبریقایەوە، دەنگی هەناسەی دەهات و مرخەمرخ لە سنگی دەهاتە دەر.
دایکی خولقی کردن: "فەرموون وەرنە ژوورەوە، ئێستا جلەکانم لە بەر دەکەم".
سامۆئیلۆڤ لەژێرچاو سەیری دایکی کرد و بیرمەندانە وتی: "بابەتێک هەیە و پێویستە لەگەڵ ئێوە باسی بکەین".
ئیگۆر ڕۆیشتە ژوورەکەی تەنیشت و وتی: "دایە گیان، ئەمڕۆ یەکێک لە هاوڕێکانمان لە زیندان ئازاد بووە... سێ مانگ و یانزە ڕۆژ لە زیندان بوو. لەوێ چاوی بە ئاندرێ و پاڤڵ کەوتووە و سڵاویان بۆ ناردوویت. کوڕەکەت داوای کردووە نیگەران نەبی و بە گوێی خۆت هەڵێنی لەو ڕێگەیەی گرتوویەتیە بەر، زیندان بۆی وەک شوێنی حەوانەوەیە، چونکە فەرمانڕەواکانی ئێمە کە دەیانەوێت بارودۆخمان باشتر بکەن، ئەو بڕیارەیان داوە. دایە گیان! ئێستا ڕێگە دەدەن بابەتە سەرەکییەکە باس بکەین. دەزانن چەند کەس دوێنێ دەستگیر کراوە؟"
دایکی وتی: "نا، بۆچی جگە لە پاڤڵ کەسی دیکەشیان گرتووە؟"
ئیگۆر بە ئارامی قسەکەی پێ بڕی و وتی: "پاڤڵ چل و نۆیەم کەس بوو، دەبێت چاوەڕێ بین پۆلیس دە دوانزە کەسی دیکەش بگرێت، بەڵێ، بۆ نمونە ئەم بەڕێزە..."

سامۆئیلۆڤ بە نیگەرانی وتی: "بەڵێ ئەویش قۆڵبەست دەكەن".
پلاگە كە زانی پاڤڵ لەوێ بە تەنیا نییە، ئاسودە بوو.
كاتێک جلەكانی پۆشی و هاتە ژوورەكە، بزەیەكی سەركەوتووانەی كرد و وتی: "ئەگەر ئەو هەموو كەسەیان گرتبێت، بە دڵنیاییەوە ماوەیەكی زۆر لە زیندان رایانناگرن".
ئیگۆر وەڵامی دایەوە: "ڕاست دەكەی. ئەگەر كارێک بكەین، كارتەكانی دەستی ئەوان بشێوێنین، بە دڵنیاییەوە وەک جارەكانی پێشوو دەدۆڕێن، بەڵێ دایە گیان، بەم جۆرە گەمەكە دەبەینەوە. ئەگەر ئێستا دەست لە بڵاوكردنەوەی نووسراوەكانمان لە كارخانە هەڵبگرین، ئەم جەندرمە نەفرەتییانە ئەوە دەكەنە بەڵگە و دژی پاڤڵ و هاوڕێكانی بە كاری دەبەن".
دایكی بە نیگەرانی پرسی: "چۆن؟"
ئیگۆر بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "زۆر سادەیە، بەڵگەهێنانەوەی جەندرمەكان هەندێک كات راستە، بیری لێ بكەنەوە، تا ئەو كاتەی پاڤڵ ئازاد بوو، نووسراوەكان لە ناو خەڵكدا بڵاو دەكرایەوە، بەڵام كاتێک ئەو قۆڵبەست كرا، ئیتر هیچ نووسراوەیەک نییە، ئەمە واتای چییە؟ واتای ئەوەیە پاڤڵ بووە ئەو نووسراوانەی بڵاو كردۆتەوە، وانییە؟ ئەو كات جەندرمەكان خەڵک لە ناو دەبەن، چونكە حەز بەو كارە دەكەن تا ئەو جێگەیەی تەنیا تەپ و تۆزیان بمێنێتەوە".
- بەڵێ، تێ دەگەم، تێ دەگەم. خوایە گیان، دەبێت چی بكەین؟
سامۆئیلۆڤ لە چێشتخانەكەوە وتی: "كەم تا زۆر هەموو هاوڕێكانی ئێمەیان گرتووە. قوڕ بە سەرم، بەڵام دەبێت وەک پێشوو لە كارەكەمان بەردەوام بین. نەک تەنیا بۆ بەرەوپێشچوونی كارەكە، بەڵكو بۆ رزگاركردنی هاوڕێكانمان..."
ئیگۆر بزەیەكی نەرمی كرد و درێژەی بە قسەكەی دا: "بەڵام كەس نەماوەتەوە كارەكان ئەنجام بدات. ئێمە بڵاوكراوەی باشمان هەیە... ئامادەمان كردووە، بەڵام نازانین چۆن بیبەینە كارخانە. كێشەكە

ئەوەیە".
سامۆئیلۆڤ وتی: "ئێستا لە کاتی ڕۆیشتنە ناو کارخانە، گیرفانەکانیش دەگەڕێن".
دایکی وای زانی ئەوان چاوەڕێی شتێکی لێ دەکەن. لە بەر ئەوە خێرا پرسی: "دەبێت چی بکەین؟ چارە چییە؟"
سامۆئیلۆڤ لە بەردەم دەرگاکە وەستا و پرسی: "تۆ کرۆسۆنەوای فرۆشیار دەناسی؟"
بەڵێ، دەیناسم.
- قسەی لەگەڵ بکە، ئەگەری هەیە بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان لە ئەستۆ بگرێت.
دایکی دەستی بە نیشانەی نەرێنی راوەشاند و وتی: "ئەی هاوار، نا، ژنێکی زۆربڵێیە.. نا، جگە لەوە هەمووان دەزانن ئەوە کاری من بووە... نا، نا..."
لە ناکاو وەک ئەوەی بیرۆکەیەکی تازەی بە زەین گەیشتبێت، بە هێواشی وتی: "بیدەن بە خۆم، بیدەن بە خۆم، ڕێگەیەک دەدۆزمەوە... ئەو کارە دەکەم.. داوا لە ماریا دەکەم هاوکاریم بکات... ئەگەر بمەوێت نان بخۆم دەبێت کار بکەم! نان بۆ کرێکارەکانیش دەبەمە کارخانە... خۆم چارەی دەکەم".
دەستی خستە سەر سنگی و میوانەکانی دڵنیا کردەوە بێ ئەوەی گرفتار ببێت، هەموو کارەکان ئەنجام دەدات و بە دەنگێکی سەرکەوتووانە وتی: "دەبینن کاتێک پاڤڵ ڤیلاسێف لە زینداندایە، دووبارە نووسراوەکان بڵاو دەکرێنەوە، دەیبینن".
ورەی هەرسێکیان بەرز بۆوە. ئیگۆر دەستی لە یەک دەسوو و وتی: "ئافەرین دایە گیان. خۆزگە دەتزانی چەند کارێکی باش و پیرۆزە! بە راستی چێژبەخشە".
سامۆئیلۆف بە پێکەنینەوە وتی: "ئەگەر بتوانن ئەو کارە بکەن، لە زیندان ژیانێکی خۆش بە سەر دەبەین وەک ئەوەی لە سەر

کورسییەکی حەوانەوە بین".
ئیگۆر وتی: "دایە گیان، تۆ گەنجینەیەکی بەنرخی".
پلاگە دەیزانی ئەگەر بتوانێت بڵاوکراوەکان بەرێتە کارخانە، هەمووان دەزانن ئەوە کاری پاڤل نەبووە و لە بەر ئەوەی هەستی کرد دەتوانێت کارەکەی بە باشی ئەنجام بدات، شادومان بوو".
ئیگۆر درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: "کاتێک سەردانی پاڤل-ت کرد، بڵێ دایکێکی زۆر باشی هەیە".
سامۆئیلۆڤ بە دەم پێکەنینەوە وتی: "هەوڵ دەدەم پێش ڕۆژی سەردانیکردن، بیبینم".
ئیگۆر لە دایکی پرسی: "ئەی ئەگەر سامۆئیلۆڤیان نەگرت؟"
- دەی چار چییە؟ دەبێت خۆم بە دەستەوە بدەم!
هەمووان پێکەنین؟ دایکی کاتێک هەستی بە هەڵەکەی کرد، وەک ئەوانی تر پێکەنی و بە شەرمەزارییەوە وتی: "مرۆڤ کاتێک بیر لە کەسە نزیکەکانی دەکاتەوە، ئەوانی پشت سەری نابینێت".
ئیگۆر وتی: "ئاساییە! نیگەرانی پاڤل مەبە و خەم مەخۆ. کاتێک لە زیندان دێتە دەر، لە رابردوو باشتر دەبێت. مرۆڤ لەوێ دەحەوێتەوە و شت فێر دەبێت. ئەو کاتانەی ئازادین، دەرفەتی ئەم کارانەمان نییە. سێ جار زیندانی کراوم بێ ئەوەی سەرگەرمیم هەبێت، بەڵام سودی زۆری بە دڵ و عەقڵم گەیاندووە".
دایکی بە میهرەبانی سەیری کرد و وتی: "بە دژواری هەناسەی دەدا".
ئیگۆر پەنجەیەکی بەرز کردەوە و وتی: "ئەمە هۆکاری تایبەتی هەیە! باشە دایە گیان، هەموو شتێک باشە.. ئێمە بەیانی بڵاوکراوەکانتان بۆ دێنین... ئەو چەرخەی تەموتاریکیی کۆن لە ناو دەبات دووبارە دەکەوێتە گەڕ. بژی ئازادی رادەربڕین! هەر بمێنێت دڵی دایک! ماڵئاوا تا کاتێکی تر!"
سامۆئیلۆڤ دەستی دایکی گوشی و وتی: "ماڵئاوا، من ناتوانم یەک

وشـە لـەم کارە بـۆ دایکم بـاس بکەم".
دایکی بۆ دڵنەوایی کردنی وتی: "ڕۆژێک دێ هەموو خەڵک تێ دەگەن!"
کاتێک ڕۆیشتن، دایکی دەرگای داخست. لە ناوەڕاستی ژوورەکە کەوتە سەر ئەژنۆ و سەرقاڵی دۆعا و پاڕانەوە بوو. دەتووت بیرۆکەیەکی نایاب و گرنگی هەبوو، دۆعای بۆ هەموو ئەو کەسانە دەکرد کە بە هۆی پاڤڵ-ەوە هاتبوونە ژیانییەوە. دەیبینی ئەمان لە نێوان خۆی و وێنە پیرۆزەکان تێ دەپەڕن و بە شێوەیەکی سادە و سەرنجڕاکێش لە یەک نزیک و هاوکات تەنیان.
بەیانی زوو ڕۆیشتە لای ماریا کرۆسۆنەوا. ئەم ژنە زۆربڵێیە بە جلوبەرگە چەورەکانی پێشوازی لە دایکی کرد.
دەستی خستە سەر شانی پلاگە و پرسی: "دڵتەنگی؟ خۆڕاگر بە، باشە، گرتوویانە، بە راستی سەیرە.. گرنگ نییە، پێشتر خەڵکیان لە سەر دزی دەگرت، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی راستییەکان دەڵێن. پاڤڵ هەندێک قسەی کردووە کە رەنگ بوو نەدەبوایە بیکات. بەڵام بۆ بەرگری لە هاوڕێکانی بووە و هەمووان ئەوە دەزانن. مەترسە، ئەگەر بە زمانیش نەیلێن، دەزانن کوڕێکی باشە... دەمویست بێم بۆ لات، بەڵام دەرفەت نەبوو".
هەرچەندە بەردەوام شتەکانم دەفرۆشم، بەڵام دڵنیام بە هەژاری دەمرم.. ئەو خراپەکارانەماڵوێرانم دەکەن.. بەردەوام دەخۆن وەک ئەو دەعبایانەی دەکەونە ناو کیسەی نان. لەگەڵ ئەوەی دە روبڵ کۆ دەکەمەوە، یەکێک لەو کافرانە دێت و دەیبات... بەڵێ... ژن بوون کارەساتە! چەند ژیانێکی قێزەونە! ژیان بە تەنیایی دژوارە، بەڵام بێیتە دووان دژوارترە".
پلاگە نەیهێشت لە سەر چەنەوەڕییەکەی بەردەوام بێت و وتی: "هاتووم بمکەیتە بەردەستی خۆت".
ماریا پرسی: "چۆن؟"

كاتێک قسـەی هاوڕێکـەی کۆتایی هـات، ڕازی بـوو و وتـی: "ئامـادەم، بیرتـە چەندین جـار لـە دەسـت مێردەکـەم ڕزگارت کـردم؟ ئێسـتا مـن دەبێت لـەم هەژارییـە ڕزگارت بکـەم. ئەرکـی هەمووانـە هـاوکاری تـۆ بکـەن، لـە بـەر ئـەوەی کوڕەکـەت لە بەر ئەوان گرفتار بووە. هەمووان دەڵێن کوڕێکی باشـە و خـەمـی لـێ دەخـۆن. دڵنیـام ئـەم قۆڵبەسـت کردنانـە ئەنجامێکی باشـی بۆ کارخانـە لـێ ناکەوێتـەوە. دەنگوباسـی سـەیر لـەوێ بڵاو بۆتـەوە. سـەرکردەکان وا دەزانـن ئەگـەر کەسـێک بگرن، بابەتەکە کۆتایی دێت! بەڵام ئەنجامەکەی ئەوەیە، ئەگەر لە دە کەس بدەن، سـەد کەسـی دیکـە تووڕە دەبێت. کاتێک مـرۆڤ بیەوێت دەسـت لـە پێکهاتـەی کۆمەڵانـی خەڵـک بدات، دەبێت وریـا بێت، گـەل ماوەیەکی زۆر بەرگـە دەگرێت، بـەڵام ڕۆژێـک دەتەقێتـەوە".

هەردووکیـان ڕێـک کەوتـن.. لـە سبەینێوە، دایکی پاڤڵ لـە کاتـی نانـی نیوەڕۆ دوو مەنجەڵی پڕ لە سوپی دەبردە کارخانە کە ماریا دروستی کردبوو و ماریاش دەڕۆیشتە بازاڕ.

# وێنەی (15)

کرێکارەکان خێرا هەستیان بە پیرەژنەکە کرد. هەندێک لێی نزیک دەبوونەوە و هاورێیانە پێیان دەوت: "دایە پلاگە، کارت دەست کەوت؟"

دڵنەواییان دەکرد و دڵنیایان دەکردەوە کە پاڤڵ بە زوویی ئازاد دەکرێت، چونکە لە سەر حەقە. هەندێکی تر بە قسەی پارێزکارانە کە لە رووی دڵسۆزییەوە بوو، دڵە پڕئازارەکەیان شپرزە دەکرد. دەستەیەکیش بە ئاشکرا جوێنیان بە سەرۆکی کارخانە و جەندرمەکان دەدا. کەسانێکش هەبوون بە خراپی سەیریان دەکرد و چێژیان دەبرد.. ئیزایی گۆربۆڤ، لێپرسراوی سەرژمێریی رۆژانەی کرێکاران، ددانی جیڕ دەکرد و دەیووت: "ئەگەر فەرمانڕەوا دەبووم، فەرمانم دەدا کوڕەکەت لە سێدارە بدەن بۆ ئەوەی بزانێت ئاکامی گومڕا کردنی خەڵک چییە؟"

ئەم وشانە بە ساردوسڕییەکی مەرگهێنەر، دایکی لە جێوە وشک دەکرد. وەڵامی ئیزایی نەدایەوە، تەنیا سەیری ڕوخسارە قێزەونەکەی کرد، هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەری داخست.

دەبینی جموجۆڵ هێشتا لە کارخانە ماوە. کرێکارەکان لە شێوەی دەستەی بچوک کۆ دەبنەوە و بە نهێنی گفتوگۆ دەکەن. سەرکرێکارەکانیش مۆن و تووڕە بەو ناوەدا دەسووڕانەوە. هەندێک کاتیش جوێن و قاقایەکی تووڕەئامێز لەو ناوەدا بڵاو دەبۆوە.

لەم کاتەدا دایکی بینی دوو پاسەوان بە راکێشان سامۆئیلۆڤ دەبەن. نزیکەی سەد کرێکار بە دوایەوە بوون و بە جوێندان و گاڵتە پێکردن پاسەوانەکانیان بێزار کردبوو.

یەک هاواری دەکرد: "هاوڕێ دەڕۆیتە سەیران؟"
یەکی تر دەیووت: "بژی هاوڕێکەمان. پاریزەریکیان بۆ داناوە".
تەنیا ئالۆگۆڕی جوێن لەو ناوە دەبیسترا.
کابرای یەکچاو و بالابەرز هاواری کرد: "وا دیارە گرتنی دزەکان سودی کەمترە و پیاوە راستگۆکان دەگرن!"
یەکی تر هاواری کرد: "ئەگەر شەویش ئەو کارەیان بکردایە شتێکی تر بوو، بەلام ئەم هیچوپووچانە شەرم ناکەن و بە ڕۆژی رووناک خەلک دەگرن".
پاسەوانەکان خێرا دەڕۆیشتن و توورەیی لە ڕوخساریان دەباری. هەولیان دەدا هیچ نەبینن و جوێنەکان نەبیستن. سێ کرێکار کە شیشی ئاسنیان بە دەستەوە بوو، ڕۆیشتنە پێش و بە دەم هەڕەشە کردنەوە هاواریان کرد: "تاوانبارەکان، بۆ خوارەوە!"
سامۆئیلۆڤ کاتێک لە بەردەم دایکی گوزەری کرد، بە دەم پێکەنینەوە سەری لەقاند و وتی: "بەندەیەکی بەدبەخت پەلکێشی گرتووخانە دەکەن".
پلاگە بێ دەنگ بوو و لە کاتێکدا بە بینینی دیمەنی گرتنی گەنجە راستگۆکان خەمبار بوو، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، وەک دایک سەیری دەکردن و بە بیستنی جوێن و سەرکۆنەکردنی سەرۆک شادمان دەبوو. لێرە هەستی بە کاریگەرییەکانی کوڕەکەی کرد.
کاتێک لە کارخانە هاتە دەر، دوانیوەڕۆی لای ماریا بەسەر برد. هاوکاری کرد و گوێی لە قسە بێ ماناکانی گرت. شەو درەنگان بۆ مالە چۆل و ساردەکەی گەڕایەوە. ماوەیەکی زۆر لە سوچ و کەناری مالەکە سەرگەردان بوو بێ ئەوەی بزانێت دەبێ چی بکات و لە کوێ دانیشێت. نیگەران بوو لەوەی ئیگۆر بە پێچەوانەی بەلێنەکەی هێشتا نەهاتبوو.
لە دەرەوە کلو بەفری قورس و خۆلەمێشی پاییزی دەباری. کلو بەفرەکان بە شووشەکەوە دەلکان و دواتر بێ دەنگ دەخزان و

دەبوونە ئاو و شوێنەواری تەڕیان دوای خۆیان جێ دەهێشت. دایکی بیری لە پاڤل دەکردەوە...
کەسێک بە هێواشی لە دەرگای دا. پلاگە خێرا دەرگای کردەوە و ساشنکا هاتە ژوور. دایکی دەمێک بوو نەیبینیبوو و شادومان بوو بەوەی کە ئەمشەو تەنیا نییە و هاودەمێکی هەیە. بەرەو لای ڕۆیشت و وتی: "سڵاو، ماوەیەکی زۆرە نەمبینیوی. دوور لێرە ژیان بە سەر دەبەی؟"
ساشنکا بە دەم پێکەنینەوە وتی: "نا، لە زیندان بووم، ئەو کاتەی نیکۆلا ئیڤانکۆڤیچ زیندانی کرا. ئەوت لە بیرە؟"
دایکی وتی: "چۆن دەکرێت لە بیری بکەم؟ ئیگۆر دوێنێ وتی ئازادیان کردووە، بەڵام باسی تۆیان نەکرد... کەس نەیووت تۆ زیندانی کراوی".
کچەکە سەیری دەوروبەری کرد و وتی: "پێویست بە وتن ناکات، دەبێت بەر لە هاتنی ئیگۆر جلەکانم بگۆڕم".
- باش خووساویت.
- بڵاوکراوەکانم هێناوە.
دایکی وتی: "بێنە، بێنە".
- هەر ئێستا.
کچەکە خێرا نیوەی پاڵتۆکەی کردەوە، خۆی راوەشاند و پاکەتی نووسراوەکان کەوتە سەر زەوی. دایکی بە خۆشحاڵی کۆی کردنەوە و وتی: "ئاخ! منیش کە سەرەتا تۆم بینی سکت ئاوسابوو، وام زانی شووت کردووە و دووگیانی. چەند زۆرت هێناوە؟ بە پێ هاتی؟"
ساشنکا وتی: "بەڵێ".
کچەکە وەک جاران باریک و ناسک دەرکەوت. دایکی بینی چاوی بە قووڵدا چووە و سێبەرێکی ڕەش دەوری چاوەکانی گرتووە.
پلاگە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "تازە ئازادیان کردوویت؟ لە جیاتی ئەوەی بحەوێیتەوە، حەوت کیلۆمەتر بە پێ ئەم کاغەزانەت

هیناوه!"
ساشنکا دەلەرزی، وتی: "پێویست بوو. زۆر باشە... پێم بڵێ بارودۆخی پاڤڵ چۆنە؟ زۆر دڵتەنگ نەبوو؟"
کچەکە بێ ئەوەی سەیری دایکی بکات، قسەی دەکرد. سەری داخستبوو و قژی چاک دەکرد و پەنجەکانی دەلەرزین.
دایکی وەڵامی دایەوە: "نا، حاڵی باشە، خۆی نادۆڕێنێت".
کچە بە دەنگێکی کز وتی: "تەندروستی جێگیرە، وانییە؟"
دایکی وتی: "هەرگیز نەخۆش نەکەوتووە. بۆ ئەوەندە دەلەرزی. بوەستە با چایەک و کەمێک مرەبات بۆ بێنم".
ساشنکا بزەیەکی کورتی کرد و وتی: "بۆ جەنابت ئەرک دەکێشیت؟ درەنگە، خۆم جێبەجێی دەکەم".
دایکی کە دەڕۆیشت بۆ چێشتخانە سەماوەرەکە هەڵ بکات، وتی: "تۆ ماندوویت". ساشنکا بە دوای ئەودا ڕۆیشتە چێشتخانە و لە سەر کورسییەک دانیشت. دەستەکانی لێک ئاڵاند و درێژەی بە قسەکەی دا: "بەڵێ، شەکەتم. زیندان مرۆڤ دەڕزێنێت، بێکارییەکی قێزەونە، لە هەموو شتێک دژوارترە. مرۆڤ هەفتەیەک، مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە و ئاشکرایە دەبێت ئەو ماوەیە لەوێ چی بکات، کارەکانی دیاری کراوە، زیندانییەکان چاوەڕوانی فێربوونن... مرۆڤیش دەزانێ کە لە توانایدا هەیە ئەوەی پێویستیانە پێیان بدات... مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی درندەی ناو قەفەسە و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جەرگت ژان بکات".
دایکی پرسی: "کێ پاداشتی ئێوە دەداتەوە؟" و خۆی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە: "جگە لەخوا کەس، دڵنیام جەنابیشت بڕوات بە خوا نییە!"
لە ناکاو گرژییەک هەموو جەستەی دایکی داگرت و وتی: "بڕوات پێ ناکەم".
دەستەکانی کە بە هۆی خەڵوز پیس ببوو، بە بەروانکەکەی پاک

کردەوە و بە بڕشتانە وتی: "ئێوە ئاگاتان لە بڕواکانتان نییە! چۆن دەکرێت مرۆڤ بێ ئەوەی بڕوای بە خودا بێت، خۆی بۆ ژیانێکی لەم شێوەیە تەرخان بکات؟"
لە ناکاو دەنگی پێ و گارەگارێک هات. دایکی لەرزی لێ نیشت، کچەکە هەڵستا و بە هێواشی پێی وت: "دەرگاکە مەکەرەوە، ئەگەر جەندرمەکان بوون، بڵێ من ناناسیت... بەهەڵە هاتوومەتەماڵەکە، لەشەقام بووراببوومەوە و تۆ منت هێناوەتە ماڵ.. جلەکانمت داکەندووە و بڵاوکراوەکانت بینیوە. تێگەیشتی؟"
دایکی بە دڵسۆزییەوە وتی: "باوانەکەم، ئەمە کەی قسەیە؟"
ساشنکا گوێی هەڵخست و وتی: "پێم وابێت ئیگۆرە".
خۆی بوو. هەموو گیانی تەڕ و شەکەت و ماندوو بوو.
هاواری کرد: "سەماوەرەکە هەڵکراوە دایکە گیان؟ ئەمە لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە باشترە! ساشنکا، سەیرە! هێشتا هیچ نەبووە لێرەیت!" لە کاتێکدا دەنگە تیژەکەی کەشی ژوورە بەرتەسکەکەی چێشتخانەی پڕ کردبوو، بە ئارامی پاڵتۆ قورسەکەی دەرهێنا و بێ ئەوەی وچان بگرێت، وتی: "دایکە گیان، بوونی ئەم خاتوونە لە فەرمانڕەواکانی ئێرە مەترسیدارە. یەکێک لە پاسەوانەکانی زیندان سووکایەتی بەم خاتوونە کردبوو، ئەویش بە پاسەوانەکەی وتبوو ئەگەر داوای لێبوردن نەکات، مان لە خواردن دەگرێت؛ هەشت ڕۆژ هیچی نەخوارد. ئەوەندەی نەمابوو بڕواتە جیهانێکی باشتر؟ بە رای جەنابت باشتر نییە؟ سەبارەت بەم سکە بچوکەی من چی دەڵێی؟" لە کاتێکدا ورگی بە هۆی بڵاوکراوەکانەوە پەنمابوو و بە دەست گرتبووی، ڕۆیشتە ژوور و دەرگاکەی داخست.
دایکی بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "بە راست هەشت ڕۆژ هیچت نەخوارد؟"
ساشنکا وەک ئەوەی لە سەرما هەڵلەرزێت، شانی بەرز کردەوە و وتی: "پێویست بوو داوای لێبوردنم لێ بکات".

ئەم ئارامی و ئەم لاسارییە دەروێش ئاسایە. هەستی سەرکۆنەکردنی لای دایکی دروست کرد.
پلاگە وتی: "باشە، ئەی ئەگەر بمردیتایە؟"
- با بمرم! سەرئەنجام داوای لێبوردنی کرد. مرۆڤ نابێت چاوپۆشی لە سووکایەتی کردنی کەس بکات.
دایکی بە هێواشی وتی: "بەڵێ... لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمەی ژن، بە درێژایی تەمەنمان سووکایەتیمان پێ دەکرێت".
ئیگۆر دەرگاکەی کردەوە و وتی: "بارەکەم سووک بوو! سەماوەرەکە ئامادەیە؟ با سەماوەرەکە بێنم".
لەگەڵ بردنی سەماوەرەکە وتی: "باوکم ڕۆژانە بیست پیاڵە چای دەخواردەوە و لە بەر ئەوە حەفتا و سێ ساڵی تەمەنی بە ئارامی و دوور لە نەخۆشی بردە سەر. کێشی زیاتر لە سەد کیلۆ بوو. لە گوندی وۆسکرێسێنسکی، خزمەتی کلێسای دەکرد".
دایکی وتی: "تۆ کوڕی قەشە ئیڤان-یت؟"
- بەڵێ، چۆن دەزانیت؟
- منیش خەڵکی ئەوێم!
- کەواتە هاوشارین؟ سەر بە کام بنەماڵەی؟
- سێرەگین، کەوایە دراوسێ بووین.
- تۆ کچی نیل-ی کە قاچێکی دەشەلی؟ باش ئەو پیاوە دەناسم، چەند جارێک گوێچکەمی راکێشاوە.
دایکی و ئیگۆر سەرقاڵی گفتوگۆ بوون. ساشنکا سەیری دەکردن و چای تێ دەکرد. لە ناکاو دەنگی بەرکەوتنی پیاڵەکان دایکی خستەوە بیری ئەرکەکەی.
- داوای لێبوردن دەکەم، کاتێک قسە دەکەم، هەموو شتێکم بیر دەچێتەوە... بینینی هاوشارییەک ئەوەندە خۆشە...
ساشنکا وتی: "ببوورە چام بۆ خۆم تێکرد، ئێرە بە ماڵی خۆم دەزانم. هێشتا هیچ نەبووە بوو بە یانزەی شەو. دەبێت ڕێگەیەکی

دریژ ببڕم".
دایکی بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "دەڕۆی بۆ کوێ؟ شار؟"
- بەڵێ.
- شەوە، باران دەباریت و ماندوویت. لێرە بمێنەرەوە. ئیگۆر لە چێشتخانە دەخەوێت و من و تۆیش لێرە دەخەوین..."
- نا دەبێت بڕۆم.
ئیگۆر بزەیەکی کرد و وتی: "بەڵێ دایکە، ئەم خاتوونە نابێ لە بەر چاو بێت. دەیناسنەوە و ئەگەر بەیانی لە کۆڵان بیبینن، دۆخەکە دەشێوێت؟"
- چۆن؟ بە تەنیا دەڕوات؟"
ئیگۆر پێکەنی و وتی: "بەڵێ".
ساشنکا چایەکی دیکەی تێکرد و پارووپەک نانی جۆی هەڵگرت، خوێی پێوە کرد و لە کاتێکدا بیرمەندانە سەیری دایکی دەکرد، خواردی".
دایکی وتی: "تۆ و ناتاشا چۆن دەتوانن ئەو کارە بکەن؟ من ناتوانم... دەترسم".
ئیگۆر وتی: "ئەویش دەترسێت. ساشنکا وانییە؟"
- نا.
پلاگە سەیری کرد و بە ئارامی وتی: "چەند ئازان!"
ساشنکا دوای چا خواردن بێ ئەوەی قسە بکات، دەستی ئیگۆر-ی گوشی و ڕۆیشتە چێشتخانەکە و پلاگە-ش بە دوایدا ڕۆیشت.
ساشنکا وتی: "ئەگەر پاڤل-تان بینی، سڵاوی منی پێ بگەیەنن".
دەستی بە کیلۆنی دەرگاکەوە بوو، بەڵام لە ناکاو گەڕایەوە و بە ئارامی پرسی: "دەتوانم ماچت بکەم؟"
دایکی بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، بە خۆشەویستییەوە لە ئامێزی گرت.
ساشنکا وتی: "زۆر سوپاس".

سەری لەقاند و ڕۆیشت.
دایکی کاتێک گەڕایەوە، بە نیگەرانییەوە سەیری پەنجەرەکەی دەکرد. کلو بەفرەکان لە تاریکی شەوا بە قورسی دەبارین".
ڕۆیشتە لای ئیگۆر و دانیشت. بە دەنگی بەرز فووی لە چاکەی دەکرد. ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو و عارەقی کردبۆوە. ڕەزامەندی بە ڕوخساریەوە دیار بوو. دایکی خەمبارانە سەیری میوانەکەی کرد و بە دڵتەنگی وتی: "ساشنکا-ی داماو! چۆن دەگاتەوە ماڵ؟"
ئیگۆر وتی: "بەڵێ، بە دڵنیاییەوە زۆر هیلاک دەبێت، لە زیندان زیانی زۆری پێ گەیشتووە. جاران بەهێزتر بوو... بە تایبەت کە لەگەڵ سەختی و ناخۆشی ڕانەهاتووە... وای بۆ دەچم سییەکانی نەخۆش بێت".
دایکی بە ئارامی پرسی: "ساشنکا کێیە؟"
- کچی خاوەن زەوییەکی گەورەیە.. پیاوێکی خۆپەرەستی دەوڵەمەند. دایکە دەزانی یەکیان خۆش دەوێت و دەیانەوێت زەماوەند بکەن؟".
- کێ؟
- ساشنکا و پاڤڵ، بەڵام بارودۆخیان ئەوەیە کە دەیبینی. کاتێک پاڤڵ ئازاد بکرێت، ساشنکا لە زیندانە و بە پێچەوانەوە.
دایکی دوای چەند ساتێک بێ دەنگی وتی: "ئەم بابەتەم نەدەزانی. پاڤڵ قەت سەبارەت بە خۆی قسە ناکات".
دایکی زیاتر لە جاران بەزەیی بەو کچەدا هاتەوە.
وەک دوژمنایەتییەکی نەخوازراو، سەیرێکی میوانەکەی کرد و وتی: "دەبوایە لەگەڵی بڕۆی".
ئیگۆر وتی: "شتی وا ناکرێت. لێرە یەک دنیا کارم هەیە و تەواوی ڕۆژەکە دەبێت بە پێ بڕۆم و بۆ کەسێکی وەک من کە نەخۆشی ڕەبۆی هەیە، بە پێ ڕۆیشتن کارێکی سەختە".
دایکی بیری لە قسەکانی ئیگۆر دەکردەوە. لەوەی کە هەواڵەکەی لە زمانی کەسێکی نامۆوە بیستبوو، دڵتەنگ بوو. لێوی گەست و بڕۆی

بەرز کردەوە.
ئیگۆر سەری لەقاند و وتی: "کچێکی زۆر باشە. دەبینم دڵسۆزی بۆ دەکەیت. کارێکی خراپ دەکەی. ئەگەر بڕیار بێت بەزەییت بە هەموو شۆڕشگێڕێکی وەک ئێمەدا بێتەوە، بە ئەندازەی پێویست هەستی بەزەییتان نابێت. ئەگەر راستیت دەوێت، کەس ژیانێکی خۆشی نییە... ماوەیەک پێش ئێستا، یەکێک لە هاوڕێکانم لە تاراوگە گەڕایەوە. کاتێک گەیشتە نیژنی نۆڤگرۆد، ژن و منداڵەکەی لە سمۆلێنسک چاوەڕێیان دەکرد و کاتێک گەیشتە سمۆلێنسک، لە مۆسکۆ زیندانی کرابوون. ئێستا ژنەکان بۆ سیبریا دوور دەخەنەوە... منیش ژنم هەبوو، ژنێکی ناسک و نازدار، بەڵام پێنج ساڵ مانەوە لە سیبریا رەوانەی گۆڕستانی کرد".
چاکەی بە یەک قوم خواردەوە و درێژەی بە قسەکانی دا و ساڵ و مانگەکانی زیندانی و دوورخستنەوەی ژمارد، نەهامەتی زۆری گێڕایەوە، سەبارەت بە قاتوقڕی سیبریا و کوشتنی زیندانییەکان قسەی کرد. دایکی لێی دەڕوانی و گوێی لە قسەکانی دەگرت و سەری سوڕمابوو لە سادەیی تێکەڵ بە ئارامی بۆ باسکردنی ئەم ژیانە پڕ ئەشکەنجە و ئازارە.
- زۆر باشە، با بێینە سەر بابەتەکەی خۆمان.
دەنگی گۆڕا. لە پلاگەی پرسی دەیەوێت چۆن بڵاوکراوەکان بەرێتە ناو کارخانە؟ دایکی سەری لەوە سوڕمابوو کە تەواوی وردەکارییەکانی دەزانی.
کاتێک گفتوگۆ سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان کۆتایی هات، دووبارە باسی گوندەکەیان کرد. لە کاتێکدا ئیگۆر گاڵتەی دەکرد، پلاگە ساڵەکانی رابردووی لە زەینیدا وێنا دەکرد کە بە شێوەیەکی سەیر لە زەلکاوێک دەچێت کە چەندین تەپۆڵکەی وەکیەکی لێیە و داپۆشراون بە شۆرەبی و سنەوبەر و دارتووسی بچوک. دارتووسە سپیەکان لەسەرخۆ گەشەیان دەکرد و دوای زەمەنێکی

پێنج یان شەش ساڵە لە سەر ئەم خاکە ڕزیو و لەرزۆکە، دەکەوتن و ئەوانیش بۆگەنیان دەکرد. دایکی بە خەمێکی نامۆ و نەشیاو بۆ وەسفکردن سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد. لە بەردەمیدا کچێکی دەبینی کە هێڵەکانی ڕوخساری ئاماژەی بە تووڕەیی و رووگرژی دەکرد، تاک و تەنیا لەژێر بارینی کلو بەفری قورس ڕێگە دەبڕێ و کوڕەکەی لە ژوورێکی بچوک زیندانییە، ڕەنگ بوو لەو کاتەدا کوڕەکەی هێشتا بەخەبەر و خەریکی بیرکردنەوە بووایە...، بەڵام نەک ئەوەی کە بیر لە دایکی بکاتەوە، بەڵکو بیری لای کەسێکی تر بێ کە لێیەوە نزیکترە! خەیاڵگەلی بە ئازار وەک هەوری ڕەش و ناسەقامگیر بەرەو لای دەهاتن و بە سەر ڕۆحیدا زاڵ دەبوون.
ئیگۆر پێکەنی و وتی: "دایکە گیان ماندووی! بڕۆ بخەوە".
دایکی شەوباشی لێ کرد و ڕۆیشتە چێشتخانە. لە کاتێکدا لارەلار بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، دڵی پڕ بوو لە تاڵیی خەمێکی سووتێنەر.
بەیانی ڕۆژی دواتر ئیگۆر لە کاتی چاخواردنەوە پێی وت: "ئەگەر بەیانی بتانگرن و بپرسن ئەم هەموو نووسراوە قەدەغەیەتان لە کوێ هێناوە؟ چ وەڵامێک دەدەنەوە؟"
- دەڵێم، پەیوەندی بە ئێوە نییە! هەر ئەوە؟
ئیگۆر وتی: "بەڵێ، بەڵام قەت باوەڕ ناکەن، چونکە دڵنیان پەیوندی بە خۆیانەوە هەیە و ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوتان لەگەڵ دەکەن".
- بەڵام من هیچ ناڵێم.
- زیندانیتان دەکەن!
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "گرنگ نییە! لانیکەم بوونم بە کەڵکی کارێک هات! کێ پێویستی بە منە؟ کەس. وەک بیستوومە چیتر ئەشکەنجە ناکەن".
- ئاها، ئەشکەنجەتان ناکەن، بەڵام ژنێکی باشی وەک جەنابت دەبێت ئاگای لە خۆی بێت".
- تۆ کە دەزانی چۆن لایلایە بکەی، بۆ خۆت خەوت لێ ناکەوێت؟"

ئیگۆر بێ دەنگ بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. دواتر لە دایکی نزیک کەوتەوە و وتی: "هاوشارییە ئازیزەکەم! بە ئازارە! هەست دەکەم ئەو دۆخە بۆ تۆ زۆر سەختە".
دایکی دەستی جوڵاند و وتی: "دۆخی هەمووان هەر ئەمەیە، لەوانەیە بۆ ئەو کەسانەی تێ دەگەن، ئاسانتر بێ، بەڵام وردە وردە تێ دەگەم مرۆڤە باشەکان چیان دەوێت.."
ئیگۆر زۆر بە رێزەوە وتی: "دایە گیان، هەر ئەوەندەی تێ دەگەی، بۆ ئەوان بە سودە".
دایکی سەیری کرد و بزەیەکی کرد.
دەمەونیوەڕۆ، دایکی زۆر لەسەرخۆ و وەک کەسێکی بە ئەزموون نووسراوەکانی لە ناو جلەکەیدا جێ کردەوە. کاتێک ئیگۆر بینی پلاگە چەند شارەزایانە دەیانشارێتەوە، بە خۆشحاڵییەوە وتی: "زۆر باشە دایە گیان، ئەدەبیات تۆی نەگۆڕیوە و تۆیش، دایکە، هەر ئەو ژنە باش و نازدارەی کە چەند ساڵێک لە تەمەنی تێپەڕیوە و بەهێز و خۆڕاگر ماوەتەوە. خوا بەرەکەتتان بدات!"
پلاگە دوای نیو سەعات ئارام و لەسەرخۆ لە بەردەم کارخانە وەستابوو. دوو پاسەوان کە لە گاڵتەکردنی کرێکارەکان تووڕە ببوون، جوێنیان پێ دەدان. بە بێ جیاوازی هەموو کەسێکیان دەپشکنی. پاسەوانێکی تر لەگەڵ کەسێکی چاوتیژ بەو ناوەدا دەسووڕانەوە.
دایکی لە کاتێکدا چانچوەکەی لە سەر ئەم شان دەخستە سەر شانەکەی تری، بە تیلەی چاو سەیری کرد. وای زانی دەبێت سیخوڕ بێت.
کەسێکی قاڵتاخی قژلوول کە کڵاوەکەی لە پشتەسەری دانابوو، بە سەر پاسەوانەکاندا نەڕاندی کە گیرفانەکانی دەگەڕان: "هیچوپووچینە، کڵاوەکان بگەڕێن نەک گیرفان".
یەکێک لە پاسەوانەکان وەڵامی دایەوە: "سەرت جگە لە رشک و

ئەسپێ هیچی تری تیا نییە".
کرێکارەکە وتی: "باشە، ڕشک و ئەسپێ بدۆزنەوە، شیاوی ئەو کارەن".
سیخوڕەکە مۆڕەیەکی لێ کرد و تفێکی کردە سەر زەوی.
دایکی وتی: "با بڕۆم، دەبینن بارەکەم قورسە... پشتم شکا".
پاسەوانەکە هاواری کرد: "بڕۆ ئەوەندە قسە مەکە".
پلاگە کاتێک گەیشتە شوێنی خۆی، مەنجەڵی سوپەکەی دانا. سەیری دەوروبەری کرد و عارەقی ناوچاوانی سڕی.
خێرا دوو پیاوی کلیلساز بە ناوی براکانی گۆسێڤ لێی نزیک بوونەوە. برای گەورە بە ناوی ڤاسیلی، برۆی بەرز کردەوە و بە دەنگی بەرز پرسی: "کولێرە بە شەکر و گۆشتت پێیە؟"
دایکی وەڵامی دایەوە: "بەیانی دەیهێنم".
ئەم ڕستەیە وشەی نهێنی بوو. ڕوخساری دوو براکە گەشایەوە. ئیڤان نەیتوانی خۆی بگرێت و هاواری کرد: "بە ڕاستی دایکێکی باشی".
ڤاسیلی دانیشت، سەیری مەنجەڵی سوپەکەی کرد و لە کاتێکدا بە نهێنی دەستەیەک لە نووسراوەکانی لە ناو جلەکەیدا شاردەوە، بە دەنگی بەرز وتی: "ئیڤان، بۆ بڕۆینەوە بۆ ماڵ، لێرە نانی نیوەڕۆ دەخۆین".
خێرا نووسراوەکانی کردە ناو جزمەکەی و دووبارە وتی: "دەبێت هاوکاری ئەم فرۆشیارە تازەیە بکەین".
ئیڤان پێکەنی و وتی: "ڕاستە".
دایکی جارناجار بە وریاییەوە لە دەوروبەری دەڕوانی و هاواری دەکرد: "سوپی گەرم، کەباب، وەرن، سوپی گەرم.
نووسراوەکانی بە نهێنی لە ناو جلەکانی دەردەهێنا و بێ ئەوەی ببینرێت، لە نێوان کرێکارەکان دابەشی دەکرد. هەر کاتێک دەستەیەک لە نووسراوەکانی لێ دەکەوت، لە ناکاو ڕوخساری

ئەفسەری جەندرمەری وەک پەڵەیەکی زەرد، هاوشێوەی تیشکی شقارتەی داگیرساو لە ژوورێکی تاریک، لە زەینیدا وێنا دەکرد.
دایکی لە دنیای خەیاڵدا پێی دەوت: "فەرموو کاکە، فەرموو ئەوەش بەشی تۆ..."
کاتێک بەستەیەکی دیکەی تەسلیم دەکرد، بە خۆشحاڵییەوە دەیووت: "وەرە، ئەوەش بەستەیەکی دیکە".
ژان گۆسیڤ، کاتێک کرێکارەکان قاپ بە دەست نزیک دەبوونەوە، بە دەنگی بەرز پێدەکەنی. دایکی دەستی لە دابەشکردن هەڵدەگرت، سوپی کەلەرم و شەعریەی فەرەنگی تێ دەکرد. ئەم دوو برایە بە گاڵتەوە دەیانووت: " دایکە پلاگە، زۆر زیرەکە".
شۆفێرێک بە خەمباری وتی: "کوڕەکەیان گرت... ئەم هیچوپووچانە... بایی سێ کوپەک سوپم بۆ تێکە... دایکە بەهێز بە... هەموو شتێک باش دەبێت".
دایکی بە بزەوە وەڵامی دەدانەوە: "سوپاس بۆ وتە جوانەکانتان".
کرێکارەکە لە کاتی دوورکەوتنەوە وتی: "ئەم وتە جوانانە بە قورسی لە سەرم ناکەوێت".
ئاسنگەرێک بە پێکەنین وەڵامی دایەوە: "پیاو کەسی نییە ئەم وتە جوانانەی پێ بڵێت".
دایکی بە سەرسوڕمانەوە لێی روانی و وتی: "ژیان وایە کوڕەکانم".
ڤاسیلی گۆسیڤ هەڵستا و لە کاتێکدا زۆر بە وردی قۆپچەی پاڵتۆکەی دادەخست، وتی: "خواردنی گەرمم خوارد و لەگەڵ ئەوەشدا سەرمامە". ڕۆیشت. براکەیشی هەڵستا و بە دەم فیکەلێدان دوور کەوتەوە.
دایکی جارجار هاواری دەکرد: "سوپی گەرم، کەباب، سوپی کەلەرم..."
بە خۆی دەوت: "یەکەم ئەزموونم بۆ کوڕەکەم دەگێڕمەوە. بەردەوام ڕوخساری زەرد و خەمباری کوڕەکەی لە بەرچاو بوو.

سمێڵە ڕەشـەكەی دەلەرییەوە و دڵتەنگییەكەی ئاشكرا دەكرد. لەژێر لێوی خـوارەوە، ددانـە سـپییەكەی دەدرەوشـایەوە. شـادومانی وەك باڵندەیەكی دەنگخـۆش لـە دڵـی دایكیدا گۆرانـی دەوت. لـە كاتێكدا زۆر شـارەزایانە كارەكەی ئەنجام دەدا، بە خۆی وت: "وەرە ئەمە یەكێكی تـر... یەكێكی تـر..."

# وێنەی (16)

بە درێژایی ڕۆژ هەستێکی تازە و دڵگیر و خۆش بە دایکیەوە دەبینرا. دەمەو ئێوارە، دوای کۆتایی هاتنی کارەکە سەرقاڵی چاخواردن بوو کە دەنگی پێی ئەسپێک لە نزیک پەنجەرەکە بەرز بۆوە و ئاوازێکی ئاشنای بە گوێ گەیشت. دایکی هەڵستا خێرا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. کەسێک بە هەنگاوە بەرزەکانی دەهات. چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەی کرد و پاڵی بە چوارچێوەی دەرگاکەوە دا. بە قاچ دەرگاکەی کردەوە.

دەنگێکی ئاشنا وتی: "سڵاو دایکە گیان. دەستە وشک و بەرزەکانی کەوتە سەرشانی دایکی. ئاندرێ بوو. بە هەمان ئەندازە کە بە بینینی شادومان بوو، تۆزی خەمیش لە سەر دڵی نیشت. ئەم دوو هەستە تێکەڵ بە یەک بوون و شەپۆلێکی سووتێنەریان پێکهێنا، ئاندرێ-ی لە ئامێز گرت. دایکی بێ ئەوەی قسە بکات، بە ئارامی دەگریا. ئاندرێ دەستی بە قژی دایکیدا هێنا و بە دەنگە خۆشەکەی وتی: "دایکە گیان مەگری. دڵنیات دەکەمەوە بەم زووانە ئازادی دەکەن. هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە. هاوڕێکانیشی هیچ شتێک نادرکێنن... پاڤڵ هەواڵی دەپرسی. حاڵی زۆر باشە. لە زیندان جێگە تەسکە، هەم لێرە و هەم لە شاریش نزیکەی سەد کەسیان گرتووە. لە هەر ژوورێک سێ یان چوار کەسیان جێ کردۆتەوە. ناتوانین ڕەخنە لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی زیندانەکە بگرین. خراپ نین، بەڵام لە بەر ئەوەی بەردەوام کار دەکەن، ماندوون. جەندرمەکان بەردەوام کاریان بۆ دەدۆزنەوە و کاریان پێ دەکەن، بەڵام زۆر سەختگیر نین، بەردەوام پێیان دەوتین، بەڕێزان کەمێک ئارام بن و مەبنە هۆی ئاژاوە و کێشە بۆ ئێمە... بەم شێوەیە دۆخەکە بە

گشتی باش بوو... دەمانتوانی قسە بکەین، کتێبمان دەگۆڕییەوە و خواردنەکانمان پێکەوە دابەش دەکرد. زیندانێکی دڵگیر بوو. کۆن و پیس، بەڵام ئارام و دڵبزوێن. تاوانبارە ناسیاسییەکانیش کەسانێکی باشن و خزمەتی زۆریان دەکردین".

"بوکین، من و چوار کەسی دیکەیان ئازاد کرد و بەم زووانە پاڤڵ-یش ئازاد دەکەن. لە بەر ئەوەی لەوێ لەگەڵ هەمووان باشە. وسێف چیکێف زیاتر لە هەمووان لەوێ دەمێنێتەوە، چونکە تووڕەیە و بەردەوام جوێنیان پێ دەدات. جەندرمەکانیش لێی بێزارن. سەرئەنجام دادگایی دەکەن. پاڤڵ هەوڵ دەدات ئارامی بکاتەوە و بەردەوام پێی دەڵێت: "نیکۆلا بێ دەنگ بە! جوێندان بەوانە هیچ سودێکی هەیە؟ بە جوێن باشتر نابن، بەڵام چیکێف دەڵێت رەگ و ریشەی ئەم دومەڵانە لە زەوی لە ناو دەبەم".

دایکی کە هەواڵی پاڤڵ-ی بیست، کەمێک نیگەرانییەکانی رەوییەوە و بە پێکەنینەوە وتی: "دەزانم بەم زووانە ئازادی دەکەن".

ئاندرێ سەیری دەکرد. زۆر لە دڵییەوە نزیک بوو. لە قووڵایی چاوە شینەکانی بروسکەیەکی خۆشەویستانە و کەمێک خەمبارانە دەدرەوشایەوە. لە دایکی پرسی: "بەم دواییانە چیت کردووە؟"

دایکی دوای ئەوەی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، وتی: "ئاندرێ تۆم زۆر خۆش دەوێت". سەیری ڕوخساری لاوازی ئاندرێ-ی کرد کە تازە ریشتی هاتبۆوە.

ئاندرێ لە سەر کورسییەکەی هەڵستا و وتی: "کەمێک خۆشەویستی بۆ ئێمە بەسە. دەزانم منت خۆش دەوێت، دڵت گەورەیە و دەتوانی هەموو خەڵکت خۆش بوێت".

دایکی پێداگرانە وتی: "تۆم زۆر خۆش دەوێت و دڵنیام ئەگەر دایکت هەبوایە، خەڵک ئیرەییان پێ دەبرد لەوەی کوڕێکی وەک تۆی هەیە..."

ئاندرێ سەری لەقاند و دەستەکانی لە یەک خشاند. بە ئارامی وت:

"منیش لە سوچێكی ئەم دنیایە دایكم هەیە".
پلاگە وتی: "دەزانی ئەمڕۆ چیم كرد؟" و بە پرتەپرت چیرۆكی بردنی نووسراوەكانی بۆ كارخانە بۆ گێڕایەوە.
ئاندریێ سەرەتا واقی وڕما. دواتر پەلەپیتكەیەكی لە سەری دا و بە خۆشحاڵییەوە وتی: "بە راست، ئەمە گاڵتە نییە! بابەتێكی جدییە. پاڤڵ خۆشحاڵ دەبێت. دایكە گیان كارێكی زۆر باشت كرد. هەم بۆ پاڤڵ هەم ئەو كەسانەی لەگەڵ ئەو زیندانی كراون".
لە خۆشیا فیكەی لێ دەدا و كورسیەكەی ئەمبارەوبار دەكرد. خۆشحاڵییەكەی گوڕوتینی زیاتری بە پلاگە بەخشی.
دایكی وەك ئەوەی دڵی كرابێتەوە و رووبارێك قسەی درەوشاوەی پیادا بڕوات، وتی: "ئاندریێ گیان، ئەو كاتانەی بیر لە ژیانی خۆم دەكەمەوە ئاخ! خوایە گیان!!... باشە بۆچی ژیاوم؟ بۆ كاركردن و لێدان خوارن. جگە لە مێردەكەم كەسم نەدەبینی، جگە لە ترس هیچم نەدەناسی. تەنانەت نەمبینی پاڤڵ چۆن گەورە بوو... تا ئەو كاتەی مێردەكەم لە ژیاندا بوو، نەمدزانی خۆشم دەوێت یان نا. بەردەوام بیر و خەیاڵم لای شتێكی دیكە بوو: "خواردن بدەم بەو ئاژەڵە دڕندەیە تاكو رازی و تێر بێت و تووڕە نەبێت و لانیكەم بۆ یەك جاریش بووە، لێم نەدات... بەڵام بیرم نییە یەك جاریش لێدانم بەرنەكەوتبێت... ئەوەندە بە رقەوە لێی دەدام، وەك بڵێی نەك تەنیا ژنەكەی تەمێ دەكات، بەڵكو تۆڵەی هەموو ئەو كەسانە دەكاتەوە كە رقی لێیان دەبۆوە... بیست ساڵ بەم شێوەیە ژیام... نازانم پێش هاوسەرگیری بارودۆخم چۆن بوو، بیرم نییە، هەركات هەوڵ دەدەم بە بیر خۆمی بێنمەوە، هیچ نابینم، وەك بڵێی ئەو كاتانە كوێر بووم. لەگەڵ ئیگۆر ئیڤانۆڤیچ خەڵكی یەك گوندین - بەم دواییە باسی ئەملاولامان دەكرد... ماڵەكانم بە بیر دەهاتەوە، كەسەكانم دەبینی، بەڵام فەرامۆشم كردبوو چۆن دەژیان، چیان دەوت و تەنانەت چیان بەسەر هاتووە. ئاگركەوتنەوەكانم بیر دێت، دوو جار ئاگر

کەوتنەوە... مێردەکەم ئەوەندەی لێداوم کە هیچ شتێک لە زەینمدا نەماوەتەوە... ڕۆحم بە تەواوی کەڕوکوێر بووە..."

دایکی هەناسەیەکی وەرگرت و هاوشێوەی ماسی کە لە ئاو هاتبێتە دەر، تامەزرۆیانە هەوای هەڵمژی. بۆ پێشەوە چەمایەوە و دەنگی نزمتر کرد و بەردەوام بوو: "کاتێک مێردەکەم مرد، پشتم بە کوڕەکەم بەست... ئەویش سەرقاڵی ئەم کارانەیە. جەرگم سووتا، بە خۆم وت ئەگەر ئەویش بمرێت، تاک و تەنیا چۆن ژیان بەسەر بەرم؟ چەندە خەم و خەفەت لە دڵما بوو.. بەردەوام دەترسام، کاتێک بیر لە چارەنووسی دەکەمەوە، ئاگرم تێ بەر دەبێت.."

بێ دەنگ بوو، بە ئارامی سەری لەقاند، دواتر بە دەنگێکی تایبەت درێژەی بە قسەکانی دا: "عەشقی ئێمەی ژن پاک نییە. ئێمە ئەوەمان خۆش دەوێت کە پێویستمانە... بەڵام هەرکات دەبینم تۆ بیر لە دایکت دەکەیتەوە، لە خۆم دەپرسم تۆ چ پێویستییەکەت بە دایکت هەیە؟ و هەموو ئەو کەسانەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک هەوڵ دەدەن و زیندانی دەکرێن یان بۆ سیبریا دوور دەخرێنەوە، لەوێ دەمرن یان لەسێدارەیان دەدەن یان ئەو کچانەی شەو و ڕۆژ لەژێر بەفر و باران و بە ناو قوڕ و چڵپاو، تاک و تەنیا بۆ بینینی ئێمە حەوت کیلۆمەتر ڕێگە دەبڕن... کێ بۆ ئەو کارە ناچاریان دەکات؟ هۆکارەکەی ئەوەیە لە دڵەوە دەیانەوێت ئەو کارە بکەن. ئەوان بڕوا و ئیمانیان هەیە ئاندری، بەڵام من نازانم بەو شێوەیە کەسێک یان شتێکم خۆش بوێت. من ئەو کەسەم خۆش دەوێت کە پەیوەندی بە خۆم و کەسە نزیکەکانمەوە هەیە".

ئاندرێ ئاوڕی دایەوە وەک هەمیشە دەستی بە ڕوخسار و چاوەکانیدا هێنا و وتی: "تۆیش دەتوانی بەو شێوەیە بی، ئەگەر شتێکیش لێت دوور بێت، لێی نزیک دەبیتەوە. هەمووان ئەو شتانەیان خۆش دەوێت کە لێیان نزیکن، بەڵام بۆ ئەو کەسەی دڵی گەورەیە، ئەگەر شتێک لە دووریشەوە بێت، لێی نزیک دەبێتەوە. تۆ بەو دڵە گەورەیەت

دەتوانی زۆر کەست خۆش بویێت، چونکە خۆشەویستی دایکانەی تۆ زۆر گەورەیە".
دایکی بە هێواشی وەڵامی دایەوە: "هیوادارم، هەندێک کات هەست دەکەم تۆم لە پاڤڵ زیاتر خۆش دەوێت... پاڤڵ زۆر لە ناو خۆیدایە... بابەتی خوازبێنی کردن لە ساشنکا-ی بە من نەوتووە".
ئاندریێ وتی: "ئەوە راست نییە! ئەوان بە راستی یەکتریان خۆش دەوێت. ئەو بۆ زەماوەند تەواو ئامادەیە، بەڵام پاڤڵ..."
دایکی بە خەمباری سەیری ئاندریێ-ی کرد و وتی: "بەڵێ، ڕاستە، مرۆڤەکان چاوپۆشی لە خۆیان دەکەن".
ئاندریێ وتی: "پاڤڵ کەسێکی تایبەتە! هاوشێوەی ئاسن..."
دایکی وتی: "ئێستا کە لە زیندانە. ئەمە دەبێتە هۆی نیگەرانی و پەرێشانی، بەڵام نەک وەک جاران... چونکە ژیان ئەو ژیانە نییە و رۆحیاتی منیش گۆڕاوە. ئیتر بە چاوی کراوە سەیری چواردەورم دەکەم. بۆ نمونە ئەگەر نیگەرانم، بۆ هەمووان نیگەرانم. ئێستا دڵم هەم خۆشحاڵە هەم خەمبار. زۆر شت هەیە تێی ناگەم، بەڵام زۆرم پێ ناخۆشە ئێوە بڕواتان بە خوا نییە، چارە نییە، بەڵام دەبینم و دەزانم کەسانێکی زۆر باشن، ژیانێکی دژوارتان بۆ خۆتان بڕیوەتەوە تاکو خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک بکەن و راستی بڵاو بکەنەوە... منیش هەستم بە راستی ئێوە کردووە: "تا ئەو کاتەی کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵات هەن، کۆمەڵانی خەڵک نە دادپەروەری، نە خۆشی و نە هیچ شتێکی دیکە بە دەست ناهێنن... وایە ئاندریێ... من لە ناو ئێوەدا دەژیم. هەندێک کات شەوان، رابردوو و هێزی بە فیرۆدراو و رابردووی تاڵم بیر دەکەوێتەوە... بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە، بەڵام ئێستا ژیانم باشتر بووە".
ئاندریێ هەڵستا، بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا، هەوڵی دەدا قاچی لە سەر زەوی رانەکێشێت، بیری دەکردەوە و لە ناکاو وتی: "ئەوەی دەیڵێن راستە. لە کێرچ، گەنجێکی جوولەکە ئەم هۆنراوەی وتبوو: "ئەو

بێ تاوانانەی کە کوژران، بە هێزی راستی زیندوو دەبنەوە". ئەم کەسە لە کێرچ بە دەستی پۆلیس کوژرا، بەلام گرنگ نییە. ڕاستی دەناسی و تۆوی راستی لە دڵی خەڵکدا چاند... ئێوە کەسانێکی بێ تاوانن کە دەکوژرێن... بابەتەکەی بە تەواوی پێکاوە".
پلاگە بەردەوام بوو: "قسە دەکەم، قسە دەکەم و گوێ لە قسەکانی خۆم دەگرم، بەلام بڕوا ناکەم، چونکە بە درێژایی تەمەنم بێ دەنگ بووم و تەنیا بیرم لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ئەوەی کە بە درێژایی ڕۆژ لە هەمووان دوور بم، کەس نەمبینێت بۆ ئەوەی بە نەناسراوی بمێنمەوە... بەلام ئێستا بیر لە هەمووان دەکەمەوە... ئەگەری هەیە بە باشی لە کارەکانی ئێوە تێ نەگەم... بەلام هەمووان لێم نزیکن. جەرگم بۆیان دەسووتێت و خوازیارم هەمووان بەختەوەر بن... بە تایبەت تۆ ئاندرێ-ی ئازیز".
ئاندرێ لێی نزیک کەوتەوە و وتی: "زۆر سوپاس دایە گیان. دەستی دایکی گرت، گوشی و خێرا ئاوڕی دایەوە".
پلاگە بەو هەموو گرژبوونە شەکەت بوو. ئاندرێ چەند هەنگاوێک بە ژوورەکەدا گەڕا و وتی: "دایکە گیان، پێویستە کەمێک دڵنەوایی وسێڤ چیکێف بدەیتەوە، باوکی لە زیندانە، پیرەپیاوێکی بێزارکەرە. کاتێک کوڕەکەی لە پەنجەرەوە دەیبینێت، جوێنبارانی دەکات و ئەمە باش نییە.. ئەو گەنجە، کوڕێکی باشە، مشک، سەگ... هەموو بوونەوەرەکانی خۆش دەوێت، جگە لە مرۆڤ. سەیر بکە بزانە تا چەند دەتوان کەسێک لە ناو بەرن!"
پلاگە بیرمەندانە وتی: "دایکی بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێک جێ بێڵێت، دیار نەماوە و باوکیشی دزێکی هەمیشە سەرخۆشە".
دایکی، کاتێک ئاندرێ ڕۆیشت بخەوێت، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، هێمای خاچی لە سەر سنگی کێشا و نیو سەعات دواتر بە ئارامی پرسی: "ئاندرێ، خەوت لێ ناکەوێت؟"
- نا، بۆچی؟

- هیچ، شەوباش!
ئاندریێ بە ڕێزەوە وەڵامی دایەوە: "سوپاس دایکە".

# وێنەی (17)

ڕۆژی دواتر، کاتێک دایکی و کەلوپەلەکانی گەیشتنە بەردەم دەرگای کارخانە، پاسەوان بە تووڕەیی ڕێگەی لێ گرت و فەرمانی پێ دا قاپەکانی دانێت و بە وردی پشکنینیان بۆ کرد.
لە کاتێکدا بێ گرنگیدان گیرفانەکانی دەگەڕان، وتی: "سوپەکە سارد دەبێتەوە".
یەکێک لە پیاوەکان بە دەنگێکی قێزەون وەڵامی دایەوە: "دەمت داخە".
یەکی تر شانی پاسەوانی یەکەمی گرت و پێی وت: "پێم نەوتی لە سەر دیوارەکانەوە هەڵیدەدەنە ناو حەوشەکە؟"
سیزۆفی پیر یەکەم کەس بوو هاتە لای. سەیری چواردەوری کرد و بە هێواشی پرسی: "دایکە، بیستت ئەو پیاوە چی وت؟"
- نا.
- دووبارە نووسراویان بڵاو کردۆتەوە، وەک خوێ لە هەموو شوێنێک ڕژاندوویانە... گرتن و پشکنین سودی نییە.. برازاکەم، مازین، لە زیندانە... کوڕەکەی تۆیش، بەڵام بڵاوکراوەکان وەک پێشتر بڵاو دەکەنەوە... کەواتە کاری ئەوان نەبووە".
سیزۆف وتی: "کاری کەسەکان نییە، بەڵکو کاری هزرەکانە... ناکرێت ڕێ لە فکر و هزر بگیرێت... ڕیشی گرت و دوور کەوتەوە و وتی: "بۆ قەت سەردانی ماڵمان ناکەیت؟ چا خواردنەوە بە تەنیا خۆش نییە". دایکی سوپاسی کرد و لە کاتێکدا هاواری بۆ خواردنەکەی دەکرد، بە وردی ئاگای لە جموجۆڵی ناو کارخانەکە بوو. هەموو کرێکارەکان شڵەژا و بەرچاو دەکەوتن، کۆ دەبوونەوە و دواتر بڵاوەیان لێ دەکرد. لە کارگەیەکەوە دەڕۆیشتنە کارگەیەکی تر.

دەنگەکان وررووژێنرابوون و شادومانی لە ڕوخسارەکان دەباری. لە هەوای پڕ لە دووکەڵ و دووژەنگدا، هەست بە شنەی ئازایەتی و دلێری دەکرا. هەندێک کات لە سوچ و کەنار دەنگی دەستخۆشی و هەندێک کات گاڵتە و هەڕەشە بەرز دەبۆوە. جۆش و خرۆشی گەنجەکان زیاتر بوو، بەڵام پیرەکان وشیارتر و بە بزەیەک رازی دەبوون. سەرکرێکارەکان بە خەمباری دەڕۆیشتن و دەهاتن. پاسەوانەکان غاریان دەدا. کاتێک سەروسەکوتیان دەردەکەوت، کرێکارەکان بە ئارامی لە یەک جیا دەبوونەوە، یان لە شوێنەکەیان دەمانەوە و بێ ئەوەی قسە بکەن، سەیری ڕوخساری تووڕە و سوورهەڵگەڕاوی پاسەوانەکانیان دەکرد.

کرێکارەکان پاک و خاوێن بەرچاو دەکەوتن. سیمای کوڕە گەورەی بنەماڵەی گۆسۆڤ لێرە و لەوێ دەردەکەوت. براکەی وەک سێبەر بە دوایەوە بوو و پێدەکەنی.

وەستایەکی دارتاش بە ناوی واڤیلۆڤ و ئیزایی، لێپرسراوی سەرژمێریی کرێکارەکان، خێرا لە بەردەم دایکی گوزەریان کرد. ئیزایی پیاوێکی کورتەباڵا و قەڵەو بوو، سەری بۆ دواوە و گەردنی بۆ لای چەپ لار کردبوو و سەیری ڕوخساری سارد و ئاوساوی دارتاشەکەی دەکرد. بە تووڕەیی وتی: "سەیر بکە ئیڤان ئیڤانۆڤیچ، لەگەڵ ئەوەی بابەتەکە وەک بەرێوەبەر دەڵێت بۆ لە ناو بردنی وڵاتە، بەڵام ئەمانە پێدەکەنن و خۆشحاڵن. دەسکەنە کردن سودی نییە، دەبێت بیکێڵین..."

واڤیلۆڤ کە دەستەکانی لە پشتەوە بوو و زەختی لە پەنجەی دەکرد، بە دەنگی بەرز وتی: "سەگبابینە... چیتان پێ خۆشە چاپ و بڵاوی بکەنەوە، بەڵام نەکەن سەبارەت بە من بنووسن".

ڤاسیلی گۆسۆڤ لە دایکی نزیک کەوتەوە و وتی: "خواردنم پێ بدە، خواردنەکانت خۆشە..."

دواتر چاوێکی لە دایکی داگرت و بە هێواشی وتی: "دەبینی، بە

مەبەستەكەمان گەیشتین. زۆر باش بوو... زۆر باش بوو دایە گیان".
دایكی هاوڕێیانە و بە سەر ئیشارەی كرد. لەوەی كە دەیبینی ئەم شەلاتییەی گەڕەك بە نهێنی و بە ڕێزەوە قسەی لەگەڵ دەكات، شادومان بوو. بە بینینی جۆش و خرۆشی كارخانە، بە خۆشحاڵییەوە دەیووت: "ئەگەر من نەدەبووم، بەم شێوەیەی لێ نەدەهات".
سێ كرێكار لە نزیك دایكی وەستان. یەك لەوان بە هێواشی و بە خەمباری وتی: "هیچم دەست نەكەوت..."
دووەم كەس وتی: "دەبێت خوێندەواریت هەبێت، من ناتوانم حونجەش بكەم، بەڵام دەبینم ئەوان بە هۆی نووسراوەكانەوە گورزێكی گەورەیان بەركەوت".
سێیەم كەس دوای ئەوەی لە چواردەوری ڕوانی، پێشنیاری كرد: "با بڕۆینە ئاگردانەكە بۆتان بخوێنمەوە".
گۆسۆڤ پێڵوەكانی لێك نا و لە بەر خۆیەوە وتی: "سەرئەنجام ئەم نووسراوانە كاریگەری خۆیان پیشان دەدەن".
پلاگە خۆشحاڵ گەڕایەوە. بە چاوی خۆی بینیبووی ئەوان بە بڵاوكردنەوەی نووسراوەكان ئامانجەكەیان پێكاوە".
بە ئاندرێ-ی وت: "كرێكارەكان زۆر بە داخن لەوەی كە خوێندەوارییان نییە. بە گەنجی دەمزانی بخوێنمەوە، بەڵام لە بیرم كردووە".
ئاندرێ وتی: "دەبێت دووبارە فێر ببیت".
- بەم تەمەنە؟ بۆ دەبێت كارێك بكەم خەڵك گاڵتەم پێ بكات؟"
بەڵام ئاندرێ كتێبێكی لە سەر ڕەفەكە داگرت و بە نووكی چەقۆكەی پیتێكی لە پیتەكانی ناو كتێبەكە پیشان دا و پرسی: "ئەوە چییە؟"
- ئەمەیان؟
- بەڵێ.
دایكی بێزار بوو. وای زانی چاوەكانی ئاندرێ بە نهێنی گاڵتەی پێ دەكات، لە بەر ئەوە چاوی لە سەر پیتەكە هەڵگرت، بەڵام دەنگی ئەم پیاوە نەرم و ئارام بوو. پلاگە سەیری كرد و بینی زۆر شێلگیرانە

پرسیار دەکات.
دایکی بێ ئیرادە پێکەنی و پرسی: "بە راستی دەتەوێت خوێندنم فێر بکەیت؟"
- بۆ نا؟ تاقی دەکەینەوە، چونکە فێری خوێندن بوون و ئێستایش دەتوانن پیتەکان بناسنەوە. ئەگەر سەرکەوتین، ئەوە باشتر، جگە لەوە خۆ زەرەرمان نەکردووە.
دایکی وتی: "بە حەڵوا حەڵوا کردن، زاری پیاو شیرین نابێت".
ئاندرێ سەری لەقاند، وتی: "لەم پەندانە زۆرە، یەکی تریان دەڵێت: "مرۆڤ هەرچی کەمتر بزانێت، ئاسودەتر دەخەوێت".
"سەرچاوەی هەموو ئەم پەندانە گەدەیە و، گەدەیش کەتوونێک بۆ رۆح دەچنێت تاکو باشتر بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.. ئەم پیتە چییە؟"
- ئێڵ.
- باشە سەیرکە بزانە چۆن جیا بۆتەوە... ئەمەیان؟
دایکی هەوڵی خۆی دا و چاوەکانی دەبەست و پیتەکانی بەبیر خۆی دەهێنایەوە. ئەوەندە بەوە سەرقاڵ بوو، هەموو شتێکی لە بیر کرد، بەڵام چاوەکانی ماندوو بوو. فرمێسکی شەکەتی و دواتر فرمێسکی خەم لە چاوەکانیدا کۆ بۆوە.
هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "دەبینی، لە سەرەمەرگدام و دەمەوێت فێری خوێندنەوە بم".
ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "مەگری! نەتدەتوانی بە شێوەیەکی تر ژیان بەسەر بەریت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا تێ دەگەی بە شێوەیەکی خراپ ژیانت بەسەر بردووە. هەزاران کەس هەن کە دەتوانن باشتر لە جەنابت ژیان بەسەر بەرن، بەڵام وەک ئاژەڵەکان دەژین و شانازی بە خۆیانەوە دەکەن کە ژیانیان باشە. ئاخر لە ژیانی ئەواندا چ شتێک باشی هەیە؟ ئەمرۆ کار دەکەن و دەخۆن و دووبارە بەیانی ئەمە دووبارە دەبێتەوە و تەواوی تەمەنیان بەم شێوەیە بەسەر

دەبەن. منداڵیان دەبێت، سەرەتا پێیانەوە سەرقاڵ دەبن و بوونی ئەوان بە هۆکاری چێژ و ئارامی خۆیان دەزانن، بەڵام کاتێک گەورە بوون و پێویستیان بە خواردنی زیاتر بوو، ڕووی ناخۆشی دایک و باوک دەست پێ دەکات، جوێنیان پێ دەدەن و دەڵێن زۆرخۆری چاوتێر نەبوو، خێرا گەورە بن و بڕۆن کارێک بدۆزنەوە. حەز دەکەن منداڵەکانیان وەک ئاژەڵێکی دەستەمۆ گەورە بن. منداڵەکان بۆ سکیان کار دەکەن و بەم شێوەیە ژیان دووبارە دەبێتەوە... لای ئەوان هیچ جۆرە شادییەک یان هزر و بیرێک لە ئارادا نییە کە ببێتە هۆی گەشانەوەی رۆح. هەندێک هەمیشە وەک هەژارەکان سواڵ دەکەن و هەندێک هاوشێوەی دزەکان، ئەوەی پێویستیان بێت، دەیدزن. یاسایەکی ستەمکارانە دانراوە و کەسانێکیان دیاری کردووە کوتەک و چەکیان پێیە و فەرمان بەمانە دەدەن بۆ ئەوەی خەڵک ناچار و گوێڕایەڵی یاساکان بکەن. ئەم یاسایانە هۆکاری ئارامی و ئاسایشن و ڕێگەمان پێ دەدات خوێنی مرۆڤ بمژین. کاتێک مرۆڤ لە بەرامبەر گوشارە دەرەکییەکان خۆی بەدەستەوە نەدات، پەنا بۆ پەندەکان دەبەن بۆ ئەوەی عەقڵی ملکەچ بکەن".

"بە هەمان شێوە کە پاڵی بە مێزەکەوە دابوو، بە چاوە بیرمەندەکانی سەیری دایکی دەکرد، بەردەوام بوو: "تەنیا ئەو کەسانە مرۆڤن کە زنجیرەکان لە جەستە و عەقڵی کەسانی تر دەکەنەوە و دەیپسێنن. وەک ئێوە کە بە ئەندازەی توانایی خۆتان ئەو کارەتان کرد".

پلاگە وتی: "من؟ چۆن دەتوانم..."

- بەڵێ، جەنابت، وەک باران کە هەر دڵۆپێکی بچوکی دنکە گەنمێک ئاو دەدات و کاتێک فێری خوێندنەوە بوون.

پێکەنین. هەڵستا و بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی کرد.

- بەڵێ، فێر دەبن و... کاتێک پاڤل بگەڕێتەوە، دەحەپەسێت.

دایکی وتی: "ئاندری، لە تەمەنی گەنجیدا هەموو شتێک ئاسانە، بەڵام لە پیریا، خەمەکان زۆرن و هێز کەمە و مێشکی مرۆڤ بە

باشی کار ناکات".
ئاندرێ شەو ڕۆیشتە دەر. پلاگە چرایەکی هەڵکرد و لای مێزەکە دانیشت و سەرقاڵی چنینی گۆرەوی بوو، بەڵام هەڵستا، بە گومانەوە چەند هەنگاوێک ڕۆیشت. دواتر ڕۆیشتە چێشتخانە و دەرگاکەی داخست و گەڕایەوە بۆ ژوورەکە. دوای ئەوەی پەردەکانی دادایەوە، کتێبێکی لە سەر ڕەفەکە هەڵگرت و لە پشت مێزەکە دانیشت. چاوی بڕییە سەر لاپەڕەکان و لێوەکانی دەبزواند... هەرکات دەنگێک لە کۆڵانەوە دەهات، بە ترس و لەرزەوە کتێبەکەی دادەخست و گوێی دەگرت. دوای ئەوە هەندێک کات بە چاوی بەستراو و، جارجاریش لە بەرخۆیەوە دەیووت: "ژ- ی- ا- ن"

# وێنەی (18)

لە دەرگایان دا. دایکی هەڵستا. کتێبەکەی خستە سەر رفەکە و بە نیگەرانییەوە پرسی: "کێیە؟"
- خۆمانین...
ریبین بوو. دوای سڵاو و هەواڵپرسی، چەند ساتێک دەستی بە ریشیدا هێنا و سەیرێکی ژوورەکەی کرد و وتی: "پێشتر بێ ئەوەی بپرسی کێیت، دەرگات دەکردەوە، بە تەنیای؟"
- بەڵێ؟
- گومانم کرد ئاندرێ لێرەیە... ئەمرۆ بینیم... زیندان، مرۆڤ گومڕا ناکات، ئەوە نەزانی ئێمەیە کە زیاتر لە هەر شتێکی تر دەبێتە هۆی لەناوچوونمان.
دانیشت و بەردەوام بوو: "زۆر باشە، دەمەوێت بابەتێکتان پێ بڵێم... دەبینی... بیر لە شتێک دەکەمەوە..."
گوماناوی دەهاتە بەرچاو و بووە هۆی نیگەرانی پلاگە. پلاگە لە بەرامبەری دانیشت و بێ ئەوەی قسە بکات، چاوەڕێ بوو.
ریبین بە دەنگێکی قورس و گڕاوی وتی: "بۆ هەر شتێک پارە پێویستە. نە هاتنە سەر دنیا و نە مردن، هیچی بەلاش نییە.. ئەم بڵاوکراوە و نووسراوانەش پێویستی بە پارەیە. دەزانی پارەی ئەمانە لە کوێوە دابین دەکرێت؟"
دایکی کە هەستی بە مەترسی کردبوو، بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "نازانم".
- منیش نازانم. لەگەڵ ئەوەدا کێ ئەم بابەتانە دەنووسێت؟
- زاناکان...
ریبین بە کورتی وتی: "ئاغاکان، ئەوانەی لە ئێمە گەورەترن. زۆر

شێلگیرانە قسەی دەكرد و ڕوخساری توكنی شۆڕ بۆوە.
"كەواتە ئاغاكان ئەم نووسراوانە دژی خۆیان دەنووسن كە فەرمانڕەوایی ئێمە دەكەن... ئەم كارە چ سودێكی بۆ ئەوان هەیە، پارەی خۆیان بە فیرۆ بدەن بۆ ئەوەی خەڵك دژی خۆیان هان بدەن... ها؟"
دایكی چاوەكانی نوقاند، دواتر چاوی كردەوە و هاواری كرد: "تۆ چۆن بیر دەكەیتەوە، ها؟"
ریبین وەك ورچێكی قورس لە سەر كورسییەكە جولا و لە قسەكەی بەردەوام بوو: "منیش كاتێك بیرم لەوە كردەوە، حەپەسام".
- بابەتەكە چییە؟ ئاگاداری؟
ریبین وەلامی دایەوە: "فریوە! هەست دەكەم فریو بێت. ئاگادار نیم، بەلام دڵنیام فرت و فێڵێك لە ئارادایە.. خانەدانەكان و خوێندەوارەكان دەیانەوێت فریومان..
نا! نا! من بڕوا ناكەم... ویژدانی ئەوان ناچاریان دەكات... نا، نییەتی خراپیان نییە".
ریبین بیرمەندانە پرسی: "باسی كێ دەكەیت؟"
- هەمووان، هەموو ئەو كەسانەی بینیومن، بێ جیاوازی، مامەڵە بە خوێنی مرۆڤەوە ناكەن".
عارەق لە ڕوخساری دەچۆڕا و پەنجەكانی دەلەرزین.
ریبین سەری داخست و وتی: "نابێت سەیری ئەوێ بكەیت، بەڵكو دەبێت دوور بڕوانیت. ئەوانەی لێمان نزیكترن، لەوانەیە خۆیان دركیان بەمە نەكردبێت.. پێیان وایە كارێكی باش دەكەن... ئەوانە لایەنگری راستین، بەلام ئەگەری هەیە لە پشت سەری ئەوان كەسانێك بن تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان بكەنەوە... مرۆڤ بێ هۆ دژی خۆی ناجولێتەوە".
وەك لادێییەك بە لاساری وتی: "لە دەستی ئاغاكان و خوێندەوارەكان قەت شتێكی باشمان دەست ناكەوێت!"

دایکی کە دووبارە گرفتاری گومانێکی نامۆ بوو، پرسی: "بڕیاری چیت داوە؟
- من؟
ریبین سەیری کرد، ساتێک بێ دەنگ بوو و دووپاتی کردەوە: "نابێت لەگەڵ ئەو کەسانەی لە سەروو ئێمەن، یەک بگرین. هەر ئەوە!"
ئینجا دووبارە بێ دەنگ بوو. وەک ماشەرەبەن لە خۆی دەئالا.
- دایکە، من دەڕۆم. دەمویست پەیوەستی هاوڕێکانم بم و هاوشێوەی ئەوان کار بکەم... بۆ ئەو کارە باشم... خوێندن و نووسین دەزانم و بە تایبەت دەزانم دەبێت چی بە خەڵک بڵێم، بەڵام ئێستا دەڕۆم بە شوێن کاری خۆما. ئێستا کە ناتوانم باوەڕ بکەم دەڕۆم. دەزانم دایکە، ڕۆحی خەڵک گلاو بووە... هەمووان چاوچنۆکن و دەیانەوێت قووتت بدەن وەک نێچیرێکی دەگمەن کە هەرکەس دەیەوێت هاورەگەزەکەی قووت بدات..."
سەری داخست و بیری کردەوە.
- خۆم بە تەنیا دەڕۆمە گوندەکان و کۆمەڵانی خەڵک هان دەدەم. دەبێ خەڵک بۆ بە دەستهێنانی ئازادی شۆڕش بکات، ئەگەر بتوانێت تێ بگات، دەلاقەیەک دەدۆزێتەوە... هەوڵ دەدەم پێیان بڵێم جگە لە خۆیان نابێ هیوایان بە کەس بێت و هیچ عەقڵێک لە سەروو عەقڵی خۆیانەوە نییە. هەر ئەوەندە..!
دایکی بەزەیی بە ریبین-دا دەهاتەوە و لە چارەنووسی دەترسا. هەرگیز ریبین-ی خۆش نەویستبوو، بەڵام ئەو سات لە دوای سات زیاتر لە دایکی نزیک دەبۆوە.
لە ناکاو بیری کردەوە: "پاڤڵ بە ڕێگەیەکدا دەڕوات و ئەمیش بە ڕێگەیەکی دیکەدا. ئەرکی پاڤڵ کەمتر دەبێت.
بە هێواشی پێی وت: "قۆڵبەستت دەکەن".
ریبین سەیری کرد و وتی: "دەمگرن، بەڵام دوای ئەوەی ئازاد

بووم، سەرلەنوێ دەست پێ دەکەمەوە".
- جووتیارەکان رادەستت دەکەن و ئەگەری هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان بمێنیتەوە..."
- دێمە دەر و دووبارە دەست پێ دەکەمەوە.. جووتیارەکان یەک-دوو جار رادەستم دەکەن، بەڵام دوای ئەوە تێ دەگەن کە بەرژەوەندییان لەوەدایە گوێ لە قسەکانم بگرن. پێیان دەڵێم: "باوەڕ بە قسەکانم مەکەن، تەنیا گوێ لەوان بگرن. ئەگەر گوێ بگرن، بڕوا دەکەن".
ئەو دووانە زۆر لەسەرخۆ قسەیان دەکرد، پێش ئەوەی شتێکیان بهێنایەتە سەر زمان، زۆر بە وردی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرد".
ریبین بەردەوام بوو: "دایە گیان، ئەم دوواییانە کە لێرە ژیاوم، زۆر شتم بینیوە. درکم بە هەندێکیان کردووە و ئێستا وادەزانم منداڵێک دەخەمە ژێر خاک".
دایکی بە دڵتەنگی سەری لەقاند و وتی: "میخائیل ئیڤانۆڤیچ، لە ناو دەچیت".
وەک نیشانەی پرسیار چاوە ڕەش و قووڵەکانی تێ بڕی. جەستەی بەهێزی بۆ پێشەوە چەمابۆوە. لە کاتێکدا لێواری کورسییەکەی گرتبوو، دەموچاوە ئەسمەرەکەی لە ناو ریشە ڕەشەکەیدا، ڕەنگ بزرکاو دەهاتە بەرچاو.
- دەزانی مەسیح سەبارەت بە دنکی گەنم چی وتووە؟ دنک دەبێت بمرێت بۆ ئەوەی لە چەکەرەیەکی نوێدا زیندوو ببێتەوە. من هێشتا لە مەرگ نزیک نەبوومەتەوە.
لە سەر کورسییەکە جوڵا و لەسەرخۆ هەڵستا.
- دەڕۆمە مەشروب فرۆشییەکە... ئاندرێ نایەت... لەوانەیە دووبارە دەستی بە کارکردن کردبێت.
دایکی بە بزەوە وتی: "بەڵێ، هەموویان وەک یەکن. کاتێک لە زیندان ئازاد دەکرێن، دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.
- دەبێت بەو شێوە بێت. ئەوەی پێم وتی بۆی باس بکە.

هەردووک بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشتن و بێ ئەوەی سەیری یەک بکەن، چەند رستەیەکی کورتیان ئاڵوگۆڕ کرد.

- زۆر باشە، ماڵئاوا.

- ماڵئاوا! کەی مووچەکەت وەردەگری؟

- وەرمگرت.

- کەی دەڕۆی؟

- بەیانی زوو.

- ماڵئاوا.

ریبین چەمایەوە و بە بێزارییەوە ڕۆیشتە دەر. دایکی ساتێک لە ناو دەرگاکە مایەوە. گوێی لە دەنگی ئەو هەنگاوە قورسانە دەگرت کە دوور دەکەوتەوە، هەروەها گوێی لە گومانەکانی ناو دڵی بوو. گەڕایەوە و کاتێک گەیشتە ژوورەکە، پەردەکەی لابرد و لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد. تاریکییەکی خەست شووشەکانی گرتەوە، وا دەردەکەوت شووشەکان بە دەمی داپچڕاو چاوەڕوانی شتێک بن. پلاگە بە خۆی وت: "من بە شەو دەژیم! هەر بە شەو". بەزەیی بەو جووتیارەدا دەهاتەوە. پیاوێکی چوارشانەی بەهێز و ریشی ڕەش بوو، بەڵام بەم وەسفەش وەک هەموو خەڵک شوێنەواری بێ دەرەتانی تیا دەبینرا.

ئاندرێ خۆشحاڵ و شادومان گەڕایەوە. کاتێک دایکی سەبارەت بە ریبین قسەی لەگەڵ کرد، ئاندرێ وتی: "زۆر باشە، با بڕوات و لە گوندەکان راستییەکان بڵاو بکاتەوە و کۆمەڵانی خەڵک بەئاگا بێنێتەوە. مانەوە لەگەڵ ئێمە بۆی دژوار بوو... ئەو بیرۆکانەی ناو مێشکی ڕێگە نادات بە ئەندێشەکانی ئێمە رازی ببێت".

دایکی بە وریایی وتی: "باسی دەوڵەمەند و ئاغاکان و کەسانی خوێندەواری دەکرد. دەیووت فێڵێک لە ئارادایە! ئەوان باشن بەو مەرجەی فریومان نەدەن".

ئاندرێ بە پێکەنین وتی: "ئەم بابەتە تۆ نیگەران دەکات؟ ئاخ، پارە!

خۆزگە دەمانبوو! هێشتا بە پارەی کەسانی تر دەژین. بۆ نمونە نیکۆلا ئیڤانۆڤیچ مانگانە حەفتا و پێنج روبڵ وەردەگرێت و مانگانە پەنجا روبڵ-ی بە ئێمە دەدات، ئەوانی تریش بە هەمان شێوە. خوێندکارە برسییەکانیش کە پارەکانیان کوپەک بە کوپەک کۆ دەکەنەوە، بڕێکی بۆ ئێمە دەنێرن. هەموو جۆرە مرۆڤێک هەیە... هەندێک فریومان دەدەن، هەندێک دەبنە لەمپەری پێشکەوتنمان. بەڵام باشترینیان ئەو کەسانەن تا سەرکەوتن لەگەڵمان دەمێننەوە".

دەستەکانی لە یەک خشاند و درێژەی بە قسەکانی دا: "بەڵام ئەم سەرکەوتنە هێشتا دوورە. لە چاوەڕانی ئەو ڕۆژە، 1ی ئایار، ڕێوڕەسمێکی بچوک ساز دەکەین و دڵنیام پڕ دەبێت لە شادی و کامەرانی".

قسەکانی ئەو، گومان و نیگەرانی لە دڵی رەواندەوە کە بە هۆی قسەکانی ریبین تووشی ببوو. ئاندرێ بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا و لە کاتێکدا قاچی بە دوای خۆیدا رادەکێشا، دەستی بە سەروسنگیدا هێنا، چاوی بڕییە زەوی و لە قسەکانی بەردەوام بوو: "خۆزگە دەتزانی چ هەستێکی سەیر و سەرنجڕاکێشم هەیە... پێم وایە دەڕۆمە هەر شوێنێک خەڵک هاوڕێمن و هەموومان هەڵگیرساوی یەک ئاگرین. هەموو باش و شادومانن و بێ ئەوەی قسە بکەن، درک بە یەک دەکەن. کەس هاوڕەگەزەکەی نارەنجێنێت و کەس پێویستی بەو کارە نییە. ژیان یەکسانە و هەرکەس سرووودی خۆی دەخوێنێت... هەموو سروودەکان وەک ئەو جۆگانەن کە دەبنە رووبار و بە ئارامی دەڕژێنە ناو دەریای درەوشاوەی ئازادی... بە خۆم دەڵێم، ڕۆژێک ئەم خەونە دەبێتە راستی. ئەگەر بمانەوێت بەو جۆرە بێت، دڵنیام دەبێت... ئەوسا دڵم پڕ دەبێت لە شادی.. ئەوەندە خۆشحاڵ دەبم کە دەمەوێت بگریم".

دایکی جوڵەی نەدەکرد بۆ ئەوەی قسەکانی نەبڕێت. هەمیشە بە وردی گوێی لە قسەکانی ئەو دەگرت، چونکە ئەو بە سادەیی قسەی

دەکرد و وتەکانی کاریگەری زیاتری لە سەر دڵ دادەنا. پاڤڵ-یش بیری لە داهاتوو دەکردەوە، کاتێک مرۆڤ پێ دەنێتە ئەم ڕێگەیە، چۆن دەکرێت کردەوەکانی جیا لەمە بێت؟ بەڵام پاڤڵ قەت هەستەکانی دەرنەدەبڕی و لەوەی کە بینیبووی، کەسی ئاگادار نەدەکردەوە. دایکی هەستی دەکرد ئاندرێ لە ڕوانگەی دڵیەوە سەیری داهاتوو دەکات. هەمیشە ئەفسانەکانی سەرکەوتنی مرۆڤەکان لە سەر زەوی، لە وتەکانیدا دووپات دەبۆوە و ئەم ئەفسانانە، واتای ژیان و کاری کوڕەکەی و هاوڕێکانی بۆ دایکی ڕوون دەکردەوە.

ئاندرێ سەری لەقاند و بەردەوام بوو: "کاتێک دێمەوە هۆش، کاتێک سەیری چواردەوری خۆم دەکەم، دەبینم هەموو شتێک سارد و پیسە و خەڵک هیلاک و تووڕەن..."

لە بەردەم پلاگە وەستا و بە دەنگێک کە خەمی لێ دەباری، وتی: "مەترسیدارە، چیتر ناکرێت بڕوا بە مرۆڤ بکەین. تەنانەت دەبێت لێی بترسین و بێزار بین. وەک بڵێی مرۆڤ دوو ناسنامەی هەیە: "ئەو دەیەوێت عەشق ببەخشێت و جگە لەوە هیچی ناوێت، بەڵام چۆن دەکرێت لە کەسێک خۆش بیت کە هاوشێوەی ئاژەڵێکی وەحشی پەلامارت دەدا و نایەوێت ڕۆحی زیندوو لە جەستەی تۆدا هەبێت و مستەکۆڵە لە ڕوخسارت دەدات؟ ئەوە بە هیچ جۆرێک شیاوی بەخشین نییە. لە بەر خۆم نییە، ئەگەر تەنیا خۆم بوومایە، بەرگەی هەموو سووکایەتییەکانم دەگرت، بەڵام نامەوێت لەگەڵ ستەمکارەکان ڕێککەوتن بکەم، نامەوێت سواربوون لە سەر پشتی من، ببێتە فێرگەی لێدانی ئەوانی تر".

ڕووناکییەکی سارد لە چاوەکانی درەوشایەوە. شێلگیرانە سەری دانەواند و لەسەرخۆ وتی: "لە هیچ کردەوەیەکی خراپ، تەنانەت ئەگەر زیان لە من نەدات، نابێت چاوپۆشی بکەم. من لە سەر زەوی تەنیا نیم. گریمان ئەمڕۆ سووکایەتیم پێ دەکرێت! گرنگی پێ نادەم و تەنانەت پێدەکەنم و وا خۆم پیشان دەدەم نەڕەنجاوم، بەڵام

بەیانی، ئەو كەسەی ئەمڕۆ سووكایەتی بە من كردووە، دەیەوێت پێستی كەسێكی دیكە كەوڵ بكات. لە بەر ئەوەیە نابێت هەمووان بە یەك چاو سەیر بكەین. دەبێت جڵەوی دڵمان بە دەستەوە بێت، دۆست و دوژمن لە یەك جیا بكەینەوە. ئەم كارە دادپەروەرییە، بەڵام دڵگیر نییە".
دایكی بێ ئەوەی هۆكارەكەی بزانێت، بیری ساشنكا و ئەفسەرەكە كەوتەوە. هەناسەیەكی هەڵكێشا و وتی: "چۆن دەكرێت بەو گەنمەی هێشتا نەچێنراوە، نان دروست بكەین؟"
ئاندرێ هاواری كرد: "بەدبەختیەكە لێرەدایە. دەبێت لە دیدێكی ترەوە بڕوانین، لە سنگی ئێمەدا دوو دڵ لێ دەدات، یەكیان خەڵكی خۆش دەوێت و ئەوی تر ئاگادارمان دەكاتەوە".
دایكی وتی: "بەڵێ، ڕاستە".
لە یادگەیدا، وێنەی مێردە زەبەلاح و مۆنەكەی وەك بەردێكی گەورەی داپۆشراو بە قەوزە، نەخشی بەست. بیری لە ناتاشا كردەوە كە شووی بە ئاندرێ كردووە، هەروەها وێنای بەیەكگەیشتنی ساشنكا و كوڕەكەی كرد.
ئاندرێ بە خۆشحاڵی درێژەی بە قسەكانی دا و وتی: "هۆكاری ئەوە چییە؟ ئەوەندە روون و ئاشكرایە، تەنانەت بۆ پێكەنین دەبێت. هۆكارەكەی ئەوەیە خەڵك لە یەك ئاستدا نین. كەواتە ئەوەندە بەسە بیانخەینە یەك ئاست. دواتر ئەوەی عەقڵ دروست كردووە و ئەو شتانەی بە دەست دروست كراون، بە شێوەی یەكسان لە نێوانیان بەش بكەین، ئەو كات یەكتر لە كۆیلایەتی ترس و زنجیری تەماح و كەریەتی رزگار دەكەین!"
ئاندرێ و دایكی بە زۆری سەبارەت بەم بابەتانە گفتوگۆیان دەكرد.
ئاندرێ دووبارە لە كارخانە دامەزرابوو. تەواوی داهاتەكەی بە پلاگە دەدا و ئەویش بە هەمان شێوە كە پارەی لە پاڤل وەردەگرت، پارەكانی ئاندرێ-شی وەردەگرت.

هەندێک کات ئاندریێ بە پێکەنینەوە پێشنیاری بۆ دایکی دەکرد:
"چۆنە پێکەوە کتێبێک بخوێنینەوە، ها؟"
پلاگە بە گاڵتەوە رازی نەدەبوو. بزەی ئاندریێ ناچاری دەکرد و بە خۆی دەوت: "ئێستا کە پێدەکەنی بۆچی لەم بارەوە گفتوگۆ بکەین؟"
دایکی واتای ئەو وشانەی نەیدەزانی لە ئاندریێ-ی دەپرسی و ئەویش هەستی کرد دایکی بە نهێنی دەخوێنێت.
ئاندریێ وەڵامی دایەوە: "یەکشەمەی داهاتوو پێکەوە دەڕۆینە شار بۆ لای دکتۆرێکی ناسیاوی من. پشکنین بۆ چاوت دەکات و ئەگەر پێویستی کرد چاویلکەت بۆ دادەنێت".

# وێنەی (19)

دایکی سێ جار لە زیندان سەردانی پاڤل-ی کرد، بەلام هەرجارە و فەرماندەی جەندرمەکان بە رووخۆشی مۆڵەتی بینینی پێ نەدا.
- دایکە، هەفتەیەکی تر. زووتر لەوە ناکرێت. هەفتەکەی تر وەرنەوە. ئەمڕۆ ناکرێت.
فەرماندە لەشولارێکی خڕوخەپانی هەبوو و دایکی دەخستە بیری تەماتەی گەییو کە ئەوەندە لە دووکانی میوەفرۆشی ماوەتەوە بە توێژاڵێک لە کەڕوو داپۆشرابێت. بەردەوام بە چیلکەیەکی نوک تیژ ددانە سپی و وردەکانی پاک دەکردەوە، چاوە ورد و سەوزەکانی پێدەکەنی و دەنگی هاوڕێیانە و گەرم بوو.
دایکی بۆ ئاندرێ-ی دەگێڕایەوە: "ئەو پیاوە بەڕێزە، بەردەوام بزە دەکات، بەلام بە بۆچوونی من کارێکی باش نییە، چونکە کەسێک کە پیشەکەی ئەوەیە، نابێت بەو شێوەیە بێت".
- بەڵێ، بەڵێ، ئەوانە کەسانێکی میهرەبان و دەم بە پێکەنینن. پێیان دەڵێن: "سەیری ئەم پیاوە ژیر و شەریفە بکەن، بۆ ئێمە مەترسیدارە، کەواتە لە سێدارەی بدەن. پێدەکەنن و مرۆڤ ناچار دەکەن لەگەڵ ئەوان پێ بکەنێت".
دایکی وتی: "ئەوەی بۆ پشکنین هاتە ماڵەکەمان، کەسێکی سادەتر بوو، بەلام خێرا دەرکەوت چەند هیچوپووچە".
- ئەوانە ئیتر مرۆڤ نین، بەڵکو چەکوش و کەرستەن بۆ کەڕوکاس کردنی کۆمەلانی خەڵک. سودەکەیان ئەوەیە کارێکمان پێ بکەن دەوڵەت بە ئاسانی بتوانێت کەڵکمان لێ وەربگرێت. ئەوان لە لایەن ئەو دەستانەی کە ئێمە بەڕێوە دەبەن، دروست کراون و دەتوانن بێ چەندوچوون فەرمانەکان جێبەجێ بکەن".

- ورگی چەند زلە..
- بەڵێ، ورگ هەرچەند گەورەتر بێت، ڕۆح نزمترە.
سەرئەنجام مۆڵەتی دیداریان دا. ڕۆژی یەکشەمە، دایکی ڕۆیشتە ژووری چاوپێکەوتن و لەخۆبوردووانە لە سوچێک دانیشت. لەو ژوورە بەرتەسک و بۆگەنەدا، چەند کەسێکی دیکەش دەبینران.
بێ گومان یەکەم جار نەبوو ئەم کەسانە دەهاتنە ئەوێ، لە بەر ئەوەی یەکتریان دەناسی و گفتوگۆیان دەکرد.
ژنێکی قەڵەو کە ڕوخساری ژاکاو و جانتاکەی لە سەر ئەژنۆی بوو، وتی: "ئەمرۆ بەیانی لە یەکەم نوێژی (پاکبوونەوە) قەشەی پێش نوێژ دووبارە گوێچکەی یەکێک لە منداڵەکانی کۆڕی سرووودی ڕاکێشا و ئەوەندەی نەمابوو لە بنەوە دەریبێنێت".
پیاوێکی بەتەمەن کە جلوبەرگی سەربازی لەبەر بوو، بە دەنگی بەرز کۆکی و وتی: "ئەو منداڵانەی لە کڵێسا سروود دەخوێنن، ئەوەندە بێ ڕێزن!.."
پیاوێکی وردی کەچەڵ کە بەردەوام بێ وەستان لە ناو ژوورکەدا پیاسەی دەکرد، بە نیگەرانی وتی: "خەرجییەکانی ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ گرانتر دەبێت و لە بەر ئەوەیە خەڵک لە جاران زۆر خراپتر بووە. کاتێک دەبێت یەک کیلۆ گۆشتی مانگای پلە دوو بە چواردە کوپەک و نان بە دوو کوپەک بکڕن، دیارە لەوە باشتر نابن."
هەندێک جار چەندین زیندانی بە جلوبەرگی خۆڵەمێشی وەکیەک و پێڵاوی چەرمی دەهاتنە ناو ئەو ژوورە نیوە تاریکە و چاوەکانیان دەکردەوە و دەبەست. یەکیان زنجیری لە پێدا بوو. هەست بە ئارامییەکی سەیر دەکرا. وەک بڵێی هەموویان زۆر لەمێژ بوو بە بینینی ئەم دیمەنانە ڕاهاتبوون. هەندێکیان دانیشتبوون و ئەوانی تر چاوەڕێی نۆرەیان دەکرد. هەندێکیش بە دەنگێکی شەکەت و ماندوو لەگەڵ زیندانییەکان قسەیان دەکرد.
دڵی دایکی بێ سەبرانە دەلەرزی. بە شڵەژانەوە سەیری چواردەوری

کرد و سادەیی پڕکارەساتی ژیان، حەپەساندی.
پیرەژنێکی وردیلە لای دانیشتبوو و گوێی لە قسەکانیان دەگرت و بە روانینێکی سەرسوڕهێنەر، سەیری هەموو شتێکی دەکرد.
دایکی بە ئارامی لێی پرسی: "بۆ سەردانی کێ هاتوویت؟"
پیرەژن بە دەنگێکی پاراو وەڵامی دایەوە: "کوڕەکەم، خوێندکاری زانکۆیە. ئەی جەنابت؟"
- کوڕەکەی منیشیان گرتووە، بەڵام ئەو کرێکارە.
- ناوی چییە؟
- ڤێلاسیێف.
- نایناسم، دەمێکە لێرەیە؟
- حەوت هەفتە.
پیرەژن بە سەربەرزی وتی: "کوڕەکەم دە مانگە لێرەیە".
ژنێکی باڵابەرز کە جلوبەرگی ڕەشی پۆشیبوو و ڕوخساری باریک و زەردهەڵگەڕاو دەردەکەوت، بە هێواشی وتی: "بەم زووانە هەموو مرۆڤە بەشەرەفەکان زیندانی دەکەن. بە راستی ژیانێکی بێزارکەرە!"
پیرەپیاوی کەچەڵ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵێ، کەس تاقەتی نەماوە. هەمووان بێزار و تووڕەن. نرخەکان ڕۆژ بە ڕۆژ گرانتر دەبێت و لە ئەنجامدا بەهای کەسەکان دێتە خوار... هیچ ڕێککەوتن و سازانێک لە ئارادا نییە..."
کابرای سەربازی وتی: "زۆر راستە! پشێوی و ئاژاوەیەکی سەیرە! دەبێت دەنگێکی بەهێز فەرمان بدات: بێ دەنگ بن! ئەوەمان پێویستە، دەنگێکی بەهێز."
گفتوگۆکە گشتگیرتر و هەست بزوێنتر دەبوو. هەر کەسە و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ژیان دەردەبڕی، بەڵام هەموویان بە هێواشی قسەیان دەکرد. دایکی بە هۆی ئەم قسانە هەستی بە شتێکی نامۆ کرد. لە ماڵەکەی زۆر راشکاوانەتر قسە دەکرا.
پاسەوانێکی قەڵەو کە ریشی چوارگۆشە بوو، هاواری کرد: "خاتوو

ڤیلاسیف!"
سەروژێری دایکی بەراورد کرد و وتی: "وەرە!"
بە شەلەشەل دوور کەوتەوە. دایکی دەیویست پێشی بکەوێت. سەرئەنجام لە ژوورێکی بچوک پاڤڵ-ی بینی کە دەستی بۆ لای دایکی درێژ کردبوو و پێدەکەنی. دایکی دەستی گرت و لە کاتێکدا بە دەم بزەوە چاوەکانی لە سەر یەک دانا، بە هێواشی وتی: "سڵاو... سڵاو.."
پاڤڵ دەستی دایکی گوشی و وتی: "دایکە ئارام بە".
- بەسەرچاو، بەسەرچاو.
پاسەوانەکە وتی: "دایکە، کەمێک دوور بوەستە بۆ ئەوەی مەودایەک لە نێوانتانا هەبێت... یاساکان بەو جۆرەیە".
پاڤڵ پرسیاری تەندروستی دایکی و بارودۆخی ماڵەوەی کرد. پلاگە چاوەڕوانی پرسیاری دیکەی دەکرد و لە چاوی کوڕەکەیدا بۆی دەگەڕا، بەڵام دەستی نەکەوت. پاڤڵ وەک هەمیشە ئارام و کەمێک زەرد هەڵگەڕابوو. چاوەکانی گەورەتر دەنواند.
دایکی وتی: "ساشنکا هەواڵتی دەپرسی".
پێڵوەکانی پاڤڵ لەرینەوە و ڕوخساری بە بزەیەک گەشایەوە. تاڵییەکی سووتێنەر دڵی دایکی ئازار دا. بە تووڕەییەکی لە ناکاو درێژەی بە قسەکانی دا: "بەم زووانە ئازادت دەکەن؟ بۆ تۆیان گرت؟ ئەگەر لە بەر بڵاوکراوەکانە، خۆ هێشتاش بڵاو دەکرێنەوە!"
چاوەکانی پاڤڵ دەبریسکایەوە.
وتی: "بە ڕاستی؟"
پاسەوانەکە بە تووڕەیی وتی: "باسکردنی ئەو شتانە قەدەغەیە، تەنیا دەبێت سەبارەت بە خێزانەکەتان قسە بکەن.."
دایکی وەڵامی دایەوە: "ئەی ئەم شتانە خێزانی نین؟"
پاسەوانەکە وتی: "نازانم، تەنیا دەزانم قەدەغەیە.
پاڤڵ وتی: "دایکە، باسی ماڵەوە بکە، خۆت چی دەکەی؟"

دایکی کە هەستی دەکرد وەک گەنجێک بوێرە، وەڵامی دایەوە: "هەموو شتێک بۆ کارخانە دەبەم. بە پێکەنین درێژەی بە قسەکانی دا: "سوپ، کەباب و هەموو جۆرە خواردنێک... ئەوەی ماریا دروستی بکات..."

پاڤڵ لە مەبەستەکەی دایکی تێگەیشت و بە دەنگێکی دڵگیر و شیرین کە پلاگە چاوەڕێی نەدەکرد، وتی: "دایکە گیان، دایکی ئازیزم، خۆشحاڵم سەرقاڵییەکت بۆ خۆت دۆزیوەتەوە، بەم شێوەیە بێزار نابیت... وایە؟"

پلاگە وتی: "کاتێک نووسراوەکان بڵاو کرانەوە، منیشیان پشکنی".

پاسەوان دەیویست تووڕە ببێت و وتی: "دووبارە لەو قسانەتان کردووە. دەڵێم قەدەغەیە، ئازادی لە کەسەکە دەستێنن بۆ ئەوەی لەو شتانە بە دوور بێت و تۆیش باسی ئەو شتانەی بۆ دەکەی. دەبێت بزانی ئەو قسانە لێرە قەدەغەیە".

پاڤڵ وتی: "دایکە گیان، چیتر باسی ئەو بابەتانە مەکە. ماتیۆ ئیڤانۆڤیچ پیاوێکی باشە، نابێت بێزاری بکەیت. پێکەوە هەڵدەکەین... ئەمڕۆ بەڕێ کەوت لێرەیە، بە گشتی بەڕێوەبەری زیندان دێت و ماتیۆ دەترسێت شتی زۆر باس بکەیت".

پاسەوانەکە سەیری سەعاتەکەی کرد و وتی: "کاتەکەتان تەواو بوو".

پاڤڵ وتی: "سوپاس دایکە، نیگەران مەبە... بەم زووانە لێرە دێمە دەر". لە ئامێزی گرت و ماچی کرد. کردەوەکانی کاریگەری لە سەر دایکی دانا و لە هەمان کات خۆشحاڵی کرد و گریا.

پاسەوان هاواری کرد: "جیا ببنەوە. بە بۆڵەبۆڵ دایکی بردە دەر".

- مەگری... بەم زووانە ئازاد دەکرێت. زۆر کەسیان ئازاد کردووە، چونکە ئیتر شوێن نەماوە... ژمارەیان لێرە زۆر زۆرە..."

پلاگە گەڕایەوە بۆ ماڵ. ئاندرێ پرسی: "پاڤڵت بینی؟"

- بەڵێ، بە ئاماژە قسەم لەگەڵ کرد و ئەویش لە مەبەستەکەم

تێگەیشت.
- هەناسەیەکی خەمباری هەڵکێشا و دووبارە وتی: "بەڵێ، تێگەیشت، ئەگینا بەو شێوەیە ماچی نەدەکردم، چونکە یەکەم جاری بوو..."
ئاندری بە پێکەنینەوە وتی: "خەڵک شتی زۆریان دەوێت، بەڵام دایکی تەنیا چاوەڕێی سۆز و خۆشەویستییە".
پلاگە بە سەرسوڕمانەوە وتی: "ئەو دایک و باوکانەی هاتبوون، بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان دەکرد وەک بڵێی بەو دۆخە ڕاهاتوون. منداڵەکانیان لە زیندانن، بەڵام ئەوان زۆر گرنگی پێ نادەن. دێن، دادەنیشن و چاوەڕێ دەبن و گفتوگۆ دەکەن. کاتێک خوێندەوارەکان ئەوەندە بە باشی بەم دۆخە ڕادێن، دەبێت چاوەڕوانی چی لە کرێکارەکان بکەین؟"
ئاندرێ بە پێکەنین وەڵامی دایەوە: "زۆر ئاساییە، بەڵام یاسا بە شێوەیەکی نەرمتر لەگەڵ ئەوان هەڵسوکەوت دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئێمە، چونکە پێویستی بەوانە، بەڵام ئەم یاسایە دەست و پێی ئێمەی بەستووە بۆ ئەوەی نەتوانین جووتە بوەشێنین".

# وێنەی (20)

شەوێک کە دایکی سەرقاڵی چنین بوو، ئاندرێ بە دەنگی بەرز کتێبی شۆڕشی کۆیلەکانی رۆمی دەخوێندەوە، لە ناکاو لە دەرگایان دا. ئاندرێ دەرگای کردەوە. وسێف چیکێف بوو. بە دەنگێکی سەیر وتی: "لێرەوە تێدەپەڕیم، بینیم چرای ژوورەکەتان داگیرساوە، وتم با سەرێکتان لێ بدەم. ئێستا لە زیندان ئازاد بووم". دەستی دایکی گرت و وتی: "پاڤڵ سڵاوی لێ دەکردن. بە گومانەوە لە سەر کورسییەکە دانیشت. بە نیگایەکی گوماناوی چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا.

دایکی رقی لێی بوو. لە ناو کەڵلەی زل و بەئامێربووەکەی و چاوە وردەکانیدا شتێک دەبینرا کە ئەو پیرەژنە هەمیشە لێی دەترسا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بە بینینی خۆشحاڵ بوو، بە بزە و سۆزی دایکانە پێی وت: "زۆر لاواز بوویت... ئاندرێ چای بۆ بێنە".

ئاندرێ لە چێشتخانەکە وەڵامی دایەوە: "ئەوە سەماوەرەکە هەڵدەکەم".

- پاڤڵ چۆنە؟ جگە لە تۆ کەسی دیکەیان ئازاد کرد؟

وسێف سەری داخست و وەڵامی دایەوە: "پاڤڵ هێشتا لە زیندانە... بەڵام پێم وتن با بڕۆم، چیتر تاقەتم نەماوە... ئەگینا دەتانکوژم. منیان ئازاد کرد. ئەم کارەیان باش بوو، چونکە بەڵێنەکەم دەبردە سەر".

دایکی لێی دوور کەوتەوە و وتی: "بەڵێ".

کاتێک چاوی کەوتە سەر دەموچاوە گڕوێکەی ئەو پیاوە، برژانگەکانی بێ ئیرادە دەلەرزی.

ئاندرێ لە چێشتخانەکەوە وتی: "فێدیا مازین چۆنە؟ بەردەوامە لە

شێعر وتن؟"
وسێف سەری لەقاند و وتی: "بەڵێ. لە کارەکانی تێ ناگەم، ئەو لە کەناری دەچێت، دەیخەنە ناو قەفەس، بەڵام لە خوێندن بەردەوامە، کەنارییەکی زیندانی دەتوانێت چی بکات؟ تەنیا یەک شت دەزانم و ئەویش ئەوەیە نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵ".
دایکی بیرمەندانە وتی: "بە ڕاست، لەو ماڵەدا چی دەکەیت؟ ماڵێکی چۆڵ و سارد و بێ ڕۆحە، دەبێت ئەوێ زۆر سارد بێت..."
وسێف بێ دەنگ بوو. چاوەکانی داخست و قوتووە جگەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند. بە نیگا، سەیری دووکەڵە خۆڵەمێشییەکانی سەر سەری دەکرد کە بزر دەبوون و لە ناکاو قاقایەکی سەیری کێشا کە لە وەڕینی سەگێکی تووڕە دەچوو: "بەڵێ، دەبێت هەوای ماڵەکەم سارد بێت.. بە دڵنیاییەوە پڕە لە قالۆنچەی ڕەق هەڵاتوو... پێم وابێت مشکەکانیش لە سەرما تیاچوون... پلاگە، ڕێگە بدە ئەمشەو لە ماڵەکەی تۆ بم... ڕێگە دەدەی؟"
بێ ئەوەی سەیری دایکی بکات، قسەی دەکرد.
پلاگە خێرا وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".
هەرچەندە خولقی دەکرد و نەیدەزانی چی پێ بڵێت، بەڵام وسێف کە دەنگی بە شێوەیەکی سەیر خەمی لێ دەباری، درێژەی بە قسەکەی دا: "ئێستا ڕۆژگارێکە منداڵ شەرم لە دایک و باوکی خۆی دەکات..."
دایکی لە شوێنەکەی ڕاچەنی و وتی: "چی؟"
سەیرێکی کرد، پێڵوەکانی داخست و دووبارەی کردەوە: "دەڵێم منداڵ بە هۆی دایک و باوکی شەرمەزارە، مەترسە مەبەستم تۆ نییە، تۆ قەت نابیتە هۆی شەرمەزاری بۆ پاڤڵ، بەڵام من ڕقم لە باوکمە و خۆشم ناوێت و نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. چیتر نە باوکم هەیە نە شوێنی حەوانەوە... ئێستا پۆلیس بە دوامدا دەگەڕێت، ئەگینا دەڕۆیشتم بۆ سیبریا... وا بزانم ئەو کەسەی سەختی کێشاوە

دەتوانێت زۆر کار لە سیبریا بکات... ئەوانەی دوور خراونەتەوە، ئازادم دەکردن و ڕێگەی هەڵاتنم بۆ دەدۆزینەوە".
دایکی هەستی کرد وسێف بە هۆی بابەتێکەوە ئازار دەچێژێت، بەڵام نەیدەزانی بۆ بەزەیی پێیدا نایەتەوە و چونکە نەیدەویست بە بێ دەنگی بیرەنجێنێت، وتی: "بەڵێ، هەڵبەتە، کەواتە وا باشە بڕۆی..."
ئاندریێ لە چێشتخانەکە هات و بە پێکەنینەوە پرسی: "چی دەڵێی دایکە، ها؟"
دایکی هەڵستا و وتی: "دەڕۆم خواردن ئامادە دەکەم".
وسێف چیکێف سەیرێکی ئاندریێ-ی کرد و وتی: "دەڵێم کەسانێک هەن پێویستە بکوژرێن".
ئاندریێ بە ئارامی پرسی: "ها، بۆچی؟"
- بۆ ئەوەی ئیتر نەمێنن.
- کەواتە ئەو مافەت هەیە مرۆڤە زیندووەکان بکەیتە لاشەیەکی بێ گیان؟ ئەو مافەت لە کوێ بە دەست هێنا؟
- خەڵک ئەو مافەم پێ دەدەن.
ئاندریێ هەڵستا و بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد. وسێف دووبارەی کردەوە: "خەڵک ئەو مافەیان پێ داوم. کاتێک شەقم تێ هەڵدەدەن، مافی خۆمە بەرگری بکەم و شەق لە قەپۆزیان هەڵدەم... ئەگەر کاریان بە سەر منەوە نەبێت، منیش کارم بە کەس نابێت. سوێند دەخۆم ئەگەر ڕێگە بدەن بەو شێوەیەی دەمەوێت بژیم، بە ئارامی دەژیم بێ ئەوەی ببمە ئەرک بۆ کەس. گریمان بمەوێت لە ناو دارستان ژیان بە سەر بەرم. کەپرێک لە قەراخ ڕووبار بۆ خۆم دروست دەکەم و لەوێ تاک و تەنیا دەمێنمەوە..."
ئاندریێ شانی بەرز کردەوە و وتی: "کەواتە ئەو کارە بکە".
وسێف پرسی: "ئێستا؟"
سەری لەقاند و مشتێکی لە ئەژنۆی خۆی دا و وتی: "تازە مەحاڵە

ئەوە بکرێت!"
- کێ ڕێگەت لێ دەگرێت؟
- خەڵک، تا سەرەمەرگ هۆگریانم.. بە داوی کینە لە دڵم ئاڵاون... خراپ منیان بەستووەتەوە... ئەمە داوێکی پتەوە... لێیان بێزارم و بۆ هەر شوێنێک بڕۆم ناهێڵن بە ئاسودەیی بژیم. دەبینە ئەرک بۆ یەکتر. من لێپرسراوی خۆمم، تەنیا لێپرسراوی خۆم و ناتوانم لێپرسراوی کەسی تر بم.. ئەگەر باوکم دزە..."
ئاندرێ لە وسێف نزیک کەوتەوە و وتی: "ئاخ!"
- سەری ئیزایی گریڤ دەپەڕێنم. دەیبینی!
ئاندرێ زۆر شێلگیرانە پرسی: "بۆچی؟"
وسێف وەک دوژمنێک سەیری ئاندرێ-ی کرد و وتی: "بۆ ئەوەی چیتر سیخوڕی و دووزمانی نەکات. ئەو بووە هۆی ئەوەی باوکم بکەوێتە ڕێگەی خراپ، باوکم دەیەوێت ببێتە پۆلیسی نهێنی و چاوی لە یارمەتی ئەوە".
ئاندرێ هاواری کرد: "بە راستی سەیرە! بەڵام کێ لە بەر خاتری باوکت سەرکۆنەت دەکات؟ گەمژەکان".
- گەمژەکان و هەروەها کەسانی تێگەیشتوو. بۆ نمونە تۆ کوڕێکی ژیریت، پاڤڵ-یش.. ئایا بەو شێوەیەی لە یەک دەڕوانن یان سەیری فێدیا مازین یان سامۆئیلۆڤ دەکەن، بە هەمان شێوە سەیری منیش دەکەن؟ درۆ مەکە، چونکە باوەڕت پێ ناکەم... ئێوە هەمووتان دوورەپەرێز دەوەستن و خۆتان لە من دوور دەخەنەوە..."
ئاندرێ لای دانیشت و بە میهرەبانی پێی وت: "هاوڕێ، ڕۆحت نەخۆشە..."
- بەڵێ، ڕۆحی ئێوەیش لە کلۆڵە...تەنیا وا دەزانن برینەکانتان لەوەی من چاکترە... هەموو وەک کەسانی هیچوپووچ لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەین... قسەکەم ئەوەیە... دەتەوێت چ وەڵامێکم بدەیتەوە؟"

مۆڕەی لە ئاندریێ دەکرد و ددانەکانی دەرکەوت، چاوەڕوانی وەڵام بوو. ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوی کاریگەری لێ نەدەکرا. لێوە ئەستوورەکانی دەلەرزی. وەک ئەوەی بە شلەیەکی گەرم سووتابێت. ئاندریێ بە بزەیەکی گەرم و بە چاوە شینەکانی دڵنەوایی وسێف-ی دەکرد: "وەڵامت نادەمەوە. دەزانم گفتوگۆ کردن لەگەڵ کەسێک کە دڵی بریندارە، تەنیا دەبێتە هۆی بێزاری ئەو، دەزانم هاوڕێ".

وسێف سەری داخست و لە بەر خۆیەوە وتی: "بەڵێ، گفتوگۆم لەگەڵ ناکەن، چونکە نایزانم".

ئاندریێ بەردەوام بوو: "وا بزانم هەر کام لە ئێمە بە پێی پەتی بە سەر وردە شووشەدا ڕۆیشتووین و چەندین کاتژمێری ژیانمان بە تاڵی بە سەر بردووە".

وسێف وتی: "هیچ شتێک ناتوانێت هێورم بکاتەوە، تەنانەت قسەکانی تۆ. ڕۆحم وەک گورگ دەلوورێنێت..."

- نامەوێت دڵنەواییت بکەم. تەنیا ئەوە دەزانم ئەم دۆخەت بەردەوام نابێت، لەوانەیە ئێستا نەبێت، بەڵام دڵنیام کۆتایی دێت..

ئاندریێ پێکەنی و دەستی خستە سەر شانی وسێف و بەردەوام بوو: "هاوڕێ، هەمووومان گرفتاری ئەوە بووین.. ئەم نەخۆشییە پەلاماری کەسانی وەک ئێمە دەدات، بەڵام ئەو کاتەی تاک و تەنیاین و هێشتا واتای ژیان نازانین و ئەو شوێنەی تایبەتە بە خۆمان، نایناسینەوە، وا دێتە بەرچاو کە تەنیا مرۆڤی ڕاستەقینە لە سەر زەوی خۆیەتی و دەیەوێت هەمووومان قووت بدات. دوای ماوەیەک، کاتێک دەبینی جگە لە سنگی تۆ، ڕۆحی پاک لە سنگی کەسانی دیکەشدا هەیە، ئۆقرە دەگریت... بەڵام لە بەر ئەوەی وات زانیوە لە کۆنسێرتی جیهانیدا، تەنیا تۆ نۆتی ڕاستت ژەنیوە و دەتویست بڕۆیتە سەر بورجی زەنگی کلێسا و لە کاتێکدا زەنگەکەت ئەوەندە بچوکە کە لە ناو زەنگەکانی تری شادومانی ڕۆژانی جەژندا بە گوێ ناگات، شەرمەزار دەبیت و دواتر هەست بەوە دەکەیت تەنیا دەنگێکیت بە

دژواری دەبیستریێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو کۆڕی ژەنیارانی بەتوانا و خاوەن شکۆ، بوونی راستەقینەت پێویستە... تێ دەگەی مەبەستم چییە؟"
وسیێف سەری لەقاند و وتی: "تێ دەگەم، بەڵام بڕوا بە قسەکەت ناکەم".
ئاندرێ پێکەنی، هەڵستا و بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد: "منیش سەرەتاکان بڕوام نەدەکرد... هاها، عارەبانە!"
وسیێف مۆڕەیەکی لە ئاندرێ کرد و وتی: "بە من دەڵێی عارەبانە؟"
- ئاخر زۆر هاوشێوەی عارەبانەیت!
وسیێف دەمی تا بناگوێی کردەوە و پێدەکەنی.
ئاندرێ سەرسوڕماو لە بەردەمی وەستا و وتی: "چیتە؟"
- بە خۆم دەوت ئەو کەسەی سووکایەتی بە تۆ بکات گەمژەیە!
ئاندرێ شانی بەرز کردەوە و وەڵامی دایەوە: "چۆن دەکرێت کەسێک سووکایەتی بە من بکات؟"
وسیێف بزەیەکی کرد: "نازانم، بەڵام دەزانم ئەو کەسەی سووکایەتی بە تۆ بکات، دواتر لای ویژدانی شەرمەزار دەبێت".
ئاندرێ بە پێکەنین وتی: "دەتویست دۆخەکە بگەیەنیتە ئەم ئاستە!"
دایکی بانگی کرد: "ئاندرێ سەماوەرەکە بێنە".
کاتێک ئاندرێ سەماوەرەکەی برد، وسیێف لە بەردەم ئاوێنە وەستا: "ماوەیەکی زۆر بوو دەم و قەپۆزی خۆم نەبینیبوو".
بە دەم بزەوە سەری لەقاند و دووبارە وتی: "زۆر ناشیرینم".
ئاندرێ بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکرد و وتی: "گرنگە بەلاتەوە؟"
وسیێف وتی: "ساشنکا دەڵێت ڕوخساری مرۆڤ پیشاندەری رۆحیەتی".
ئاندرێ وتی: "ئەم قسەیە راست نییە. ئەو خۆی لووتی خوارە و ئێسقانی گۆنای وەک مقەستێکی نووک تیژە، بەڵام رۆحی وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە".

بۆ نان خواردن لە سەر مێزەکە دانیشتن.
وسێف پەتاتەیەکی گەورەی هەڵگرت و خوێی بە لەتە نانێکەوە کرد و وەکو گورگ سەرقاڵی خواردن بوو.
بە دەمی پڕ، لە قسەکردن بەردەوام بوو: "بە راست بارودۆخی ئێرە چۆنە؟"
کاتێک ئاندرێ بە تامەزرۆیی بۆی دەگێڕایەوە کە پڕوپاگەندی سۆسیالیسی لە ناو کارخانە چەندە زۆر و بەربڵاوە، دووبارە خەم لە سەر سیمای نیشت و بە تووڕەیی وتی: "ئەم قسانە زۆر درێژە دەکێشێت، دەبێت خێرا بڕۆینە پێش".
دایکی سەیری کرد. ئاگری دوژمنایەتی لە ناخیدا بڵێسەی دەدا.
ئاندرێ وتی: "ژیان ئەسپ نییە بە لێدانی قامچی بۆ پێشەوەی بەریت".
بەڵام وسێف پێداگرانە بەردەوام بوو: "زۆر درێژە دەکێشێت، بەرگەی ئەوە ناگرم! دەبێت چی بکەم؟"
بە دڵساردی سەیری ئاندرێ-ی کرد و چاوەڕوانی وەڵام بوو.
ئاندرێ سەری داخست و وتی: "ئێمە دەبێت فێر بین و کەسانی دیکەش فێر بکەین. ئەرکی ئێمە ئەوەیە".
وسێف پرسی: "کەی خەبات دەست پێ دەکەین؟"
- پێش ئەوەی ئەو خەباتە دەست پێ بکەین، چەند جارێک شکستمان دەدەن.
"ئەوە دەزانم، بەڵام نازانم کەی کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە دێت. بە بڕوای من سەرەتا دەبێت مێشکی خەڵک چەکدار بکەین و پاشان دەستیان..."
وسێف بێ دەنگ دووبارە دەستی بە خواردن کردەوە. دایکی بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، سەیری ڕوخساری گڕوێی وسێف-ی دەکرد و هەوڵی دەدا شتێکی تیا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی رق و کینەی وسێف لە دڵیدا نەهێڵێت. ئاندرێ هەردوو دەستی بە سەریەوە

گرتبوو، هەندێک کات بە گرژی قسەی دەکرد و پێدەکەنی، هەندێک کات قسەکەی دەبڕی و بە فیکە ئاوازی لێ دەدا.
دایکی وای زانی هۆکاری نیگەرانی و پەرێشانی وسیێف دەزانێت. وسیێف کەمدوو بوو. هەرکات ئاندرێ سەبارەت بە بابەتێک پرسیاری لێ دەکرد، بە کورتی و بێزاری وەڵامی دەدایەوە.
ئاندرێ و پلاگە هەستیان کرد شوێنەکەیان لە یەک ژوور تەسکە و ناتوانن میوانداریی وسیێف بکەن، بەڵام وسیێف هەڵستا و وتی: "زۆر هیلاکم، ماوەیەکی زۆر لە زیندان بووم. ئێستا دەمەوێت بخەوم".
بە ڕۆیشتنی ئەو بۆ چێشتخانە، بێ دەنگییەکی ترسناک باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. دایکی بە چپە بە ئاندرێ-ی وت: "بیرکردنەوەکانی مەترسیدارە".
ئاندرێ سەری لەقاند و وتی: "کوڕێکی سەربزێوە! بەڵام باش دەبێت! کاتی خۆی وەک ئەو بووم. کاتێک دڵی مرۆڤ بە تینەوە ناسووتێت، دووکەڵ دەکات... دایکە برۆ بخەوە، من کتێب دەخوێنمەوە."
پلاگە ڕۆیشتە جێگەکەی. ئاندرێ کە لە بەردەم مێزەکە دانیشتبوو، دۆعا و ناڵەکانی دایکی دەبیست. لە کاتێکدا خێرا لاپەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدەدایەوە، ناوچاوی پاک دەکردەوە و سمێڵی با دەدا و قاچی رادەوەشاند... دنگی میلی سەعاتەکە لە ناو ژوورەکەدا دەبیسترا. باهۆز خۆی بە شووشەکاندا دەکێشا و دەینالاند.
دایکی بە ئارامی وتی: "خوایە گیان، ژمارەی مرۆڤەکان لەم دنیایە چەندە زۆرە؟ هەرکەس بە جۆرێک گازندە لە ژیانی خۆی دەکات. کەسانی بەختەوەر لە کوێن؟"
ئاندرێ وتی: "کەس بەختەوەر نییە، بەم زووانە ژمارەیان زیاد دەکات، زۆر زیاد".

# وێنەی (21)

ڕۆژەکان خێرا تێدەپەڕی، بەڵام ئەوەندە هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر بوو، چیتر نەدەبووە هۆی پەشۆکانی دایکی. شەوانە زیاتر لە جاران خەڵکی نەناسراو سەردانی ماڵی پلاگە-یان دەکرد. بە هێواشی و نیگەرانی لەگەڵ ئاندریێ دەدوان. دواتر درەنگانی شەو، سەریان لە ناو یەخەی پاڵتۆکەیان دەشاردەوە و لە شەوەزەنگدا ماڵەکەیان جێ دەهێشت. مرۆڤ هەستی دەکرد هەرکام لەوان جۆش و خرۆشی خۆی دەشارێتەوە و هەموویان حەزیان دەکرد ئاواز و گۆرانی بڵێن، بەڵام دەرفەتی ئەو کارەیان دەست نەدەکەوت، چونکە هەمیشە پەلەیان بوو. هەندێکیان ڕەخنەگر و بەڕێز، هەندێک شاد و هەندێک بیرمەند و بێ دەنگ بوون. بە بۆچوونی دایکی، لەواندا شوێنەواری سووربوون و بڕوا بەخۆبوون دەبینرا. هەموو ئەو ڕوخسارانە لای ئەو، هەرچەندە زۆر جیاواز بوون، بەڵام لە شێوەی ڕوخسارێکی لاواز، ئارام، بە بڕشت، ڕووناک، دڵگیر و شێلگیر، هاوشێوەی مەسیح لە ئەمائۆس بوون.

پلاگە ڕوخسارەکانی دەژمارد و وەکو ژمارەیەکی زۆر کە دەوری پاڤڵ-یان گرتبێت، وێنای دەکردن. شەوێک کچێکی چالاک و قژلوول لە شارەوە هات. پاکەتێکی بۆ ئاندریێ هێنابوو، لە کاتی ڕۆیشتن بە ڕوخسارە گەش و درەوشاوەکەی بە دایکی وت: "ماڵئاوا هاوڕێ".

دایکی بەری بە پێکەنینی خۆی گرت و وتی: "بە خێر چیت."

دوای بەڕێکردنی ئەو، لای پەنجەرەکە وەستا و سەیری هاوڕێکەی کرد کە شادومان وەک گوڵێکی بەهاری و چالاک وەک پەپولە بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیشت.

کاتێک کچەکە دیار نەما، دایکی بە خۆی وت: "ئاخ کچی خۆم!

هیوادارم بۆ هەموو تەمەنت هاوڕێیەکی باشت دەست بکەوێت".
پلاگە، زۆر جار لە ناخی ئەوانەی لە شارەوە دەهاتن، نهێنییەکی منالآنەی دەبینی و بزەیەکی میهرەبانی بۆ دەکردن، بەلآم لە هەمان کات، ئەو بڕوایەی زیاتر لە جاران هەستی پێ دەکرد، کاریگەری لە سەر دادەنا و مەیلیان بۆ دادپەروەری و سەرکەوتن، خۆشحالّی پێ دەبەخشی. کاتێک سەبارەت بەوە قسەیان دەکرد، بێ ئیرادە هەناسەی هەلّدەکێشا. خەمێکی نامۆ دایدەگرت، بەلآم ئەوەی کاریگەری لە سەر دادەنا، سادەیی و لەخۆبوردەیی بێ هاوتا و جوامێرانەی ئەوان بوو.
کاتێک میوانەکانی سەبارەت بە ژیان گفتوگۆیان دەکرد، درکی بە زۆر شت دەکرد. هەستی دەکرد بە راستی سەرچاوەی راستەقینەی بەدبەختییەکانی مرۆڤیان دۆزیوەتەوە. پلاگە راهاتبوو بۆچوونەکانیان پشتڕاست بکاتەوە، بەلآم لە ناخی خۆیدا بڕوای نەبوو بتوان ژیان بە پێی بیرکردنەوەکانیان بگۆڕن یان بۆ راکێشانی هەموو کرێکاران بە ئەندازەی پێویست هێزیان هەبێت. ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم ڕێگە دوورە دەگرنە بەر، کەم دەبێت. تەواوی مرۆڤەکان نایبینن کە ئەم ڕێگەیە مرۆڤ بەرەو نیشتمانی ئەفسانەی یەکسانی و برایەتی ڕێنوێنی دەکات. لە بەر ئەوە، هەموو ئەو کەسانەی بە منداڵ لە قەلّەم دەدا، هەرچەند ریش و موو بە ڕوخساریانەوە دەبینرا.
سەری لەقاند و بیری کردەوە: "ئازیزەکانم!"
هەموویان ژیانیان باش و تێکەڵ بە ژیری و زیرەکی بوو. هەموویان باسی چاکەیان دەکرد و ئارەزوومەند بوون ئەوەی دەیزانن فێری خەلّکی بکەن و بێ درێغی و لە خۆبوردووانە ئەو کارەیان دەکرد. دایکی دەیزانی مرۆڤ ئەگەری هەیە ژیانێکی وەها مەترسیداری خۆش بوێت و بە دەم ئاخ هەلّکێشان، سەیری رابردووی دەکرد کە وەک ڕێگەیەکی تەسک و تاریک و بێ کۆتا بەردەوام بوو. بێ ئەوەی خۆی هەست بکات، وردە وردە شعوری پێویستبوون بۆ ئەم

ژیانە نوێیەی لا دروست دەبوو. پێشتر هەرگیز بوونی خۆی بۆ هیچ کەسێک بە پێویست نەزانیبوو و ئێستا دەیبینی ژمارەیەکی زۆر خەڵک پێویستیان پێیەتی. ئەم هەستە نوێ و دڵگیرە دەبووە هۆی ئەوەی دووبارە سەری بەرز رابگرێت.

بەردەوام بە هەستکردن بە بەرپرسیاریتی و بە فێڵی جۆراوجۆر، نووسراو و بڵاوکراوەکانی دەبردە ناو کارخانە. پاسەوانەکان لە بەر ئەوەی بە بینینی راهاتبوون، چیتر گرنگیان پێ نەدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک کەلوپەلەکانیان پشکنی، بەڵام هەمیشە رۆژێک دوای ئەوەی نووسراوەکان بڵاو دەبۆوە، ئەو کارەیان ئەنجام دەدا. کاتێک نووسراوەکانی پێ نەبوو، بە جۆرێک هەڵسوکەوتی دەکرد کە پاسەوانەکان گومانی لێ بکەن و کاتێک دەیانپشکنی و هیچیان نەدەدۆزییەوە، بە تانەوتەشەر شەرمەزاری دەکردن.

بەڕێوەبەری کارخانە ڕێگەی نەدا وسێف چیکێف بگەڕێتەوە سەر کارەکەی و ناچار وەک کرێکار لای دارتاشێک دەست بە کار بوو. لە بەیانییەوە تاکو شەو لە ناو گەڕەک بە دوای دار و تەختەدا دەگەڕا. دایکی هەموو ڕۆژ دەیبینی لەگەڵ جووتێک ئەسپی ڕەش کە قاچیان لەژێر بارەکە دەلەرزی. ئەم ئەسپانە هی پیرەپیاوێک بوون. سەریان شەکەت و ماندوو دەجوڵا. لاواز بوون. لە پشت سەریان دارێکی گەورەی تەڕ یان کۆڵەبارێک تەختە دەبینرا کە دەنگی تەقەتەقیان تا کۆتایی کۆڵانەکە دەڕۆیشت. وسێف بە جلوبەرگە کۆن و دڕاوەکەی و جزمە قورسەکانی، لە کاتێکدا کڵاوەکەی تا سەر گوێچکەی دەهێنایە خوار، بێ ئەوەی هەوساری ئەسپەکان بگرێت، لە تەنیشتیانەوە دەڕۆیشت و سەری رادەوەشاند. سەیری زەوی دەکرد بۆ ئەوەی هیچ شتێک نەبینێت. ئەسپەکانی بە کوێرەکوێر بەرەوڕووی ئەو عارەبانانە دەڕۆیشتن کە رووبەڕوویان دەهاتن. لە دەوروبەری وسێف هاتوهاوار و جوێنی زۆر دەبیسترا. وسێف چیکێف بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە و وەڵامیان بداتەوە، بە

شێوەیەکی ناخۆش فیکەی لێ دەدا و بە سەر ئەسپەکاندا دەیبۆڵاند:
"دەی ئەو جوێنانە بخۆ، نۆشت بێ!"
هەرکات هاوڕێیان بۆ خوێندنەوەی گۆڤار یان دواژمارەی ڕۆژنامە لە ماڵەکەی ئاندرێ کۆ دەبوونەوە، وسێف-یش دەهات. گەنجەکان دوای کۆتایی هاتنی کار، ماوەیەک گفتوگۆیان دەکرد، بەڵام وسێف هەرگیز بەشداری ئەو باسانەی نەدەکرد و لە دوای هەموویانەوە دەڕۆیشت. کاتێک لەگەڵ ئاندرێ بە تەنیا دەمایەوە، دەیپرسی: "کێ لە هەمووان تاوانبارترە؟"
- ئەو کەسەی پێش هەمووان وتی: "ئەمە موڵکی منە، ئەمە هی منە".
ئاندرێ بە پێکەنینەوە، بەڵام بە چاوێکی نیگەران، پێی دەوت: "هەزاران ساڵ بە سەر مەرگی ئەو کەسەدا تێدەپەڕیت، کەواتە گۆڕان بۆ بەو بێ سودە".
- ئەی دەوڵەمەندەکان؟ ئەوان مافیان هەیە؟
ئاندرێ سەری گرت، سمێڵی بادا و زۆر بە سادەیی و ڕاشکاوی سەبارەت بە ژیانی خەڵک دوا، بەڵام هەمیشە وتەکانی ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوتەوە کە هەموو خەڵک تاوانبارە. وسێف حەزی بەم بابەتە نەدەکرد و بە بێ متمانەیی دەیووت وا نییە.
- دەبێت کەسێک یان کەسانێک تاوانبار بن... دەبێت بێ بەزەییانە ژیان لە بنەوە بکێڵین وەک کێڵگەیەک کە بە هەرزەگیا داپۆشراوە.
دایکی وتی: "ئیزایی، لێپرسراوی سەرژمێری کرێکارەکان ئەم قسەیەی کرد، ڕۆژێک کە باسی تۆی دەکرد".
وسێف دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، پرسی: "ئیزایی؟"
- بەڵێ! کەسێکی خوێڕییە! بەردەوام چاودێرە و لە بۆسەی خەڵکدایە، گوێ هەڵدەخات. ئێستا شەوان بە ناو کۆڵانەکاندا دەسوڕێتەوە و لە پەنجەرەکانەوە سەیر دەکات...
وسێف وتی: "لە پشت پەنجەرەکەی ئێوە؟"

دایکی لە سەر قەرەویڵەکەی ڕاکشابوو، نەیدەتوانی ڕوخساری وسێف ببینێت، بەڵام کاتێک ئاندریێ خێرا و بە ئاوازێکی ناوبژیوانیکەرانە هاواری کرد: "گرنگ نییە، با بێتە ئەم کۆڵانە و سەیری پەنجەرەکە بکات! دەرفەتی هەیە، با بۆخۆی بسووڕێتەوە".
پلاگە زانی چ قسەیەکی کردووە.
وسێف بە دەنگێکی گڕ وتی: "نا بوەستە، تاوانبار خۆیەتی!"
ئاندریێ پرسی: "لە چ ڕوویەکەوە تاوانبارە؟ لە بەر کەریەتی؟"
وسێف بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە ڕۆیشت.
ئاندریێ لەسەرخۆ و بە هیلاکی، لە حاڵێکدا قاچە باریکەکانی وەک قاچی جاڵجاڵۆکە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد، وەک هەمیشە جزمەکانی دەرهێنابوو بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت و نەبێتە ئەرک بۆ دایکی، بەڵام دایکی خەوی لێ نەدەکەوت.
پلاگە دوای ڕۆیشتنی وسێف بە نیگەرانی وتی: "لەم پیاوە دەترسم، دەڵێی زۆپایەکە و سوور بۆتەوە، ئیتر گەرمی نابەخشێت، بەڵکو دەسووتێنێت."
ئاندریێ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، کوڕێکی تووڕەیە. دایکە هەرگیز سەبارەت بە ئیزایی قسەی لەگەڵ مەکە. ئیزایی بە ڕاستی سیخوڕە و بۆ ئەو کارە پارە وەردەگرێت".
- سەیر نییە، باشترین هاوڕێی جەندرمەیەکە.
ئاندریێ بە نیگەرانی لە قسەکانی بەردەوام بوو: "وسێف ڕۆژێک قوڕگی دەبڕێت، بزانن فەرمانڕەواکانی چینی سەرەوە چ هەستێک لە ناو کەسانی چینی خوارەوە دروست دەکەن... هەرکات تەواوی ئەو کەسانەی هاوشێوەی وسێف-ن، درک بە دۆخی خۆیان بکەن و خۆڕاگرییان لەدەست دا، خوایە گیان چی ڕوو دەدات؟ لافاوی خوێن هەڵدەستێت و زەوی بە بەرگێکی سووری خوێناوی دادەپۆشرێت".
دایکی هاوشێوەی کەسێکی نەخۆش قسەی دەکرد: "ئاندریێ گیان،

مەترسیدارە!"
- دوژمنەکانمان سزای کارەکانیان وەردەگرن و بەم وەسفە هەر دڵۆپێک لە خوێنی ئەوان پێشتر بە لافاوێک لە فرمێسکی خەڵک شۆردراوەتەوە...
دای لە قاقای پێکەنین و وتی: "ئەمە دادپەروەرییە، بەڵام سوکنایی بە دڵ نادات".
ئاندریێ: "هاوڕێیان فیداکردنی ژیان لە ڕێگەی ئامانج و بڕواکانمان کارێکی دژوار نییە. خوێنی ئێمە نەمامی ئازادی ئاو دەدات لە کاتێکدا خوێنی دوژمنەکانمان بۆگەن دەکات و لە ناو دەچێت بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێک لە خۆی جێ بێڵێت. سەرکەوتن بۆ چەوساوەکانە."

# وێنەی (22)

ڕۆژێکی یەکشەمە، پلاگە بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵ، ڕۆیشتە دەرەوە. کاتێک گەڕایەوە، دەنگی پاڤڵ-ی بیست.
ئاندرێ هاواری کرد: "ئەوەتا!"
پاڤڵ خێرا بەرەولای دایکی ڕۆیشت و لە ئامێزی گرت و ماچبارانی کرد. پلاگەی سەرسوڕماو و شڵەژاو لە بەر خۆیەوە وتی: "سوپاس بۆ خوا، گەڕایتەوە!"
پاڤڵ ڕەنگی پێوە نەمابوو، بەلای دایکیدا چەمایەوە. وردە فرمێسک لە گلێنەی چاویدا دەدرەوشایەوە، لێوەکانی دەلەرزی. ساتێک بێ دەنگ بوو، پلاگە بێ ئەوەی قسە بکات، سەیری دەکرد.
ئاندرێ سەری داخست و بە فیکەلێدان لە بەردەمیان گوزەری کرد.
پاڤڵ بە پەنجە لەرزۆکەکانی دەستی دایکی دەگوشی و بە ئارامی دەیووت: "سوپاس دایکە، زۆر سوپاس".
پلاگە کە لە بینینی پاڤڵ و چۆنییەتی قسەکردنی هاتبووە جۆش، دەستی بە قژی کوڕەکەیدا دەهێنا، وتی: "خوا ئاگادارت بێت کوڕم! بۆ سوپاسی من دەکەیت؟"
- بۆ ئەوەی لەو کارە گرنگەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، هاوکاریمان دەکەیت! سوپاس دایکە گیان! شانازییەکی گەورەیە پیاو بتوانێت بڵێت دایکی لە قوڵایی دڵیەوە هاوکاری دەکات".
پلاگە وەڵامی نەدایەوە، بەڵام تامەزرۆیانە قسەکانی پاڤڵ-ی قووت دەدا و بە چێژەوە لێی دەڕوانی. پاڤڵ بە ڕوخسارێکی گەش و دەم بە بزە لە بەردەمی وەستابوو.
- دایکە گیان، لەم ژیانەدا هەموو ئەو شتانەم دەبینی کە دەبووە هۆی نیگەرانی تۆ... جەرگم دەسووتا، بەڵام نەمدەتوانی هیچ شتێک

بكه‌م. نه‌مده‌زانی ده‌بێت چی بكه‌م. وام ده‌زانی قه‌ت نایه‌یته ریزی ئێمه‌وه و بۆچوونه‌كانمان قبوڵ ناكه‌یت، به‌ڵام بێ ئه‌وه‌ی قسه بكه‌ی، به‌رگه‌ی هه‌موو شتێكت ده‌گرت، هه‌ر وه‌ك به درێژایی ته‌مه‌نت ئه‌و كاره‌ت كرد و ئه‌م بابه‌ته ئازاری ده‌دام!.."

دایكی چونكه ده‌یویست ئاندرێ بیری پاڤڵ بخاته‌وه، وتی: "ئاندرێ زۆر شتی بۆ روون كردمه‌وه".

پاڤڵ به پێكه‌نینه‌وه وتی: "هه‌موو كاره‌كانی تۆی بۆ گێڕامه‌وه".

- ئیگۆر-یش به هه‌مان شێوه.. خه‌ڵكی یه‌ك گوندین. ئاندرێ ته‌نانه‌ت ده‌یویست خوێندنم فێر بكات.

- تۆیش شه‌رمت كرد و هه‌وڵت دا به نهێنی فێر بیت.

پلاگه وتی: "دیاره چاودێری كردووم".

له كاتێكدا خۆشحاڵی له ڕوخساری ده‌باری، به پاڤڵ-ی وت: "بانگی ئاندرێ بكه، بۆ ئه‌وه‌ی به ته‌نیا بین، ڕۆیشته ده‌ر".

پاڤڵ ده‌رگای كرده‌وه و هاواری كرد: "ئاندرێ له كوێی؟"

- لێره‌م، دار ده‌شكێنم...

- كاتی ئه‌وه نییه وه‌ره.

- به‌سه‌رچاو.

به‌ڵام خێرا نه‌هات و له ناو ده‌رگای چێشتخانه‌كه وه‌ك كه‌سێكی ماندوونه‌ناس وتی: "ده‌بێت به وسێف بڵێم دار بێنێت. ئه‌وه‌نده‌مان نه‌ماوه. ده‌بینی زیندان چه‌نده بۆ پاڤڵ باش بووه... ده‌وڵه‌ت له جیاتی ئه‌وه‌ی سزایان بدات، ئه‌م سه‌ركێشانه قه‌ڵه‌و ده‌كات..."

دایكی پێكه‌نی. دڵی به ئارامی لێی ده‌دا، هه‌ستی به به‌خته‌وه‌ری ده‌كرد، به‌ڵام ئاره‌زووی بوو وه‌ك هه‌میشه كوڕه‌كه‌ی به ئارامی ببینێت. حه‌زی ده‌كرد یه‌كه‌م شادومانی ته‌مه‌نی له سه‌ر دڵی كه‌ڵه‌كه ببێت و بۆ هه‌میشه بمێنێته‌وه، به‌ڵام دایكی وه‌ك كه‌سێكی ترساو خۆشحاڵییه‌كه‌ی له ده‌ست بدات، وه‌ك راوچییه‌ك كه باڵنده‌یه‌كی ناوازه‌ی راو كردبێت، خێرا هه‌سته‌كه‌ی شارده‌وه.

پلاگە وتی: "پاڤڵ نانت خواردووە؟"
- نا، لێپرسراوی زیندان دوێنی پێی ڕاگەیاندم بڕیاریان داوە ئازادم بکەن، لەو کاتەوە تا ئێستا نە برسیمە، نە تینوو.
پاڤڵ بە ئاندرێ-ی وت: "یەکەم کەس کە لێرە بینیم، سیزۆڤی پیر بوو. کاتێک منی بینی، بۆ هەواڵپرسین هاتە لام... داوام لێ کرد لەمەودوا زیاتر وشیار بێت، بەڵام وتی گرنگی پێ نادات. سەبارەت بە فیدۆری برازای پرسیاری کرد و کاتێک وتم کوڕێکی ڕاستکردار و وشیارە، وتی: "کەسی فێڵباز و ناپاک لە بنەماڵەی ئێمەدا نییە".
ئاندرێ سەری لەقاند و وتی: "ئەم پیرەپیاوە کەر نییە... زۆر جار بەیەکەوە قسە دەکەین... کەسێکی باشە! فێدیا بەم زووانە ئازاد دەبێت؟"
- ئەگەری هەیە لەم ڕۆژانەدا ئازادی بکەن... گومان دەکەم هەمووان ئازاد بکەن... جگە لە شایەتییەکانی ئیزایی هیچ بەڵگەیەکیان دژی ئێمە نییە. ئیزایی-ش شتێکی ئەوتۆ لە بارەمانەوە نازانێت.
دایکی هاتوچۆی دەکرد و لە کوڕەکەی دەڕوانی. ئاندرێ لای پەنجەرەکە وەستا و گوێی لە قسەکانی پاڤڵ دەگرت. پاڤڵ بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. ڕیشی هێشتبۆوە و مووەکانی وەک ئەڵقەی ڕەشی ورد و ناسک، لە سەر گۆناکانی خۆی دەنواند و پێستە ئەسمەرەکەی ڕووناکتر دەکرد.
خەمبارییەکی تایبەت لە چاوەکانی دەباری.
دایکی خواردنی تێکرد و وتی: "دانیشە".
ئاندرێ لە کاتی نانخواردن باسی ریبین-ی کرد. دوای ئەوەی ئاندرێ تەواوی پێشهاتەکەی گێڕایەوە، پاڤڵ بە حەسرەتەوە وتی: "ئەگەر ئەو کاتە لێرە دەبووم، ڕێگەم نەدەدا بەو شێوەیە بڕوات! جگە لە هەستی شۆڕش و بیرۆکەی تێکەڵ و پێکەڵ، چی لەگەڵ خۆی بردووە؟".
ئاندرێ بە پێکەنین وتی: "هۆی، کاتێک پیاو تەمەنی بوو بە چڵ

ساڵ و ماوەیەکی زۆر لەگەڵ شک و گومانەکانی رۆحی جەنگا، گۆڕینی دژوارە".

پاڤڵ و ئاندریێ گفتوگۆیان کرد و هەندێک دەستەواژەیان بە کار دەهێنا، دایکی تێی نەدەگەیشت. نانخوارن کۆتایی هات و ئەوان هێشتا لە گفتوگۆ بەردەوام بوون. پاڤڵ لەسەرخۆ وتی: "دەبێت لە سەر ئەم ڕێگەیە بەردەوام بین بێ ئەوەی یەک هەنگاو، تەنانەت یەک هەنگاو بە لاڕێدا بڕۆین".

- لە ڕێگە رووبەڕووی سەدان هەزار کەس دەبینەوە کە وەک دوژمن سەیرمان دەکەن.

دایکی گوێی دەگرت. توانی درک بەوە بکات پاڤڵ جووتیارەکانی خۆش ناوێت و ئێستاکەش ئاندریێ بەرگرییان لێ دەکات و بڕوای وایە دەبێت ئەوانیش فێر بکرێن. پلاگە باشتر لە قسەکانی ئاندریێ تێ دەگەیشت و پێی وابوو راست دەکات. هەرکات ئاندریێ شتێکی بە پاڤڵ دەوت، دایکی زۆر بە وردی گوێی دەگرت و چاوەڕێی وەڵامی کوڕەکەی دەبوو تا بزانێت لە وتەکانی ئاندریێ رەنجاوە یان نا، بەڵام بێ ئەوەی تووڕە بن، لە گفتوگۆ بەردەوام بوون.

هەندێک کات پلاگە لە کوڕەکەی دەپرسی: "پاڤڵ، وایە؟ ئەویش بە پێکەنین وەڵامی دەدایەوە: "بەڵێ!"

ئاندریێ بە تەشەر دەیووت: "کاکە، پێم وابێت زۆرتان خوارد و وەک پێویست خواردنەکەتان نەجووت و پاروویەک لە قوڕگتاندا ئاسێ بووە... وا فلْقوهۆڕتانە..."

پاڤڵ ئامۆژگاری دەکرد: "قسەی بێ مانا مەکەن."

- ئەوەندە جدیم وەک ئەوەی لە پرسەی کەسێکدا بم.

ئاندریێ پێدەکەنی.

# وێنەی (23)

بەهار دەهات و بەفرەکانی دەتواندەوە و گڵ و دووکەڵی ڕەشی دووکەڵکێشەکانی کارخانەی ئاشکرا دەکرد کە لەژێر سپیاتی خۆی حەشاری دابوون.
ڕۆژانە قوڕ و لیتەی زۆر لە هەموو شوێنێک دەبینرا. تەواوی گەڕەکەکە پیس و قوڕاوی دەهاتە بەرچاو. سەقفیماڵەکان دڵۆپەی دەکرد و لە ماڵەکانەوە وەک ئەوەی عارەقیان کردبێت، هەڵم هەڵدەستا. شەوان پارچە سەهۆڵە سەرەونخونەکان لە هەموو شوێنێک دەبینران. خۆر زیاتر لە جاران ڕوخساری خۆی پیشان دەدا و جۆگەکان بەرەو زەلکاوەکە بەڕێ دەکەوتن.
خەڵک خۆیان بۆ جەژنی 1ی ئایار ئامادە دەکرد. لە کارخانە نووسراوەی زۆر بڵاو کرایەوە و تیایدا واتای ئەم بۆنەیە روون کرابۆوە و تەنانەت ئەو گەنجانەی هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ سۆسیالیستەکان نەبوو، لە کاتی خوێندنەوەی نووسراوەکان دەیانووت: "دەبێت ئەم جەژنە ساز بکرێت".
وسێف چیکێف بە پێکەنینێکی خەمبارانە دەیووت: "زۆریش زوو نییە، دەبێت کۆتایی بەم چاوشارکێیە بهێنرێت".
فێدیا مازین چێژی لەم کارە دەبرد. لە زیندان لاواز و وەک تووتییەکی ناو قەفەس دەهاتە بەرچاو. هەمیشە ژاکۆپ سمۆفی لەگەڵ دەهات، کوڕێکی بێ دەنگ بوو. سامۆئیلۆڤ کە قژ و ریشی لە زیندان سوورتر ببوو، ڤاسیلی گۆسۆف، بۆگین، دراگنۆف و چەند کەسی دیکە بوونی چەکیان بە پێویست دەزانی، بەڵام پاڤڵ، ئاندرێ و سمۆف دژی ئەم بۆچوونە بوون.
ئیگۆر گەیشت. وەک هەمیشە هیلاک. شەکەت و لە عارەقدا

خووسابوو. بە پێکەنین وتی: "هاوڕێیان، گۆڕینی ڕێکخراوەکەی ئێستامان ئەرکێکی گەورەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئاسانتر ئەو کارە ئەنجام بدرێت، دەبێت پێڵاوێکی تازە بکڕم، ئەم پێڵاوانە هەموو ڕۆژێک قاچم تەڕ دەکات. پێش ئەوەی دنیای کۆن بە ئاشکرا و بە ئامادەبوونی هەمووان، بە نەفرەت نەکەم، ئامادە نیم بمرم، لە بەر ئەوە بە ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی سامۆئیلۆڤ بۆ نمایشی چەکداری، پێشنیار دەکەم جووتێک جزمەم بۆ بکڕن، چونکە دڵنیام ئەم کارە بۆ سەرکەوتنی ئامانجەکەمان لە گەورەترین شەڕ و پێکدادان بەسودترە".

هەر بەو دەربڕینە پڕ وێنەیەی خۆی روونی کردەوە چۆن کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتە جیاوازەکان هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەی چارەنووسی خۆیان دەدەن.

دایکی بە بیستنی وتەکانی خۆشحاڵ بوو. ئەم وتانە کاریگەرییەکی سەیری لە سەر جێ دەهێشت. ئەو کاتە وێنای دەکرد کە خراپترین دوژمنەکانی کۆمەڵانی خەڵک - ئەوانەی بێ بەزەییانە فریویان داوە - کەسانێکی کورتەباڵا و ورگ زل بوون؛ تەماحکار و چەوسێنەر و بێ بەزەیی و فێڵباز و روومەت ئاڵ. هەرکات دەسەڵاتی تێزارەکان ژیانی ئەو کەسانەی دژوار دەکرد، کرێکارانیان هان دەدا تاکو دەسەڵات بگرنە دەست، دوای ئەوەی خەڵک شۆڕشی دەکرد و دەسەڵاتی لە ئیمپراتۆر وەردەگرت، ئەم کەسە کورتەباڵایانە، بە زیرەکی خۆیان دەکردە خاوەنی شۆڕشەکە و کرێکارانیان بۆ ماڵە بچوک و بۆگەنەکان دەنارد و ئەگەر کرێکاران هەوڵی مشتومڕیان بدایە، سەدان و هەزاران کەسیان کۆمەڵکوژ دەکرا.

پاڤل جارێک لە کاتی قسەکردن لە ئاندرێ-ی پرسی: "ئاندرێ دەزانی ئەو کەسانەی زۆربەی کاتەکان پێدەکەنن، ئەوانەن کە زیاتر ئێش و دڵتەنگییان کێشاوە".

ئاندرێ دوای ساتێک بێ دەنگی، پێڵوەکانی داخست و وەڵامی

دایەوە: "ئەو قسەیە راست نییە، ئەگەر بەو شێوەیە بوایە، دەبوو هەموو گەلی روسیا لە پێكەنیندا بمرن".
دوای ماوەیەک ناتاشا کە لە شارێکی دیکە زیندانی بوو، گەڕایەوە. دایکی دەیبینی کاتێک ناتاشای لێیە، ئاندریێ خۆشحاڵە و لەگەڵ هەمووان گاڵتە دەکات و هەوڵ دەدات بزە بخاتە سەر لێوی ناتاشا، بەڵام کاتێک ئەو دەڕوات، دووبارە بە فیکەفیک، ئاوازی خەمگین دەژەنێت.
ساشنکا زۆر دەهات و بەردەوام پەلەی بوو. جارێک پاڤڵ کە بە مەبەستی بەڕێکردنی لەماڵەکە ڕۆیشتە دەر، دایکی لە پشت دەرگاکە، گوێی لە گفتوگۆیەکی جدی بوو.
ساشنکا بە هێواشی پرسی: "دەبیتە ئاڵاهەڵگری ئەم دەستەیە؟"
- بەڵێ.
- سووری لە سەر بڕیارەکەت؟
- بەڵێ، ئەوە مافی منە؟
- دووبارە قۆڵبەست دەکرێیت.
پاڤڵ بێ دەنگ بوو.
ساشنکا درێژەی بە قسەکەی دا. ناکرێت...
قسەکەی تەواو نەکرد.
پاڤڵ پرسی: "چی؟"
- با کەسێکی دیکە...
پاڤڵ بە دەنگێکی بەبڕشت وتی: "نا".
- بیری لێ بکەرەوە... کاریگەریت هەیە... تۆیان خۆش دەوێت... تۆ و ئاندریێ لێرە وەک رابەر وان... ئەگەر ئازاد بن دەتوانن کاری زۆرتر و باشتر ئەنجام بدەن. بیری لێ بکەرەوە... لە سەر ئەم کارە، بۆ ماوەیەکی زۆر لێرە دوورتان دەخەنەوە".
دایکی زانی دەنگی کچەکە پڕە لەو هەستانەی کە لای خۆیشی نامۆ نین: ترس و نیگەرانی. قسەکانی ساشنکا وەک دڵۆپێک ئاوی سارد

دەڕژایە سەر دڵی دایکی...
پاڤڵ وتی: "نا، بڕیارم داوە و بە هیچ جۆرێک لەو بڕیارەم پاشگەز نابمەوە".
- ئەگەر تکات لێ بکەم... تەنانەت ئەگەر....
پاڤڵ خێرا قسەکەی پێ بڕی و وتی: "نابێت بەو شێوەیە قسە بکەیت... بیر لە چی دەکەیتەوە؟ هەرگیز نابێت بەو شێوەیە قسە بکەیت".
ساشنکا وتی: "هەرچی بێت مرۆڤم".
پاڤڵ بە هێواشی و بە سۆزێکی تایبەت وەڵامی دایەوە: "مرۆڤێکی باش و میهرەبان، مرۆڤێک کە بۆ من زۆر ئازیزە. لە بەر ئەوەیە دەڵێم نابێت بەو شێوەیە قسە بکەیت".
ساشنکا بێ ئەوەی قسە بکات ماڵئاوایی کرد.
ترسێکی بێزارکەر و بە ئازار بە سەر دایکیدا زاڵ بوو. لە بابەتەکە تێنەگەیشت، بەڵام هەستی کرد کارەساتێکی نوێ، کارەساتێکی گەورە و نادیار بەڕێوەیە و ئەم پرسیارە کە "دەیەوێت چی بکات؟" وەک بزمار لە مێشکی چەقی.
پاڤڵ و ئاندرێ گەڕانەوە بۆ چێشتخانەکە. ئاندرێ وتی: "ئاخ لە دەست ئیزایی، هۆکاری بەدبەختییەکانمانە؟ چی لێ بکەین؟"
پاڤڵ وتی: "دەبێت ئامۆژگاری بکەین دەست لە سیخوڕی هەڵبگرێت".
ئاندرێ وتی: "هەرکەس ئامۆژگاری بکات، ڕادەستی پۆلیسی دەکات".
دایکی سەری داخست و پرسی: "پاڤڵ دەتەوێت چی بکەیت؟"
- کەی، ئێستا؟
- یەک... یەکی مانگی ئایار؟
پاڤڵ دەنگی نزم کردەوە و وتی: "ئەها، دەمەوێت ئاڵاکە بەدەستەوە بگرم و لە بەردەم هەمووان بوەستم. دڵنیام دووبارە زیندانیم دەکەن..."
چاوەکانی دایکی دەکزایەوە. دەمی وەک کەسێکی نەخۆش وشک

بوو. پاڤڵ دەستی گرت و دڵنەوایی کرد: "دایکە گیان، ئەم کارە پێویستە، هەوڵ بدە تێبگەیت".
پلاگە سەری بەرز کردەوە و وتی: "من قسەم نەکردووە".
بەڵام کاتێک چاوەکانی بەر نیگای بەبڕشتی پاڤڵ کەوت، دووبارە سەری داخست. پاڤڵ دەستی دایکی بەردا، ئاخێکی هەڵکێشا و وەک سەرزەنشت کردنێک، لە قسەکەی بەردەوام بوو: "دەبێت پێت خۆش بێت نەک ئەوەی خەم بخۆیت... کەی کاتی ئەوە دێت دایکان بە خۆشحاڵییەوە منداڵەکانیان بەرەو مەرگ رەوانە بکەن؟"
ئاندرێ بۆلاندی: "هۆی هۆی، پاڵەوان سەیرێکی ئێرە بکە. سواری ئەسپە دارینەکەت بوویت و غار دەدەیت؟"
دایکی دووبارەی کردەوە: "قسەم نەکردووە، رێگەت لێ ناگرم... ئەگەر دڵم بۆ تۆ دەسووتێت بابەتێکە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە..."
پاڤڵ کەمێک دوور کەوتەوە. دایکی بیستی قسەکانی سووتێنەرە و وەک مار دەگەزێت: "هەندێک لە خۆشەویستییەکان دەبنە لەمپەر لە رێگەی ژیانی مرۆڤ.
پلاگە کەوتە لەرزین و لە ترسی ئەوەی نەکا پاڤڵ دووبارە لەو قسانە بکاتەوە، هاواری کرد: "پاڤڵ.. بەم شێوەیە قسە مەکە... تێ دەگەم... لە بەر هاورێکانت ناچاری..."
- نا! لە بەر خۆم دەڕۆم... دەمتوانی ئەو کارە نەکەم، بەڵام خۆم ئەو بریارەم داوە.
ئاندرێ لە ناو دەرگاکە وەستا. وەک ئەوەی لە ناو چوارچێوەی وێنەیەکدا بێت. باڵای لە دەرگاکە بەرزتر و قاچەکانی بە شێوەیەکی سەیر نووشتاندبۆوە. بە چاوە دەرپەرِیوەکانی سەیری پاڤڵ-ی کرد و وتی: "گەورەم باشتر بوو ئەوەندە زۆربڵێیی نەکەیت". وەکو مارمێلکەیەک بوو کە لە درزی بەردێک خۆی حەشار دابێت.
دایکی دەیویست بگری، بەڵام چونکە نەیدەویست پاڤڵ هەستی پێ بکات، لە ژوورەکە رۆیشتە دەر.

لەژێر سەیوانەکە، سەری نا بە دیوارەکەوە و گریا. بە ئارامی دەگریا، وەک ئەوەی خوێنی دڵی لە چاوەکانی بێتە خوار، هێزی لێ بڕا. لە درزی دەرگا، دەنگی قسەکانیان دەهات.
ئاندرێ دەیووت: "حەز دەکەی ئازاری بدەیت!"
- مافی ئەوەت نییە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ بکەیت.
- ئەگەر لە بەرامبەر ئەم کارانەی تۆ بێ دەنگ بم هاوڕێیەکی باشم؟... بۆ ئەو قسەیەت کرد؟ دەزانی؟
- مرۆڤ هەر قسەیەکی هەبێت، دەبێت لەسەرخۆ دەریببڕێت؟
- لەگەڵ دایکت؟
- هەموو کەس. پێویستم بەو سۆز و خۆشەویستییە نییە کە ڕێگەم لێ بگرێت و دەستوپێم ببەستێتەوە...
- چ پاڵەوانێکی! لووتت بسڕە و بڕۆ ئەو قسانە لەگەڵ ساشنکا بکە... دەبوایە بەم شێوەیە لەگەڵ ئەو قسە بکەیت..
- بەم شێوەیە قسەم کرد.
- ئاوا بە ڕەقی؟ درۆیە! بە دەنگێکی پڕ سۆز و نەرم قسە لەگەڵ ئەو دەکەی... قسەکانتم نەبیست، بەڵام دەزانم. کەچی لە بەرچاوی دایکت بوێری خۆت دەسەلمێنیت، وانییە؟ تێ بگە ئاژەڵ، بوێرییەکت هیچ بەهایەکی نییە".
پلاگە خێرا فرمێسکەکانی سڕی. دەترسا لەوەی ئاندرێ کوڕەکەی دڵتەنگ بکات. دەرگای کردەوە و گەڕایەوە بۆ چێشتخانەکە و بە دەم ترس و لەرزەوە وتی: "ئاخ. دەرەوە زۆر ساردە! ئەمە گوایە بەهار!"
بۆ ئەوەی گوێی لە قسەکانی ئاندرێ و پاڤڵ نەبێت، بێ هۆ بە قاپەکانەوە سەرقاڵ بوو.
دەنگی بەرز کردەوە و وتی: "هەموو شتێک سەرئاوەژوو بووە، کەسەکان گۆڕوتین وەردەگرن و دەکەونە جموجۆڵ، هەوا سارد دەبێت... پێشتر لەم وەرزەدا، ئاسمان ساماڵ و هەتاو دەدرەوشایەوە".

بێ دەنگی باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. دایکی لە چێشتخانە چاوەڕوانی شتێکی نادیار بوو.
ئاندرێ بە هێواشی پرسی: "تێ گەیشتی؟ دەبێت تێ بگەی... کەسێکی سەیری؟ دایکت زۆر لە تۆ دەوڵەمەندترە..."
دایکی پرسی: "چا دەخۆنەوە؟"
بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی ئەوان بێت، بۆ شاردنەوەی نیگەرانی خۆی، هاواری کرد: "نازانم بۆ لە ناکاو لە سەرما هەڵدەلەرزم".
پاڤڵ لە ژوورەکە هاتە دەر، بە دزییەوە سەیری دایکی کرد و بزەیەکی پەشیمانی کەوتە سەر لێو، وتی: "دایکە گیان بمبوورە، هێشتا منداڵ و گەمژەم..."
دایکی سەری پاڤڵ-ی خستە سەر سنگی و بە دڵتەنگی وتی: "چیتر بۆڵەبۆڵم بەسەرا مەکە، هیچ مەڵێ، خوا ئاگای لێت بێت، ژیانی تۆ پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، بەڵام قسەی خراپ مەکە! چۆن دەکرێت دایک دڵسۆزی بۆ جگەرگۆشەکەی نەکات! ناکرێت! دڵم بۆ هەمووتان دەسووتێت. سەیر ئەوەیە هەمووتان سەر بە یەک رەچەڵەکن!... تۆ ئەم ڕێگەیەت گرتۆتەبەر و ئەوانیش بە دوای تۆدا دێن. ئەوان هەموو شتێکیان بە جێ هێشتووە و بەڕێ کەوتوون. بەڵێ پاڤڵ گیان بەڵێ".
بیرۆکەیەکی گەورە لە زەینیدا دروست بوو، باڵی پێ دەدا و تێکەڵ بە شادومانییەکی بەژان و خەمێکی زۆری دەکرد، بەڵام دایکی بۆ دەربڕینی، وشە و دەستەواژەی دەست نەدەکەوت و تەنیا سەیری کوڕەکەی دەکرد.
پاڤڵ سەری داخستبوو، بە هێواشی وتی: "ڕاستە دایکە، تۆ ڕاست دەکەی، بمبوورە، هەڵەم کرد".
بە پێکەنین خێرا سەیرێکی دایکی کرد و رووی وەرگەڕاند، شەرمەزار، بەڵام دڵنیا، وتی: "سوێندی شەرەف دەخۆم هەرگیز ئەمە لە بیر نەکەم".

پلاگە ڕۆیشتە ژوور و لە شێوەی پاڕانەوە بە ئاندرێ-ی وت: "ئاندرێ بۆڵەبۆڵی بەسەرا مەکە.. دەزانم لەو گەورەتری، بەڵام.." ئاندرێ پشتی لە دایکی بوو، نەجوڵا، بەڵام بە دەنگێکی سەیر و گاڵتەئامێز وتی: "هۆی هۆی، بۆ نا، شەڕی لەگەڵ دەکەم... لێی دەدەم".

دایکی بە هێواشی بەرەو لای ئاندرێ ڕۆیشت، دەستی درێژ کرد و وتی: "کوڕە ئازیزەکەم".

ئاندرێ ئاوڕی دایەوە، سەری وەک مانگا دانەواند و بۆ چێشتخانەکە هەڵات، لە کاتێکدا دەستی لە پشتەوە شاردبۆوە، بە گاڵتە وتی: "پاڤل ئەگەر ناتەوێت سەرت لێ بکەمەوە، بڕۆ. دایکە گیان گاڵتە دەکەم، بڕوا مەکە، دەڕۆم سەماوەرەکە هەڵ بکەم! بەڵێ! ئاوایە. خەڵوزەکەمان تەڕە، شێی هەیە... خوا بیبڕێت".

ئاندرێ بێ دەنگ بوو. کاتێک دایکی گەڕایەوە بۆ چێشتخانە، لە سەر زەوی دانیشتبوو و سەماوەرەکەی هەڵ دەکرد. بێ ئەوەی سەیری بکات، وتی: "دایە گیان، نیگەران مەبە، دەستی لێ نادەم! وەک شێلمی کوڵاو نەرم و باشم... منیش خۆشم دەوێت... هۆی پاڵەوان تۆ گوێ مەگرە، بەڵام حەزم لەو شتەی بەری نییە... تازە لە بەری کردووە، دەیبینن، خۆی زۆر بە دڵیەتی.. ورگی دەردەپەڕێنێت و بە ڕێگەدا دەڕوات، پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بۆ ئەوەی جلە تازەکەی ببینن. ڕاستە جوانە، بەڵام پاڵ بە خەڵکەوە بنێی چ سودێکی هەیە! هێشتا هیچ نەبووە، جێگە تەسکە".

پاڤل بە پێکەنین وتی: "بۆڵەبۆڵەکەت بەردەوامە؟ سەرکۆنەت کردم بەسە ئیتر".

ئاندرێ کە بە هەمان شێوە لە سەر زەوی دانیشتبوو و سەماوەرەکە لە ناوڕانیدا بوو، سەیری کرد. دایکی نزیک دەرگاکە وەستابوو و بە چاوە خەمگینەکانی تەماشای بەژن و باڵای ئاندرێ-ی دەکرد. ئاندرێ بەری دەستی خستە سەر عەرزەکە و کەمێک کشایە دواوە،

سەیری دایک و کوڕی کرد و وتی: "بە ڕاستی کەسانێکی باشن".
پاڤڵ دانەوی و قۆڵی گرت.
ئاندرێ وتی: "ڕایمەکێشە دەکەوم".
دایکی خەمبار وتی: "بۆ بەو شێوەیەن؟ یەکتر ماچ بکەن".
پاڤڵ وتی: "ئامادەی؟"
ئاندرێ هەڵستا و وتی: "بۆ ئامادە نەبم؟"
ئەو دوو پیاوە یەکیان لە ئامێز گرت. بۆ چەند سات ئەو دوو جەستەیە یەک ڕۆحیان هەبوو، ڕۆحێک پڕ لە سۆز و خۆشەویستی. فرمێسک وەک باران لە چاوەکانی دایکی دەباری، بەڵام ئەم فرمێسکانە تاڵ نەبوون. بە شەرمەوە فرمێسکەکانی سڕی و وتی: "ژنان حەز دەکەن بگرین... وەک چۆن لە کاتی خەم و پەژارە دەگرین، لە کاتی خۆشی و پێکەنینیش دەگرین".
ئاندرێ بە جوڵەیەکی کەم دەستی پاڤڵ-ی لە خۆی جیا کردەوە. چاوەکانی هەڵگلۆفی و وتی: "بەسە. کاتێک گوێرەکەکان ماوەیەک بەرەڵایی بکەن، دەبنە کەباب، ئاخ بە دەست ئەم خەڵوزە نەفرەتییە، ئەوەندەم فوو لێ کرد چاوەکانم پڕ بوو لە ئاو".
پاڤڵ لای پەنجەرەکە دانیشت، سەری داخست و وتی: "نابێت شەرم لەم فرمێسکانە بکەین".
دایکی لێی نزیک کەوتەوە، لای دانیشت. دڵی پڕ بوو لە ورە و هێز. دەستی کوڕەکەی گرت و بە خۆی وت: "گرنگ نییە. ناکرێت بەم شێوەیە نەبێت.. دەبێ وا بێت".
چەندین بیروهزری دیکەی بە زەین گەیشت، بەڵام هیچ وشە و دەستەواژەیەکی دەست نەکەوت، هەستەکانی پێ دەرببڕێت.
ئاندرێ هەڵستا و ڕۆیشتە ژوورەکەی تر و وتی: "دایە گیان، دانیشە، من قاپەکان کۆ دەکەمەوە. تۆ پشوو بدە، زۆرمان زەحمەت داویت".
بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی: "چێژبەخش بوو، چەند ساتێکی خۆشمان بە سەر برد! ئەم ژیانە سازگارە..."

پاڤڵ سەیری دایکی کرد و وتی: "بەڵێ".
دایکی وەڵامی دایەوە: "هەموو شتێک گۆڕاوە. نە خەم خەمەکانی کۆنە و نە خۆشییەکان... نازانم ئەوە چییە منی بە زیندوویی هێشتۆتەوە و درکی پێ ناکەم و بە هیچ وشە و رستەیەک ناتوانم دەریببڕم".
ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "دایە گیان، دەبێ وا بێت، هۆکارەکەی ئەوەیە دڵێکی نوێ لە ژیاندا گەشە دەکات، هەموو دڵەکان بە هۆی جیاوازی بەرژەوەندییەکان تێکشکاون، تەماحی کوێرانە هاڕیونی و ئیرەیی وەک مارانگەز برینداری کردوون، پڕ لە زام و برینی زنچکاوی و درۆ و خەرزاڵەن... خەڵک هەموو نەخۆشن و لە ژیان دەترسن. وەک بڵێی لە ناو تەمومژدا سەرگەردان بن. هەرکەس ئاگای لە دەردی خۆیەتی، بەڵام لە ناکاو پیاوێک پەیدا دەبێت بە بڵێسەی عەقڵ ژیان رووناک دەکاتەوە و هاوار دەکات: "هۆی مێرووە داماو و گومڕاکان! کاتی ئەوەیە تێ بگەن بەرژەوەندی هەمووتان یەکە و هەموو کەس مافی ژیان و گەشەکردنی هەیە! ئەو پیاوەی هاوار دەکات تاک و تەنیایە و لە بەر ئەوەیە بە دەنگی بەرز هاوار دەکات. پێویستی بە هاوڕێیە، خۆی بە تەنیا و خەمبار دەبینێت، سەرمایەتی، بە دەنگی ئەو، هەموو دڵەکان یەک دەگرنەوە، دەبنە یەک دڵ، دڵێکی گەورە و بەهێز و هەستیار دەخولقێنن هاوشێوەی زەنگی کلێسا کە لە زیو دروست کرابێت... ئەم زەنگە پێمان دەڵێت خەڵکی هەموو وڵاتان یەک بگرن و ببنە خێزانێک! خۆشەویستی، دایکی ژیانە، نەک رق و کینە. هاوڕێیان لە ئێستاوە دەنگی ئەو زەنگە دەبیستم!"
پاڤڵ وتی: "منیش".
دایکی لێوی گەست بۆ ئەوەی نەلەرزێت، چاوەکانی داخست بۆ ئەوەی نەگری.
- چ خەوتبم، چ بۆ هەر شوێنێکی دیکە بڕۆم، دەنگی ئەو زەنگە دەبیستم و خۆشحاڵ دەبم. دەزانم زەوی چیتر بەرگەی ستەم

و ئازار ناگرێت، دەنگێکی لێ بەرز دەبێتەوە، وەڵامی ئەو زەنگە دەداتەوە تاکو بەخێرهاتنی ئەو خۆرە نوێیە بکات کە لە سنگی مرۆڤدا هەڵدێت.
پاڤڵ دەستی راوەشاند و ویستی قسە بکات، بەڵام دایکی دەستی گرت و بۆ لای خۆی رایکێشا، وتی: "قسەکەی مەبڕە".
ئاندرێ لای پەنجەرەکە وەستا، چاوەکانی دەبریسکایەوە، بەردەوام بوو: "دەزانن؟ ئازار و دەردی کەڵەکەبووی خەڵک زۆرە، دەستە تەماحکارەکان خوێنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەڕێژن... بەڵام هەمووی ئەوانە، هەموو خوێن و ئازارەکان لە ئاست ئەوەی کە لە ناو زەین و ناخ و ئێسقانەکانمدایە، شتێکی کەمە. لە ئێستاوە وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشێمەوە... بەرگەی هەموو شتێک دەگرم... لە بەرامبەر هەر کارەساتێک خۆڕاگر دەبم، چونکە لە ناخمدا شادییەک هەیە هیچ کەس و هیچ شتێک ناتوانێت بیکوژێت. ئەم شادییە، هێزی منە".
گفتوگۆی هاوڕێیانەی ئەوان تا درەنگانی شەو سەبارەت بە خەڵک و ژیانی خەڵک بەردەوام بوو.
پلاگە کاتێک بیرۆکەیەکی بە زەین دەگەیشت، ئاخێکی هەڵدەکێشا و لە ژیانی رابردووی خۆی بیرەوەرییەکی هەڵدەبژارد کە هەمیشە ناخۆش و نالەبار بوو و وەک بەردێک بە کاری دێنا بۆ پتەوکردنی ئەم بیرۆکەیە لە ناو دڵیدا. نیگەرانییەکەی بە هۆی کاریگەری ئەم گفتوگۆیە رەوییەوە. هەستی ئەو ڕۆژەی بۆ دروست بوو کە باوکی بە شێوەیەکی ناشیرین پێی وت: "نازونوز سودی نییە، گەمژەیەک پەیدا بووە کە حەز دەکات بتکاتە ژنی خۆی، ڕازی بە! هەموو کچێک شوو دەکات و هەموو ژنێک منداڵی دەبێت. منداڵ بۆ هەموو دایک و باوکێک مایەی خەموخەفەتە. ئەی تۆ مرۆڤ نیت؟"
کاتێک دەیبینی تووشی تەنگانەیەک بووە کە بێ مەبەست لە دەوروبەری شوێنێکی چۆڵ و تاریک خۆی دەردەخات، مسۆگەریی

چارەنووسەكەی، دڵی پڕ دەكرد لە ئارامییەكی كوێرانە. ئێستاش هەر وا بوو، بەڵام بە هەستكردنی پێشوەختەی ڕوودانی كارەساتێكی نوێ لە دڵیدا، بە كەسێكی نادیار و نەناسراوی دەوت: "وەرن بیگرن!" بەم جۆرە تاڵاوی دڵی دەڕەواندەوە كە لە كاتی ترپاندن لە سنگیدا وەك تەلێكی كێشراو دەلەرییەوە...

لە قووڵایی ڕۆحیدا كە بە هۆی خەمی چاوەڕوانی پەرێشان ببوو، هیوایەكی كز، بەڵام بێ سنوور، هەڵبەز و دابەزی دەكرد. هەموو شتێكی لێ ناستێنن؛ هەموو شتێك لەو جیا ناكەنەوە، لەوانەیە شتێك بمێنێتەوە!

# وێنەی (24)

بەیانی زوو، کاتێک ئاندرێ و پاڤل لە ماڵ ڕۆیشتبوونە دەر، ماریا کرۆسۆنۆڤا خێرا تەقەی لە پەنجەرەکەدا و هاواری کرد: "ئیزایی کوژراوە، بڕۆین بۆ سەیر کردن؟"
دایکی لە شوێنەکەی راچەنی. ناوی بکوژ خێرا بە زەینیدا تێپەڕی. شاڵێکی خستە سەر شانی و پرسی: "کێ کوشتوویەتی؟"
ماریا وەڵامی دایەوە: "بکوژەکە خۆ لای ئیزایی نەماوەتەوە، کوشتوویەتی و هەڵاتووە".
بە دەم ڕێگەوە درێژەی بە قسەکەی دا: "دووبارە بۆ دۆزینەوەی تاوانبار هەموو شوێنێک دەگەڕێن، دەبێت خۆشحاڵ بی پیاوەکانی تۆ لە ماڵ بوون و من شایەتییان بۆ دەدەم. نیوەشەو بە بەردەم ماڵی ئێوە گوزەرم کرد، لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد، بینیم هەرسێکتان بە دەوری مێزەکە دانیشتبوون".
دایکی بە ترسەوە هاواری کرد: "ماریا، چۆن دەتوانن پەنجەی تۆمەت بۆ ئەوان رابکێشن؟"
ماریا وەڵامی دایەوە: "ئەی کێ کوشتوویەتی؟ دڵنیام یەکێک لە دەستەکەی ئێوە بووە. هەمووان دەزانن دژی ئێوە سیخوڕی کردووە".
دایکی کەوتە هەناسەبڕکێ، دەستی خستە سەر سنگی.
- چیتە؟ مەترسە؟ ئیزایی سزای کارەکانی وەرگرت... با خێرا بڕۆین.
پلاگە بێ ئەوەی بزانێت بۆ دەیەوێت تەرمەکە ببینێت، بەڕێ کەوت.
بە درێژایی ڕێگە بیری لە وسێف چیکێف دەکردەوە.
لە نزیک کارخانە لە سەر داروپەردووی ماڵێک کە تازە سووتابوو، ژمارەیەکی زۆر کۆ ببوونەوە و وەک زەردەواڵە ویزەیان

دەهات، قاچیان دەخستە سەر پاشماوەی خۆڵەمێش و هەورێک لە خۆڵەمێش دروست دەبوو. ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ کۆ ببوونەوە. دوکاندارەکان، خزمەتکارەکانی ریستۆرانتەکەی دراوسێ، پاسەوانەکان و پێتلین-ی جەندرمە کە پیرەپیاوێکی باڵابەرز بوو و چەندین مەدالیای بە خۆیەوە هەڵواسیبوو.

تەرمی ئیزایی نیوەراکشاو لە سەر زەوی کەوتبوو. پشتی بە دارێکی سووتاو و سەری کەوتبووە سەر شانی راستی. دەستی راستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو.

دایکی سەیری ڕوخساری تەرمەکەی کرد. ئەو چاوە بێ سۆمایانە کەوتە سەر کڵاوێک کە لە ناوەڕاستی قاچی ئیزایی-دا بوو، وەک ئەوەی سەری سوڕمابێت، دەمی کراوە و ریشە سوورەکەی بە چەناگەیەوە شۆڕ ببۆوە. وا پێ دەچوو جەستە لاواز و سەرە باریک و دەموچاوە کز و پەڵاوییەکەی، بە هۆی مەرگەوە بچوکتر بووەتەوە. دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و هێمای خاچی لە سەر سنگی کێشا.

کەسێک بە هێواشی وتی: "بە باشی نابینرێت، لەوانەیە بە مشتەکۆڵە لێیان دابێت..."

- لەوانەیە هێشتا زیندوو بێت! ها؟

جەندرمەکە هاواری کرد: "لاچن".

یەکێک وتی: "دکتۆر هاتووە و وتوویەتی مردووە".

- زاری سیخوڕێکی دووزمانیان بەست، کارێکی باشیان کردووە.

جەندرمەکە تووڕە بوو و بە دەست پاڵی بە قەرەباڵغی ژنەکانەوە دەنا و بە دەنگێک کە هەڕەشەی لێ دەباری، پرسی: "کێیە بەو شێوەیە بەڵگە دەهێنێتەوە؟"

دەنگی قاقایەکی دوژمنانە بەرز بۆوە. خەڵک بە هۆی گوشارەکانی ئەو دوور کەوتنەوە، ژمارەیەکیش هەڵاتن.

دایکی گەڕایەوە بۆ ماڵ.

لە ناكاو وسێف، بەو چاوە بچوكانەی كە بریقەیەكی سارد و توورەیان دەباراند و وەك ئەوەی بریندار بێت، لە كاتێكدا دەستی راستی دەجولاند، هاتە پێش چاوی.
دایكی لە كاتی نیوەڕۆ پێشوازی لە ئاندریێ و پاڤل كرد و پرسی: "كەسیان بە تۆمەتی كوشتنی ئیزایی نەگرتووە؟"
ئاندریێ وەڵامی دایەوە: "هیچم نەبیستووە".
پلاگە بینی هەردووكیان خەمبارن.
بە هێواشی پرسی: "خۆ كەس باسی وسێف چیكێف ناكات؟"
كوڕەكەی مۆڕەیەكی كرد. وەڵامی دایەوە: "نا، تەنانەت بیریشی لێ ناكەنەوە. لە دوێنێوە ڕۆیشتۆتە قەراخ رووبار و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە. هەواڵیم پرسی..."
دایكی هەناسەیەكی ئاسودەی هەڵكێشا و وتی: "سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ خوا".
ئاندریێ سەیری كرد و سەری داخست.
پلاگە بیرمەندانە درێژەی بە قسەكەی دا: "ئیزایی لە سەر زەوی راكشاوە وەك بڵێی سەری سوڕماوە... كەس بۆی بەداخ نییە و كەس بە چاكە باسی ناكات... زۆر ورد و لاوازە.. وەك ئەوەی پارچەیەك لە شتێك جیا بووبێتەوە، لەوێ كەوتووە".
ئاندریێ كە تا ئەو كات خەمبار و بێ دەنگ بوو، پرسی: "چی؟"
- ئاژەڵی درندە یان مەلی ڕاو دەكوژن، تەنیا لە بەر ئەوەی بیخۆن، بە راستی كارێكی قێزەونە! ئێستا كوشتنی ئاژەڵێكی درندە یان مەلێك، پاساوی خۆی هەیە. گومان دەكەم منیش بتوانم كەسێك بكوژم كە بەرامبەر بە هاوڕەگەزەكانی خۆی بەزەیی نەبێت... بەڵام بۆ كوشتنی بوونەوەرێكی ئاوا بێزاركەر و قێزەون... چۆن توانیویانە دەستی لێ بەرز بكەنەوە؟"
ئاندریێ شانی بەرز كردەوە و وتی: "هێندەی ئاژەڵێكی درندە زیانی هەبوو. مێشوولە كە یەك تۆز خوێنمان دەمژێت، دەیكوژین".

- بەڵێ راستە، بەڵام مەبەستم ئەوە نییە، دەڵێم بێزارکەر و رق بزوێنە.
ئاندرێ دووبارە شانی بەرز کردەوە و وەڵامی دایەوە: "چارە چییە؟"
پاڤڵ دوای ماوەیەک بێ دەنگی، بیرمەندانە پرسی: "تۆ دەتوانی بوونەوەرێکی وەک ئیزایی بکوژیت؟"
ئاندرێ بە چاوە خڕەکانی سەیری کرد، دواتر خێرا ئاوڕی بۆ دایکی دایەوە. خەمبار، بەڵام لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "ئەگەر تەنیا لە بەر خۆم بێت، نا، ناتوانم، بەڵام بۆ هاوڕێکان و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان ئامادەم هەر کارێک بکەم. تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد لەوانەیە کوڕی خۆشم بکوژم".
ئاندرێ بزەیەکی کرد و وتی: "جگە لەمە چارەیەک نییە! ئەمە پێویستی ژیانە".
دایکی ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: "ئاندرێ تکایە ئەو قسانە مەکە".
پاڤڵ بە ئارامی دووبارەی کردەوە: "بەڵێ، ئەوە پێویستی ژیانە".
ئاندرێ وەک ئەوەی گوێڕایەڵی بزوێنەرێکی ناوەکی بێت، لە ناکاو هاواری کرد: "چارە چییە؟ مرۆڤ ناچارە رقی لە کەسێک بێت تاکو هەرچی زووە کاتی ئەوە بێت بێ هیچ بەندوبەستێک ستایش بکرێت. ئەو کەسەی رێگە لە ڕیڕەوی ژیان دەگرێت، لە بەر ئاسودەیی و پێگەی خۆی کەسانی تر دەفرۆشێت، دەبێت لە ناو ببرێت. ئەگەر لە سەر رێگەی کەسانی دادپەروەر، کەسێکی وەک یەهودا دەربکەوێت کە بۆ خیانەت چاوەڕوانیان بکات، ئەگەر لە ناوی نەبەم، خۆیشم خیانەتکارم... مرۆڤ ئەو مافەی نییە؟ ئەی ئەوانی تر، واتە خاوەنکار و ئاغاکان مافی ئەوەیان هەیە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی خۆیان دەست بە سەر سەربازەکان، قەحبەخانەکان و زیندانەکان و کەمپەکانی کاری زۆرەملێدا بگرن؟ ئەگەر هەندێک کات ناچار بین، کوتەکەکەی ئەوان بە دەستەوە بگرین، دەبێت چی بکەین؟

ئاشكرایە بەمە رازی نابم. ئاغاكانمان سەدان و هەزاران كەسمان لێ دەكوژن. ئەمە ئەو مافەم پێ دەدات دەستم بەرز بكەمەوە و بكێشم بە سەر دوژمنێكدا كە رووبەڕووم بۆتەوە و هەڕەشە لە ژیانم دەكات. دەزانم خوێنی دوژمنەكانم بە بەرەكەت نییە و بێ ئەوەی شوێنەوارێك جێ بێڵێت، لە ناو دەچێت، چونكە بۆگەنە، بەڵام كاتێك خوێنی ئێمە وەك بارانێكی بەخوڕ زەوی ئاو دەدات، بۆ ئەوەی راستی بە بەهێزی گەشە بكات، منیش ئەو خاڵە دەزانم! ئەگەر بزانم كوشتن پێویستە، دەكوژم و بەرپرسیارێتی تاوانەكەم لە ئەستۆ دەگرم، چونكە بەو شێوەیە تەنیا بۆخۆم قسە دەكەم و تاوانەكەم لەگەڵم پاك دەبێتەوە و تەنانەت یەك دڵۆپیشی بەر داوێنی داهاتوو ناكەوێت و جگە لە خۆم كەس پیس ناكات".

بە هەنگاوی بەرز بە ناو ژوورەكەدا هاتوچۆی دەكرد. باسكی لە پێش دەموچاوی رادەوەشاند. وەك ئەوەی شتێكی لە هەوادا ببڕێت. دایكی بە خەم و نیگەرانی سەیری دەكرد. هەستی كرد ئاندرێ لە ناوەوە رووخاوە و ئازار دەچێژێت. ئیتر سەبارەت بە كوشتن نیگەران نەبوو و بیری كردەوە وسێڤ چیكێف و هیچ كام لە هاوڕێكانی پاڤل بكوژ نین. كوڕەكەی سەری داخستبوو و گوێی لە قسەكانی ئاندرێ دەگرت.

- كاتێك مرۆڤ دەیەوێت بۆ پێشەوە بڕوات، دەبێت لەگەڵ خۆی بجەنگێت. دەبێت بتوانێت هەموو شتێك، تەنانەت هەستەكانی فیدا بكات... فیداكردنی ژیانی خۆت لە ڕێگەی ئامانج و مردن لە پێناویدا دژوار نییە، بەڵكو دەبێت لەوە زیاتریش ببەخشیت، تەنانەت ئازیزترین شتەكانی ژیانت و ئەوسا ئەوەی لە هەمووان ئازیزترە، واتە راستی، بە بەهێزی لە تۆدا گەشە دەكات!"

لە ناوەڕاستی ژوورەكە وەستا. بە ڕوخساری بێ رەنگ و چاوی نیوە داخراو، وەك ئەوەی بەڵێنێكی گەورە بدات، دەستەكانی بەرز كردەوە و بەردەوام بوو: "دەزانم، كاتێك دێت، خەڵك بە ڕێزەوە

سەیری یەک دەکەن و هەرکام لەوان لە چاوی ئەوانی تردا وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە و هەرکەسە و بە جۆرێک گوێ لە وتەی هاوڕەگەزەکانی دەگرێت، وەک ئەوەی مۆسیقا بێت. لە سەر زەوی خەڵکانی ئازاد دەژین، خەڵکانێک کە بە هۆی ئازادی گەورە و مەزن، بە دڵێکی داماڵراو لە رق و کینە و چاوچنۆکی، بە ڕێگەدا دەڕۆن و ئیتر خراپەکاری لە ناخی کەسدا نامێنێت. ئەوسا ئیتر ژیان، ژیان نییە، بەڵکو پاڕانەوەیە بەرامبەر بە مرۆڤ. پەیکەرەکەی لە ئاستێکی بەرزدا ستایش دەکرێت، چونکە خەڵکانی ئازاد دەتوانن بە بەرزترین ئاستەکان بگەن. ئەو کات مرۆڤ بە ئازادی و یەکسانی دەژیت و باشترین کەس، ئەوانە دەبن کە بتوانن لە دڵی خۆیاندا دنیا ماچ بکەن و زیاتر لە کەسانی دیکە خۆشیان بوێت. باشترینی کەسەکان، ئازادترینی ئەوانە و جوانی لە ناخیاندا زیاترە. ئەو کەسانەی بەم شێوەیە بژین، مەزن و گەورەن..."

لێرەدا ئاندرێ بێ دەنگ بوو، ڕاست بۆوە و بە دەنگێک کە لە قووڵایی ناخیەوە دەهاتە دەر، بەردەوام بوو: "لە بەر ئەو ژیانە ئامادەم هەر کارێک بکەم... ئەگەر پێویست بکات، دڵم دەردێنم و دەیخەمە ژێر قاچم..."

هێڵەکانی ڕوخساری دەلەرزین. دڵۆپی فرمێسک یەک لە دوای یەک لە چاوەکانی دەهاتە خوار.

پاڤڵ سەری بەرز کردەوە و سەیری کرد. ئەویش ڕەنگی پێوە نەما و چاوەکانی زەق ببوو.

پاڤڵ بە ئارامی پرسی: "ئاندرێ چیتە؟"

ئاندرێ سەری لەقاند و خۆی کێشایەوە، دواتر سەیری دایکی کرد و وتی: "بینیومە... دەزانم..."

پلاگە هەڵستا و بەرەوڕووی ڕۆیشت و دەستی گرت. ئاندرێ دەیویست دەستی لە دەستی دایکی دەربێنێت، بەڵام دایکی قایم گرتبووی و لە بەر خۆیەوە وتی: "ئاندرێ، کوڕم ئارامە بە، ئارام

بە تکایە".
ئاندریَ وتی: "چاوەڕێ بە، دەمەوێت بۆت باس بکەم چۆن رووی دا".
دایکی بە چاوی فرمێسکاوی وتی: "نا! نا! نا!"
پاڤڵ لە ئاندریَ نزیک کەوتەوە. دەستەکانی دەلەرزی و رەنگی هەڵبزرکابوو. بە هێواشی و بە پێکەنینێکی سەیر وتی: "دایکی دەترسێت نەکا تۆ ئەو کارەت کردبێت..."
- ناترسم... دەزانم ئەو ئیزایی نەکوشتووە. ئەگەر بە چاوی خۆم بیبینم بڕوا ناکەم.
ئاندریَ بێ ئەوەی سەیریان بکات، بەردەوام بوو: "چاوەڕێ بن..."
سەری دەلەقاند و هەوڵی دەدا دەستی لە ناو دەستی دایکی دەربێنێت.
- من نەمکرد، بەڵام دەمتوانی رێگە لەو تاوانە بگرم..."
پاڤڵ وتی: "ئاندریَ بێ دەنگ بە!"
دەستی ئاندریَ-ی گرت و دەستی خستە سەر شانی وەک ئەوەی بیەوێت رێگە لە لەرزینی هاورێکەی بگرێت. ئاندریَ ئاوڕی بۆ لای پاڤڵ دایەوە و بە دەنگی نزم و پچڕپچڕ بەردەوام بوو: "پاڤڵ تۆ باش دەزانی نەمدەویست ئەو کارە بکەم! بزانە چۆن رووی دا. کاتێک تۆ لێم جیا بوویتەوە، من و دراگۆنۆڤ لە کۆڵان ماینەوە. ئیزایی لە ناکاو هات، کەمێک دوورتر وەستا. سەیری کردین و بزەیەکی تاڵی کرد. دراگۆنۆڤ وتی: "دەبینی؟ ئەمە هەموو شەوێک چاودێریم دەکات. سزای ئەم کارەی وەردەگرێت". ئەو رۆیشت و گومانم کرد گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ. ئیزایی لە من نزیک بۆوە.
ئاندریَ هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەردەوام بوو: "هەرگیز کەس وەک ئەم سەگە سووکایەتی بە من نەکردووە".
دایکی بێ ئەوەی قسە بکات، ئەوی بۆ لای مێزەکە برد. سەرئەنجام توانی ئاندریَ لە سەر کورسییەکە دانیشێنێت. خۆی لای پاڤڵ دانیشت.

ئاندرێ بەردەوام بوو: "بە منی وت پۆلیس هەردووکمان دەناسێت و جەندرمەکان چاودێریمان دەکەن و پێش 1ی مەی دەمانگرن. وەڵامم نەدایەوە و تەنیا پێکەنیم، بەڵام دڵم دەکوڵا. دواتر پێی وتم: "تۆ کوڕێکی هۆشیاری و نابێت ئەو ڕێگەیە بگریتە بەر..."
ئاندرێ بێ دەنگ بوو، بە دەست ڕوخساری پاک کردەوە. چاوەکانی وشک بوو و دەدرەوشایەوە.
پاڤڵ وتی: "تێ دەگەم".
- بەڵێ، وتی باشترە بڕۆمە بنکەی جەندرمەکان.
ئاندرێ مشتی درێژ کرد.
- ئەم ئیزایی-یە چەندە رۆحێکی ناپاکی هەبوو!... خۆزگە لە جیاتی ئەو قسەیە زللەیەکی لێ دەدام... بەرگەی ئەوەم نەدەگرت و لەوانە بوو بۆ ئەویش باشتر بوایە! بەڵام کاتێک قسە بۆگەنەکانی وەک تفێکی پیس بە دەموچاوی مندا پرژاند، چیتر نەمتوانی بەر بە خۆم بگرم.
ئاندرێ دەستی بە گرژی لە ناو دەستی پاڤڵ دەرهێنا و بە بێزارییەوە وتی: "مشتێکم لە ناوەڕاستی ڕوخساریدا و بەرێ کەوتم". بیستم دراگۆنۆڤ زۆر بە هێواشی دەڵێت: "باش گیرۆدە بووی". پێم وابێت لە سوچی کۆڵانەکە خۆی حەشار دابوو.
ئاندرێ دوای چەند ساتێک بێ دەنگی وتی: "چیتر نەگەڕامەوە و لەگەڵ ئەوەش هەستم کرد دەنگێک بە گوێم دەگات. بە هێواشی لەوێ دوور کەوتمەوە وەک ئەوەی بە شەق بۆقێکم لە سەر ڕێگە لابردبێت. کاتێک گەیشتمە کارخانە، هاواریان کرد: "ئیزایی کوژراوە. نەمدەویست باوەڕ بەو قسەیە بکەم، بەڵام دەستم ژانی کرد. چیتر لە دەسەڵاتی مندا نییە، بەڵام پێم وابێت کۆتایی هاتووە".
خێرا سەیری دەستی کرد و وتی: "هەڵبەت هەرگیز ناتوانم ئەم پەڵە ناپاکە بشۆرمەوە".
دایکی بە گریانەوە وتی: "کوڕی خۆم، هەر ئەوەندەی دڵت پاک

بێت، بەسە".
ئاندرێ لەسەرخۆ، درێژەی بە قسەکانی دا: "خۆم تۆمەتبار ناکەم.. ئاخ... نا بەڵام بێزارکەرە.. جوان نییە ئەم پیسییە لە سنگی مرۆڤدا بێت، پێویستم پێی نییە".
پاڤڵ بە گومانەوە سەیری کرد و پرسی: "دەتەوێت چی بکەیت؟"
- دەمەوێت چی بکەم؟
بیری کردەوە، سەری داخست، دواتر بە پێکەنینەوە وتی: "لەوەی کە بڵێم لێمداوە ناترسم، بەڵام شەرم لەو کارەی ترم دەکەم".
دەستی شۆڕ بوو، هەڵستا و وتی: "ناتوانم بڵێم شەرمەزارم".
پاڤڵ شانی بەرز کردەوە و وتی: "باش لە مەبەستەکەت تێ ناگەم. تۆ ئەوت نەکوشتووە، تازە ئەگەریش..."
- هاورێ لەگەڵ هەموو ئەو قسانە، ئەویش مرۆڤە... کوشتن قێزەونە.. مرۆڤ ئەگەر بزانێت خەریکە کەسێک دەکوژن و رێگەیان لێ نەگرێت، زۆر بێ غیرەتە..."
پاڤڵ لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "بە هیچ جۆرێک لە مەبەستەکەت تێ ناگەم".
دوای چەند ساتێک بیرکردنەوە وتی: "واتە دەتوانم تێ بگەم، بەڵام ناتوانم هەستی پێ بکەم".
دەنگی زەنگی ئاگادارکردنەوەی کارخانە بەرز بۆوە. ئاندرێ بە بیستنی زەنگەکە سەری لار کردەوە، خۆی راوەشاند و وتی: "ئامادە نیم برۆمە سەر کار..."
پاڤڵ وتی: "منیش بە هەمان شێوە".
ئاندرێ بزەیەکی کورتی کرد و وتی: "دەمەوێت برۆم خۆم بشۆرم. خێرا جلەکانی لە بەر کرد و بە گریان رۆیشتە دەرەوە.
دایکی لە رووی هاوخەمییەوە بە نیگایەک بەرێی کرد، رووی کردە پاڤڵ و وتی: "پاڤڵ، هەرچیت پێ خۆشە بیڵێ، دەزانم کوشتنی مرۆڤ تاوانە، بەڵام ئەوەی دەیبینم کەس تاوانبار نییە. ئەو کاتەی سەیری

ئیزایی-م کرد بیرم کەوتەوە هەڕەشەی کردبوو پەتی سێدارە دەکاتە گەردنت... ئیتر نە رقم لێی بوو نە بە مردنی خۆشحاڵ بووم. جەرگم بۆی دەسووتا، بەڵام ئێستا بەزەییشم پێیدا نایەتەوە..."
قسەکەی بڕی. ساتێک بیری کردەوە و لە کاتێکدا سەرسوڕماو بزەیەکی کرد، درێژەی بە قسەکەی دا: "خوایە گیان! پاڤڵ بیستت چیم وت؟"
پاڤڵ گوێی لە قسەکانی نەگرتبوو. سەری داخستبوو و بیرمەندانە بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. بە دەنگێکی خەمبار وتی: "دایکە، ژیان بەم جۆرەیە. دەبینی چۆن خەڵکیان دژی یەک هانداوە. بتەوێت یان نەتەوێت، مرۆڤ ناچارە بکوژێت. ئەویش کەسێک کە بە ئەندازەی خۆی لە مافە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش کراوە و بەدبەختترە، چونکە کەرە... پاسەوانەکان، جەندرمەکان، سیخوڕەکان هەموو وەک دوژمنی ئێمە دەردەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکی وەک ئێمەن. ئەوانیان بەکرێ گرتووە و بەم شێوەیە خەڵکیان بەرداوەتە گیانی یەک. بە ترس و نەزانی کوێریان کردوون و دەست و قاچیان بەستوون. دایاندەڕزێنن و بە هۆی کەسانێکی وەک خۆیان لە ناویان دەبەن. خەڵکیان کردۆتە تفەنگ و چەخماخ و بەرد و ناوی ئەم کارەیان ناوە شارستانییەت! دەوڵەت و وڵات ئەمەیە...
لە دایکی نزیک کەوتەوە و وتی: "دایە گیان ئەمە تاوانە! کارەساتی کوشتنی بە ملیۆن مرۆڤ، کوشتنی رۆح، تێ دەگەی؟ رۆحی مرۆڤ دەکوژن! جیاوازی نێوان ئێمە و دوژمنەکانمان دەبینی. کاتێک یەکێک لە ئێمە لە کەسێک دەدات، لەو کارەی خۆی بێزارە و هێڵنج دەدات، بەڵام ئەوان بێ بەزەییانە هەزاران کەس دەکوژن بێ ئەوەی بیریشی لێ بکەنەوە".
بەم شێوەیە خەڵک دەچەوسێننەوە. تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەی داروبەردی ماڵ و کەلوپەل و زێڕ و زیو و پارە بێسودەکانی خۆیان و تەواوی ئەو شتە بێ نرخانە بپارێزن کە بۆتە هۆکاری مانەوەی دەسەڵاتی

ئه‌وان له سه‌ر خه‌ڵك. بۆ پاراستنی خۆیان نییه خه‌ڵك ده‌كوژن و گیان ده‌ستێنن، به‌ڵكو بۆ به‌رگری له خاوه‌نداریتی خۆیانه".
پاڤل ده‌ستی دایكی گرت. له ئامێزی گرت و وتی: "ئه‌گه‌ر بتوانی درك به قێزه‌ونی ئه‌م كاره‌ی ئه‌وان بكه‌یت، تێ ده‌گه‌ی ئێمه له سه‌ر ڕێگه‌ی راستین و ئامانجه‌كه‌مان زۆر گه‌وره‌یه.."
دایكی كه كاریگه‌ری قسه‌كان له سه‌ر ڕوخساری ده‌بینرا، له به‌ر خۆیه‌وه وتی: "چاوه‌ڕێ به پاڤل! چاوه‌ڕێ به! تێ ده‌گه‌م، هه‌ستی پێ ده‌كه‌م... چاوه‌ڕێ به!"

# وێنەی (25)

کەسێک لە ڕێڕەوی ماڵەکە دەنگی بەرز بۆوە. دایک و کوڕ لە شوێنەکەیان هەڵستان و سەیری یەکتریان کرد.
دەرگا بە هێواشی کرایەوە و ریبین بوو هاتە ژوور.
سەری بەرز کردەوە و دەم بە بزە وتی: "ئاخ! زۆر دڵتەنگی ئێوە بووم و بە بینینتان خۆشحاڵم".
چاکەتێکی کورتی لە پێستی مەڕ پۆشیبوو کە چەند پەڵەیەکی قیری پێوە نووسابوو، جووتێک دەستکێشی بێ پەنجە بە قایشی پانتۆڵەکەی هەڵواسرابوو، کڵاوێکی خوری لە سەرا بوو. تا هاتە ژوورەوە، وتی: "حاڵت چۆنە؟ ئازادیان کردیت؟ زۆر باشە، تۆ چۆنی پلاگە؟"
پێدەکەنی و ددانە سپییەکانی دەردەکەوت، دەنگی نەرمتر و ڕوخساری لەژێر ریشە پڕەکەی شاردرابۆوە.
دایکی بە بینینی خۆشحاڵ بوو و لێی نزیک کەوتەوە. دەستە گەورە و ڕەشەکانی گوشی و لە کاتێکدا بۆنی توندی قیری جەستەی ئەوی هەڵدەمژی، وتی: "ئەوە تۆی ریبین؟ خۆشحاڵم".
پاڤڵ بە پێکەنین وتی: "سەروسەکوتێکی لادێیی جوانت هەیە".
ریبین بە ئارامی پاڵتۆکەی داکەند و وەڵامی دایەوە: "بەڵێ دووبارە بوومە لادێیی. ئێوە وردە وردە دەبنە پیاوێکی شاری، بەڵام من بۆ دواوە دەگەڕێمەوە!"
لە کاتێکدا کراسەکەی بەری ڕێک دەخست، هاتە ناو ژوورەکە، بە نیگایەکی بازنەیی ژوورەکەی پشکنی و وتی وەک دەبینم کەلوپەلەکان زیاد نەبووە و وەک خۆی ماوەتەوە، تەنیا ژمارەی کتێبەکان زیادی کردووە... لەم قۆناغەدا گرانبایترین سامان ئەم

کتێبانەیە. دەنگ و باسی کارەکان؟ بۆم بگێڕنەوە".
قاچی کردەوە و دانیشت. بەری دەستەکانی خستە سەر ئەژنۆی و وەک پشکنەرێک سەیری خانەخوێی کرد. وەک ئەوەی دووبارە خۆشحالّی بە دەست هێنابێتەوە، چاوەڕوانی وەلامی پاڤل-ی دەکرد.
پاڤلّ وتی: "هەموو شتێک باشە".
ریبین وتی: "جێگەی خۆشحالّییە".
دایکی پرسی: "چا دەخۆیتەوە؟"
- بە خۆشحالّییەوە، ئەویش چایەکی تایبەت... ئەگەر خواردنیش هەبێت نالّێم نا.. بە بینینی ئێوە شادومانم".
پاڤلّ لە بەرامبەری دانیشت و درێژەی بە قسەکەی دا: "میخائیل ئیڤانۆڤیچ حالّت چۆنە؟"
- باشین، خراپ نین. چەند ڕۆژێک لە گوندی ئەگلیدیەڤۆ مامەوە. ئەویّ شارەزان. سالانە دوو بازاڕی گەورەی تیا ساز دەکرێت و دوو هەزار کەس دێن، بەلام خەلّکانێکی باش نین. لەویّ زەوی بۆ کشتوکالّ نییە. زەوییەکان بە کریّ دەگرن، بەلام بە پیت نین. من وەک بەکرێگیراوێک لای پیاوێکی چەوسێنەر دامەزرام. ژمارەی خوێنمژەکانی ئەم ولاتە کەم نییە، وەک زەردەوالّەن. خەلّوز دروست دەکەین و (قەتران) شیلەی دارتووس دەگرین. دوو هێندەی ئێرە کار دەکەین و کەمتر لە چوار هێندەی ئێرەش پارە وەردەگرین. حەوت کرێکارین لای ئەم خوێنمژە کار دەکەین... هەموویان گەنجی ئەو گوندەن جگە لە من، هەموویان خوێندن و نووسین دەزانن. یەکیان ناوی ژێفیمە، زۆر زیرەکە".
پاڤلّ پرسی: "قسەیان لەگەلّ دەکەی؟"
- بەلّیّ، هەموو بلاوکراوەکانی ئێوەم لەگەلّ خۆم برد. سی و چوار دانەم هەیە، بەلام پێم باشترە کەلّک لە تەورات وەربگرم. مرۆڤ هەرچی بوێت لە ناو تەورات دەستی دەکەوێت، کتێبێکی ئەستوورە و هەلّگرتنی قەدەغە نییە. لە لایەن ئەنجومەنە مەزهەبییەکانەوە چاپ

و بڵاو دەکرێتەوە و دەتوانی بڕوات پێی هەبێت".
چاوێکی لە پاڤڵ داگرت و وتی: "بەڵام بەس نییە، بۆ وەرگرتنی نووسرا و بڵاوکراوەکان هاتوومەتە ئێرە. من و ژێفیم دەڕۆیشتین قەترانەکان تەسلیم بکەین، بەڵام ڕێگەمان گۆڕی بۆ ئەوەی بێینە لای تۆ... پێش ئەوەی ژێفیم بێت، کتێبەکانم بەرێ.. پێویست ناکات ئاگاداری هەموو شتێک بێت".
دایکی سەیری ریبین-ی دەکرد، پێی وابوو ئەم کەسە لە کاتی داکەندنی پاڵتۆکەی، شتێکی دیکەشی لە خۆی دوور خستۆتەوە، بۆ نمونە رێزی لە دەست داوە و فێڵ و تەڵەکەی زیاتر لە چاوەکانی دەبینرێت".
پاڤڵ وتی: "دایکە، بڕۆ کتێبەکان بێنە. پێیان بڵێ بۆ گوندە و خۆیان دەزانن چیتان پێ بدەن".
دایکی وەڵامی دایەوە: "زۆر باشە، با سەماوەرەکە ئامادە بێت، دەڕۆم".
ریبین: "خەڵک دەچەوسێنرێنەوە و لە بەر هەژاری و بەدبەختی دەڕزێن. مەرگ دەبێ بە مەرگ وەڵام بدرێتەوە. دەبێ هەزاران کەس بمرن بۆ ئەوەی بە ملیۆنان مرۆڤ لە سەر زەوی مافی ژیانیان دەست بکەوێت!"
ریبین بە پێکەنینەوە پرسی: "دایکە تۆیش ئەم کارانە دەکەیت؟ لە لادێکەی ئێمە زۆر کەس تینووی کتێبە. خودی مامۆستاکەش وێڕای ئەوەی لە قوتابخانەی ئایینی خوێندوویەتی، بەڵام حەز بە خوێندنەوەی ئەم کتێبانە دەکات. لە دووری حەوت ڤەرسێت (هەر ڤەرسێتێک یەکسانە بە 1067 کیلۆمەتر) لە لادێکەمانەوە، مامۆستایەکی خاتوونیش هەیە، بەڵام ئەمانە ئامادە نین کتێبە قەدەغەکراوەکان بخوێننەوە. لە بەر ئەوەی مووچەخۆری دەوڵەتن، دەترسن... پێویستم بەو کتێبانەیە کە قەدەغەن و بە زمانێکی تیژ نووسراون. بە نهێنی ئەم کتێبانە بڵاو دەکەمەوە و ئەگەر قەشە یان

جەندرمەکان ئاگادار ببنەوە، وا دەزانن مامۆستاکان ئەو کارە دەکەن و کەس شک لە من ناکات".
دایکی بیری کردەوە: "تۆ لە ورچ دەچیت، بەڵام وەک ڕێوی بیر دەکەیتەوە..."
پاڤڵ هەڵستا و لە کاتێکدا بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا، بە مەبەستی ڕەخنەگرتن وتی: "میخائیل ئیڤانۆڤیچ، کتێبتان پێ دەدەم، بەڵام ئەو کارەی دەتانەوێت بیکەن، ڕاست نییە".
ریبین چاوەکانی زەق بوو، پرسی: "بۆ؟"
پاڤڵ بە تووڕەیی وتی: "لە بەر ئەوەی مرۆڤ دەبێت لێپرسراوێتی ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ کە دەیکات.."
ریبین سەیری زەوی کرد. سەری لەقاند و وتی: "لە مەبەستەکەت تێ ناگەم".
پاڤڵ لە بەردەمی وەستا و وتی: "چۆن بیرت لەو شتە کردەوە؟ ئەگەر مامۆستاکان بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە گومانیان لێ بکرێت، زیندانی دەکرێن یان نا؟"
- بەڵێ، بەڵام گرنگە؟
- بەڵام ئێوە کتێبەکانتان بڵاو کردۆتەوە، نەک ئەوان. ئێوە دەبێت قۆڵبەست بکرێن.
ریبین پێدەکەنی و لە کاتێکدا دەیکێشا بە ئەژنۆیدا، وتی: "کەسێکی سەیریت؟ من پیاوێکی لادێیی سادەم، کەس گومان دەکات کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدەم؟ شتی وا روو دەدا؟ کتێبەکە کاری ئەوانە و دەبێت لێپرسراوێتییەکەی بکەوێتە ئەستۆی ئەوان".
دایکی دەیبینی ریبین لە مەبەستەکەی پاڤڵ تێ ناگات و لە بەر ئەوە دڵتەنگ بووە. بە ئارامی وتی: "میخائیل ئیڤانۆڤیچ بە تەواوی بۆ ئەم کارە ئامادەیە، بەڵام بەو مەرجەی کەسانی تر لە جێگەی ئەو ئەشکەنجە بدرێن".
ریبین دەستی بە ریشیدا هێنا و وتی: "بەڵێ، ڕاستە".

پاڤڵ بە ساردی وەڵامی دایەوە: "ئەگەر یەکێک لە ئێمە بۆ نمونە ئاندرێ کارێکی نایاسایی بکات و لە جیاتی ئەو من زیندانی بکەن، ئەوسا چی دەڵێیت؟"
دایکی سەیری کورەکەی کرد و لە کاتێکدا بە تەواوی پەشۆکابوو، سەری لەقاند و وتی: "چۆن دەکرێت مرۆڤ بەو شێوەیە لەگەڵ هاورێکەی هەڵسوکەوت بکات؟"
ریبین وتی: "ئاها، پاڤڵ ئێستا لە مەبەستەکەت تێگەیشتم".
بە پێکەنینی گاڵتەئامێز بە دایکی وت: "بابەتێکی هەستیارە دایکە!"
دواتر رووی کردە پاڤڵ و درێژەی بە قسەکەی دا: "هاورێ تۆ هێشتا سادەیت! کاتێک مرۆڤ بۆ رێکخراوە نهێنییەکان کار دەکات، نابێت گرنگی بە شەرافەت و شتی ئەوتۆ بدات... بیری لێ بکەرەوە.. یەکەم ئەوەی کتێبەکان لای کێ بدۆزنەوە، ئەوە زیندانی دەکەن نەک مامۆستاکە، دووەم بابەتی کتێبە یاساییەکان کە مامۆستاکان بڵاوی دەکەنەوە، هەمان ناوەرۆکی کتێبە قەدەغەکراوەکانە، بەڵام وشەکانیان جیاوازە و لە کتێبەکانی ئەوان کەمتر راستی دەبینرێت تاکو کتێبەکانی ئێمە.. کەواتە مامۆستاکەش ئامانجی لەگەڵ ئامانجی ئێمە یەکە، بەڵام بەلارێدا دەرۆن لە کاتێکدا من بە شارێی راستیدا دەرۆم... بەم جۆرە، لای فەرمانرەواکان تاوانی هەردووکمان یەک شتە، وا نییە؟ سێیەم، هیچ بەرکەوتنێکم لەگەڵ ئەوان نییە. پیادەکان بۆ سوارەکان هاورێیەکی خراپن. ئەگەری هەیە لەگەڵ جووتیارێک بەو شێوەیە هەڵسوکەوت نەکەم، بەڵام ئەو مامۆستایە کوری قەشەیەکە و مامۆستا ژنەکە کچی خاوەن زەوییەک. نازانم بۆ خەڵک بۆ شۆرش هان دەدەن. منی جووتیار ناتوانم لە بۆچوونەکانی ئەوان تێ بگەم کە خوێندەوارن، خۆم دەزانم چی دەکەم، بەڵام لە مەبەستی ئەوان تێ ناگەم. خاوەن زەوییەکان هەزاران ساڵ خواوەندی راستەقینە بوون و پێستی جووتیارانیان دادەماڵێ. لە ناکاو بەئاگا دێنەوە و دەیانەوێت چاو و گوێی قوربانییەکانی خۆیان

بکەنەوە. کوڕی خۆم، بڕوام بە چیرۆکی پەری دەریا نییە، بەڵام ئەمە هاوشێوەی ئەو چیرۆکەیە. بە بۆچوونی من کەسانی خوێندەوار و دەوڵەمەند، هەرکەسێک بن، لە منەوە دوورن. زستان، کاتێک مرۆڤ بە کێڵگەکاندا تێدەپەڕێت، هەندێک کات شتێکی زیندوو دەبینێت کە لە دوورەوە دەجوڵێتەوە، مرۆڤ لێی دوورە نازانێت ڕێوییە، گورگە یان سەگ".

دایکی سەیری کوڕەکەی کرد. پاڤڵ خەمبار دەهاتە بەرچاو.

چاوەکانی ریبین دەبریسکایەوە. لە کاتێکدا لە خۆی رازی بوو، پەنجەی کردە ناو ریشی و بەردەوام بوو: "ئێستا کاتی ئەوە نییە بیر لە مرۆڤایەتی بکەینەوە... هەرکەس دەبێت بە پێی ویژدانی خۆی کار بکات.. هەر مەلێک دەنگێکی تایبەتی هەیە".

دایکی وتی: "کەسانێکی دەوڵەمەندیش هەن کە خۆیان دەکەنە فیدای کۆمەڵانی خەڵک و تەواوی تەمەنیان لە زیندان بە سەر دەبەن".

ریبین وتی: "بابەتی ئەوان شتێکی جیاوازە. کاتێک جووتیارێک دەوڵەمەند دەبێت، پاڵ بە ئاغاوە دەدات و کاتێک ئاغا هەژار دەبێت، دەبێتە لایەنگری جووتیاران. کاتێک گیرفان بەتاڵە، ڕۆح ناچارە پاک بێت. پاڤڵ، بیرتە جارێک وتت کە چۆنییەتی بیرکردنەوەی هەر کەسێک پەیوەندی بە چۆنییەتی ژیانی ئەو کەسەوە هەیە...؟ ئەگەر کرێکار بڵێ "بەڵێ" ئاغا ناچارە بڵێ "نا" و ئەگەر کرێکار بڵێ "نا"، ئاغا ناچارە بڵێ "بەڵێ"، لە بەر ئەوەی ئاغایە. سەبارەت بە جووتیار و خاوەن زەویش بەم جۆرەیە. کاتێک جووتیار رازییە، خاوەن زەوی خەوی لێ ناکەوێت. باش دەزانم لە هەموو شوێنێک مرۆڤی چەوسێنەر و خراپەکار هەیە و نامەوێت بێ جیاوازی بەرگری لە هەموو جووتیارەکان بکەم".

ریبین هەڵستا، دەنگی ئارامتر بوو، وتی: "ماوەی پێنج ساڵ لەم کارخانە ڕۆیشتم بۆ ئەو کارخانە و چۆنییەتی ژیانی کەسێکی لادێییم فەرامۆش کرد. کاتێک بۆ ئەو ژیانە گەڕامەوە و دۆخەکەم

بینی، بە خۆم وت ناتوانم وەک جووتیارەکان بژیم. تێ دەگەی ئێوە نازانن برسیەتی چییە... سووکایەتی زۆرتان پێ ناکەن...، بەلاّم لە گوند برسیەتی وەک سێبەر بە دوای مرۆڤەوەیە. هیچ ئومێدیان نییە بە ئەندازەی پێویست خواردن بە دەست بێنن... برسیەتی رۆحی مرۆڤەکانی خواردووە و تایبەتمەندییە مرۆییەکانی سڕیوەتەوە. خەلّک ژیان ناکەن، بەلّکو لە ناو بەدبەختیدا دەڕزێن. دەسەلاّتداران بەردەوام ئێشک دەگرن. وەک قەلەڕەش لە بۆسەدان بۆ ئەوەی بزانن جووتیاران پاروویەکی زیادەیان هەیە یان نا.. کاتێک ئەو پاروەوە زیادە دەبینن، لێی دەستێنن و شەقەزللەیەکی قایمیشی لێ دەدەن".

ریبین سەیری دەوروبەری کرد، رووی کردە پاڤلّ، دەستی خستە سەر مێزەکە: "کاتێک دووبارە لە نزیکەوە ئەم ژیانەم بینی، بێزار بووم، تەنانەت ئازارم کێشا، هەستم کرد ناتوانم بەرگەی بگرم، بەلاّم بە سەر خۆمدا زالّ بووم و بە خۆم وت: "نابێت رێگە بدەم رۆحم فریوم بدات! لێرە دەمێنمەوە و ئەگەر نەتوانم هیچیان پیشان بدەم، خۆ دەتوانم پشێوی دروست بکەم. بەلّێ کوڕی خۆم، پشێوییەکی راستەقینە. من لە لایەن خەلّک و لە سەر ئەو خەلّکە بەم ریسواییە رازی دەبم.. ڕیسوایی وەک کێردێک لە دلّم چەقیوە.."

ریبین دلّۆپ دلّۆپ عارەقی دەردەدا. لەسەرخۆ لە پاڤلّ نزیک کەوتەوە، دەستی خستە سەرشان.

- هاوکاریم بکە، ئەو کتێبانەم بەرێ کە ئاسودەیی لە خوێنەرە دەستێنن. دەبێت ژیشک بخەیتە ژێر سەری خەلّک. ئەو کەسانەی نووسراوەکان دەنووسن، پێیان بلّێ بۆ گەنجە لادێییەکانیش بنووسن. جۆرێک بنووسن وەک ئاو، گوندەکان ئاو بدات و جووتیارەکان دوای خوێندنەوە، بێ ترس بەرەو مردن برۆن. مەرگ دەبێت بە مەرگ وەلاّم بدرێتەوە. دەبێت بمرین بۆ ئەوەی خەلّک زیندوو بێت. دەبێت هەزاران کەس بمرێت تاکو بە میلیۆنان مرۆڤ لە سەر زەوی مافی

ژیانیان پێ ببڕێت. مردن ئاسانە، تەنیا خۆزگە خەڵک دەژیانەوە، خۆزگە هەڵدەستانەوە".

دایکی سەماوەرەکەی هێنا. بە شێوەیەکی تایبەت سەیری ریبین-ی دەکرد. قسەکانی ریبین، مێردەکەی بیر خستەوە. ئەم پیاوە لێکچوونێکی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبوو. هەردووک بە شێوەیەک ددانەکانیان پیشان دەدا و قۆڵیان هەڵدەکرد، توورەیی و خۆڕانەگرتنیان وەک یەک بوو. بەو جیاوازییەی ریبین قسەی دەکرد و ئەمە مەترسیی بابەتەکەی کەم دەکردەوە.

پاڤڵ سەری لەقاند و وتی: "بەڵێ، پێویستە. دەبێت ڕۆژنامەیەک تایبەت بە گوندەکان چاپ بکەین. بابەتمان بۆ بنێرە تاکو لە ڕۆژنامەکە چاپ و بڵاوی بکەینەوە".

دایکی بە پێکەنینەوە سەیری کوڕەکەی کرد، جلەکانی پۆشی و بێ ئەوەی قسە بکات، ڕۆیشتە دەر.

ریبین هاواری کرد: "بەسەرچاو. هەرچی پێویست بێت، ئامادەی دەکەم. سادە بنووسن بۆ ئەوەی گوێرەکەیش لێی تێ بگات".

# وێنەی (26)

دەرگا کرایەوە و کەسێک هاتە ژوور.
ریبین سەیرێکی چێشتخانەکەی کرد و وتی: "ژێفیم! وەرە ژوور، ئەم پیاوە ناوی پاڤڵە. ئەو کەسەیە کە لە بارەیەوە قسەم بۆت کرد".
پیاوێکی قاڵتاغی باڵابەرز بوو، ڕوخساری پان، قژسوور، چاوی خۆڵەمێشی، بەهێز و چوارشانە. چاکەتێکی کورتی لە بەردا بوو.
هاتە ژوور و وتی: "سڵاو". تەوقەی لەگەڵ پاڤڵ کرد. سەیرێکی ژوورەکەی کرد، بەڵام دەستبەجێ بەرەو ڕەفەی کتێبەکان ڕۆیشت.
ریبین وتی: "پاڤڵ ئەوانەی خوێندۆتەوە".
ژێفیم ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد، چاوی بە ناو کتێبەکاندا گێڕا و وتی: "ئەو هەموو کتێبە! دڵنیام کەمتر دەرفەتی خوێندنەوەی ئەم کتێبانەتان هەیە؟ مرۆڤ لە گوند کاتی زیاترە بۆ خوێندنەوە".
پاڤڵ پرسی: "بەڵام لەوانەیە کەمتر حەزی لە خوێندنەوە بێت!"
گەنجەکە دەستێکی بە چەناگەیدا هێنا و وەڵامی دایەوە: "بۆچی؟ بە پێچەوانەوە! ئێستا مرۆڤ ناچارە بیر بکاتەوە، ئەگینا هیچ چارەیەک نییە، دەبێت دەست و قاچ درێژ بکات و بمرێت. زەوی ناسی! واتای چییە؟"
پاڤڵ بۆی ڕوون کردەوە.
ژێفیم کتێبەکەی خستە شوێنەکەی و وتی: "پێویستم بەمە نییە".
ریبین وتی: "ئەوە بۆ جووتیار سەرنجڕاکێش نییە، چۆن دابەش کراوە و چۆن خاوەن زەوییەکان دەستیان بە سەردا گرتووە. گرنگ نییە جووتیار بزانێت زەوی دەسوڕێتەوە یان نا، تۆ دەخوازی پەتێکی پێ هەڵواسی بەو مەرجەی خۆراک بدات و بژێوی دانیشتووانی

سەر زەوی دابین بکات".
ژێفیم کتێبی مێژووی کۆیلایەتی هەڵگرت و لە پاڤڵ-ی پرسی: "مەبەستی ئەم کتێبە ئێمەین؟"
پاڤڵ کتێبێکی دیکەی پێدا و وتی: "ئەمەیش سەبارەت بە کۆیلایەتییە!"
ژێفیم کتێبەکەی وەرگرت، سەیری کرد و دواتر داینا و بە ئارامی وتی: "بابەتی کۆیلایەتی کۆن بووە.
زەویتان هەیە؟"
- ئێمە؟ بەڵێ. سێ براین و چل هەزار مەتری دووجا زەویمان هەیە. هەمووی چەوی نەرمە. بۆ پاککردنی مس زۆر باشە، بەڵام کشتوکاڵی تیا ناکرێت. دوای چەند ساتێک بێ دەنگی بەردەوام بوو: "خۆم لە دەست ئەو زەوییە رزگار کرد، نەک تەنیا بەرهەمی نییە، بەڵکو دەست و قاچی مرۆڤ دەبەستێتەوە. ئێستا چوار ساڵە بە کرێ کار دەکەم. پاییز دەبێت بڕۆم بۆ سەربازی. مامە میخائیل دەڵێت مەڕۆ، چونکە سەربازەکان بە سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵک ناچار دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت بڕۆم. سەربازەکان لە سەردەمی ستێپان رازین و پۆگاچێڤ -یش خەڵکیان سەرکوت کرد، کاتی ئەوەیە کۆتایی بەم بابەتە بهێنرێت". بێ ئەوەی چاو لە پاڤڵ هەڵبگرێت، پرسی: "بۆچوونی ئێوە چییە؟"
پاڤڵ بە پێکەنین وتی: "بەڵێ، کاتی هاتووە، بەڵام دژوارە، مرۆڤ دەبێ بزانێت چۆن لەگەڵ سەربازەکان قسە دەکات".
ژێفیم وتی: "فێر دەبین".
پاڤڵ بە وردی سەیری ژێفیم-ی کرد و وتی: "ئەگەر بتانگرن، گوللەبارانتان دەکەن".
ژێفیم بە ئارامی قسەکەی پشتڕاست کردەوە: "لە ئێمە خۆش نابن". دووبارە سەیری کتێبەکانی کرد.
ریبین وتی: "هاوڕێ چا بخۆرەوە، دەبێ زووتر بڕۆین".
ژێفیم وەڵامی دایەوە: "ئێستا دەیخۆم، بە راست ئەم کتێبەی

ڕۆڵدۆسیڤ واتاكەی چییە؟" و دووبارە پرسی: "ڕاپەڕین واتە شۆڕش؟"
ئاندرێ سوور هەڵگەڕا و بێ تاقەت گەڕایەوە. بێ ئەوەی قسە بكات تەوقەی لەگەڵ ژێفیم كرد و لای ریبین دانیشت. بە وردی سەیری كرد و بە قاقا پێكەنی.
ریبین كێشای بە ئەژنۆی ئاندرێ و پرسی: "بۆ بێ تاقەتی؟"
ئاندرێ وتی: "هیچ نییە".
ژێفیم بە ئیشارەی سەر ئاندرێ-ی پیشان دا و پرسی: "ئەمیش كرێكارە؟"
ئاندرێ وتی: "بەڵێ، بۆ دەپرسی؟"
ریبین ڕوونی كردەوە: "یەكەم جارە كرێكاری كارخانە دەبینێت و پێی وایە سیمایەكی تایبەتیان هەیە".
پاڤڵ پرسی: "لە چ ڕوویەكەوە؟"
ژێفیم بە وردی سەیری ئاندرێ-ی كرد و وتی: "ئێسقانەكانی ئێوە نووك تیژە لە كاتێكدا ئێسقانەكانی جووتیار خڕترە..."
ریبین قسەكەی بۆ تەواو كرد: "جووتیار ئاسانتر لە ئێوە لە سەر قاچی دەوەستێت! لەژێر پێی هەست بە زەوی دەكات، هەرچەند هی خۆی نەبێت، بەڵام كرێكاری كارخانە وەك باڵندەیە، نە نیشتمانی هەیە نە خێزان، ئەمڕۆ لێرەیە، بەیانی لە شوێنێكی دیكەیە... تەنانەت ژنیش ناتوانێت ئەوان لە شوێنێک ببەستێتەوە و هەر ئەوەندەی شەڕێک ڕوو بدات، ژن بە جێ دێڵن و بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری ڕوو لە ناوچەیەكی دیكە دەكەن. لە كاتێكدا جووتیار دەخوازێت ماڵەكەی باشتر بكات بێ ئەوەی لە شوێنەكەی بجولێت و جیا بێتەوە". دوای ئەم قسەیە ڕۆیشتە چێشتخانەكە.
ژێفیم لە پاڤڵ نزیک كەوتەوە و بە گومانەوە پرسی: "دەكرێت كتێبێكم پێ بدەن؟"
- بە دڵنیاییەوە.

بروسکەی خۆشی لە چاوەکانی ئەو جووتیارەدا بینرا. خێرا وتی: "بۆتان دەگەڕێنمەوە. هاوڕێکانی ئێمە، لەم نزیکانە قەتران دەگوازنەوە. بەواندا دەینێرمەوە. زۆر سوپاس. ئێستا کتێب بە ئەندازەی مۆم بۆ شەو پێویستە".
ریبین گەڕایەوە، پاڵتۆکەی لە بەر کرد و وتی: "بڕۆین".
- بڕۆین، کاتیەتی.
ژێفیم تامەزرۆیانە کتێبەکانی پیشان دا و وتی: "سەیرکە، ئیتر کتێبمان زۆرە بۆ خوێندنەوە".
کاتێک ڕۆیشتن، پاڤێل بە ئاندرێ-ی وت: "ئەم شەیتانانەت بینی؟"
ئاندرێ وتی: "بەڵێ، هاوشێوەی هەورن.."
دایکی قسەکەی بڕی: "مەبەستتان ریبین-ە؟ پێم وانییە ئەم پیاوە لە کارخانە کاری کردبێت.. دووبارە بۆتە جووتیار، مەترسیدارە".
پاڤێل بە ئاندرێ-ی وت کە لای پەنجەرەکە دانیشتبوو و خەمبارانە سەیری پیاڵەی چای دەکرد: "بەداخەوە لێرە نەبوویت، تۆ کە بەردەوام باسی هەستەکان دەکەی، دەتتوانی گەمەی هەستەکان ببینی. ئەگەر بزانی ریبین چی وت! خۆم بە بیستنی شڵەژام، خنکام! نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە... بە هیچ جۆرێک گرنگی بە خەڵک نادات و نرخیان بۆ دانانێت. دایکم راست دەکات. هێزێکی مەترسیدار لەم پیاوەدا هەیە".
ئاندرێ بە بێ تاقەتی وەڵامی دایەوە: "دزانم. مرۆڤەکانیان ژەهراوی کردووە. کاتێک شۆڕش بکەن بۆ ئەوەی ئیمتیازێکیان پێ بدەن، هەموو شتێک سەرئاوەژوو دەکەن. زەوییان بە رووت و قووتی دەوێت و هەر شتێک داپۆشێت، لە ریشەوە دەریدێنن".
بە هێواشی قسەی دەکرد، بیری لە شتێکی دیکە دەکردەوە. دایکی پێی وت: "ئاندرێ، ئازیزم باشترە بە سەرخۆتا زاڵ بیت".
ئاندرێ لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "دایکە گیان، چاوەڕێ بکە، چاوەڕێ بکە. هەرچەندە مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام ئەمە زۆر

قێزەونە. لە ناكاو تووڕە بوو، مشتێكی لە مێزەكە دا و وتی: "بەڵێ، پاڤڵ راست دەكەی، ئەو ڕۆژەی جووتیار شۆڕش بكات، زەوی رووت دەكاتەوە. وەك چۆن لە كاتی بڵاوبوونەوەی كۆلێرا هەموو شتێك دەسووتێنن تاكو شوێنەواری ئەو ریسواییانەی بینیوییەتی، بكاتە خۆڵەمێش".

پاڤڵ بە ئارامی وتی: "كەواتە نابێتە لەمپەر بۆ ئێمە".

- ئەركی ئێمە ئەوەیە ڕێگەی پێ نەدەین. پاڤڵ دەبێت ڕێگەی لێ بگرین. ئێمە لەو نزیكترین. بڕوا بە قسەكانمان دەكات.

- دەزانی، ریبین دەیەوێت ڕۆژنامەیەك تایبەت بە گوندەكان بڵاو بكەینەوە.

- زۆر باشە، دەبێت بە زوویی دەست پێ بكەین.

پاڤڵ بە پێكەنین وتی: "شەرمم دەكرد لەوەی كە نەمدەزانی چۆن گفتوگۆی لەگەڵ بكەم".

ئاندرێ دەستی بە سەریدا هێنا و وتی: "دووبارە پێش دێت! نەی بژەنە و ئەو كەسانەی رانیان چالاكە و قاچیان بە زەوییەوە نەلكاوە، بە دەنگی مۆسیقا تۆ سەما دەكەن. ریبین راست دەكا كە دەڵێت ئێمە هەست بە زەوی ژێر پێمان ناكەین و نابێت هەستی پێ بكەین، چونكە جوڵاندنی زەوی لە ئەستۆی ئێمەیە... كاتێك بۆ یەك جار زەویمان هەژاند، خەڵك لێی جیا دەبنەوە و جاری دووەم، ئەو كارە دووبارە دەكەینەوە".

دایكی پێكەنی و وتی: "ئاندرێ، هەموو شتێك لای تۆ سادەیە".

ئاندرێ بە خەمباری وەڵامی دایەوە: "بەڵێ راستە، هەموو شتێك سادەیە وەك ژیان".

دوای چەند سات درێژەی بە قسەكانی دا: "دەڕۆمە ناو كێڵگەكان بۆ ئەوەی كەمێك بحەوێمەوە".

دایكی وتی: "دوای حەمام؟ هەوا ساردە و نەخۆش دەكەویت".

- راستە، بەڵام پێویستم پێیەتی.

پاڤڵ بە میهرەبانی وتی: "وریا بە، سەرمات نەبێت، وا باشە پاڵ بکەویت، بەڵکو خەوت لێ بکەوێت".
- نا دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە.
جلەکانی پۆشی و بێ ئەوەی هیچ بڵێت، ڕۆیشت".
دایکی ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: "ئازار دەکێشێت".
پاڤڵ وتای: "دەزانی، کارێکی باشت کرد وەک دایکێکی میهرەبان هەڵسوکەوتت لەگەڵ کرد و بە "تۆ" بانگت کرد.
دایکی بە سەرسوڕمانەوە سەیری کوڕەکەی کرد و وتی: "بەڵام خۆم هەستم بەو بابەتە نەکرد. ئەو زۆر لە من نزیکە، ناتوانم بڵێم چەندە".
پاڤڵ وتی: "دڵت چەند گەورە و پاکە دایکە!"
- خۆزگە دەمتوانی هاوکاری بکەم، هاوکاری هەمووتان، خۆزگە دەمزانی.
- مەترسە، فێر دەبیت.
دایکی بە ئارامی پێدەکەنی و وتی: "نازانم چۆن نەترس بم! سوپاس کوڕم بۆ پەسن دانەکەت".
- زۆر باشە دایە، با باسی ئەم بابەتە نەکەین! تەنیا ئەوە بزانە زۆرم خۆش دەوێت و بۆ هەمیشە سوپاسگوزاری تۆم.
دایکی ڕۆیشتە چێشتخانە بۆ ئەوەی بە فرمێسکەکانی پاڤڵ دڵتەنگ نەکات.
ئاندرێ شەکەت و ماندوو، درەنگانی شەو گەڕایەوە و دەستبەجێ ڕۆیشتە سەر جێگەکەی و پاڵ کەوت.
پاڤڵ پرسی: "ئێستا باشتری؟"
- نازانم، دەنگە دەنگ مەکە دەمەوێت بخەوم.
دوای چەند خولەک، چیکێف وەک هەمیشە بە جلوبەرگی کۆنە و دڕاو هاتە ژوور. لە کاتێکدا بە شەلەشەل بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، پرسی: "دەزانی کێ ئیزایی کوشتووە؟"

پاڤڵ وتی: "نا".
- پێم وابێت کەسێک دەرکەوتووە و ئەم کارەی پێ خراپ نەبووە. خۆم ئامادە کردبوو بە دەستی خۆم بیخنکێنم. دەبوایە من ئەو کارە بکەم.
پاڤڵ بە میهرەبانی وتی: "هاوڕێ، ئەو قسانە مەکە".
دایکی بە دڵسۆزی وتی: "تۆ کوڕێکی زۆر باشیت، بەڵام قسەکانت هەمیشە بێ بەزەییانەیە، بۆ؟"
چیکێف شانی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی منگن وەڵامی دایەوە: "تەنیا بۆ ئەو کارانە باشم. بەردەوام لە خۆم دەپرسم شوێنی من لە کوێیە؟ بەڵام نایدۆزمەوە. دەبێت قسە لەگەڵ خەڵک بکەین و من نازانم... هەموو شتێک دەبینم.. هەست بە هەموو بەدبەختی و ریسواییەکانی مرۆڤ دەکەم، بەڵام توانای دەربڕینیانم نییە..."
لە پاڤڵ نزیک کەوتەوە، سەری داخست و بە نینۆک مێزەکەی دەڕووشاند. بە دەنگێکی خەمبار هاوشێوەی دەنگی منداڵێک، داوای کرد: "هاوڕێیان، کارێکی قورسم پێ بسپێرن، هەر کارێک بێت، ناتوانم بەم شێوەیە بێ مەبەست و بەرەڵا بژیم... هەمووتان بۆ مەبەستەکەتان کار دەکەن و پێش کەوتوون، بەڵام من بەجێ ماوم. دار و تەختە دەگوازمەوە، تۆ بڵێ، دەکرێت بەم شێوەیە بژیم؟ کارێکی قورسم پێ بسپێرن با ئەنجامی بدەم".
پاڤڵ دەستی گرت و رایکێشا بۆ لای خۆی: "لە بیری تۆدام".
دەنگی ئاندرێ لە ژوورەکەی تر بەرز بۆوە: "پیتەکانی چاپ کردنت فێر دەکەم و دەبیتە یەکێک لەوانەی بابەتەکانی ئێمە دەنووسن، ئامادەی؟"
وسێف لێی نزیک کەوتەوە و وتی: "ئەگەر فێرم بکەیت، کێردێکت پێ دەدەم".
ئاندرێ هاواری کرد: "خوا خۆت و کێردەکەت ببڕێت".
چیکێف پێداگری دەکرد: "کێردێکی باشە".

ئاندرێ و پاڤڵ بە قاقا پێدەکەنین. وسێف لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستا و پرسی: "گاڵتەم پێ دەکەن؟"

ئاندرێ لە سەر قەرەوێڵەکەی هاتە خوار و وتی: "بەڵێ، پێت باشە بڕۆینە ناو کێڵگەکان و بسوڕێینەوە؟ شەوێکی دڵڕفێنە، مانگ دەدرەوشێتەوە... دێن؟"

پاڤڵ وتی: "بەڵێ".

وسێف وتی: "منیش دێم ئاندرێ، حەز بە پێکەنینەکەت دەکەم".

ئاندرێ بە پێکەنین وتی: "منیش هەرکات بەڵێنی دیارییەکم پێ دەدەیت، خۆشحاڵ دەبم".

کاتێک ئاندرێ جلی لە بەر دەکرد، دایکی لە بەر خۆیەوە وتی: "جلی زۆرتر لە بەر بکە با گەرم بیتەوە".

کاتێک سێ هاوڕێکە ڕۆیشتنە دەر، نیگای دایکی بە دوایانەوە بوو. سەیرێکی وێنە پیرۆزەکانی کرد و وتی: "خوایە گیان، هاوکارییان بکە".

# وێنەی (27)

ڕۆژەکان یەک لە دوای یەک بە خێراییەکی ئەوتۆ تێدەپەڕین، دەرفەتیان بە دایکی نەدەدا بیر لە ڕۆژی 1ی ئایار بکاتەوە. تەنیا شەوان کاتێک شەکەت و ماندوو بە هۆی گرفتەکانی ڕۆژی قەرەباڵغ و بێزارکەر، دەڕۆیشتە ناو جێگەکەی، هەستی دەکرد کەسێک دڵی دەگوشێت، بە خۆی دەوت: "خوا بکات، 1ی ئایار زووتر بێت".
زەنگی کارخانە لە بەرەبەیاندا دەینەڕاند. پاڤڵ و ئاندرێ خێرا پارووییەک نانیان خوارد و چەند ئەرکێکی بچوکیان بە دایکی سپارد و ڕۆیشتن. ئەم ژنە بە درێژایی ڕۆژ وەک سمۆرەیەکی ناو قەفەس لە گەڕاندا بوو، نانی نیوەڕۆی دروست دەکرد، چەسپ و ژەلاتینی بنەوشی بۆ چاپی بڵاوکراوەکان ئامادە دەکرد. بە درێژایی ڕۆژیش کەسانێکی نەناسراو دەهاتن و چەندین وەرەقەیان پێ دەدا بۆ ئەوەی بە دەستی پاڤڵ-ی بگەیەنێت.
هەموو شەوێک ئەو بڵاوکراوانەی کرێکارانی بۆ بەشداریکردن لە جەژنی 1ی ئایار هان دەدا، بە سەر دیوار و دەرگای بنکەی جەندرمەکانەوە هەڵدەواسرا. هەموو ڕۆژێکیش ئەم نووسراوانە لە ناو کارخانە بڵاو دەبۆوە. پاسەوانەکان بەیانیان زوو بە ناو گەڕەکدا دەگەڕان و بە جوێندان بڵاوکراوەکانیان لێ دەکردەوە، بەڵام دەمەونیوەڕۆ دووبارە هەڵیاندەواسی. پۆلیسی نهێنی بۆ شارەکەوە نێردرا. ئەم پۆلیسانە لە سوچ و کەناری کۆڵانەکان جێگیر دەبوون و بە چاو، کرێکارەکانیان دەپشکنی کە خۆشحاڵ بۆ نانی نیوەڕۆ دەهاتنەوە یان لە کارخانە دەگەڕانەوە. هەمووان بە بێ دەسەڵاتی پۆلیس خۆشحاڵ بوون، تەنانەت کرێکارە بەتەمەنەکان، بە پێکەنین دەیانووت: "بازاڕێکی سەیرە!"

لە هەموو شوێنێک تاقم و دەستەی بچوک بۆ راوێژکردن سەبارەت بە بڵاوکراوەکان پێک دەهێنرا. ژیان لە جۆش و خرۆشدا بوو و هەمووان ئەم بەهارەیان بە دڵگیرتر دەزانی، چونکە شتێکی نوێی پێ دەبەخشین: "بۆ هەندێک پاساوێکی تازە بۆ توورەبوون دژی ئاژاوەگێران و جوێندان پێیان، بۆ هەندێک هیوایەکی کەم و پەرێشانییەکی نامۆ و، بۆ کەمینەیەکی تر دڵخۆشی لەوەی هێزێکن دنیا بەئاگا دێننەوە.

ئیتر شەوان پاڤڵ و ئاندرێ خەویان لێ نەدەکەوت. ڕەنگ زەرد، شەکەت و ماندوو، دوای تەواوبوونی کار، لە کارخانە دەگەڕانەوە. دایکی دەیزانی کوڕەکانیان لە دارستان و نزیک زەلکاو دەبەستن. دەیزانی پۆلیسەکان لە گەڕەکەکە کێشک دەگرن و پۆلیسی نهێنی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بوونەتەوە، تەنانەت کرێکارە تەنیاکانیش دەپشکنن، بڵاوە بە کۆبوونەوەکان و هەندێ کەسیش دەستگیر دەکەن. دەیزانی یەکێک لەم شەوانە پاڤڵ و ئاندرێ قۆڵبەست دەکرێن.

کوشتنی ئیزایی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بێ دەنگی لێ کرا. پۆلیس بۆ ماوەی یەک-دوو ڕۆژ لێکۆڵینەوەی کرد و دوای ئەوە چیتر گرنگییان بە دۆسیەکە نەدا.

ڕۆژێک ماریا کرۆسۆنۆڤا کە پەیوەندی لەگەڵ هەمووان بە تایبەت پۆلیس باش بوو، بە پلاگەی وت: "پۆلیس دەڵێت چۆن دەکرێت تاوانبارەکە بدۆزینەوە؟ ئەو ڕۆژە زیاتر لە سەد کەس ئیزایی بینیوە و لەو سەد کەسە، لانی کەم نەوەد کەسیان ئامادە بوون لە ئیزایی بدەن، چونکە لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا بە ئەندازەی پێویست خەڵکی ئازار داوە.

ئاندرێ بە شێوەیەکی هەستپێکراو گۆڕانی بە سەردا هات. سەر کوڵمەکانی چاڵ و پێڵوەکانی قورس و چاوە ئاوساوەکانی شۆڕ بۆوە. زۆر بە کەمی پێدەکەنی. توێژێکی ناسک لە کونی لووتیەوە تاکو قەراخ لێوی دەبینرا. ئیتر وەک جاران باسی شتە ئاساییەکانی

نەدەکرد.
کاتێک کوشتنی ئیزایی فەرامۆش کرا، ئاندریێ ڕۆژێک بە خەمباری پێکەنی و وەک ئەوەی گرنگی پێ نەدات، وتی: "دوژمنەکانمان نەک تەنیا کۆمەڵانی خەڵکیان خۆش ناوێت، بەڵکو ئەوانەیشیان خۆش ناوێت کە وەک سەگ دوای ئێمەی دەخەن. بۆ یەهودای ئەمەکداری خۆیان نیگەران نین، بەڵکو نیگەرانی زیو و زێڕی خۆیانن، نەک هیچی تر".
دوای چەند ساتێک بێ دەنگی وتی: "هەرچەند زیاتر بیر لەو پیاوە دەکەمەوە، زیاتر دڵم بۆی دەسووتێت. نەمدەویست بیکوژن، نا، خوازیای مەرگی ئەو نەبووم".
پاڤڵ لەسەرخۆ وتی: "ئاندریێ، ئیتر بەسە".
دایکی بە ئارامی وتی: "شەقێک بەر قەدی رزێوی دارێک کەوت و بوو بە خۆڵ".
ئاندریێ خەمبار وەڵامی دایەوە: "ئەم قسەیە راستە، بەڵام دڵنەواییم ناکات".
زۆر جار کە ئەم قسانە تاڵییەکی سووتێنەری لە ناو دەمیدا دروست دەکرد، دووباتی دەکردە...
سەرئەنجام ئەو ڕۆژەی هەمووان بێ سەبرانە چاوەڕوانی بوون، داهات: "1ی مانگی ئایار".
زەنگی ئاگادارکردنەوەی کارخانە وەک هەمیشە نەڕاندی. دایکی کە شەو نەیتوانیبوو بخەوێت، لە جێگەکەی هەڵستا. سەماوەرەکەی هەڵکرد و ویستی پاڤڵ و ئاندریێ بەئاگا بێنێتەوە، بەڵام پەشیمان بۆوە و لای پەنجەرەکە دانیشت و هاوشێوەی کەسێک کە بە ئازاری ددان بناڵێنێت، دەستی خستە ژێر چەناگەی.
لە ئاسمانی شین، چەند پەڵە هەورێکی سپی خێرا گوزەریان کرد. لە فڕینی بە کۆمەڵی باڵندە گەورەکان دەچوو کە بە هۆی دەنگی پەنگخواردووی هەڵم ترسابن و شپرزە هەڵبێن. دایکی سەیری

هەورەكانی كرد و گوێی لە ترپەی دڵی گرت. سەری قورس و چاوەكانی بە هۆی بێ خەوی دەكزایەوە. ئارامییەكی سەیر لە ناخیدا بوو. لێدانی دڵی ئارام بوو و بیری لە شتە ئاساییەكان دەكردەوە. بە خۆی وت: "سەماوەرەكەم زوو هەڵكرد، ئاوەكەی دەبێتە هەڵم، با ئەمڕۆ كوڕەكان زوورتر بخەون. هەردووک شەكەت و ماندوون..."

گزنگی خۆری بەرەبەیان، بە خۆشحاڵی لە شووشەكەوە هاتە ژوور. دایكی دەستی بۆ درێژ كرد و كاتێک ئەم تیشكە كەوتە سەر پەنجەكانی، بیرمەندانە بە دەستەكەی دیكەی دەیلاواندەوە. هەڵستا، بێ دەنگەدەنگ، دەموچاوی شۆرد و بە كێشانی هێمای خاچ لە سەر سنگی و لەراندنەوەی لێوەكانی، دۆعای كرد. ڕوخساری گەشایەوە.

دەنگی زەنگی دووەم كزتر بوو. دایكی وای زانی دەنگدانەوەی زیاتر لە كاتی ئاسایی درێژ بۆتەوە.

دەنگی ئاندرێ-ی بیست: "پاڤل دەبیستی؟ بانگمان دەكەن؟"

پاڤل قاچە رووتەكانی لە سەر زەوی درێژ كرد و باوێشكی دا.

دایكی وتی: "چا ئامادەیە".

پاڤل بە خۆشحاڵی وەڵامی دایەوە: "هەڵستاوین".

ئاندرێ وتی: "هەتاو دەدرەوشێتەوە و هەورەكان دەڕۆن. ئەمڕۆ هەورەكان زۆرن.."

بە قژی ئاڵۆزكاو و ڕوخسارێكی خەواڵوو ڕۆیشتە چێشتخانە و بە پلاگەی وت: "سڵاو دایە گیان، باش خەوتی؟"

دایكی لێی نزیک كەوتەوە و بە هێواشی وەڵامی دایەوە: "ئاندرێ گیان، تكات لێ دەكەم لای پاڤل بمێنەرەوە".

ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "بە سەرچاو، پێكەوە دەبین، شان بەشانی یەک. دڵنیا بن".

پاڤل پرسی: "دەتانەوێت چ پیلانێک بگێڕن؟".

- هیچ كوڕی خۆم.

ئاندرێ روونی كردەوە: "دایكی دەڵێت جوان دەست و دەموچاوم

بشۆم، چونکە کچەکان سەیرم دەکەن".
کاتێک ڕۆیشت دەموچاوی بشوات، شیعری "هەستن ئەی چینی بەش خوار"ی دەخوێند.
هەوا سات لە دوای سات رووناکتر دەبوو. هەورەکان بە هۆی پاڵەپەستۆ بڵاوەیان دەکرد. دایکی لە کاتێکدا مێزەکەی ئامادە دەکرد، بە خۆی وت: "ئێستا ئەم دوو هاوڕێیە پێکەوە گاڵتە دەکەن، بەڵام دوای نیوەڕۆ کەس نازانێت چیان بە سەر دێت. کەس نازانێت".
بۆ بەسەربردنی کات ماوەیەکی زۆر لە سەر مێزەکە مانەوە. پاڤل وەک هەمیشە لەسەرخۆ بە کەوچک چای ناو پیاڵەکەی دەشێواند و خوێی دەکرد بە سەر یەکەم پارووی نانە دەست لێنەدراوەکە. ئاندرێ قاچی لەژێر مێزەکە دەجولاند و قەت نەیدەتوانی بۆ یەکەم جار قاچەکانی بخاتە سەر زەوی. بە دەم سەیرکردنی تیشکی هەتاو لە سەر دیوار و سەقفەکە، وتی: "کاتێک کوڕێکی دە ساڵە بووم، ڕۆژێک ویستم تیشکی خۆر بە پیاڵەکەم بگرم، دەستم بڕی و لێدانم بەرکەوت. دواتر ڕۆیشتمە حەوشە و کاتێک ڕەنگدانەوەی خۆرم لە ناو حەوزەکە بینی، بە شەق تێی کەوتم، دووبارە لێیان دام. دواتر رووبەڕووی هەتاو وەستام و هاوارم کرد: "شەیتانی سوور، ئازارم پێ ناگات، هیچ شوێنێکم ئازاری نییە. زمانم لێ دەرهێنا و بەم کارە ئۆقرەم دەگرت".
پاڤل بە پێکەنینەوە پرسی: "بۆچی هەتاوت بە سوور دەبینی؟"
- بەرامبەر ماڵەکەمان ئاسنگەرێک دەژیا، ڕوخسارێکی قێزەون و ریشی سوور بوو. ئەم پیاوە قاڵتاغە غەریبەیەکی دڵ تەڕ بوو. پێم وابوو هەتاو لەو دەچوو.
دایکی بێ تاقەت بوو، وتی: "باشترە باسی کاری ئەمڕۆتان بکەن".
پاڤل وەڵامی دایەوە: "هەموو شتێک رێک خراوە".
ئاندرێ وتی: "مرۆڤ کاتێک پێداچوونەوە بەو کارانە دەکات کە پێشتر ئامادەی کردوون، هەمووی تێک دەدات".

- دایە گیان، ئەگەر ئێمەیان گرت، نیکۆلا ئیڤانکۆڤیچ دێت بۆ ئەوەی پێتان بلێ چی بکەن و بە هەموو شێوەیەک هاوکاریت دەکات.
پاڤل بیری دەکردەوە، وتی: "حەز دەکەم برۆمە کۆلان".
ئاندرێ وتی: "نا، تا وادەی دیاریکراو، لە ماڵەوە بمێنەرەوە. بۆ دەتەوێت سەرنجی پۆلیس رابکێشی؟ بە ئەندازەی پێویست دەتناسن؟"
فێدیا مازین کە شادومانی لە ڕوخساری دەباری، هات. خۆشحاڵی و تەڕایی ئەو کچە، ساتە دژوارەکانی ئاسان دەکردەوە.
وتی: "کۆمەڵانی خەڵک چالاکییان دەست پێ کردووە... بەڕێ دەکەون. کەوتوونەتە جموجۆڵ، لە کۆڵانەکان، ڕوخسارەکان وەک تەور بەهێز و خۆڕاگرن... وسێف چیکێف، ڤاسیلی گۆسۆڤ و سامۆئیلۆڤ لە بەیانییەوە لە بەردەم دەرگا گەورەکەی کارخانەن و لەگەڵ کرێکارەکان قسە دەکەن... با برۆین، کاتیەتی، سەعات دەیە".
پاڤل وتی: "من دەڕۆم".
فێدیا بە دڵنیاییەوە وتی: "دەبینن، دوای نانی نیوەڕۆ هەموو کرێکارەکان دەست لە کار هەڵدەگرن".
دایکی بە ئارامی بیری دەکردەوە: "ئەم گەنجە وەک مۆمێک لە بەردەمی سروە دەسووتێت. هەڵستا و بۆ پۆشینی جلوبەرگ ڕۆیشتە چێشتخانە".
- دایە گیان بۆ کوێ دەڕۆی؟
- لەگەڵتان دێم.
پاڤل: "بژی چینی چەوساوە، ئەمڕۆ ئاڵای خۆمان کە ئاڵای راستی و ئازادییە، دەشەکێنینەوە. بژی ئازادی."
ئاندرێ دەستی بە سمێڵیدا هێنا و سەیری پاڤل-ی کرد. پاڤل خێرا قژی چاک کرد، ڕۆیشتە چێشتخانە و بە دایکی وت: "دایکە، لە دەرەوە قسەت لەگەڵ ناکەم، تۆیش هیچ مەڵێ. تێگەیشتی دایە گیان؟"
- تێگەیشتم، خوا بتانپارێزێت.

# وێنەی (28)

کاتێک پلاگە گوێی لە ئاوازی نامۆ و ژاوەژاوی دەنگە نیگەرانەکان بوو، کاتێک لە هەموو شوێنێک، لە بەردەم پەنجەرە و دەرگاکان، ژمارەیەک خەڵکی بینی بە نیگا چاودێری ئاندرێ و پاڤڵ دەکەن، پەڵەیەک وەکو هەور بەرچاوی گرت کە هەندێک جار سەوزی روون و هەندێک جار خۆڵەمێشی بوو.

خەڵک سڵاویان لەو دوو گەنجە دەکرد. نهێنییەک لەم سڵاوانەدا بوو. دایکی بیروبۆچوونی جیاوازی دەبیست: "ئەوانە سەردەستەکانن! نازانم سەرۆک کییە..."

- من کێشەم نییە...

- ئەگەر پۆلیس بیانگرێت لە ناو دەچن.

- دەڵێی "ئەگەر" بەڵام بە دڵنیاییەوە دەیانگرن.

یەکێک لەو ژنانە لە پەنجەرەوە سەیری دەکرد، هاواری کرد: "بۆچما شێت بووی؟ تۆ باوکی خێزانێکی؟ ئەوان سەڵتن.. گرنگ نییە بەلایانەوە".

کاتێک پلاگە، ئاندرێ و پاڤڵ لە بەردەم ماڵی زۆسیمۆڤی کەمئەندام کە پارەی لە کارخانە وەردەگرت، گوزەریان کرد، پەنجەرەکەی کردەوە و وتی: "پاڤڵ، بەم کارانەت خۆت بەدبەخت دەکەیت".

دایکی مۆڕەیەکی لێ کرد، بەڵام خێرا ڕۆیشت.

وا دەردەکەوت ئاندرێ و پاڤڵ هیچ شتێک نابینن و نابیستن. ئارام و لەسەرخۆ دەڕۆیشتن و بە دەنگی بەرز گفتوگۆیان لە سەر هەندێک بابەت دەکرد. میرۆنۆڤ کە پیاوێکی عاقڵ و لەخۆبوردە بوو، ڕێگەی لێ گرتن. پاڤڵ پرسی: "دانیلۆ ئیڤانۆڤیچ ئێوەش کار ناکەن؟"

میرۆنۆڤ کە زۆر بە وردی سەیری ئەو دوو هاوڕێیەی دەکرد،

ڕوونی کردەوە: "ژنەکەم بەم زووانە منداڵی دەبێت... دەڵێن ئێوە دەتانەوێت ئاژاوە بۆ بەڕێوەبەری کارخانە دروست بکەن، شووشەکان دەشکێنن...!"
پاڤڵ وتی: "کێ وا دەڵێت؟ خۆ سەرخۆش نین".
ئاندرێ وتی: "تەنیا ئاڵا بەدەست بە شەقامەکاندا دەڕۆین و سروود دەخوێنین و لە کۆڵانەکان گوزەر دەکەین. گوێ لە سروودەکانمان بگرن، بە بیستنیان دەزانن بیروباوەڕی ئێمە چییە".
میرۆنۆڤ وەڵامی دایەوە: "ئاگام لە بیروبۆچوونی ئێوە هەیە. نووسراوەکانتان دەخوێنمەوە..."
دواتر بە سەرسوڕمانەوە سەیری پلاگەی کرد و وتی: "سەیرە، پلاگە تۆیش تێکەڵ بە یاخییەکان بوویت!"
- تەنانەت ئەو کاتەی مرۆڤ گوێی لە بن گۆڕدا دەلەرزێت، دەبێت هاوڕێی ڕاستی بێت.
میرۆنۆڤ وتی: "بە ڕاستی سەیرە، کەواتە کاتێک دەیانووت تۆ نووسراوەکان دێنیتە ناو کارخانە، ڕاستیان دەکرد".
پاڤڵ پرسی: "کێ ئەو قسەیەی کردووە؟"
- هەمووان! زۆر باشە ماڵئاوا، کەریەتی نەکەن...
دایکی پێکەنی، لەو قسەیەی کردبوویان، خۆشحاڵ بوو. پاڤڵ بە پێکەنین پێی وتی: "دایکە، قۆڵبەستت دەکەن".
- ئامادەم.
خۆر هەڵدەهات و گەرمی خۆی تێکەڵ بە سەرسەوزی ڕۆژێکی بەهاری دەکرد. هەورەکان بە هێواشی دەڕۆیشتن. سێبەرەکەیان چڕ و روونتر دەردەکەوت... لە کاتێکدا دەوری خەڵکەکەیان دەگرت، بە سەربان و کۆڵانەکاندا دەفڕین و وایان پیشان دەدا بە پاککردنەوەی تۆزوخۆڵی سەر دیوار و بانەکان، خەم لە ڕوخساری گەڕەکەکە دەشۆرنەوە. دەنگەکان شادتر و پاراوتر بوون و دەنگدانەوەی قەرەباڵغی ئۆتۆمبێلەکان و هەناسەی کارخانەی کپ دەکرد.

لە هەموو شوێنێک، لە پەنجەرەکان، لە ماڵەکان، هاتوهاواری خۆشی یان خەم دەبیسترا. پلاگە دەیویست وەڵام بداتەوە، سوپاس بکات، ڕوونکردنەوە بدات و خۆی هەڵبداتە ناو ئەو ژیانەی کە بە شێوەیەکی سەیر ڕەنگڕێژ کرابوو.

لە سوچێکی گۆڕەپانە گەورەکە، لە کۆڵانێک، نزیکەی سەد کەس لە دەوری وسێف چیکێف کۆ ببوونەوە. دەیووت: "خوێنی ئێوە دەمژن وەک چۆن بۆ گرتنی ئاوی میوە، میوەیەک دەگوشن".

هەمووان قسەکەیان پشتڕاست دەکردەوە.

ئاندرێ وتی: "ئەو داماوە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ. دەڕۆم بۆ هاوکاریکردنی".

چەمایەوە و پێش ئەوەی پاڤڵ دەرفەتی ڕێگە لێ گرتنی دەست بکەوێت، لەشە درێژ و نەرمەکەی وەک بورغوو کرد بە ناو قەرەباڵغییەکەدا. دەنگێکی خۆش بەرز بۆوە: "هاوڕێیان، دەڵێن لە سەر زەوی هەموو جۆرە نەتەوەیەک هەیە، جوولەکە، ئەڵمانی، فەرەنسی، تاتار و...، بەڵام پێم وا نییە ئەم قسەیە ڕاست بێت، تەنیا دوو ڕەچەڵەک هەیە، دوو ڕەچەڵەک کە هەرگیز ناتوانن بە ئاشتی پێکەوە بژین، دەوڵەمەند و هەژار. جلوبەرگی خەڵک جیاوازە و زمانیان وەک یەک نییە، بڵام مرۆڤ کاتێک دەبینێت خاوەنکارەکان چۆن لەگەڵ کرێکارەکان هەڵسوکەوت دەکەن، تێ دەگات هەموویان دوژمنی کرێکارانن، وەک درکێکی تیژ لە ناو قوڕگی خەڵک".

دەنگی پێکەنین لە ناو قەرەباڵغییەکە بەرز بۆوە.

ژمارەی خەڵکەکە زیادی دەکرد. خەڵک لە ناو کۆڵانەکان پاڵیان بە یەکەوە دەنا. بێ دەنگ و ئارام ملیان درێژ دەکرد و دەچوونە سەر نووکی پێ و خۆیان بەرز دەکردەوە.

ئاندرێ دەنگی بەرزتر کرد: "کرێکارانی بیانی، پێشتر درکیان بەم ڕاستییە سادەیە کردووە و ئێستا لەم ڕۆژە ڕووناکەی 1ی ئایار، پەیمان بە یەک دەدەن. دەست لە کار هەڵدەگرن و دەڕژێنە کۆڵان و

شەقامەكان بۆ ئەوەی یەك ببینن و هێزە مەزنەكەیان هەڵسەنگێنن.
ئەمڕۆ، هەموویان یەكدڵن، چونكە هەموو دڵەكان هەستیان بە هێزی چینی كرێكار كردووە، چونكە هاوڕێیەتی ئەوانی لێك نزیك كردووە و هەموو لە پێناو بەختەوەریی گشتی، بۆ ئازادی و دادپەروەری ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشن".
كەسێك هاواری كرد: "پۆلیس، پۆلیس".
دە جەندرمەی سوار لە سوچی كولانێكی تەسكەوە دەركەوتن. راستەوخۆ بەرەو خەڵكەكە دەهاتن و قامچیان رادەوەشاند و هاواریان دەكرد: "بڵاوەی لێ بكەن، بڵاوەی لێ بكەن".
ڕوخسارەكان گرژ بوون. خەڵك بە بێزارییەوە ڕۆیشتنە دواوە بۆ ئەوەی ئەسپەكان تێپەڕن. چەند كەس ڕۆیشتنە سەر پەرژینەكان. دەنگی تانەلێدان و گاڵتە پێكردن بەرز بۆوە.
كەسێك هاواری كرد: "بەرازەكانیان سوار ئەسپەكان كردووە و ئەوانیش دەنەڕێنن، واتە ئێمە سەرۆكە گەورەكانین".
تەنیا ئاندرێ لە ناوەڕاستی كۆڵانەكە مابوو. دوو ئەسپ لێی نزیك بوونەوە. خۆی لادا. دایكی قۆڵی گرت و وتی: "ئەی تۆ بەڵێنت نەدا لای پاڤڵ دەمێنیتەوە؟ ئێستا یەكەم كەسی بەرەوپیری مەرگ دەڕۆیت".
ئاندرێ، بزەیەكی بۆ پاڤڵ كرد و وتی: "ببوورن، بەڵام ئەم پۆلیسە نەفرەتییانە لە هەموو شوێنێك هەن".
دایكی وتی: "باشە".
شەكەتییەكی بێزاركەر لە ڕوخساری پلاگە نیشت و سەری گێژ بوو. لە دڵیدا، بەردەوام خەم و شادی جێگۆڕكێیان دەكرد. ئارەزووی دەكرد دەنگی زەنگی ئاگاداركردنەوەی نیوەڕۆ بەرز ببێتەوە.
سەرئەنجام گەیشتنە گۆڕەپانە گەورەكە. كلێسا لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەكە بوو. لە بەردەم كلێسا نزیكەی پێنج سەد كەس لە گەنجە خۆشحاڵەكان، ژنانی خەمبار و منداڵەكان كۆ ببوونەوە. هەموویان

بە بێ سەبری سەیری چواردەوریان دەکرد. هەستێکی تایبەت لە هەموویاندا دەبینرا. هەندێک سەرگەردان و حەپەساو بوون.
دەنگی ژنێک بە گوێ گەیشت، بە پاڕانەوە دەیووت: "میتیا، ئاگات لە خۆت بێت".
- لێم گەڕێ با ئاسودە بم.
دەنگی ناسراوی سیزۆڤ بیسترا، بە ئارامی و دڵنیایی دەیووت: "نا، نابێت گەنجەکان دوور بخرێنەوە، ئەوان لە ئێمە ژیرترن، بوێرترن! دوای کەمکردنەوەی یەک کوپەک بۆ زەلکاوەکە، کێ هەڵوێستی نواند؟ گەنجەکان! نابێت فەرامۆشی بکەین؟ لە بەر ئەوە زیندانی کران... بەڵام هەموومان کەڵکمان لە ئازایەتی ئەوان وەرگرت".
نەڕەی زەنگەکە، ژاوەژاوی دەنگەکانی تری قووت دا. ئەو کەسانەی دانیشتبوون، هەڵستان. پاش کەمێک هەموو شتێک بێ دەنگ بوو، وەک ئەوەی بۆسەیان بۆ شتێک نابێتەوە. ڕەنگ بە ڕوخسارەکانەوە نەما.
پاڤڵ بە دەنگی بەرز و پاراو هاواری کرد: "هاوڕێیان!"
تەمێکی وشک و سووتێنەر چاوی دایکی سووتاند. هەموو هێزی خۆی کۆ کردەوە و لە پشت کوڕەکەی وەستا. دەستەکان بۆ لای پاڤڵ دەگەڕانەوە و وەک بڕە ئاسن بە دەوری موگناتیسدا، لە دەوری کۆ دەبوونەوە.
- برایان، کاتی ئەوە هاتووە ئەم ژیانە فڕێ بدەین، ئەم ژنانە پڕ تەماح و بێ دەنگی و رقە، ئەم ژیانەی سەرانسەر چەوساندنەوەیە، ئەم ژیانەی جێگەی ئێمەی تیا نابێتەوە.
قسەکەی بڕی. کرێکارەکان بێ دەنگ بوون. دایکی سەیری ڕوخساری کوڕەکەی کرد و جگە لە چاوە لەخۆڕازی و پشوودرێژ و گەشاوەکەی، نەیتوانی هیچی دیکە ببینێت.
- هاوڕێیان، بڕیارمان داوە ئەمڕۆ بە ئاشکرا بە هەمووان بڵێین ئێمە کێین. ئەمڕۆ ئاڵاکەمان، واتە ئاڵای عەقڵ و حەقیقەت و ئازادی

دەشـەکێنینەوە.
دارێکی بەرز و سپی بەرز کرایەوە، دواتر هاتە خوار و لە ناو خەڵکەکە ون بوو. دوای کەمێک ئاڵای چینی کرێکار وەک مەلێکی سووورباو بەرز کرایەوە.
پاڤڵ دەستی بەرز کردەوە و ئاڵاکەی ڕاوەشاند. دەیان دەست ئاڵاکەیان گرت. دەستی دایکی لە ناو ئەو دەستانەدا بوو.
پاڤڵ هاواری کرد: "بژی چینی کرێکار!"
سەدان دەنگ پێکەوە هاواریان کرد: "بژی چینی کرێکار".
- هاوڕێیان، بژی حزب، هەر بژی ئازادیی کۆمەڵانی گەلی روسیا.
قەرەباڵغییەکە جمەی دەهات. ئەو کەسانەی واتای ئاڵاکەیان دەزانی، هەوڵیان دەدا لە ئاڵاکە نزیک ببنەوە. مازین و سامۆئیلۆڤ و براکانی گۆسۆڤ لە تەنیشت پاڤڵ بوون. وسێف چیکێف سەری داخست و قەرەباڵغییەکەی دوور خستەوە. ئەو گەنجانەیان لە ریزی پێشەوە جێگیر دەکرد کە پلاگە نەیدەناسین.
پاڤڵ بەردەوام بوو: "بژی چینی چەوساوە، بژی ئازادی".
هەزاران دەنگ بە هێز و خۆشحاڵی دووبارەیان دەکردەوە. ئەم دروشمانە رۆح بزوێن بوون.
دایکی دەستی وسێف و دەستی کەسێکی دیکەی گرت. قوڵپی گریان لە قوڕگیدا بوو، بەڵام نەدەگریا. بە دەنگی لەرزۆک وتی: "کوڕەکانم".
بزەیەک ڕوخسارە گڕوێکەی وسێف-ی رووناک کردەوە. لە کاتێکدا هەندێک وشەی سەیر لە زاری دەهاتە دەر و دەستی بۆ لای ئاڵای ئازادی درێژ کردبوو و سەیری دەکرد، لە ناکاو دایکی لە ئامێز گرت، ماچی کرد و پێکەنی.
ئاندرێ بە دەنگی نەرم و نیانی خۆی، بە سەر ژاوەژاوی قەرەباڵغیەکەدا زاڵ بوو، وتی: "ئێمە بە ناوی خواوەندێکی نوێ ڕاپەڕیوین، خواوەندی رووناکی و حەقیقەت. خواوەندی عەقڵ و

چاکەکاری! هاوڕێیان، ئێمە بۆ جیهاد دەڕۆین کە ڕێگەیەکی درێژ و دژوارە. ئامانج دوورە، بەڵام تاجی دڕکاوی نزیکە. ئەو کەسانەی حاشا لە هێزی ڕاستی دەکەن، ئەو کەسانەی بوێری ئەوەیان نییە تا مەرگ بەرگری لێ بکەن، ئەو کەسانەی بڕوایان بە خۆیان نییە و لە ڕەنج دەترسن، دوای ئەم ڕێبازە نەکەون. ئێمە تەنیا ئەو کەسانەمان دەوێت کە بڕوایان بە سەرکەوتنی ئێمە هەیە. ئەوانەی ئامانجەکەمان نابینن، شوێنمان نەکەون، چونکە خەم و مەینەتی چاوەڕێیان دەکات. هاوڕێیان ریزەکانتان چڕ و پتەو بکەن، هەر بژی 1ی ئایار، هەر بژی جەژنی خەڵکانی ئازاد".
خەڵک زیاتر و زیاتر لە یەک نزیک دەبوونەوە. پاڤڵ ئاڵاکەی ڕاوەشاند. ئاڵاکە کرایەوە و لە کاتێکدا خۆری بەرین و سوور رووناکی دەکردەوە، دەشەکایەوە.
فێدیا مازین بە دەنگی پاراو وتی: "دنیای کۆن بەجێ دێڵین".
دەنگی وەک شەپۆل لە هەوادا بڵاو بۆوە: "تۆزوخۆڵی قاچمان دەتەکێنین".
دایکی ڕۆیشتە پشت فێدیا مازین وەستا. پاڤڵ و ئاندرێ لە ریزی پێشەوە بوون. دەنگی دەبیستن.
ئاندرێ و پاڤڵ هاواریان دەکرد: "هەستن ئەی چینی بەش مەینەت... ڕاپەڕن ئەی خەڵکی برسی..."
خەڵک بەرەو ئاڵا سوورەکە دەڕۆیشتن و هاوارەکانیان لەگەڵ گارەگاری سروودەکە تێکەڵ دەبوو. ئەم سرووودە، لە کۆڵانەکە بە هێزێکی ترسێنەر وەک زەنگی کڵێسا دەنگی دەدایەوە. خەڵکی بۆ ڕێپێوانی ڕێگەیەک کە بە داهاتوو دەگات، بانگهێشت دەکرد، بەڵام لە لایەکی تر ڕاستگۆیانە ئەوانی لە ڕەنج و نەهامەتییەکانی ئەم ڕێگەیە ئاگادار دەکردەوە.
- بۆ لای برا چەوساوەکانی خۆمان دەڕۆین.
ئاوازەکان لە هەوادا بڵاو بۆوە.

لەم کاتەدا ژنێک کە لای پلاگە وەستابوو، بە ترسەوە وتی: "میتیا بۆ کوێ دەڕۆی؟"
پلاگە بێ ئەوەی بوەستێت، وەڵامی دایەوە: "ڕێگەی بدە با بڕوات... نیگەران مەبن... منیش دەترسام... کوڕەکەم لە ریزی پێشەوەیە. ئاڵاهەڵگرەکە کوڕی منە".
- بەدبەختینە بۆ کوێ دەڕۆن؟ سەربازەکان لەوێن..!
لە ناکاو سەیری پلاگەی کرد و وتی: "سەیرکە بزانە چۆن ئاواز دەخوێنن، میتیا-ش ئاواز دەخوێنێت".
دایکی لە بەرخۆیەوە وتی: "نیگەران مەبن کارێکی پیرۆزە... ئەگەر کەسانێک لە پێناو عیسادا گیانیان بەخت نەکردایە، ئەمڕۆ کەس ناوی نەدەهێنا".
ئەم بیرۆکەیە خێرا بە مێشکیدا گوزەری کرد و ئەو راستیە سادە و ساکار بووە هۆی سەرسوڕمانی ئەو. دایکی سەیری ڕوخساری ئەو ژنەی دەکرد کە بە هەموو هێزی خۆی قوڵی دەگوشی. بە سەرسوڕماوی دووبارەی کردەوە: "خواوەندی ئێمە عیسا مەسیح، ئەگەر کەسانێک لە بەر ئەو نەدەمردن، چاوی بە دنیا هەڵنەدێنا".
سیزۆڤ لای دایکی وەستا و وتی: "بڕوانە دایکە، بە ئاشکرا کردەوەکانیان دەست پێ کرد. ئاوازێکی ناوازەیان دروست کرد!"
- تێزار بۆ ئاهەنگەکانی پێویستی بە سەربازە، کورەکانتانی پێ بدەن...
سیزۆڤ بەردەوام بوو: "لە هیچ ناترسن! کوڕەکەم لە ناو گۆڕدایە... کارخانە کوشتی... بەڵێ!"
ترپەی دڵی دایکی زیاتر دەبوو. ڕێگەی دا خەڵک پێشی بکەون. لە تەنیشتەوە بۆ لای دیوارەکە دووریان خستەوە و شەپۆلێکی گەورەی خەڵک لە بەردەمی هەڵکشا و داکشا. پلاگە کاتێک ژمارەی زۆری خەڵکی بینی، خۆشحاڵ بوو:
- هەستن ئەی چینی چەوساوە.

وەک بڵێی شەیپوریکی مەزنە و لە گوێی خەڵکدا دەنگ دەداتەوە.
لە ناخی هەندێکدا مەیلی خەبات و لە ناخی هەندیکی تر بەختەوەرییەکی نامۆ و هەستی پێش قەومانی رووداوێکی نوێ و هەستێکی کونجکۆڵی سووتێنەری بەئاگا دەهێنایەوە. لە شوێنێک ترپەی هیوای دڕدۆنگ دروست دەبوو و لە شوێنێکی تر بۆ لافاوی ئاگری رق کە ساڵانێک کەڵەکە کرابوو، دەلاقەیەک دەدۆزرایەوە. هەمووان سەیری شوێنی شەکانەوەی ئاڵا سوورەکەیان دەکرد.
دەنگێک پڕ لە شادی هاواری کرد: "ئافەرین کوڕینە. پێکەوە بەرەو پێش برۆن".
خاوەنی ئەو دەنگە لە بەر ئەوەی هەستێکی تایبەتی لە خۆیدا دەبینی و بێگومان نەیدەتوانی بە وشەی ئاسایی دەریببڕێت، دەستی کرد بە جوێندان".
کەسێکی تر مشتێکی بۆ پەنجەرەیەک درێژ کرد و هاواری کرد: "بێ دینەکان". ناڵەیەکی گوێدڕێن بە گوێی دایکیدا تێپەڕی.
- چۆن؟ شۆڕشی دژی ئیمپراتۆر، دژی تێزار...
ڕوخسارە خەمبارەکان خێرا لە بەرچاوی تێدەپەڕین. پیاو و ژن بە سروودێک کە ئاوازەکەی وای پێشان دەدا کۆڵانەکە گسک دەدەن، خێرا دەڕۆیشتن. دایکی لە دڵەوە دەیویست هاوار بکات: "هاوڕێیان سەردەکەون".
لەم کاتەدا لە ریزەکانی دواوە بوو. لە ناو ئەو کەسانەدا بوو بێ پەلەکردن دەڕۆیشتنە پێش، وەک بڵێی ئەنجامی شانۆکە هیچ نهێنییەکی تیا نەبێت.
- بەڵێ، دەستەیەک سەرباز نزیک خوێندنگەی سەرەتایی و دەستەیەکی دیکە لە ناو کارخانەدان.
- پارێزگاریش هاتووە...
- بە ڕاست؟
- بە چاوی خۆم بینیم.

کەسێک جوێنی دەدا و دەیووت: "لەگەڵ هەموو ئەم قسانە، لێمان دەترسن... سەرباز و پۆلیسمان بۆ دەنێرن".
هەنگاوەکانی خێراتر کرد بۆ ئەوەی لەوان دوور بکەوێتەوە. بە ئاسانی دەیتوانی پێشیان بکەوێت.
لە ناکاو، وەک ئەوەی سەری حەشاماتەکە بەر شتێک کەوتبێت، بۆ دواوە گەڕایەوە و دەنگێکی نامۆ بیسترا. ئاوازەکەیان دەلەرزی و دوای ئەوەی بە هێزێکی زۆرتر سووڕایەوە، شەپۆلی چڕی دەنگەکان دووبارە داکشا و بۆ دواوە خزا. دەنگەکان یەک لە دوای یەک کپ دەبوون. لێرە و لەوێ هەوڵیان دەدا دووبارە دەنگەکان بەرز و پاراوتر بێ.
- هەستن ئەی چینی چەوساوە.
- هەستن ئەی چینی بەش مەینەت.
بەڵام چیتر بڕوا بەخۆبوون لەو دەنگانەدا نەبوو. تێکەڵ بە نیگەرانی و پەرێشانی بوو.
پلاگە نەیدەتوانی ریزی یەکەم ببینێت، بەڵام هەستی کرد لەوێ چ باسە. بە دژواری پاڵی بە خەڵکەوە دەنا و ڕێگەی بۆ خۆی کردەوە. قەرەباڵغییەکە دەکشایەوە، سەریان دادەخست، مۆن بوون. بزەی پەشیمانی و فیکەی گاڵتەپێکردن دەبینرا و دەبیسترا. دایکی بە نیگەرانی سەیری ڕوخسارەکانی دەکرد. بە چاوەکانی پرسیاری دەکرد و لێیان دەپاڕایەوە.
پاڤڵ هاواری کرد: "هاوڕێیان! سەربازەکان وەک ئێمە مرۆڤن، لێمان نادەن. بۆ لێمان بدەن؟ لە بەر ئەوەی ڕاستییەکان بۆ هەمووان ئاشکرا دەکەین؟ ئەوانیش پێویستیان بەم ڕاستییانە هەیە... هێشتا تێ ناگەن، بەڵام ئەو کاتەی بێنە ریزی ئێمە و نەک لەژێر ئاڵای ستەمکار و چەوسێنەران، بەڵکو لەژێر ئاڵای ئازادیدا بن، ئەوانیش رادەپەڕن. بۆ ئەوەی خێراتر هەست بە ئازادی ئێمە بکەن، دەبێت خێرا بڕۆینە پێش. بۆ پێشەوە هاوڕێیان. هەمووان بۆ پێشەوە!"

دەنگی پاڤڵ ئارام بوو، بە پاراوی وشەکانی دەردەبڕی، بەڵام خەڵک بڵاوەی کرد. خەڵک بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن، دەستەیەک بەلای راست و دەستەیەک بەلای چەپ و دەستەیەک بە دیوار و تەختەبەنەکاندا سەردەکەوتن. لەم کاتەدا خەڵک سێگۆشەیەکیان دروست کرد، پاڤڵ لە لووتکەکەیدا بوو، لە سەر سەری ئالای چینی کرێکار دەدرەوشایەوە. قەربالْغییەکەش لە مەلێکی ڕەش دەچوو کە باڵەکانی کردبێتەوە و ئامادەی فڕین بێت و پاڤڵ سەری ئەو ملە بوو.

# وێنەی (29)

دایکی لە کۆتایی کۆڵانەکە، دیوارێکی بچوکی خۆڵەمێشی بینی کە پێکهاتبوو لە کەسانی رووداپۆشراو کە جلوبەرگی سەربازییان لەبەر بوو. ئەوان رێگەی هاتنە ناو گۆڕەپانەکەیان داخستبوو. لە سەر شانی هەرکامیان پارچە پۆلایەکی تیژ و باریک دەدرەوشایەوە. ئەم دیوارە مرۆییە، بێ دەنگ و بێ جوڵە، سەرمایەکی ناخۆشی لە ناو خەڵکدا بڵاو کردەوە. پلاگە تا قووڵایی دڵی رەق هەڵات.
رۆیشتە ئەو لایەی ئاشناکانی لەوێ دەبینران. وەک ئەوەی بیەوێت پشت بەوان ببەستێت. شانی لە پیاوێکی باڵابەرز و یەکچاو دا و دووری خستەوە. کابرا ئاوڕی دایەوە و پرسی: "چیت دەوێت؟ تۆ کێیت؟"
- دایکی پاڤڵ ڤێلاسێف-م!
هەستی کرد قاچەکانی دەچەمێتەوە و لێوی خوارەوەی شۆڕ دەبێتەوە.
کابرای یەک چاو ئاهێکی هەڵکێشا..!
پاڤڵ بەردەوام بوو: "هاوڕێیان! ژیان لە بەردەمماندایە. ڕێگەیەکی دیکەمان نییە. با سروود بخوێنین!"
بێ دەنگییەکی خەمهێنەر سێبەری بڵاو کردەوە. ئاڵاکە بەرز بوو و لە کاتێکدا بە سەر سەری خەڵکەکەوە دەشەکایەوە، بەرەو دیواری خۆڵەمێشی سەربازەکان رۆیشت. دایکی لەرزی لێ نیشت، چاوەکانی داخست و ناڵەیەکی کرد. تەنیا چوار کەس لە قەرەباڵغییەکە جیا بوونەوە: "پاڤڵ، ئاندرێ، سامۆئیلۆڤ و مازین".
لە ناکاو دەنگی پاراوی فێدیا مازین لە هەوادا بڵاو بۆوە و وتی: "بوون بە قوربانی..!"

دوو دەنگی گڕ وەک دوو هەناسەی قووڵ درێژەیان پێ دا: "لە خەباتێکی چارەنووسسازا..!"
خەڵک دووبارە کەوتنە ڕێ و بە هەنگاوی بەهێز قاچیان لە زەوی دەکوتی و بەبڕشت و لێبڕاوانە ئاوازێکی نوێیان دەخوێند.
فێدیا مازین بە دەنگێکی پاراو وتی: "گیانتان بەخشیوە!"
هاوڕێیان پێکەوە وتیان: "بۆ ئازادی!"
کەسێک بە دەنگی شەیتانی هاواری کرد: "سەگبابینە! سروودی مەزهەبی دەخوێنن؟"
کەسێکی تر بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە: "لێیان بدەن".
دایکی دوو دەستی خستە سەر سنگی. گەڕایەوە و بینی ئەو خەڵکەی تاکو پێش چەند ساتێک وەک چینێکی پتەو و نەپساوە کۆڵانەکەیان پڕ کردبوو، ئێستا بە گومانەوە وەستاون و سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە جیا دەبنەوە و دەوری ئاڵاکەیان داوە. دە کەس لە هەڵگرانی ئاڵاکە بە دوایاندا ڕۆیشتن و لە هەر هەنگاوێکدا کەسێک خۆی دەدزییەوە وەک ئەوەی ناوەڕاستی کۆڵانەکە گڕی لێ هەڵدەستێ و بنی پێڵاوەکانیان دەسووتێنێت.
ئاوازی سەر لێوی فێدیا مزگێنی دەدا: "چەوسێنەر دەڕووخێت".
چەندین دەنگی بەهێز، بەتوانا و هەڕەشەئامێز، وەڵامی دایەوە: "چینی چەوساوە شۆڕش دەکات".
بەڵام چپەچپ لە کاتی سروودەکە، درز و کەلێنی دروست دەکرد.
دەنگدانەوەی چەند وشەیەکی کەم بیسترا: "فەرمان دراوە..."
- سەری ڕمەکان بۆ پێشەوە!
ڕمەکان لە هەوادا لێک ئاڵان و دواتر هاتنە خوار و هاوشێوەی بزەیەکی داپلۆسێنەر بەڕووی ئاڵاکەدا درێژ بوون.
- بۆ پێشەوە!
کابرای یەک چاو کە دەستی خستبووە گیرفانی، وتی: "ئەی هاوار، هاتن". بە هەنگاوە بەرزەکانی دوور کەوتەوە.

دیواری خۆڵەمێشی كەوتە جوڵە و پانتایی كۆڵانەكەی داگیر كرد و بە جوڵەیەكی رێک لە كاتێكدا سەری رمەكانیان بە دەستەوە بوو كە وەک زیو دەدرەوشایەوە، بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن.
پلاگە لە پاڤڵ نزیک كەوتەوە. بینی ئاندریێ لە بەردەم پاڤڵ وەستاوە تاكو لە پشت باڵابەرزەكەی خۆی بشارێتەوە.
پاڤڵ بە بڕشتەوە هاواری كرد: "هاوڕێیان! لە تەنیشت من بوەستن!"
ئاندریێ دەستی لە پشتەوە بوو و ئاوازی دەخوێند. پاڤڵ خۆی خستە ریزی ئاندریێ و وتی: "لە تەنیشت من، تۆ مافی ئەوەت نییە لێرە بیت! دەبێت ئاڵاهەڵگر لە پێشەوە بێت!"
ئەفسەرێک بەرگی شمشێرە بریقەدارەكەی لەقاند و وتی: "بڵاوەی لێ بكەن!"
لە هەر هەنگاوێک بە رقەوە پاژنەی پێڵاوەكەی لە زەوی دەكوتا بێ ئەوەی ئەژنۆكانی بنووشتێنێتەوە. جزمەی بریقەدار و بۆیاخكراوی سەرنجی دایكی راكێشا.
لە تەنیشت ئەو و كەمێک دواتر، پیاوێكی ریش تاشراوی سمێڵ پڕی باڵابەرز دەبینرا. پاڵتۆیەكی بەرزی خۆڵەمێشی بە ئەستەڕی سوورەوە لە بەر كردبوو. چەند شریتێكی زەرد، پانتۆڵە فشەكەی دەڕازاندەوە. وەک ئاندریێ دەستی لە پشتەوە دانابوو و سەیری پاڤڵ-ی دەكرد.
دایكی هەموو ئەم شتانەی بینی. هاوارێک لە ناخیدا بەستبووی كە ئامادە بوو بە هەر ئاهێک بێتە دەر. ئەم هاوارانە دایكی دەخنكاند، بەڵام ئەو بە دوو دەست سنگی خۆی دەگوشی، ڕێی لێ دەگرت بێ ئەوەی هۆكارەكەی بزانێت. لە چوارلاوە پاڵیان پێوە دەنا، تلاوتل بۆ پێشەوە دەڕۆیشت، بێ بیركردنەوە و بێ هۆش. هەستی كرد لە دواوە ژمارەی خەڵكەكە كەم دەبێتەوە. شەپۆلێكی بەستوو بەرەوپیریان دەهات و بڵاوەی پێ دەكردن.
گەنجە پارێزەرەكانی ئاڵای سوور و زنجیری چڕی پیاوە خۆڵەمێشی

پۆشـەكان، سـات لـە دوای سـات لـە یـەک نزیـک دەبوونـەوە. دەنگی سـەربازەكان بـە روونی دەبیسـترا.
سـەری رمـە باریـک و تیژەكان كـە بێ بەزەییانـە دەدرەوشـانەوە و سنگی جەماوەریـان كردبووە ئامانـج، بڵاوەیـان بـە خەڵـک دەكرد.
پلاگـە دەنگی پێی ئـەو كەسـانەی دەبیست كە هەڵدەهاتـن. دەنگـە كپكراوەكان بـە نیگەرانـی هاواریـان دەكرد: "هاوڕێیـان! ڕابكـەن! ڕابكـەن!"
- وەرە ڤێلاسیف.
- پاڤڵ بڕۆ دواوە.
وسێف چیكێف، وتی: "پاڤڵ ئاڵاكە هەڵدە بۆ لای من، با بیشارمەوە".
پاڤڵ وتی: "وازی لێ بێنە!"
وسێف وەک ئـەوەی دەسـتیان داغ كردبێت، ئاڵاكـەی بـەردا. ئاوازەكە كپ ببـوو. گەنجـەكان وەسـتان و لـە شـێوەی بازنـەیـەک لـە دەوری پاڤڵ ئەڵقەیـان بەسـت، بـەڵام ئـەو توانـی لـە بازنەكە تێپەڕێت. لەژێر ئاڵاكە نزیكـەی بیسـت كەسـێک بەرگرییان دەكرد.
ئەفسـەرەكە هاتـە پێش و دەسـكی ئاڵاكـەی گـرت و بـە تووڕەیـی هـاواری كـرد: "بمـدەرێ!"
- نا، بڕوخێن چەوسێنەرانی چینی كرێكار!"
ئـاڵا سـوورەكە لـە هـەوادا دەشـەكایەوە، هەندێک جـار بـۆ راسـت و هەندێـک جـار بـۆ چـەپ دەشـەكایەوە و دواتـر بـەرز دەبـۆوە. وسـێف چیكێف بـە دەسـتە درێـژ و مشـت كردووەكـەی، بـە خێراییەكـی چاوەڕواننەكراو لـە بەردەمـی دایكـی گـوزەری كـرد.
پیرەپیاوەكە هاواری كرد: "بیانگرن!"
چـەنـد سـەربازێک بـە راكـردن ڕۆیشـتن. یەكێـک لـەوان قۆنداخـی تفەنگەكـەی بـەرز كـردەوە، ئـاڵا كـەوتـە لەرزیـن، لار بـۆوە و لـە نـاو دەسـتەی خۆڵـەمێشـی سـەربازەكاندا ون بـوو.
دەنگێكی خەمبار ئاخی هەڵكێشا.

دایکی هاواری کرد؛ قیژەیەک کە بە هیچ جۆرێک رەهەندی مرۆیی نەبوو. دەنگە زولاڵەکەی پاڤڵ لە ناو سەربازەکان وەڵامی دایەوە: "ماڵئاوا دایکە، ماڵئاوا".

- سوپاس بۆ خوا کە زیندووە و بیری لای منە.

دایکی لە سەر نووکی پێ وەستابوو و دەستەکانی رادەوەشاند. دەیویست کورەکەی و ئاندرێ ببینێت. لە سەر سەری سەربازەکانەوە، روخسارە خڕەکەی ئاندرێ-ی بینی.

دایکی بە دەنگی بەرز وتی: "ئازیزەکانم، کورەکانم... ئاندرێ! پاڤڵ!"

- ماڵئاوا هاورێیان!

چەندین جار، بەڵام نەک یەک کەس، وەڵامیان دانەوە. ئەم دەنگانە لە پەنجەرەکان، لە سەربانەکانەوە دەبیسترا.

# وێنەی (30)

کەسێک پاڵی بە دایکیەوە نا. پلاگە لە پشت ئەو تەمومژەی بەرچاوی گرتبوو ئەفسەرەکەی بینی. ئەم کەسە کە هێڵەکانی دەموچاوی سوور و کێشراو بوو، وتی: "برۆ پیرەژن!"
پلاگە بە وردی سەیری کرد و بینی دەسکی ئالاکە بووە بە دوو کەرت و لە بەردەم قاچی ئەو پیاوە کەوتووە. لە کۆتایی دەسکەکە ئالایەکی سووری بچوک هەڵواسراوە. دایکی ویستی هەڵیبگرێت. ئەفسەر دارەکەی لێ وەرگرت و فڕێیدا و هاواری کرد: "وتم ون بە لێرە!".
لە ناکاو لە ناو سەربازەکان ئاوازێک بیسترا: "هەستن ئەی چینی بەش مەینەت!"
هەموو شتێک دەسووڕایەوە، بەلادا هات و لەرییەوە. دەنگێکی نامۆ هاوشێوەی تەلەکانی تەلەگراف دەلەرزی. ئەفسەرەکە بە غار گەڕایەوە و بە تووڕەیی لووراندی: "کراینۆڤ، بێ دەنگیان بکە!"
دایکی تلاوتلی دەکرد، دارە شکاوەکەی ئالاکەی هەڵگرتەوە و دووبارە بەرزی کردەوە:
- دەمیان ببەستن!
سروودەکە تێکەڵ و پێکەڵ بوو و نەما، دواتر کپ بوو. کەسێک شانی دایکی گرت، کەمێک سووڕاندی و لە پشتەوە پاڵی پێوە نا:
- برۆ، برۆ..!
ئەفسەرەکە دووبارە هاواری کرد: "کۆڵانەکە گسک بەن!"
پلاگە بینی لە دە هەنگاو ئەولاتر دووبارە خەڵک کۆ بوونەتەوە. ئەوان دەیانقیژاند، دەیانبۆڵاند، فیکەیان لێ دەدا و لەسەرخۆ بۆ دواوە دەڕۆیشتن و بە ناو حەوشی ماڵەکاندا بڵاو دەبوونەوە.

دایکی بۆ ئەوەی لە کاتی ڕۆیشتن نەکەوێت، بە دەستێک پشتی بە داری ئاڵاکە دەبەست و دەستەکەی تری بە دیوار و تەختەبەنەکانەوە دەگرت. هەندێک کات سەربازەکان دەهاتنە پێش و هاواریان دەکرد: "بڕۆ، بڕۆ..!"

پێش پلاگە کەوتن. وەستا و سەیری چواردەوری خۆی کرد. هێزێکی چەکدار لە کۆتایی کۆڵانەکە هاوشێوەی گوریسێک بۆ ڕاگرتنی مەودا، ڕێگەی لە خەڵک دەگرت بڕۆنە ناو گۆڕەپانە چۆڵکراوەکە. لە پێشەوە، پیاوە خۆڵەمێشییەکان بێ ئەوەی پەلەیان بێت، بەرەو قەرەباڵغییەکە دەڕۆیشتن.

پلاگە ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام هێزێک ئەوی بۆ پێشەوە دەبرد. گەیشتە کۆڵانێکی تەسک و باریک. لەوێ دووبارە وەستا. لەوێش دەنگی ژاوەژاوی خەڵکی بیست.

دایکی پاڵی بە داری ئاڵاکەوە دا و دووبارە بەڕێ کەوتەوە. لە ناکاو هاتە جۆش، لێوەکانی دەلەرزین، دەستی ڕاوەشاند. دیار نەبوو چ وشەگەلێک هاوشێوەی بروسکە لە ناو دڵیدا تەقیەوە و هێرشی بۆ هێنا و ئاواتی دەربڕینی ئەو وشانە گڕی تێ بەردا.

کەسێک بە هەموو هێزی خۆی لە ناو قەرباڵغییەکەوە هاواری کرد: "برادەران! ئەوە لە بەر رووقایمی خۆیان نییە کە لە رمەکان ناترسن!"

- ها، ئەوەتان بینی؟ سەربازەکان بەرەوڕوویان دەڕۆن، بەڵام ئەوان لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن، بە بێ ترس لە شوێنەکەیان وەستاون!

- بەڵێ.

- ئەم پاڤڵ ڤێلاسیێف-ە زۆر سەرکێشە!

- هەروەها ئاندرێ!

- ئەو شەیتانە دەستی خستۆتە پشتی و پێدەکەنێت!

دایکی ڕۆیشتە ناو قەرەباڵغییەکە و هاواری کرد: "هاوڕێیان! کوڕە خۆشەویستەکان!"

کورەکان بە ریزەوە ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد. کەسێک بە پێکەنین وتی: "سەیرکەن ئاڵاکەی بە دەستەوەیە".
دایکی بە توورەیی وەڵامی دایەوە: "بێ دەنگ بە".
دایکی قسەی کرد: "بۆ خاتری عیسا مەسیح گوێ بگرن! هەمووتان خۆمانەن... هەمووتان کەسانێکی راستگۆ و راستکردارن... چاوەکانتان بکەنەوە و بێ ترس بڕوانن... چی رووی داوە؟ منداڵەکانی ئێمە بە ئارامی هەڵدەستن... منداڵەکانی ئێمە، واتە جگەرگۆشەکانمان بە ناوی راستی رادەپەڕن.. لە بەر خاتری هەمووان، بۆچی منداڵەکانتان خۆیان بۆ بڕینی ڕێگەیەک کە بە سێدارە کۆتایی دێت، تەرخان کردووە؟ ئەوان دەیانەوێت ژیانێکی باشتر و پڕ لە راستی و دادپەروەری پێشکەش بە هەمووان بکەن".
دڵی شکا، سنگی گیرا، قورگی وشک و بڵێسەدار بوو. قووڵایی ناخی پڕ بوو لەو قسانەی کە عەشقێکی بێ کۆتایی تیا دەبینرا. ئەم عەشقە ئاگری بەردەدایە هەموو شتێک و هەموو کەسێک و ئەو قسانە زمانی دەسووتاند و بە هێزێکی کاریگەر دەیهێنایە گۆ.
دەیبینی گوێ لە قسەکانی دەگرن. هەمووان بێ دەنگ و بیریان لە قسەکانی پلاگە دەکردەوە... ئەو ئاواتەی درکی پێ کردبوو بە تەواوی لەودا دەرکەوت. ئارەزووی دەکرد کەسانی دەوروبەری بۆ لای پاڤل و ئاندرێ و هاوڕێکانی بنێرێت کە بە تەنیا جێیان هێشتبوون و ڕێگەیان دابوو سەربازەکان بیانگرن.
لە کاتێکدا چاوی بە ناو ڕوخساری مۆن و بێ تاقەتی خەڵکەکەدا دەگێڕا، بەو کەمە هێزەی بۆی مابۆوە، وتی: "منداڵەکانی ئێمە لە دنیادا بەرەو شادی دەڕۆن. بە ناوی هەمووان و بە ناوی راستیی مەسیح، دژی ئەو شتانە شۆڕش دەکەن کە کەسانی خراپەکار، چەوسێنەر و تەماحکارەکان بە هۆیانەوە، دەمانچەوسێننەوە، زیندانیمان دەکەن. هاوڕێیان! لە بەر چینی چەوساوە، لە بەر هەموو دنیا و لە بەر هەموو ستەملێکراوێکە کە گەنجەکانی ئێمە، جگەرگۆشەکانی ئێمە

راپەڕیون... بە تەنیا جێیان مەهێڵن... ڕێگە مەدەن منداڵەکانتان تاک و تەنیا بەم ڕێگەیەدا بڕۆن... بەزەییتان بە خۆتانا بێتەوە... ئەوانتان خۆش بوێت. درک بە مەبەستی ئەم دڵانە بکەن... بڕوایان پێ بکەن.
دەنگی کز و کزتر دەبوو. کەسێک گرتی.
کەسێک هاواری کرد: "خوداوەند ئیلهامی بۆ دەنێرێت. خەڵکینە، خواوەند ئیلهامی بۆ دەنێرێت، گوێ لە قسەکانی بگرن".
کەسێک بە دڵسۆزی وتی: "ئاوا بەردەوام بێت، خۆی دەکوژێت..."
- خۆی ناکوژێت، بەڵکو مەبەستی ئێمەی گەمژەیە، تێبگە!
دەنگێکی تیژ و نیگەران لە ناو خەڵکەکە بیسترا: "ئەی مەسیحییەکان! میتیای من، ئەو ڕۆحە پاکە چی کردووە؟ بە دوای هاوڕێکانی کەوتووە، هاوڕێ خۆشەویستەکانی... دایکی ڕاست دەکات، بۆ منداڵەکانمان بە تەنیا جێ بێڵین؟ بۆچی ئەوان چ کارێکی هەڵەیان ئەنجامداوە؟"
ئەم قسانە دڵی دایکی هێنایە لەرزین. بە فرمێسک وەڵامی هەست و سۆزی ئەوانی دایەوە.
سیزۆڤ بە دەنگێکی گەورە و بەهێز وتی: "بگەڕێرەوە بۆ ماڵ، بڕۆ دایکە، شەکەت و ماندوو بوویت".
سیزۆڤ پیس و ریشی بە تەواوی ئاڵۆزکابوو. دایکی مۆرەیەکی لێ کرد و خێرا لە خەڵکەکەی ڕوانی، هەڵستایە سەرپێ و بە دەنگی پاراو وتی: "وەک دەزانن ماتیۆی کوڕم لە کارخانە کوژرا. ئەگەر زیندوو بوایە خۆم دەمنارد لە ڕیزی پێشەوە بوەستێت... پێم دەوت ماتیۆ، تۆیش بڕۆ، چونکە ئامانجەکە گەورەیە. بڕۆ و ئەرکی سەرشانت جێبەجێ بکە".
لێرەدا قسەکەی بڕی. خەڵک بێ دەنگ بوون. هەستی شتێکی نادیار، گەورە و نوێ لەواندا دروست بوو کە چیتر نەدەبووە هۆی ترس و تۆقینیان. سیزۆڤ باسکی ڕاوەشاند و وتی: "پیرەپیاوێک

قسـەتان لەگـەڵ دەكات.. هەمووتـان دەمناسـن، سـێ و نـۆ سـاڵە لێرە كار دەكـەم و تـەمـەنـم پـەنـجـا و حـەوت سـاڵە. برازاكـەم كـە كوڕێكـی ژیـر و راسـتكردارە، دووبـارە ئـەمڕۆ قۆڵبەسـت كـرا. ئـەویـش لـەگـەڵ ڤێلاسـێڤ لـە پێشـەوە بـوو".

ڕوخسـاری سـوور هەڵگەڕا. دەسـتی دایكی گرت و وتـی: "ئـەم ژنـە راسـت دەكات، منداڵەكانی ئێمە دەیانەوێت بە ئابڕوو و شـەرافتمەندانە و بـە عەقڵ و لۆژێک ژیـان بـە سـەر بـەرن و ئێمـە ئەوانمـان بـە تەنیـا جـێ هێشـتووە... بەڵـێ ئەوانمـان جـێ هێشـتووە. پلاگـە بگەڕێوە بـۆ ماڵەكەت!"

دایكـی بـە چـاوی پـڕ فرمێسـک، سـەیری خەڵكەكـەی كـرد و وتـی: "هاوڕێیـان، ژیـان تایبەتـە بـە منداڵەكانـی ئێمـە، زەوی بـۆ ئەوانـە". سـیزۆڤ لەتـە داری ئالاكـەی بـۆ درێـژ كـرد و وتـی: "پلاگـە، بـڕۆ بـۆ مـاڵ، بـڕۆ، بگـرە، ئـەوە دارەكـەت". هەمـووان بـە رێـزەوە سـەیری دایكیـان دەكـرد. خەڵـک هـاودەردی كـرد. سـیزۆڤ بـێ ئـەوەی هیـچ بڵێـت، رێگـەی بـۆ كـردەوە. خەڵـک بـێ ئـەوەی قسـە بكـەن، ڕێگەیـان دەدا و هاوشـێوەی شـوێنكەوتنی هێزێكـی نەناسـراو لەسـەرخۆ بـە دوایدا ڕۆیشـتن بـێ ئـەوەی پەلەیـان بێـت.

دایكـی نزیـک دەرگاكـە، ئـاوڕی بـۆ دانـەوە، پاڵـی بـە داری ئالاكـەدا و بـە دەنگێـک كـە ئەمەكناسـی لـێ دەبـاری، وتـی: "سوپاسـی هەمووتـان دەكەم".

دووبارە كەوتە بیری ئەو هزرە نوێیە كە لە ناو دڵی چرۆی كردبوو: "ئەگەر خەڵک بۆ پاراستنی ئابڕو و شـانازی خواوەندی ئێمە، عیسـا مەسـیح، گیانـی خۆیـان نەدەبەخشـی، ئەو هەرگیز لـە دایكی نەدەبوو." خەڵـک بـە بـێ دەنگـی سـەیری كـرد. جارێكـی تـر سـەری رێـزی بـۆ خەڵكەكە دانـەوانـد و لەگـەڵ سـیزۆڤ ڕۆیشـتە ژوور. خەڵـک كـە لـە پشـت دەرگا مابوونـەوە، ئەندێشـەكانیان گۆڕییـەوە و دواتـر خێـرا لـە ماڵـی دایكـی دوور كەوتنـەوە.

# بەشی دووەم

# وێنەی (1)

باقی ڕۆژەکە لە ناو تەمومژی ڕەنگاوڕەنگی بیرەوەرییەکان و شەکەتییەکی لە رادەبەدەر کە جەستە و رۆحی ئازار دەدا، تێپەڕی.
ئەو ئەفسەرە وەک پەڵەیەکی خۆڵەمێشی لە پێش چاوی دایکی دەردەکەوت. ڕوخسارە گەنم باوەکەی پاڤل و چاوە درەوشاوەکانی ئاندرێ لە ناو تۆزوخۆڵێکی ڕەش و جوڵاو دەبریسکانەوە.
دایکی لە ناو ژوورەکە هاتوچۆی دەکرد، نزیک پەنجەرەکە دادەنیشت، سەیری کۆڵانی دەکرد و دووبارە هەڵدەستا. بە سەرەگێژەوە بە دوای شتێکی نەزانراودا دەگەڕا. ئاوی خوارد بێ ئەوەی تینویەتی بشکێت. نەیدەتوانی ئاگردانی خەم و خەفەت کە لە سنگیدا هەڵکرابوو و ناخی دەسووتاند، بکوژێنێتەوە.
پلاگە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست نەدەکەوت کە پەرێشانی کردبوو.
- ئێستا دەبێت چی بکەین؟
لە ناکاو کرۆسۆنۆڤا هاتە ژوور. هاواری کرد، گریا، قاچی لە زەوی دەکوتا، پێشنیاری سەیروسەمەری کرد، بەڵێنی دەدا و دیار نەبوو هەڕەشە لە کێ دەکات، بەڵام هیچ کامی کاریگەری لە سەر دایکی نەبوو.
ماریا بە هاتوهاوار وتی: "لەگەڵ هەموو ئەم قسانە، کاریگەری لە سەر کۆمەڵانی خەڵک داناوە و بۆتە هۆی ئەوەی کرێکارانی کارخانە شۆڕش بکەن".
دایکی سەری لەقاند و بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵێ. نەیدەتوانی بگری. دڵتەنگ بوو. لێوی وەک قوڕگی وشک ببوو. دەستی دەلەرزی. پشتی ژانی دەکرد، بەڵام بروسکەیەک لە تووڕەیی

تیا دەبینرا كە جوڵەی نەدەكرد و وەک سوژنێک لە دڵی دەچەقی.
دایكی بە بەڵێنێكی سارد، وەڵامی دایەوە: "چاوەڕێ بن".
شەو جەندرمەكان هاتن، بێ ترس و سەرسوڕمان لە بەرامبەریان وەستا. بە دەنگی تەقە و رەقەی زۆر و بە خۆشحاڵی هاتنە ناو ماڵەكە. ئەفسەرە زەردباوەكە، ددانەكانی دەرخست و وتی: "حاڵتان چۆنە؟ جاری سێیەمە یەكتر دەبینین وایە؟"
دایكی بێ دەنگ بوو، زمانە وشكەكەی بە لێویدا هێنا. ئەفسەرەكە وەک فرەزانێک زۆری قسە كرد. پلاگە هەستی كرد ئەفسەرەكە حەز دەكات گوێ لە قسەكانی بگیردرێت، بەڵام قسەكانی بە گوێی دایكی نەدەگەیشت و پەرێشانی نەدەكرد.
ئەفسەرەكە بە دایكی وت: "خودی تۆ تاوانباری، نەتتوانیوە كوڕەكەت فێر بكەیت رێز لە خودا و ئیمپراتۆر بگرێت..."
دایكی بێ ئەوەی سەیری بكات، وەڵامی دایەوە: "منداڵەكانی ئێمە دادوەرن و لە بەر ئەوەی لەم ڕێگەیەدا ئەوانمان بە تەنیا جێ هێشتووە، ئیدانەمان دەكەن".
ئەفسەرەكە هاواری كرد: "چی؟ بە دەنگی بەرز قسە بكە".
دایكی ئاخێكی هەڵكێشا و دووبارەی كردەوە. دەڵێم منداڵەكانمان دادوەری ئێمەن.
ئەفسەرەكە بە دەنگی بەرز و تووڕە دەستی كرد بە قسەكردن بێ ئەوەی كاریگەری لە سەر دایكی هەبێت.
ماریا وەک شایەت بانگهێشت كرابوو. لای پلاگە وەستا، بەڵام سەیری نەدەكرد. كاتێک ئەفسەرەكە پرسیاری لێ كرد، كڕنۆشی برد و وڵامی دایەوە: "هیچ نازانم گەورەم، ژنێكی نەخوێندەوارم و سەرقاڵی كار و كەسابەتی خۆمم و ئاگام لەو شتانە نییە".
ئەفسەرەكە سمێڵی بادا و وتی: "دەمت داخە".
ماریا كڕنۆشی برد و بێ ئەوەی ئەفسەرەكە هەستی پێ بكات، لاسایی كردەوە و لە بەرخۆیەوە وتی: "بگرە ئەوەش هی تۆ".

فەرمانیان پێ دا دایکی بگەڕێت. بە ترسەوە وتی: "سوێند بە خوا شارەزا نیم".
ئەفسەرەکە قاچی کێشا بە عەرزەکەدا و تووڕە بوو.
ماریا وتی: "پلاگە قۆپچەکانت بکەرەوە".
لە کاتێکدا سوور هەڵگەڕابوو، پلاگەی پشکنی و لە بەرخۆیەوە وتی: "ئەمانە سەگن!"
ئەفسەرەکە بە تووڕەیی نەڕاندی: "دەڵێی چی؟ سەیری ئەو شوێنەی کرد کە ماریا سەرقاڵی کارەکەی بوو".
ماریا بە ترسەوە وتی: "هیچ نییە گەورەم، بابەتێکی ژنانەیە".
ئەفسەرەکە فەرمانی بە دایکی دا وەرەقەکان واژۆ بکات، ئەویش چەند وشەیەکی بە شەل و شەکەتی نووسی: "پلاگە نیلۆڤۆنا ڤێلاسیێف، بێوەژنی پیاوێکی کرێکار".
ئەفسەرەکە بێ ئەوەی گرنگی پێ بدات، وتی: "چیت نووسیوە؟ بۆ ئەوەت نووسی؟ بە مەبەستی گاڵتەکردن پێکەنی و وتی: "ئەمانە دڕندەن!"
جەندرمەکان ڕۆیشتن. دایکی لە بەردەم پەنجەرەکە وەستا. ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە و بێ ئەوەی هیچ ببینێت، سەیری شوێنێکی دووری دەکرد.
برۆکانی لە سەرەوە و لێوی هەڵقرچابوو. بە شێوەیەک کاکیلەی دەگوشی، ددانی ئازاری پێ گەیشت. چراکە نەوتی تیا نەمابوو، پرتەپرتی دەکرد و دەکوژایەوە. دایکی فووی لە پەڵیتەکە کرد و بە تاریکی مایەوە. رق و تووڕەیی لە دڵدا نەما. هەورێکی ڕەشی خەم لە سەر دڵی نیشتەوە، دڵی بە دژواری لێی دەدا. بێ جوڵە مایەوە تا ئەو کاتەی چاو و قاچی هیلاک بوون. بیستی ماریا هاتە بەر پەنجەرەکە و وتی: "پلاگە خەوتووی؟ قوربانییە داماوەکەی من... بخەوە، بخەوە، سووکایەتی بە هەمووان دەکەن، هەمووان".
دایکی بێ ئەوەی جلەکانی دابکەنێت لە سەر جێگەکەی راکشا و وەک

ئەوەی خزابێتە ناو هەڵدێرێک، خەوێکی قووڵ بردیەوە. لە خەودا، تەپۆڵکەیەک چەوی زەردی بینی کە لەولای زەلکاوەکە لە قەراخ جادەی شارەکە بوو. لەو سەرەولێژییەی بە کانی چەو کۆتایی دەهات، پاڤل بە ئارامی لەگەڵ ئاندرێ ئاوازیان دەخوێند: "هەستن ئەی چینی بەش مەینەت!"

پلاگە بە بەردەم تەپۆڵکەکەدا تێپەڕی، دەستی بۆ ناوچاوی برد و سەیری کوڕەکەی کرد. سیمای ئەو گەنجە لە سەر بۆشایی شینی ئاسمان بە جوانی دیار بوو، بەڵام دایکی شەرمی دەکرد لێی نزیک ببێتەوە، چونکە دووگیان بوو. منداڵێکی دیکەشی لە باوەشدا بوو. درێژەی بە ڕێگەکەی دا. لە ناو کێڵگەکان منداڵەکان گەمەیان بە تۆپ دەکرد. ژمارەیان زۆر و ڕەنگی تۆپەکە سوور بوو. منداڵەکەی ناو باوەشی دەیویست بڕوات و لەگەڵ منداڵەکان گەمە بکات، گریا، پلاگە شیری پێ دا.

سەربازەکان تەپۆڵکەکەیان داگیر کردبوو، نووکی رمەکانیان لەم بوو. بەرەو کلێسای دروست کراو لە ناوەڕاستی دەشتەکە هەڵات. لەوێ ڕێوڕەسمی پرسە بوو. تابووتی تەرمێکی زۆر گەورە دەبینرا، ڕەش و دەرگاکەی بەسترابوو. قەشەکان ئاوازیان دەخوێند: "مەسیح لە ناو مردووەکان زیندوو بۆتەوە."

خزمەتکاری کلێسا دەفری عودەکەی راوەشاند و کاتێک چاوی بە دایکی کەوت، بزەیەکی کرد. هاوشێوەی سامۆئیلۆڤ ڕەنگی قژی سوور و دەم بەپێکەنین بوو. مێردمناڵەکان لە ناو دەستەی سروودخوێنەکان دووبارەیان دەکردەوە: "مەسیح لە ناو مردووەکان زیندوو بۆتەوە".

لە ناکاو قەشەکە لە ناوەڕاستی کلێسا وەستا و هاواری کرد: "بیانگرن!"

عاباکەی دیار نەما و سمێڵە ئەستوور و خۆڵەمێشییەکەی لە سەر ڕوخساری دەرکەوت. هەمووان هەڵاتن، تەنانەت خزمەتکاری کلێسا.

دەفری عودەکەی فڕێ دا و هاوشێوەی ئاندرێ دەستی بە سەریەوە گرت. دایکی، منداڵەکەی خستە ژێر قاچی باوەڕداران و ئەوانیش سەیری جەستەی رووتی منداڵەکەیان دەکرد و هەوڵیان دەدا پێشێلی نەکەن. دایکی کەوتە سەر ئەژنۆ و هاواری کرد: "منداڵەکە پشتگوێ مەخەن، هەڵیبگرنەوە..."

ئاندرێ دەستی لە پشتەوە بوو، بزەیەکی کرد و ئەم سروودەی دەخوێند: "مەسیح لە ناو مردووەکان زیندوو بۆتەوە..."

پلاگە دانەوی و منداڵەکەی هەڵگرت. خستیە سەر گالیسکەیەک، وسیڤ بە ئارامی لە تەنیشتی دەڕۆیشت. ئەم کەسە پێدەکەنی و دەیووت: "کارێکی قورس و دژواریان پێ سپاردووم".

کۆڵانەکە پیس بوو. خەڵک لە ناو پەنجەرەکانەوە فیکەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد.

ئاندرێ دەیووت: "دایە گیان، ئاواز بخوێنن، ژیان ئەمەیە.."

لە کاتێکدا دەنگە خۆشەکەی لە سەروو هەموو دەنگەکانەوە بوو، ئاوازی دەخوێند. دایکیشی لەگەڵ ئەو دەستی پێکرد.

بەڵام لە ناکاو گەڕایەوە بۆ دواوە و کەوتە ناو گۆماوێک...

پلاگە لە کاتێکدا جەستەی دەلەرزی و لە عارەقدا خووسابوو، لە خەو هەڵستا. گوێی لە رووداوەکانی ناخی دەگرت. وەک بڵێی بە دزیەوە دڵی داگیر کردبێت و بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە و بە نەرمی دەیگوشی. دەنگی زەنگی ئاگادارکردنەوەی کارخانە بەرز بۆوە. ژوورەکە هەڵڕژاو و پەرش و بڵاو بوو، کتێبەکان لەو ناوەدا بڵاو ببوونەوە.

هەڵستا و بێ ئەوەی دەموچاوی بشوات، ژوورەکەی رێکوپێک کرد. لە چێشتخانە چاوی بە دار و کوتاڵە سوورەکە کەوت. بە توورەیی هەڵیگرت و ئەوەندەی نەمابوو بیخاتە ناو ئاگردانەکە، بەڵام ئاخێکی هەڵکێشا، کوتاڵە سوورەکەی هەڵگرت، بە جوانی قەدی کرد و خستیە ناو گیرفانی. خۆی گۆڕی، سەماوەرەکەی

هەڵکرد و نزیک پەنجەرەی چێشتخانەکە دانیشت و پرسیارەکەی دوێنێ شەوی دووبارە کردەوە: "ئێستا دەبێت چی بکەین؟"
بیری کەوتەوە هێشتا نوێژی نەکردووە، چەند ساتێک لە بەردەم وێنەکان وەستا و دووبارە دانیشت. دڵی بەتاڵ بوو.
میلی کاتژمێرەکە کە هەمیشە خێرا دەسوورا، ئێستا بە هێواشی دەسوورا. مێشەکان بە گومانەوە ویزەیان دەهات و کوێرانە خۆیان دەکێشا بە شووشەی پەنجەرەکە.
بێ دەنگییەکی سەیر باڵی بە سەر گەڕەکدا کێشابوو. وا پێ دەچوو ئەو خەڵکەی دوێنێ لە کۆڵانەکە ئەو هەموو هاوار و دروشمەیان دەوتەوە، ئەمڕۆ لە ماڵەکانیان خۆیان حەشار داوە و بە بێ دەنگی بیر لەو ڕۆژە تایبەتە دەکەنەوە.
لە ناکاو پلاگە دیمەنێکی بیر کەوتەوە کە جارێک لە سەردەمی گەنجیدا بینیبووی. لە پارکی کۆنی ئەو ئاغایەی بە زۆسائیلۆڤ بانگیان دەکرد، حەوزێکی گەورە دەبینرا کە لەیلوپەری شینی تیا بوو. ڕۆژێکی پاییزی لەوێوە گوزەری کردبوو و بەلەمێکی لە ناو حەوزەکە بینیبوو. ئاوی حەوزەکە لێڵ و ئارام و دەوروبەری بە گەڵا زەردەکان داپۆشرابوو. لەم بەلەمە تەنیا و بێ سەوڵ و بێ جوڵەیەی سەر ئاوە لێڵەکە لە ناو گەڵا ژاکاوەکان، خەم و خەفەتێکی نامۆ بەرز دەبۆوە. پلاگە بۆ ماوەیەک لەوێ دەوەستێت و لە خۆی دەپرسێت: کێ توانیویەتی بەلەمەکە لە کەناراو دوور بکاتەوە و هۆکارەکەی چی بووە؟ ئێستا خۆی وەک ئەو بەلەمە دەهاتە بەرچاو. پێشتر تابووتێکی لە زەینیدا وێنا دەکرد کە چاوەڕوانی تەرمێک بێت. ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەواڵ بڵاو بۆوە کە ژنی راوێژکار نوقم بووە. ئەم ژنە وردیلە بوو و خێرا بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، قژی ڕەش و هەمیشە بژ بوو.
دایکی دەستی بە چاوەکانیدا هێنا وەک ئەوەی بیەوێت بیرەوەرییەکان لە زەینی دەربکات. زەق سەیری پیاڵەی چا ساردەکەی دەکرد و

ماوەیەک جوڵەی نەکرد. دەیویست کەسێکی سادە و وشیار ببینێت تاکو یەک دنیا پرسیاری لێ بکات.
وەک ئەوەی ئارەزووەکەی بەدی هاتبێت، نیکۆلا ئیڤانۆڤیچ نزیک نیوەڕۆ دەرکەوت. دایکی بە بینینی پەرێشان و نیگەران بوو. بێ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە، بە دەنگێکی کز وتی: "ئاخ کورم، کارێکی خراپت کرد هاتیت، دەبێت وریای خۆت بیت. ئەگەر بتبینن، تۆیش دەگرن".
نیکۆلا دوای ئەوەی دەستی دایکی گرت، چاویلکەی سەر لووتی چاک کرد و سەری لە گوێی دایکی نزیک کردەوە و خێرا و بە هێواشی روونکردنەوەی پێ دا: "بەڵێنم بە ئاندرێ و پاڤڵ دا ئەگەر ئەوان قۆڵبەست کران، بەیانی ئەو ڕۆژە پەیامی ئێوە لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ شار. ماڵەکەی تۆیان پشکنی؟"
- بەڵێ، هەموو شوێنێک گەڕان، تەنانەت منیان پشکنی. ئەم کەسانە نە ویژدانیان هەیە نە حەیا و شەرم!"
نیکۆلا شانی بەرز کردەوە و وتی: "چۆن دەکرێت ویژدان و حەیایان هەبێت؟" دواتر هۆکارەکانی بردنی پلاگەی بۆ شار روون کردەوە.
دایکی گوێی لەم دەنگە هاوڕێیانەیە دەگرت و سەیری بزەی ڕوخساری رەنگ بزرکاوی نیکۆلای دەکرد و سەری سوڕمابوو لەوەی کە چۆن بڕوای بەم پیاوە کردووە.
وتی: "ئێستا کە پاڤڵ ئەو بڕیارەی داوە و ئەگەر نابمە ئەرک بۆ ئێوە، دێم".
- نیگەرانی ئەوە مەبن. من بە تەنیا دەژیم و خوشکەکەم زۆر بە کەمی دێت بۆ ئێرە.
- بەڵام دەمەوێت کار بکەم، دەمەوێت بژێوی ژیانم دابین بکەم.
- ئەگەر بتەوێت کار بکەیت، کارت بۆ دەدۆزینەوە.
وای دەزانی کارەکەی پەیوەندی بە چالاکییەکانی کوڕەکەی و ئاندرێ هەیە. لە نیکۆلا نزیک کەوتەوە، سەیری چاوەکانی کرد و پرسی:

"بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە؟"
- بەڵێ، بەڵام کاری ماڵەکەی من زۆر نییە، کاتێک کەسێک بە تەنیایە.
دایکی بە ئارامی بۆی روون کردەوە: "مەبەستم ئەوە نییە، سەبارەت بە بابەتێکی گرنگ قسە دەکەم".
لەوەی نیکۆلا لە مەبەستەکەی تێ نەگەیشت، ڕەنجا و هەناسەیەکی خەمبارانەی هەڵکێشا. نیکۆلا هەڵستا و زۆر بە ڕێزەوە وتی: "ئەگەر بتەوێت بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ، کارێک بە جەنابت دەسپێرین".
بیرۆکەیەکی سادە و روون بە مێشکی گەیشت. پێشتریش جارێک توانیبووی هاوکاری پاڤڵ بکات، ئەگەری هەیە ئەمجارەیش بتوانێت.
لە کاتێکدا سەیری ڕوخساری میهرەبانی نیکۆلای دەکرد، چاوەڕوان بوو بە دەربڕینی هاوخەمی بۆ پاڤڵ و ئاندرێ، سەبارەت بە خۆی قسە بکات، بەڵام نیکۆلا وەک ئەوەی لە ناو خۆیدا نغرۆ بووبێت، دەستی بە ریشیدا هێنا و تەنیا وتی: "کاتێک پاڤڵتان بینی، پێتان چۆنە پرسیاری ناونیشانی ئەو جووتیارانەی لێ بکەن کە داوای ڕۆژنامەیان کردبوو؟"
پلاگە بە خۆشحاڵی وتی: "ناونیشانیان دەزانم، دەزانم کێن و لە کوێ دەژین. ڕۆژنامەکان بدەن بە من بۆیان دەبەم. دەیاندۆزمەوە، هەرچی بڵێن ئەنجامی دەدەم. کەس بیر لەوە ناکاتەوە من هەڵگری کتێبە قەدەغەکراوەکانم. پێشتر بە کیلۆ بڵاوەکراوەکانم دەبرد بۆ کارخانە".
دەیویست دار بە دەست و بوخچە لەشان، بە ناو شەقامەکان، دارستانەکان، گوندەکان و هەر شوێنێک دەکرێت، بڕوات.
وتی: "هاوڕێ، تکایە ئەم کارە بە من بسپێرن، بۆ هەر شوێنێک بتانەوێت دەڕۆم، مەترسن، لە هەر ویلایەتێکەوە بێت، ڕێگەی خۆم دەدۆزمەوە.. زستان و هاوین تاکو لێواری گۆڕ بەرێدا دەڕۆم.. لە پێناوی راستیدا دەبمە پەیامبەر.. بەم شێوەیە کەسانی دیکە ئیرەیی بە چارەنووسم نابەن! ژیانێکی باشە، مرۆڤ بە دنیادا دەگەڕێت،

لە کاتێکدا هیچی نییە و جگە لە نان، پێویستی بە هیچ نییە. کەس سووک و ریسوا ناکات، بە ئارامی و بێ سەرنجی کەسانی تر دنیا دەبڕێت. دەمەوێت بەو شێوەیە بژیم و دەگەمە پاڤل و ئاندرێ و ئەو شوێنانەی ئەوانی لێن.."

نیکۆلا بە گەرمی دەستی گرت و بە پەنجەکانی دڵنەوایی دەدایەوە. سەیری کاتژمێرەکەی کرد و وتی: "سەبارەت بەم بابەتە دواتر قسە دەکەین! کارێکی مەترسیدار لە ئەستۆ دەگری... بە باشی بیری لێ بکەرەوە.."

پلاگە وتی: "هاورێی ئازیز، بیرکردنەوە چ سودێکی هەیە؟ منداڵەکان واتە پاکترینی خوێنی ئێمە، جگەرگۆشەکانی ئێمە کە لە هەر شتێک ئازیزترن، ئازادی و گیانی خۆیان دەبەخشن و بێ ئەوەی خەم لە چارەنووسی خۆیان بخۆن، لە ناو دەچن. من کە دایکم چۆن ئامادەی ئەنجامدانی هەر کارێک نەبم؟"

ڕەنگ بە ڕوخساری نیکۆلاوە نەما: "دەزانن یەکەم جارە ئەو قسانە دەبیستم..."

دایکی خەمبارانە سەری لەقاند و وتی: "دەتوانم چی بڵێم؟ بێ توانا دەستەکانی شۆڕ بۆوە و وتی: "خۆزگە وشەم بۆ دەربڕینی ئەوەی لە دڵی دایکانەمدا دەگوزەرێت، دەست دەکەوت".

بە هۆی ئەو وشە سووتێنەرانەی نیشانەی نارەزایەتی بوو، دڵتەنگ بوو.

هەڵستا و وتی: "زۆرێک لە خەڵکانی خراپەکار و بێ ویژدان ئەگەری هەیە بۆ ئەم حاڵە بگرین..."

نیکۆلا هەڵستا و دووبارە سەیری کاتژمێرەکەی کرد.

- بڕیارمان دا بێیت بۆ شار، بۆ ماڵەکەی من.

دایکی بێ ئەوەی قسە بکات، سەری لەقاند.

- هەرچی زووتر باشتر! و بە ئارامی وتی: "زۆر نیگەرانی تۆم..."

پلاگە بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد و وتی: "چ شتێک ئەم

ئارەزوو و خۆشەویستییەی لە ناخی ئەودا بزواندووە؟"
نیكۆلا سەری داخست، وەستا. بزەیەكی پەرێشانی لە سەر لێو بوو. بێ ئەوەی سەیری بكات، پرسی: "پارەت پێیە؟"
- نا.
نیكۆلا خێرا كیسەیەكی لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی بۆ لای دایكی درێژ كرد: "فەرموو چەندت دەوێت هەڵگرە!"
دایكی بێ ئیرادە بزەیەكی كرد، سەری لەقاند و وتی: "هەموو شتێك گۆڕاوە! ئێوە تەنانەت گرنگی بە پارەش نادەن. خەڵك بۆ بە دەستهێنانی پارە ئامادەن هەر كارێك بكەن، تەنانەت رۆحی خۆیان گلاو دەكەن، بەڵام ئێوە وەك پەڕە كاغەزێك یان پارچە مسێك لێی دەڕوانن. گوایە پارەتان تەنیا بۆ چاكەكردن لەگەڵ كەسانی تر دەوێت".
نیكۆلا بە پێكەنین درێژەی بە قسەكەی دا: "پارە شتێكی بێ بەها و هۆكاری كێشەیە. دان یان وەرگرتنی هەمیشە دەبێتە هۆی دڵتەنگی كەسەكان..."
دەستی دایكی گرت و گوشی، وتی: "بە زووترین كات دێی، وایە؟"
وەك هەمیشە بێ دەنگ رۆیشت.
دوای ئەوەی بەڕێی كرد، بیری كردەوە: "چەند پیاوێكی باشە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەزەیی بە ئێمەدا نەهاتەوە، بەڵام نەیتوانی درك بەوە بكات ئەم بابەتەی پێ ناخۆشە یان تەنیا بۆتە هۆی سەرسوڕمانی".

# وێنەی (2)

پلاگە چوار ڕۆژ دواتر بەرەو شار بەڕێ کەوت. ئەو گالیسکە بچوکەی خۆی و دوو جانتاکەی هەڵگرتبوو، لە گەڕەکەکە گوزەری کرد و گەیشتە دەشتایی. دایکی ئاوڕی دایەوە و لە ناکاو هەستی کرد شوێنێک جێ دێڵێت کە تاڵترین و بە ئازارترین قۆناغی ژیانی لەوێ بە سەر بردووە و ئێستا پێ دەنێتە دنیایەکی نوێ و خەمی نوێ و شادی نوێ.
کارخانە هاوشێوەی جاڵجاڵۆکەیەکی زۆر گەورە و سووربباو، لە سەر زەوییەکی ڕەش بە دووکەڵ ڕاخرابوو و دووکەڵکێشەکانی سەریان لە ئاسمان دەسوو. ماڵی بچوکی کرێکارەکان نزیک لە یەک و لە دەوروبەری کارخانەکە بوون. ئەم ماڵە خۆڵەمێشییانە، چەندین دەستەی چڕی لای زەلکاوەکە پێک دەهێنا. وا پێ دەچوو پەنجەرە بچوکە لێڵەکانی بۆ یەک دەگرین. کلێسا لە ناو ماڵەکان بوو و بورج و زەنگەکەی بە بەرزییەکی کەمتر لە دووکەڵکێشەکان سەری لە ئاسمان دەسوو.
دایکی ئاخێکی هەڵکێشا. یەخەی تەنگی جلەکەی کردەوە. خەمبار بوو و خەمەکەی وەک تۆزوخۆڵی ڕۆژگاری هاوین وشک بوو.
گالیسکەچی هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا و هاواری کرد: "هۆی، بڕۆ حەیوان.."
**نیکۆلا:** "جووتیارە داماوەکان لە برسا دەمرن. منداڵەکان لاواز و بێ هێز دێنە سەر دنیا و هاوشێوەی مێشەکان لە وەرزی پاییزدا لە ناو دەچن... ئەمەیە رووی ڕاستەقینەی سیستەمی سەرمایەداری."
پیاوێکی شەل و گێڕ بوو و دیار نەبوو تەمەنی چەندە. مووی کەم و سپی بوو، ڕەنگ لە چاوەکانیدا نەدەبینرا. کاتێک لای گالیسکەکەی

دەڕۆیشت، قاچێكی دەشەلی. بە باشی هەست دەكرا كە گرنگی بە شوێنی سەفەرەكە نادات. قاچە خواروخێچەكانی لە ناو جزمە قورس و قوڕاوییەكەی بۆ پێشەوە درێژ دەكرد و بە پاراوی وتی:
"هۆی، بڕۆ..!"
دایكی سەیری دەوروبەری كرد. بیابان بە ئەندازەی ڕۆحی ئەو چۆڵ بوو. ئەسپەكە بە شێوەیەكی بێزاركەر سەری ڕادەوەشاند و سمكۆڵەكانی بە قورسی لە ناو چەوەكە دەچەقاند كە بە هۆی تیشكی هەتاو گەرم داهاتبوو و قرچەقرچی لێ دەهات. گالیسكەكە باش چەور نەكرابوو و چەرخەكانی جیڕەجیڕی لێوە دەهات. تەواوی ئەو دەنگانە تێكەڵ بە تۆزوخۆڵ دەبوو.
ماڵەكەی نیكۆلا لە كۆتایی شار و لە كۆڵانێكی چۆڵ، لە ناو تەلارێكی فەرەنگی سەوزباو بوو. لە پشت ئەو تەلارە ماڵێكی ڕەش و دوو نهۆمی دەبینرا كە لە بەر كۆنی، هەمیشە ئەگەری دارمانی هەبوو. لە بەردەم بیناكە باخچەیەك دەبینرا و لە پەنجەرەی هەر سێ ژوورەكە، لقی گوڵی یاس و دارتووس دەهاتنە ژوورەوە. ژوورەكان پاك و بێ دەنگ بوون. سێبەری نامۆی عەرزی ژوورەكە دەلەرزی. لە سەر دیوارەكان ڕەفەی پڕ لە كتێب و وێنەی چەند كەسایەتییەكی گرنگ و بەڕێز هەڵواسرابوو.
نیكۆلا دایكی بۆ ژوورەكەی ڕێنوێنی كرد. پەنجەرەیەك بەرەو باخچەكە دەكرایەوە و پەنجەرەیەكی تر دەیڕوانییە سەر حەوشەی داپۆشراو بە چیمەن و لەوێش لە سەر دیوارەكان چەندین ڕەفەی پڕ لە كتێب دەبینرا.
- زیاتر حەز بە چێشتخانەكەی دەكەم.
كاتێك ئەمەی وت وای زانی نیكۆلا لە شتێك دەترسێت. نیكۆلا بە نیگەرانی بۆچوونی خۆی دەربڕی و دایكی لە بڕیارەكەی پاشگەز بۆوە.
دۆخێكی تایبەت لەم سێ ژوورەدا فەرمانڕەوایی دەكرد. هەناسەدان

لەویَ خۆش بوو. مرۆڤ حەزی نەدەکرد بە دەنگی بەرز قسە بکات و ئارامی کەسانی ناو وێنەکان بشێوێنێت کە بیرمەندانە سەیری ئامادەبووانیان دەکرد.

پلاگە پەنجەی لە گڵی ئینجانەکان دا و وتی: "دەبێت گوڵەکان ئاو بدەین".

نیکۆلا بە شەرمەزاری وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵێ، خۆتان دەزانن گوڵەکانم خۆش دەوێت، بەڵام دەرفەتم نییە پێیان رابگەم.

دایکی دەیبینی نیکۆلا تەنانەت لە ماڵەکەی خۆی بە وردی و وریایی و بێ دەنگەدەنگ بەرێدا دەڕوات وەک ئەوەی لەگەڵ هەموو شتێکی چواردەوری بێگانە و دوور بێت. ڕوخساری لەو شتانەی دەیویست بیبینێت، نزیک دەکردەوە و سەبارەت بەو شتانەی بیری لێ دەکردنەوە، پرسیاری سەیر و ئاڵۆزی دەکرد. دایکی کاتێک بینی نیکۆلا ئەوەندە مێشکی پەرش و بڵاوە، هەوڵی دا خۆی شوێنی شتەکان فێر ببێت.

سەبارەت بە ژیانی پرسیاری لە نیکۆلا دەکرد. نیکۆلا بە نیگەرانی و پەرێشانی وەڵامی دەدایەوە وەک کەسێک کە دەزانێت بە پێی پێویست هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵام نازانێت ڕێگەیەکی دیکە بگرێتە بەر.

دایکی گوڵەکانی ئاو دەدا، لاپەڕەی نۆتەکانی مۆسیقا کۆ کردەوە کە لە سەر پیانۆکە بڵاو کرابوونەوە و ماڵەکەی گسک دا.

پاڵ کەوتبوو و بیری لە ڕۆژ دەکردەوە. سەری بەرز کردەوە و سەیری چواردەوری کرد. بۆ یەکەم جار بوو لە ماڵی نەناسراوێکدا دەژیا، بەڵام نیگەران نەبوو. بەڵێنی بە خۆی دا سۆز و خۆشەویستی بە ژیانی نیکۆلا ببەخشێت. کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەموو شتێکی ئەو، ناشارەزاییەکەی، نەزانینی گاڵتەئامێزی خانەخوێکەی، دوورکەوتنەوەی، هەموو شتە ئاساییەکان و حاڵەتی چاوە گەشەکانی کە لە هەمان کات منداڵانە و بیرمەندانە دەهاتە بەرچاو. لە ناکاو

بیری پاڤڵ کەوتەوە و ڕووداوەکانی 1ی ئایاری لە زەینیدا وێنا کرد. ئازاری ئەو ڕۆژە وەک خودی ڕۆژەکە تایبەت بوو. بە هەزاران درک دڵی دەڕووشاند و تووڕەییەکی نامۆی تیا دروست دەکرد کە پشتی کووڕی ئەو پیرەژنەی ڕاست دەکردەوە.
گوێی لە دەنگە نەناسراوەکانی ژیانی شار گرتبوو کە لە پەنجەرەکەوە دەخزانە ناو ژوورەکەی و لق و گەڵای دارەکانی باخەکەی دەجوڵاند. بیری کردەوە: "منداڵەکان لە هەموو شوێنێک لە گەڕان و سەیرانن. ئەم دەنگانە لە دوورەوە، بە کزی و لاوازی دەهاتنە ژوور و بە ئارامی لە ناو ژوورەکە دەتوانەوە".
بۆ بەیانی، دایکی سەماوەرەکەی پاک کردەوە و هەڵیکرد. بێ تەقە و رەقە قاپەکانی کۆکردەوە. لە چاوەڕوانی بەئاگاهاتنەوەی خانەخوێکەی لە چێشتخانەکە دانیشت. دەنگی کۆکە بیسترا و نیکۆلا چاویلکە بە دەست دەرکەوت.
پلاگە دوای ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، سەماوەرەکەی بردە ژووری نان خواردن و نیکۆلا سەرقاڵی شۆردنی دەموچاوی بوو. لەگەڵ ئەوەی ئاو دەڕژایە عەرزی هۆڵەکە، سابوون و فلچەکەی لێ دەکەوت و بەردەوام دەیبۆڵاند.
لە کاتی نانخواردن بە دایکی وت: "لە فەرمانگەی ویلایەتی کار دەکەم و دەبینم ڕۆژانە چۆن جووتیارەکان هەژار و ماڵوێران دەبن". بزەیەکی کرد و وتی: "جووتیارە هەژارەکان بە هۆی برسێتی لاواز دەبن. منداڵ بە کز و لاوازی لە دایکی دەبێت و هاوشێوەی مێشی پاییزی دەمرن. هەمووکمان ئەوە دەزانین. زانیاریمان لە سەر هۆکاری ئەم نەهامەتی و بەدبەختییە هەیە و دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکەین، مووچە وەردەگرین. ئەمە ئەو کارەیە کە ئێمە دەیکەین".
پلاگە پرسی: "جەنابت چ کارێک دەکەیت؟ خوێندکاری زانکۆی؟"
- نا، من لە گوند مامۆستا بووم. باوکم لە ویتاکا بەڕێوەبەری

کارخانەیە و من بوومە مامۆستا، بەڵام کتێبم لە ناو گوندنشینەکان بڵاو دەکردەوە و لە بەر ئەوە زیندانییان کردم. دوای ئەوە لە کتێبفرۆشییەک دامەزرام، لەوێیش ئاگام لە خۆم نەبوو و بۆ ویلایەتی ئاراخانگێل دووریان خستمەوە... لەوێ لەگەڵ حکومەت تووشی کێشە بووم و حکومەت منی بۆ کەنارەکانی دەریای سپی نارد و پێنج ساڵ لە گوندێک مامەوە".

دەنگی بە ئاوازێکی ئارام و دوورودرێژ لە ژووری رووناک تێکەڵ بە تیشکی خۆر دەبوو.

دایکی لەم بەسەرهاتانەی زۆر بیستبوو، بەڵام نەیدەتوانی تێ بگات بۆچی ئەوان بەم سانایيە دەیگێڕنەوە بێ ئەوەی کەس بۆ ئەو رەنجانەی کێشاویەتی، تاوانبار بکات.

نیکۆلا وتی: "ئەمرۆ خوشکەکەم دێت".

- مێردی هەیە؟

- بێوەژنە. مێردەکەی بۆ سیبریا دوور خرابۆوە و دوو ساڵ پێش ئێستا لە دەرەوەی وڵات مرد.

- لە تۆ گەنجترە؟

- نا، شەش ساڵ لە من گەورەترە. زۆر قەرزاری ئەوم، جیا لەمە زۆربەی شتەکانی ئێرە هی ئەوە... بەڵام کتێبەکان هی منن.."

- لە کوێ دەژی؟

بە پێکەنین وەڵامی دایەوە: "هەموو شوێنێک! لە هەر شوێنێک پێویستیان بە کەسێکی بوێر و چاونەترس بێت، ئەو لەوێیە".

- ئەویش وەک ئێمە بیر دەکاتەوە؟

- بەڵێ.

دواتر بەرەو شوێنی کارەکەی بەرێ کەوت.

دایکی بیری لە ئامانجێک دەکردەوە کە چۆن رۆژانە خەڵک راستگۆیانە و پێداگرانە بەرگری لێ دەکەن. هەستی کرد لە تاریکیدا لە بەردەم شاخێک وەستاوە.

دەمەونیوەڕۆ، ژنێکی باڵابەرز و ڕێکوپێکی ڕەشپۆش هات. کاتێک دایکی دەرگای بەڕوودا کردەوە، ئەو خاتوونە جانتا زەردە بچوکەکەی خستە سەر زەوی و خێرا دەستی پلاگەی گرت و وتی: "تۆ دایکی پاڤڵ ڤێلاسێف-ی، وایە؟"

دایکی کە بە هۆی کەشخەیی جلەکانی میوانەکەی حەپەسابوو، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".

ئەو خاتوونە کاتێک لە بەردەم ئاوێنە کڵاوەکەی سەری لابرد، وتی: "هەر بەو جۆرەی کە بیرم لێ دەکردیەوە. براکەم پێی وتم دێیتە ئێرە و لەگەڵ ئێمە دەژی. من و کوڕەکەت زۆر لە مێژە هاوڕێین. زۆر باسی تۆی دەکرد".

دەنگی نامۆ بوو، لەسەرخۆ قسەی دەکرد، بەڵام جوڵەکانی پڕ بوو لە ئیرادە. چاوە گەورە خۆڵەمێشییەکەی بزەیەکی هاوڕێیانەی پێوە دیار بوو. چەند هێڵێکی ناسکی بچوک لە سەر ناوچاوی و قژە ئاڵتوونییەکەی لە سەر گوێی دەدرەوشایەوە.

خاتوون وتی: "برسیمە، حەزم لە کوپێک قاوەیە".

پلاگە وتی: "ئێستا ئامادەی دەکەم".

قاوەسازەکەی دەرهێنا و بە ئارامی پرسی: "پاڤڵ بە ڕاستی سەبارەت بە من قسەی دەکرد؟"

- بەڵێ.

خوشکی نیکۆلا قوتوویەکی بچوکی لە گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی هەڵگرت و دایگیرساند. بە دەم پیاسەکردن لە ناو ژوورەکە، وتی: "زۆر نیگەرانی پاڤڵ-ی؟"

دایکی بە دەم سەیرکردنی بڵێسەی شینباوی ئاگری ژێر قاوەسازکە، بزەیەکی کرد. دڵتەنگییەکەی لە بەرامبەر ئەو خاتوونە، لە قووڵایی شادییەکەیدا ونبوو.

دایکی بە پێکەنین وتی: "کەواتە کوڕەکەم سەبارەت بە من قسەی دەکرد! دەپرسی نیگەرانم بۆی یان نا؟ ئاشکرایە نیگەرانم و چەندە

بە ئازار و سەختە...، بەڵام پێشتر سەختتر بوو، چونكە ئێستا دەزانم بە تەنیا نییە".
- بە راست ناوت چی بوو؟
- سۆفی.
دایكی بە وردی سەیری كرد. بوێری و چاونەترسی لەم ژنەدا دەبینرا. بە دڵنیاییەوە قسەی دەكرد.
- خاڵی گرنگ ئەوەیە هاوڕێیان ماوەیەكی زۆر لە گرتووخانە نەمێنن. زوو دادگایی بكرێن و هەر ئەوەندەی پاڤڵ بگاتە سیبریا، ئامادەكاری بۆ هەڵاتنی دەكەین. لێرە ناكرێت چاوپۆشی لێ بكەین.
سۆفی بە دوای شوێنێكدا دەگەڕا بۆ ئەوەی جگەرەكەی فڕێ بدات، لە كۆتاییدا جگەرەكەی لە ناو گڵی ئینجانەكەدا كوژاندەوە.
دایكی پێی وت: "ئەوە گوڵەكە وشك دەكات!"
- ببوورن! نیكۆلایش بەردەوام بۆ ئەم كارە ئاگادارم دەكاتەوە. جگەرەكەی دەرهێنا و لە پەنجەرەكەوە فڕێی دا.
- تكا دەكەم بمبوورن! بێ بیركردنەوە ئەو قسەیەم كرد. نابێت رەخنە لە ئێوە بگرم.
سۆفی شانی بەرز كردەوە و بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "كاتێك هەڵەیەك دەكەم بۆ رەخنەم لێ نەگرن؟"
- قاوە ئامادەیە.
- سوپاس.
- بۆ تەنیا پیاڵەیەك؟ ئەی خۆتان ناخۆنەوە؟
لە ناكاو دەستی خستە سەرشانی دایكی و بۆ لای خۆی رایكێشا. چاوی تێ بڕی و بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "لەوانەیە خۆت بە غەریبە بزانی!"
دایكی بە پێكەنین وەڵامی دایەوە: "هەرچەندە دوێنێ هاتمە ئێرە، بەڵام هەست دەكەم ماڵی خۆمە و زۆر دەمێكە ئێوە دەناسم. ترسم لە هیچ نییە، هەرچیم بوێت دەیڵێم، تەنانەت رەخنەیش دەگرم..."

سۆفی بە دەنگی بەرز وتی: "ئەمە زۆر باشە".
دایکی بەردەوام بوو: "ناتوانم سەرنج بخەمە سەر شتێک، خۆم ناناسمەوە. پێشتر مرۆڤ ماوەیەک بە دەوروبەری کەسەکاندا دەهات بۆ ئەوەی بتوانێت خۆمانە قسەیان لەگەڵ بکات، بەڵام ئێستا رۆح ترسی لە هیچ نییە و مرۆڤ لە ناکاو هەندێک قسە دەکات کە پێشتر بیری لێ نەکردۆتەوە، ئەویش قسەی سەیر و سەمەرە!"
سۆفی جگەرەی دووەمی هەڵکرد. بە چاوە خۆڵەمێشییەکانی دڵسۆزانە سەیری دایکی کرد.
- وتت ئامادەکاری بۆ هەڵاتنی پاڤڵ دەکەن... بەڵام دوای ئەوە چۆن ژیان بە سەر بەرێت؟
سەرئەنجام پلاگە توانی ئەو پرسیارە بکات کە زۆر لەمێژ بوو مێشکی پەرێشان و ئاڵۆز کردبوو.
سۆفی دووبارە قاوەیەکی بۆ خۆی تێ کرد و وەڵامی دایەوە: "زۆر ئاسانە، وەک ژمارەیەکی زۆر لە هەڵاتووانی تر ژیان دەکات... بەم دواییانە بە دوای یەکێک لەواندا رۆیشتم، کرێکارێکی باشووری بوو. بۆ ماوەی پێنج ساڵ دووریان خستبۆوە و سێ ساڵ و نیوی سزاکەی بە سەر بردووە.
- ئاخ، 1ی ئایار بیر و هزری پەرێشان کردووم، پێم وابێت لە یەک کاتدا دوو رێگە دەبڕم... هەندێک کات گومان دەکەم لە هەموو شتێک تێ دەگەم، هەندێک کات مێشکم پەرش و بڵاوە... بۆ نمونە کاتێک سەیری جەنابت دەکەم، دەبینم بە واتای وشە خاتوونێکی بەرێزی.. بۆ ئەو بیروباوەڕە هەوڵ دەدەیت... پاڤڵ دەناسی و رێزی دەگریت... سوپاستان دەکەم".
سۆفی پێکەنی و وتی: "نا، دەبێت سوپاسی خۆتان بکەن".
دایکی ئاخێکی هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە: "لە خۆم؟ من ئەو شتانەم فێر نەکردووە! خۆم پێتم وت، هەندێک کات شتەکان زۆر بە سادەیی دەبینم، هەندێک کات ناتوانم درک بەم سادەییە بکەم... بۆ نمونە

ئێستا ئارامم و لە ناکاو لەم ئارامییە دەترسم. بە درێژایی تەمەنم ترساوم و ئێستا کە دەبێت بترسم، ناترسم. هۆکارەکەی نازانم".
سۆفی دوای ئەوەی قنچکی جگەرەکەی خستە ناو ژێر پیاڵەکە، سەری لەقاند، قژە ئاڵتونییەکەی بە سەرشان و ملیدا پەخشان کرد و لە کاتێکدا لە ژوورەکە دەرۆیشتە دەر، وتی: "ئەو ڕۆژە دەگات لە هەموو شتەکان تێ بگەیت. ئێستا کاتی ئەوەیە جلەکانم داکەنم و ئەم زریقە و بریقانە لە خۆم بکەمەوە".
دایکی بە نیگاکانی بە دوایدا ڕۆیشت. هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەیری چواردەوری خۆی کرد. بێ بیرکردنەوە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی قاپەکان. هەستی بە ئارامی دەکرد.

# وێنەی (3)

نیکۆلا نزیکەی سەعات چوار گەڕایەوە. لە کاتی نانی ئێوارە، سۆفی بە پێکەنین چیرۆکی دوورخراوەیەکی هەڵاتووی گێڕایەوە کە لە ماڵەکەی حەشاری دابوو. باسی ئەو ترسەی دەکرد کە ببووە هۆی ئەوەی لە هەموو شوێنێک سیخوڕەکان ببینێت و باسی هەڵسوکەوتی سەیری کەسە هەڵاتووەکەی دەکرد... شتێک لە ئاوازی دەنگی سۆفیدا دایکی دەخستە بیری هاشوهووشی کرێکارێک کە کارەکەی بە باشترین شێوە ئەنجام داوە و ئێستا لە خۆی رازییە.
لەم کاتەدا سۆفی کراسێکی پەمەیی سووک و فشی لە بەردا بوو کە لە شانییەوە تا قاچی دادەپۆشی. چاوەکانی خەمبار و جوڵەکانی ئارام بوو.
نیکۆلا دوای نانخواردن وتی: "سۆفی، تۆ دەبێت بە کارێکی دیکەوە سەرقاڵ بیت! دەزانی دەمانەوێت رۆژنامەیەک تایبەت بە گوندەکان چاپ و بڵاو بکەینەوە... بەڵام بە هۆی قۆڵبەستکردنی هاوڕێکانمان پەیوەندیمان لەگەڵ جووتیاران پچڕاوە. تەنیا پلاگە دەزانێت چۆن کەسێکی شیاو و گونجاو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە بدۆزێتەوە. لەگەڵی برۆ، چونکە ئەم کارانە دەبێت خێرا ئەنجام بدرێت".
سۆفی جگەرەی دەکێشا و وتی: "بە جوانی تێگەیشتی دایکە؟"
- بەڵێ! بەڕێ بکەوین!
- لێرەوە دوورە؟
- نزیکەی هەشتا کیلۆمەتر...
- زۆر باشە. ئێستا دەمەوێت پیانۆ بژەنم. تاقەتتان هەیە کەمێک گوێ لە مۆسیقا بگرین؟
دایکی لە سەر کورسییەک دانیشت و وتی: "هیچ لە من مەپرسن

و بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن وەک بڵێی لێرە نیم". دایکی دەیبینی خوشک و برا بێ ئەوەی گرنگی بە رواڵەتی بدەن، لە گفتوگۆکانیان بەشداری پێ دەکەن.

- گوێ بگرە نیکۆلا! ئەمە پارچە مۆسیقایەکی (گریک) ە. ئەمڕۆ ئەم نۆتەم هێنا. پەنجەرەکە دابخە.

لاپەڕەی نۆتەکانی کردەوە و دواتر بە دەستی چەپی ژەنینی دەست پێکرد. سیمەکان بە نەرمی دەلەرینەوە. سەرەتا نۆتێک لە شێوەی ئاخێکی قووڵ و دواتر نۆتێکی دیکە پەیوەستی نۆتی یەکەم دەبوو. پەنجەکانی دەستی راستی دەجوڵان هاوشێوەی ئاهەنگ و هاواری دەنگی مەلێکی ترساو کە بەئاگا هاتبێتەوە. لە سەر تەختایی ڕەشی نۆتە وردەکان کە بە شێوەی رێک و هەڵسەنگێنراو وەک دەریایەکی ماندوو لە تۆفان، باڵیان دەگرت و ئاوازیان بڵاو دەکردەوە. لە وەڵامی سروود، شەپۆلە قورسەکان کە هاوئاهەنگی دەنگێکی گڕ بوو، بە خەمباری دەگریا و گازندە و پرسیارەکان و ناڵەکانی قووت دەدا کە وەک کێشێکی خەمبار بوو. هەندێک کات ئاوازەکە، لە فڕینێکی نائومێدیدا لاواز دەبوو، ئاخێکی هەڵدەکێشا، دواتر دەکەوت، دەخزا و لە سەر لافاوێکی شەپۆلاوی و خزۆکی نۆتەکانی ژێرەوە دەسووڕا، نوقم دەبوو، دیار نەدەما، تاکو دووبارە لە ناو دەنگێکی رێک دەردەکەوتەوە، فراوان دەبوو، بڵاو دەبۆوە و لە ناو هێزی نۆتەکاندا دەتوایەوە. لە کاتێکدا بێ ماندوویەتی و بە هەمان هێز و ئارامی ئاخی هەڵدەکێشا.

سەرەتا مۆسیقاکە کاریگەری لە سەر دایکی دانەنا، چونکە لێی تێ نەدەگەیشت. هاوشێوەی ژاوەژاو و قەرەباڵغی لێی دەڕوانی. گوێچکەی نەیدەتوانی ئاوازەکە لە ناو لێدانی ئاڵۆزی زۆری نۆتەکاندا ببیستێت. بە دەم باوێشکەوە سەیری نیکۆلای دەکرد کە لە سوچێک لە سەر کورسییەک دانیشتبوو. ڕوخساری جدی سۆفی بینی کە سەری لەژێر قژە ئاڵتونییەکەی چەمابۆوە. خۆر ئاوا دەبوو. تیشکێکی

لەرزۆک سەرەتا سەر و شانی سۆفی وەک خەرمانەی رووناکی داپۆشی، دواتر خزایە سەر پیانۆکە و لەژێر پەنجەی ژەنیارەکە شەپۆلی دەدا. مۆسیقا بە ژوورەکەدا بڵاو بۆوە و دڵی دایکی، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بەئاگا دەهاتەوە. سێ نۆت هاوشێوەی دەنگی لەرزۆکی فیڈیا مازین یەک لە دوای یەک هاتن و وەک سێ ماسی زیوباو لە ناو جۆگەیەک، یەکتریان لە بەرزایی رادەگرت. لە کاتێکدا لە ناو لافاوی دەنگەکان دەدرەوشانەوە و جاروبار نۆتێکی دیکە پەیوەستیان دەبوو و هەمووان پێکەوە سروودێکی سادە، خەمبار و دڵگیریان دەخوێند. پلاگە شوێنیان کەوت و چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بوو. تەنیا گوێی لەوان دەگرت و ئەوانی لە ژاوەژاوی دەنگەکانی دیکە جیا دەکردەوە.

لە ناکاو لە قووڵایی رابردووی تاریک، بیرەوەری سووکایەتییەک کە لەمێژ بوو فەرامۆش کرابوو، ئێستا بە روونی و بێ بەزەییانە زیندوو دەبۆوە.

شەوێک هاوسەرەکەی درەنگ و بە سەرخۆشی گەڕابۆوە. بە شەق تێی هەڵدا و بە نەڕەنەڕ وتبووی: "برۆ بمرە، هیچوپووچ، بێزار و ماندووم دەکەی! ئێستا بە بینینت هێڵنجم دێت!"

بۆ رزگاربوون لە شەقەکانی، منداڵەکەی خستبووە باوەش و ئەوی کردبووە قەڵغان. پاڤڵ-ی تەمەن دوو ساڵ ترسا، دەگریا و پەلەقاژەی دەکرد.

میخائیل بە دەنگە قێزەونەکەی وتی: "برۆ بمرە، ون بە لە بەرچاوم..!"

خێرا بەرەو چێشتخانەکە رۆیشتبوو. شاڵێکی خستبووە سەرشان، منداڵەکەی لە بەتانییەک هەڵپێچابوو و بێ ئەوەی دەنگەدەنگ بکات، یان گازندە و سکاڵا، بە پێخاوسی رۆیشتبووە ناو کۆڵان. تۆزوخۆڵی کۆڵان بە قاچیەوە دەنووسا. منداڵەکە دەگریا و پەلەقاژەی دەکرد. بۆ بێ دەنگ کردنی منداڵەکە شیری پێدا. بەرە بەرە هەوا روووناک دەبۆوە. پلاگە شەرمی دەکرد لەوەی کە ئەگەری هەیە کەسێک

بە نیوەڕووتی لە ناو کۆڵانەکە ببیبنێت، ڕۆیشتە لای زەلکاوەکە. لەژێر داربییەکان دانیشت. ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە. لە کاتێکدا شەو دەوری گرتبوو، چاوی لە تاریکی شەو بڕی و بە ترسەوە بۆ منداڵە خەوتووەکەی و دڵە برینداڕەکەی خۆی لایەلایەی دەخوێند. لە ناکاو مەلێک بە سەر سەری دایکیدا فڕی و بەئاگای هێنایەوە. بە هۆی سەرماوە دەلەرزی. ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. دەیزانی بەرەوپیری تێهەڵدان و سووکایەتی کردنی بەردەوام دەچێت.
بۆ دواجار ناڵەیەکی سارد لە قورگی هاتە دەر و بێ دەنگ بوو.
سۆفی ئاوڕی دایەوە و لە براکەی پرسی: "ئەمەت پێ خۆشە؟"
نیکۆلا وەک ئەوەی لە خەونێک ڕاپەڕێت، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، زۆر ناوازە بوو!"
پارچە مۆسیقایەکی ئارام، شیرین و خۆش ئاهەنگ، لەژێر پەنجەکانی سۆفی هاتە دەر.
بیرەوەرییەکان لە سنگی دایکیدا دەیانخوێند و دەلەرزین. دەیویست مۆسیقا بەردەوام بێت. بیرۆکەیەک بە زەینی گەیشت: "ئەم خوشک و برایە ژیانێکی ئارام و هاوڕێیانەیان هەیە. مۆسیقا دەژەنن... جوێن نادەن و مەی ناخۆنەوە و لە سەر بابەتی لاوەکی شەڕ ناکەن. بە پێچەوانەی ئەوەی لای خەڵکانی بەختڕەش باوە، بیر لە ڕەنجاندن و ئازاردانی یەکتر ناکەنەوە".
سۆفی دووبارە جگەرەیەکی داگیرساند. مژێکی قووڵی لێ دا و وتی: "کۆسیتای داماو زیاتر لە هەمووان حەزی لەم پارچە مۆسیقایە دەکرد".
- چەند حەزم دەکرد ئەم پارچەیەی بۆ بژەنم! سروشتێکی پاکی هەبوو، هیچ خاڵێک نەبوو هەستی پێ نەکات..."
دایکی وتی: "بێ گومان باسی هاوسەرەکەی دەکات". بزەیەکی کرد. سۆفی بە دەنگێکی ئارام بەردەوام بوو: "چەندە بەختەوەری پێ بەخشیم! زۆر بە باشی دەیزانی ژیان بکات... بەردەوام خۆشحاڵی،

خۆشحاڵییەکی منداڵانە و زیندوو لە ناخیدا بوو".
دایکی بە خۆی وت: "منداڵانە؟"
نیکۆلا دەستی بە ریشیدا هێنا، وتی: "بەڵێ".
سۆفی جگەرەکەی فڕێ دا، سەیری دایکی کرد و وتی: "ئەم دەنگانە نابنە هۆی بێزاری تۆ؟"
دایکی هەرچەند نەیتوانی ناڕەزایەتی خۆی بشارێتەوە، وتی: "ئەی نەمووت هیچ لە من مەپرسن. من لە هیچ تێ ناگەم، تەنیا گوێ دەگرم و بیر دەکەمەوە".
سۆفی وتی: "نابێت، دەبێ تێ بگەن. کەسێک، بە تایبەت ژنێک کاتێک خەمبارە، مەحاڵە هەست بە مۆسیقا نەکات..."
بە قایمی دەستی بە سەر دوگمەکانی پیانۆکەدا هێنا. هاوارێک بەرز بۆوە، وەک ئەوەی کەسێک هەواڵێکی مەترسیداری هێنابێت. دەنگی گەنج، ترساو و شڵەژاو بەرز بوونەوە و کەس نەیزانی بۆ کوێ ڕۆیشتن. دووبارە دەنگی پاراو و تووڕە بە ژوورەکەدا بڵاو بۆوە. بێگومان کارەساتێک قەوماوە.. دواتر دەنگێکی بەهێز و دڵگیری دیکە دەستی پێ کرد بە خوێندنی سروودێکی جوان و بەتین کە مایەی ئۆقرە و ئارامی بوو.
سۆفی ماوەیەکی زۆر پیانۆی ژەنی. دایکی حاڵی گۆڕا. دەیویست بپرسێت ئەم مۆسیقایە باسی چی دەکات کە وێنەی نادیار، هەست و بیر و هزری گۆڕاو لە زەینیدا دروست دەکات. خەم و خەفەت جێگەی خۆیان بە ئاڵای شادی و ئارامی دەدا. وا پێ دەچوو دەستەیەک لە باڵندە نەبینراوەکان لە کاتێکدا بە باڵە ناسکەکانیان بەر دڵ دەکەون، بە ناو ژوورەکەدا دەسوڕێنەوە، بە دەنگی گڕ گۆرانییەک دەخوێنن کە هزر و بیرکردنەوە بە قسەی ئاڵۆز هەڵدەخڕێنن و ئەم قسانە لەگەڵ هیوایەکی نامۆ، بوێری بە دڵ دەبەخشن و پڕی دەکەن لە هێز و ورە.
پلاگە کە بە چاوەکانی دەگەڕا بۆ ئەوەی کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە،

لە سەر نووکی پێ ڕۆیشتە چێشتخانە تاکو سەماوەرەکە هەڵبکات. بە نیگەرانی چای تێ کرد. وەک ئەوەی بیەوێت بەو وشە پڕ هەستوسۆزانەی بە خۆی و هاوڕێکانی دەوت، دڵی ئارام بکاتەوە. دەیووت: "ئێمەی چینی بێ بەشی کۆمەڵگا، هەست بە هەموو شتێک دەکەین، بەڵام دەربڕینی هەستەکانمان پێ کارێکی سەختە. شەرم دەکەین لەوەی کە ناتوانین ئەوەی تێی دەگەین باسی بکەین و هەندێک جار دژی هزرەکانمان و دژی ئەو کەسانەی ئەو هزرانە لە مێشکماندا دروست دەکەن، دەوەستینەوە. لە هەموو لایەک لێمان دەدەن، بریندارمان دەکەن، بەڵام ناتوانن دەست بە سەر ڕۆحماندا بگرن. دەمانەوێت بحەوێینەوە، بەڵام هزر و فکرەکان ڕۆح بەئاگا دێنێتەوە و فەرمانی تەماشاکردنی پێ دەدات..."

نیکۆلا سەری لەقاند و گوێی دەگرت. سۆفی کە لە بەردەم پیانۆکە دانیشتبوو، سەیری دایکی کرد. ئاوازێکی ئارام لەگەڵ وتەکانی دایکی تێکەڵ بوو کە بەرگێکی سادە و هاوڕێیانەی دەکردە بەر.

- ئێستا دەتوانم کەمێک باسی خۆم و خزمەکان و کەسە نزیکەکانم بکەم...

چونکە لە ژیان تێ دەگەم و لەو کاتەوەی توانیومە بەراورد بکەم، دەستم کرد بە درک کردن. پێشتر هیچ پێوەرێکم بۆ بەراورد کردن نەبوو. لە چینی ئێمەدا هەموو وەک یەک دەژین.. ئێستا دەزانم کەسانی دیکە چۆن ژیان بە سەر دەبەن و بیرم دەکەوێتەوە خۆم چۆن ژیانم بە سەر بردووە، بیرهێنانەوەی ئەو ژیانە بۆم دژوارە... مرۆڤ بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و ئەگەر بگەڕێتەوە، ناتوانێت تەمەنی گەنجی بە دەست بێنێتەوە..."

سەری داخست و بەردەوام بوو: "لەوانەیە قسەی هەڵە و بێ سود بکەم، چونکە ئێوە خۆتان هەموو شتێک دەزانن. من سەبارەت بە خۆم دەدوێم، ئێوە منتان لای خۆتان هێشتۆتەوە".

فرمێسکی ئەمەکناسی و پێزانین لە چاوەکانی کۆ بۆوە و دەنگی

دەلەرزی. لە کاتێکدا بزەی بۆ خانەخوێکانی دەکرد، درێژەی بە قسەکانی دا: "تەنیا دەمویست قسەی دڵم بکەم بۆ ئەوەی بزانن خێر و خۆشی ئێوەم دەوێت".

نیکۆلا وتی: "پێویست بەم کارە ناکات، دەیبینین و لەوەی کە لێرە لەگەڵ ئێمەیت، خۆشحاڵین".

پلاگە بە ئارامی بەردەوام بوو: "دەزانن، دەڵێی گەنجینەم دۆزیوەتەوە، دەوڵەمەند بووم و دەتوانم دیاری پێشکەشی هەموو خەڵک بکەم... لەوانەیە ئەم کارە گەمژانە بێت".

سۆفی بە ڕێزەوە وتی: "ئەو قسانە مەکە.."

پلاگە نەیدەتوانی ویستەکانی دامرکێنێتەوە. دووبارە باسی ئەو شتانەی دەکرد کە بە تازە و گرنگی دەبینی. چیرۆکی ژیانی دەگێڕایەوە کە پڕ بوو لە ڕەنج، ڕیسوایی و بەدبەختی. هەندێک جار قسەکانی دەبڕی، وەک ئەوەی لە خۆی دوور کەوتبێتەوە و بە جۆرێک باسی خۆی دەکرد، وەک ئەوەی باسی کەسێکی دیکە بکات.

بێ نیگەرانی و دڵتەنگی، بە وشەی زۆر ئاسایی و لەگەڵ خەندەی دڵنیایی لە سەر لێو، لە بەردەم نیکۆلا و خوشکەکەی، مێژووی ڕەش و سپی ڕۆژە خەمبزوێنەکانی بڵاو دەکردەوە، لێدانەکانی مێردەکەی دەژمارد، لە کاتێکدا خۆیشی سەری سوڕ مابوو لە پڕوپووچی بیانووەکانی و لەوەی کە نەیتوانیبوو خۆی لەو لێدانانە بپارێزێت.

نیکۆلا و سۆفی بێ دەنگ و بە وردی گوێیان لە قسەکانی دەگرت. لە تێگەیشتنی قووڵی ئەم ژیانە مرۆییە کە هاوشێوەی ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و ماوەیەکی زۆریش خۆی هەستی بە نادادپەروەری دۆخی خۆی نەکردووە، حەپەسابوون. دەیانزانی ئەوەی دایکی باسی دەکات، چارەنووسی هەزاران کەسە. لەم بەسەرهاتەدا، هەموو شتێک ئاسایی و بێ بەها بوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە سەر زەوی بەم شێوەیە ژیان بە سەر دەبەن.. نیکۆلا ئانیشکی

خستبووه سەر مێزەكە و دەستی بە سەریەوە گرتبوو. سۆفی پاڵی بە كورسیەوە دابوو و هەندێک جار سەری بە نیشانەی نەرێنی رادەوەشاند. نەدەزانرا لە بەرخۆیەوە چی دەڵێت. ئیتر جگەرەی نەدەكێشا. ڕوخساری لاوازتر و رنگ بزرکاوتر دەردەكەوت. بە ئارامی وتی: "جارێک خۆم بە بەدبەخت بینی. هەستم كرد ژیان لە سەرسامی زیاتر، هیچی تر نییە. لە كاتی دوورخرانەوە، لە گوندێكی بچوكی ویلایەتەكمان بووم، كارم نەبوو و جگە لە خۆم كەس نەبوو بیری لێ بكەمەوە. لە تاو بێكاری، بەدبەختییەكانم كۆ كردەوە. چاوم پیا خشاندن. لەگەڵ باوكی خۆشەویستم شەڕم كردبوو و بە هۆی خوێندنەوەی كتێبە قەدەغەكراوەكان لە خوێندنگە دەركرابووم. دوو جار زیندانی كرام. دوای ئەوە هاوسەرەكەم زیندانی كرا و دوور خرایەوە و چەند ساڵ دواتر كۆچی دوایی كرد... لەو كاتەدا هەستم كرد داماوترین كەسی سەر زەویم، بەڵام دایە گیان، ئەگەر هەموو بەدبەختییەكانم لە تەنیشت یەک ریز بكەن و دە هێندەی تریشی بۆ زیاد بكەن، ناگاتە بەدبەختی یەک مانگی ژیانی تۆ.. نا، بەرگەگرتنی ئەشكەنجەی ڕۆژانە بە درێژایی چەندین ساڵ... ئەم خەڵكە داماوە هێزی بەرگەگرتنی ئەم ئێش و ئازارەیان لە كوێ بە دەست هێناوە؟"

سۆفی: "ئێمە، واتا چینی بەشخوراوی كۆمەڵگە، هەست بە هەموو شتەكان دەكەین، بەڵام توانای دەربڕینمان نییە. لە هەرلایەكەوە لێمان دەدەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ڕۆحمان داگیر بكەن".

دایكی ئاخێكی هەڵكێشا و وەڵامی دایەوە: "لەگەڵی رادێن".

نیكۆلا بیرمەندانە وتی: "وام دەزانی لەگەڵ ئەو ژیانە ئاشنام، بەڵام كاتێک كاریگەرییەكانی نەک لە كتێبێک بیخوێنیتەوە، بەڵكو لە كەسێک ببیستی، كارەساتبارە! وردەكارییەكانی مەترسیدارە، تەنانەت بەشە پووچ و ناگرنگەكانی و ئەو چركانەی ساڵەكان پێک دێنن".

گفتوگۆكەیان بە هێواشی بەردەوام بوو. دایكی نوقمی بیرەوەرییەكانی

بوو و ریسواییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەڵدەهێنجا و پەردەیەکی خەمبزوێن و نامۆ و بێ کۆتایی، پێکهاتوو لە ترس و قێزەونی دروست دەکرد کە تەمەنی گەنجی تیا بە فیرۆ درابوو. لە ناکاو وتی: "ئاخ! چەندە قسەی بێ مانام کرد، ئێستا کاتی خەوە! ناکرێت هەمووی بڵێم".

نیکۆلا لێی نزیک کەوتەوە و بە گەرمی دەستی گوشی. سۆفی تا دەم دەرگا لەگەڵی ڕۆیشت. لەوێ وەستا و وتی: "پشوو بدە... شەوخۆش".

گەرمی لە دەنگی دەباری و چاوە خۆڵەمێشییەکەی بە نەرمی ڕوخساری پلاگەی نەوازش دەکرد. ئەویش دەستی سۆفی گرت و وەڵامی دایەوە: "زۆر سوپاس".

# وێنەی (4)

دوای چوار ڕۆژ دایکی و سۆفی وەک کەسانی هەژار جلوبەرگی کۆنەیان پۆشی، دار بە دەست و بوخچە لەشان لە بەردەم نیکۆلا ئامادە بوون. جلەکان ڕوخساری سۆفییان وردتر و سیمای شێلگیرانەتر پیشان دەدا. نیکۆلا پێی وت: "دەڵێی تەمەنت لە ڕێی پەرستگا و کلێسا بە سەر بردووە..!"

لە کاتی ماڵئاوایی بە گەرمی دەستی خوشکەکەی گوشی. دووبارە دایکی سادەیی و ئارامی نێوان ئەو دووانەی بینی. بە ڕاستی عەشق و خۆشەویستی ئەوان چەندە سادە و پاک بوو، بەڵام ئەو ژینگەیەی پلاگە تیایدا ژیابوو، خەڵک یەکیان ماچ دەکرد و زیاتر بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ یەک دەدوان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک سەگی برسی گازیان لە یەک دەگرت.

پلاگە و سۆفی شاریان بە جێ هێشت و گەیشتنە دەرەوەی شار.. جادەیەکی دووروودرێژیان لە نێوان دوو ڕیز دارتووس گرتە بەر.

دایکی لە سۆفی پرسی: "ماندوو نەبوویت؟"

- وا دەزانی لەگەڵ ڕێگە ڕۆیشتن ڕانەهاتووم؟ هەڵەیت.

سۆفی شادومان وەک ئەوەی باسی هاروهاجی سەردەمی منداڵی بکات، دەستی کرد بە پیاهەڵدانی چالاکییە درەوشاوە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی: "جارێک، ناوێکی خوازراوم لە خۆم نا، پاسپۆرتەکەم تەزویر بوو و بۆ ڕزگاربوون لە دەست سیخوڕەکان جلەکانم گۆڕی. سەد کیلۆمەتر، سەد کیلۆ نووسراو و بڵاوکراوەی قەدەغەکراوم بۆ شارە جیاوازەکان دەبرد، کاروباری هاوڕێ هەڵاتووەکانم ڕێک دەخست و تا دەرەوە هاوڕێیەتیم دەکردن. جارێک ئامێری چاپم بردەوە بۆ ماڵ، جەندرمەکان زانیان و بۆ گەڕان و پشکنین ڕژانە ماڵەکەمان،

بەڵام ساتێک پێش هاتنی ئەوان جلوبەرگی خزمەتکارەکانم پۆشی و ڕۆیشتمە بەردەرگا. ئەوان بە بینینی ئەم دۆخە نەهاتنە ناو ماڵ. شەوێک لە زستانێکی ساردوسڕ، بێ پاڵتۆ، تەنیا بە لەچکێکی بچوک و دەبەیەک نەوتی بەتاڵ بە سەرانسەری شارەکەدا سووڕامەوە. جارێکی تر لە شارێکی دوورەدەست ڕۆیشتمە لای هاوڕێکانم. کاتێک بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم، بینیم جەندرمەکان ماڵەکە دەگەڕێن، ویستم بگەڕێمەوە، بەڵام نەمتوانی، زەنگی ماڵی نهۆمی خوارەوەم لێدا و ڕۆیشتمە ژوور و بە ڕاستی هەموو شتێکم بۆ باس کردن و تەنانەت پێم وتن ئەگەر دەتانەوێت، دەتوانن رادەستی جەندرمەکانم بکەن، بەڵام پێم وانەبێت ئەو کارە بکەن. دانیشتووانی ئەو ماڵە زۆر ترسان و بە درێژایی شەو بیریان لەوە دەکردەوە ئەگەری هەیە ئێستا تەقە لە دەرگای ماڵەکەیان بدەن، بەڵام منیان رادەستی جەندرمەکان نەکرد.

جارێک جلوبەرگی راهیبەکانم پۆشی. لە ناو شەمەندەفەر لەگەڵ سیخوڕێک لە یەک ڤارگۆندا بووین. ئەو بەردەوام باسی شارەزایی و توانایی خۆی لە کاروباری سیخوڕی دەکرد. دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو ژنەی شوێنی کەوتووە لەو شەمەندەفەرە و لە ناو ڤارگۆنەکانی دیکەدایە. گرنگیم بە قسەکانی نەدا. کاتێک گەیشتینە وێستگەی دووەم، لە ڤارگۆنەکە هاتمەدەر، جلەکانم گۆڕی و دووبارە ڕۆیشتمە ناو ڤارگۆنەکە. سیخوڕەکە وای زانی کەسێکی دیکەم. لە بەر ئەوە پرسی: "ئەو ژنە بۆ کوێ ڕۆیشت؟ لەوانەیە خەوتبێت، ئەوانیش وەک ئێمە هیلاک دەبن... ژیانێکی دژواریان هەیە... هاوشێوەی ئێمە.."

دایکی بە بیستنی ئەم چیرۆکانە پێدەکەنی و بە سۆزەوە لە سۆفی دەڕوانی. بیری دەکردەوە کە لە ڕوخساری ئەم کچەدا تەندروستییەکی ڕۆحی، بوێرییەکی تێکەڵ بە شادی هەیە و چاوەکانی هەموو شتەکان بە جوانی دەبینێت.

سۆفی دارێكی پیشانی دایكیدا و وتی: "سەیر بكە، سنەوبەرێكی چەند جوانە!"
دایكی سەیری سنەوبەرەكەی كرد. لای دایكی، ئەو سنەوبەرە جوانترە و بالآبەرزتر لە سنەوبەرەكانی دیكە نەبوو.
بەلآم بە پێكەنین وتی: "بەڵێ، درەختێكی جوانە".
- سریلەیەک!
چاوە خۆڵەمێشییەكانی سۆفی لە خۆشیا دەبریسكایەوە. هەندێک كات دادەنەوی و گوڵێكی لێ دەكردەوە. بە پەنجە ناسكەكانی دەستی لە پەڕەی گوڵەكان دەدا، نەوازشی دەكرد و گۆرانی دەوت.
لە ڕێگە ئەو جووتیارانەیان بینی كە بە پێ یان لە سەر گالیسكەكان بوون. چاكوچۆنی دەكرد و دەیووت: "ماندوو نەبن".
هەتاوی دڵگیری بەهاری دەدرەوشایەوە. ئاسمانی شین و بێ كۆتایی بریقەی دەهات. لە هەردوو لای جادەكە، دارستانی چڕ و كێڵگە سەرسەوزەكان دەبینرا. باڵندەكان ئاوازیان دەخوێند. سروەی بۆنخۆش بە ئارامی نەوازشی كوڵمەكانی دەكرد.
ئەمانە، دایكی لەو ژنە چاوسەوزە نزیک دەكردەوە، بەلآم هەندێک جار لە ناو قسەكانی سۆفی-دا بابەتگەلی توند و نەشیاوی دەبیست كە هزر و رامانی پەرێشان دەكرد و پێی وابوو ریبین ئەوی بە دڵ نابێت.
دوای ساتێک سۆفی دووبارە هاوڕێیانە و بە سادەیی قسەی دەكرد و دایكی بە میهرەبانییەوە لێی دەڕوانی.
- تۆ هێشتا زۆر گەنجی.
سۆفی وتی: "سی و دوو ساڵم!"
- مەبەستم ئەوە نەبوو... سەروسیمات گەورەتر لە تەمەنت دەنوێنێت، بەلآم كاتێک مرۆڤ سەیری چاوەكانت دەكات، كاتێک دەنگت دەبیستێت، بە تەواوی سەری سوڕ دەمێنێت. وەک بڵێی كچێكی گەنجی، ژیانێكی دژوار و پڕ كارەساتت هەیە، بەلآم لەگەڵ

ئەوەشدا دڵت شادە.."
- هەست ناکەم ژیانم دژوار و پڕ کارەسات بووبێت و پێم وا نییە لەم ژیانە سەرنجڕاکێشتر و باشتر هەبێت.
- کێ پاداشتی زەحمەتەکانی تۆ دەداتەوە؟
سۆفی وەڵامی دایەوە: "ئێمە پاداشتی خۆمان وەرگرت. ژیانێکمان بۆ خۆمان دروست کردووە پێی رازین، لەوە زیاتر دەتوانین ئارەزووی چی بکەین؟"
دایکی سەیری کرد، سەری داخست و بە خۆی وت: "ریبین ئەم کچەی بە دڵ نابێت..."
ئەو ڕۆژە هەوا فێنک بوو. سۆفی و پلاگە چاوچنۆکانە هەوایان هەڵدەمژی. پلاکە هەستی دەکرد بۆ زیارەت دەڕوات. قۆناغی منداڵی و ئەو بەختەوەرییەی بیر کەوتەوە کە لە ڕۆژەکانی جەژن، کاتی بە جێ هێشتنی گوندەکەیان بەرەو پەرەستگایەکی دوورەدەست، جۆش و خرۆشێکی زۆری پێ دەبەخشی.
هەندێک کات سۆفی بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی دەوت کە یان سەبارەت بە عەشق یان بەهەشت بوو، یان ئەوەی لە ناکاو ئەو شێعرانەی دەخوێندەوە کە پەسنی دەشت و دارستان و رووبارەکانی دەدا. دایکی گوێی دەگرت و پێدەکەنی.
هەموو شتێک وەک باخێکی بچوک و کۆن لە شەوێکی هاوین، ئارام و دڵگیر بوو.

# وێنەی (5)

ڕۆژی سێیەم کاتی ڕۆیشتنە ناو گوندەکە، دایکی لە جووتیارێکی ناو کێڵگەیەک، پرسیاری ناونیشانی کارخانەی قەترانی کرد. دوای ماوەیەکی کەم، هەردوو ژنەکە لە شاخەڕێیەکی باریک و دژوار هاوشێوەی قادرمەیەک کە لە ریشەی دارەکان پێکهاتبێت، ڕۆیشتنە خوار. گەیشتنە شوێنێکی ساکۆی بچوک و بازنەیی. پڕ بوو لە خەڵوز و تەلاشەدار و چاڵی قەتران.

دایکی بە نیگەرانی سەیری چواردەوری کرد و وتی: "گەیشتینە شوێنی مەبەست!"

لە نزیک کۆخێک کە بە بزماری گەورەی دارین و چڵ و گەڵا داپۆشرابوو، ریبین، ژێفیم و دوو گەنجی دیکە بە دەوری مێزێک دانیشتبوون و نانیان دەخوارد. ریبین پێش ئەوانی تر دوو ژنەکەی بینی. دەستی کرد بە سەیوان بۆ چاوی و چاوەڕوان بوو.

دایکی لە دوورەوە هاواری کرد: "سڵاو هاوڕێ میخائیل".

ریبین هەڵستا و خێرا بەرەوپیریان ڕۆیشت. کاتێک نزیک بوونەوە، دایکی وتی: "دەڕۆینە زیارەت، ڕێگەمان گۆڕی بۆ ئەوەی تۆ ببینین. ئەم خاتوونە هاوڕێمە و ناوی ئانا-یە".

دەستی دایکی گوشی، سڵاوی لە سۆفی کرد و وتی: "پێویست بە درۆ کردن ناکات، ئێرە شار نییە و پێویست ناکات مرۆڤ درۆ بکات. لێرە هەموو خۆمانەن..."

ژێفیم لە سەر مێزەکە دانیشتبوو و سەیری دەکردن. لە بەرخۆیەوە شتێکی بە هاوڕێکانی وت. کاتێک سۆفی و دایکی نزیک بوونەوە، ژێفیم هەڵستا و سڵاوی کرد.

ریبین دەستی خستە سەر شانی دایكی و بەردەوام بوو: "ئێمە لێرە بە تەواوی زیندانین! كەس سەردانمان ناكات، ئاغا لە گوند و ژنەكەی لە نەخۆشخانەیە. من ئێستا وەك راوێژكارم.. دانیشن، چا دەخۆن؟"
ژێفیم لەسەرخۆ ڕۆیشتە ناو كۆخەكە. یەكێك لە جووتیارەكان كە گەنجێكی بالآبەرز و لاواز بوو، هەڵستا بۆ ئەوەی هاوكارییان بكات. ئەوی تر خڕیلەیەكی كۆنەپۆش بوو، ئانیشكی خستە سەر مێزەكە و بیرمەندانە سەیری ژنەكانی دەكرد. بۆنی توندی قەتران تێكەڵ بە بۆنی گەلا رزیوەكان ببوو.
ریبین كرێكارە بالآبەرزەكەی پیشان دا و وتی: "ناوی ژاكوبە و ئەوی تریان ئیگنایی".
- زۆر باشە، كوڕەكەت چۆنە؟
دایكی هەناسەیەكی هەڵكێشا و وتی: "زیندانییە".
ریبین هاواری كرد: "دووبارە! پێ دەچێت جاری یەكەم لە زیندان خۆشی بۆ گوزەرا بێت!"
ئیگناتی هیچ نەدەوت. ژاكوب دارەكەی لە دەستی دایكی وەرگرت و وتی: "دایكە دانیشە".
ریبین رووی كردە سۆفی: "تۆیش فەرموو دانیشە".
سۆفی بێ ئەوەی قسە بكات، لە سەر قەدی دارێك دانیشت. ریبین بە وردی سەیری كرد و پرسی: "كەی دەستگیریان كرد؟"
سەری راوەشاند و وتی: "تۆ شانست نییە پلاگە!"
- گرنگ نییە!
- زۆر باشە، خەریكە بە دۆخەكە رادێت؟
- نا، بەڵام هیچ چارەیەكی دیكە نییە!
ریبین وتی: "هەر وایە، ئێستا بۆم باسە بكە!.."
ژێفیم دۆلكەیەك شیری هێنا، قاپەكەی لە سەر مێزەكە هەڵگرت، پاك شۆردی، شیری تێ كرد و خستیە بەردەم سۆفی. بێ دەنگ ئەم

کارانەی دەکرد. کاتێک دایکی کۆتایی بە قسەکانی هێنا، هەمووان بێ دەنگ بوون. ئیگناتی هێشتا لە سەر مێزەکە دانیشتبوو و بە نینۆکی خەتی لە سەر تەختەی مێزەکە دەکێشا. ژێفیم پاڵی بە شانی ریبین دابوو، ژاکوب دەستی خستبووە سەر سنگی. سۆفی-ش بە وردی سەیری جووتیارانی دەکرد.

ریبین لەسەرخۆ وتەکانی درێژ کردەوە و وتی: "بەڵێ، کەواتە بڕیاریان داوە بە ئاشکرا بجوڵێنەوە".

ژێفیم بە پێکەنینەوە وتی: "ئەگەر نمایشێکی لەو شێوەیان لێرە ساز دەکرد، موژیکەکان به مەبەستی کوشتن لێیان دەدان.

ریبین پرسی: "وتت پاڤڵ دادگایی دەکەن؟"

دایکی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".

- چ سزایەکی بۆ دەبڕنەوە، نازانی؟

پلاگە وتی: "زیندانی لەگەڵ کاری قورس یان دووری دەخەنەوە بۆ سیبریا".

ریبین وتی: "کاتێک ئەم کارەی دەست پێ کرد، دەیزانی چ سزایەک چاوەڕێی دەکات؟"

- نازانم.

سۆفی بە دڵنیاییەوە وتی: "بەڵێ دەیزانی".

هەمووان بێ دەنگ بوون. کەس جوڵەی نەدەکرد. وەک بڵێی هەمووان وەک یەک بیریان دەکردەوە.

ریبین بە دەنگی گڕ و زۆر جدی بەردەوام بوو: "منیش پێم وایە دەیزانی، کەسێکی جدییە، لە خۆوە هیچ کارێک ناکات. سەیر بکەن هاوڕێیان، دەیزانی ئەگەری هەیە بە رم سکی هەڵدڕن، یان ئەشکەنجەی بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆیشتە پێش، ئەگەر دایکیشیان لە سەر رێگەکەی دادەنا، گرنگی پێ نەدەدا... وا نییە پلاگە؟"

دایکی جوڵەیەکی کرد و وتی: "نا".

دوای ئەوەی سەیری کرد، لە قووڵایی دڵەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا.
سۆفی بە نەرمی دەستی نەوازش دەکرد و بە نارەزامەندییەوە لە ریبین-ی دەڕوانی.
تیشکی ناسکی هەتاو وەک شریتێکی زێڕین لە هەوا هەڵواسرابوو.
دایکی بە بیرهێنانەوەی 1ی ئایار و پاڤل و ئاندرێ، حاڵی تێک چوو و سەیری چواردەوری خۆی دەکرد.
لەو شوێنە چۆڵ و بێدارە، دەبەی شکاو کە پێشتر قەترانی تێدابوو، هەروەها قەدی دارەکان دەبینرا. با، پووش و پەڵاشی بڵاو دەکردەوە، داری بەڕوو و دارتووس بە چواردەورا سەریان بەرز کردبۆوە و بە شێوەیەکی هەست پێنەکراو چواردەوری شوێنەکەیان گرتبوو.
وەک ئەوەی بیانەوێت ئەم وردە خۆڵ و خاشاک و ئەم پووش و پەڵاشە بشارنەوە کە بە هۆکاری سووکبوونی خۆیان دەزانی، بێ دەنگ پەیوەستی یەکدی بوون، بێ جوڵە سێبەری ڕەش و گەرمیان بە سەر زەویدا بڵاو دەکردەوە.
لە ناکاو ژاکوب لەو درەختەی پاڵی پێوە دابوو، جیا بۆوە و وتی:
"من و ژێفیم دەنێرن شەڕ لەگەڵ ئەمانە بکەین؟"
ریبین بە خەمباری وتی: "پێت وابوو ئەم شەڕە دژی کێیە؟ ئێمە بە دەستی خۆمان دەخنکێنن".
ژێفیم بە ئارامی وتی: "لەگەڵ هەموو ئەم قسانە من دەڕۆم بۆ سەربازی".
ئیگناتی وتی: "کێ ڕێگەی لێ گرتووی؟ فەرموو بڕۆ".
سەیری ژێفیم-ی کرد و پێکەنی: "بەڵام ئەو کاتەی تەقە لە من دەکەی، نیشانە لە سەرم بگرە، با کەمئەندام نەبم... خێرا بمکوژە".
ژێفیم بە رووگرژی وەڵامی دایەوە: "پێشتریش ئەو قسەیەت کردووە".
ریبین بە پەنجە ئاماژەی بۆ دایکی کرد و وتی: "هاوڕێیان بوەستن، سەیری ئەم ژنە بکەن! ئەمە کوڕەکەی لە دەست دەدات".

دایکی بە خەمباری پرسی: "بۆ ئەو قسەیە دەکەی؟"
- چونکە پێویستە! تۆ نابێت بێ هۆ ئازار بچێژیت... بۆچما ئەم قسەیە تۆی کوشت؟ ئێستا بڵێ کتێبت هێناوە یان نا؟"
دایکی سەیری کرد و دوای چەند سات بێ دەنگی وتی: "بەڵێ".
ریبین بە لەپی دەست کێشای بە مێزەکەدا و وتی: "کاتێک تۆم بینی، دەستبەجێ گومانم کرد.. ئەگەر لە بەر کتێبەکان نەدەبوو، بۆ دەهاتیتە ئێرە؟ سەیر بکەن، کوڕەکەیان زیندانی کردووە، بەڵام دایکی جێگەکەی پڕ کردۆتەوە".
خۆی راست کردەوە، نامۆیی و هەڕەشە بە قسەکانیەوە دیار بوو: "ئەم هیچوپووچانە نازانن دەستە کوێرەکانیان چی تۆوێک دەچێنێت! دەیبینن! کاتێک هێزی ئێمە زۆر بوو، کاتێک دەستمان بە دروونەوەی ئەم ئالیکە هەرزانە کرد، ئەوسا دەیبینن."
پلاگە لەم قسانە ترسا. سەیری ریبین-ی کرد و بینی چەندە گۆڕاوە و چەندە لاواز بووە. ئیتر ریشی رێک نەبوو. لە سەرەوەی ریشی ئێسقانەکانی سەر گۆنای دەبینرا. دەماری سوور و باریک لە سەر سپێنەی چاوە شینەکەی دەبینرا وەک بڵێی چەندین ساڵە نەخەوتووە. یەخەی کراوەی کراسەکەی کە پێشتر سوور و قەترانی بوو، ئیسقانە دەرپەڕیوەکانی سنگ و مووی زۆری سەرسنگی دەردەخست. لە سەر هەموو جەستەی ئەم کەسە دووبارە شتێکی خەمبارتر لە رابردوو دەبینرا. درەوشانەوەی چاوەکانی، ڕوخساری ڕەشباوی رووناک دەکردەوە کە خەم و تووڕەیی لێ دەباری.
ریبین بەردەوام بوو: "دوێنێ قایمقام بانگی کردم و پرسی: "خوێڕی، چیت بە قەشە وت؟" وەڵامم دایەوە: "بۆ خوێڕیم؟ پشتی خۆم شکاندووە و نان پەیدا دەکەم. زیانم بۆ کەس نییە. مشتێکی لە ڕوخسارم دا و سێ ڕۆژ زیندانی کردم. بەم شێوەیە لەگەڵ چینی بەشخوراوی کۆمەڵگە قسە دەکەن! بەڵام هەی ڕۆڵەکانی شەیتان..! چاوەڕوانی بەخشین مەکەن، ئەگەر من نەبم، کەسێکی دیکە تۆڵەی

ئەم سووکایەتییە لە منداڵەکانتان دەکاتەوە. بیرتان بێت! سنگی خەڵکتان بە پەنجەی ئاسنینی تەماح کێڵاوە و تۆوی خراپەتان تیا چاندووە! هەرگیز ئێوە نابەخشین".

لە تاو تووڕەیی گڕی لێ هەڵدەستا. دایکی بە هۆی دەنگدانەوەی قسەکانی دەترسا.

کەمێک هێور بۆوە و درێژەی بە قسەکانی دا: "بۆ من چیم بە قەشە وت؟ لەگەڵ جووتیاران کۆبوونەوەی هەبوو. پێی دەوتن خەڵک وەک مێگەلن و مێگەلیش بەردەوام پێویستی بە شوانە. من بە گاڵتە وتم: "ئەگەر ڕێوییان دەکردە سەرۆکی دارستان، پەڕ زۆر دەبوو، بەڵام مریشک نەدەما.!" بە مۆڕەوە سەیری کردم و وتی: "چینی چەوساوە دەبێت ئازار بچێژێت، سەرکز و ڕازی بێت، دەبێت زۆرتر نوێژ بکات بۆ ئەوەی خواوەند هێزی بەرگری پێ ببەخشێت".

وەڵامم دایەوە: "چینی چەوساوە زۆر دۆعا دەکات، بەڵام پێم وابێت خوا دەرفەتی گوێگرتنی نییە!" پرسی چ دۆعایەک دەخوێنم؟ وەڵامم دایەوە بە درێژایی تەمەنم یەک دۆعا فێر بووم و ئەویش دۆعای هەموو کۆمەڵانی خەڵکە: "خوایە فێرم بکە کار بۆ ئاغاکانم بکەم، بەردم بەرکەوێت و تۆز و بڕەی دار تف بکەمەوە". ڕێگەی نەدا قسەکەم تەواو بکەم.

ریبین لە ناکاو قسەکەی بڕی و لە سۆفی پرسی: "خاتوون، جەنابت سەر بە چینی خانەدانەکانی؟"

سۆفی بە سەرسوڕمان لە شوێنەکەی هەڵستا و وتی: "بۆ بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە؟"

ریبین هاواری کرد: "چونکە ئەوە چارەنووسی ئێوەیە و بەو شێوەیە لە دایک بوون.. هەر ئەوە! وا دەزانی بە داپۆشینی سەرت بە لەچکی چیت دەتوانی تاوانی خانەدانبوونی خۆت بشاریتەوە؟ دەتوانین بێ عەبا قەشەکان بناسینەوە. کەمەرت ڕێک و ڕاستتر لەوەیە کە نیشانەی ژنە کرێکارێک بێت."

دایکی لە ترسی ئەوەی نەکا ریبین بە دەنگی زل و تانەکانی سۆفی بڕەنجێنێت، قسەکەی بڕی و بە تووڕەیی وتی: "هاوڕێی منە، ژنێکی زۆر باشە. ئەوەندە بۆ ئێمە و ئامانجەکانمان زەحمەتی کێشاوە، تاڵی ڕەش لە قژیدا نەماوە... ئەوەندە توندوتیژ مەبە..."

ریبین وتی: "بۆ قسەکانی من خراپ بوو؟"

سۆفی سەیری کرد و پرسی: "دەتویست شتێک بە من بڵێیت؟"

- من؟ بەڵێ. چەند ڕۆژێکە کەسێک هاتۆتە ئێرە، کوڕە مامی ژاکوب-ە. نەخۆشە، سیل-ی هەیە، بەڵام لە زۆر شت تێ دەگات. دەکرێت بانگی بکەم؟

سۆفی وەڵامی دایەوە: "هەڵبەتە".

ریبین سەیری کرد و بە ئارامی بە ژێفیم-ی وت: "ژێفیم، بڕۆ بۆ ماڵەکەی و پێی بڵێ شەو بێت".

ژێفیم کڵاوەکەی لە سەر نا و بێ ئەوەی قسە بکات یان لە کەس بڕوانێت، بە هەنگاوە ئارامەکانی لە ناو دارستانەکە ون بوو. ریبین سەیری دەکرد، ئاماژەی بۆ ژێفیم کرد، سەری لەقاند و بە دەنگێکی نامۆ وتی: "ئازار دەکێشێت! کەسێکی جدییە.. بەم زووانە دەبێتە سەرباز، ژاکوب-یش بە هەمان شێوە. ژاکوب دەڵێت ناتوانێت ببێتە جەندرمە، ژێفیم-یش ناتوانێت، بەڵام دەیەوێت ببێتە سەرباز... بیر لە شتێک دەکاتەوە،... پێی وایە دەتوانێت تۆوی ئازادی لە ناو سەربازەکاندا بچێنێت..."

خۆم بڕوام وایە بە لێدانی سەر ناتوانین دیوار کون بکەین، بەڵام ئەوان رمیان بە دەستە و دەیوەشێنن. لە کوێ؟ نابینن دژی خۆیان دەجوڵێنەوە... بەڵێ ژێفیم ئازار دەکێشێت و ئیگناتی خوێ دەکات بە سەر برینەکەیدا... ئەم کارە سودی نییە".

ئیگناتی بێ ئەوەی سەیری ریبین بکات، وتی: "هەرگیز بەو شێوەیە نییە! لەوێ بیروباوەڕی دەگۆڕن و ئەویش هاوشێوەی سەربازەکانی دیکە تەقە لە خەڵک دەکات".

ریبین بیرمەندانە وەڵامی دایەوە: "نا، گومان ناکەم، بەڵام پێم باشە چاوپۆشی لەم کارە بکات. روسیا نیشتمانێکی پان و بەرینە... چۆن دەکرێت لە شارێکی گەورە کەسێک بدۆزیتەوە؟ دەبێت ناسنامەیەکی نوێ بۆ خۆی پەیدا بکات و بە ناو گوندەکاندا بسووڕێتەوە".

ئیگناتی کە بە چیلکە لە قاچی خۆی دەدا، وتی: "من دەمەوێت ئەو کارە بکەم، کاتێک مرۆڤ بڕیاری خەبات و بەرخۆدانی داوە، نابێ دوودڵ بێت".

گفتوگۆ کۆتایی هات. زەردەواڵە و هەنگ وەک کەسانی زەحمەتکێش بەملاولادا جرت و فرتیان بوو و ویزەویزی ئەوان بێ دەنگی دەشکاند. باڵندەکان دەیانچڕاند. لە دوورەوە دەنگی ئاوازێک بیسترا کە لە پانتایی کێڵگەکان سەرگەردان دەبوو. دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، ریبین وتی: "هاوڕێیان! ئێمە دەبێت کار بکەین، بەڵام لەوانەیە ئێوە بتانەوێت کەمێک بحەوێنەوە! لە ژوورەوە قەرەوێڵەی سەفەری لێیە، ژاکوب، گەڵای وشکیان بۆ کۆ بکەرەوە... دایکە تۆیش کتێبەکانمان پێ بدە".

سۆفی و پلاگە بوخچەکانیان کردەوە. ریبین بە خۆشحاڵی وتی: "چیتان هێناوە... دەبینن؟"

رووی کردە سۆفی و پرسی: "لەمێژە ئەم کارە دەکەی؟"

- دوانزە ساڵە.

- باشە ناوت چییە؟

- ئانا ئیڤانۆڤانا، بۆ دەپرسی؟

- هەروا، بە دڵنیاییەوە زیندانیش کراوی؟

- بەڵێ.

دایکی بە مەبەستی سەرکۆنەکردنی ریبین وتی: "سەیرکە! ئینجا تۆ بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ دەکەی..!"

ساتێک بێ دەنگ بوو. دواتر دەستەیەک لە کتێبەکانی خستە ژێر باڵی و وەڵامی دایەوە: "نیگەران مەبن، جووتیار و ئاغا وەک قەتران

و ئاون، لە یەک شوێن کۆ نابنەوە، یەکتر دوور دەخەنەوە".
سۆفی وتی: "من کچە خانەدان نیم، مرۆڤێکم کە بیر دەکاتەوە، ئازار دەکێشێت و..."
ریبین وتی: "بە دووری نازانم... دەڕۆم ئەمانە دەشارمەوە".
ئیگناتی و ژاکوب لێی نزیک بوونەوە و دەستیان درێژ کرد.
ئیگناتی وتی: "بە ئێمەیش بدە".
ریبین لە سۆفی پرسی: "هەموو یەک جۆرە؟"
- نا، یەک جۆر نییە. ڕۆژنامەشی تێدایە.
- ئێ باشە.
ئەو سێ پیاوە ڕۆیشتنە ناو کۆخەکە. دایکی بە نیگایەکی بیرمەندانە بە دوایاندا ڕۆیشت و بە هێواشی بە سۆفی وت: "جووتیارێکی گەرموگوڕە".
- بەڵێ، پێشتر ڕوخساری هاوشێوەی ئەوم نەبینیوە، دەڵێی یەکێکە لە شەهیدە گەورەکان! با ئێمەش بڕۆینە ژوورەوە، حەز دەکەم بزانم بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان چ گۆڕانێکیان تیا دروست دەبێت. دەمەوێت کاریگەری ڕۆژنامەکان ببینم".
دایکی وتی: "لێی مەڕەنجێ".
- پلاگە، تۆ ڕۆحێکی زۆر پاکت هەیە.
ئیگناتی کاتێک ئەو دوو ژنەی لە بەردەم دەرگای کۆخەکە بینی، سەری بەرز کردەوە، خێرا سەیری کردن و دواتر پەنجەی کردە ناو قژە لوولەکەی و سەری بۆ ڕۆژنامەکەی سەر قاچی دانەواند. ریبین وەستا و لە بەر ڕووناکی هەتاو کە لە درزی سەقفەکەوە دەهاتە ژوور، ڕۆژنامەکەی خوێندەوە. ژاکوب-یش پاڵی دا بە لێواری قەرەوێڵەیەک و سەرقاڵی خوێندن بوو.
دایکی لە سوچێک دانیشت، سۆفی-ش کە قۆڵی خستبووە سەر شانەکانی ئەو، بە بێ دەنگی سەیری هاوڕێکانی دەکرد.
ژاکوب بە ئارامی و بێ ئەوەی بجولێت، وتی: "مامە میخائیل، لەم

ڕۆژنامەیەدا جوێن بە ئێمەی جووتیار دەدەن".
ریبین ئاوڕی بۆ دایەوە و بە پێکەنین وتی: "لە بەر ئەوەیە ئێمەیان خۆش دەوێت، ئەو کەسانەی ئێمەیان خۆش دەوێت بێ ئەوەی دڵتەنگ و نیگەران بین، دەتوانن هەموو شتێک بڵێن".
ئیگناتی ئاوی لووتی هەڵلووشی و پێکەنی، وتی: "لەم ڕۆژنامەیەدا دەنووسن ئیتر جووتیار مرۆڤ نییە".
دواتر بەردەوام بوو: "بە تەواوی ڕاستە، ئیتر مرۆڤ نییە.!"
سێبەرێک لە ریسوایی و شەرم لە سەر ڕوخسارە سادەکەی نەخشی بەست و وتی: "تۆ کە خۆت بە زانا دەزانی، وەرە من بخەڵەتێنە، دەی بجوڵێ، ئەوسا دەبینن تۆ چیت و بابی چەندی..!"
دایکی بە سۆفی وت: "چەند ساتێک پاڵ دەکەوم، هیلاکم، بۆنی قەترانەکە گێژی کردووم، ئەی تۆ؟"
- نا.
دایکی لە سەر قەرەوێڵەیەکی تەختە راکشا و خەوی لێ کەوت. سۆفی لای دانیشت و سەیری پیاوەکانی دەکرد کە ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە. هەروەها لەسەرخۆ کشەی لەو زەردەواڵە ورد و درشتانە دەکرد کە بە دەوری سەری دایکیەوە هەڵدەفرین. پلاگە دەیبینی کە سۆفی چۆن خەمی لێ دەخوات و حەزی لەم چاودێری کردنە بوو.
ریبین نزیک کەوتەوە و پرسی: "خەوتووە؟"
- بەڵێ.
ساتێک بێ دەنگ بوو، چاوی بڕییە ڕوخساری ئارامی پلاگە. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "لەوانەیە یەکەم ژن بێت لەم ڕێگەیەدا شوێن کوڕەکەی کەوتووە... یەکەم ژن". سۆفی وتی: "با بڕۆین... خەبەری دەبێتەوە".
- دەبێت بڕۆینە سەر کار... زۆر حەز دەکەم پێکەوە گفتوگۆ بکەین، بەڵام دەبێت تا ئێوارە چاوەڕێ بین، با بڕۆین هاوڕێیان.

ئەو سێ پیاوە ڕۆیشتنە دەر. پلاگە بە تەنیا مایەوە. بە خۆی وت: "سوپاس بۆ خوا ئەوان ئاشت بوونەوە".
لە كاتێكدا هەوای بۆندار و بۆنی توندی قەترانی هەڵدەمژی و نوقمی ئەم بیركردنەوانە بوو، خەوی لێ كەوت.

# وێنەی (6)

شەو، ئەو چوار کرێکارە، خۆشحاڵ لە تەواوبوونی کاری ڕۆژانە گەڕانەوە بۆ کۆخەکە... دایکی بە دەنگی ئەوان لە خەو هەڵستا، خۆشحاڵ بوو، خۆی کێشایەوە و لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەر.
بە میهرەبانی سەیری کردن و وتی: "ئێوە کارتان کرد و منیش وەک خاتوونێکی بەڕێز خەوتم!"
ریبین وتی: "کێشە نییە".
لەچاو نیوەڕۆ هێورتر بوو. ماندووبوون، ئاستی پەرێشانییەکەی دابەزاندبوو. وتی: "ئیگناتی، خێرا نانی ئێوارە ئامادە بکە، ئێمە بە نۆرە کارەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدەین... ئەمڕۆ دەبێت ئیگناتی خواردن ئامادە بکات".
ئیگناتی وەڵامی دایەوە: "ئەمڕۆ بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادەم نۆرەکەم بە کەسێکی دیکە بدەم". لە کاتێکدا گوێی لە گفتوگۆکان دەگرت، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی چیلکە و دار بۆ ئاگرکردنەوە.
ژێفیم لای سۆفی دانیشت و وتی: "ئەم چاوپێکەوتنانە بۆ هەموو کەسێک سەرنجڕاکێشە. ژاکوب وتی: "ئیگناتی ئێستا هاوکاریت دەکەم".
ڕۆیشتە ژوور و نانێکی هێنا و لەتی کرد.
ژێفیم لە بەرخۆیەوە وتی: "کوڕینە بێ دەنگ، دەنگی کۆکە دێت!"
ریبین گوێی هەڵخست و وتی: "بەڵێ، خۆیەتی، وا دێت!"
ڕووی کردە سۆفی و وتی: "ئێستا ئێوە شایەتحاڵێک دەبینن... حەزم دەکرد بیبەم بۆ شار و لە ناو گۆڕەپانەکان پیشانی هەمووانی بدەم تا کۆمەڵامی خەڵک گوێیان لە قسەکانی بێت... ئەو هەمیشە یەک شت دەڵێت و دەبێ گوێ لە قسەکەی بگرن..."

تاریکی و بێ دەنگی قووڵتر دەبوو. دەنگەکان بە ئارامی و زیاتر بڵاو دەبوونەوە. سۆفی و دایکی، بە نیگاکانیان و بە وردی سەیری جوڵە و کردەوەی جووتیارانیان دەکرد.
پیاوێکی چەماوە و باڵابەرز لە دارستانەکەوە هات. پشتی بە گۆچانەکەی دەستی بەستبوو، بە ڕێگەدا دەڕۆیشت و خڕەخڕی سنگی لە دوورەوە دەبیسترا.
ژاکوب وتی: "ساوڵی! ئەوەتا، وا هات..!"
ئەو پیاوە بە دەم کۆکەوە هات و وتی: "هاتم.!"
پاڵتۆ کۆنەکەی داکەند کە تاکو نزیک قاچەکانی داپۆشیبوو. دەمۆچاوی ڕەقوتەق و ڕەنگی زەردی بە ریشێکی بۆر داپۆشرابوو. چاوە قووڵەکانی وەک ئەشکەوتێکی تاریک دەهاتە بەرچاو کە بە گەرمییەکی تایبەت دەبریسکایەوە.
کاتێک ریبین ئەوی بە سۆفی ناساند، کەسی تازەهاتوو وتی: "وەک بیستوومە، کتێبتان بۆ جەماوەر هێناوە؟"
- بەڵێ.
- من بە نوێنەرایەتی ئەوان سوپاستان دەکەم، ئەوان هێشتا ناتوانن درک بە ڕاستییەکان بکەن... لە بەر ئەوە، کاتێک ئاگادار بوومەوە بە نوێنەرایەتی ئەوان هاتم.
بە پەلەپەل هەناسەی هەڵدەمژی و هەوای قووت دەدا. دەنگی پچڕپچڕ بوو. پەنجە باریکەکانی بۆ کردنەوەی قۆپچەی پاڵتۆکەی لە سەر سنگی دەخزا.
سۆفی وتی: "بەم شەوە هاتوویتە دارستان، پێم وایە بۆ تەندروستی جەنابت باش نییە. هەوای ئێرە شێدارە و ناتوانی بە باشی هەناسە بدەیت..!"
بە هەناسەبڕکێ وەڵامی دایەوە: "چیتر گرنگی بە باشی و خراپی نادەم، تەنیا مردن دڵخۆشم دەکات".
بیستنی دەنگی دژوار بوو. زۆر بە وریایی ئەژنۆی نوشتاندەوە وەک

ئەوەی لە شكانی ئەژنۆكانی بترسێت. لە سەر دەبەیەك دانیشت، عارەقی ناوچاوی سڕی، قژی وشك و ئالۆزكابوو.
ئاگر بڵێسەی سەند. سێبەرەكان لە ترسی بڵێسەی ئاگر بە ترسەوە بۆ ناو دارستانەكە هەڵدەهاتن. لە سەرەوەی ئاگرەكە، بۆ ساتێك ڕوخساری ئیگناتی دەركەوت، ڕوخساری ئاوسابوو. ئاگر كوژایەوە و بۆنی دووكەڵ بەرز بۆوە. دووبارە بێ دەنگی و تاریكی باڵیان بە سەر شوێنەكەدا كێشا، وەك ئەوەی بۆسەیان نابێتەوە و گوێیان هەڵخستبێت تاكو قسەكانی ئەو پیاوە نەخۆشە ببیستن.
- بەڵام هێشتا دەتوانم بۆ جەماوەر بەسود بم... وەك شایەتحاڵی تاوانێكی مەترسیدار سەیرم بكەن... بیست و هەشت ساڵم تەمەنە و لە سەر لێواری گۆڕم. دە ساڵ پێش ئێستا بێ كێشە، دووسەد كیلۆ بارم دەخستە سەرشان.. ئەوسا بە خۆم دەوت بەم جەستە بەهێزەوە حەفتا ساڵی پێ دەچێت لە مردن نزیك ببمەوە، بەڵام دە ساڵ لەو كاتەوە تێپەڕیوە و پێم وا نییە تەمەنم لەمە زیاتر درێژ بێت".
ریبین بە دەنگێكی نامۆ وتی: "بەڵێ، ئەمە بوو بەسەرهاتی ئەم پیاوە".
دووبارە ئاگرەكە بڵێسەی سەند، سێبەرەكان دووبارە روویان كردە دارستانەكە. تەختەی بێ گیان دەنگی لێوە دەهات و لەژێر بڵێسەی ئاگرەكە دەینالاند. كڵپە ئەرخەوانی و زێڕینەكانی ئاگر، بە خۆشحاڵییەوە سەرقاڵی گەمە كردن بوون، یەكتریان لە ئامێز دەگرت و بەرز دەبوونەوە بۆ ئاسمان. لە ئاسمان، ئەستێرەكان چاویان لە كڵپەكان دادەگرت و بۆ لای خۆیانیان دەكێشان.
- ئەمە بەسەرهاتی من نییە، بەسەرهاتی هەزاران كەسی دیكەیە كە بێ ئەوەی بزانن ژیانی پڕ كارەسات و نەهامەتییان وانەیەكە بۆ كۆمەڵانی خەڵك... زۆر كەسی دیكە هەن كەمئەندام بوون، لە ناو چوون و بە هۆی كار و زیندان و برسیەتی دەمرن بێ ئەوەی سكاڵا

بکەن. برادەرینە! دەبێت هاوار بکەین.
ساوڵی کۆکی و لە کاتێکدا دەلەرزی، بۆ پێشەوە چەمایەوە.
ژاکوب دۆلکەیەک لە کەواس ـی خستە سەر مێزەکە و دەسکێک تەرپیازی دانا و بە نەخۆشەکەی وت: "بگرە ساوڵی، شیرم بۆ هێناوی".
نەخۆش بە "نا" وەڵامی دایەوە. بەڵام ژاکوب ژێر باڵی گرت و تا لای مێزەکە بردی.
سۆفی وەک ئەوەی بیەوێت ریبین سەرکۆنە بکات، بە ئارامی پێی وت: "ئەمەتان بۆچی هێناوە بۆ ئێرە؟ هەر سات ئەگەری هەیە بمرێت..!"
ریبین وەڵامی دایەوە: "ڕاستییەکەی لە ناو هاورێکانی بمرێت باشترە لەوەی بە تەنیایی بمرێت... ئازاری زۆری کێشاوە، دەبێت ئازار بکێشێت تا ببێتە وانەیەک بۆ خەڵک. ئەوەی دیکە گرنگ نییە".
سۆفی وتی: "دەڵێی بە بینینی ئازارکێشانەکەی چێژ وەردەگریت!"
ریبین سەیری کرد و وەڵامی دایەوە: "ئەوە ئاغاکانن بە بینینی دیمەنی ناڵاندنی مەسیح لە سەر خاچ چێژ وەردەگرن، بەڵام ئێمە لێکۆڵینەوە لە سەر مرۆڤەکان دەکەین و حەز دەکەین ئێوەیش فێر ببن".
نەخۆش درێژەی بە قسەکانی دا: "بەم کارە مرۆڤ لە ناو دەبەن... بە زیندان کۆتایی پێ دێنن... لە بەرچی؟ من ژیانم لە کارخانەی نێڤدۆڤ لە دەست دا. بەڵێ، خاوەن کارەکەمان تەشتێک و مەسینەیەکی زێرینی دا بە ژنێکی گۆرانیبێژ. هێز و گیانی من لە ناو ئەو دەڤرە زێرینانەدا شاراوە بوو، بەڵێ هێز و گیانی ئێمە بەم شتانە بە فیڕۆ چوو".
ریبین بە بەری دەست کێشای بە مێزەکەدا و هاواری کرد: "دەبێت ئەمە بە گوێی هەموو خەڵک بگات، دەبێت جاڕی بۆ بدەین.."
ژاکوب بە ئارامی وتی: "نابێت ئەمە قبوڵ بکەین."

ئیگناتی بە دەنگی بەرز پێکەنی.
دایکی دەیبینی ئەو سێ کرێکارە گەنجە کەم قسە دەکەن، بەڵام بە وردی و وریایی و بە گیانێکی برسی گوێ دەگرن. هەرجار کە ریبین دەیویست قسە بکات، چاویان تێ دەبڕی. پێ نەدەچوو بەزەییان بۆ نەخۆشەکەدا بێتەوە. دایکی بە ئارامی بە سۆفی وت: "ئەو قسانەی دەیکا، ڕاستە؟"
سۆفی وتی: "بەڵێ، ڕاستە، لە ڕۆژنامەکانیش باسیان کردووە... ئەم رووداوە لە مۆسکۆ رووی داوە..."
ریبین بە دەنگێکی نامۆ وتی: "ئەو پیاوە هێشتا سزا نەدراوە، دەبێت ئەشکەنجەی بکەن. دەبێت بیهێننە گۆڕەپانی گشتی و جەستەی شەقار شەقار بکەن و گۆشتە گەنیوەکەی بخەنە بەردەم سەگەکان. کاتێک کۆمەڵانی خەڵک راپەڕن، لافاوی ئەشکەنجە زۆر کەس دەگرێتەوە".
نەخۆش سەرمای بوو. ژاکوب داوای لێ کرد لە ئاگرەکە نزیک بێتەوە.
تەختەکان لە ناو زۆپاکەدا دەسووتان. سێبەرە بێ گیانەکان دەوریان گرتبوو و سەیری سەمای شادی بڵێسەکانیان دەکرد. ساوڵی لە سەر تەپڵەکێک دانیشت و دەستە وشک و بێ خوێنەکەی بۆ لای ئاگرەکە درێژ کرد. ریبین بە ئاماژەی سەر ئەوی پیشان دا و بە سۆفی وت: "بەهای ئەم پیاوە لەم کتێبە زیاترە! دەبێت بزانی کاتێک ئامێرێک قۆڵی کەسێک دەقرتێنێت یان کەسێک دەکوژێت، هەمیشە تاوانباری سەرەکی کەسەکەیە، بەڵام ئەوەی خوێنی کەسێک بمژێت و دواتر هاوشێوەی کەلاکێکی بۆگەن دووری بخەنەوە، هیچ پاساوێک بۆ ئەو کارە نییە".
ئیگناتی لەسەرخۆ وتی: "بەڵێ، بێ مانایە، من قایمقامێکم دەناسی جووتیارەکانی ناچار کردبوو سڵاو لە ئەسپەکەی بکەن، هەرکەسێک سەرپێچی دەکرد، قۆڵبەست دەکرا... چ پێویستی بەم کارە دەکرد؟ ئەم کارە واتای هەیە؟"

دوای خواردنی نانی ئێوارە هەمووان لە دەوری زۆپاكە كۆ بوونەوە. ئاگر، خێرا تەختە و دارەكانی قووت دەدا. بە تاریكی ئاسمان و دارستانەكە دەورە درابوون... نەخۆش بە چاوی كراوە سەیری ئاگرەكەی دەكرد، رووناكیی ئاگر بێ ئەوەی كاریگەری لە سەر پێستی مردووی دابنێت، لە سەر ڕوخساری سەمای دەكرد.

ژاكوب سەری لە گوێی نزیک كردەوە و وتی: "ساوڵی، حەز دەكەیت بڕۆیتە ژوورەوە؟"

ساوڵی بە زۆر وەڵامی دایەوە: "لە بەر چی؟ حەز دەكەم لێرە بمێنمەوە، چونكە ماوەیەكی زۆر لە ناو ئێوەدا نامێنم".

سەیری دەوروبەری كرد، بۆ ساتێک بێ دەنگ بوو، بزەیەكی كرد و وتی: "لە ناو ئێوەدا بم هەست دەكەم باشترم. سەیرتان دەكەم و بە خۆم دەڵێم ئەگەری هەیە ئێوە تۆڵەی هەموو ئەو كەسانەی ئازار و ئەشكەنجە دراون، بستێننەوە، تۆڵەی چینی بەشخوراو".

كەس وەڵامی نەدایەوە. سەری كەوتە سەر سنگی و باوێشكی دەدا. ریبین بۆ ماوەیەک سەیری كرد، دواتر بە ئەسپایی وتی: "سەردانمان دەكات، دادەنیشێت و بەردەوام ئەو قسەیە دووبارە دەكاتەوە".

ئیگناتی بە هێواشی وتی: "بیستنی قسە دووبارەكانی بێزاركەرە. كاتێک مرۆڤ بۆ یەک جار ئەم چیرۆكە ببیستێت، هەرگیز لە بیری ناكات، بەڵام ئەو بەردەوام دووبارەی دەكاتەوە".

ریبین وتی: "هۆكارەكەی ئەوەیە ئەم چیرۆكە، بەسەرهاتی ژیانی ئەوە، هەروەها ژیانی بەشێكی زۆری خەڵک. تێبگە! دەیان جار ئەم چیرۆكەم بیستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار شک دەكەم. هەندێک جار مرۆڤ نایەوێت باوەڕ بە سووكی و شێتی خۆی بكات، بەزەیی بە هەمووواندا دێتەوە چ دەوڵەمەند بێت چ هەژار، چونكە مرۆڤی دەوڵەمەندیش بەڕێی هەڵەدا دەڕوات... كەسێک برسێتی و كەسێک زێڕ كوێری كردووە.. ئەوسا بە خۆت دەڵێیت: "هۆی خەڵكینە، برایان! جوڵەیەک، بزاوتێک بكەن و پیاوانە بیر بكەنەوە".

نەخۆش جوڵەیەكی كرد، چاوەكانی كردەوە و لە سەر زەوی راكشا. ژاكوب بێ ئەوەی دەنگەدەنگ بكات، هەڵستا ڕۆیشتە ژوور و بەتانییەكی كۆنی هێنا و دای بە ساوڵی-دا و دواتر لای سۆفی دانیشت.

تەق و توقی تەختەكان و چپەچپی بڵێسەی ئاگر لەگەڵ دەنگی مرۆڤ تێكەڵ دەبوو، وەک بڵێی بڵێسەی سووری ئاگر سەرزەنشتی مرۆڤەكان دەكات و پێیان پێدەكەنێت.

باسی بەرخۆدانی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی مافی ژیان و ئازادی، بەرخۆدانی كۆنی جووتیارانی ئەڵمانی، نەهامەتی ئیرلەندییەكان و كارە درەوشاوەكانی كرێكارانی فەرەنسای دەكرد.

لەو دارستانە كە جل قەدیفەی شەوی لە بەردا بوو، لە شوێنێكی بچوكی رووتەن و ساكۆ، كە بە درەختەكان سنووردار كرابوو، لەژێر سەقفی ئاسمانی تاریک، لە بەردەم ڕوخساری دەم بە بزەی زۆپاكە و لە ناو ئەڵقەی سێبەرە دوژمنەكان، ئەو رووداوانە زیندوو دەبۆوە كە دنیای كەسانی سک تێر و تەماحكار و چاوچنۆكی ئاوەژوو كردبوو. كۆمەڵانی خەڵک، خوێناوی و شەكەت لە بەرخۆدان، بە دوای یەكدا دەڕۆیشتن. ناوی پاڵەوانەكانی ئازادی و راستی دەبینرا... دەنگی گڕی ئەو ژنە وەک ئەوەی لە رابردوو بەرەو ئێستا بێت، بە نەرمی بڵاو دەبۆوە. هیوای زیندوو دەكردەوە و هەستی بڕوا بەخۆبوونی تیا دروست دەكردن. بیسەران بێ ئەوەی قسە بكەن، گوێیان لەم مۆسیقایە. واتە لە چارەنووسی گەورەی برا رۆحانییەكان دەگرت. سەیری ڕوخساری رەنگ بزركاو و لاوازیان دەكرد. لە وەڵامی بزەی چاوە خۆڵەمێشییەكانیدا پێدەكەنین و تیشكێک كە بەردەوام بەهێزتر دەبوو و ئامانجی پیرۆزی مرۆڤی بۆ روون دەكردنەوە، لە ناو ئەوان زیاتر لە جاران هەستی خزمایەتی رۆحی لەگەڵ براكانیان لە تەواوی دنیا فراوان دەبوو و دڵێكی تازە بۆ ئەوان لە سەر زەوی چاوی بە دنیا هەڵدەهێنا، دڵێک پڕ لە تامەزرۆیی

سووتێنەری تێگەیشتن کە هەموو شتێکی لە خۆدا دەکردە یەک.
سۆفی بە دەنگی پاراو وتی: "ڕۆژێک دێت هەموو نەتەوەکان سەر بەرز بکەنەوە و هاوار بکەن: "بەسە!" چیتر ئەم ژیانەمان ناوێت و ئەوسا کۆشکی دەسەڵاتی ئەو کەسانەی تەنیا پشتیان بە تەماح و چاوچنۆکی بەستووە، دادەڕمێت، زەوی لەژێر پێیان جیا دەبێتەوە و ئیتر ناتوانن پشت بە هیچ ببەستن..."
ریبین سەری داخستبوو، وتی: "ئەم ڕووداوە ڕوو دەدات، کاتێک مرۆڤ خۆی لە بیر بکات، دەتوانێت بە سەر هەموو شتێکدا زاڵ بێت".
دایکی بڕۆی بەرز کردەوە و بە سەرسوڕمانی تێکەڵ بە تووڕەیی گوێی دەگرت. دەیبینی بوێری سۆفی لە بەر ئەو شتانەی بە بڕوای ئەو زیندوو بوو، لە ناو چووە، وەک ئەوەی بە لافاوێکی سووتێنەر قسەکانی بووە بە ئاو. چێژی لە بێ دەنگی شەو، گەمەی ئاگر و ڕوخساری ئەو ژنە گەنجە وەردەگرت، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی رادەکێشا، گوێگرتنی جووتیاران بوو. هەوڵیان دەدا بە هیچ شێوەیەک وتەکانی نەبڕن وەک بڵێی دەترسان لەوەی ئەو ڕووناکییەی بەم جیهانەوە پەیوەستیان دەکات، بپچڕێت. هەندێک کات بێ دەنگ، دار و تەختەیان دەخستە ناو زۆپاکە و پیاوەکان دەستیان رادەوەشاند و دووکەڵیان دوور دەکردەوە بۆ ئەوەی بە ژنەکان نەگات.
لە ناکاو ژاکوب هەڵستا و بە ئارامی وتی: "کەمێک چاوەڕێ بن".
بەرەو ژوورەوە ڕۆیشت و بڕێک جلوبەرگی هێنا. دواتر بە هاوکاری ئیگناتی بێ ئەوەی قسە بکەن، قاچ و شانی ژنەکانیان داپۆشی.
دووبارە سۆفی قسەی کرد و ڕۆژی سەرکەوتنی شی دەکردەوە و بڕوا بەخۆبوونی لە دڵیاندا دروست دەکرد. هەستی هاوخەمی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لە دڵی مرۆڤدا زیندوو دەکردەوە کە ببوونە فیدای خۆشگوزەرانی نەزانانەی ورگ زلەکان.
وشەکان نەبوو کاریگەری لە سەر دایکی دادەنا، بەڵکو هەستی

قووڵی هەڵخڕێنراو لە قسەکانی سۆفی بوو کە کاریگەری لە سەر هەموو دڵێک دادەنا. دڵی دایکی پڕ بوو لە ئەندێشەی پیرۆز بەرامبەر بە هەموو ئەو کەسانەی گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە تاکو هاوکاری ئەو کەسانە بکەن کۆتوبەند کراون. بۆ ئەوان راستی، عەقڵ، شەرافەت، عەشق بە دیاری دەبەن.
دایکی چاوەکانی داخست و بیری کردەوە: "خوایە گیان، هاوکارییان بکە."
بەرەبەیان سۆفی بێ دەنگ بوو. دەم بە پێکەنین سەیری ڕوخسارە بیرمەند و ئارامەکانی دەوروبەری دەکرد.
دایکی وتی: "کاتی ڕۆیشتنە".
سۆفی شەکەت و ماندوو وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".
یەکێک لە کرێکارەکان هەناسەیەکی هەڵکێشا.
ریبین بە ئارامییەکی نائاسایی وتی: "بە داخم کە دەڕۆی! جوان قسە دەکەیت! نزیککردنەوەی خەڵک لە یەکتر هونەرێکی گەورەیە! کاتێک مرۆڤ تێ دەگات، بە میلیۆن کەس خوازیاری ئەو شتەن کە ئێمە دەیخوازین، دڵی میهرەبانتر دەبێت و میهرەبانی هێزێکی گەورەیە".
ژێفیم چوست و چالاک هەڵستا و وتی: "بەڵام کاتێک مرۆڤ بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوت دەکات، بە توندوتیژی وەڵامی دەدەنەوە! مامە میخائیل، پێش ئەوەی کەس بیانبینێت، دەبێت ئەم خاتوونانە بڕۆن... کاتێک کتێبەکان لە ناو خەڵکدا بڵاو بۆوە، بەرپرسەکان لێکۆڵینەوە دەکەن و ئەگەری هەیە کەسانێک گومان لەمان بکەن و بیانگرن".
ریبین قسەکەی ژێفیمی بڕی و وتی: "دایە گیان، سوپاس بۆ هەموو زەحمەتەکانت. هەرکات تۆ دەبینم، پاڤڵ-م بیر دێتەوە، ڕێگەیەکی گونجاوت گرتۆتە بەر".
پلاگە بزەیەکی هاوڕێیانەی کرد وەک بڵێی هەموو خەم و دڵتەنگییەکانی لە بیر کرد. هەوا سارد بوو، بەڵام ریبین تەنیا یەک کراسی لە بەردا بوو. دایکی سەیری سیما بەهێزەکەی کرد و بە

دڵسۆزی وتی: "باشتر بوو شتێكی دیكە لە بەر بكەیت، هەوا زۆر ساردە".
ریبین وەڵامی دایەوە: "ناخم گەرمە".
ئەو سێ گەنجە لای زۆپاكە وەستابوون و بە هێواشی قسەیان دەكرد. نەخۆش لەولاتر خەوتبوو. ئاسمان روون بوو و تاریكی نەدەما. گەڵا لەرزۆكەكان چاوەڕێی هەڵاتنی خۆر بوون.
ریبین دەستی سۆفی گرت و وتی: "ماڵئاوا، چۆن دەكرێت لە شار بتاندۆزینەوە؟"
دایكی وتی: "دەبێت بێیت بۆ لای من".
كرێكارەكان لەسەرخۆ لە سۆفی نزیك بوونەوە و بە خۆشەویستی و رێزەوە تەوقەی ماڵئاواییان كرد. دیار بوو ئەمەكناسی و خۆشەویستی بە شێوەیەكی نهێنی كاریگەری لە سەر دڵیان داناوە و لە بەر ئەوەی ئەم هەستە تازە بوو، بارودۆخیانی گۆڕی. بە بزەی چاوە هیلاك و وشكەكانیان و لە كاتێكدا هەندێك كات لە سەر قاچێك و هەندێك كات لە سەر قاچەكەی دیكە دەوەستان، تەماشای سۆفیان دەكرد.
ژاكوب پێشنیاری كرد: "پێتان باشە پێش رۆیشتن كەمێك شیر بخۆنەوە؟"
ژێفیم پرسی: "شیر ماوە؟"
- بەڵێ تۆزێك ماوە.
ئیگناتی بە شەرمەوە سەری خوراند و وتی: "تەواو بووە..!"
هەرسێكیان پێكەنین.
ئەوان باسی شیریان دەكرد، بەڵام دایكی هەستی كرد بیر لە شتێكی دیكە دەكەنەوە و ئارەزووی بەختەوەری بۆ سۆفی دەخوازن بێ ئەوەی بتوانن ئەم ویستەیان دەرببڕن. سۆفی كەوتە ژێر كاریگەرییەوە، كاریگەرییەكە بە رادەیەك بوو تەنیا توانی بە دڵنزمی سوپاسیان بكات.

سەیری یەکتریان کرد. وەک بڵێی ئەم وشەیە هەموویانی بە هێواشی خستبێتە سەماکردن.
پلاگە و سۆفی ماڵئاواییان کرد و لە رووناکی بەرەبەیان، ڕێگەی باریکی دارستانیان گرتە بەر.
ئەو دووانە لە ڕێگە باسی ریبین و نەخۆشەکە و ئەو سێ گەنجەیان دەکرد کە زۆر بە وردی گوێیان گرتبوو. بە دەم قسەکردنەوە، گەیشتنە کێڵگە کشتوکاڵییەکان. بەرامبەریان خۆر سەری لە بن شاخەکان دەردەهێنا، هەرچەند هێشتا دیار نەبوو، بەڵام تیشکی سوورباوی وەک باوەشێنێکی روون لە ئاسماندا بڵاو کردبۆوە و دڵۆپی شەونم وەک بروسکەی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری دەبریقانەوە. باڵندەکان بەئاگا هاتن و بە ئاوازی خۆیان رۆحێکی تازەیان بە بەرەبەیان بەخشی. قەلەڕەشەکان بە دەم قیرەقیر کردنەوە، شەقەی باڵیان دەهات. لە شوێنێکی نادیار مەلی هەنجیرخۆر بە نیگەرانییەوە فیکەی لێ دەدا. لەو شوێنە دوورانە، ناوازەکانی سروشت ئاشکرا دەبوون و بە هەڵگرتنی رووپۆش، پێشوازییان لە هەتاو دەکرد.
دایکی وەک ئەوەی لە خەوندا بێت، وتی: "زۆر جار رووی داوە کەسێک قسە دەکات، بەڵام قسەکانی هیچ واتایەکی نییە، تا ئەو جێگەیەی لە ناکاو وشەیەک لە زاری دێتە دەر، وشەیەک کە نازانم چییە، بەڵام زۆر سادەیە و هەر ئەم وشە سادەیە هەموو شتێک روون دەکاتەوە. ئەو نەخۆشەش بەم جۆرەیە. زۆرم بیستووە و خۆیشم دەزانم چۆن کرێکاران لە ناو کارخانەکان و لە هەموو شوێنێک دەدۆشن، کەچی مرۆڤ لە منداڵییەوە بەم قسانە راهاتووە و کاریگەری ئەوتۆیان نییە، بەڵام ئەم نەخۆشە لە ناکاو شتێکی وت بە شێوەیەکی بێزارکەر و قێزەون! خوایە گیان! واتە دەکرێت چینی چەوساوە تەواوی تەمەنیان بە کار کردن بە سەر بەرن تاکو ئاغا و خاوەنکارەکان مۆڵەتی ئەم گاڵتەجارییانە بە خۆیان بدەن؟ شیاوی بەڵگەهێنانەوە نییە.

دایکی بیری لە چیرۆکی پیاوە نەخۆشەکە دەکردەوە. چیرۆکێک کە لە ڕەهەندی کەریەتی و بێ شەرمانەی خۆی، زۆر لە کردەوەی شێتانە و سەیر و سەمەری ئاغا و خاوەنکارەکانی ڕوون دەکردەوە.
دایکی پێشتر ئەمانەی دەزانی، بەڵام فەرامۆشی کردبوو.
دایکی بەردەوام بوو: "وەک دەڵێن ئەوەندە تێر بوون سکیان ژان دەکات. قایمقامێک هەبوو موژیکەکانی ناچار دەکرد سڵاو لە ئەسپەکەی بکەن کاتێک بە ناو گوندەکەدا دەیگێڕێت و، ئەگەر کەسێک سڵاوی لە ئەسپەکەی نەکردایە، زیندانی دەکرا! باشە، چ پێویستی بەم کارە بوو؟ مرۆڤ ناتوانێت تێ بگات؟"
سۆفی دەستی کرد بە خوێندنی گۆرانییەک لە وەسفی شادی و سەرکەوتنی بەیانیدا.

# وێنەی (7)

دایکی، ژیانی بە ئارامی دەبردە سەر و هەندێک کات خۆی سەری سورڕ دەما. کوڕەکەی لە زیندان بوو. دەیزانی سزایەکی گەورە چاوەڕێی دەکات. هەرکات بیری لەم بابەتە دەکردەوە، بێ ئیرداە، وێنەی ئاندرێ، فیدیا مازین و ڕوخسارە ئاشناکانی دیکە لە زەینیدا نەخشی دەبەست. ڕوخساری پاڤڵ و هەموو ئەو کەسانەی لە چارەنووسیدا بەشدار بوون، گەورە دەبوو. کاتێک لەم بارەوە بیری دەکردەوە، پانتایی بیرکردنەوەی فراوان دەبوو و بێ ئەوەی خۆی بزانێت بە هەموو لایەکدا دەڕۆیشت. دەکەوتە بیری هەموو ئەو کەسانەی هاوڕای پاڤڵ بوون و ئێستا لە زیندان ژیانیان بە سەر دەبرد. ئەم بیرکردنەوەیە دەبووە هۆی ئەوەی ترس و خەمەکانی بۆ چارەنووسی پاڤڵ کەم ببێتەوە.

سۆفی خێرا ڕۆیشت. پێنج ڕۆژ دواتر شادومان و خۆشحاڵ گەڕایەوە، بەڵام دوای چەند کاتژمێر مانەوە، دووبارە ون بوو و تا پانزە ڕۆژ کەس نەیبینی. هەندێک جار دەهاتە لای براکەی تاکو ماڵەکەی پڕ بکات لە مۆسیقا و بوێری.

مۆسیقا لای دایکی دڵگیر و تەنانەت پێویستی بوو. هەستی دەکرد مۆسیقا کاریگەری لە سەر دڵی دادەنێت.

پلاگە بە سەختی، بە شپرزەیی سۆفی کە کەلوپەلەکان و تەنانەت قنچک و سووتووی جگەرەکەی لە هەموو شوێنێک بڵاو دەکردەوە، ڕازی دەبوو و دووبارە بە سەختی دەیتوانی لەگەڵ چۆنیەتی قسەکردنی بوێرانەی ئەو رابێت. سۆفی لای دایکی تەنیا گەنجێک بوو کە حەزی دەکرد خۆی بە گەورە پیشان بدات و هێشتا خەڵکی بە بووکەڵەی سەیر و سەمەرە دەبینی. بەردەوام باسی پیرۆزی

کار و ئازادی دەکرد، بەڵام بە هۆی شپرزەییەکەی دەبووە ئەرک بۆ کەسانی تر. خاڵی دژبەری زۆر لەودا دەبینرا. دایکی هەمیشە بە وریایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ سۆفی دەکرد.
پلاگە دەیبینی نیکۆلا هاوشێوەی ئاندرێ ژیانێکی رێکخراوی هەیە و بێ رق و کینە باسی خەڵک دەکات و ئەوان لە ناسازگارییەکانی ژیان بە تاوانبار دەزانێت، بەڵام هێندەی ئاندرێ بڕوای بە ژیانی نوێ نەبوو. بەردەوام ئارام و هاوشێوەی دادوەرێکی دەستپاک قسەی دەکرد. تەنانەت کاتێک باسی شتە مەترسیدارەکانی دەکرد، بزەیەکی شیرینی هاوخەمی لە سەر لێوی دەنیشت، بەڵام لەو کاتەدا چاوەکانی بە تیشکێکی سارد دەدرەوشایەوە. دایکی بە بینینی ئەو نیگایە دەیزانی ئەم پیاوە هەرگیز ناتوانێت کەسێک ببەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لای دایکی خۆشەویستتر و ئازیزتر دەبوو.
کاتێک نیکۆلا دەڕۆیشتە فەرمانگە، دایکی ژوورەکانی ڕێک دەخست و نانی نیوەڕۆی ئامادە دەکرد. دواتر لە ژوورەکەی دادەنیشت و سەیری وێنەی کتێبەکانی دەکرد. بە وردبوونەوەی زۆر دەیتوانی بخوێنێتەوە، بەڵام دوای چەند لاپەڕە هیلاک دەبوو، چونکە چیتر لە واتای وشەکان تێ نەدەگەیشت، بە پێچەوانەوە بە سەیرکردنی وێنەکان خۆی سەرقاڵ دەکرد. لە بەرچاوی دنیایەکی تازە، سەرسوڕهێنەر و شیاوی درککردن و هەستپێکراو بڵاو دەبۆوە. شارە گەورە و نامۆ و ئەفسوناوییەکان دەردەکەوتن و بە هۆی زۆریی سامانەکان و جوانییە بێ کۆتاییەکان، ڕۆحە برسییەکانی بەئاگا دەهێنایەوە. پلاگە زیاتر حەزی دەکرد سەیری وێنەی کتێبە ئاژەڵناسییەکان بکات، چونکە روونتر سامان و جوانی و بەرینیی زەوی پیشان دەدا.
ڕۆژێک پلاگە لە نیکۆلای پرسی: "زەوی گەورەیە؟"
- بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێگە بۆ خەڵک کەمە...

بینینی وێنەكانە هەستی دڵسۆزی لای دایكی دەبزواند و بە سەرسوڕمانەوە سەیری وێنەكانی دەكرد و دەیووت: "چەندە جوانن، وا نییە نیكۆلا؟"
لە هەموو شوێنێک ئەم جوانیانە بە ئەندازەی پێویست هەیە، بەڵام لە چاوی ئێمە دوورن و بێ ئەوەی بیانبینین لە بەرچاومان گوزەر دەكەن. خەڵک نە ئەم جوانیانە دەبینن، نە پەسنی دەدەن، نە دەرفەتی ئەو كارەیان هەیە، نە ویستی ئەو كارە. ئەگەر دەیانزانی زەوی چەندە دەوڵەمەندە و چ شتگەلێكی سەرسوڕهێنەری تیا دەدۆزرێتەوە، دەیانتوانی هۆكارەكانی شادومانی بۆ خۆیان ئامادە بكەن. هەموو شتێک بۆ هەموو كەسێک و هەموو كەسێک بۆ هەموو شتێک، وا نییە نیكۆلا؟
نیكۆلا بە بزەوە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بە دڵنیاییەوە وایە!"
زۆربەی شەوەكان كەسانێک سەردانیان دەكردن وەكو: "ئالێكسی ڤاسیلی یۆڤ كە پیاوێكی بێ دەنگ و بەڕێز بوو، ڕەنگی ڕوخساری بزركاو و ریشی ڕەش بوو، رۆمان پێترۆڤ، سەری خڕ و دەموچاوی پڕ بوو لە زیپكە و بەردەوام وەک بەزەیی پیاهاتنەوە لێوەكانی دەجوڵاند، ئیڤان دانیلۆڤ، ورد و باریک و ریشی تەنک، دەنگێكی ناسک و تیژ وەک ئاڵا، ئیگۆر كە سەبارەت بە خۆی و هاوڕێكانی و سەبارەت بە نەخۆشییەكەی كە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو، گاڵتەی دەكرد. هەندێک كات كەسانێک لە شارە دوورەكانەوە دەهاتن كە دایكی نەیدەناسین و لەگەڵ نیكۆلا هەمیشە لە سەر یەک بابەت – ئازادی كرێكاران، گفتوگۆیان دەكرد و دەكەوتنە جۆش و خرۆش، سیمایان سەیر و چایان زۆر دەخواردەوە. لە ناو ئەو هەموو دەنگەدەنگە، نیكۆلا هەندێک جار چەند بڵاوكراوەیەكی بۆ هاوڕێكانی دەخوێندەوە. لەو دانیشتنەدا بە ئامێری چاپ دەیاننووسی و دایكی، پێشنووسەكانی كۆ دەكردەوە و دەیسووتاند.
دایكی هەمیشە لە گفتوگۆی ئەوان سەری سوڕ دەما كە سەبارەت

بە ژیان و چارەنووسی كرێكاران و جووتیاران و سەبارەت بە بەسودترین و خێراترین ڕێگەی چاندنی تۆوی ڕاستی و ئازادی لە ناو زەینی چینی چەوساوە و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەوان دەدوان.

هەندێک كات بۆچوونەكان جیاواز بوو، تووڕە دەبوون و یەكتریان تاوانبار دەكرد، دەڕنجان و دووبارە گفتوگۆیان دەكرد، بەڵام دایكی هەمیشە هەستی دەكرد خۆی زیاتر لە هەموویان لە ژیانی كرێكاران و گەورەیی و پیرۆزی ئەركی سەرشانیان ئاگادارە.

بێ ئیرادە، بەراوردی وتارەكانی ئەوان و ئاندرێ و پاڤڵ-ی دەكرد و ئێستا دركی بە جیاوازییەكان دەكرد.

زۆربەی كات دەیبینی ئەم كەسانە بە ئەنقسەت یەكتر دەهێننە جۆش و خرۆش و گرژبوونیان درۆینە و دەستكردە. هەركەس دەیویست بۆ هاوڕێكانی بسەلمێنێت لە حەقیقەت نزیكترە و ڕاستی لای ئەو ئازیزترە، هاوڕێكانی لەم كارە دەڕەنجان و بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە بۆی بسەلمێنن تا چەند لە حەقیقەت و ڕاستییەكان ئاگادارن، بە تووڕەیی گفتوگۆ و باس و خواسیان دەست پێ دەكرد. هەركەس حەزی دەكرد خۆی بسەپێنێت و دایكی بەم بارودۆخە نیگەران و پەرێشان دەبوو، سەیری دەكردن و بە خۆی دەوت: "ئەمانە پاڤڵ و هاوڕێكانیان فەرامۆش كردووە، ئەوانیان لە بیر كردووە".

گوێی لەو باس و خواسانە دەگرت كە هیچی لێ تێ نەدەگەیشت. دەیویست لە پشت وشەكان هەستی كەسەكان لە یەك جیا بكاتەوە. دەیزانی لە شارۆچكەی كرێكاری كاتێک باسی چاكەكاری دەكرا، بە تەواوی لە بەرچاویان دەگرت، لە كاتێكدا لێرە هەموو شتێكیان ورد و لەت لەت دەكرد.

لەوێ مرۆڤ بە هێزێكی زۆرتر هەستی دەكرد، بەڵام ئێرە گۆڕەپانی ئەو بیرۆكانە بوو و هەموو شتێكی بۆ ورد و دابەش دەكرد. لێرە باسی تەقاندنەوەی دنیای كۆن دەكرا، لەوێ باسی بنیاتنانی دنیای

نوێ بوو. لە بەر ئەوە ئێستا باشتر لە قسەکانی ئاندرێ و پاڤل تێ دەگەیشت.
نارەزایەتییەکی نامۆ بەرامبەر بە خەڵک، بە نهێنی لە دڵیدا هێلانەی کرد و بووە هۆی نیگەرانی، بڕوای لە دەست دا، ئارەزووی دەکرد هەموو شتێک خێرا تێ بگات تا ئەویش بەو وشانەی لە رۆحیدا کەڵەکە دەبوون، باسی ژیان بکات.
کاتێک کرێکارێک دەهاتە ناو کۆڕەکەیان، نیکۆلا هەوڵی دەدا نەرم و نیان مامەڵەی لەگەڵ بکات و خۆی بخاتە ئاستی ئەوان.
بەڵام ئەم ئەندێشەیە سوکنایی بە دایکی نەدەبەخشی، چونکە دەیبینی کرێکاری میوانیش دڵتەنگە و بەو شێوەیەی کە بە ئاسانی دەتوانێت لەگەڵ ژنێک لە چینەکەی خۆی قسە بکات، لەگەڵ نیکۆلا ناتوانێت.
ڕۆژێک کە نیکۆلا لە ژوورەکە ڕۆیشتبووە دەر، بە یەکێک لەوانی وت: "بۆ وا گرژ و شپرزە بووی؟ خۆ لە هۆڵی تاقیکردنەوە نیت!"
کرێکارەکە پێکەنی و وتی: "لە بەر ئەوەی رانەهاتووین، لەگەڵ هەموو ئەم قسانە، ئەم پیاوە لە ئێمە نییە".
دایکی وتی: "گرنگ نییە، کەسێکی سادەیە".
کرێکارەکە سەیری کرد. هەردووک پێکەنین و بێ دەنگ بوون.
هەندێک کات ساشنکا دەهات. زۆر نەدەمایەوە و لە کاتی ڕۆیشتن هەواڵی پاڤل-ی دەپرسی و دوای دڵنیابوون لە تەندروستی ئەو، دەڕۆیشت.
جارجار دایکی لای ساشنکا لە ماوەی دوورودرێژی زیندانی پاڤل و دواکەوتنی بەرواری دادگایی کردنەکەی، سکاڵای دەکرد و لە تاو نیگەرانی لێوەکانی دەلەرزی و پەنجەکانی بە تووڕەیی دەجوڵان.
دایکی دەیویست بڵێت: "ئازیزم، دەزانم خۆشت دەوێت، دەزانم".
بەڵام قەت نەیوێرا ئەمە بکات.
ڕۆژێک ناتاشا پەرێشان و شپرزە هاتە لای پلاگە و بە دەم گریان، هەواڵی مردنی دایکی پێ ڕاگەیاند و وتی: "ئەو داماوە هێشتا پەنجا

ساڵی نەبوو... دەكرا ماوەیەكی دیكەش زیندوو بێت، بەڵام كاتێك مرۆڤ كێشەی زۆرە، مردنی لە ژیان پێ باشترە. هەمیشە تەنیا و بێ كەس بوو. باوكم بە هاتوهاوار ئەوی كردبووە كەسێكی ترسنۆك. دەتوانین بڵێین ئەو ژیاوە؟"

دایكی دوای چەند ساتێك بیركردنەوە وتی: "ئەوەی ناتاشا دەیڵێت، بە تەواوی راستە. مرۆڤ كاتێك چاوەڕوانی چاكە و خۆشییەكانی ژیانە، دەتوانێت بڵێ دەژیم، بەڵام كاتێك چاوەڕوانی هیچ نییە، ئیتر ئەوە ژیان نییە".

لە كاتێكدا نەوازشی ناتاشای دەكرد، پرسی: "ئێستا تاك و تەنیایت؟"

- بەڵێ.

دایكی ساتێك بێ دەنگ بوو، دواتر بە بزەیەك درێژەی بە قسەكەی دا: "گرنگ نییە، كاتێك مرۆڤ باشە، هەرگیز بە تەنیا نییە و هەمیشە كەسانێك لە دەوروبەری كۆ دەبنەوە".

ناتاشا وەك مامۆستا ڕۆیشتە ناوچەیەك كە كارخانەیەكی ڕستن و چنینی لێ بوو. دایكی جارناجار كتێب و ڕۆژنامە و بڵاوكراوە قەدەغەكانی بۆ دەبرد. ئەمە ببووە پیشەی سەرەكی دایكی، مانگانە چەند جارێك بە جلوبەرگی راهیبەكان، توورفرۆش، فرۆشیارێكی گەڕۆك یان وەك ژنێكی شیكپۆش خۆی دەگۆڕی و بە پێ یان سواری گالیسكە بوخچەیەكی دەخستە سەر شان یان جانتا بەدەست بە ناو گوندەكاندا دەگەڕا. لە هەموو شوێنێك بە ئارامی و سادەیی هەڵسوكەوتی دەكرد. سەرەتا رووی دەكردە كەسە نەناسراوەكان و بە وتە پڕ لە هەست و سۆزەكانی و بە دڵنیایی ژنێكی دنیادیتوو، سەرنجی هەمووانی بۆلای خۆی رادەكێشا.

پێی خۆش بوو لەگەڵ خەڵكانی بەدبەخت قسە بكات، لە بۆچوونیان سەبارەت بە ژیان، هەروەها سكاڵا و پەرێشانییەكانیان تێ بگات. هەركات دەیبینی ئەو كەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەكات لەگەڵ ناڕەزامەندی زۆر و رەخنەگرتن لە بەدبەختییەكانی چارەنووس

دەخوازن ڕێگەچارەی کێشەکانی مرۆڤایەتی بدۆزنەوە، دڵی پڕ دەبوو لە شادی و خۆشحاڵی. دیمەنی ژیان لەگەڵ بەرخۆدانەکانی بەردەوام فراوانتر و جۆراوجۆرتر دەبینرا. پێشتر لە هەموو شوێنێک و هەموو شتێک خواستێکی بێ شەرمانە بۆ فریودانی مرۆڤ و چەوساندنەوەی دەبینی و هەروەها دەیبینی هەموو شتێک لە سەر زەوی فراوانە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک لە بەدبەختی و هەژاریدا دەژین و بەشێکی کەمی نوقمی سامان و خۆشگوزەرانین و هەروەها دەیبینی لە شارەکان چەندین پەرستگای پڕ لە زێڕوزیو بۆ خوداکان هەیە و لە تەنیشت کڵێساکان و ئەو قەشانەی جلوبەرگی زێڕنیشانیان لە بەردایە، کەسانێکی بەدبەخت و هەژار لە سەرما هەڵدەلەرزن و چاوەڕێی خێر دەکەن. ماڵی وێران و پیسی هەژاران و جلی کۆن و بۆگەنی ئەوانی دەبینی و وای دەزانی ئەمە بابەتێکی سروشتییە. ئێستا ئەو بارودۆخەی بە قێزەون دەزانی، بە تایبەت بۆ کڵێسا، چونکە هەژارەکان ڕێزێکی تایبەتیان بۆ کڵێسا دادەنا.
پلاگە بەو وەسفانەی لە مەسیح بیستبووی، دەیزانی هاوڕێی هەژار و نەدارەکان بووە و وەک کەسێکی ئاسایی جلوبەرگی پۆشیوە. لە کڵێسا کاتێک هەژارەکان بۆ ئارامبوونەوە دەهاتنە لای مەسیح، دەیبینی مەسیح لە ناو زێڕوزیو و قوماشی گرانبایی و بێ گرنگیدان بە رووتی و هەژاری ئەوان، زیندانییە.
بیری قسەکانی ریبین کەوتەوە: "تەنانەت خوایان بۆ فریودانی ئێمە بە کار هێناوە! جلوبەرگی درۆیان لە بەر کردووە بۆ ئەوەی رۆحی ئێمەی پێ بکێشن".
بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، کەمتر نوێژی دەخوێند، بەڵام زیاتر بیری لە عیسا و کەسانێک دەکردەوە کە بێ قسە کردن سەبارەت بەو، تەنانەت بە بێ ناسینی، بە پێی یاساکانی ئینجیل دەژیان و هاوشێوەی ئەو، زەوییان بە نیشتمانی هەژارەکان دەزانی و دەیانویست هەموو سامانەکان بە شێوەیەکی هاوبەش لە ناو خەڵک

دابەش بکەن. ئەم شتانەی بە بینراوەکانی خۆی دەبەستەوە و بیری لێ دەکردنەوە. ئەم هزرانە شێوەی نوورانی دۆعایەکیان وەردەگرت و رووناکی بە سەر تاریکی و ژیانی مرۆڤ دەپرژاند. هەمیشە مەسیحی بە عەشقی نامۆ و هەستی ئاڵۆزی تێکەڵ بە ترس و هیوا و دڵسۆزی و ئازار خۆش دەویست، بەڵام ئێستا وای دەزانی مەسیح لەو نزیک دەبێتەوە و روونتر دەتوانێت ڕوخساری ببینێت. ئێستا چاوەکانی بە دڵنیایی و بە هێزی زیندووی ناخ بزەی بۆ دەکات وەک ئەوەی بە راستی زیندوو بووبێتەوە و بە خوێنی خۆی ئەو کەسانەی شۆردووە کە بێ ناوهێنانی، جوامێرانە خۆیان لە ڕێگەکەی فیدا کردووە.

دایکی هەمیشە خۆشحاڵ لە ئەنجامەکانی دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. شەوێک بە نیکۆلای وت: "ڕۆیشتن بۆ هەموو شوێنێک و بینینی ئەم هەموو شتە، چێژبەخشە. مرۆڤ تێ دەگات چینی چەوساوە، پشتگوێ خراوە، لە خۆی دەئاڵێت و بە خۆی دەڵێت بۆ منیان دوور خستۆتەوە؟ بۆچی برسیم کاتێک هەموو شتێک فراوانە؟ بۆچی نەزان بم کاتێک ئەو هەموو زانیارییە لەم ناوەدا بڵاو بۆتەوە؟ ئەم خودا میهرەبانە کە بە یەک چاو سەیری هەژار و دەوڵەمەند دەکات و هەموو بە منداڵی خۆشەویستی خۆی دەزانێت، لە کوێیە؟ وردە وردە چینی چەوساوە شۆڕش دەکات، هەست دەکات ئەگەر بەرگری لە خۆی نەکات، ستەم و چەوساندنەوە لە ناوی دەبەن. زیاتر لە جاران هەستی دەکرد پێویستە بە دەربڕینەکانی خۆی باسی ستەمی ژیان بکات. هەندێک کات بە دژواری لە بەرامبەر ئەم هەستەدا خۆڕاگری دەکرد...

کاتێک نیکۆلا دایکی لە کاتی سەیرکردنی وێنەکان ناکاوگیر کرد، هەندێک شتی سەیر و سەمەرەی بۆ باس کرد. دایکی لە بوێری مرۆڤ بۆ ئەو بابەتانە حەپەسا و بە شێوەیەک کە بێ بڕوایی پێوە دیار بوو. پرسی: "بە راستی شتی وا دەبێت؟"

نیکۆلا داهاتووی ئەفسانەئامێزی لەگەڵ دڵنیایی تەواو بۆ ئەو وەسف کرد و وتی: "ئارەزووەکانی مرۆڤ سنووریان نییە و هێزەکەی کۆتایی نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا دنیا لە رووی تێگەیشتن و درک کردن، بە هێواشی بەرەو پێش دەڕوات، چونکە خەڵک بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن ناچارن سامان کۆ بکەنەوە نەک زانست و، کاتێک تەماح لە خۆیان دوور بکەنەوە، لە کۆیلایەتی کاری زۆرەملێ رزگاریان دەبێت".

دایکی زۆر بە کەمی لە واتای قسەکانی نیکۆلا تێ دەگەیشت، بەڵام ئەو بڕوا هێمنەی لە رۆحی وتەکانی بەرز دەبۆوە، کاریگەری لە سەر دادەنا.

نیکۆلا دەیووت: "مرۆڤە ئازادەکان لە سەر زەوی کەمن و هۆکاری بەدبەختی مرۆڤ ئەمەیە".

پلاگە کەسانێکی دەناسی کە خۆیان لە کۆتوبەندی تەماح و کینە رزگار کردبوو. دەیزانی ئەگەر ژمارەی ئەم کەسانە زیاد بکات، ڕوخساری ڕەش و دڕندەی ژیان، سادەتر، دڵگیر و نوورانیتر دەبێت.

نیکۆلا خەمبارانە وتی: "مرۆڤ ناچارە بە پێچەوانەی ویستی خۆی بێ بەزەیی بێت".

دایکی بە ئاماژەی سەر قسەکەی پشتڕاست کردەوە و لەو کاتەدا ئاندرێ-ی بە بیرهاتەوە.

# وێنەی (8)

ڕۆژێک نیکۆلا بە پێچەوانەی هەمیشە درەنگتر لە فەرمانگە گەڕایەوە و پەرێشان و نیگەران وتی: "دەزانی پلاگە، ئەمڕۆ یەکێک لە هاوڕێکانمان لە کاتی سەردانکردن لە زیندان هەڵاتووە، بەڵام نەمتوانی بزانم کێیە".

دایکی پەشۆکا و کەوتە سەر کورسییەکە و وتی: "ئەگەری هەیە پاڤل بێت".

نیکۆلا شانی بەرز کردەوە، وەڵامی دایەوە: "لەوانەیە، بەڵام چۆن دەتوانین بیشارینەوە؟ لە کوێ بیدۆزینەوە؟ لە ڕێگە بە ناو کۆڵانەکاندا دەسووڕامەوە بەو هیوایەی بیبینم، هەرچەند کارێکی گەمژانەیە، بەڵام دەبێت کارێک بکەین. ئێستا دووبارە دەڕۆمە دەرەوە".

دایکی خێرا وتی: "منیش دێم".

نیکۆلا ڕازی بوو و وتی: "تۆ برۆ بۆ لای ئیگۆر، لەوانەیە ئەو هەواڵی هەبێت".

خۆی ڕۆیشت.

دایکی شاڵێکی خستە سەرشان و بە یەک دنیا هیوا و ئومێد، دوای نیکۆلا لە ماڵ ڕۆیشتە دەر. چاوەکانی ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، دڵی خێرا لێی دەدا. سەری داخستبوو وەک ئەوەی هیچ شتێک نەبینێت. بەردەوام بیری دەکردەوە: "لەوانەیە لە ماڵی ئیگۆر بێت".

هەوا گەرم بوو. پلاگەی هیلاک و ماندوو بە دژواری هەناسەی دەدا. وای زانی وسێف چیکێف لە بەردەم دەرگا وەستاوە و پێدەکەنێت. بەڵام کاتێک دووبارە چاوەکانی کردەوە، بە پلیکانەکان سەرکەوت و بە خۆی وت: "خەیاڵە. لە حەوشە دەنگی پێی بیست... دایکی وەستا و سەیری کرد، دووبارە دەموچاوێکی گرژی بینی کە پێدەکەنێت".

دایکی بە خێرایی لە پلیکانەکان ڕۆیشتە خوار و هاواری کرد: "وسێف چیکێف، بێ هیوا بوو".

ئەو پیاوە بە ئیشارەی دەست، وەڵامی دایەوە: "نا، بڕۆ سەرەوە، بڕۆ سەرەوە".

دایکی ڕۆیشتە سەر. ڕۆیشتە ژوور. ئیگۆر پاڵ کەوتبوو. بە هەناسەبڕکێ لە بەرخۆیەوە وتی: "وسێف چیکێف لە زیندان هەڵاتووە..."

ئیگۆر سەری بەرز کردەوە و بە دەنگێکی گڕ و تووڕە وتی: "ئەو دەموچاوە گڕوێیە؟"

- بەڵێ، دێت بۆ ئێرە.

- زۆر باشە، بەڵام نامەوێت بۆ میوانداریکردنی ئەو هەستم.

وسێف چیکێف هاتبووە ناو ژوورەکە. دەرگای داخست و بە ئارامی پێکەنی. ئەنیشکی خستە سەر لێواری کورسییەک. ئیگۆر هەڵستا، سەری لەقاند و بە دەنگێکی گڕ و تووڕە وتی: "تکا دەکەم، ماڵی خۆتانە".

وسێف پێکەنی، دەمی تا بناگوێی کردەوە. لە دایکی نزیک کەوتەوە، دەستی گرت و وتی: "ئەگەر تۆم نەدەبینی، دەبوایە بە ناچار بگەڕێمەوە زیندان. لەم شارەدا کەس ناناسم. ئەگەر دەگەڕامەوە بۆ شارۆچکەی کرێکاری، یەکسەر دەیانگرتمەوە... لە ڕێگە بە خۆم وت: "هەی کەر، بۆ لە زیندان هەڵاتی؟ لە ناکاو دایکیم بینی. بە دوای ئەودا تا ئێرە هاتم".

پلاگە پرسی: "چۆن توانیت لە زیندان هەڵبێیت؟"

وسێف نەزانانە لە سەر لێواری کورسییەکە دانیشت و بە شپرزەیی وتی: "نازانم... لە ناکاو بوو. لە حەوشی زیندان پیاسەم دەکرد، تاوانبارانی ناسیاسی ڕژانە سەر پاسەوانەکە و لێیاندا. پاسەوانەکە پێشتر جەندرمە بوو و بە تاوانی دزی دەریان کردبوو و ئێستا بۆتە سیخوڕ و ژیانی هەمووانی تاڵ کردووە... شەڕ دروست بوو.

پاسەوانەکان ترسان و بەردەوام فیکەیان لێ دەدا و بەملاولادا هەڵدەهاتن.. بینیم دەرگا کراوەیە. لە پشت تەختەبەنەکانەوە دەمتوانی شار ببینم. خێرا هاتمە دەر. دوای ئەوەی چەند هەنگاوێک دوور کەوتمەوە، هاتمە خۆم و لە خۆم پرسی بۆ کوێ بڕۆم..؟ گەڕامەوە و بینیم دەرگای زیندانیان داخستووە. دەزانم کارەکەم گەمژانە بوو، بەڵام نەمدەزانی دەبێت چی بکەم.
ئیگۆر وتی: "هۆی جەناب، دەبوایە بگەڕێیتەوە، تەقەت لە دەرگا بدایە و زۆر بە ڕێزەوە داوات بکردایە دووبارە بگەڕێیتەوە بۆ زیندان، دەبوایە داوای لێبوردن بکەی... بڵێی بۆ ساتێک نەتزانیوە چی دەکەی...!"
وسێف وتی: "بەڵێ دەزانم کارێکی خراپم کردووە. نەدەبوایە هاورێکانم لەوێ بە تەنیا جێ بێڵم. تەنانەت هیچم بەوان نەوت. لە کۆڵان بینیم پرسە بۆ کەسێک دەگێڕن. سەرم داخست و بێ ئەوەی سەیری کەس بکەم، لەگەڵ تەرمەکە ڕۆیشتم.. لە گۆڕستان بیرۆکەیەک بە مێشکمدا هات..."
ئیگۆر پرسی: "تەنیا یەک بیرۆکە؟ هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "پێم وابێت ئەو بیرۆکەیە لە مێشکتا جێگەی تەسک بووە!"
وسێف بێ ئەوەی بڕەنجێت، پێکەنی.
- مێشکم وەک جاران بەتاڵ نییە.. باشە ئیگۆر، خۆت چۆنی..؟ وەک هەمیشە نەخۆشی؟
ئیگۆر کۆکی و وەڵامی دایەوە: "هەرکەسە و کارێک دەکات کە لە توانایدایە، بۆمان باس بکە".
- دوای ئەوە ڕۆیشتمە مۆزەخانە... بیرم کردەوە بۆ کوێ بڕۆم. لە دەست خۆم دڵتەنگ بووم. دووبارە هاتمەوە ناو شەقام. بینیم پاسەوانەکان بە وردی سەیری ڕێبواران دەکەن... بە خۆم وت وا بڕوات بە زوویی لە دادگا دەبم. لە ناکاو دایکیم بینی خێرا بەلامدا تێپەڕی. سەرەتا خۆم دوور خستەوە و پشتم تێ کرد، بەڵام دواتر

شوێنی کەوتم... ئەمە بەسەرهاتی هەڵاتنەکەم بوو".
دایکی بە شەرمەزاری وتی: "تۆم هەر نەبینی. بە وردی سەیری وسێف-ی کرد. هەستی کرد گۆڕانی بەسەردا هاتووە".
وسێف سەری خوراند و وتی: "ئێستا هاوڕێکانم نیگەران بوون".
ئیگۆر وتی: "ئەی بۆ جەندرمەکان نیگەران نیت؟ ئەوانیش نیگەرانی تۆ دەبن".
دواتر وەک ئەوەی بیەوێت هەناسەی لە سنگیدا رابگرێت، وتی: "زۆر باشە، گاڵتە کردن بەسە، دەبێت تۆ بشارمەوە، هەرچەندە کارێکی باشە، بەڵام کێشەمان بۆ دروست دەکات. خۆزگە دەمتوانی هەستم..."
لە ناکاو هەستی کرد دەخنکێت و دەستی بە سنگیدا هێنا.
وسێف وتی: "ئیگۆر زۆر نەخۆشی؟"
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە نیگەرانی سەیرێکی ژوورە بچوکەکەی کرد.
ئیگۆر وتی: "ئەوە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. دایە گیان هەواڵی پاڤڵ-ی لێ پرسە".
وسێف پێکەنی: "پاڤڵ زۆر باشە، تەندروستە. ئەو سەرۆکی ئێمەیە و بە نوێنەرایەتی ئێمە لەگەڵ بەرپرسەکان قسە دەکات. بە گشتی ئەو فەرمان دەدات... ڕێزی دەگرن... هەڵبەت مافی خۆیەتی.."
دایکی بە دڵ و گیان گوێی لە قسەکانی وسێف دەگرت. هەندێک کات بە دزییەوە سەیری ڕوخساری ئاوساوی ئیگۆری دەکرد، ڕوخساری وەک ئەوەی دەمامکی نەبێت، بە شێوەیەکی سەیر پان و پۆڕ دەهاتە بەرچاو. تەنیا چاوەکانی زیندوو بوو و بریسکەی دەهات.
وسێف وتی: "خۆزگە خواردنتان پێ دەدام، خەریکە دەمرم لە برسا".
ئیگۆر وتی: "دایە گیان لە سەر رەفەکە نانی لێیە، دواتر بڕۆ بۆ هۆڵەکە، لای چەپ تەقە لە دەرگای دووەم بدە، ژنێک دەرگا دەکاتەوە،

پێی بڵێ با بێت و هەرچی خواردنی هەیە بیهێنێت".
وسێف نارەزایی دەربڕی و وتی: "بۆ هەرچی لێ بێت؟"
- لە خۆوە توورە مەبن، لەوانەیە هیچی لێ نەبێت.
دایکی ڕۆیشت. کاتێک تەقەی لە دەرگاکە دا، بە خۆی وت: "ماوەیەکی زۆر ناژی..."
کەسێک لە ژوورەوە پرسی: "کێیە؟"
دایکی بە ئارامی وتی: "لە لایەن ئیگۆرەوە هاتووم. داوای کرد بڕۆنە لای..."
- ئێستا دێم.
پلاگە ساتێک چاوەڕێی کرد و دووبارە تەقەی لێدا. دەرگا کرایەوە و ژنێکی جوانی باڵابەرز هاتە دەر. لە کاتێکدا چرچولۆچی جلەکەی ساف دەکرد، زۆر ساردوسڕ پرسی: "چیتان دەوێت؟"
- ئیگۆر منی ناردووە...
- ئێ زۆر باشە، با بڕۆین، جەنابت دەناسم... ئێرە بۆ ئەوەندە تاریکە؟
دایکی سەیری کرد و بیری هاتەوە کە یەک-دوو جار ئەوی لە ماڵی نیکۆلا بینیوە. بە خۆی وت: "هاوبڕواکانمان لە هەموو شوێنێک هەن".
ژنەکە پرسی: "حاڵی زۆر خراپە؟"
- بەڵێ، پاڵ کەوتووە. تکای کرد شتێک بۆ خواردن لەگەڵ خۆتان بێنن.
- ئاخ، سودی نییە...
کاتێک گەڕانەوە، ئیگۆر وتی: "لۆدمیلا، ئەم گەنجە بێ پرسی بەرپرسەکان لە زیندان هاتۆتە دەر، بەڵام پێش هەر شتێک خواردنی پێ بدەن و دواتر یەک-دوو ڕۆژ لە شوێنێک بیشارنەوە".
لۆدمیلا سەری لەقاند و بە وردی سەیری ڕوخساری نەخۆشەکەی کرد و وتی: "ئیگۆر، دەبوایە لەگەڵ هاتنی ئەمان کەسێکت بە دوای

مندا دەنارد. جیا لەوە، دوو جار خواردنی دەرمانەکانتان فەرامۆش کردووە. بۆ ئاوا کەمتەرخەمی؟ خۆت دەڵێی دوای خواردنی دەرمانەکان باشتر هەناسە دەدەی. هاورێ، تۆ وەرە بۆ ژوورەکەی من. ئێستا دێن بۆ ئەوەی ئیگۆر بەرن بۆ نەخۆشخانە".

ئیگۆر پرسی: "دەبێت برۆم؟"

- بەڵێ، منیش دێم.

- بۆ ئەویش؟

- قسەی قۆڕ مەکە...

ژنە گەنجەکە بە دەم قسەکردنەوە سەرچەفەکەی بە سەر سنگی نەخۆشەکەدا دا. وسێف بە وردی سەیری دەکرد و بە چاو بڕی دەرمانەکەی پێواوت.

یەکدەنگ، بەڵام بە پاراوی قسەی دەکرد. جوڵەکانی شیرین، ڕەنگی ڕوخساری پەڕیو و برۆ ڕەشەکانی لە کۆتاییی سەرلووتی تێکەڵ بە یەکتر دەبوون. دایکی خۆشی لە کچەکە نەهات، چونکە بە کەسێکی لە خۆڕازی دەبینی. نە پێدەکەنی، نە چاوەکانی دەبریسکایەوە. قسەکانی زیاتر وەک فەرماندان وابوو.

بەردەوام بوو: "دەڕۆین، بەڵام من زوو دەگەڕێمەوە. تکایە ئێوە کەوچکێکی چێشتخواردن لەم دەرمانە بە ئیگۆر بدەن... مەهێڵن قسە بکات".

وسێف-ی بردە ماڵەکەی.

ئیگۆر هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "ژنێکی زۆر نازدارە، بوونەوەرێکە دەبێت وەسف بکرێت! دایکە دەبوایە لای ئەو ژیان بە سەر بەریت. زۆر کار دەکات".

دایکی بە میهرەبانی وتی: "قسە مەکە، بیخۆ".

ئیگۆر دەرمانەکەی خوارد، چاوی داخست و وتی: "گرنگ نییە، بێ دەنگیش بم، دەمرم".

دایکی سەری داخست. هەستی بەزەیی فرمێسکی لە چاو باراند.

- دایە گیان مەگری، ئاساییە.. چێژی ژیان پێویستی مردنی بەدواوەیە.
دایکی دەستی خستە سەر سەری و بە ئارامی وتی: "بێ دەنگ بە".
بەڵام وەک ئەوەی بیەوێت گوێ لە خرەخرێ سنگی بگرێت، چاوی داخست و پێداگرانە وتی: "دایە گیان، بێ دەنگی من، نەزانییە.. چ سودێکم لە بێ دەنگی دەست دەکەوێت؟ چەند خولەک تەمەنم درێژ دەکاتەوە و چێژی قسەکردن لەگەڵ ژنێکی راستەقینەم لە دەست دەچێت... پێم وا نییە لەو دنیا مرۆڤی باشی وەک ئێوە دەست بکەوێت.."
دایکی بە نیگەرانی قسەکەی بڕی و وتی: "ئێستا ئەو خاتوونە دەگەڕێتەوە و بۆڵەبۆڵ بە سەر مندا دەکات کە ڕێگەم داوی قسە بکەی..."
- ئەو خاتوون نییە، ژنێکی شۆڕشگێڕە، هاوڕێیەک... مرۆڤێکی زۆر پاکە... دایە گیان، هەمیشە بۆڵەبۆڵ دەکات، بە سەر هەموو کەسێکدا دەبۆڵێنێت...
ئیگۆر بە زەحمەت و لەسەرخۆ، بەسەرهاتی دراوسێکەی گێڕایەوە. چاوەکانی پێدەکەنی. پلاگە بە بینینی ئەم ڕوخسارە شین و مۆرە، بە نیگەرانییەوە بە خۆی دەوت: "خەریکە دەمرێت..."
لۆدمیلا گەڕایەوە. دوای ئەوەی دەرگاکەی داخست، بە دایکی وت: "هاوڕێکەتان دەبێت بە جلوبەرگی گۆڕاو بڕوات. خێرا جلوبەرگێکی دیکەی بۆ ئامادە بکەن و بیهێنن. بەداخەوە سۆفی لێ نییە. شاردنەوەی کەسەکان یەکێکە لە شارەزاییەکانی ئەو".
دایکی شاڵەکەی خستە سەر شان و وەڵامی دایەوە: "بەیانی دێت".
هەرکاتێک کارێک بە دایکی دەسپێردرا، تەنیا بیری لەوە دەکردەوە بە زووترین کات و باشترین شێوە ئەنجامی بدات. ڕوخساری گرژ کرد و وەک ئەوەی ئەرکێکی گەورەیان پێ سپاردبێت، بە نیگەرانییەوە پرسی: "بە بۆچوونی ئێوە دەبێت چ جۆرە جلێکی بۆ

ئامادە بکەین؟"
- جیاوازی ئەوتۆی نییە، چونکە تەنیا شەوان دەچێتە دەر.
- شەو لە ڕۆژ خراپترە، کۆڵانەکان چۆڵتر و مرۆڤەکان زیاتر لە بەرچاون. جیا لەوە وسێف ئەوەندە زیرەک نییە.
ئیگۆر بە پێکەنین وتی: "دایە گیان تۆ هێشتا گەنجی".
دایکی پرسی: "دەتوانم بۆ سەردانت بێمە نەخۆشخانە؟"
کۆکی و سەری لەقاند. لۆدمیلا بە چاوە ڕەشەکانی سەیری دایکی کرد و وتی: "ئامادەی بە نۆرە چاودێری بکەین؟ ئەریَ؟ دەی ئێستا خێرا بڕۆن!"
قۆڵی دایکی گرت و لە هۆڵەکە بردیە دەر و بە هێواشی پێی وت: "ئەگەر بەم شێوەیە بەرێتان دەکەم، مەرەنجێن... دەزانم ئەم کارە جوان نییە، بەڵام قسەکردن بۆ ئەو باش نییە... من ژنێکی بێ ئەدەب نیم و هیوادارم..."
دایکی لە بەرخۆیەوە وتی: "قسەی وا مەکەن. ئێوە نەک تەنیا بێ ئەدەب نین، بەڵکو کەسێکی زۆر باشن.." لۆدمیلا بە هێواشی پێشنیاری کرد: "ئاگاتان لە سیخوڕەکان بێت". دەستی بۆ ناوچاوی برد و پاکی کردەوە. لێوەکانی دەلەرزی.
دایکی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵێ."
کاتێک گەیشتە دەرگا ئاسنەکە، ساتێک وەستا. لەژێرچاو، بەڵام بە وردی سەیری دەوروبەری کرد کە ئەستەم بوو کەس بتوانیَ هەست بەم نیگایەی بکات. دەیتوانی بە دڵنیاییەوە سیخوڕەکان لە کەسانی ئاسایی جیا بکاتەوە، بەڵام ئەمجارە هیچ ڕوخسارێکی ئاشنای نەبینی. ئارام ڕۆیشتە ناو کۆڵانەکە و گالیسکەیەکی گرت. فەرمانی بە گالیسکەچی دا بەرەو بازاڕ بڕوات. جلوبەرگی بۆ وسێف کڕی، وای پیشان دا کە دەبێت هەموو مانگێک بۆ مێردە هەمیشە سەرخۆشەکەی جلی تازە بکڕێت. لەگەڵ فرۆشیارەکان مامەڵەی دەکرد و بەردەوام جوێنی بە مێردەکەی دەدا، بەڵام ئەم چیرۆکە

دروستكراوانە كاریگەری لە سەر فرۆشیارەكان دانەدەنا. لە رێگە بە خۆی وت پۆلیس لەوانەیە بیر لەوە بكاتەوە زیندانییە هەڵاتووەكە جلەكانی دەگۆڕێت و لە بەر ئەوە لە بازاڕ لێكۆڵینەوە دەكات. پلاگە بۆ ماڵی ئیگۆر گەڕایەوە و دواتر لەگەڵ وسێف بەرەو كۆتایی شارەكە رۆیشت. هەریەكە و بە لایەكی شەقامەكەدا دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی پێكەوە نەبن. دایكی سەیری وسێف-ی دەكرد و پێدەكەنی. خەرامان خەرامان بە رێگەدا دەڕۆیشت و قاچی لە پاڵتۆ زەردەكەی دەئالا و كلاوەكەی كە دەهاتە سەر لووتی، دەبردە دواوە. ساشنكا لە كۆلانێكی چۆڵەوە هات بۆ لایان و دایكی دوای ئەوەی بە جوڵەی سەر ماڵئاوایی لە وسێف كرد، گەڕایەوە.

لە رێگە بیری كردەوە: "بەڵام پاڤل هێشتا لەوێیە، هەروەها ئاندرێش".

# وێنەی (9)

نیکۆلا بەرەوڕووی پلاگە ڕۆیشت و وتی: "دەزانن، ئیگۆر حاڵی خراپە! بردوویانە بۆ نەخۆشخانە. لۆدمیلا هاتبوو و داوای کرد بڕۆن بۆ لای.."
- بۆ نەخۆشخانە؟
نیکۆلا بە پەنجە وشک و گەرمەکانی دەستی گوشی و بە دەنگی لەرزۆک وتی: "بەڵێ، ئەم بەستەیە لەگەڵ خۆتان بەرن، بە راست وسێف لە شوێنێکی پارێزراوە یان نا؟"
- بەڵێ، بارودۆخی زۆر باشە...
- منیش دەڕۆمە سەردانی ئیگۆر.
دایکی لە تاو هیلاکی، سەری گێژ دەبوو. بە خۆی دەوت: "دەمرێت، دەمرێت..!" ئەم هزرە خەمبزوێنە، وەک چەکوش لە مێشکی دەدا.
بەڵام کاتێک ڕۆیشتە ناو ژووری پاک و خاوێنی نەخۆشخانە و بینی ئیگۆر لە ناو کۆمەڵێک بالیفی سپی دانیشتووە، کەمێک ئارام بوو. بە پێکەنین لە بەر دەرگاکە وەستا و بیستی ئیگۆر بە دکتۆر دەڵێت: "چارەسەریش جۆرێکە لە چاکسازی..."
دکتۆر بە نیگەرانی هاواری کرد: "ئیگۆر، قسەی بێ مانا مەکە.."
- من کە شۆڕشگێڕم، لە چاکسازییەکان بێزارم.
دکتۆر بە وریایی دەستی نەخۆشەکەی گرت و خستییە سەر ئەژنۆی. دواتر هەڵستا و دەستی بە ریشیدا هێنا و ئاوساوییەکانی ڕوخساری ئیگۆری دەشێلا.
دایکی، دکتۆری بە باشی دەناسی. یەکێک بوو لە باشترین هاوڕێکانی نیکۆلا بە ناوی ئیڤان دانیلۆڤیچ. پلاگە لە ئیگۆر نزیک کەوتەوە و دکتۆر رووی وەرگێڕا. ئیگۆر وتی: "جەنابتی؟ سڵاو. فەرموو

دانیشـە. چیت هێنـاوە؟"
- پێم وایە کتێب بێت.
دکتۆر وتی: "بەڵام نابێت هیچ شتێک بخوێنێتەوە".
ئیگۆر بە بۆڵەبۆڵ وتی: "دەیەوێت من گەمژەیەکی نەخوێندەوار بم".
دکتـۆر فەرمانـی دا: "بێ دەنـگ بـە!" و چەنـد وشـەیەکی لـە نـاو دەفتەرەکەیدا نووسـی.
هەناسـەی کـەم و دژوار بـە خڕەخڕ لـە قوڕگـی ئیگـۆر دەهاتـە دەر و دڵۆپـە بچوکەکانـی عـارەق لە سـەر ناوچـاوی دەرکەوتن. هەندێک جار دەسـتە قـورس و نافەرمانەکانـی بـەرەو ناوچـاوی دەبـرد و دەیسـڕی. بێ جوڵەیی سـەیری کوڵمە ئاوسـاوەکانی، دەموچاوە پان و پۆڕەکەی ناشـیرین کردبوو. هێڵەکانـی ڕوخسـاری لەژێـر دەمامکێکـی مـردوو، ون ببـوون. تەنیـا چـاوە بەقووڵاچووەکانـی دەدرەوشـانەوە.
پرسـی: "هـۆی، کاکـی زانـا و پیتـۆڵ! هیـلاک بـووم... دەتوانـم پـاڵ بکـەوم؟"
- نا!
- باشە کە ڕۆیشتی پاڵ دەکەوم!
دایکـە، مەهێڵـە ئـەو کارە بکات، بالیفـەکان لابـەرە و تـکا دەکەم مەهێڵە قسـە بکات. زۆر خراپـە بۆی.
پلاگـە سـەری لەقانـد. دکتـۆر بـە هەنـگاوە کـورت و خێراکانـی ڕۆیشـت. ئیگـۆر ئـاوڕی دایـەوە و چاوەکانـی داخسـت و چیتـر نەجـوڵا. تەنیـا پەنجەکانـی دەجوڵانـد. لـە درزە سـپییەکانی ئـەو دیـوە بچوکـەوە سـەرمایەکی وشـک و خەمێکـی دڵمڕێن دەهاتـە ژوورەوە. لە پەنجەرە گەورەکـەوە سـەرلقە لوولەکانـی درەختـە زیزفـۆن -ەکان دەبینـرا. لـە نـاو گـەڵا تـۆز و خۆڵاوییـەکان، پەڵـەی زەردی تـۆخ دەبریسـکانەوە و هێمـای دەسـتپێکی سـەرماوسـۆڵی پاییـز بـوو...
ئیگۆر بێ ئەوەی بجوڵێت و چاوەکانی بکاتەوە، وتی: "مەرگ هێواش هێـواش بـەرەوڕووم دێـت. دیـارە بەزەیـی پێمـدا دێتـەوە کـە ئەوەنـدە

کوڕێکی باش و بە ئاکار بووم".
دایکی بە نەرمی دەستەکانی نەوازش دەکرد و وتی: "ئیگۆر، تکایە چیتر قسە مەکە".
چاوەڕێ بە دایکە، بەم زووانە بۆ هەمیشە بێ دەنگ دەبم.
بە هەناسەبڕکێ و لە کاتێکدا وشەکان بە دژواری لە قورگی دەهاتنە دەر، وتی: "دایە گیان، زۆر باشە لەگەڵ ئێمەی... بینینی ڕوخساری تۆ، چاوە نیگەران و سادەکانت، هیوام پێ دەبەخشێت... کاتێک تۆ دەبینم، لە خۆم دەپرسم: "سەرئەنجامەکەی بە کوێ دەگات؟ و بەم بیرکردنەوەیە دڵتەنگ دەبم کە زیندان، شاربەدەر کردن و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک چاوەڕوانی ئێوە و کەسانی وەک ئێوەیە... لە زیندان ناترسی؟"
دایکی بە سادەیی وەڵامی دایەوە: "نا".
- بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیندان مەترسیدارە، زیندان بکوژی منە.. ڕاستییەکەی نامەوێت بمرم...
پلاگە دەیویست پێی بڵێت: لەوانەیە نەمری، بەڵام بێ دەنگ بوو و تەنیا سەیری دەکرد.
- حەز دەکەم دووبارە لە بەرژەوەندی چینی چەوساوە کار بکەم، بەڵام کاتێک مرۆڤ توانای هیچ کارێکی نییە، ژیان چ واتایەکی هەیە. کەرێتییە..!"
دایکی لە ناکاو کەوتە بیری ئەم قسەیەی ئاندرێ: "ڕاستە، بەڵام ئارامیمان پێ نابەخشێت". هەناسەیەکی هەڵکێشا. شەکەت و برسی بوو. چپەچپێکی یەکدەنگ و گیراو ژوورەکەی ئیگۆری پڕ دەکرد و بە لاوازی بە سەر دیوارە سافەکاندا دەخزا. گەڵاکانی زیزفۆن کە لە پشت پەنجەرەکەوە دیار بوون، مرۆڤی دەخستە بیری ئەو هەورانەی زۆر نزمن و بە ڕەنگی تۆخ و خەمهێنەری خۆیان، چاویان زەق دەکرد. هەموو شتێک بە شێوەیەکی سەیر و لەگەڵ بێ دەنگییەکی خەمبزوێن لە چاوەڕوانی مەرگ، بەرەو نەمان دەڕۆیشت.

ئیگۆر وتی: "حاڵم زۆر خراپە". چاوەكانی داخست و بێ دەنگ بوو.
دایكی پێشنیاری بۆ كرد: "بخەوە، ئەگەری هەیە حاڵت باشتر ببێت".
چەند ساتێک گوێی لە هەناسەی نەخۆشەکە گرت و سەیری دەوروبەری کرد. خەمێکی زۆر سارد بە سەریدا زاڵ بوو و باوێشکی دەدا. خشەخشێک بەئاگای هێنایەوە و بینی ئیگۆریش چاوەکانی کردۆتەوە.
بە ئارامی وتی: "ببوورە، خەوم لێ کەوت".
ئیگۆر وەڵامی دایەوە: "تۆش بمبوورە".
خۆرەزەرد لە ئاسمان دەرکەوت. سەرما چاوەکانی دەکزاندەوە. هەموو شتێک، تەنانەت چاوەکانی ئیگۆر بە شێوەیەکی سەیر لێڵ بوو.
دووبارە خشەخشی بیست. دەنگی لۆدمیلا لە ژوورەکە بەرز بۆوە: "بە تاریکی قسە دەکەن... پلاکی کارەبا لە کوێیە؟"
لە ناکاو ژوورەکە لە رووناکییەکی سپی و چاوکوێرکەر نوقم بوو. لۆدمیلا کە سەرلەبەر ڕەشی پۆشیبوو، بە بەژنی بەرز لە ژوورەکە وەستابوو.
ئیگۆر تەواوی جەستەی دەلەرزی و دەستی بۆ سنگی برد.
لۆدمیلا خێرا ڕۆیشتە سەر سەری و پرسی: "چییە؟"
ئیگۆر چاوی بڕییە دایکی، چاوەکانی گەورە دیار بوون و دەدرەوشانەوە.
لە کاتێکدا دەمی کراوە بوو، سەری بەرز کردەوە و هەردوو دەستی بۆ پێشەوە درێژ کرد. دایکی دەستی گرت، هەناسەی لە سنگیدا کپ کرد و سەیری چاوەکانی کرد. ئیگۆر سەری بردە دواوە و بە دەنگی بەرز وتی: "چیتر بەرگە ناگرم... تەواو بوو..!"
لەشی جوڵا، سەری بە هێواشی خزا بۆ سەر شانی و لە چاوەکانی کە بە تەواوی کرابۆوە، تیشکی چرای سەر قەرەوێڵەکە، خەمهێنەرانە رەنگی دەدایەوە.

دایکی لە بەرخۆیەوە وتی: "هاوڕێکەم..!"
لۆدمیلا بە هێواشی لە قەرەوێڵەکە دوور کەوتەوە. لای پەنجەرەکە وەستا و لە کاتێکدا سەیری بەردەم خۆی دەکرد، بە دەنگێکی سەیر، بەڵام پاراو، وتی: "مرد..!"
چەمایەوە. ئەنیشکی خستە سەر لێواری پەنجەرەکە و بە دەنگی لەرزۆک وتی: "مرد... هێمن و ئازایانە... بێ ئەوەی بناڵێنێت."
لە ناکاو وەک ئەوەی گورزێک بەر سەری کەوتبێت، کەوتە سەر ئەژنۆ، دەستەکانی خستە سەر چاوی و بە دەنگی بەرز ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.
دایکی قۆڵە قورسەکانی ئیگۆری بە شێوەی خاچ لە سەر سنگی دانا و دووبارە سەری خستە سەر بالیفەکە. فرمێسکەکانی سڕی و لە لۆدمیلا نزیک کەوتەوە و قژە پەرێشانەکەی نەوازش کرد. لۆدمیلا کە چاوەکانی ئاوسابوون، ئاوڕی بۆ دایکی دایەوە، لێوەکانی دەلەرزین، وتی: "زۆر لەمێژ بوو دەمناسی. پێکەوە دوور خراینەوە، لە یەک زینداندا بووین.. هەندێک کات ئەشکەنجەکان تاقەت پڕوکێن بوو. زۆربەمان بوێریمان لە دەست دا. چەند کەسمان شێت بوون. قوڵپی گریان قورگی گرت، بە دژواری بە سەر خۆیدا زاڵ بوو، ڕوخساری کە بە هۆی خۆشەویستی و ئازار نەرم و نیان بوو، لە ڕوخساری دایکی نزیک کردەوە و بە دەم گریانەوە وتی: "بەڵام ئەو هەمیشە، هەمیشە خۆشحاڵ بوو... بەردەوام هەوڵی دەدا ورە بە کەسانی لاواز بدات. هەستیار و نەرمونیان بوو... ئەگەر دەتزانی چۆن هاوڕێیەک بوو! ژیانی خۆی پڕ لە کارەسات و بەدبەختی بوو، بەڵام کەس سکاڵا و گازندەی لێ نەبیست... هاوڕێی نزیکی ئەو بووم... زۆر قەرزاری ئەوم.. تا ئەو شوێنەی دەیتوانی ورە و ڕۆحیەی پێ دەبەخشیم.. هیلاک و تاک و تەنیا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز داوای هیچی لە کەس نەکرد، نە دڵنەوایی، نە نەوازش و خۆشەویستی..."

لە جەستەی ئیگۆر نزیک بۆوە و دەستەکانی ماچ کرد.
بە دەنگی خەمبار و ئارام وتی: "هاوڕێ، هاوڕێی ئازیز و خۆشەویستم، لە قووڵایی دڵەوە سوپاست دەکەم، بە هەمان شێوەی خۆت، بێ ماندووبوون، بێ گومان بە درێژایی تەمەنم، هاوکاری چینی چەوساوە دەکەم... ماڵئاوا، ماڵئاوا.."
دەگریا. بە دەم گریانەوە سەری خستە لای قاچی ئیگۆر. دایکی فرمێسکی دەباراند، هەوڵی دەدا ڕێگە لە فرمێسکەکانی بگرێت. دەیویست دڵنەوایی لۆدمیلا بکات، بە قسەی خۆش و پڕ لە عەشق و خۆشەویستی و ژیان، باسی ئیگۆری بۆ بکات. لە نێوان دڵۆپە فرمێسکەکانی سەیری چاوی بەستراو و لێوی شین هەڵگەڕاوی ئیگۆری دەکرد کە لە جوڵە کەوتبوو. هەموو شتێک و هەموو شوێنێک بێ دەنگ بوو.
دکتۆر وەک هەمیشە بە هەنگاوی کورت و خێرا هاتە ژوور. بە تووڕەیی پرسی: "زۆر دەمێکە؟"
کەس وەڵامی نەدایەوە. لە سەر قاچی سووڕا. ناوچاوانی سڕی و لە ئیگۆر نزیک کەوتەوە و وتی: "ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەر نییە. ئەم ڕووداوە دەبوایە شەش مانگ پێش ئێستا روو بدات، بەڵێ، لانی کەم شەش مانگ پێش..."
لە ناکاو دەنگی تێک شکا کە ئارامی و پاراوییەکی دەستکردی پێوە دیار بوو. پاڵی بە دیوارەکەوە دا و لە کاتێکدا پێڵوەکانی دەترووکاند، سەیری ئەوانی کرد.
لەسەرخۆ وتی: "دیسانیش کەسێکی تر!"
لۆدمیلا هەڵستا، پەنجەرەکەی کردەوە. دکتۆر و پلاگە بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشتن. هەرسێ سەرقاڵی تەماشای شەوێکی پاییزی بوون کە تیایدا ئەستێرەکان لە سەرەوەی دارەکان دەدرەوشانەوە و تا کۆتایی ئاسمان دەڕۆیشتن...
لۆدمیلا قۆڵی دایکی گرت و بێ ئەوەی قسە بکات، سەری خستە

سەر شانی. دکتۆر چاویلکەکەی پاک کردەوە. لە دەرەوە، ژاوەژاوی شەوانەی شار دەبیسترا. بایەکی فێنک لە ڕوخساری دەدان و پرچی پەخشان دەکردن. فرمێسک بە سەر گۆنای لۆدمیلا دەهاتە خوار... لە هۆڵی نەخۆشخانە، دەنگی نامۆ، ترساو، دەنگی ناڵەی خەمبار و سەرگەردان بە گوێ دەگەیشت.

پلاگە هەستی کرد لە ژوورەکە زیادەیە و دوای ئەوەی بە نەرمی قۆڵی لە ئامێزی لۆدمیلا دەرهێنا، لە بەرامبەر ئیگۆر نوشتایەوە و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.

دکتۆر بێ دەنگ و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، پرسی: "دەڕۆن؟"

- بەڵێ.

لە کۆڵان بیری لە لۆدمیلا دەکردەوە، فرمێسکەکانی دەبینی و بە خۆی وت: "گریانەکەش بە باشی نازانێت!"

دوا قسەکانی ئیگۆری بیر هێنایەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. لە کاتێکدا بە هەنگاوە کورتەکانی ڕێگەی دەبڕی، چاوەکانی، گاڵتەکانی و بۆچوونی ئەوی سەبارەت بە ژیان بیر دەهاتەوە.

بە خۆی وت: "بۆ کەسێکی بوێر، ژیان دژوار و مەرگ ئاسانە، بەڵام من نازانم چۆن دەمرم؟"

لە زەینیدا چاوەکانی ئیگۆری وێنا کرد و هەستی بەزەیی بە سەریدا زاڵ بوو.

بوێرییەکی خەمبار لە دڵیدا دروست بوو و هانی دەدا. بیری کردەوە: "دەبێت بۆ پێشەوە بڕۆین".

# وێنەی (10)

ڕۆژی دواتر ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی ئیگۆر بەڕێوە چوو و هەموویان گەڕانەوە بۆ ماڵ. لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و باسی ئیگۆر و کارەکانیان دەکرد. لە دەرگایان دا. سۆفی دەرگای کردەوە و لەگەڵ ساشنکا هاتە ژوور. ئەو کچێکی شاد و پڕ لە هیوا بوو. ئەم ڕۆحیاتە درەوشاوەیە، لە ناو بیرەوەرییە خەمهێنەرەکان، بە دەنگەدەنگ هاتە ژوور بێ ئەوەی تێکەڵ بەو خەمە بێت، وەک تیشکێکی تیژ کە لە ناکاو هێرش بکاتە سەر تاریکی. نیکۆلا بیرمەندانە کێشای بە سەر مێزەکەدا و وتی: "ساشنکا، ئەمڕۆ بە تەواوی گۆڕاوی.!"
بە خۆشحاڵی وەڵامی دایەوە: "لەوانەیە".
دایکی بە مەبەستی سەرکۆنەکردن سەیری کرد. سۆفی بیری خستەوە: "سەبارەت بە ئیگۆر قسەمان دەکرد..."
ساشنکا وتی: "کەسێکی زۆر شەریفە، وایە. هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو... زۆر باش کاری دەکرد! لە کاروباری شۆڕش هونەرمەندێکی ڕاستەقینە بوو و لە تیۆرییە شۆڕشگێڕانەکان وەک مامۆستایەکی گەورە شارەزا بوو. بە هێزێکی تایبەت درۆ و ستەم و زۆرداری شی دەکردەوە!.. زۆر قەرزاری ئەوم".
چاوەکانی ساشنکا پڕ بوو لە بزەیەکی بیرمەندانە و بە هێواشی قسەی دەکرد. بزە، بڵێسەی شادی ناو نیگاکانی نەدەکوژاندەوە. هەندێک کات ڕوو دەدات مرۆڤ خەمێک بۆ خۆی دەکاتە بووکەڵەیەکی مەترسیدار و دڵی پڕ دەکات لە خەم.
نیکۆلا و سۆفی و دایکی نەیاندەویست ڕێگە بدەن خەمەکەیان بڕەوێتەوە، بە هۆی ئەو هەستە خۆشحاڵییەی ساشنکا لەگەڵ خۆی هێنابووی و بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بەرگرییان لە مافی

خەمخواردنی خۆیان دەکرد و بە پێچەوانەی ویستیان، هەوڵیان دەدا ئەو کچە بخەنە ناو بازنەی سەرقاڵییەکانیان..."
سۆفی بە وردی سەیری ساشنکای کرد و وتی: "ئێستا مردووە".
بە نیگا پرسیاری دەکرد: "مرد؟ ناتوانم بەو راستییە رازی بم، سەختە!"
بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا، لە ناکاو وەستا و بە دەنگێکی سەیر وتی: "مردووە مانای چییە؟ کێ مردووە؟ هەستی رێز و خۆشەویستی من بۆ ئیگۆر؟ بۆ هاوڕێکەم؟ ئایا هەموو بیرەوەرییەکانی مردووە؟ ئایا ئەو وێنەیەی لە زەینمدا سەبارەت بە ئیگۆر هەڵمگرتبوو، واتە وێنەی پیاوێکی راستکردار و بوێر، مردووە؟ چۆن ئەمانە هەمووی مردوون؟ نا، هەرگیز نامرن... دەزانم... پێم وابێت ئێمە لە وتنی ئەوەی کە فڵانە کەس مردووە، پەلە دەکەین! ڕاستە لێوەکانی مردوون، بەڵام وتارەکانی لە دڵماندا زیندووە".
لە کاتێکدا بە تەواوی خەمبار بوو، دووبارە دانیشت، ئانیشکی خستە سەر مێزەکە و بە هێواشی وتی: "لەوانەیە قسەکانم بێ واتا بێت، بەڵام هاوڕێیان، من بڕوام بە نەمری کەسە شەریفەکان هەیە، ئەو مرۆڤانەی بەختەوەرییەکی گەورەیان بەخشیوە و من ئێستا چێژی لێ وەردەگرم".
سۆفی پرسی: "چ ڕووداوێکی خۆش ڕووی داوە؟"
ساشنکا سەری لەقاند و وتی: "بەڵێ، پێم وابێت ڕووداوێکی سەرنجڕاکێشە. بە درێژایی شەو لەگەڵ وسێڤ قسەم دەکرد. پێشتر خۆشم نەدەویست، وەک کەسێکی ناحەز و نەزان دەهاتە پێش چاوم... بە راستی وابوو.. بەردەوام توندوتیژی و تووڕەییەکی نامۆی بەرامبەر بە هەموو کەس تیا دەبینرا. هەمیشە پێداگرانە خۆی دەخزاندە چەقی هەر شتێک و بەردەوام باسی خۆی دەکرد، شتێکی بێزارکەر و قێزەون لەم حاڵەدا دەبینرا، هەستی وردە بورژوایەک..."
بزەیەکی کرد و بە چاوە درەوشاوەکانی سەیری چواردەوری

کرد و بەردەوام بوو: "ئێستا بەردەوام باسی هاوڕێکانی دەکات. بە خۆشەویستییەکی ئەوتۆ کە ناتوانی بە هیچ وشەیەک وەسفی بکەی. هەستی بە خودی خۆی کردووە، هێزەکانی دەبینێت و دەزانێت لە چی کەمە و، بە تایبەت هەستی راستەقینەی هاوڕێیەتی و خۆشەویستییەکی زۆر لەودا دەرکەوتووە کە دەم بە پێکەنین بەرەوپیری دژواری و سەختییەکانی ژیان دەڕوات".

پلاگە گوێی لە قسەکانی ساشنکا دەگرت و چێژی لە خۆشحاڵی ئەو کچە دەبینی، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستێکی ئیرەییش لە قووڵایی رۆحیدا دەردەکەوت: "پاڤل لەم ناوەدا چی بە سەر دێت؟"

ساشنکا بەردەوام بوو: "وسیێف چیکێف تەنیا بیر لە هاوڕێکانی دەکاتەوە و دەزانن دەیەوێت چی بۆ بکەم؟ دەیەوێت قەناعەتم پێ بێنێت بۆ ئەوەی پێداویستی هەڵاتنیان ئامادە بکەم... بەڵێ، دەڵێت زۆر ئاسانە".

سۆفی سەری بەرز کردەوە و وتی: "ساشنکا، بۆچوونی تۆ چییە؟ بیرۆکەیەکی باشە!"

پیاڵە چاکەی دەستی دایکی دەلەرزی و دایکی بە ناچاری لە سەر مێزەکە داینا. ساشنکا مۆن بوو و بەری بە هەستەکانی گرت و بۆ ساتێک بێ دەنگ بوو. دواتر زۆر جدی، بەڵام لەگەڵ پێکەنین و بە پەلەپەل وتی: "بە دڵنیاییەوە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێت کە وسیێف باسی دەکات، دەبێت هەوڵ بدەین... ئەوە ئەرکی ئێمەیە".

دوای وتنی ئەم قسەیە، سوور هەڵگەڕا، کەوتە سەر کورسییەکە و بێ دەنگ بوو.

دواتر ساشنکا سەری بەرز کردەوە و سەیری دەوروبەری کرد. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام چاوەکانی دەدرەوشانەوە. بە خەمباری وتی: "پێدەکەنن؟ هۆکارەکەی دەزانم؟ پێتان وایە ئەم کارە بەرژەوەندی خۆمی تێدایە؟"

سۆفی پرسی: "لە بەرچی ساشنکا؟"
دایکی ڕۆیشتە لای ساشنکا و بە ئارامی دەستی بە ناو قژیا گێڕا. ساشنکا دەستی پلاگەی گرت و سەری بەرز کردەوە و بە شەرمەوە سەیری کرد. سۆفی کورسییەکی هەڵگرت و لای ساشنکا دانیشت، دەستی کردە ملی و لە کاتێکدا بە وردی لێی دەڕوانی، وتی: "مرۆڤێکی زۆر سەیری؟"
- بەڵێ، وابزانم وەک گەمژەیەک قسە دەکەم، بەڵام ئەو خەیاڵانەم خۆش دەوێت..."
نیکۆلا بە ڕێزەوە قسەکەی پێ بڕی و وتی: "ئەگەر، ئەگەری هەڵاتنیان هەیە، دەبێت ئەو کارە بکەین، بێ گومان دەبێت ئەو کارە بکەین، بەڵام پێش هەر شتێک دەبێت بزانین هاوڕێکانی زیندان بەم پلانە ڕازین یان نا..!"
ساشنکا سەری داخست. سۆفی کە سەرقاڵی داگیرساندنی جگەرەکەی بوو، سەیرێکی براکەی کرد.
دایکی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: "چۆن دەکرێت ڕازی نەبن، تەنیا پێم وایە ئەم کارە ناکرێت..."
هەموویان بێ دەنگ بوون.
سۆفی وتی: "دەبێت وسێف ببینم".
ساشنکا بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "بەیانی پێتان دەڵێم کەی و لە کوێ دەتوانن بیبینن".
- ئێستا وسێف چی دەکات؟
- بڕیارە وەک پیتچنێک لە چاپخانەیەک دابمەزرێت، ئێستا لە ماڵی ڕاوچی دارستانە.
دووبارە ساشنکا بێ تاقەت بوو، وەک هەمیشە تووڕە و ئاوازی دەنگی گۆڕا.
نیکۆلا لە دایکی نزیک کەوتەوە کە سەرقاڵی شۆردنی پیاڵەکان بوو، وتی: "تۆ دووبەیانی دەڕۆیتە زیندان، دەبێت یاداشتێکی بچوک بە

پاڤل بدەی، ئێمە دەبێت بزانین..."
دایکی خێرا وەڵامی دایەوە: "تێ دەگەم، تێ دەگەم، دڵنیابە یاداشتەکەی پێ دەدەم".
ساشنکا وتی: "من دەڕۆم". دوای ئەوەی دەستی هاوڕێیانی گوشی، بێ ئەوەی قسە بکات، ڕۆیشت.
سۆفی دەستی خستە سەر شانی دایکی و بە پێکەنین لێی پرسی: "پلاگە حەزت دەکرد کچێکی ئاوات هەبوایە؟"
دایکی کە فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ببوو، بە دەنگی بەرز وتی: "خوایە گیان! خۆزگە ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش بێت، ئەوانم پێکەوە دەبینی".
- بەڵێ، بوونی کەمێک بەختەوەری بۆ هەر کەسێک باشە... کاتێک بەختەوەریی مرۆڤ زۆر گەورە بێت، بەهاکەی کەمترە...
سۆفی لە بەردەم پیانۆکە دانیشت و ئاهەنگێکی خەمبزوێنی ژەنی.

# وێنەی (11)

بەیانی ڕۆژی دواتر، دەیان ژن و پیاو لای دەرگا ئاسنەکەی نەخۆشخانە وەستابوون و چاوەڕێی هاتنەدەرەوەی تابووتی هاوڕێکەیان بوون. سیخوڕەکان بە دەوریاندا دەسووڕانەوە و گوێیان هەڵخستبوو بۆ ئەوەی بچوکترین دەنگ ببیستن. بە وردی سەیری ڕوخسار و سیمای کەسەکانیان دەکرد. لە شۆستەکەی ئەوبەر دەستەیەک پاسەوان وەستابوون کە دەمانچەیان بە ناوقەدیانەوە هەڵواسیبوو. گرنگی نەدانی سیخوڕەکان، پێکەنینە گاڵتەئامێزەکانی پاسەوانەکان کە هێزی خۆیان پیشان دەدا، خەڵکەکەی زیاتر تووڕە کرد. دەستەیەک تووڕەیی خۆیان شاردبۆوە و گاڵتەیان دەکرد، دەستەیەکی تر خەمبارانە سەیری زەوییان دەکرد بۆ ئەوەی چاویان لە دیمەنی سووکایەتی پێکردن نەبێت، هەندێکیش نەیاندەتوانی تووڕەیی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و جوێنیان بە بەرپرسەکان دەدا، لە بەر ئەوەی لە هەندێک کەس دەترسان، جگە لە قسە، هیچ چەکێکی دیکەیان پێ نەبوو. ئاسمانی شینباو و کاڵی پاییزی، کۆڵانەکەی ڕووناک دەکردەوە کە بە خڕکەبەردی خۆڵەمێشی ڕاخرابوو. گەڵای زەرد بە ناو کۆڵانەکەدا پەرش‌وبڵاو ببۆوە.

دایکی لە ناو خەڵکەکەدا بوو، لە کاتێکدا ڕوخسارە نەناسراوەکانی دەژمارد، بە خۆی وت: "ژمارەتان زۆر نییە،... ژمارەتان زۆر نییە..!"

دەرگای ئاسنی نەخۆشخانە کرایەوە و تابووتێکی ڕازاوە بە گوڵ و شریتی سوور لە کۆڵانەکە دەرکەوت. پیاوەکان کڵاوەکانیان لابرد، وەک بڵێی دەستەیەک باڵندەی ڕەش بە سەر سەریانەوە هەڵفڕن. ئەفسەری باڵابەرزی سمێڵ فش کە چواردەوری بە پاسەوانەکان گیرابوو، خۆی خستە ناو خەڵکەکە و بێ گوێدان بە هیچ شتێک

پاڵی بە خەڵکەکەوە دەنا و فەرمانی بە سەر خەڵکەکەدا دەکرد: "تکا دەکەم شریتە سوورەکان لێ بکەنەوە!"
ژن و پیاو ئەڵقەیەکی چڕیان لە دەوری پێک هێنا، قسەیان دەکرد و پاڵیان بە یەکترەوە دەنا. بە بەرچاوی دایکی، ڕوخسارە ڕەنگ بزرکاوەکان کە لێویان دەلەرزی، بە شێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ دەجوڵان. فرمێسکی شەرم و ریسوایی بە سەر گۆنای ژنێکدا هاتە خوار...
دەنگی پیاوێکی گەنج لە ناو ئەو قەرەباڵغییە بە گوێ گەیشت: "بڕووخێت ستەمکاری و زۆرداری.!"
دایکی هەستی کرد دڵی لە تاو خەم و ئازاری چینی چەوساوە دەوەستێت. رووی کردە پیاوەکەی تەنیشتی کە جلێکی کۆنی لە بەردا بوو: "تەنانەت ڕێگە بە خەڵک نادەن بەو شێوەیەی دەیانەوێت هاوڕێکەیان بە خاک بسپێرن".
پێکدادان زیاتر دەبوو. تابووتەکە بە سەر دەستی خەڵکەوە دەڕۆیشت. با، یاری لەگەڵ شریتەکان دەکرد. خشەخشی تووڕە و وشکی هاوریشم دەبیسترا.
دایکی بە بینینی پێکهەڵپڕژانی قورس ترسا و خەمبارانە بە کەسانی دەوروبەری وت: "گرنگ نییە، ئێستا کە وای لێ هات، شریتەکان لێ بکەینەوە.. دەبێت ملکەچ بین... گرنگ نییە".
دەنگێکی تووڕە و پاراو بە سەر ئەو ژاوەژاوەدا زاڵ بوو: "داواتان لێ دەکەین ڕێگە بدەن هاوڕێکەمان کە ئەشکەنجەتان کردووە و کوشتووتانە، بە شێوازی خۆمان بە خاک بسپێرین..!"
کەسێک بە دەنگی نزم وتی: "ئێوە لەم شەڕەدا بوونە قوربانی..."
تکا دەکەم شریتەکان لێ بکەنەوە! ژاکۆلۆڤ ئەوان بەرە.
دەنگی شمشێرەکان دەبیسترا کە لە کاولان دەرهاتبوو، دایکی چاوەڕێی هاواری دەکرد. چاوەکانی بەست، بەڵام دەنگەکان هێور بوونەوە. خەڵک دەیاننەڕاند و هاوشێوەی گورگی برسی ددانی

خۆیان پیشان دەدا. دواتر سەریان داخست، بێ دەنگ و لاواز لە دەربڕینی هەستەکانیان بەڕێ کەوتن. کۆڵان پڕ بوو لە دەنگی هەنگاوەکانیان.

درگای تابووتەکە کە شریتەکانی پێوە بوو، لەگەڵ تاجە ژاکاوەکەی لە هەودا دەجولایەوە. پاسەوانەکان دەهاتن لە کاتێکدا سواری ئەسپەکانیان بەملاولادا تلاوتلیان بوو. دایکی لە سەر شۆستەکە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت. بە هۆی قەرەباڵغی خەڵک نەیدەتوانی دەوروبەری تابووتەکە ببینێت. سات بە سات قەرەباڵغییەکە چڕتر دەبوو، بە شێوەیەک کە پانتایی شەقامەکەیان گرت. لە پشت سەری خەڵکەکە، سیمای ڕێک و خۆڵەمێشی سوارەکان دەرکەوت. لە هەر لایەک پاسەوانەکان دەستیان لە سەر شمشێرەکان بوو. دایکی لە هەموو شوێنێک سیخوڕەکانی دەبینی کە بە چاو، سەیری کەسەکانیان دەکرد.

دوو دەنگی دڵگیر پێکەوە دەیانخوێند: "ماڵئاوا هاوڕێ، ماڵئاوا..!"

کەسێک هاواری کرد: "بێ دەنگ، هاوڕێیان بێ دەنگ بن..!"

لەو هەرایەدا، هەست بە توندوتیژی و هەڕەشە دەکرا و خەڵکەکە بێ ئیرادە گوێڕایەڵی بوون. سرووودی پرسەیان بڕی، دەنگەدەنگ نەما، تەنیا دەنگی پێ دەبیسترا. ئەم دەنگە لە سەر سەری خەڵکەکە بەرز دەبۆوە و بەرەو ئاسمانی روون دەڕۆیشت و هاوشێوەی یەکەم دەنگدانەوەی هەورەبروسکە کە هێشتا ئەگەری ڕوودانی لە ئارادا بێت، هەوای دەلەرزاند. بای سارد کە سات لە دوای سات خێراتر دەبوو، تۆزوخۆڵی لە ڕوخسارەکان دەدا، لە کراسی ژنەکان دەئالا، لە قاچەکان گیری دەکرد و بەر سنگەکان دەکەوت.

ئەم مردوو ناشتنە بێ دەنگە، بێ قەشە و بێ سرووودەکانی پرسە، ڕوخسارە بیرمەند و مۆنەکان، دەنگی پێکان کە نیشانەی بڕیار بوو، بە هەموویان هەستێکی ناخۆشی لە دڵی دایکیدا دروست دەکرد. نەیدەتوانی بیر بکاتەوە و خەمەکانی بە قسە خەمبزوێنەکانی

دادەپۆشی:
- جەنگاوەرانی ڕێی ئازادی... ژمارەتان زۆر نییە، ژمارەتان زۆر نییە، بەڵام لێتان دەترسن.!
هەستی کرد ئەو ئیگۆرە بە خاک ناسپێرن کە دەیناسی، بەڵکو شتێکی ئاسایی بە خاک دەسپێرن کە لێی نزیکە و پێویستیەتی. هەستی بە نیگەرانی و پەرێشانی دەکرد. لەگەڵ ئەوانەی شانبەشانی جەنازەکە دەهاتن، کۆک نەبوو، بیری کردەوە: "دەزانم، ئیگۆر بڕوای بە خوا نەبوو، ئەمانیش نییانە".
بەڵام نەیتوانی ئەندێشەکەی تەواو بکات و وەک ئەوەی بیەوێت بارێکی قورس لە سەر ڕۆحی لا بەرێت، ئاخێکی هەڵکێشا: "خوایە گیان، خوایە گیان، ئەی حەزەرەتی مەسیح، ئەگەری هەیە منیش بەم شێوەیە بە خاک بسپێرن؟"
گەیشتنە گۆڕستان. ماوەیەکی زۆر بە ناو گۆڕەکاندا سووڕانەوە. شوێنێکی چۆڵیان دەست کەوت. خاچی بچوکی سپی لێ بوو. خەڵک بە دەوری چاڵێک کۆ بوونەوە، بێ دەنگی باڵی بە سەر گۆڕستانەکەدا کێشا، بێ دەنگیی مەترسیداری زیندووەکان لە گۆڕستان، بەڵگەی شتێکی مەترسیدار بوو کە دڵی دایکی دەلەرزاند. چاوەڕوان و بێ جوڵە بوو. با لە نێوان خاچەکان هەڵیکرد. گوڵە ژاکاوەکان لە سەر تابووتەکە بە خەمباری دەلەرانەوە.
جەندرمەکان چاودێرییان دەکرد، ڕیزیان بەستبوو و بە چاو ئاگایان لە فەرمان و جوڵەی فەرماندەکەیان بوو. گەنجێکی باڵابەرز، سەر رووت و ڕەنگ زەرد، برۆ ڕەش و قژ درێژ، لە چاڵەکە نزیک کەوتەوە. هاوکات دەنگی ئەفسەرەکە بەرز بۆوە: "بەڕێزان!"
ئەو گەنجە بە دەنگێکی پاراو دەستی پێ کرد: "هاوڕێیان!"
ئەفسەرەکە هاواری کرد: "ڕێگە بدەن! دەبێت ئاگادارتان بکەمەوە مۆڵەت بە هیچ وتارێک نادرێت..."
گەنجەکە بە ئارامی وتی: "تەنیا چەند وشەیەک دەڵێم: "هاوڕێیان!"

لە سەر گۆڕی مامۆستا و هاوڕێکەمان سوێند دەخۆین هەرگیز فێرکارییەکانی لە بیر ناکەین و هەرکام لە ئێمە بە درێژایی تەمەن، بێ ماندووبوون، بۆ لە ناو بردنی سەرچاوەی هەموو بەدبەختییەکان، بۆ سڕینەوەی هێزی شەیتانی، واتا چەوساندنەوە و زۆرداری، تێدەکۆشین".

ئەفسەرەکە هاواری کرد: "بیگرن! بەڵام تەقینەوەی دەنگ و هاوارەکان ڕێگەی نەدا کەس دەنگی ببیستێت".

- بڕووخێ حکومەتی ستەمکار و زۆردار..!

پاسەوانەکان خەڵکیان دوور خستەوە و خۆیان گەیاندە وتارخوێنەکە کە چواردەوری گیرابوو و هاواری دەکرد: "بژی ئازادی!"

دایکی بەلایەکدا کەوت. ترسا و باوەشی بە خاچێکدا کرد و لە چاوەڕوانی بەرکەوتنی گورزێک، چاوەکانی داخست. گێژەڵووکەیەک لە دەنگە جۆراوجۆرەکان، کەڕی کرد. زەوی لەژێر قاچی دەلەرییەوە. لە ترسا هەناسەی بۆ نەدەدرا. دەنگی فیکەی پاسەوانەکان لە ئاسماندا بەرز بۆوە. دەنگی تووڕەی فەرماندەی دەبیست. ژنەکان وەک ئەوانەی نەخۆشی بوورانەوەیان هەبێت، دەیانقیژاند. دەنگدانەوەی دەنگی پێی خەڵک لە سەر زەوی دەبیسترا.. ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. پلاگە نەیدەوێرا چاوەکانی بکاتەوە. زیاد لەڕادە ترسابوو. سەیری دەوروبەری کرد و قیژاندی و هەڵات. لەو نزیکانە، لە تولەڕێیەکی نێوان گۆڕەکان، پاسەوانەکان گەنجە باڵابەرزەکەیان گەمارۆ دابوو و لە بەرامبەر هێرشی خەڵکەکە بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. شمشێرە دەرکێشراوەکان بە بریقەی سپی و سارد لە هەوادا دەبریقانەوە، بەرز دەبوونەوە و خێرا دەهاتنە خوار. داردەست و کوتەکەکان دەردەکەوتن و ون دەبوون. هاتوهاواری ترساوی خەڵک وەک گێژەڵووکەیەکی دڕندە بەریەک دەکەوت. هەندێک جار ڕوخساری ڕەنگ زەردی ئەو گەنجە دەبینرا. دەنگە بەهێزەکەی وەک تۆفان دەینەڕاند: "هاوڕێیان! بۆ بێ هۆ خۆتان فیدا دەکەن؟"

خەڵک بە قسەیان کرد. کوتەک و دارەکانی دەستیان فڕێ دا و دەستە دەستە دوور کەوتنەوە. دایکی بە هێزێکی نەشیاو بۆ شکست، بەرەو پێش دەڕۆیشت. نیکۆلای دەبینی کە کڵاوەکەی لە پشت سەریەتی و خۆپیشاندەرە توورەکانی دوور دەخستەوە. بیستی کە سەرکۆنەیان دەکات: "شێت بوون... ئارام بن!"

پلاگە هەستی کرد دەستێکی نیکۆلا تەواو سوور هەڵگەڕاوە.

بەرەو لای ڕۆیشت و هاواری کرد: "نیکۆلا، بڕۆ، لەوێ مەمێنە".

بەوانی دیکەی وت: "بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئێستا لێدانتان بەر دەکەوێت".

کەسێک دەستی خستە سەرشانی دایکی. سۆفی بوو بە سەری رووت و قژی پەرێشان، ژێر باڵی گەنجێکی گرتبوو. ئەم کەسە بە دەستی ڕوخساری ئاوساوی پاک دەکردەوە و بە لێوە لەرزۆکەکانی دەیووت: "وازم لێ بێنن، هیچ نییە.."

سۆفی خێرا دەیووت: "ئاگاتان لێی بێت... بیبەنەماڵەکەی من... ئەوە بگرە، ڕوخساری ببەستە".

"گەنجێکی باڵابەرز بە دەنگی پاراو هاواری کرد: "هاوڕێیان، لە سەر گۆڕی مامۆستا و هاوڕێکەمان سوێند دەخۆین درێژە بە ڕێگەکەی دەدەین و دژی چەوساندنەوە و ستەمکاری تێ دەکۆشین."

لە کاتێکدا دەستی گەنجەکەی خستە ناو دەستی دایکی، دوا پێشنیارەکانی کرد و بە دەم هەڵاتنەوە وتی: "خێرا بڕۆن، ئەگینا دەتانگرن..."

خۆپیشاندەران لە هەموو لایەکەوە گۆڕستانەکەیان جێ دەهێشت... لە پشت سەری ئەوان پاسەوانەکان بە ناو گۆڕەکاندا دەڕۆیشتن. قاچیان لە داوێنی پاڵتۆکانیان دەئاڵا، جوێنیان دەدا و شمشێرەکانیان رادەوەشاند. گەنجەکە بە چاو سەیری دەکردن.

دایکی بە ئارامی وتی: "با خێرا بڕۆین. ڕوخساری پاک کردەوە".

کوڕەکە خوێنی تف کردەوە و لە بەر خۆیەوە وتی: "نیگەران مەبن... ئازارم نییە... بە دەسکی شمشێرەکەی لێی دام، لە سەر و

چاوم، منیش بە دارەکەی دەستم چەند جارێک لێم دا و کەوتە سەر زەوی".

دایکی خێرا بەرەو دەلاقەیەکی بچوکی ناو دیواری گۆڕستانەکە ڕۆیشت و وتی: "خێراکە!"

پلاگە هەستی کرد دوو پاسەوان لە ناو کێڵگەکە خۆیان حەشار داوە و چاوەڕێن و لەگەڵ بینینی ئەو و هاوڕێکەی، بە مەبەستی کوشتن لێیان دەدەن. کاتێک دەرگا بچوکەکەی کردەوە و سەیری دەشتەکەی کرد کە بە پارچەیەکی خۆڵەمێشی پاییزی داپۆشرابوو و بێ دەنگی فەرمانڕەوایەتی دەکرد، هێور بۆوە".

پێشنیاری کرد: "چاوەڕێ بە، ئێستا سەر و چاوت هەڵدەبەستم".

- نا، شەرم لە برینەکانم ناکەم!

دایکی خێرا برینەکانی هەڵپێچا. بە بینینی ڕوخساری خوێناوی ئەو کوڕە گەنجە، خەمبار بوو. کاتێک پەنجەکانی هەستی بە خوێنی گەرم کرد، ترسی بێزکردنەوە رایچڵەکاند. قۆڵی گەنجە بریندارەکەی گرت و بێ ئەوەی قسە بکات، بە ناو کێڵگەکاندا ڕۆیشتن. کوڕەکە دەمی لەژێر باندجەکە دەرهێنا و بە پێکەنین وتی: "هاوڕێ، بۆ کوێم دەبەیت؟ خۆم دەتوانم بە ڕێگەدا بڕۆم".

بەڵام دایکی هەستی کرد ئەو بەلادا دێت و قاچە بچوکەکانی دەلەرزێت.

بە دەنگێک قسەی لەگەڵ دەکرد کە سات لە دوای سات کزتر دەبوو، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت، پرسیاری دەکرد: "ناوم ئیڤانە و تەنەکەچیم... لە ناوەندەکەی ئیگۆر ئێمە سێ کەس بووین، سێ تەنەکەچی و بە گشتی یانزە کەس بووین، زۆرمان خۆش دەویست، جەنابت کێی؟"

لە کۆڵانەکە دایکی گالیسکەیەکی راگرت، ئیڤانی سوار کرد و وتی: "ئێستا بێ دەنگ بە."

بۆ دڵنیایی زیاتر باندجەکەی خستە سەر دەمی کوڕەکە. کوڕەکە

دەستی بۆ ڕوخساری برد، بەڵام نەیتوانی لێوەکانی لەژێر باندجەکە دەربێنێت. دەستی کەوتە سەر ئەژنۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بۆڵەی دەهات: "جەندرمەکان، ئەم گورزەی ئێوە لە بیر ناکەم!... پێش ئیگۆر خوێندکارێکی زانکۆ بە ناوی تیتۆڤیچ زانستی ئابووری فێر دەکردین، بەڵام گرتیان".

دایکی دەستی خستە پشتی ئیڤان و سەری خستە سەر سنگی.

دایکی دەترسا، بە ترس و لەرزەوە سەیری چواردەوری دەکرد. وای دەزانی لە هەر سوچێکی کۆڵانەکە ئێستا پاسەوانێک دێتە دەر، ئیڤان دەگرێت و دەیکوژێت.

گالیسکەچی ئاوڕی دایەوە و بە پێکەنینەوە وتی: "مەشروبی خواردۆتەوە؟"

دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "بەڵێ، زۆری خواردووەتەوە!"

- کوڕتە؟

- بەڵێ، پینەچییە، منیش چێشتلێنەرم.

- کارێکی دوژارە، بەڵێ..

گالیسکەچی دوای ئەوەی قامچییەکەی بۆ ئەسپەکەی درێژ کرد، دووبارە ئاوڕی دایەوە و وتی: "دەزانی، ئێستا لە گۆڕستان شەڕ و پێکدادان بووە... یەکێک لە سیاسییەکانیان بە خاک سپارد کە دژایەتی بەرپرسان و حکومەتی دەکرد، هاوڕێکانی لەگەڵ تەرمەکەی ڕۆیشتن و دروشمیان بەرز دەکردەوە: "بڕوخێت دەسەڵاتی ستەمکار، ئەوانەی خەڵک دەچەوسێننەوە! پۆلیسەکان پەلاماریان دان... دەڵێن چەند کەسێک کوژراوە، بەڵام پۆلیسەکانیان لێدانیان بەرکەوتووە".

گالیسکەچی بە خەمباری و بە دەنگێکی سەیر وتی: "ڕێگە لە مردووەکان دەگرن و تەرمەکان بەئاگا دێننەوە".

شەقە و ڕەقەی گالیسکە لە سەر شەقامی بەردڕێژکراو، دەنگی دەدایەوە. سەری ئیڤان بە ئارامی لە سەر سنگی دایکی دەخزا.

گالیسکەچی ئاوڕی دایەوە و وتی: "چینی چەوساوە تووڕەیە...

ناسەقامگیری لە سەر زەوی قوڵتە دەدات.. بەڵێ، دوێنێ شەو جەندرمەکان هاتنەماڵی دراوسێکەمان و نازانم تا بەیانی چییان کرد. لە کاتی ڕۆیشتن ئاسنگەرێکیان لەگەڵ خۆیان برد.. دەڵێن یەکێک لەم شەوانە بە نهێنی دەیبەنە لای ڕووبارەکە و دەیخنکێنن، بەڵام ئەو ئاسنگەرە داماوە پیاوێکی باش بوو".

دایکی پرسی: "ناوی چییە؟"

- ئاسنگەرەکە.؟ ساوڵی، نازناوەکەی ئۆچنکۆیە. زۆر گەنجە، بەڵام لە زۆر شت تێ دەگات و وەک دەڵێت تێگەیشتن قەدەغەیە... هەندێک جار دەهاتە وێستگەی گالیسکەکان و دەیووت: "ئێوەی گالیسکەچی ژیانێکی سەیرتان هەیە؟"

- دەمووت ڕاستە، ژیانی ئێمە لە ژیانی سەگ خراپترە، بەڵێ.

دایکی وتی: "لێرە بوەستە".

لەگەڵ وەستانی لە ناکاوی گالیسکەکە، ئیڤان ڕاچڵەکی و بەئاگا هاتەوە و ناڵاندی.

گالیسکەچی وتی: "ئەم کوڕە زۆر نەخۆشە.!"

ئیڤان تلاوتل لە حەوشەکە تێپەڕی و لە کاتێکدا هەنگاوەکانی بە دوایدا نەدەڕۆیشت وتی: "هیچ نییە... خۆم دەتوانم بە ڕێگەدا بڕۆم".

# وێنەی (12)

سۆفی پێش ئەوان گەشتبووە ماڵ. پەرێشان و نیگەران لە کاتێکدا جگەرەیەکی بە لێوەوە بوو، بەرەوپیری دایکی هات. بریندارەکەیان پاڵ خست و لەگەڵ دانی فەرمانە پزیشکییەکان، شارەزایانە سەری بەست. دووکەڵی جگەرەکەی چووە چاوی.
- دکتۆر! ئەوان هاتن... پلاگە، ماندوو بوویت؟ زۆر ترسان؟ ئێستا بحەوێنەوە... نیکۆلا، خواردنەوەیەکی گەرم بدە بەو ژنە.
پلاگە لە تاو دڵتەنگی گێژ و وێژ بوو، بە ئەستەم هەناسەی بۆ دەدرا و لە سنگیدا هەستی بە سووتانەوەیەکی بە ئازار کرد.
وتی: "نیگەرانی من مەبن..."
تەواوی جەستەی ترساوی داوای نەوازشێکی ئارامبەخش و کەمێک چاودێری دەکرد.
نیکۆلا لە ژوورەکەی تەنیشت هاتە دەر. دوو دەستەکەی بە باندج پێچرابوو. دکتۆرە قژلوولەکە هاوشێوەی ژیشک بە دوایدا هات. ڕۆیشتە سەر سەری ئیڤان و وتی: "ئاو، ئاوی زۆر بێنن، لەگەڵ لۆکە و پارچەی پاک".
دایکی بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆیشت، بەڵام نیکۆلا قۆڵی گرت و بردی بۆ ژووری نانخواردن و بە میهرەبانی پێی وت: "دکتۆر لەگەڵ تۆی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ سۆفی-یەتی، ئێوە زۆرتان ئازار پێ گەیشتووە، وایە دایە گیان؟"
دایکی وەڵامی نیگا میهرەبانەکەی دایەوە کە قوڵپی گریان قوڕگی گرتبوو: "ئاخ، چەند مەترسیدار بوو. بە شمشێر لە خەڵکیان دەدا... بە شمشێر..!"
نیکۆلا سەری لەقاند و وتی: "منیش لەوێ بووم... هەردوو لا

تووره بوون... به‌لام نیگه‌ران مه‌بن.. پۆلیسه‌كان ته‌نیا به پانی شمشێره‌كانیان به كار بردووه، پێم وابێت ته‌نیا كه‌سێك به قورسی بریندار بووه... ئه‌و كه‌سه لای من كه‌وت و منیش له‌وێ دوورم خسته‌وه".

ده‌نگ و ڕوخساری نیكۆلا و ئه‌و گه‌رمییه‌ی له ژووره‌كه‌دا هه‌ستی پێ ده‌كرا، پلاگه‌ی ئارام كرده‌وه. به ئه‌مه‌كناسییه‌وه سه‌یری خانه‌خوێكه‌ی كرد و پرسی: "ئێوه‌ش زیانتان به‌ركه‌وت؟"

- به‌لێ، به‌لام هه‌له‌ی خۆم بوو... بێ ئه‌وه‌ی بمه‌وێت ده‌ستم به‌ر شتێك كه‌وت و پێسته‌كه‌ی داماڵرا.. چا بخۆنه‌وه. هه‌وا سارده و جلی گه‌رمتان له به‌ردا نییه.

دایكی ده‌ستی بۆ پیاڵه‌ی چاكه درێژ كرد و بینی خوێنی وشكبوو له سه‌ر په‌نجه‌ی جێ ماوه. قۆڵی خسته سه‌ر ئه‌ژنۆی، داوێنه‌كه‌ی ته‌ڕ بوو. چاوی ده‌رپه‌ڕی و به دزییه‌وه سه‌یری په‌نجه‌كانی كرد. سه‌ری گێژ بوو، بیرێك وه‌ك چه‌كوش مێشكی ئازار ده‌دا.. ئه‌مه... ئه‌م به‌زمه... ڕۆژێك ئه‌مه به سه‌ر پاڤل دێت...

دكتۆر هاته ژوور. ته‌نیا كراسێكی له به‌ردا بوو، قۆڵی هه‌ڵ كردبوو. له به‌رامبه‌ر پرسیاره‌كه‌ی نیكۆلا، به ده‌نگی ناسكی خۆی وه‌لامی دایه‌وه: "برینه‌كه‌ی ده‌موچاوی شتێكی وا نییه، به‌لام سه‌ری شكاوه، شكانه‌كه‌یش زۆر گرنگ نییه، كه‌سێكی به‌هێزه، به‌لام خوێنی زۆری لێ ڕۆیشتووه، ده‌یبه‌ین بۆ نه‌خۆشخانه".

نیكۆلا وتی: "له به‌رچی؟ با لێره بێت".

- به‌لێ، له‌وانه‌یه ئه‌مڕۆ و به‌یانی، به‌لام دواتر باشتره له نه‌خۆشخانه بێت. ناتوانم بێمه سه‌ردانی. نووسینی ڕاپۆرتی ڕووداوه‌كه‌ی گۆڕستان له ئه‌ستۆ ده‌گری؟

نیكۆلا وه‌لامی دایه‌وه: "به دڵنیاییه‌وه".

دایكه بێ ده‌نگ به‌ره‌و چێشتخانه‌كه ڕۆیشت.

نیكۆلا پرسی: "بۆ كوێ ده‌ڕۆی؟ سۆفی ده‌توانێت خۆی كاره‌كان

ئەنجام بدات".
پلاگە سەیری کرد و لە کاتێکدا دەلەرزی، بێ ئیرادە وتی: "هەموو گیانم بۆتە خوێن..!"
لە کاتی گۆڕینی جلەکانی لە ژوورەکە، دیسان هۆشی چووە سەر هێمنی ئەم کەسانە و ئەوەی کە چۆن دەتوانن خێرا بەرگەی رووداوە تاڵەکان بگرن. بە هۆی ئەم تێڕامانەوە هاتەوە هۆش خۆی و ترسی لە دڵی دەرکرد. کاتێک بۆ ژووری بریندارەکە گەڕایەوە، سۆفی بەو کەسەی وت: "کارێکی نەزانانەت کرد هاوڕێ!"
گەنجەکە وەڵامی دایەوە: "بوومە ئەرک بۆ ئێوە!"
- قسە نەکەی باشترە.
دایکی لە پشت سۆفی وەستا و دەستی خستە سەر شانی. بە پێکەنین سەیری ڕوخساری بێڕەنگی بریندارەکەی کرد و دەستی کرد بە گێڕانەوەی قسەکانی پیاوی گالیسکەچی و ترسی خۆی. ئیڤان-یش گوێی دەگرت. جارجار ددانی دەکردەوە و بە شەرمەزارییەوە دەیووت: "چەندە گەمژەم".
سۆفی سەرچەفی نەخۆشەکەی چاک کرد و وتی: "باشترە ئێمە بڕۆین و تۆ بحەوێیتەوە".
ئەو دوو ژنە ڕۆیشتنە ژووری نانخواردن. لەوێ لەگەڵ نیکۆلا و دکتۆر ماوەیەکی زۆر سەبارەت بە رووداوەکانی ئەو ڕۆژە قسەیان کرد. هێشتا هیچ نەبووە، سەبارەت بەم کارەساتە وەک ئەوەی شتێکی زۆر دوور بێت، قسەیان دەکرد، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوویان دەڕوانی و کاری بەیانییان ئامادە دەکرد. ئەگەر ڕوخساریان ماندوو بوو، بەڵام بیر و هزریان پڕ لە چالاکی بوو. دکتۆر بە تووڕەیی لە سەر کورسییەکە دەجوڵا و هەوڵی دەدا دەنگە زبر و ناسکەکەی گڕتر و هێورتر بکاتەوە. دەیووت: "پڕوپاگەندە، پڕوپاگەندە! کرێکارە گەنجەکان مافی خۆیانە... دەبێت لە پانتاییەکی گەورەتردا ئاژاوە دروست بکرێت... دەڵێم کرێکارەکان مافی خۆیانە".

نیکۆلا بە خەمباری وەڵامی دایەوە: "لە هەموو شوێنەکان بە هۆی کەمیی کتێب، سکاڵا دەکەن و ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە چاپخانەیەکی باش بەگەڕ بخەین. لۆدمیلا هێز و توانای لە دەست داوە و ئەگەر هاوکارێکی بۆ پەیدا نەکەین، نەخۆش دەکەوێت".
سۆفی پرسی: "وسێف چیکێف چۆنە؟"
- ناتوانێت لە شار بژیت.. لە چاپخانەیەکی تازە دەستی بە کار کردووە، بەڵام کەسێکی دیکەمان پێویستە.
دایکی بە ئارامی پێشنیاری کرد: "من بۆ ئەو کارە بە کەڵک دێم؟"
ئەو سێ هاوڕێیە سەیریان کرد.
سۆفی وتی: "بیرۆکەیەکی باشە".
نیکۆلا وتی: "نا پلاگە، بۆ ئێوە دژوارە. دەبێت بڕۆن و لە دەرەوەی شار بژین و بەم شێوەیە ناتوانن پاڤڵ ببینن و بە شێوەیەکی گشتی..."
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "ئەم بابەتە بۆ پاڤڵ کێشەیەکی گەورە نابێت، هەروەها بۆ منیش. ئەم چاوپێکەوتنانە ئازارم دەدات، ناتوانین باسی هیچ بکەین. کوڕەکەم وەک نەزانێک سەیرم دەکات. ئەوان چاودێریمان دەکەن".
لەم ڕووداوانەی دوایی شەکەت و بێزار بوو و ئێستا کە دەرفەتێک هاتبووە پێش، بۆ ئەوەی ماوەیەک لە شار دوور بێت، نەیدەویست لە کیسی بدات.
بەڵام نیکۆلا بابەتەکەی گۆڕی. لە دکتۆری پرسی: "بیر لە چی دەکەیتەوە؟"
وەڵامی دایەوە: "بیر لەوە دەکەمەوە کە ژمارەمان کەمە... دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین.. دەبێت کارێک بکەین ئاندرێ و پاڤڵ لە زیندان هەڵبێن، بوونی ئەوان بەهادارە، نابێت بێکار بن".
نیکۆلا ڕووی گرژ کرد و بە گومانەوە سەری لەقاند. سەیری دایکی کرد. پلاگە زانی بە بوونی ئەو شەرم دەکەن باسی کوڕەکەی

بکەن و لە بەر ئەمە ڕۆیشتە ژوورەکەی. تووڕە بوو لەو کەسانەی گرنگییان بە خواست و داواکارییەکانی نەدەدا.
پاڵ کەوت و بە چاوی کراوە ڕێگەی دا نیگەرانی بە سەریدا زاڵ بێت. چپەچپی ئەوان وەک لایلایە بوو. ئەو ڕۆژەی تێپەڕیبوو، لای پلاگە بێ ناوەڕۆک و پڕ لە ئاماژەی هەڕەشەئامێز دەهاتە پێش چاو، بەڵام ئەم ئەندێشانە بۆ ئەو دژوار بوو، هەمووی لە مێشکی خۆی دەر کرد و بیری لە پاڤڵ کردەوە. دەیویست بە ئازادی بیبینێت، بەڵام لەم بیرکردنەوەیەش دترسا. هەستی دەکرد لە دەوروبەری هەموو شتێک شپرزە و دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت و پێکدادانەکان زۆرتر دەبێت. خۆڕاگری خەڵک بۆ تووڕەییەکی لە بن نەهاتوو دەگۆڕا. خەڵک زیاتر تووڕە دەبوون، قسەی نەشیاو بڵاو دەبۆوە، لە هەموو شوێنێکەوە شنەیەکی نوێ، شنەیەکی ورووژێنەر دەهات... لە دوکان و بازاڕەکان، لە ناو نۆکەر و خاوەن پیشەکان بە گەرموگوڕی باسی بڵاوکراوەکانیان دەکرد. هەر گرتنێک لە شار ڕەنگدانەوەیەکی تۆقێنەری لێ دەکەوتەوە و هەندێک کات بێ ئەوەی خەڵک ئاگادار بن، خۆشەویستییان بۆ کەسەکە دەردەبڕی و دەبووە هۆی ئەوەی لێکدانەوە بۆ هۆکارەکانی گرتنەکەی بکەن. دایکی بە زۆری دەیبیست خەڵک ئەو وشانە دێننە سەر زمان کە پێشتر لێی دەترسان، وەک: "سۆسیالیستەکان، سیاسەت، شۆڕش، ڕاپەڕین و... بە تانە و گاڵتە ئەم وشانەیان دووبارە دەکردەوە، بەڵام ئەم گاڵتەکردنە پێویستی فێربوونی نەدەشاردەوە، بە تووڕەیی دەیانهێنایە سەر زمان، بەڵام لەژێر ئەو تووڕەییە، ترسیش خۆی مەڵاس دابوو، بیرمەندانە و تێکەڵ بە هیوا و هەڕەشە، دەریاندەبڕی... ئاژاوە لە ژیانی کپ و تاریکدا بە شێوەی بازنەیەکی فراوان بڵاو دەبۆوە. هزری نووستوو بەئاگا دەهاتەوە. چیتر بە ئارامی و هێزی پێشوو سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕۆژ گفتوگۆیان نەدەکرد. دایکی باشتر لە هاوڕێکانی درکی بەم خاڵە دەکرد، چونکە زیاتر ئاشنای ڕوخساری خەمهێنەری

ژیانیان بوو، لێیانەوە نزیک بوو. دەیبینی چینی بیرکردنەوە و توورەیی لە سەر ڕوخسارەکان دەنەخشێنرێت، هەم خۆشحاڵ بوو، هەم نیگەران. خۆشحاڵ بوو لەوەی خەڵک تینووی شتێکی تازەن و ئەم گۆڕانکارییەی بە دەرئەنجامی هەوڵەکانی کوڕەکەی دەزانی. لە لایەکیش دەترسا، چونکە دەیزانی لەگەڵ بەربوونی لە زیندان، لە مەترسیدارترین شوێن، لە سەرەوەی هاوڕێکانی جێگیر دەبێت و ئەگەری هەیە بکوژرێت.

پلاگە زیاتر هەستی دەکرد ئەو بیر و هزرە گەورانەی بۆ مرۆڤایەتی پێویستن، لەودا بەریەک دەکەون. دەیبینی پێویستیەتی سەبارەت بە راستی قسە بکات، بەڵام کەموزۆر هەرگیز نەیدەتوانی ئەم ئاوتەی بەدی بێنێت. هەندێک جار وێنەی کوڕەکەی، وەک وێنەی پەیکەرێکی دێوئاسای پاڵەوانی ئەفسانەیی دەردەکەوت. هەموو ئەو قسە راست و بەهێزانەی بیستبووی، هەموو هەستوسۆزەکان و تەواوی ئەو شتە گەورە و رووناکیبەخشانەی دەیناسی، هەمووی لە کوڕەکەیدا کۆ دەکردەوە. دواتر تامەزرۆیانە سەیری دەکرد، بە دڵێکی پڕ هیوا بە خۆی دەوت: "دۆخەکە زۆر باش دەبێت!.. باشە!"

سۆزی دایکایەتی بڵێسەی دەسەند و دڵی دەگوشی، بەڵام ئەم ئاگری عەشقەی لە دڵیدا دەکوژاندەوە و ئیتر لە جێگەی ئەم هەستە گەورەیە، جگە لە هزرێکی خەمبار هیچ نەدەمایەوە کە شەرمنانە لە سەر خۆڵەمێشی پەرێشانی دەیترپاند.

- تێدا دەچێت... تێدا دەچێت!

درەنگانی شەو خەوێکی قووڵ پلاگەی بردەوە، بەڵام بەیانی زوو بەئاگا هاتەوە، لە کاتێکدا ئێسقانەکانی دەیانزریکاند و سەری قورس بوو.

# وێنەی (13)

کاتی نیوەڕۆ، دایکی لە نووسینگەی زیندان بوو. بە چاوی نیگەران سەیری دەموچاوە نەتاشراوەکەی پاڤڵ-ی دەکرد کە لە بەرامبەری دانیشتبوو. نامەکەی لە نێوان پەنجەکانی شاردبۆوە و چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوی دەکرد بۆ ئەوەی پێی بدات.
پاڤڵ بە ئارامی وتی: "من و هاوڕێیان حاڵمان باشە، خۆت چۆنی؟"
دایکی بێ ئاگا وەڵامی دایەوە: "زۆر باشە، ئیگۆر مرد!"
پاڤڵ سەری داخست و وتی: "بە راست؟"
پلاگە بە سادەیی وەڵامی دایەوە: "پۆلیس لە کاتی ناشتنی هات، شەڕ دروست بوو، کەسێکیان گرت".
یاریدەدەری لێپرسراوی زیندان هەڵستا و بە تووڕەیی وتی: "باسی ئەو بابەتە مەکەن... قەدەغەیە.. خۆتان باش دەزانن... بابەتی سیاسی قەدەغەیە..."
دایکی هەڵستا و وەک ئەوەی بیەوێت داوای لێبوردن بکات، وتی: "باسی سیاسیمان نەدەکرد، باسی شەڕمان دەکرد، بە راستی لە یەکیان دا... تەنانەت سەری کەسێک شکا.."
- جیاوازی نییە، تکا دەکەم لەو بارەوە قسە مەکەن. واتە سەبارەت بە هەر شتێک کە پەیوەندی بە خۆتان، خێزانەکەتان یان ماڵەکەتانەوە نییە، قسە مەکەن...
لە بەر ئەوەی هەستی کرد روونکردنەوەکانی پێویست نییە، لە پشت مێزەکەی دانیشت. بەڵگەکانی ئەرشیف کرد و خەمبار و ماندوو وتی: "من لێپرسراوم".
دایکی سەیری کرد و خێرا نامەکەی خستە دەستی پاڤڵ. بە دڵتەنگی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "بە راستی نازانم باسی چی بکەم..!"

پاڤڵ پێکەنی و وتی: "هەروەها منیش".
لێپرسراو بە تووڕەیی بیری خستنەوە: "کەواتە چاوپێکەوتن سودی نییە، نازانن باسی چی بکەن، دێن و دەبنە ئەرک بۆ ئێمە".
دایکی دوای ساتیک بێ دەنگی، پرسی: "کەی دادگایی دەکرێیت؟"
- چەند ڕۆژ پێش داواکاری گشتی هات و وتی بەم زووانە دادگایی دەکرێیت.
گفتوگۆی ئاساییان کرد. دایکی دەیبینی پاڤڵ بە خۆشەویستی لێی دەڕوانێت. نەگۆڕاوە، ئارام و هێژایە، تەنیا ریشی درێژ بووە و پیرتر دەردەکەوێت. مەچەکی دەستی سپیتر بووە. پلاگە ویستی دڵی خۆش بکات و باسی وسێف چیکێف بکات. بێ ئەوەی ئاوازی دەنگی بگۆڕێت و بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی وتی: "بە راست بیرم نەبوو، زڕکوڕەکەتم بینی".
پاڤڵ بە نیگا پرسیاری لە دایکی دەکرد. دایکی بۆ وێناکردنی دیمەنی گڕوێی وسێف، بە پەنجە ئاماژەی بۆ شوێنە جیاوازەکانی دەموچاوی دەکرد و وتی: "زۆر باشە، کوڕێکی بەهێز و چالاکە، بەم زووانە دەست بە کار دەبێت، بەردەوام داوای کاری قورسی دەکرد، لە بیرتە؟"
پاڤڵ تێگەیشت و سەری لەقاند و لە کاتێکدا بزەی خۆشحاڵی چاوەکانی رووناک کردەوە، وتی: "ئەها، بەڵێ لە بیرمە".
بە رەزامەندییەوە وتی: "تەواو، هەر ئەوەندە".
لە خۆی رازی بوو و خۆشحاڵی کوڕەکەی کاری تێ کرد. کاتێک ویستی بڕوات، پاڤڵ دەستی گوشی و وتی: "سوپاس دایکە".
هەستێکی خۆش هاوشێوەی مەستی و سەرخۆشی ناخی دایکی گرتەوە.
- حاڵی باشە!
- نامەکەتان پێی دا؟
- بەڵێ.

- خوێندییەوە؟
- نا، چۆن دەکرا بیخوێنێتەوە!
کچەکە بە هێواشی وتی: "ڕاستە... بیرم نەبوو. دەبێت هەفتەیەکی دیکە چاوەڕێ بین... ئێوە دەڵێن چی؟ ڕازی دەبێت یان نا؟" سەیری دایکی دەکرد.
دایکی وەڵامی دایەوە: "نازانم... پێم وابێت.. بۆ ئەو کارە نەکات؟ ترسی نییە...
ساشنکا سەری لەقاند و بە ساردی پرسی: "نازانین چی بە نەخۆشەکە بدەین؟ دەڵێ برسیمە..."
- دەتوانین هەموو شتێکی پێ بدەین... هەموو شتێک! ئێستا.
ڕۆیشتە چێشتخانە و ساشنکا بە دوایدا ڕۆیشت.
دایکی دانەوی بۆ ئەوەی مەنجەڵەکە هەڵبگرێت.
کچەکە بە ئارامی وتی: "چاوەڕێ بە!"
ڕەنگی ڕوخساری پەڕی، چاوەکانی گەورە بوو، بە ترس و لەرزەوە وتی: "دەمویست لێت بپرسم... دەزانم ڕازی نابێت! جەنابت قەناعەتی پێ بکە... بڵێ بوونی بۆ ئێمە زۆر پێویستە و ناتوانین چاوپۆشی لێ بکەین... دەترسم نەخۆش بکەوێت... زۆر دەترسم... هێشتا ڕۆژی دادگاییەکەی دیاری نەکراوە".
دیار بوو کچەکە بە دژواری قسە دەکات. هەوڵدان بۆ قسەکردن هەموو گیانی خستبووە لەرزین. سەیری دایکی نەدەکرد، دەنگی وەک تەلێکی باریک بوو کە رایدەکێشن و لە ناکاو دەپچڕێت. پێڵوەکانی داکەوتبوو، لێوی خۆی دەگەست و جومگەکانی پەنجەی دەتەقاند.
دایکی بە بینینی ئەم حاڵەتەی کچەکە واق ما، بەڵام لە مەبەستەکەی تێ گەیشت. ساشنکای لە ئامێز گرت و بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "کچە ئازیزەکەم، ئەو جگە لە خۆی، گوێ لە قسەی کەس ناگرێت".
ئەو دوو ژنە ماوەیەک بێ دەنگ لە ئامێزی یەکتردا مانەوە. دواتر

ساشنکا بە ئارامی لە ئامێزی دایکی هاتە دەر و وتی: "بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەی! ئەمانە قسەی بێ مانان.. دەمارەکانم..."
لە ناکاو ئارام بۆوە، بە ئاسانی جێبەجێ بوو: "بەڵام دەبێت خواردن بە بریندارەکە بدەین".
لە لای سەری ئیڤان دانیشت و هاوڕێیانە پرسی: "سەرت زۆر دێشێت؟"
ئیڤان لە شەرما سەرچەفەکەی تا لای چەناگەی بەرز کردەوە و وەڵامی دایەوە: "نا ئازارم زۆر نییە، تەنیا شتێکی نامۆ هەیە، بێ هێزم".
وەک ئەوەی ڕووناکی زۆری بینیبێت، برژانگەکانی بەریەک دەکەوت. ساشنکا زانی گەنجەکە ڕووی نییە لە بەرچاوی ئەو نان بخوات و لە بەر ئەوە لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەر.
ئیڤان لە سەر تەختەکە دانیشت، بە چاو سەیری دەکرد و وتی: "چەند کچێکی نازدار و جوانە!"
چاوی گەنجەکە گەش و شادومان بوو، ددانە وردەکانی لە یەک دەسوو و هێشتا دەنگی دوودانگ بوو.
دایکی بیرمەندانە پرسی: "تەمەنت چەندە؟"
- حەڤدە ساڵ...
- دایکت و باوکت لە کوێن؟
- لە گوندن... حەوت ساڵە لێرەم، کاتێک خوێندنگەی سەرەتاییم تەواو کرد، لە گوندەوە هاتم... هاوڕێ، ناوی جەنابت چییە؟"
پلاگە هەرکات بە هاوڕێ ناویان دەبرد، خۆشحاڵ دەبوو. بە پێکەنین پرسی: "بۆ دەتەوێت بزانی؟"
گەنجەکە بە شەرمەوە دوای چەند سات بێ دەنگی وتی:
- سەیر بکەن.. خوێندکارێک لە ناوەندەکەی ئێمە... واتە ئەو کەسەی کتێبی بۆ دەخوێندینەوە... سەبارەت بە دایکی پاڤڵ ڤیلاسیێف، ئەوەی لە خۆپیشاندانی 1ی ئایار بووە، قسەی دەکرد.

دایکی سەری لەقاند و گوێی گرت. گەنجەکە بە سەرفەرازی وتی: "ئەو کەسە، یەکەم کەس بوو ئاڵاکەی ئێمەی شەکاندەوە و سەربەرزی ئەو لە دڵمان رەنگی دایەوە. من لەوێ نەبووم. ئێمەش دەمانویست لێرە خۆپیشاندان بکەین، کەچی نەمانتوانی، ژمارەمان کەم بوو، بەڵام ئەمساڵ جیاواز دەبێت".

بیرکردنەوە لە ڕووداوەکانی داهاتوو چێژی پێ دەبەخشی. کەوچکەکەی لەقاند و وتی: "باسی دایکی پاڤڵ-مان دەکرد... دوای گرتنی کوڕەکەی، ئەویش بۆتە ئەندامی حزب... دەڵێن پیرەژنێکی سەرسوڕهێنەرە".

پلاگە لە دڵەوە پێکەنی، هەم پێی خۆش بوو، هەم دڵتەنگ بوو. دەیویست بڵێت من دایکی پاڤڵ-م، بەڵام بەری بە خۆی گرت و بیری کردەوە: "ئاخ، چەند پیرێکی نەزانم".

وتی: "خواردنەکەتان بخۆن بۆ ئەوەی بە دوای ئامانجە پیرۆزەکانتاندا بڕۆن. ئامانجی گەل پێویستی بە شان و باسک و دڵی پاک و بێگەردی ئێوەیە... ئەم هێزانەن دەبنە هۆی زیندوومانەوەی ئامانج و بە هۆی ئەم هێزانەیە خراپە و چەوساندنەوە لە سەر زەوی نامێنێت".

دەرگا کرایەوە و سەرمای شێداری پاییز هاتە ژوور. سۆفی شادومان هات.

- بەڵێنی شەرەف دەدەم سیخوڕەکان وەک کەسێکی دۆڕاو کە بە دوای کچێکی بەڕێزەوە بن، شوێنم کەوتوون. دەبێت لێرە بڕۆم.. ئیڤان تۆ چۆنی؟ باشی؟ بە ڕاست پلاگە، پاڤڵ چی دەڵێت؟ ساشنکا لێرەیە؟

لە ئیڤان نزیک کەوتەوە و وتی: "کوڕم، هیوادارم زوو باش بیتەوە". بەرەو ژووری نانخواردن ڕۆیشت. لەوێ سۆفی بە ساشنکای دەوت: "ئەو ژنە هێشتا هیچ نەبووە سێسەد دانەی ئامادە کردووە، ئەوەندە کار دەکات خۆی لە ناو دەبات. زۆر ئازایە! دەزانی ساشنکا

ژیان لەگەڵ ئەو کەسانە و هاوڕێیەتی کردنیان بۆ من شانازییەکی زۆر گەورەیە".
کچەکە بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".
دەمەو ئێوارە سۆفی وتی: "دایکە، پێویستە دووبارە سەردانی گوند بکەیت.
- بە خۆشحاڵییەوە، کەی دەبێت بڕۆم؟
- سێ ڕۆژی تر... باشە؟
- بەڵێ.
نیکۆلا ئامۆژگاری کرد: "بەڵام بە پێ مەڕۆن، ئەسپ بە کرێ بگرن و لە ڕێگەیەکی دیکەوە بڕۆن کە لە بەشی نیکۆلۆسکی تێپەڕ دەبێت".
بێ دەنگ بوو. گرژی لە ڕوخساری دەباری.
دایکی وتی: "لەوێوە ڕێگە دوور دەبێتەوە، جیا لەوە بە کرێ گرتنی ئەسپەکە پارەی زۆری دەوێت".
نیکۆلا وتی: "بە گشتی من دژی ئەم گەشتانەم، ئەم ناوچەیە شڵەژاوە. گرتنەکان دەستی پێ کردۆتەوە، مامۆستایەکیان گرتووە. دەبێت زیاتر ئاگامان لە خۆمان بێت، وا باشە کەمێک چاوەڕێ بین".
دایکی بە پێکەنین وتی: "واتە لە زیندان ئەشکەنجە ناکەن؟"
سۆفی کێشای بە مێزەکەدا، بیری خستنەوە: "بۆ ئێمە گرنگە بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان بێ پچڕان بەردەوام بێت".
لە ناکاو لە دایکی پرسی: "پلاگە، لە ڕۆیشتن بۆ ئەوێ ناترسی؟
دایکی دڵتەنگ بوو.
- من کەی ترساوم؟ تەنانەت جاری یەکەمیش نەترسام. ئێستا ئێوە...
بێ ئەوەی قسەکەی تەواو بکات، سەری داخست. هەرکات لێیان دەپرسی دەترسێت یان نا، دەتوانێت کارێک ئەنجام بدات، ئاسانە یان نا، هەستی دەکرد هاوڕێکانی دووری دەخەنەوە و بەو شێوەیەی لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن، لەگەڵ ئەو نایکەن.

سەرەتاکان کاتێک ڕووداوێکی گرنگ ڕووی دەدا، خەمبار دەبوو، بەڵام دواجار کەوتە ژێر کاریگەری بیری شۆڕش و بەردەوام دەیویست زیاتر هەوڵ بدات، لە بەر ئەوە لە پرسیارەکەی سۆفی دڵتەنگ بوو.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "پرسیار کردن لەوەی کە دەترسم یان شتی لەو شێوەیە، بێ هۆیە، بۆ دەبێت بترسم؟ ئەو کەسانەی موڵک و ماڵیان هەیە دەترسن، بەڵام من چیم هەیە؟ تەنیا کوڕێک... سەبارەت بەو دەترسام... دەترسام ئەشکەنجەی بکەن، دەترسام خۆیشم ئەشکەنجە بکەن، بەڵام ئێستا کە ئەشکەنجە لە گۆڕێدا نییە، شتەکانی دیکە گرنگ نین".

سۆفی وتی: "لە من زویر بووی؟"

- نا، بەڵام قەت لە کەس مەپرسە دەترسی یان نا...

نیکۆلا چاویلکەکەی لابرد و دووبارە داینایەوە و سەیری خوشکەکەی کرد. بێ دەنگی و شەرم بڵاو بۆوە. دەیویست دووبارە بە دڵتەنگی قسە بکات، بەڵام سۆفی بە ئارامی دەستی گرت و وتی: "داوای لێبوردن دەکەم، ئیتر هەرگیز ئەو پرسیارە ناکەم".

دایکی پێکەنی. چەند سات دواتر هەرسێکیان بە میهرەبانی، بەڵام زۆر جدی باسی گەشت بۆ گوندیان دەکرد.

# وێنەی (14)

بەرەبەیان دایکی لە ناو ئامێرێکی گواستنەوە بوو، کە لە سەر جادەی تەڕبوو بە بارانی پاییزی دەڕۆیشت. بایەکی شێدار هەڵیکرد، قوڕ و لیتەی زۆری بەملاولادا دەپرژاند. گالیسکەچی لە سەر لێواری گالیسکەکەی دانیشت، رووی لە پلاگە بوو و بە دەنگێکی منگن و خەمبار دەردەدڵی دەکرد:

"پێم وت، بە براکەم، وتم با میراتەکەمان دابەش بکەین! دابەشمان کرد..."

لە ناکاو قامچییەکی لە ئەسپی لای راست دا و بە تووڕەیی هاواری کرد: "ئاژەڵی نەکبەت، دەڕۆی یان نا!"

قەلەڕەشی قەڵەوی پاییزی، بە ریزەوە بە ناو کێڵگە رووتەنەکاندا دەسووڕانەوە، با، بە هاشوهوش سەردانی دەکردن، قەلەڕەشەکان لاتەنیشتی خۆیان دەخستە بەر گڤەی با و بەم شێوەیە پەرێشان دەبوون و تلیان دەخوارد، دواتر تەسلیمی با دەبوون، باڵە تەمەڵەکانیان دەجولاند و دەفڕین.

گالیسکەچی بەردەوام بوو: "سەرئەنجام فێڵی لە من کرد... بینیم هیچ چارەیەک نییە".

ئەم قسانە وەک ئەوەی لە خەوندا بێت، لە گوێی دایکیدا دەزرنگایەوە. هزرێکی نامۆی لێ کەوتەوە. زنجیرەی درێژی رووداوەکانی ئەم ساڵەی دوایی، بە ناو مێشکیدا هاتوچۆیان دەکرد. پێشتر وای دەزانی کە ژیان دیار نییە لە کوێ و بە دەستی کێ و بۆچی هاتۆتە ئافراندن، بەڵام ئێستا شتی زۆر لە بەرامبەر چاوەکانی بوو کە بە هاوکارییان دەگەیشتنە ئەنجام و هەستێکی نامۆی لەودا دەخولقاند. ئەم هەستە،

پەرێشانی، خەمێكی شیرین، لەخۆڕازیبوون و بێ باوەڕی بوو. لە دەوروبەری هەموو شتێک بە جوڵەیەكی خاو دەلەرییەوە. لە ئاسمان، هەورە خۆڵەمێشییەكان خەرامان دەڕۆیشتن و هەندێكیان پێش ئەوانی دیكە دەكەوتن. لە هەردوو لای جادەكە، دارە تەڕەكانی بەر باران، كە نووكی رووتیان دەلەرییەوە، هەڵدەهاتن. كێڵگەكان بە شێوەی بازنەیی درێژ دەبوونەوە. تەپۆڵكەكان دەردەكەوتن و ون دەبوون. وەک بڵێی ئەو ڕۆژە پەرێشانە بۆ پێشوازی شتێكی دوور و پێویست دەڕۆیشت.

دەنگی منجی گالیسكەچی، دەنگدانەوەی زەنگوڵەكان، فیكەی شێدار و گڤەگڤی با، دەبووە رووبارێكی پێچاوپێچ كە بە هێزێكی یەكسان بە سەر كێڵگەكاندا بڵاو دەبۆوە و بیر و هزرەكانی بەئاگا دەهێنایەوە.

گالیسكەچی هێشتا لە سەر لێواری گالیسكەكەی بوو، وتی: "پیاوی تەماحكار لە ئاسمانیش جێگەی نابێتەوە.. هەمیشە وابووە. براكەم زۆر چاوچنۆكە، زۆری لێ كردووم و ژیانی لە من تاڵ كردووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی حكومەت زۆر باشە".

كاتێک گەیشتنەماڵێكی ئاست نزم، ئەسپەكانی كردەوە و نائومێدانە بە دایكی وت: "دەكرێت پێنج كوپەک-م پێ بدەیت تاكو بتوانم شتێک بخۆمەوە".

دایكی پارەكەی پێ دا. گالیسكەچی لە سەر بەری دەستی دوو سكەی بچوكی لە یەک دا و وتی: "بایی سێ كوپەک عارەق دەكڕم و دوو كوپەک دەدەم بە نان".

دوای نیوەڕۆ، دایكی شەكەت و ماندوو گەیشتە گوندی نیكۆلۆسكی. ڕۆیشتە میوانخانەیەک، داوای چای كرد و دوای ئەوەی جانتا قورسەكەی لەژێر مێزەكە شاردەوە، لە نزیک پەنجەرەكە دانیشت، سەیری گۆڕەپانەكەی كرد كە بە گیای زەرد و پێشێلكراو داپۆشرابوو، هەروەها بینای قایمقامیەت كە خانوویەكی گەورەی خۆڵەمێشی و ڕەش بوو. جووتیارێكی كەچەڵی ریشن لە سەر پلیكانەكان دانیشتبوو

و نیرگەلەی دەکێشا.
هەورەکان بە شێوەی کۆمەڵەی چڕ و تاریک رایان دەکرد و تێکەڵی یەکتر دەبوون. هەست بە بێ دەنگی دەکرا. خەم لە هەموو شتێک بەرز دەبۆوە، وەک بڵێی ژیان خۆی حەشار دابێت.
لە ناکاو ئەفسەرێکی قەزاق چوارناڵی هاتە ناو گۆڕەپانەکە. ئەسپە زەردباوەکەی لە بەردەم پلیکانەی فەرمانگەکە راگرت، قامچییەکەی راوەشاند و چەند قسەیەکی لەگەڵ جووتیارەکە کرد. دەنگی لە شووشەکان گوزەری دەکرد، بەڵام دایکی نەیدەتوانی لێی تێ بگات. جووتیارەکە هەڵستا. دەستی بەرەو ئاسۆ درێژ کرد. ئەفسەرەکە بۆ خوارەوە بازی دا، تلاوتلی کرد، هەوساری ئەسپەکەی بۆ ئەو پیاوە هاویشت، بە زۆر خۆی بە تەختەبەنەکانەوە هەڵواسی و سەرکەوت و لە ناو بیناکە ون بوو.
دووبارە بێ دەنگی باڵی بە سەر هەموو لایەکدا کێشا. دیسان ئەسپە زەردباوەکە سمی بە عەرزدا کوتا. کچێکی نازداری دەموچاو خڕ هاتە ژوورەکەی پلاگە. قژی لە پشتەسەری کۆکردبۆوە. لێوەکانی ناسک بوو، سینییەکی گەورەی پڕ لە قاپی لە سەر دەستەکانی هەڵگرتبوو.
دایکی هاوڕێیانە سڵاوی لێ کرد: "سڵاو کچی جوان.!"
- سڵاو.
کچە لەگەڵ کۆکردنەوەی قاپ و پیاڵەکانی سەر مێزەکە، لە ناکاو وتی: "چەتەیەکیان گرتووە، دەیهێنن بۆ ئێرە!"
- ئەو چەتەیە کێیە؟
- نازانم...
- چی کردووە...؟
- نازانم، تەنیا بیستم وتیان چەتەیەکیان گرتووە. پاسەوانی قایمقامیەت رۆیشتووە بە دوای پۆلیسدا.
دایکی سەیری پەنجەرەکەی کرد و بینی جووتیاران لێی نزیک

دەبنەوە. هەندێکیان لەسەرخۆ بە ڕێگەدا دەڕۆیشتن و هەندێکیان پەلەیان بوو و لە کاتی ڕۆیشتن قۆپچەی پاڵتۆکانیان دەکردەوە. هەموویان لە بەردەم پلیکانەی بیناکە وەستابوون و سەیری لای چەپیان دەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر بێ دەنگ بوون.
کچەکە سەیری کۆڵانەکەی کرد، تەقەی دەرگاکە هات و ڕۆیشتە دەر.
دایکی هەڵستا و زۆر بە وردی جانتاکەی لەژێر مێزەکە شاردەوە. دواتر لەچکی کرد و خێرا هاتە دەر. دەیویست بۆ خێرا هاتنەدەر و پەلەکردنەکەی خۆی سەرکۆنە بکات.
کاتێک گەیشتە بەردەم میوانخانەکە، سەرمایەکی توند بەرچاو و سنگی کەوت. هەناسەی سوار بوو، قاچی تەزی. بینی ریبین لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە، لە نێوان دوو پاسەواندایە و دەستیان لە پشتەوە بەستۆتەوە. لە دەرەوەی بیناکە ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران بێ دەنگ چاوەڕێیان دەکرد. دایکی گێژ و بێ ئەوەی سەرنج بەو شتانە بدات کە دەیبینی، چاوی لەسەر ریبین هەڵنەدەگرت. ئەم پیاوە قسەی دەکرد و دایکی دەنگی دەبیست، بەڵام وشەکان دەپەڕین بێ ئەوەی هیچ دەنگدانەوەیەک لە ناو دڵی تاریکی دروست بکات.
هاتە خۆی و هەناسەی وەرگرت. جووتیارێکی ریش قاوەیی و چاوشین سەیری دەکرد. پلاگە کۆکی، دەستی بە قورگیدا دەهێنا و بە زۆر پرسی: "چی رووی داوە؟"
جووتیارەکە ئاوڕی دایەوە و لە وەڵامدا وتی: "خۆتان سەیر بکەن!"
جووتیارێکی دیکە نزیک کەوتەوە و لای ئەوان وەستا.
پاسەوانەکان لە بەردەم خەڵکەکە وەستان کە سات لە دوای سات زیاتر دەبوون، بەڵام بێ دەنگ بوون. لە ناکاو دەنگی ریبین بەرز بۆوە: "ئەو نووسراوانەی باسی ڕاستییەکانی ژیانی ئێمە دەکەن، بیستووتانە؟ منیان لە بەر ئەو بڵاوکراوانە دەستگیر کردووە لە بەر ئەوەی ئەو نووسراوانەم لە ناو خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە".

خەڵک لە دەوری ریبین کۆبوونەوە. دەنگی ئارام بوو و ئارامی بە دایکی دەبەخشی.
هاوڕێی ئەو جووتیارە چاوشینە، بە ئەنیشک لە کەلەکەی دا و پرسی: "دەبیستی؟"
ئەم کەسە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە سەری بەرز کردەوە و سەیری دایکی کرد. جووتیاری دووەمیش ئەو کارەی کرد. ئەم پیاوە، لەوەی یەکەم گەنجتر و ڕوخساری لاواز و پەڵاوی و ریشی ڕەش و تەنک بوو. هەردووکیان دوور کەوتنەوە.
دایکی بە خۆی وت: "ئەوانە دەترسن".
زیاتر سەرنجی دا. لە سەر پلیکانەکان ڕوخساری ڕەش و ئاوساوی ریبین-ی بە روونی دەبینی. بریسکەی چاوەکانی بینی، حەزی دەکرد ریبین-یش ببینێت. لە سەر نووکی پێ وەستا و ملی درێژ کرد.
پیاوێک بە سیمایەکی خەمبار و بێ ئەوەی بڕوای پێ بکات و بێ ئەوەی قسە بکات، سەیری دەکرد. تەنیا لە ریزی دواوەی خەڵکەکە دەنگی گفتوگۆ دەبیسترا.
ریبین بە دەنگی پاراو هاواری دەکرد: "جووتیاران، براکانم، بڕواتان بەو کاغەزانە هەبێت... لەوانەیە لە بەر ئەوانە بێت بەرەوپیری مەرگ دەڕۆم. لێیاندام و ئەشکەنجەیان کردم. دەیانویست ناچارم بکەن پێیان بڵێم ئەو کاغەزانەم لە کوێ هێناوە... دووبارە لێم دەدەن.. بەرگەی دەگرم، چونکە لەو نووسینانەدا راستی هەیە و راستیش دەبێت هێژاتر بێ لە جەستە و گیان".
یەکێک لەو دوو جووتیارە پرسی: "بۆ بەو شێوەیە قسە دەکات؟"
پیاوی چاوشین لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "بۆی گرنگ نییە... مرۆڤ دوو جار نامرێت... جارێ هێشتا هیچ نەبووە حوکم دراوە..."
جووتیارەکان بێ دەنگ بوون و بە دزی و خەمباری سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد. وەک بڵێی هەموویان لە شتێکی نەبینراو و قورس بێزار بوون.

ئەفسەرە قەزاقەکە لە سەر پلیکانەکانی قایمقامییەت دەرکەوت. نەڕاندی: "ئەم ئاژاوە و دەنگەدەنگە بۆ چییە؟ کێ قسە دەکات؟" بەرەو گۆڕەپانەکە ڕۆیشت، قژی ریبین-ی گرت و بۆ پێش و دواوەی برد و هاواری کرد: "تۆی قسە دەکەی دایک سەگ... تۆی؟"
خەڵک بڵاوەی لێ کرد و دەنگەدەنگ بەرز بۆوە. خەم و پەژارەیەکی گەورە لە سەر دڵی دایکی نیشت و سەری داخست. یەکێک لەو دوو جووتیارە هەناسەیەکی هەڵکێشا و دووبارە دەنگی ریبین بەرز بۆوە: "زۆر باشە، جەماوەری خۆشەویست، بڕوانن.!"
- بێ دەنگ بە!
ئەفسەرەکە زللەیەکی لێدا. ریبین تلاوتلی کرد، شانەکانی بەرز کردەوە و وتی: "دەستی مرۆڤ دەبەستن و هەر چۆنێک بیانەوێت ئەشکەنجەمان دەکەن..."
پاسەوانەکان بیگرن! ئێوەیش بڵاوەی لێ بکەن!
ئەفسەرە قەزاقەکە وەک سەگێک کە لە بەردەم لەتە گۆشتێک بەسترابێتەوە، پەلاماری ریبین-ی دا و بە شەق و مشت لە سەر و گوێلاک و سنگی دەدا.
یەکێک لە ناو خەڵکەکە هاواری کرد: "لێی مەدە.!"
دەنگێکی دیکە پرسی: "بۆ لێی دەدەن؟"
جووتیارە چاوشینەکە سەری لەقاند و بە هاوڕێکەی وت: "با بڕۆین".
خێرا گۆڕەپانەکەیان بە جێ هێشت لە کاتێکدا دایکی بە میهرەبانی سەیری دەکردن. هەناسەیەکی هەڵکێشا.
ئەفسەرەکە دووبارە هاتە سەر پلیکانەکان و بە تووڕەیی دەستی کرد بە هەڕەشە و گوڕەشە.
- دەڵێم بیهێنن بۆ ئێرە.!
دەنگیکی پاراو وەڵامی دایەوە: "نا".
دایکی زانی دەنگی جووتیارە چاوشینەکەیە.
- نابێت ڕێگە بدەن بیبەن... ئەگەر بیبەن، ئەوەندەی لێ دەدەن

تا دەمرێت و ئەو كات ئێمە تاوانبار دەكەن و دەڵێن ئێمە ئەومان كوشتووە. نابێت ڕێگە بدەین...

ریبین دەنگی بەرز كردەوە: "جووتیارەكان! ئەی نابینن چۆن ژیان بە سەر دەبەن؟ نابینن رووتتان دەكەنەوە؟ فریوتان دەدەن و خوێنتان دەمژن؟ هەموو شتێک پەیوەستە بە ئێوە. ئێوە هێزی سەرەكی زەوین، بەڵام مافەكانی ئێوە چییە؟ تەنیا مافتان ئەوەیە لە برسا بمرن..!"

لە ناكاو جووتیارەكان دەستیان كرد بە هاوار كردن و قسەی یەكتریان دەبڕی: "ئەم پیاوە راست دەكات".

- بەڕێوەبەری پۆلیس بانگ بكەن؟ ئەو لە كوێیە؟

- ئەفسەرەكە چووە بە شوێنیدا.

- بەڵام ئەو سەرخۆشە.

- كۆكردنەوەی بەرپرسانی حكومی كاری ئێمە نییە!

خەڵكەكە بە تەواوی خرۆشابوون.

- قسە بكە، ڕێگە نادەین ئەشكەنجەت بكەن.

- چیت كردووە؟

- دەستەكانی بكەنەوە.

- نا، نا، هاوڕێیان!

- بۆ نا... گرنگ نییە.

- پێش ئەوەی كەریەتی بكەن بیری لێ بكەنەوە.

ریبین بە دەنگی پاراو هاواری كرد: "دەستەكانم ئازاری هەیە! هاوڕێیان راناكەم! ناتوانم لە راستییەكان رابكەم، چونكە لە ناخی مندایە".

چەند كەس لە خەڵكەكە جیا بوونەوە، سەریان لەقاند و دوور كەوتنەوە. دەستەیەک پێدەكەنین، بەڵام بەردەوام كەسانی ورووژێنراو و جلشڕ لە دەوری ریبین كۆ دەبوونەوە. ریبین وەک شوێنی نوێژكردن لە ناوەڕاستی دارستان، لە ناویاندا وەستابوو،

باسکی لە سەر سەری رادەوەشاند و هاواری دەکرد: "زۆر سوپاس، سوپاس هاوڕێیان! ئێمە دەبێت دەستی یەکتر بکەینەوە، ئەگەر خۆمان هاوکاری خۆمان نەکەین، کێ هاوکاریمان دەکات؟"

- سەیری خوێنی من بکەن! ئەم خوێنە لە پێناو راستیدا رژاوە...

دایکی لە پلیکانەکان هاتە خوار، بەڵام چیتر نەیدەتوانی لە گۆڕەپانەکە ریبین ببینێت. دووبارە چەند پلیکانەیەک سەرکەوتەوە. ناخی دەسووتا و خۆشحاڵییەکی نامۆ لە ناو دڵیدا بڵێسەی دەسەند.

- جووتیاران! بە دوای ئەو کاغەزە بچوکانەدا بگەڕێن! بیانخوێننەوە، باوەڕ بە قسەی بەرپرسەکان مەکەن کە دەڵێن: "ئەوانەی حەقیقەتیان لایە، بێ دین و یاخین! حەقیقەت بێ دەنگەدەنگ بە سەر زەویدا دەڕوات و لە ناو سنگی چینی چەوساوەدا بە دوای پەناگەیەک دەگەڕێت. بۆ بەرپرسەکان لە ئاگر و ئاسن خراپترە.. حەقیقەت باشترین هاوڕێی ئێوەیە، بەڵام دوژمنی خوێنی بەرپرسەکانە و لە بەر ئەوەیە خۆی دەشارێتەوە".

دووبارە دەنگی خەڵک بەرز بۆوە: "هاوڕێیان گوێ بگرن".

- هۆی داماو، فەوتایت!

- کێ تۆی ئاشکرا کرد؟

یەکێک لە پاسەوانەکان وەڵامی دایەوە: "قەشە".

دووان لە جووتیارەکان جوێنیان دا.

دەنگێک وتی: "هاوڕێیان! وریا بن.

# وێنەی (15)

بەڕێوەبەری پۆلیس دەهات. پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە بوو، ڕوخساری خڕ و کڵاوەکەی لە سەر گوێی بوو. لایەک سمێڵی بۆ سەرەوە و لاکەی تری بۆ خوارەوە بوو. شمشێرێک لە دەستی چەپی و قۆڵی راستی جوڵاند. دەنگی پێ بەهێز و قورسەکەی بیسترا. خەڵک ڕێگەیان بۆ کردەوە. خەم لە سەر ڕوخسارەکان نیشت. ئاژاوە دامرکایەوە و وەک ئەوەی زەوی قووتی دابێت، لە ناو چوو. دایکی هەستی کرد پێستی ناوچاوانی دەلەرزێت. هەڵمێکی گەرم لە چاوەکانی ئاڵا. حەزی کرد بڕواتە ناو خەڵکەکە. نوشتایەوە و بە خەمباری چاوەڕوان بوو.

بەڕێوەبەری پۆلیس لە بەردەم ریبین وەستا، بە وردی سەیری کرد و پرسی: "چی رووی داوە؟ بۆ دەستی نەبەستراوە؟ بیبەستنەوە".

دەنگی زبر، پاراو، بەڵام بێ رەنگ بوو.

یەکێک لە پاسەوانەکان وتی: "دەستی بەسترابوو، بەڵام خەڵک کردیانەوە".

- چی؟ خەڵک؟ کام خەڵکە؟

بەڕێوەبەری پۆلیس سەیری خەڵکی کرد کە بازنەیی لە دەوری خڕ ببوونەوە، دووبارە بەو دەنگە بێڕەنگەی وتی: "خەڵک؟"

بە دەسکی شمشێرەکەی ئاماژەی بۆ سنگی جووتیارە چاوشینەکە کرد: "چۆماکۆڤ، ئەو خەڵکەی باسی دەکەن تۆی؟ کێی تر؟ تۆ، میشین؟"

بە دەستی راستی ریشی کەسێکی راکێشا و هاواری کرد: "هیچوپووچینە! بڵاوەی لێ بکەن، ئەگینا پێتان دەڵێم کێم! لە دەنگ و سیمایدا نە گۆڕانکاری دەبینرا نە هەڕەشە. بەوپەڕی

ئارامی و زۆر بێ بەزەییانە لە جووتیارەکانی دەدا. بە نزیکبوونەوەی ئەو، خەڵک دەستە دەستە بڵاوەیان لێ کرد، سەریان شۆڕ کرد و روویان وەرگەڕاند.
لە پاسەوانەکانی پرسی: "باشە، چاوەڕێی چین؟ بیبەستنەوە.
دوای ئەوەی یەک دنیا جوێنی ناشیرینی دا، سەیری ریبین-ی کرد و وتی: "هۆی لەگەڵ تۆمە، دەستت بخەرە پشتت".
ریبین وتی: "ڕازی نابم دەستەکانم ببەستن. نامەوێت هەڵبێم و بەرگری لە خۆم ناکەم، بەستنەوەی من چ سودێکی هەیە؟"
بەڕێوەبەری پۆلیس لێی نزیک کەوتەوە و پرسی: "چی؟"
ریبین دەنگی بەرز کردەوە و بەردەوام بوو: "ئەی ئاژەڵە دڕندەکان، ئێوە بە ئەندازەی پێوست ئەم چینە هەژارە ئەشکەنجە دەکەن، بەم زووانە ڕۆژە خوێناوییەکان نزیک دەبنەوە.!"
بەڕێوەبەری پۆلیس لە بەردەمی وەستا. سمێڵی جوڵاند و بە وردی سەیری کرد. هەنگاوێک ڕۆیشتە دواوە و وەک ئەوەی سەری سوڕمابێت، فیکەی لێدا: "ها، ها، ها، سەگباب، ئەم قسانە چییە؟"
لە ناکاو بە هەموو هێزی خۆی مشتەکۆڵەیەکی لە ڕوخساری ریبین دا.
ریبین لێی نزیک کەوتەوە و دووبارە وتی: "ڕاستی بە لێدان ناکوژرێت! جیا لەوە، مافی ئەوەت نییە لە من بدەیت!".
بەڕێوەبەری پۆلیس نەڕاندی: "من مافی ئەوەم نییە؟"
دووبارە دەستی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی لە ریبین بدات، بەڵام ریبین خۆی لادا و ئەوەندەی نەمابوو بەڕێوەبەری پۆلیس بکەوێت. چەند کەس لە ناو خەڵکەکە بە دەنگی بەرز پێکەنین. دەنگی تووڕەی ریبین دووبارە هەمووانی بێ دەنگ کرد: "پێت دەڵێم مافی ئەوەت نییە لە من بدەیت!"
بەڕێوەبەری پۆلیس سەیری دەوروبەری خۆی کرد. خەڵک بێ دەنگ و لە شێوەی بازنەیەکی چڕ لە دەوری بوون...

هاواری کرد: "نیکیتا، هۆی نیکیتا..!"
جووتیارێکی خرپن لە خەڵکەکە جیا بۆوە. چاوی بڕیبووە زەوی، سەری زل و قژی ئاڵۆزکابوو.
بەڕێوەبەری پۆلیس سمێڵی بادا و خێرا پێی وت: "نیکیتا خێرا زللەیەکی لێدا.
جووتیارەکە هەنگاوێک هاتە پێش، لە بەردەم ریبین وەستا و سەری بەرز کردەوە. ریبین بە قسەکانی کە راستی لێ دەباری، لە شوێنی خۆی وشکی کرد: "خەڵکی بەشەرەف، دەبینن، ئەم قاڵتاغە دەیەوێت ئێوە بە دەستی خۆتان بخنکێنێت! سەیرکەن و بیری لێ بکەنەوە".
جووتیارەکە دەستی بەرز کردەوە و بە ئارامی زللەیەکی لە ریبین دا.
بەڕێوەبەری پۆلیس وتی: "خوێڕی، وتم ئاوا لێی بدە!"
کەسێک لە ناو خەڵکەکە هاواری کرد: "هۆی نیکیتا، خوا لە بیر مەکە!"
بەڕێوەبەری پۆلیس پاڵی بە جووتیارەکەوە نا و وتی: "دەڵێم لێی بدە!"
خەڵک لە دەوری ریبین کۆ بوونەوە و ئەویش بە دەنگی پاراو وتی: "هەرگیز ناتوانن حەقیقەت زیندانی بکەن. چینی چەوساوە هێلانەیەکی دیکەی بۆ دروست دەکات و ڕۆژێک دێت هەڵۆکان بە ئازادی بفڕن... بڕوا بەو نووسراوانە بکەن و بە دوای راستییەکاندا بگەڕێن.
کابرا هەنگاوێک هاتە دواوە و بە خەمباری و سەرکزی، وەڵامی دایەوە: "نا، چیتر لێی نادەم!"
- چی؟
بەڕێوەبەری پۆلیس شپرزە بوو. پێی لە زەوی کوتا و بە دەم جوێندان بەرەو ریبین ڕۆیشت. دەنگی نامۆی لێدانی گورزێک بەرز بۆوە. ریبین بەلادا دەهات، دوای پەلامارێکی دیکە، بەڕێوەبەری

پۆلیس ئەوی خستە سەر زەوی و بە شەق لە سەر سنگی دەدا. دەنگەدەنگی دوژمنایەتی لە ناو خەڵكەكە بەرز بۆوە و بەرەو بەڕێوەبەری پۆلیس ڕۆیشتن، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیس خێرا خۆی دوور خستەوە و شمشێرەكەی دەرهێنا.

- ئاوا، شۆڕش دەكەن؟ زۆر باشە...

دەنگی دەلەرزی. كەوتە هەناسەبڕكێ... هەست دەكرا وێڕای دەنگی، هێز و تواناشی لە دەست داوە، ملی كوڕ كرد، پشتی چەماندەوە، سەیری دەوروبەری كرد و هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆیشتە دواوە. كاتی تەسلیم بوون، بە نیگەرانی وتی: "باشە، بەرزی بكەنەوە... من دەڕۆم، بەڵام دواتر دەزانن ئەمە تاوانبارێكی سیاسییە، دژی تێزار دەجوڵێتەوە و ئاژاوە دەنێتەوە، تێ دەگەن؟ ئێوە بەرگری لێ دەكەن! دەزانن یاخیبوون واتای چییە؟"

دایكی بێ جوڵە و تەنیا بە نیگای چاو، بێ حاڵ و بێ بیركردنەوە وەك ئەوەی مۆتەكەی بینیبێت، لەژێر قورسایی ترس و بەزەیی پشتی دەشكا. هاواری توورەیی خەڵك وەكو ویزەویزی زەردەواڵە دەبیسترا. دەنگی لەرزۆكی بەڕێوەبەری پۆلیس و چپەچپەكان وەك گێژەڵووكە بە دەوری سەریدا دەسووڕانەوە.

- ئەگەر تاوانبارە، دەبێت دادگایی بكرێت!

- بەڵام نابێت ئەشكەنجەی بكەن!

- توشەرفتان سوێندتان دەدەین، لێی خۆش بن.

- ڕاستە، مافی ئەوەتان نییە لێی بدەن...

- ئایا ئەم هەڵسوكەوتە ڕاستە؟ بەم شێوەیە هەمووان دەست دەكەن بە لێدانی خەڵك... ئەو كاتە دۆخەكە چی بە سەر دێت؟

- ئەمانە زۆر قاڵتاغن، نەفرەتیان لێ بێت!

خەڵك بوون بە دوو دەستە، دەستەیەك لە دەوری بەڕێوەبەری پۆلیس و هاواریان دەكرد و هانیان دەدا، دەستەیەكی دیكە كە ژمارەیان كەم بوو، لای بریندارەكە مابوونەوە و بە دەنگی خەمبار و

کز گفتوگۆیـان دەکـرد. چەند کەسێک بەرزیان کردەوە. پاسـەوانەکان دووبـارە ویستان دەستی ببەستن.
بەڵام خەڵک هاواریان کرد: "بەنەفرەت بن، بوەستن!"
ریبین ڕوخساری تۆزاوی و خوێناوی خۆی پاک کردەوە. سەیری دەوروبەری کرد. دایکی بینی. پلاگە جوڵا و بەرەو لای ڕۆیشت. ریبین ئاوڕی دایەوە، بەڵام چەند سات دواتر دووبارە چاوی کەوتە سەر دایکی. پلاگە وای زانی ریبین راست بۆتەوە و سەری بەرز کردۆتەوە، لە کاتێکدا کوڵمە خوێناوییەکەی دەلەرزێت..
بیری کردەوە: "ناسیمیەوە؟ لەوانەیە منی نەناسیبێتەوە!"
لە خۆشحاڵییەکی تێکەڵ بە خەمدا سەرلەبەری گیانی دەلەرزی و بە سەر ئیشارەی پێ کرد، بەڵام بینی ئەو جووتیارە چاوشینە لە تەنیشت ریبین-ە، بە وردی سەیری دەکات. ئەم روانینە، پلاگەی لە مەترسییەکە ئاگادار کردەوە.
- چی بکەم؟ دەمگرن...
جووتیارەکە لە بەر خۆیەوە چەند قسەیەکی کرد، ریبین سەری لەقاند و بە دەنگی پچڕ پچڕ، بەڵام پاراو و بوێرانە وتی: "گرنگ نییە، من لەم دنیایە بە تەنیا نیم... هەرگیز ناتوانن راستی زیندانی بکەن! هەموو ئەو شوێنانەی سەردانم کردوون، بیرم دەکەنەوە... هەر ئەوەندە! هێلانەکە رووخاوە، گرنگ نییە، ئیتر لەوێ نە دۆست ماوە نە هاوڕێ!"
دایکی بیری کردەوە: "مەبەستی قسەکانی منە".
- چەوساوەکان هێلانەی تر بۆ حەقیقەت دروست دەکەن و ڕۆژێک دادێت هەڵۆکان بە ئازادی بفڕن و چەوساوەکان خۆیان رزگار بکەن.
ژنێک سەتڵێک ئاوی هێنا و بە دەم پروکەپروک، سەر و ڕوخساری زیندانییەکەی شۆردەوە. دەنگی گریانی ئەو و قسەکانی ریبین تێکەڵ دەبوو و نەیدەهێشت دایکی بە جوانی لە قسەکانی تێ بگات. دەستەیەک لە جووتیارەکان کە بەڕێوەبەری پۆلیس لە پێشیانەوە

بوو، هاتنە پێش.
کەسێک هاواری کرد: "گالیسکەیەک بۆ بردنی زیندانییەکە بۆ شار... هۆی! کێ ئامادەیە گالیسکەکەی بێنێت؟"
بەڕێوەبەری پۆلیس بە هێواشی وتی: "من مافی ئەوەم هەیە لە تۆ بدەم، بەڵام تۆی گەمژە ئەو مافەت نییە".
ریبین وتی: "بۆچی تۆ کێیت؟ خودایت؟"
هاتوهاوارەکان بەرز بۆوە.
- هاوڕێ، ئەو قسانە مەکە! ئەوە بەڕێوەبەرە!
- بە گەورەیی خۆت لێی توورە مەبە!
- بێ دەنگ بە هیچوپووچ!
- ئێستا دەتبەن بۆ شار!
- لەوێ زیاتر ڕێز لە یاسا دەگرن.
هاواری خەڵک زیاتر ڕەهەندی سازان و پاڕانەوەی بە خۆوە دەبینی و بە شێوەی تێکەڵ و پێکەل و نادیار ئاوێتەی یەکتر دەبوون، بێ ئەوەی هیچ ئومێدێکی لێ بەدی بکرێت. پاسەوانەکە قۆڵی ریبین-ی گرت و لە پلیکانەکان بردیانە سەر و ڕۆیشتنە ناو فەرمانگەکە. جووتیارەکان لەسەرخۆ بڵاوەیان لێ کرد.
دایکی بینی جووتیارە چاوشینەکە بەرەوڕووی دێت. قاچەکانی کەوتە لەرزین. هەستی لاوازییەکی خەمبزوێن بە سەریدا زاڵ بوو، هێڵنجی دەدا. بە خۆی وت: "نابێت بڕۆم، نابێت..."
بە هەموو هێزی خۆی پاڵی بە تەختەبەنەکەوە نا و چاوەڕێ بوو.
بەڕێوەبەری پۆلیس هاتە سەر پلیکانەکان و خۆی پیشان دەدا. دووبارە بە دەنگی زبر کە نیشانەی کەمتەرخەمی و لۆمەکاری بوو، وتی: "دەبەنگینە! سەگبابینە! لە هیچ تێ ناگەن، بەڵام خۆتان لەم کارانە هەڵدەقورتێنن! ئەویش لە سیاسەتی دەوڵەت، هەمووتان کەرن! دەبوایە سوپاسم بکەن، دبوایە کڕنۆشم بۆ بەرن! ئەگەر بمەوێت دەتوانم هەمووتان بۆ ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ بنێرم".

بیست جووتیاری سەرڕووت گوێیان لە قسەکانی دەگرت...
شەو داهات، هەورەکان نەوی بوون. پیاوی چاوشین لە دایکی نزیک کەوتەوە و لە کاتێکدا هەناسەی هەڵکێشا، وتی: "بەسەرهاتێکی سەیرە!"
دایکی بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".
جووتیارەکە بە میهرەبانی سەیری کرد و پرسی: "پیشەی جەنابت چییە؟"
- لەو ژنانەی کە تۆڕ دەچنن، تۆڕ دەکڕم، کوتاڵیش دەکڕم.
جووتیارەکە لەسەرخۆ دەستی بە ریشیدا هێنا، دواتر سەیرێکی گوندەکەی کرد و وتی: "ئەم شتانە لێرە دەست ناکەوێت".
دایکی بە وردی سەیری کرد و بۆ ڕۆیشتنە ناو میوانخانەکە چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو بوو. ڕوخساری پیاوەکە بیرمەندانە و جوان بوو. چاوەکانی خەمی لێ دەباری، باڵای بەرز و ناوشانی پان، بلوزێکی پینەکراو و کراسێکی چیتی خاوێن و پانتۆڵێکی سوور و ئەستووری لە بەردا بوو. جووتێک پێڵاوی دڕاو و کۆنەی لە پێ کردبوو.
دایکی بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێت، ئاخێکی هەڵکێشا. لە ناکاو لەژێر کاریگەریی نەست کە پێش بیرکردنەوەی کەوتبوو، بە حەز و تامەزرۆییەوە کە خۆیشی سەری سوڕمابوو، بە پیاوەکەی وت: "دەتوانم ئەمشەو لە ماڵی ئێوە بمێنمەوە؟".
بە هۆی وتنی ئەم قسەیە هەموو دەمارەکانی ئاوسان. بیری خراپ بە زەینیدا گوزەری کرد: "دەبمە هۆی لە ناوچوونی نیکۆلا... ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر پاڤڵ نابینم... ئەشکەنجەم دەکەن!"
ئەو پیاوە بە ئارامی و لە کاتێکدا سەری داخستبوو و کراسەکەی چاک دەکرد، وەڵامی دایەوە: "شەو لە ماڵەکەی مندا بی؟ بەڵێ، کێشە نییە! بەڵام ماڵێکی ئەوتۆ نییە..."
دایکی وەڵامی دایەوە: "منیش ناسک و نازدار نیم!"

جووتیاره‌كه به نیگایه‌ك پڕ له پرسیار سه‌یری دایكی كرد و وتی:
"باشه!"
له‌و سوورایی ئاسۆیه‌دا، بریقه‌یه‌كی سارد له چاوه‌كانی ئه‌و پیاوه‌دا ده‌بینرا، ڕه‌نگ به ڕوخساریه‌وه نه‌مابوو. دایكی به ئارامی پێی وت:
"ئێستا له‌گه‌ڵ تۆ دێم. جانتاكه‌م بۆ هه‌ڵده‌گری؟"
- به‌ڵێ.
شانی به‌رز كرده‌وه، دووباره كراسه‌كه‌ی چاك كرد و وتی: "فه‌رموو ئه‌وه گالیسكه".
ریبین دووباره له سه‌ر پلیكانه‌كان ده‌ركه‌وته‌وه. ده‌سته‌كانیان به‌ستبوو و ڕوخساری به په‌ڕۆیه‌كی خۆڵه‌مێشی پێچرابوو. ده‌نگدانه‌وه‌ی قسه‌كانی له‌و شه‌به‌قه سارده‌دا گوێی ئاسمانی كه‌ڕ كرد: "ماڵئاوا ئه‌ی خه‌باتگێڕه‌كان! به دوای راستیدا بگه‌ڕێن، بیپارێزن، گوێ له قسه‌ی ئه‌و كه‌سانه بگرن كه په‌یامی چاكه‌تان بۆ دێنن... بۆ به‌رگری كردن له راستی درێغی مه‌كه‌ن!"
به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیس هاواری كرد: "سه‌گی گلاو بێ ده‌نگ به! ئه‌مه چ ژیانێكه ئێوه هه‌تانه؟"
گالیسكه‌كه به‌ڕێ كه‌وت. ریبین له نێوان دوو پاسه‌وان دانیشت، دووباره به ده‌نگێكی نامۆ هاواری كرد: "بۆچی له برسا بمرن؟ بۆ به‌ده‌ستهێنانی ئازادی تێبكۆشن، ئازادی، هه‌م نانتان پێ ده‌دات هه‌م راستی... ماڵئاوا ئه‌ی خه‌ڵكانی ئازاد!"
ده‌نگی خێرای چه‌رخه‌كان و سمی ئه‌سپه‌كان و جوێنی به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیس، تێكه‌ڵ به ده‌نگی ریبین ده‌بوو.
دایكی گه‌ڕایه‌وه بۆ میواخانه‌كه. نزیك مێزی سه‌ماوه‌ره‌كه دانیشت، له‌ته نانێكی هه‌ڵگرت، سه‌یری كرد و له‌سه‌رخۆ خستیه ناو ده‌ورییه‌ك. برسی نه‌بوو. دووباره له قووڵایی گه‌ده‌یدا هه‌ستێكی ناخۆش ده‌ستی پێكرد و ئازاری ده‌دا، رێگه‌ی له سوڕی خوێن ده‌گرت و سه‌ری گێژی ده‌خوارد.

جووتیارەکە خەمبارانە و لە کاتێکدا توانای هیچ پەرچەکردارێکی نەبوو، بە خۆی دەوت: "هەستی بە من کردووە! هەستی بە من کردووە... دەزانێت..."
سنووری بیرکردنەوەی لەوە زیاتر تێپەڕی نەدەکرد.
بێ دەنگییەکی شەرمنانە لە پشت پەنجەرەکە کزۆڵەی کرد و جێگەی ژاوەژاوەکەی گرتەوە. دەیسەلماند دانیشتووانی گوندەکە ترساون و دەڵێی شکستیان هێناوە.
ئەم بێ دەنگییە هەستی تەنیایی دایکی زیاتر دەکرد و رۆحی تێکەڵ بە تاریکی ڕەش و سپی هاوشێوەی خۆڵەمێش دەکرد.
کچەکە دەرگای کردەوە و لایان وەستا و وتی: "هێلکەوڕۆن دەخۆن بۆتان بێنم؟"
- نا، حەزم لێی نییە... لەم هاتوهاوارە دەترسم...
کچەکە لە مێزەکە نزیک کەوتەوە و بە جۆشەوە، بەڵام ئارام وتی: "بەڕێوەبەری پۆلیس چەند قایم لێی دا! لە نزیکی بووم و هەموو شتێکم بینی... ددانەکانی ئەو پیاوەی شکاند. کاتێک تفی کردەوە، هەمووی خوێن بوو، چاوەکانی نەدەبینرا. قەزاق لێرەیە، بە تەواوی سەرخۆشە و بەردەوام داوای شەراب دەکات... دەڵێ ئەوان دەستەیەک بوون و ئەو پیاوە سەرۆکیان بووە. سێ کەسیان گرت و کەسی چوارەم هەڵات. مامۆستایەکیشان لەگەڵ بووە و گیراوە. بڕوایان بە خوا نییە و خەڵک بۆ تاڵانکردنی کڵێساکان هان دەدەن، کاریان ئەوەیە... ژمارەیەک لە جووتیارەکان جەرگیان بۆ ئەو پیاوە دەسووتا، هەندێک دەیانووت دەبێت لە ناو ببرێت! هۆکارەکەی ئەوەیە ژمارەیەک لە جووتیارەکان زۆر خراپن".
دایکی بە وردی گوێی لەم قسانە دەگرت کە زۆر خێرا و بێ ئەوەی پەیوەندییان هەبێت، لە زاری کچەکە دەهاتە دەر. هیوادار بوو بەو شێوەیە نیگەرانی خۆی و خەمی چاوەڕوانی بشارێتەوە. کچەکە خۆشحاڵ لەوەی گوێگرێکی دەست کەوتووە، بەردەوام

قسەی دەكرد: "باوكم دەڵێت سەرچاوەی ئەمانە وشكەساڵییە، دوو ساڵە زەوی بەرهەمی نییە، خەڵك بەدبەخت بوون، لە بەر ئەوەیە جووتیاری وا دەردەكەوێت. بەدبەختییەكی گەورەیە! لە ناو كۆڕ و كۆبوونەوەكان هاوار دەكەن و لێك دەدەن.. پێش چەند ڕۆژ، كاتێک سامان و كەلوپەلەكانی واسیۆكۆڤ-یان بۆ دانەوەی باج فرۆشت، ئەویش زللەیەكی قایمی لە كوێخا دا و وتی: "ئەوە باقی ماڵیاتەكەمە!"

دەنگی پێ لە پشت دەرگاكە بەرز بۆوە. دایكی دەستی خستە سەر مێزەكە بۆ ئەوەی هەڵستێت. جووتیارە چاوشینەكە هاتە ژوور و بێ ئەوەی كڵاوەكەی لابەرێت، پرسی: "كەلوپەلەكانتان لە كوێیە؟"

بە ئاسانی جانتاكەی دایكی هەڵگرت و رایوەشاند و وتی: "بەتاڵە! ماری لەگەڵ ئەم ڕێبوارە تاكو ماڵی ئێمە وەرە".

بێ ئەوەی سەیری كەس بكات، ڕۆیشت.

كچەكە پرسی: "شەو لە گوندەكە دەمێنیتەوە؟"

- بەڵێ بە دوای تۆڕدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بیكڕم.

ماری ڕوونی كردەوە: "لێرە دەستت ناكەوێت. لە تینكۆڤ و دارینۆ تۆڕ دەچنن، بەڵام لێرە نا".

- بەیانی دەڕۆم.

پارەی چاكەی دانا و سێ كوپەكی دا بە كچەكە. كچەكە خۆشحاڵ بوو. لە كۆڵان، ماری لە كاتێكدا قاچی بە سەر زەوی تەڕ و شێداردا ڕادەكێشا، پێشنیاری كرد: "ئەگەر دەتەوێت زوو دەڕۆم بۆ دارینۆ و بە ژنەكان دەڵێم تۆڕەكانیان بێنن بۆ ئێرە، ئیتر پێویست ناكات خۆت بڕۆی، تاكو ئەوێ دوانزە كیلۆمەتر ڕێگەیە".

دایكی كە لە تەنیشت كچەكە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، وەڵامی دایەوە: "نا ئازیزم، سودی نییە".

هەوای سارد، دایكی فێنك كردەوە. بڕیارێكی نامۆ و لەسەرخۆی دا. ئەم بڕیارە هێشتا نامۆ و ناڕوون بوو، بەڵام ڕەزامەندی دایكی لێ

دەکەوتەوە و خێرا لە ناخیدا فراوان بوو و بۆ ئەوەی لە ئاشکرابوونی پەلە بکات، بەردەوام لە خۆی دەپرسی: "چی بکەم؟ ڕێکوڕاست هەموو شتێک بدرکێنم؟"

هەوا بە تەواوی تاریک، شێدار و سارد بوو. پەنجەرەی ماڵەکان بە بریقەیەکی لێڵ و سووورباو و بێ جوڵە دەدرەوشانەوە. ئاژەڵەکان، لە بێ دەنگی شەو دەیانناندەراند. هەندێک هاواری پچڕپچڕ دەبیسترا. خەمێکی بێزارکەر باڵی بە سەر گوندەکەدا کێشابوو.

کچەکە وتی: "ئێرەیە! ماڵێکی خراپتان هەڵبژارد... ئەم جووتیارە زۆر هەژارە..."

وەک نابینایەک بە دوای دەرگاکەدا گەڕا و بە دەنگی پاراو هاواری کرد: "دایکە تاتیانا، ئەوە میوانەکەتان!"

# وێنەی (16)

دایکی لە بەردەم دەرگا وەستا و دەستی خستە سەر برۆی و بە وردی سەیری ژوورەکەی کرد. ژنێک لە پشت زۆپاکە هاتە دەر، بە بێ دەنگی سڵاوی کرد و دیار نەما.. لە سوچێکی ژوورەکە چرایەکی داگیرساو لە سەر مێزێک دانرابوو. خانەخوێ لە پشت مێزەکە بوو و بە پەنجەی لە مێزەکەی دەدا، زەق زەق سەیری دایکی دەکرد.

دوای چەند ساتێک پێی وت: "وەرنە ژوور! تاتیانا، خێرا برۆ پیەر ئاگادار بکەرەوە.

ژنە خێرا، تەنانەت بێ ئەوەی سەیری دایکی بکات، ڕۆیشتە دەر. دایکی لە سەر کورسییەک بەرامبەر بە جووتیارەکە دانیشت. جانتاکەی لەوێ نەبوو. بێ دەنگی باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا، تەنیا دەنگی پرتەپرتی چراکە دەبیسترا. ڕوخساری نیگەرانی پیاوێک دەجولایەوە.

- زۆر باشە، قسە بکە، خێراکە.

پلاگە لە ناکاو و بە دەنگی بەهێز، بێ ئەوەی بزانێت چی دەکات، پرسی: "جانتاکەم لە کوێیە؟"

جووتیارەکە شانی هەڵتەکاند و وتی: "ون نەبووە".

بە خەمباری و ئارامی وتی: "لە بەردەم کچەکە وتم بەتاڵە، بەڵام بە پێچەوانەوە، شتی زۆر قورسی تێدایە.."

دایکی پرسی: "دەی؟"

کابرا هەڵستا، لە دایکی نزیک کەوتەوە، بە ئارامی پرسی: "تۆ ئەو پیاوە دەناسی؟"

دایکی لەرزی، بەڵام لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".

وای زانی ئەم وەڵامە کورتە هەم ناخی روون دەکاتەوە و هەم لە دەرەوەش هەموو شتێک ئاشکرا دەکات.
جووتیارەکە بزەیەکی کرد و وتی: "بینیم ئیشارەتت بۆ کرد... ئەویش وەڵامی دایەوە".
بە چپە لێم پرسی: "ئەو ژنەی لە سەر پلیکانەی میوانخانەکە وەستاوە، دەیناسی؟"
دایکی بەپەلە پرسی: "چی وت؟"
- ئەو؟ وتی ژمارەمان زۆرە... بەڵێ، بەڵێ، ژمارەمان زۆرە...
بە نیگایەک پڕ لە پرسیار سەیری میوانەکەی کرد و بە پێکەنین بەردەوام بوو: "ئەم پیاوە دەسەڵاتێکی سەیری هەیە!... بوێرە... هەرچی بوێت دەیڵێت.. لێی دەدەن... جوێنی پێ دەدەن، بەڵام کۆڵ نادات".
دەنگی نیوە دڵنیای، هێڵە کەموکورتەکانی دەموچاوی، چاوە راستگۆکانی دەبووە هۆی هێوربوونەوەی دایکی. کوتران و نیگەرانی رەوییەوە و بەزەیی و دڵسۆزی بۆ ریبین جێگەی گرتەوە. بە تووڕەیی کە نەیتوانی بەری پێ بگرێت، وتی: "ئەم دێوانە... ئەم دزانە!"
جووتیارەکە سەری لەقاند و دوور کەوتەوە.
- دەوڵەت دوژمنی مەترسیداری بۆ خۆی دروست کردووە!
گەڕایەوە بۆ لای دایکی و وتی: "بەڵێ... وا بزانم جانتاکەتان رۆژنامەی تێدایە، وایە؟"
دایکی فرمێسکەکانی سڕی و بە سادەیی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، رۆژنامەم بۆ ئەو هێنابوو".
ناوچاوی گرژ کرد، ریشی گرت، چاوی برییە سوچێک و بێ دەنگ بوو.
- دانەیەکیش بە من گەیشت لەگەڵ چەند گۆڤار و کتێبێک. من زۆر خوێندەوار نیم، بەڵام هاوڕێیەکەم هەیە خوێندەوارە. ژنەکەم شتم

بۆ دەخوێنێتەوە.
جووتیارەکە بێ دەنگ بوو، بیری کردەوە و دواتر وتی: "زۆر باشە، ئێستا چی لەمانە و جانتاکەت دەکەی؟"
دایکی سەیری کرد و بوێرانە وتی: "دایدەنێم بۆ ئێوە..."
کابرا بەلایەوە سەیر نەبوو و ناڕەزایی دەرنەبڕی، تەنیا وتی: "بۆ ئێمە؟"
ملی بۆ لای دەرگاکە درێژ کرد، گوێی گرت و وتی: "ئەوە هاتن".
- کێ؟
- بە دڵنیاییەوە هاوڕێکانمان.
ژنێک هاتە ژوور. ئەو جووتیارەشی لەگەڵدا بوو. کڵاوەکەی لە سوچێکدا فڕێ دا و لە خانەخوێ نزیک کەوتەوە. پرسی: "کارت پێم بوو؟"
جووتیارەکە بە نیشانەی ئەرێ، سەری لەقاند.
ژنە وتی: "ستێڤان، لەوانەیە میوانەکە برسی بێت؟"
دایکی وەڵامی دایەوە: "نا ئازیزم سوپاس".
جووتیاری دووەم رووی کردە پلاگە و خێرا و بە پەلەپەل قسەی کرد: "ڕێگە بدە خۆم بناسێنم، ناوم پیەر رابی نین-ە و نازناوەکەم "ئالا"یە. کەمێک لە کارەکانی ئێوە تێ دەگەم، دەتوانم بخوێنمەوە و بنووسم، وەک دەڵێن کوێر نیم".
وەڵامی تەوقەکەی دایکی دایەوە و بە ستێڤانی وت: "باش بڕوانە ستێڤان! ژنی ئاغاکەمان کەسێکی باشە، ئەوە راستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەڵێت هەموو ئەو قسانە بێ واتان و خوێندکار و بەڕەڵاکانن بە ورووژاندنی چینی چەوساوە خۆیان سەرقاڵ دەکەن، ئەمڕۆ بینیمان کەسێکی راستگۆیان دەستگیر کرد و ئێستا ئەم خاتوونە، ئەمەش بەڕەڵا نییە و هاوشێوەی ژنی ئاغاکەشمان نییە، دڵتەنگ مەبە، ناوت چییە؟"
خێرا و یەکبین قسەی دەکرد. چەناگەی وەک کەسێکی نەخۆش

دەلەرزی و بە چاو لە ڕوخسار و جەستەی پلاگە وردە دەبۆوە. جلەکانی کۆن و قژی ئاڵۆزکابوو، وەک ئەوەی لە شەڕ گەڕابێتەوە و دوژمنەکەی شکست دابێت و ئێستا بە هۆی سەرکەوتنەوە شاد و خۆشحاڵە. هاوڕێیانە سەیری کرد. دووبارە دەستی دایکی گرت و رایوەشاند و پێکەنی.

- دەبینی ستێفان، کارێکی پیرۆزە... پێم وتی کۆمەڵانی خەڵک خۆیان تێدەکۆشن... ژنی ئاغاکەمان راستی ناڵێت، چونکە لە زیانی خۆیەتی، بەڵام گەل دەیەوێت بەڕێ کەوێت بێ ئەوەی لە زیان بترسێت، تێ دەگەی؟ بە باشی ژیان بەڕێ ناکات، نازانێت بە کام لادا بڕوات، چونکە لە هەموو لایەکەوە بە سەریا دەقیژێنن: "بوەستە!"

ستێفان سەری راوەشاند و وتی: "دەبینم! نیگەرانی جانتاکەیەتی..."

- نیگەران مەبە! دایە گیان هەموو شتێک باشە! جانتاکەت لەماڵی منە... کاتێک ستێفان سەبارەت بە تۆ قسەی کرد و وتی لەم کارە بەشداری و ئەو پیاوە دەناسیت، پێم وت: "ستێفان وریا بە، نابێت بە کەس بڵێیت، بابەتەکە زۆر گرنگە. دایکە، تۆیش زوو هەستت پێ کرد کە ئێمەیش خۆمانەین. ڕوخساری کەسە شەریفەکان خێرا دەناسرێتەوە، چونکە ژمارەیان زۆر نییە، بە هەرحاڵ، جانتاکەت لای منە..."

لای دایکی دانیشت و بەردەوام بوو: "ئەگەر دەتەوێت بەتاڵی بکەی، بە خۆشحاڵییەوە هاوکاریت دەکەم! ئێمە پێویستمان بە کتێبە..."

ستێفان وتی: "دەیەوێت هەمووی بدات بە ئێمە..."

- بیرۆکەیەکی زۆر باشە دایکە! ئێمە دەزانین چی لێ بکەین.

لە ناکاو هەڵستا و پێکەنی. بە هەنگاوی بەرز بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد و بە خۆشحاڵییەوە لە قسەکانی بەردەوام بوو: "دەتوانم بڵێم بابەتێکی سەرسوڕهێنەرە، هەرچەند زۆر سادەیە! لە شوێنێک شکاوە و لە شوێنێکی دیکە پێکەوە دەلکێت! خراپ نییە! دایکە، ئەم ڕۆژنامانە زۆر باش و بە کاریگەرن، چاو و گوێی خەڵک

دەكەنەوە. ئاغا رقی لێیانە. من لای ژنی خاوەن زەوییەک لە حەوت كیلۆمەتر دووری ئێرە كار دەكەم، دارتاشم. دەبێت بڵێم ژنێكی زۆر باشە. كتێبمان پێ دەدات، دەیخوێنینەوە و فێری خوێندنەوە و نووسین دەبین. بە گشتی سوپاسی دەكەین، بەڵام كاتێک ئەو ڕۆژنامانەم پیشان دا، تووڕە بوو. وتی: "ئەوانە فڕێ بدەن.. منداڵی نەزان ئەمانە چاپ دەكەن و دەبێتە هۆی ماڵوێرانیتان، زیندانی دەكرێن یان بۆ سیبریا دوورتان دەخەنەوە. ئەگەر لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامانە بەردەوام بن، ئەگەری هەیە ئەم ڕووداوانەتان بە سەر بێت".

دووبارە بێ دەنگ بوو، تێڕاما و درێژەی بە قسەكانی دا: "بە ڕاست دایكە، ئەو پیاوە خزمی تۆیە؟"

پلاگە وەڵامی دایەوە: "نا".

پیەر بێ دەنگ پێكەنی. دیار نەبوو لە چی خۆشحاڵە. دایكی وای زانی ستەمی كردووە ریبین-ی بە بێگانە لە قەڵەم داوە. وتی: "سەر بە خێزانەكەی من نییە، بەڵام دەمێكە دەیناسم. وەک برای خۆم ڕێزی دەگرم".

ئەو دەستەواژەیەی بۆی دەگەڕا، نەیدۆزییەوە و ئەم خاڵە ئازاری دا، نەیتوانی بەر بە خۆی بگرێت. بێ دەنگی باڵی بە سەر ژوورەكەدا كێشا. پیەر سەری خستبووە سەر شانی، وەک ئەوەی گوێ لە شتێک بگرێت. ستێفان ئانیشكی خستبووە سەر مێزەكە و بە پەنجە تەقەی لی دەهێنا. ژنەكەی لای زۆپاكە دانیشتبوو. دایكی هەستی بە قورسایی نیگاكەی كرد. پیەر هەندێک كات سەیری ڕوخساری تاتیانای دەكرد كە ژنێكی ئەسمەری لووت قەڵەمی بوو. لە چاوە سەوزەكانیدا هێمای چاودێری و سەرنجێكی تایبەت دەبینرا.

پیەر بەردەوام بوو: "كەواتە هاوڕێی تۆیە! زۆر بەهێزە، بەڵێ. گرنگی زۆر بە خۆی دەدات. دەبێت بەو شێوەیە بێت... كەسێكی گرنگە، وایە تاتیانا؟ بۆچوونی تۆ چییە؟"

تاتیانا وتی: "ژنی هێناوە؟" لێوە ناسکەکانی خستە سەر یەک.
دایکی بە خەمباری وەڵامی دایەوە: "ژنەکەی مردووە!"
تاتیانا زۆر بە قووڵی، بەڵام بە ئارامی وتی: "بۆیە ئەوەندە بوێرە! پیاوێک کە ژنی هەبێت بەو شێوەیە هەڵسوکەوت ناکات، دەترسێت".
پەر وتی: "ئەی چی بە من دەڵێیت کە ژنم هەیە و لەگەڵ ئەمەشدا..."
ژن بێ ئەوەی سەیری بکات، لێوی کۆ کردەوە و وتی: "بەسە! بۆ چی دەکەی؟ زۆر قسە دەکەی و جارجار کتێب دەخوێنیتەوە... تۆ کە لێرە و لەوێ لەگەڵ ستێفان چپەچپ دەکەیت، بارودۆخی خەڵک باشتر نابێت".
جووتیارەکە لەم قسەیە رەنجا و بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "زۆر کەس گوێ لە قسەکانم دەگرن. باش نییە بەو شێوەیە قسە دەکەی. من لێرە هەوێنی شتەکانم..."
ستێفان بێ ئەوەی قسە بکات، سەیری ژنەکەی کرد.
تاتیانا پرسی: "جووتیارەکان بۆچی ژن دێنن؟ دەڵێن پێویستیان بە ژنێکی کارەکەر هەیە، بەڵام بۆ چ کارێک؟"
ستێفان بە دەنگێکی نامۆ وتی: "بۆ لەماڵەوە بە ئەندازەی پێویست کارت نییە؟"
- ئەم کارە چ سوودێکی هەیە؟ لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە بەدبەختی ژیان بە سەر دەبات. منداڵەکان چاو بە دنیا هەڵدێنن، بەڵام دەرفەتی چاودێری کردنی ئەوانمان نییە، ئەویش لە بەر کارێک کە تەنانەت سکمان تێر ناکات.
لە دایکی نزیک کەوتەوە، لای دانیشت و پێداگرانە و بێ ئەوەی شوێنەواری خەم یان سکاڵا لە دەنگیا بێت، وتی: "دوو منداڵمان بوو، یەکیان بە سەماوەر سووتا، ئەوی دیکەیان بە مردوویی لە دایکی بوو. بە هۆی کاری زۆر و تاقەت پڕوکێن... ئەمەیە بەختەوەری؟ دەڵێم جووتیارەکان کارێکی خراپ دەکەن ژن دێنن. دەست و پێی خۆیان دەبەستنەوە. ئەگەر ئازاد بن، بە ئاشکرا وەک ئەو پیاوە لە

پێناو ڕاستیدا دەجەنگن. وا نییە دایکە؟"
پلاگە وتی: "ڕاستە ئازیزم، ئەگەر وا نەبێت مرۆڤ ناتوانێ جڵەوی ژیانی بگرێتە دەست..."
- تۆ هاوسەرت هەیە؟
- مێردەکەم مردووە و تەنیا کوڕێکم هەیە...
- لە کوێیە؟ پێکەوە دەژین؟
دایکی وەڵامی دایەوە: "زیندانییە!"
هەستی کرد لەخۆباییبوونێکی هێمن لەگەڵ خەمێکی بەردەوام، بە ناخیدا بڵاو دەبێتەوە.
- جاری دووەمە دەیگرن، چونکە هەستی بە ڕاستییەکی ئاسمانی کردووە و تۆوەکەی بە ئاشکرا لە دڵی خەڵکدا چاندووە.. گەنجە، قۆزە.. زیرەکە. ئەو بوو بیری لە چاپکردنی ڕۆژنامە کردەوە. ئەو ریبین-ی هان دا ڕۆژنامەکان بڵاو بکاتەوە. هەرچەند ریبین دوو تەمەنی ئەوی هەیە. بەم زووانە دادگایی دەکرێت و دواتر کە ڕەوانەی سیبریایان کرد، هەڵدێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە... لەو مرۆڤانە زۆرن، ژمارەیان بەردەوام زیاتر دەبێت و هەموویان تا سەرەمەرگ بۆ سەرخستنی ڕاستی و بە دەستهێنانی ئازادی خەبات دەکەن.."
دایکی گرنگی بە هیچ نەدەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ ناوبردنی کەسەکان، باسی ئەو کارانەی دەکرد کە لەژێرزەمینەکان و بۆ ڕزگارکردنی چینی چەوساوە ئەنجام دەدرێت. لەگەڵ گێڕانەوەی ئەم بابەتانە، هەموو عەشق و خۆشەویستی خۆی لە ناو وشەکان جێ دەکردەوە.
دەنگی ڕێک بوو. ئیتر بە ئاسانی وشەکانی دەدۆزییەوە و هاوشێوەی مرواری ڕەنگاوڕەنگ و درەوشاوە، بە مەبەستی پاک کردنەوەی دڵەکان لە تۆزوخۆڵ و خوێنی ڕژاوی ئەو ڕۆژە، ڕیزی دەکردن. جووتیارەکان بە وردی گوێیان گرتبوو و سەیریان دەکرد. دەنگی

هەناسەی ژنەکەی تەنیشتی دەبیست، گوێگرتنی بیسەران بڕوای بەهێزی پێ دەبەخشی سەبارەت بەو شتانەی دەیووت و بەڵێنی بەدیهاتنی دەدا.
- تەواوی ئەو کەسانەی لە ستەم و زۆر بێزار و ماندوو بوون، تەواوی گەل، دەبێت بۆ پێشوازی ئەو کەسانە بڕۆن کە لە زیندان یان لە بەر ئەوان گیانی خۆیان بەخت دەکەن. ئەم کەسانە بیر لە بەرژەوەندی خۆیان ناکەنەوە، ڕوونی دەکەنەوە کە ڕێگەی بەختەوەری هەمووان کام ڕێگەیە و بە ئاشکرا دەڵێن ڕێگە سەخت و دژوارە. کەس بە زۆر ناکەنە هاوڕێی خۆیان، بەڵام کاتێک کەسێک دەبێتە ئەندامی ئەوان، ئیتر لێیان جیا نابێتەوە، چونکە دەبینێت لە سەر حەقن و ئەمە ڕێگە باشەکەیە... دایکی کە سەرئەنجام ئاواتەکەی بەدی دەهات، خۆشحاڵ بوو. دەیبینی ئێستا خۆی سەبارەت بە ڕاستی قسە بۆ خەڵک دەکات، گەل بە بوونی ئەم هاوڕێیانە دەتوانێت بێ ترس بەڕێ بکەوێت. تا ئەو کاتەی گەل یەک ڕۆح پێک نەهێنێت و پێکەوە ئەم ئاوازە نەخوێنن: "فەرمانڕەوام و خۆم یاساکان دەنووسمەوە، ئەو یاسایانەی بۆ هەمووان یەکسان بێت، ئەوانە دەست هەڵناگرن!"
پلاگە سەرئەنجام ماندوو و بێ دەنگ بوو. دڵنیا بوو قسەکانی لە ناو ناچێت و بێ گومان کاریگەری دەبێت. جووتیارەکان بە جۆرێک سەیریان دەکرد، وەک بڵێی هێشتا گوێیان لە قسەکانی گرتووە.
پیەر دەستی خستبووە سەر سنگی، پێڵوەکانی کراوە بوو. بسکەیەک لە سەر گۆنا پەڵاوییەکانی دەلەرزی. ستێفان ئەنیشکی خستبووە سەر مێزەکە و بە تەواوی جەستە و گەردنی بۆ پێشەوە درێژ کردبوو. سێبەرێک کە کەوتبووە سەر ڕوخساری، ئەوی بە کەسێکی پێگەیشتووتر پیشان دەدا. تاتیانا لای دایکی دانیشتبوو، ئانیشکی خستبووە سەر ئەژنۆ و سەیری نووکی پێڵاوەکانی دەکرد.
پیەر لە بەر خۆیەوە وتی: "بەڵێ، ئەمە خۆیەتی".
لەگەڵ ئەوەی سەری لەقاند، بە وریایی لە سەر کورسییەکە دانیشت.

ستێفان خۆی راست کردەوە و سەیری ژنەکەی کرد، وەک ئەوەی بیەوێت شتێک لە ئامێز بگرێت، قۆڵەکانی کردەوە و وتی: "ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئەم کارە بکات، دەبێت بە گیان و دڵ خۆی بۆ تەرخان بکات...

پیەر شەرمنانە قسەکەی بڕی و وتی: "بەڵێ". بێ ئەوەی ئاوڕ بۆ داوە بداتەوە.

ستێفان وتی: "کارێکی گەورە و بەربڵاوە".

پیەر وتی: "هەموو دنیا دەگرێتەوە".

# وێنەی (17)

پلاگه پشتی به دیوارەکه دابوو، سەری بۆ دواوه برد و گوێی لـه ئەندێشەکانی ئەو دوو پیاوه گرت.
تاتیانا هەڵستا، سەیری دەوروبەری کرد و دانیشتەوه. وەک سووکایەتی کردن سەیری ئەو دوو پیاوەی کرد. چاوه سەوزەکانی دەدرەوشانەوه.
له ناکاو به دایکی وت: "دیاره ئازاری زۆرتان کێشاوه!"
- بەڵێ.
- جوان قسه دەکەیت، قسەکانت کاریگەری لـه سەر دڵ دادەنێت. له کاتی گوێگرتن لـه قسەکانی جەنابت، مرۆڤ به خۆی دەڵێت: "خوایه، خۆزگه مرۆڤ تەنانەت ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت، مرۆڤەکان و ئەم ژیانه جوانه ببینێت. ئێمه چۆن دەژین؟ وەک مەڕ! دەتوانم بخوێنمەوه و بنووسم، کتێب دەخوێنمەوه، زۆر بیر دەکەمەوه، هەندێک جار لـه بەر بیرکردنەوه شەوانه خەوم لێ ناکەوێت و ئەنجامی ئەمانه چییه؟ ئەگەر بیر نەکەمەوه، بێ هۆ ئازار دەکێشم و ئەگەر بیر بکەمەوه، دیسان هەر ئەوەیه... لەگەڵ ئەمەشدا هەموو شتێک بێ سوودە. بۆ نمونه جووتیارەکان کار دەکەن بۆ پارووه نانێک، پشتیان دەشکێت، بەڵام قەت هیچیان نییه.. بەم دۆخه دڵتەنگ دەبن، مەشروب دەخۆنەوه و لـه یەک دەدەن و دووباره دەست دەکەنەوه به کار کردن، بەڵام ئەنجامەکەی چی دەبێت؟ هیچ...
لـه نیگای ئەم ژنەدا کۆمیدیایەکی تاڵ و سووتێنەر دەبینرا. به دەنگی ئارام و پاراو قسەی دەکرد و جاروبار وەک ئەوەی رستەکانی وەکو پەتێک به ددان بقرتێنێت، بێ دەنگ دەبوو. پیاوەکان بێ دەنگ بوون. با بەر شووشەکان دەکەوت و له سەر گڵەبانی ماڵەکه

دەنگی دەهات و هەندێک کات بە هێواشی لە دووکەڵکێشی زۆپاکە دەهاتە ژوور. سەگێک دەیحەپاند. دڵۆپەی باران بە بێزاری بەر شووشەکان دەکەوت. ڕووناکی چراکە دەلەرزی و لێڵ دەبوو و لە ناکاو سەرلەنوێ دەدرەوشایەوە.

- لە بەر ئەم شتانەیە خەڵک دەژیت! پێم سەیرە کە پێشتر ئەمەم دەزانی. تا ئێستا شتی لەم شێوەیەم نەبیستووە و هەرگیز بیرکردنەوەی وا بە مێشکمدا نەهاتووە!

ستێفان بە خەمباری قسەکەی بڕی: "دەبێت نان بخۆین و چراکە بکوژێنینەوە. خەڵک دەڵێن دەمێکە چراکەیان ئیش دەکات، چ باسە! ئەم بابەتە بۆ ئێمە گرنگ نییە، بەڵام لە بەر میوانەکەمان دەبێت وریا بین".

ژنەکە هەڵستا و لای زۆپاکە دەستبەکار بوو.

پیەر بە پێکەنین وتی: "بەڵێ، ئێستا دەبێت وریا بین، دوای ئەوەی ڕۆژنامەکان بڵاو کرایەوە..."

ستێفان وتی: "بۆ خۆم ناڵێم، ئەگەر بمگرن، کارەساتێکی گەورە نییە، ژیانی جووتیارێک بەهایەکی ئەوتۆی نییە".

دایکی بەزەیی پێیدا هاتەوە. زیاتر لە جاران خۆشی دەویست. دایکی قسەی دڵی کرد و لە قورسایی کێشەکانی ئەو ڕۆژە رزگاری بوو، هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد.

وتی: "خراپە بەو شێوەیە قسە دەکەن! مرۆڤ نابێت بەهای خۆی لە رووی هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەوە دیاری بکات کە جگە لە خوێنەکەی، هیچی تریان ناوێت. ئێوە دەبێت لە ناخەوە هەست بە بەهای خۆتان بکەن، نەک بۆ دوژمن یان هاورێکانتان".

جووتیارەکە وتی: "هاوڕێکانمان لە کوێن؟ هەرگیز ئەوانم نەبینیوە".

- پێت دەڵێم جەماوەر هاوڕێیان زۆرە!

ستێفان بیرمەندانە وتی: "هەیەتی، بەڵام نەک لێرە، بەدبەختییەکە ئەوەیە!"

- دەبێت بۆ خۆتانی دروست بکەن.
ستێفان ئەندێشەی کرد و وتی: "بەڵێ، دەبێت ئەو کارە بکەین".
تاتیانا وتی: "وەرنە سەر مێزەکە".
لە کاتی نان خواردن، پیەر کە کاریگەری قسەکانی دایکی بە سەرەوە بوو، وتی: "دایکە دەزانی تۆ دەبێت بەیانی زوو لێرە بڕۆیت بۆ ئەوەی کەس نەتبینێت. بڕۆ بۆ گوندەکەی دراوسێمان، گالیسکەیەک بگرە، بەڵام نەک بە مەبەستی چوون بۆ شار".
ستێفان وتی: "لە بەر چی؟ خۆم دەیبەم!"
- نا، ئەگەر ڕووداوێک ڕوو بدات، لێی دەپرسن شەو لە ماڵەکەی تۆ بووە یان نا؟ تۆ وەڵام دەدەیتەوە: بەڵێ، بردم بۆ گوندەکەی تر. ئەوان پێت دەڵێن: سەیرە! تۆ؟ زۆر باشە فەرموو بۆ گرتووخانە! تێگەیشتی؟ بۆ دەتەوێت خێرا زیندانی بکرێیت؟ هەر شتە و لە کاتی خۆیدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر بڵێی شەو لە ماڵی تۆ خەوتووە و دواتر ئەسپی بەکرێ گرتووە و ڕۆیشتووە، کەس کاری بە تۆ نییە.. ئێمە لە ئاست گەشتیاران بەرپرسیار نین. خەڵکی زۆر سەردانی گوندەکە دەکەن و دەڕۆن".
تاتیانا بە مەبەستی تانەلێدان وتی: "پیەر فێر بووی چۆن بترسی؟"
پیەر کێشای بە ئەژنۆی خۆیدا و وەڵامی دایەوە: "دەبێت هەموو شتێک بزانین، دەبێت فێری ئازایەتی بین، دەبێت بزانین چۆن بترسین. بیرتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی دادی گوند، لە بەر ڕۆژنامەکە چەندە واگانۆڤ-ی ئازار دا؟ باشە، ئێستا واگانۆڤ هەرچەندە پارەی پێ بدەی ناتوانی ناچاری بکەیت کتێبێک بە دەستەوە بگرێت. دایکە بڕوا بکە لە گوند هەمووان دەزانن کەس وەک من شارەزای فرتوفێڵ و فریودان نییە. کەس لە من باشتر ناتوانێت ئەم ڕۆژنامە و کتێبانە بڵاو بکاتەوە. هەرچەندە پێتان خۆش بێت! خەڵکی ئێرە خوێندەوارییان کەمە و دەترسن، ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیان ئەوەندە قورس بووە، مرۆڤ ناچارە چاوی بکاتەوە و لە خۆی بپرسێت، چی ڕوو دەدات؟

و کتێب بە سادەیی وەڵامی دەداتەوە: "ئەو رووداوەی روو دەدات، ئەمەیە: بیر بکەرەوە و ببینە! کەسی نەزان لە خوێندەوار زیاتر تێ دەگات.. بە تایبەت ئەگەر کەسی نەخوێندەوار و نەزان سکی تێر بێت. ئەم ویلایەتە باش دەناسم، زۆر شت دەبینم! مرۆڤ دەتوانێت بژی، بەڵام ئەگەر نەیەوێت کلکی ببێت بە داوەکەوە، چوست و چالاکی زۆری پێویستە... بەرپرسانیش هەست دەکەن دۆخەکە گۆڕاوە، وەک بڵێی جووتیار چیتر پێناکەنێت و چیتر وەک جاران خۆڕاگر و رووخۆش نییە. دەیەوێت رەخنە لە بەرپرسان بگرێت... بەم دواییانە لە شمولیاکۆڤ کە گوندێکی بچوکە، لە نزیکی ئێرە، بۆ کۆکردنەوەی باج هاتبوون، جووتیارەکان ویستیان کوتەک بە دەستەوە بگرن، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیس هاواری کرد: "قاڵتاغینە، دژی تێزار شۆڕش دەکەن! جووتیارێک بە ناوی سپی ڤاکین پێی وتن: "بڕۆن و ملتان بشکێنن لەگەڵ تێزارەکەتان! ئەم تێزارە کێیە کە دواین کراستان لە بەر دادەکەنێت؟ دایکە، بارودۆخەکە بەم جۆرەیە. هەڵبەت سپی ڤاکین زیندانی کرا، بەڵام قسەکانی ماوەتەوە و منداڵە بچوکەکان دووبارەی دەکەنەوە. ئەو قسانە هاوار دەکەن و هێشتا زیندوون".

نانی نەدەخوارد و خێرا و بەپەلە قسەی دەکرد. چاوی ڕەش و فێڵاوی دەدرەوشایەوە. وەک کەسێکی بەخشندە هەموو بینین و زانیارییەکانی لە سەر ژیانی گوندنشینان دەگێڕایەوە، وەک ئەوەی کیسەیەکی لە سکەی مس بەتاڵ کردبێت.

ستێڤان دوو جار پێی وت: "نانەکەت بخۆ!"

پیەر پاروویەک نان و کەوچکێکی هەڵگرت، وەک منداڵێکی لاسار کە سەرقاڵی گۆرانی خوێندن بێت، دووبارە دەستی پێ کردەوە. سەرئەنجام دوای نان خواردن هەڵستا و وتی: "کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵ".

لە دایکی نزیک بۆوە. دەستی گوشی و وتی: "ماڵئاوا دایکە گیان!

ئەگەری هەیە هەرگیز دووبارە یەكتر نەبینینەوە... دەبێت بڵێم بە ناسینی جەنابت خۆشحاڵ بووم و قسەكانت چێژبەخش بوو... جانتاكە جگە لە كتێب، هیچی دیكەی تێدایە؟ شاڵێكی خوری؟ زۆر باشە، شاڵێكی خوری. ستێفان دەبیستی! ئێستا جانتاكەت بۆ دێنێتەوە. با بڕۆین، ستێفان! ماڵئاوا، خوا ئاگای لێتان بێت".
كاتێک ئەوان ڕۆیشتن، تاتیانا جێخەوی بۆ دایكی ئامادە كرد. لە سەر زۆپاكە و لە ژووره خەلّوەتییەكە هەندێک جلوبەرگی هێنا و لە سەر كورسییەک داینا.
دایكی وتی: "كوڕێكی زیرەكە!"
ئەو ژنە گەنجە بە دزییەوە سەیری كرد و وەڵامی دایەوە: "سووكە و دەنگی دێت، بەڵام لە دوورەوە نابیسترێت".
دایكی پرسی: "مێردەكەت چۆنە؟"
- كەسێكی باشە، مەشروب ناخواتەوە، پێكەوە سازاوین. تەنیا لاوازە...
خۆی ڕاست كردەوە و دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، وتی: "ئێستا دەبێت چی بكەین؟ دەبێت جەماوەر هان بدەین! دیارە! هەمووان بیر لەو كارە دەكەنەوە، بەڵام هەركەسە و بە شێوەی خۆی. جیا لەوە دەبێت بە دەنگی بەرز و پاراو لەم بارەوە قسە بكرێت... دەبێت كەسێک بڕیار بدات ئەو كارە بكات..."
لە سەر كورسییەكە دانیشت و بێ ئاگا پرسی: "دەڵێن تەنانەت خاتوونی گەنج و دەوڵەمەندیش لەم كارەدا بەشدارن و كرێكارەكان فێری خوێندن و نووسین دەكەن... ئەوان لەم كارە ناترسن؟"
دوای ئەوەی بە وردی گوێی لە وەڵامەكانی دایكی گرت، لە قووڵایی دڵەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا، پێڵوەكانی لە سەر یەک دانا، سەری داخست و وتی: "جارێک لە كتێبێكدا خوێندمەوە كە ژیان واتای نییە... خێرا دركم بەو بابەتە كرد!" من دەزانم ئەم ژیانە چییە. مرۆڤ چەندین بیرۆكەی لە مێشكدایە، بەڵام لە یەكتر

جیان، دەسووڕێنەوە، دەسووڕێنەوە، وەک ڕانەمەڕی بێ شوان... دەسووڕێنەوە... هیچ شتێک و هیچ کەسێک نییە کۆیان بکاتەوە.. مرۆڤ نازانێت دەبێ چی بکات! ئەم ژیانە واتای نییە. حەزم دەکرد لەم ژیانە هەڵبێم، تەنانەت بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە. مرۆڤ کاتێک لە بابەتێک تێ دەگات، تەنانەت ئەگەر تێگەیشتنەکەی کەمیش بێت، دووبارە بەدبەختە..."

دایکی ئەم ئازارەی لە درەوشانەوەی چاوە سەوزەکان و لە ڕوخساری ئەو ژنەدا دەبینی و دەنگدانەوەی وتەکانی دەبیست. دەیویست هێوری بکاتەوە.

- بەڵام تۆ ئازیزم، دەزانی دەبێت چی بکەی...

تاتیانا بە ئارامی قسەکەی بڕی: "دەبێت بزانین... جێگەکەت ئامادەیە، درێژ بە و پشوو بدە".

وەک کەسێکی بەڕێز ڕۆیشتە لای زۆپاکە. دایکی بێ ئەوەی جلەکانی بگۆڕێت، ڕاکشا، ئێسقانەکانی لە تاو ئازار دەیانزریکاند، ناڵەیەکی کورتی کرد. تاتیانا چراکەی کوژاندەوە. کاتێکماڵەکە تاریک بوو، دووبارە دەنگی ئارامی تاتیانای بیست: "دۆعا ناخوێنن... منیش پێم وایە خودایەک لە ئارادا نییە و موعجیزەیەک لە ئارادا نییە، هەموو ئەم کارانەیان بۆ ترساندنی ئێمە داهێناوە، چونکە گەمژە و نەزانین.."

دایکی بە نیگەرانی لە ناو جێگەکەی دەتلایەوە. تاریکییەکی بێ بن لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد و لە بێ دەنگیدا، دەنگی خشەخشێک کە بە دژواری دەبیسترا، دەهات و دەچوو. وتی: "سەبارەت بە خوا قسەیەکی ئەوتۆم نییە، بەڵام بڕوام بە عیسا مەسیح و وتەکانی هەیە: "مرۆڤەکانت وەک خۆت خۆش بوێت... بەڵێ، بڕوام بەمە هەیە".

لە ناکاو بە پەرێشانی وتی: "بەڵام ئەگەر خودا هەیە، بۆ ئێمەی فەرامۆش کردووە؟ بۆ بە هێز و دەسەڵاتی خۆی پشتیوانیمان لێ

ناكات؟ بۆ ڕێگە دەدات مرۆڤەكان بۆ دوو چین دابەش بن؟ بۆ ڕێگە بە ئازارەكانی مرۆڤ، ئەشكەنجەكان، ڕیسواییەكان و هەرجۆرە كردەوەیەكی دڕندانەی دیكە دەدات؟"
تاتیانا بێ دەنگ بوو. دایكی، بەژنی ڕێك و ڕاكشاوی ئەوی لە سەر عەرزی ژوورەكە و لای زۆپاكە بینی. ژنێكی گەنج بێ جوڵە لەوێ وەستابوو. پلاگە خەمبار بوو و چاوەكانی داخست.
لە ناكاو دەنگێكی سارد و بێ ڕۆح بیسترا: "هەرگیز! نا، خواوەندی مرۆڤ بۆ مردنی منداڵەكانم نابەخشم... هەرگیز".
دایكی نیگەران و پەشۆكاو هەڵستا. بەدبەختییەكانی ئەم ژنە، دایكی خەمبار كرد.
بە ئارامی وتی: "هێشتا گەنجی، دووبارە منداڵت دەبێتەوە".
ژنەكە دوای چەند سات بێ دەنگی لە بەرخۆیەوە وتی: "نا، دكتۆر وتوویەتی ئیتر قەت ناتوانم منداڵم هەبێت".
مشكێك لە سەر عەرزی ژوورەكە ڕایكرد. تەقەتەقێكی وشك و ژاوەژاو، بێ دەنگی شكاند و دووبارە خوشەی باران لە سەر گڵەبانەكە بیسترا، وەك ئەوەی بە پەنجەی ورد نەوازش بكرێت. دڵۆپی باران بە خەمباری دەكەوتە سەر زەوی و لەگەل شەوی پاییزی یەكیان دەگرتەوە.
دایكی بە دەم خەونوچكەیەكی قورس، دەنگێكی پێی نامۆی لە دەرەوە و دواتر لە هۆڵەكە بیست. دەنگێكی لەسەرخۆ وتی: "تاتیانا خەوتووی؟"
- نا.
- ئەو خەوتووە؟
- پێم وابێت.
ڕووناكییەك دەركەوت و، لە تاریكیدا نوقم بوو. جووتیارەكە لە دایكی نزیك بۆوە و بەتانییەكەی سەر قاچی دایكی ڕێك كردەوە. ئەم چاودێرییە كاریگەری لە سەر دایكی دانا. دووبارە چاوەكانی

داخست و بزەیەکی کرد. ستێفان بێ دەنگ جلەکانی دەرهێنا و ڕۆیشتنە ژوورە خەڵوەتییەکە.
دایکی بە وردی گوێی لەو دەنگە گرت کە زۆر بە خاوی بەرزونزم دەبوو و خەوهێنەر بوو؛ بێ جوڵە مایەوە. لە پێش چاوی، بەو تاریکییە، وێنەی خوێناوی ریبین دەرکەوت... چپەچپێک لە ژوورە خەڵوەتییەکەوە هات: "دەبینی چۆن کەسانێک بەم کارەوە سەرقاڵن، کەسانێکی پیر کە هەزاران خەم و گرفتارییان هەیە، ئێستا ئەوان دەبێت پشوو بدەن، بەڵام بڕوانە چی دەکەن، بەڵام تۆ ستێفان... گەنجی... ژیری!"
دەنگی گڕی ئەو پیاوە وەڵامی دایەوە: "مرۆڤ ناتوانێت بێ بیرکردنەوە ئەم کارانە بکات.. چاوەڕێ بە.."
دەنگەکان نەمان و دووبارە بیسترانەوە. ستێفان وتی: "ڕێگەکەی ئەوەیە: یەکەم دەبێت بە نهێنی لەگەڵ جووتیارەکان قسە بکەین، بۆ نمونە لەگەڵ ئالێکسیس ماکۆڤ کە گەنجێکی خوێندەوار و بوێرە و لە بەرپرسەکان تووڕەیە، هەروەها لەگەڵ چۆرین، جووتیارێکی تێگەیشتووە و کنی یازێر کە ئازا و راستکردارە. بۆ دەستپێکردن ئەمانە بەسن، کاتێک بووینە دەستەیەکی بچوک، دەڕۆین بە دوای ئەو پیاوانەی کە ئەم ژنە باسی کرد... تەورەکەم هەڵدەگرم و دەڕۆمە شار، بە خەڵک دەڵێم ڕۆیشتم بۆ شار تاکو بە دارشکاندن پارە پەیدا بکەم. دەبێت وریا بین. ئەم ژنە راست دەکات، مرۆڤ دەبێت خۆی بەهای خۆی دیاری بکات. کاتێک کارێکی لەم شێوەیە دێتە پێش، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بەشداری تێدا بکات، دەبێت بەهای خۆی بزانێت.. سەیری ئەو جووتیارە بکە، مەبەستم ریبین-ە، تەسلیمی خودایش نابێت، چجای بەڕێوەبەری پۆلیس...! خۆڕاگری دەکات وەک ئەوەی تا ئەژنۆی لە زەوی چەقیبێت، ئەی نیکیتا؟ ئەو پیاوە شەرمی کرد، بە راستی موعجیزەیە... ئەگەر گەل یەک بگرێت و کارێک بکات، دنیا شوێنی دەکەوێت..."

- هاودەنگ! لە بەرچاوتان لە پیاوێک دەدەن و ئێوە دەستەوەستان لەوێ ماونەتەوە!
- چاوەڕێ بکە، دەبێ بلێی سوپاس بۆ خوا کە خۆتان لێتان نەداوە! چونکە هەندێک کات جووتیارەکان ناچار دەکەن لە زیندانییەکان بدەن! ئەوانیش گوێڕایەڵن. لەوانەیە بەزەییان بێتەوە و بگرین، بەڵام لە زیندانییەکە دەدەن لە ترسی ئەوەی نەکا خۆیان ئەشکەنجە بدرێن، ناوێرن خۆیان لەم دڕندەییە بە دوور بگرن! هەر فەرمانێکیان پێ خۆش بێت دەدەن و ئەوەی گوێڕایەڵ نەبێت، ماڵوێرانی دەکەن. دەبێت کارێک بکەین ژمارەمان زۆر بێت و ڕاپەڕین..!

ماوەیەکی زۆر قسەی کرد. هەندێک جار ئەوەندە بە هێواشی قسەی دەکرد، دایکی تێ نەدەگەیشت و هەندێک جاریش بە دەنگی بەرز و پاراو دەهاتە گۆ. ئەو کات ژنەکەی دەیووت: "هێواش، بەئاگای دێنیتەوە!"

خەوێکی قووڵ دایکی بردەوە. خەو وەک هەورێکی خنکێنەر خۆی بە سەردادا و دەوری گرت و بردیەوە... تاریکوڕوونی بەیانی کە سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی کرد، تاتیانا بانگی پلاگەی کرد. لە بێ دەنگییەکی سارد، لە سەر گوندەکە دەنگی زەنگی کڵێسا بە خاوی دەبیسترا و دوور دەکەوتەوە.

- چاکە ئامادەیە، بیخۆنەوە، بۆ ئەوەی لە ناو گالیسکەکە سەرماتان نەبێت...

ستێفان لەگەڵ ڕێککردنی ریشە ژاکاوەکەی وەک کەسێک کە زۆر سەرقاڵ بێت، دەیپرسی لە شار لە کوێ دەتوانێت دایکی بدۆزێتەوە. پلاگە وای زانی ڕوخساری ئەم پیاوە کامڵتر و خۆشەویستتر لە دوێنێ شەو دێتە بەرچاو.. لە کاتی چاخواردنەوە بە خۆشحاڵی وتی: "ئەم پێشهاتە زۆر سەیرە!"

تاتیانا پرسی: "چی؟"

- ئەم ئاشنایيە ئەوەندە سادەیە...

پلاگە بیرمەندانە و بە دڵنیاییەوە وتی: "لە ئامانجی جەماوەردا، هەموو شتێک لەڕادەبەدەر سادەیە..."
ئەو ژن و مێردە، بێ قسەکردنی زۆر، بەڵام بە دەربڕینی هەزار چەشنە راسپاردە و بە هەستی دڵسۆزییەکی گەرموگوڕ، ماڵئاواییان لێ کرد.
کاتێک دایکی سواری گالیسکەکە بوو، بیری کردەوە ئەم جووتیارە بە وریایی کارەکانی دەکات وەک مشکی کوێر، بێ دەنگ و رێکوپێک. دەنگی ناڕازی ژنەکەی لە گوێچکەیدا دەزرنگایەوە، چاوە سەوزەکانی بەردەوام دەدرەوشێتەوە. تا ئەو کاتەی زیندووە، ئازاری پڕ کینەی دایکێک کە بۆ منداڵەکانی دەگری، لە دڵیدا دەمێنێتەوە.
پلاگە بیری لە ریبین کردەوە، بیری ڕوخساری خوێناوی و چاوە سووتێنەرەکان و قسە گەرمەکانی. سەرلەنوێ خەمبار بوو و هەستی بێ دەسەڵاتی لە بەرامبەر ئەو ئاژەڵە درندانە بە سەریا زاڵ بوو. تاکو گەیشتە شار، سیمای بەهێزی ریبین بە ریشی ڕەش و کراسی دڕاو و دەستی هەڵبەستراو و قژی ئاڵۆزکاو، لە بەرچاوی ون نەبوو کە لە تاو تووڕەیی و بڕوا بە ئەرکەکەی، سوور هەڵگەڕابوو. هەروەها بیری لە گوندە بێ ئەژمارەکان دەکردەوە کە بە نهێنی چاوەڕوانی گەیشتنی حەقیقەتیان دەکرد و لەو هەزاران کەسەی بێ دەنگ و بێ جوڵە، بە درێژایی تەمەنیان بێ ئامانج و بێ هیچ چاوەڕوانییەک کاریان دەکرد.
لە کاتێکدا سەبارەت بە دۆخی گەشتەکانی بیری دەکردەوە، لە ناخیدا هەستی بە ترپەیەکی شیرین کرد وەک نیشانەی بوونی شادی لە ناو دڵی و هەوڵی دا چیتر بیر لە ستێفان و ژنەکەی نەکاتەوە.
لە دوورەوە بورجەکانی زەنگی کڵێسا و خانووەکانی شاری بینی و هەستێکی خۆشی پێ برا. ڕوخساری نیگەرانی ئەو کەسانەی هاتە بەرچاو کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاگری ئەندێشە خۆش دەکەن و بڵێسەکانی بە جیهاندا بڵاو دەکەنەوە و، بەم ئارەزووە کە هەموو هێز و سۆزی

دایکانەی پێشکەشی مرۆڤە فیداکارەکان بکات، ڕۆحی شاد بوو.

# وێنەی (18)

نیکۆلا بە قژی ئاڵۆزکاو و کتێب بە دەست دەرگای بە ڕووی دایکیدا کردەوە.
لە کاتێکدا زۆر خۆشحاڵ بوو، وتی: "ئەوەندە زوو! زۆر باشە! خۆشحاڵم!"
برژانگەکانی لەژێر چاویلکەکە هاوڕێیانە بەریەک دەکەوتن. بۆ داکەندنی پاڵتۆکە هاوکاری پلاگەی کرد، بە میهرەبانییەوە سەیری کرد و وتی: "دوێنێ شەو بۆ پشکنین هاتبوون، هۆکارەکەیم لە خۆم پرسی و ترسام لەوەی ڕووداوێک بە سەر ئێوەدا هاتبێت، بەڵام نەیانگرتم و خەیاڵم ئاسودە بوو".
ئەوی بردە ژووری نان خواردن و وتی: "بەهەرحاڵ منیان لە فەرمانگە دەرکرد... بۆ ئەوە نیگەران نیم.. چونکە لە تۆمارکردنی ناوی جووتیارە بێ ئەسپەکان ماندوو بووم. کاری دیکە هەیە دەبێت ئەنجامی بدەم".
بە بینینی دیمەنی ژوورەکە، ئەم فکرە لە زەینی مرۆڤ دروست دەبوو کە کەسێکی بەهێزی چوارشانەی تووڕە، بە شێوەیەک دیوارەکانی ماڵەکەی لەقاندووە، هەموو شتێک ئاوەژوو بووە. وێنەکان کەوتبوونە سەر زەوی، کاغەزی دیوارەکان لێ کرابوونەوە و دڕابوون. تەختەیەک لە عەرزی ژوورەکە هەڵکەنرابوو، چوارچێوەی پەنجەرەکە شکابوو، خۆڵەمێش لە دەوری زۆپاکە پەرش و بڵاو ببۆوە.
لە سەر مێز، لە تەنیشت سەماوەرە کوژاوەکە، قاپە پیسەکان، ژامبۆن و پەنیر لە سەر لەتە کاغەزێک، هەروەها لەتی نان، کتێب و خەڵوز دەبینرا. دایکی پێکەنی. نیکۆلا بە شەرمەوە پێکەنی و

وتی: "ئەمە ئیشە جوانەكەی منە، بەڵام گرنگ نییە دایە گیان، پێم وابێت دەگەڕێنەوە، لە بەر ئەوە هیچ شتێکم كۆ نەكردەوە. پێم بڵێ، گەشتەكەت چۆن بوو؟"
ئەم پرسیارە وەک مشتێکی قورس بەر سنگی دایكی كەوت، دووبارە وێنەی ریبین هاتە پێش چاوی. لەوەی كە خێرا باسی ئەوی نەكردبوو، خۆی بە تاوانبار دەزانی. ڕۆیشتە لای نیكۆلا و بەسەرهاتەكەی بۆ باس كرد. هەوڵی دەدا ئارام بێت و هیچ شتێک فەرامۆش نەكات.
- قۆڵبەستیان كرد؟
نیكۆلا راچەنی و وتی: "چۆن چۆنی؟"
دایكی بە جوڵەیەک بێ دەنگی كرد و وەک ئەوەی لە بەردەم قاپی دادپەروەریدا بێت و سكاڵا لە ئەشكەنجەدانی كەسێک بكات، درێژەی بە قسەكەی دا.
نیكۆلا لەگەڵ گوێگرتن لە قسەكانی دایكی، پاڵی بە كورسییەكەوە دا. ڕەنگی پەڕی، لێوەكانی گەست. لەسەرخۆ چاویلكەكەی لابرد و لە سەر مێزەكە داینا، دەستی بە ڕوخساریدا هێنا وەک ئەوەی بیەوێت داوی نەبینراوی جاڵجاڵۆكەیەک لێ بكاتەوە. هێڵەكانی ڕوخساری باریک بوو، ئێسكی سەر گۆناكانی بە شێوەیەكی سەیر دەرپەڕی، پەڕەی لووتی دەلەرییەوە. یەكەم جار بوو پلاگە بەم شێوەیە نیكۆلای دەبینی، كەمێک ترسا.
دوای ئەوەی دایكی بەسەرهاتەكەی بە تەواوی گێڕایەوە، نیكۆلا هەڵستا و بە ناو ژوورەكەدا پیاسەی دەكرد. ددانەكانی جیڕ كردەوە و وتی: "دەبێت كەسێكی شیاو بێت... زۆر ئازایە! بە دڵنیاییەوە لە زیندان زۆری ئەشكەنجە دەكەن! كەسانی هاوشێوەی ئەو لە زیندان بەدبەخت دەبن... ژیانی كەسانی وەک ئەو لە زیندان زۆر دژوارە..."
ڕووبەڕووی دایكی وەستا و وتی: "هەڵبەت تەواوی ئەم پۆلیسانە، ئەم ئەفسەرانە، كەرستەیەک زیاتر نین، كوتەكن لە ناو دەستی

ژمارەیەک زۆردار، تەنیا راهێنەری ئاژەڵەكانیان بە كاریان دەبەن! بەڵام ئەم ئاژەڵە لە بەر ئەوەی ڕێگەی داوە ببێتە دڕندە، دەبێت سزا بدرێت. ئەگەر منی لێ دەبووم، ئەو سەگانەم دەكوشت".
دەستەكانی لە گیرفانیدا بوو، بێ هۆ هەوڵی دەدا بە سەر گرژی و تووڕەبوونەكەیدا زاڵ بێت. هەرچەندە دایكی لە ناخیدا هەستی پێ كرد. چاوەكانی وەک دەمە تیژەكەی چەقۆ باریک ببوونەوە. دووبارە بە ناو ژوورەكەدا گەڕا و بە دەنگێكی سارد و تووڕە لە قسەكانی بەردەوام بوو: "سەیری ئەو بێ شەرمییە! تاقمێک كەسی گەمژە، بۆ بەرگری لە دەسەڵاتی شوومی خۆیان لە سەر گەل، لە هەموو كەسێک دەدەن، دەخنكێنن و ستەم لە هەمووان دەكەن... دڕندەیی سات لە دوای سات زیاتر دەبێت. بێ بەزەیی دەبێتە یاسای ژیان... بیری لێ بكەنەوە... تاقمێک شەق دەوەشێنن و هاوشێوەی قاڵتاغەكان هەڵسوكەوت دەكەن، چونكە دڵنیان سزا نادرێن، چونكە تووشی نەخۆشیی نەگریسی كۆیلایەتی بوون و ئەشكەنجەدان لای ئەوان بۆتە پێویستییەكی شەهوەت بزوێن؛ ئەوان خووە سروشتییەكانی كۆیلایەتییان ئاشكرا دەكەن... دەستەیەكی دیكە بە هەستی تۆڵە ژەهراوی بوون و دەستەیەكیش لەژێر لێدانی زۆر كەڕ و لاڵ دەبن و دەخڵەفێن... جەماوەر دەڕزێنن، هەر هەمووی لە ناو دەبەن!"
وەستا و بە هەردوو دەست سەری گرت. بە دەنگێكی ئارام بەردەوام بوو: "مرۆڤ لەم ژیانە دڕندەیەدا، بێ ئەوەی بیەوێت، سووک و ریسوا دەبێت".
بە سەر خۆیدا زاڵ بوو. چاوەكانی بە شێوەیەكی تایبەت دەدرەوشایەوە. بە ئارامی سەیری دایكی كرد كە فرمێسک لە چاوی دەباری.
- پلاگە، نابێت كات بە فیڕۆ بدەین... جانتاكەتان لە كوێیە.
وەڵامی دایەوە: "لە چێشتخانەكەیە".

- سیخوڕەكان دەوری ماڵەكەیان داوە، ناتوانین ئەم هەموو ڕۆژنامەیە بێ ئەوەی هەستی پێ بكەن، لە ماڵ بەرینە دەر... نازانم ئەوانە لە كوێ بشارمەوە! پێم وابێت جەندرمەكان ئەمشەو دەگەڕێنەوە. نامەوێت ئێوە قۆڵبەست بكرێن، هەرچەندە حەیفە، بەڵام دەبێت ئێستا بیانسووتێنین".

دایكی پرسی: "چی؟"

- ئەوەی لە ناو جانتاكەیە.

پلاگە تێگەیشت و هەرچەندە زۆر خەمبار بوو، بەڵام بە هۆی ئەو سەركەوتنەی بە دەستی هێنابوو، بزەیەك لە سەر لێوەكانی نیشت. وتی: "جانتاكە هیچی تیا نییە، تەنانەت یەك لاپەڕەی تێدا نییە" و باقی بەسەرهاتەكەی خۆی باس كرد.

نیكۆلا سەرەتا بە نیگەرانی و دواتر بە سەرسوڕمانەوە گوێی لێ دەگرت. سەرەئەنجام قسەكەی بڕی و وتی: "سەرسوڕهێنەرە!" شانس هاوڕێتان بووە.

بە گەرمی دەستی دایكی گوشی و بەردەوام بوو: "سەرم لەوە سوڕماوە كە چۆن متمانە بەو خەڵكە دەكەن. ڕۆحی ئێوە زۆر پاكە! تۆم لە دایكم زیاتر خۆش دەوێت".

نیكۆلای لە ئامێز گرت و لە كاتێكدا قوڵپی گریان قورگی گرتبوو، لێوەكانی لە سەری نیكۆلا نزیك كردەوە.

نیكۆلا لە خۆشحاڵی ئەم هەستە نوێیە، شپرزە بوو و لە بەر خۆیەوە وتی: "لەوانەیە زۆر نەزانانە قسەم كردبێت!"

دایكی وای زانی ئەو زۆر خۆشحاڵە. بە میهرەبانی سەیری دەكرد و دەیویست بزانێت نیكۆلا بۆ ئەوەندە تووڕەیە.

نیكۆلا دەستەكانی لە یەك خشاند و بە پێكەنین وتی: "بە گشتی هەموو شتێك سەرسوڕهێنەرە! دەزانی بە درێژایی هەموو ئەو ڕۆژانە بە شێوەیەكی سەیر خۆشحاڵ بووم، هەموو كاتەكانم لەگەڵ كرێكارەكان بە سەر بردووە و كتێبم بۆ خوێندوونەتەوە، گفتوگۆمان

کردووه، لێیان ورد بوومەتەوه و هەستەکانم لە دڵمدا کەڵەکە کرد کە پاک و بێ خەوش بوو! مرۆڤگەلێکی زۆر خۆشەویستن! وەک ڕۆژەکانی مانگی ئایار ڕووناکن! مەبەستم کرێکارە گەنجەکانە؛ بەهێز و هەستیارن، تینووی فێربوونی هەموو شتێکن... مرۆڤ کاتێک دەیانبینێت بە خۆی دەڵێت سەرئەنجام ڕۆژێک ڕوسیا دەبێتە یەکێک لە درەوشاوەترین وڵاتانی دیموکراتی سەر زەوی!"

وەک ئەوەی بیەوێت سوێند بخوات، باسکی بەرز کردبۆوە، دوای ساتێک بێ دەنگی، وتی: "ئەم ڕۆژانەی دوایی کە لە فەرمانگە فەرمانبەر بووم، لە ناو ژمارە و کاغەزەکاندا ترشام و بۆگەنم کرد. یەک ساڵ ژیان بەو شێوەیە بۆ لەناوبردنی من بەسە، چونکە پێشتر لە ناو خەڵکدا بووم و کاتێک لەوان جیا دەبمەوە، دڵتەنگ دەبم. بە هەموو هێز و توانامەوە بەرەو لای گەل پەلکێش دەکرێم و ئێستا دەتوانم سەرلەنوێ بە ئازادی بژیم، دەتوانم دووبارە کرێکارەکان ببینم و ئەوەی دەیزانم، فێریان بکەم... تێ دەگەن؟ من لە بەردەم بێشکەی منداڵان، لە تەنیشت گەنجەکان و لە بەردەم ڕوخساری داهێنەرانە دەمێنمەوە کە لە گەشەکردن دایە، ئەم بابەتە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سادە و جوان و بە شێوەیەکی ترسێنەر بزوێنەرە... مرۆڤ گەنج دەبێتەوە، ئارام دەبێت و بە تەواوی مانا، ژیان دەکات".

پێکەنی. دایکی لە خۆشحاڵی ئەودا بەشدار بوو.

نیکۆلا وتی: "ئێوە زۆر بوێرن.. هێزێکی مەزن لە ناخی ئێوەدایە.. ئەم هێزە، دڵەکان بە توانایەکی زۆر بۆ لای ئێوە رادەکێشێت... زۆر بە باشی وەسفی خەڵک دەکەن. زۆر بە باشی دەیانبینن".

- ژیانی تۆیش دەبینم، تێ دەگەم، ئازیزم..

- مرۆڤ ئێوەی خۆش دەوێت... خۆشویستنی کەسێک زۆر تایبەتە... ئەوەندە باشە... خۆزگە دەتانزانی.

دایکی بە ئارامی دەستی نەوازش دەکرد و وتی: "ئێوەن بوونەوەرەکان

لە ناو مردووەکان زیندوو دەکەنەوە. ئێوە. ئازیزم، بیر دەکەمەوە و دەبینم کاری زۆرمان لە پێشە و دەبێت خۆڕاگر بین! حەز دەکەم دڵسارد نەبنەوە. گوێ لە پاشماوەی بەسەرهاتەکە بگرە. وتم ژنی ئەو جووتیارە...!"

نیکۆلا دانیشت، ڕووی شادومانی خۆی لە دایکی وەرگەڕاند و دەستی بە قژیدا هێنا، بەڵام خێرا ئاوڕی بۆ پلاگە دایەوە و تامەزرۆیانە گوێی لێ گرت.

سەرئەنجام وتی: "شانسی باشتان هەبووە. ئەگەری هەبوو بتانگرن... کەواتە جووتیارەکانیش لە جموجوڵ دان. سەیر نییە! لێرەوە ئەو ژنە دەبینم.. مەزندەی دەکەم دڵی چەندە پڕە.. ڕاست دەکەی، دەردی ئەو هەرگیز ناکوژێتەوە!... پێویستمان بە کەسانێکە بەردەوام سەرقاڵی کاروباری گوندەکان بن... ژمارەمان کەمە... هەموو شوێنێکی ژیان هەزاران قۆڵ و مەچەکی دەوێت.."

بە ئارامی وتی: "پێویستە پاڤل و ئاندرێ ئازاد بکرێن".

نیکۆلا سەیری کرد و سەری داخست.

- سەیرکە دایکە، ڕاستییەکتان پێ دەڵێم، هەرچەند دڵنیام ئازار دەدرێن. زۆر بە باشی پاڤل دەناسم، دڵنیام بە هەڵاتن ڕازی نابێت، دەیەوێت دادگایی بکرێت، دەیەوێت ڕاستییەکان بۆ هەمووان ئاشکرا بکات. چاوپۆشی لەوە ناکات، سودی نییە! لە سیبریا دەگەڕێتەوە.

دایکی بە ئارامی هەناسەیەکی هەڵکێشا.

- چارە چییە؟ لە من باشتر دەزانێ کە دەبێت چ بڕیارێک بدات...

نیکۆلا دووبارە شادومان بوو. هەڵستا، سەری دانەواند و وتی: "دایکە، لە سایەی سەری ئێوە، ئەمڕۆ زۆر بە خۆشی تێپەڕی... لەوانەیە خۆشترین خولەکەکانی تەمەنم بووبێت. زۆر سوپاس!"

بە ئارامی یەکتریان لە ئامێز گرت.

نیکۆلا لە پشت چاویلکەکەی سەیری کرد و وتی: "خۆزگە ئەو جووتیارەی باستان کرد، زووتر بێت. دەبێ بابەتێکی کورت

سەبارەت بە ریبین بنووسین و بە ئاشکرا لە ناو گوندەکاندا بڵاوی بکەینەوە، چونکە خۆی بە ئاشکرا قسەی کردووە، زیانی پێ ناگات و نووسینی ئەم بابەتە بۆ ئامانجەکانی گەل بە سودە. ئەمڕۆ دەینووسم. لۆدمیلا بەیانی چاپی دەکات، بەڵام چۆن بینێرین؟"

- من دەیانبەم.

- نا، زۆر سوپاس. پێتان وایە وسێف بتوانێت ئەو کارە بکات؟

- پێویستە لەم بارەوە قسەی لەگەڵ بکەین؟

- بەڵێ، پێی بڵێن دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکات.

- باشە، من دەبێت چی بکەم؟

- ئێوە نیگەران مەبن.

دەستی بە نووسین کرد. دایکی لەگەڵ کۆکردنەوەی شتەکانی سەر مێزەکە، سەیری کرد، پێنووسەکەی دەلەرزی و زنجیرەیەک وشەی دووروودرێژی بە دوای یەکدا دەکێشا. هەندێک کات پشتەملی نیکۆلا دەلەرییەوە، سەری بۆ دواوە دەبرد و چاوەکانی دەبەست. کاریگەری لە سەر پلاگە دەبینرا.

لە بەرخۆیەوە وتی: "سزایان بدەن، چاوتان لەم پیاوکوژانە نەبێت..!"

نیکۆلا هەڵستا و وتی: "ئەوەتا، ئامادەیە. ئەم کاغەزە لە ناو جلەکانتان بشارنەوە، بەڵام بزانە ئەگەر جەندرمەکان بێن، ئێوەش دەپشکنن".

بە ئارامی وتی: "خوا لە ناویان بەرێت".

ئێوارە دکتۆر هات.

لە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد و پرسی: "لە بەرچی بەرپرسەکان ئەوەندە نیگەران بوون، دوێنێ شەو حەوتماڵیان پشکنیوە..."

- نەخۆشەکە لە کوێیە؟

نیکۆلا وەڵامی دایەوە: "دوێنێ ڕۆیشت! ئەمڕۆ شەممەیە و ئەو نەیدەتوانی لە کۆڕی خوێندنەوە ئامادە نەبێت، تێ دەگەیت؟"

- کاتێک مرۆڤ سەری قڵیشاوە، ڕۆیشتن بۆ کۆڕی خوێندنەوە کەریەتییە!

- هەوڵم دا ئەمەی پێ بسەلمێنم، بەڵام بێ سود بوو.
دایکی وتی: "حەزی کردووە لای هاورێکانی فشە بکات و پیشانیان بدات هێشتا هیچ نەبووە، خوێنی بۆ بیروباوەڕەکەی ڕشتووە".
دکتۆر سەیری کرد. ددانی لە یەک دەسوو، سیمای دوژمنانەی بە خۆیەوە گرت و وتی: "ئێوە چەندە خوێنمژن!"
- باشە ئازیزم، تۆ ئیتر لێرە کارت نییە و ئێمە چاوەڕێی کەسانێک دەکەین، بڕۆ! دایکە ئەو کاغەزەی پێ بدە.
دکتۆر هاواری کرد: "دووبارە؟"
- بیگرە و بیبە بۆ چاپخانە.
- بە سەرچاو دەیبەم، هەر ئەوە؟
- بەڵێ، سیخوڕێک لە بەردەمماڵەکەیە.
- بینیم، لە بەردەم ماڵەکەی منیش کەسێکی لێیە. ماڵئاوا! ژنی بێ بەزەیی! ماڵئاوا! دەزانن هاوڕێیان، ئەو پێکدادانەی ناو گۆڕستانەکە، بابەتێکی زۆر باشە! لە هەموو شوێنێکی شارەکە باسی دەکەن، کاریگەری لە سەر خەڵک داناوە و ناچاریان دەکات بیر بکەنەوە. بابەتەکەی تۆ لەم بارەوە زۆر باش بوو و لە کاتی خۆیدا بڵاو کرایەوە. هەمیشە وتوومە شەڕێکی باش، لە سازانێکی خراپ، باشترە..!"
- باشە بڕۆ.
- بۆ ئەدەبت نییە! تەوقە! ئەم کوڕە کارێکی گەمژانەی کرد. دەزانی ماڵەکەی لە کوێیە؟
نیکۆلا ناونیشانەکەی پێ دا.
- دەبێت بەیانی سەردانی بکەم، کوڕێکی باشە، وایە؟
- بەڵێ، زۆر دڵپاک و بوێرە.
دکتۆر لە کاتی ڕۆیشتن وتی: "نابێت لە چاومان دوور بێت، منداڵێکی نەزان نییە، ڕاستە ئەمانەن ڕەنجبەرانی خوێندەواری ڕاستەقینە پێکدێنن و کاتێک بگەینە ئەو شوێنەی جیاوازیی چینایەتی نەمێنێت،

ئەمانە جێگەی ئێمە دەگرنەوە".
- هاورێ، زۆر قسە دەکەی!
- خۆشحاڵم، لە بەر ئەوەی زۆر قسە دەکەم... ڕۆیشتم.. بە ڕاست پێت وایە بەم زووانە بگیرێیت؟ هیوادارم لەوێ بحەسێیتەوە.
- سوپاس هیلاک نیم.
دایکی گوێی لە قسەکانیان دەگرت و خۆشحاڵ بوو لەوەی کە دەیبینی نیگەرانی گەنجە بریندارەکەن.
کاتێک دکتۆرەکە ڕۆیشت، نیکۆلا و پلاگە لە چاوەڕوانی میوانەکانی شەو، لە سەر مێزەکە دانیشتن. ماوەیەکی زۆر نیکۆلا بە دەنگی ئارام سەبارەت بەو هاوڕێیانەی دوور خرابوونەوە و ئەوانەی هەڵاتبوون و بە ناوی خوازراو درێژەیان بە کارەکەیان دەدا، قسەی کرد. دەنگدانەوەی قسەکانی لە سەر دیوارە رووتەکە هەستی پێ دەکرا، وەک ئەوەی سەبارەت بە چیرۆکی پاڵەوانە لەخۆبووردەکان گومانیان هەبێت کە هێزی خۆیان بۆ ئەکسیری مەزن، واتە نوێکردنەوەی جیهان بە کار بردووە. سێبەرێکی نەرم دەوری دایکی گرتبوو. دڵی پڕ دەبوو لە خۆشەویستیی ئەو کەسانەی لە زەینیدا لە شێوەی بوونەوەرێکی گەورەی خاوەن هێزێکی بێ کۆتایی و ماندوونەناس چڕ دەبوونەوە. ئەم بوونەوەرە بە خاوی، بەڵام بێ وەستان بە سەر زەویدا دەڕۆیشت، لە کاتێکدا بۆگەنی کۆنی درۆی لە ناو دەبرد و ڕاستیی سادە و ڕۆشنی ژیانی بۆ هەمووان ئاشکرا دەکرد. واتە ئەو ڕاستییەی بەڵێنی ڕزگاربوون لە تەماح و کینە و درۆی بە هەمووان دەدا، ئەو سێ درنجەی هەمووانی ملکەچ و سەرشۆڕ کردبوو.. ئەم خەیاڵە کاریگەری زۆری لە سەر دڵی دایکی بە جێ دەهێشت. پێشتر لە بەردەم وێنەی پیرۆز کەوتبووە سەر ئەژنۆ و ئەو ڕۆژگارانەی ڕەنج و ئازاری کەمتری هەبوو، بە دۆعا کۆتایی پێ دەهێنا. ئەم کاریگەرییە هاوشێوەی ئەو هەستە بوو کە لە کاتی دۆعاکردن لە دڵی دایکیدا دروست دەبوو. ئێستا ڕابردووی

خۆی فەرامۆش كردبوو، ئەو هەستەی كە رابردوو لەودا دروستی دەكرد، فراوان و رووناكتر دەبوو، كاریگەری لە سەر رۆحی دادەنا، دەژیا و بەردەوام زیاتر دەگەشایەوە.

نیكۆلا قسەكەی بڕی و هاواری كرد: "جەندرمەكان نایەن!"

دایكی سەیری كرد و دوای چەند ساتێك بێ دەنگی وتی: "خوا لە ناویان بەرێت".

- بەڵێ، بەڵام دایكە دەبێت زۆر ماندوو بی، دەبێ بڕۆی بخەوی، بەڵام بە هێزی، بە باشی بەرگەی ئەم خەم و نیگەرانییانە دەگری، تەنیا قژت زۆر زوو سپی بووە، بڕۆ پشوو بدە، بڕۆ.

دەستی یەكیان گوشی و جیابوونەوە.

# وێنەی (19)

دایکی زوو خەوی لێ کەوت. بەیانی بە تەقەی دەرگای چێشتخانەکە بەئاگا هاتەوە. زۆر سەیر تەقەیان لە دەرگا دەدا. هەوا هێشتا تاریک بوو. دایکی خێرا جلی پۆشی و بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشت و پرسی: "کێیە؟"

دنگێکی نەناسراو وەڵامی دایەوە: "منم!"

- کێ؟

دەنگەکە بە ئارامی وەک ئەوەی بپاڕێتەوە، وتی: "بیکەنەوە".

دایکی کیلۆنەکەی لابرد و دەرگای کردەوە. ئیگناتی هاتە ژوور و بە خۆشحاڵییەوە وتی: "بە هەڵەدا نەچووم، بۆ شوێنێکی باش هاتووم". هەموو گیانی قوڕاوی بوو، ڕوخساری ڕووناک و چاوەکانی دەبریسکایەوە و قژە لوول و پەرێشانەکەی لەژێر کڵاوەکەی هاتبووە دەر. دەرگای داخست و وتی: "لە گوندەکەمان کارەساتی گەورە رووی داوە".

- دەزانم.

ئیگناتی حەپەسا و پرسی: "چۆن؟ کێ ئاگاداری کردنەوە؟"

دایکی بە کورتی بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە.

- ئەی دوو هاوڕێکەی تر؟ ئەوانیش گیران؟

- لەو کاتەدا لەوێ نەبوون، ڕۆیشتبوون ناوی خۆیان بۆ سەربازی بنووسن. بە ریبین-ەوە پێنج کەسیان گرت.

ئاوی لووتی هەڵلووشی و بە پێکەنین وتی: "بەڵام من مامەوە... بە دڵنیاییەوە بە دوامدا دەگەڕێن، با بگەڕێن!" هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنە. شەش-حەوت کوڕ و کچی لێیە و دەتوانین هیوامان پێیان بێت".

دایکی پرسی: "چۆن توانیت دەربازت بێت؟"
ئیگناتی لە سەر کورسییەک دانیشت، سەیری چواردەوری کرد: "من؟ شەو جەندرمەکان راستەوخۆ هاتن بۆ کارگەکە... خولەکێک پێش ئەوان پاسەوانی دارستانەکە بە راکردن هات. تەقەی لە شووشەی پەنجەرەکە دا و وتی: "کوڕینە بە دوای ئێوەدا دەگەڕێن". ئیگناتی پێکەنی. بە کراسەکەی ڕوخساری پاک کردەوە و بەردەوام بوو: "مامە ریبین، بە ئاسانی ناشڵەژێت.. ئەو شەوە ئەوەی سەلماند! بەپەلە بە منی وت: خێرا بڕۆ بۆ شار، ئەو دوو ژنەت بیر ماوە کە هاتن! خێرا شتێکی نووسی و وتی: بیگرە و بڕۆ! ڕۆیشتمە پشت ماڵەکە، خۆم لە پشت دڕکوداڵەکان حەشار دا، دەنگی پێی جەندرمەکانم دەبیست. ژمارەیان زۆر بوو و لە هەر چوار لاوە دەهاتن. دەوری کارگەکەیان دا... لە پشت پەرژینێک بووم... بە بەردەمما تێپەڕین، دوای ئەوە هەڵستام و بەڕێ کەوتم. ڕۆژێک و دوو شەو بێ وەستان بە پێ ڕۆیشتم تاکو یەک هەفتە.. هیلاکم، هەردوو پێم وێرانە!"
دیار بوو لە خۆی رازییە. بزەیەک چاوە خۆڵەمێشییەکانی ڕووناک دەکردەوە. لێوی ئەستوور و سووری دەلەرزی.
دایکی سەماوەرەکەی هەڵگرت و بەپەلە وتی: "ئێستا چا دروست دەکەم، تا چاکە ئامادە دەبێت، خۆت بشۆ، باشتر دەبیت!"
- دەمەوێت نامەکەت پێ بدەم...
بە دژواری قاچی بەرز کردەوە، نووشتاندیەوە و لەگەڵ ئازارێکی زۆر ڕێکی کردەوە و شریتەکەی دەوری قاچی کردەوە.
نیکۆلا هات. ئیگناتی سەغڵەت بوو و پێی خستە سەر زەوی. هەوڵی دا هەڵستێت، بەڵام نەیتوانی و کەوتە سەر کورسییەکە و بە هەردوو دەست گرتی.
- چەندە هیلاکم.
نیکۆلا بە ئیشارەی سەر وتی: "سڵاو هاوڕێ، بوەستە ئێستا

هاوکاریت  دەکەم".
لە بەردەم قاچی ئیگناتی دانیشت و شریتە پیس و قوڕاوییەکەی لە قاچی کردەوە.
دایکی وتی: "دەبێت بە ئەلکهۆڵ قاچی بشێلین، زۆر بە سودە".
نیکۆلا وتی: "ڕاستە!"
ئیگناتی شەرمی کرد و ئاوی لووتی هەڵلووشی.
سەرئەنجام نیکۆلا نامەکەی دۆزییەوە، سافی کرد، سەیری کرد و بە دایکی وت: "ئەوەی بۆ تۆ نووسیوە".
- بیخوێنەرەوە.
نیکۆلا کاغەزە گرمۆڵەکراوەکەی لە چاوەکانی نزیک کردەوە و خوێندییەوە:
"دایکە بە دوای ئەم کارەدا بڕۆ، تکا دەکەم بەو خاتوونە بڵێ بەردەوام سەبارەت بە ئێمە و کارەکانمان زیاتر بنووسێت. ماڵئاوا. ریبین".
دایکی بە خەمباری وتی: "مرۆڤێکی چەند نازدارە! قورگیان دەگرت و دیسانیش بیری لای ئەوانی تر بوو".
نیکۆلا نامەکەی بە دەستەوە بوو، باسکی شەکەت بوو و کەوتە خوار، وتی: "سەرسوڕهێنەرە!"
ئیگناتی سەیری پەنجە چڵکنەکانی قاچ پێخاوسەکەی دەکرد.
دایکی ڕوخساری فرمێسکاوی خۆی شاردەوە و تەشتێک ئاوی پڕ کرد و ڕۆیشتە لای ئیگناتی. لە سەر زەوی دانیشت و دەستی بۆ گرتنی قاچی ئیگناتی درێژ کرد.
- دتەوێت چی بکەیت؟ ئەمە سودی نییە...
- خێرا قاچت بێنە پێش...
نیکۆلا وتی: "ئێستا ئەلکهۆڵ دێنم".
ئەو پیاوە قاچی خستبووە ژێر کورسییەکەی و دەیووت: "ناهێڵم، نابێت..."
دایکی بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، شریتی قاچەکەی تری کردەوە.

ئیگناتی واقی وڕ مابوو. دایکی دەستی بە شۆردنی قاچی کرد. وتی: "دەزانی، ریبین-یان ئەشکەنجە کرد و لێیان دا".
ئیگناتی وتی: "بە راست؟"
- بەڵێ، پێش ئەوەی بیهێنن بۆ نیکۆلۆسکی، زۆریان لێدا و لەوێش بەڕێوەبەری پۆلیس بە شەق و مشتەکۆڵە کەوتە گیانی... ئەو داماوە... هەموو گیانی خوێن بوو.
- باشە، جووتیارەکان لێیان نەدا؟
- تەنیا یەک کەس و بە فەرمانی بەڕێوەبەری پۆلیس. ئەوانی تر بە باشی هەڵسوکەوتیان کرد، تەنانەت دژی لێدانی وەستانەوە.
- بەڵێ، جووتیارەکان خەریکە تێ دەگەن.
- لەو گوندە چەندین جووتیاری ژیری لێیە...
- هەموو شوێنێک لێیەتی؟ لە هەموو شوێنێک دەبینرێن! تەنیا دەبێت بیاندۆزینەوە، تەنیا دۆزینەوەی ئەوان دژوارە. لە سوچ و قوژبنەکان خۆیان دەشارنەوە و هەریەکە و بۆ خۆی خوێناوی دڵی دەخواتەوە... ناوێرن لە دەوری یەک کۆ ببنەوە...
نیکۆلا شووشەیەک ئەلکهۆڵی هێنا. خەڵوزی کردە سەماوەرەکە و بێ ئەوەی قسە بکات، ڕۆیشتە دەر. ئیگناتی سەیری دایکی کرد و پرسی: "گەورەمان ئەمەیە؟"
- لای گەل و بە بیروبڕوای ئێمە، ئاغا و گەورە لە ئارادا نییە، هەمووان یەکسانن.
ئیگناتی پێکەنی، وتی: "زۆر سەیرە!"
- چی؟
- هەموو شتێک... لە شوێنێک زللە لە پیاو دەدەن، لە شوێنێک قاچەکانی بۆ دەشۆن... ئاستی مامناوەندی نییە.
دەرگا کرایەوە و نیکۆلا وەڵامی دایەوە: "ئاستی مامناوەندی ئەم دووانە، ئەو کەسانەن کە دەستی شەق وەشێن و خوێنمژانی گەل دەلێسنەوە، بەڵێ، ئەوانن".

ئیگناتی بە ڕێزەوە سەیری کرد و دوای چەند ساتێک بێ دەنگی وتی: "ئەوە زۆر ڕاستە".
نیکۆلا بەردەوام بوو: "پلاگە تۆ هیلاکی، با من بیشۆم".
ئەو پیاوە بە نیگەرانی قاچی بردە دواوە.
دایکی هەڵستا و وتی: "تەواو بوو، ئیگناتی هەڵستە".
ئیگناتی هەڵستا، جارێک لە سەر ئەم قاچ و جارێک لە سەر ئەو قاچ دەوەستا. لە کاتێکدا بە هەموو هێزی خۆی پشتی بە زەوی دەبەست، وتی: "وەک بڵێی نوێبوونەوە، زۆر سوپاس".
دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، سەیری تەشتە ئاوە پیسەکەی کرد و لە بەرخۆیەوە وتی: "نازانم چۆن سوپاستان بکەم".
هەرسێکیان ڕۆیشتنە ژووری نانخواردن و نانی بەیانییان خوارد.
ئیگناتی بەسەرهاتی خۆیانی دەگێڕایەوە: "من ڕۆژنامەکانم بڵاو دەکردەوە. حەز بە ڕێگە ڕۆیشتن دەکەم. ریبین پێی وتم: "برۆ ئەمانە بەرە، ئەگەر تۆ بگرن، گومان لە کەسی دیکە ناکەن..."
نیکۆلا پرسی: "خوێنەرەکان زۆرن؟"
- هەموو ئەو کەسانەی توانای خوێندنەوەیان هەیە، تەنانەت دەوڵەمەندەکان. هەڵبەت ئەوان ڕۆژنامە لە ئێمە وەرناگرن. ئەوان وا دەزانن جووتیارەکان بە خوێنی خۆیان زەوی ئاغاکان دەشۆرنەوە، واتە خۆیان لە نێوان خۆیان دابەشی دەکەن بە جۆرێک نە ئاغا هەبێت نە کرێکار. بە دڵنیاییەوە ئەوەیە، ئەگینا شەڕکردن بۆ ئەم مەبەستە نەبێت سودی نییە".
وا پێ دەچوو دڵتەنگ بێت. وەک ئەوەی بیەوێت پرسیار بکات، سەیری نیکۆلای کرد.
نیکۆلا بێ دەنگ بوو و پێدەکەنی.
ئیگناتی وتی: "ئەگەر ئەمرۆ لە سەرانسەری جیهان جەنگ بەرپا بێت و ئێمە سەرکەوین، بەیانییەکەی دیسان هەر ئەم دۆخەیە، واتە کەسێک دەوڵەمەند و کەسێک هەژارە. دووبارە هەمان تاس

و هەمان حەمام! لە مەبەستەکەم تێ دەگەن؟ سەروەت و سامان وەک لم وایە، لە یەک شوێن نامێنێتەوە و لە هەموو لایەکەوە دێت. کەواتە سودی ئەم کارانە چییە".
دایکی بە گاڵتە وتی: "خۆت دڵتەنگ مەکە".
نیکۆلا بیرمەندانە پرسی: "چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو بڵاوکراوەیە سەبارەت بە گرتنی ریبین خێرا لە گوندەکان بڵاو ببێتەوە؟"
ئیگناتی گوێی هەڵخست و وتی: "ئەمڕۆ ئەو کارە دەکەم! هێشتا هیچ نەبووە و ئەو بڵاوکراوانە ماون؟"
- بەڵێ.
ئیگناتی کە چاوەکانی دەدرەوشایەوە، پێشنیاری کرد: "بیدەن بە من، دەزانم چۆن و بۆ کوێی بەرم. دایکی بێ ئەوەی سەیری بکات، پێکەنی و وتی: "بەڵام تۆ ماندوویت و دەترسی، ئێستا وتت ئامادە نیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو شوێنە...!"
ئیگناتی بە دەستە پانەکەی قژی ساف کرد. زۆر شێلگیرانە و بە ئارامی وتی: "ماندووم، ئەمڕۆ دەحەوێمەوە، بەڵام ئەوەی کە دەڵێن دەترسم، ڕاستە... خۆتان دەڵێن ئەوەندە لە کەسەکە دەدەن تاکو خوێنی لێ دەچۆڕێت.. کەس نایەوێت کەمئەندام بێت! جێبەجێی دەکەم، شەو دەڕۆم... هەرچۆنێک بووە گالیسکەیەک پەیدا دەکەم و ئەمشەو بەڕێ دەکەوم".
چەند ساتێک بێ دەنگ بوو.
- دەڕۆمە دارستان و لەوێ خۆم حەشار دەدەم، دوای ئەوە، هاوڕێیان ئاگادار دەکەمەوە، پێیان دەڵێم بێن و بەشی خۆیان هەڵبگرن، باشترین ڕێگە ئەوەیە... ئەگەر خۆم بڵاوی بکەمەوە و بمگرن، ڕۆژنامەکان دەفەوتێت.. زۆر کەمە، دەبێت ئاگامان لێی بێت...
دایکی دووبارە پرسی: "چۆن بە سەر ترسەکەتدا زاڵ دەبی؟"
دایکی ڕاستگۆیی و ڕاستی قسەکانی ئەم گەنجە و پێداگرییەکەی بە دڵ بوو.

ددانەکانی دەرخست و وتی: "ترس بە جێی خۆی، کاریش بە جێی خۆی! بۆ گاڵتەم پێ دەکەن؟ دەبینن! لەوانەیە ترسێنەر نەبێت، بەڵام پێویستە و لە بەر ئەوە بە ناو ئاگریشدا دەڕۆم... ئەگەر مەبەست ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە بێت... دەبێت..."
دایکی بەم قسانەی ئیگناتی خۆشحاڵ بوو و وتی: "ئاخ رۆڵە گیان..!"
ئیگناتی پێکەنی و بە شپرزەیی وتی: "دووبارە بوومە منداڵ".
نیکۆلا کە هاوڕێیانە سەیری گەنجەکەی دەکرد، وتی: "تۆ نابێت بڕۆیتە ئەوێ..!"
ئیگناتی بە نیگەرانی پرسی: "ئەی چی بکەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟"
- کەسێکی دیکە دەڕوات و تۆ هەموو وردەکارییەکانی پێ دەڵێی کە چی بکات و چی نەکات. ئامادەن ئەو کارە بکەن؟
ئیگناتی دوای ساتێک بێ دەنگی، بە بێزاری وتی: "باشە".
- پێناسی پێویستتان بۆ ئامادە دەکەین و بە ناوی پاسەوانی دارستان دەستبەکار دەبن.
- بەڵام ئەگەر جووتیارەکان بێن و دار بەرن، یان لە شوێنە قەدەغەکراوەکان راو بکەن، دەبێت چی بکەم؟ بیانگرم؟ ناتوانم ئەو کارە بکەم..."
دایکی و نیکۆلا پێکەنین. ئەو جووتیارە بە پێکەنینەکەی ئەمان شپرزە و دڵتەنگ بوو.
نیکۆلا وتی: "مەترسن! شتی وا روو نادات... بڕواتان هەبێت!"
ئیگناتی وتی: "کەواتە جیاوازە!" هەستی بە ئاسودەیی کرد و بە حاڵەتێکی پڕ متمانە و شادی خەندەیەکی بۆ نیکۆلا کرد.
- حەز دەکەم بڕۆمە کارخانە، دەڵێن لەوێ مرۆڤەکان تا رادەیەک هۆشیارن.
دەتووت لە سنگە پانەکەیدا ئاگرێک دادەگیرسێت کە هێشتا نارێکە و دەکوژێتەوە، لە کاتێکدا جگە لە دووکەڵی پەرێشانی و نیگەرانی هیچی تری لێ بەدی ناکرێت.

دایکی لە سەر مێزەکە هەڵستا و بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت و وتی: "ئاخ! ژیان سەیرە!... مرۆڤ ڕۆژی پێنج جار پێدەکەنێت و بەو ئەندازەیەش دەگری... خۆشە... قسەکانت تەواو بوو ئیگناتی؟ بڕۆ بخەوە".

- نا، نامەوێت.

- دەڵێم بڕۆ بخەوە.

- شتەکان بە قورسی وەردەگرن! باشە دەڕۆم! سوپاس بۆ چاکە، هەروەها بۆ ئەوەی کە چاودێریتان کردم.

لە سەر جێگەی دایکی پاڵ کەوت. سەری خوراند و وتی: "ئێستا هەموو شتێکی ماڵەکەتان بۆنی قەتران دەگرێت... خراپتان کرد!... خەوم نایەت... کەسانێکی بەڕێزن... ئیتر لە هیچ تێ ناگەم... مرۆڤ وا دەزانێ سەد کیلۆمەتر لە گوند دوورە... سەبارەت بە چینی مامناوەند، زۆر باش ئاماژەی پێدا، ئەو کەسانەن دەستی ئەشکەنجەگەرەکان دەلێسنەوە.. سەیرە!"

سەرئەنجام پرخەی بەرز بۆوە و خەوی لێ کەوت، لە کاتێکدا برۆکانی بەرز و دەمی تا نیوە کردبۆوە.

# وێنەی (20)

هەمان شەو، ئیگناتی لەژێرزەمینێک، لە بەرامبەر وسێف چیکێف دانیشتبوو. پێی وت: "چوار جار لە شووشەی ناوەڕاست بدە!"
وسێف بە نیگەرانییەوە پرسی: "چوار جار؟"
- سەرەتا سێ جار بەم شێوەیە.
بە پەنجە لە مێزەکەی دا و ژماردی: "یەک، دوو، سێ و دوای ئەوە، دوای چەند ساتێک لێدانێکی تر..."
- تێ دەگەم.
جووتیارێکی قژسوور دەرگا دەکاتەوە و دەپرسێت: "ئەمە هی ئێمەیە؟ پێی بڵێن: بەڵێ، لە لایەن خاوەن زەوییەکەوە نێردراوە! هەرئەوەندە، خۆی تێ دەگات".
سەریان لە یەک نزیک بوو، هەردووکیان بەهێز و باڵابەرز بوون، بە ئارامی قسەیان دەکرد. دایکی دەست لە سەر سنگ لە نزیک مێزەکە وەستابوو و گوێی لێ دەگرتن. ئەم هێما رازاوییانە و ئەم پرسیار و وەڵامانە، دەیخستە پێکەنین. لای خۆیەوە وتی: "هێشتا منداڵن".
چرایەک لە سەر قەدی دیوارەکە رووناکی دەبەخشی و پەڵەی لیلی کەڕووی دیوارەکە و ئەو ڕوخسارانەی پیشان دەدا کە لە ڕۆژنامەکان کرابوونەوە. ستڵی شکاو و وردە ئاسنی سەربانەکە لە سەر زەوی رژابوو. لە ئاسمانی تاریک ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەرکەوت. بۆنی ژەنگ و رەنگی بەڕۆن گیراوە و شێ، ژوورەکەی پڕ کردبوو.
ئیگناتی پاڵتۆیەکی پێستەی لە بەردا بوو، زۆری خۆش دەویست. دایکی دەیبینی بە حەزەوە دەست لە قۆڵەکانی دەدات. ملە ئەستوورەکەی

بە زۆر دەسووڕاند بۆ ئەوەی سەیری خۆی بكات. بیرێک بە زەینی دایكی گەیشت: "منداڵەكان، منداڵە ئازیزەكانم، هیوادارم سەركەوتوو بن".

ئیگناتی هەڵستا و وتی: "هەر ئەوەندە! بەڵام لە بیرت بێت، سەرەتا ماڵی مۆراتۆڤ و باوەگەورە..."

وسیێف وەڵامی دایەوە: "لە بیرم دەبێت".

بەڵام وا دەردەكەوت ئیگناتی باوەڕ بە قسەكانی ناكات، دووبارە هەموو هێما و ئاماژەكانی بۆ دووبارە كردەوە. سەرئەنجام دەستی بۆ لای وسیێف درێژ كرد و وتی: "سڵاوی منی پێ بگەیەنە و پێیان بڵێ ئیگناتی زیندوو و تەندروستە".

- كەسانێكی زۆر باشن، خۆتان دەیبینن.

بە ڕەزامەندی سەیری كرد، دەستی بە پاڵتۆكەیدا هێنا و لە دایكی پرسی: "دەتوانم بڕۆم؟"

- ڕێگەكە شارەزایت؟

- بە دڵنیاییەوە، ماڵئاوا هاوڕێیان!

شانی بەرز كردەوە، سنگی دەرپەڕاند، كڵاوێكی نوێی لە سەردا بوو، دەستی خستە گیرفانی و ڕۆیشت. لە سەر ناوچاوان و لاجانگی، قژە لوول و كورتەكەی دەلەرییەوە.

وسیێف لە دایكی نزیک كەوتەوە و وتی: "سەرئەنجام منیش كارێكم دەست كەوت. لەم بێ كارییە بێزار بووم. لە خۆم دەپرسی بۆ لە زیندان هاتمە دەر؟ هەمیشە خۆم دەشارمەوە، لە كاتێكدا لە زیندان شتی زۆر فێر دەبووم... پاڤڵ مێشكی ئێمەی پڕ دەكرد و چەند چێژبەخش بوو. ئاندرێ-ش چاو و گوێی دەكردینەوە. باشە دایكە، سەبارەت بە هەڵاتن بڕیاری چیتان داوە؟ ئەو كارە دەكەن؟"

دایكی وەڵامی دایەوە: "دووبەیانی روون دەبێتەوە". هەناسەیەكی هەڵكێشا و بێ ئیرادە دووپاتی كردەوە: "دووبەیانی...!"

وسیێف لێی نزیک كەوتەوە، دەستە قورسەكانی خستە سەر شانی

و وتی: "پێیان بڵێ زۆر ئاسانە، گوێ لە قسەی تۆ دەگرن. سەیرکە! ئەمە دیواری زیندانە، بەرامبەری دەشتێکی چۆڵە، گۆڕستان لای چەپە و کۆڵان و شار دەکەونە لای راست".
لێپرسراوی چراکان بە ڕۆژ دێت و چراکان پاک دەکاتەوە. پەیژەکەی بە دیوارەکەوە دەنێت و سەردەکەوێت، پاشان ئەڵقەکانی پەیژەیەکی لە گوریس چاککراو هەڵدەداتە ناو حەوشی زیندانەکە. هەموو شتێک ئامادەیە. داوا لە زیندانییە ناسیاسییەکان دەکەن قەرەباڵغی و شەڕ و ئاژاوە دروست بکەن. لەم کاتەدا ئەو کەسانەی بڕیارە رابکەن، سەردەکەون و تەواو! بە ئارامی بەرەو شار بەڕێ دەکەون، چونکە پاسەوانەکان سەرەتا ناو دەشتەکە و دواتر ناو گۆڕستانەکەیان بۆ دەگەڕێن...
لەگەڵ باسکردنی پلانەکەی کە پێی وا بوو سادە و روونە، شانازی بە خۆیەوە دەکرد. دایکی کاتێک وسیَف-ی ناسی، گەنجێکی سست و ناشارەزا بوو. ئێستا بینینی ئەم ڕوخسارە گرۆیییە کە وا چلاک و بزۆز دەردەکەوێت، بە لایەوە شتێکی نامۆ بوو. پێشتر وسیَف بە چاوی تووڕە و بێ متمانەیی دەیڕوانییە هەموو شتێک، بەڵام ئێستا وەک بڵێی چاوەکانی گۆڕابێت، تیشکێکی بەردەوام و تینێک کە هەم دایکی رازی دەکرد، هەم کاریگەری لە سەر دادەنا.
بیری لێ بکەرەوە، ئەم کارە لە ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت، بەڵێ لە ڕۆژدا، کێ دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە زیندانییەک هێندە ئازا بێت بە ڕۆژی رووناک و بە بەرچاوی هەموو زیندانییەکان هەوڵی هەڵاتن بدات؟"
دایکی بە نیگەرانی وتی: "ئەی ئەگەر گوللەبارانیان بکەن؟"
- کێ؟ لەوێ سەربازی لێ نییە و پاسەوانەکان بە دەمانچەکانیان بزمار دادەکوتن.
- ئاوا بە ئاسانی؟
- بەڵێ، دەیبینی، بەو جۆرەیە کە باسم کرد. لەگەڵ ئەوانی دیکەیش

قسە بکە، پێشتر هەموو شتێکم ئامادە کردووە، پەیژەی گوریس، قولاپەکان. لەگەڵ خاوەن ماڵەکەم قسەم کردووە، ئەو کاری چرا پاککردنەوە دەکات.
لە پشت دەرگا کەسێک دەجولا و دەکۆکی. دەنگی بەرکەوتنی دوو ئاسن بەرز بۆوە.
سەروکەللەیەک لە دەرگاکە دەرکەوت. دەنگێک وتی: "شەیتان برۆ ژوور..!"
دواتر سەرێکی خڕ و ڕیشن و قژی ماش و برنجی، بێ کڵاو و چاوی ئاوساو، دەرکەوت.
وسێف بۆ هاتنە ژووری هاوکاری کرد. دواتر کەسی تازەهاتوو کە قاڵتاغێکی باڵابەرزی چەماوە بوو، گوپی پڕ کرد، کۆکی، تفی کردەوە و وتی: "سڵاو".
گەنجەکە وتی: "باشە، لێی بپرسە؟"
- چی؟ دتانەوێت چیم لێ بپرسن؟
سەبارەت بە هەڵاتن...
پیرەپیاوەکە سمێڵی بە پەنجە ڕەشەکانی پاک کردەوە و وتی: "ئێ..!"
- دەبینی ژاکوب، ئەمە بڕوا ناکات هەڵاتنی ئەوان زۆر ئاسانە...
ئەو پیاوە بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "ئاخ! باوەڕ ناکات؟ باوەڕ ناکات، واتە نایەوێت، بەڵام ئێمە هەردووکمان لە بەر ئەوەی دەمانەوێت ئەو کارە بکرێ، پێمان وایە زۆر ئاسانە."
چەمایەوە و دووبارە کۆکی. ماوەیەک لە ناو ژوورەکە مایەوە، ئاوی لووتی هەڵلووشی و سنگی داماڵی. سەیری دایکی دەکرد.
دایکی بیری خستنەوە: "ئەو بڕیارە لە دەستی مندا نییە!"
وسێف وتی: "قسەیان لەگەڵ بکە، پێیان بڵێ هەموو شتێک ئامادەیە. ئاخ! خۆزگە دەمتوانی بیانبینم، دەمزانی چۆن قەناعەتیان پێ بکەم. دەستی درێژ کرد، دواتر دەستەکانی خستە سەر یەک وەک ئەوەی بیەوێت شتێکی نامۆ لە ئامێز بگرێت. لە دەنگیدا هەست بە گەرمییەکی

تایبەت دەکرا.
پلاگە بیری کردەوە: "چەندە گۆڕاوە!" بە دەنگی بەرز وتی: "بڕیار لە دەستی پاڤڵ و هاوڕێکانیەتی..."
وسێف سەری داخست.
پیرەپیاو دانیشت و پرسی: "ئەم پاڤڵ-ە کێیە؟"
- کوڕەکەم.
- نازناوی چییە؟
- ڤێلاسێف.
سەری لەقاند، کیسەی تووتنەکەی دەرهێنا، جگەرەکەی پێچایەوە و وتی: "ئەم ناوەم بیستووە. برازاکەم دەیناسێت. برازاکەیشم لە زیندانە. ناوی ئێڤچنکۆ-یە. ئێوە دەیناسن؟ ناوی من گۆبۆن-ە. بەم زووانە هەموویان زیندانی دەکرێن. ئەو کات ئێمەی پیرەپیاو دێینە ناو گۆڕەپانەکە. جەندرمەکە بەڵێنی پێ داوم برازاکەم بۆ سیبریا بنێرێت".
مژی لە جگەرەکەی دەدا و جارجار تفی دەکردەوە. سەیری وسێف-ی کرد و بەردەوام بوو: "ئاها، وتت ئەم خاتوونە نایەوێت، خۆی خاوەن دەسەڵاتە، ئەگەر هیلاک بووە با دانیشێت، ئەگەر لە دانیشتن بێزار بووە، بەڕێدا بڕوات، ئەگەر رووتیان کردەوە بێ دەنگ بێت، ئەگەر لێیان دا، خۆڕاگر بێت. ئەگەر ویستیان بیکوژن بکەوێت.. ئەمە روونە، بەڵام من برازاکەم دەردێنم".
ڕستە کورتەکانی هاوشێوەی وەڕینی سەگ بوو و دایکی نیگەران دەکرد. بە هۆی قسەکانی ئەم پیرەپیاوە، هەستی ئیرەیی لە دایکیدا دەرکەوت.
پلاگە لە کۆڵان و لەژێر باران و بای سارد بە ڕێگەدا دەڕۆیشت و بیری لە وسێف چیکێف دەکردەوە: "چەندە گۆڕاوە".
لە کاتێکدا بیری لە گۆبۆن دەکردەوە، وەک خۆپارێزێک بیری کردەوە: "دیارە لەم ژیانە نوێیە و من بە تەنیا نیم".

وێنەی کوڕەکەی لە دڵیا نەخشی بەست.
- خۆزگە بەم کارە رازی دەبوو.

# وێنەی (21)

دایکی ڕۆژی یەکشەمەی دواتر، لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ پاڤڵ لە نووسینگەی زیندان، کاغەزێکی بچوکی گرمۆڵەکراوی لە دەستیدا بینیەوە. ترسا و بە پاڕانەوە و کۆمەڵێک پرسیار سەیری کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. وەک هەمیشە، چاوەکانی پێدەکەنی و ئارام بوو. دایکی ئەو نیگایەی دەناسی.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "ماڵئاوا".

پاڤڵ دووبارە دەستی بۆ درێژ کرد:

- بە سەلامەت دایە گیان.

دەستی کوڕەکەی گرت و چاوەڕوان بوو.

پاڤڵ وتی: "نیگەران مەبە دایکە، لێم دڵتەنگ مەبە!"

ئەم قسانە و چرچولۆچە لاسارەکەی ناوچاوانی وەڵامی دایکی دایەوە.

سەری داخست و وتی: "بۆ ئەو قسە دەکەی؟ چی بووە؟ بێ ئەوەی سەیری بکات، خێرا ڕۆیشت بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی هەستی کوڕەکەی نەبزوێنێت. لە ڕێگە وای پیشان دەدا دەستی کە نامەی کوڕەکەی تێدایە، ئازاری هەیە. قۆڵی قورسە وەک ئەوەی لێدانی بەرکەوتبێت. لە کاتی گەیشتن بە ماڵ، نامەکەی دا بە نیکۆلا. کاتێک بینی کاغەزە گرمۆڵەکراوەکە دەکاتەوە، کەمێک ئومێدوار بوو، بەڵام نیکۆلا پێی وت: "دەمزانی! سەیرکە بزانە چی نووسیوە:

"هاوڕێیان هەڵنایەم، ناتوانم.. کەسمان ئامادە نابێت، بڕوا بەخۆبوون لە دەست دەدەین. وا باشترە بیر لەو جووتیارە بکەنەوە کە بەم دواییانە دەستگیر کراوە و پێویستە کارێک بۆ ئەو بکەن. لێرە زۆر ئەشکەنجەی دەدەن. هەموو ڕۆژێک لەگەڵ بەرپرسەکان

دەستەویەخەیە. بیست و چوار سەعات لە كونێكی بچوك زیندانی بوو، بەردەوام ئازاری دەدەن. هەموومان بۆی دەپاڕێینەوە. دڵنەوایی دایكم بكەن. ئەم بابەتەی بۆ روون بكەنەوە. لە هەموو شتێك تێ دەگات... پاڤڵ.."

نیكۆلا ئاوڕی دایەوە، پەڕۆیەكی لە گیرفانی دەرهێنا و بە فیشكەفیشك لووتی گرت، وتی: "سەرمام بووە..." بە بیانووی پاككردنەوەی چاویلكەكەی، چاوەكانی شاردەوە و بە ناو ژوورەكەدا دەگەڕا و وتی: "دەبینن.. ئەگەر رازیش بووایە نەماندەتوانی ئەو كارە بكەین". خەمێكی قورس و نامۆ پەلاماری دڵی دایكی دا: "گرنگ نییە، دادگایی دەكەن".

- لە لایەن هاوڕێیانی پیترسبۆرگ-ەوە نامەیەكم بۆ هاتووە...

- ئەگەری هەیە لە سیبریا بتوانێت رابكات، وایە؟

- بەڵێ. هاوڕێكەم وتوویەتی بەم زووانە دادگایی دەكرێت، لە ئێستاوە سەرۆكی دادگا دیاری كراوە: "هەموویان دوور دەخرێنەوە. دەیبینن؟ ئەم بێ شەرەفانە دادپەروەری دەكەنە كەمەندێكی شەرمهێنەر، تێ دەگەن، پێش دادگاییەكە، حوكمەكە لە پیترسبۆرگ-ەوە دەركراوە..

دایكی بە برشتەوە وتی: "نیكۆلا، واز لەو قسانە بێنە، دڵنەوایی كردن و روونكردنەوە بۆ من سودی نییە.. پاڤڵ هەرگیز كارێكی خراپ ناكات، لە خۆوە بێ هۆ خەم ناخوات".

وچانێكی گرت، هەناسەی تازە كردەوە و وتی: "بە هەمان شێوە كە نابێتە هۆكاری خەم بۆ كەسانی تر. منی خۆش دەوێت، دەزانم، دەبینی بیری لە منیش كردۆتەوە. لە نامەكەدا نووسیویەتی دڵنەوایی بكەن، وانییە؟"

دڵی خێرا لێی دەدا و سەری گێژ بوو.

نیكۆلا بە دەنگی بەرز و پاراو وتی: "خۆشم دەوێت و رێزی دەگرم". دایكی پێشنیاری كرد: "پێتان چۆنە سەبارەت بە ریبین قسە بكەین؟" دەیویست بێ درەنگ كارێك بۆ ریبین بكەن. ئەوەندە بە رێگەدا

بڕوات تا شەکەت بێت، دواتر خۆشحاڵ و رازی لەوەی کە ڕۆژێکی بە کارکردن بە سەر بردووە، بە ئارامی بخەوێت.
نیکۆلا بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا و وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بە راست دەبێت چی بکەین؟ دەبێت ساشنکا..."
دایکی قسەکەی بڕی و وتی: "بەم زووانە دێت. هەمیشە کاتێک دێت کە دەزانێ لای پاڤل گەڕاومەتەوە".
نیکۆلا سەری داخست و بیرمەندانە لە سەر کورسییەکە دانیشت. لێوی دەگەست و یاری بە ریشی دەکرد.
- بەداخەوە خوشکەکەم لێرە نییە، ئەگەر لێرە بوایە دەیتوانی پێویستییەکانی هەڵاتنی ریبین ئامادە بکات.
دایکی وتی: "خۆزگە دەکرا تا ئەو کاتەی پاڤل لەوێیە، ئەم کارە بۆ ریبین بکەن. زۆر خۆشحاڵ دەبێت!"
دایکی چەند ساتێک بێ دەنگ بوو و دواتر بە ئارامی وتی: "تێ ناگەم.. لەگەڵ ئەوەی دەتوانێت، بۆچی بەو کارە رازی نابێت؟"
لە دەرگایان دا. نیکۆلا هەڵستا. دایکی و ئەم سەیری یەکتریان کرد.
نیکۆلا وتی: "ساشنکایە!"
دایکی وتی: "چۆن پێی بڵێم؟"
- بەڵێ، دژوارە.
دووبارە لە دەرگایان دا، بەڵام هێواشتر. وەک بڵێی ئەو کەسەی لە پشت دەرگاکە بوو، دوودڵە. نیکۆلا و دایکی پێکەوە ڕۆیشتن دەرگاکە بکەنەوە، بەڵام کاتێک گەیشتنە بەردەم دەرگای چێشتخانەکە، نیکۆلا گەڕایەوە و وتی: "وا باشە تۆ دەرگاکە بکەیتەوە".
کاتێک دایکی دەرگای کردەوە، کچەکە لەسەرخۆ پرسی: "ئامادە نییە رابکات؟"
- بەڵێ.
ساشنکا بە ئارامی وتی: "دەمزانی".
ڕەنگی پێوە نەما، قۆپچەکانی تا نیوە کردەوە و بێ هۆ هەوڵی دەدا

چاکەتەکەی دابکەنێت، بەڵام نەیتوانی. وتی: "با هەڵیکردووە و باران دەبارێت... کەشێکی زۆر خراپە... بە راست تەندروستی باش بوو؟"
- بەڵێ.
ساشنکا سەیری دەستی کرد و بە ئارامی وتی: "ڕازی و تەندروست وەک هەمیشە".
دایکی بێ ئەوەی سەیری بکات، وتی: "نووسیویەتی ئامادەکاری بۆ هەڵاتنی ریبین بکەین".
کچەکە لەسەرخۆ پرسی: "بە راست؟ دەبێت ئەو پلانە جێبەجێ بکەین!"
نیکۆلا هاتە لای دەرگاکە و وتی: "منیش هەمان بۆچوونم هەیە! سڵاو ساشنکا!"
کچەکە تەوقەی لەگەڵ کرد و پرسی: "کێشە چییە؟ هەمووان رازین بەوەی پلانێکی باشە، وایە؟ دەزانم هەمووان ئەو بۆچوونەیان هەیە..."
بەڵام کێ کاروباری هەڵاتنی ئەو لە ئەستۆ دەگرێت، هەموو سەرقاڵن.
کچەکە هەڵستا و وتی: "من کاتم هەیە...!"
- باشە، بەڵام دەبێت هاوکاری لە کەسانی تر وەربگریت.
- باشە، چەند کەسێک دەدۆزمەوە... لە ئێستاوە بە دوای ئەو کارە دەکەوم.
دایکی پێشنیاری کرد: "کەمێک پشوو بدەن".
کچەکە پێکەنی، بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "نیگەرانی من مەبن، هیلاک نیم".
ساشنکا تەوقەی لەگەڵ کردن و ڕۆیشت.
دایکی و نیکۆلا لە پەنجەرەکە نزیک بوونەوە و سەیریان دەکرد. لە حەوشەکە ڕۆیشتە دەر و لە پشت دەرگا ئاسنییەکە لە بەر چاو ون بوو... نیکۆلا بە ئارامی فیکەی لێ دەدا، لە پشت مێزەکە دانیشت و پێنووسی بە دەستەوە گرت.

دایکی بە ئارامی وتی: "ساشنکا ئەو کارە دەکات و ئەمە دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی".
نیکۆلا وەڵامی دایەوە: "بەڵێ". سەیری دایکی کرد. بە دەم پێکەنینەوە پرسی: "دایکە، ڕۆژگار ئەم پیاڵە ژەهرەی لە لێوەکانی تۆ دوور خستۆتەوە، هەرگیز ئاخت بۆ ئەو پیاوە هەڵنەکێشاوە کە خۆشت دەویست؟"
دایکی دەستی جوڵاند و وتی: "ئەوە چ قسەیەکە؟ من و ئاخ هەڵکێشان؟ تەنیا لەوە دەترسم نەکا ناچارم بکەن شوو بە یەکێک لەوان بکەم..!"
- کەست خۆش نەویستووە؟
ساتێک بیری کردەوە و وتی: "هاوڕێی ئازیز، بیرم نییە.. لەوانەیە کەسێک بووبێت لەو زیاترم خۆش ویستبێت، ئەمە هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام بیرم نایەتەوە".
دایکی سەیری کرد و بە خەمێکی ئازاربەخش گەیشتە ئەم ئەنجامە: "مێردەکەم ئەوەندەی لێداوم، ڕووداوەکانی پێش ئەوەم بیر نایەتەوە. وەک بڵێی هەموو شتێک لە یادگەمدا سڕابێتەوە".
بۆ ساتێک ڕۆیشتە دەر و کاتێک گەڕایەوە، نیکۆلا بە میهرەبانی وەک ئەوەی بیرەوەرییەکانی بە وشەی دڵگیر و عاشقانە نەوازش بکات، وتی: "دەبینن... منیش وەک ساشنکا چارەنووسێکم هەیە. کچێکم خۆش دەویست، کچێکی جوان و وەک ئەستێرەی ڕێنیشاندەرم بوو. هێشتا خۆشم دەوێت بۆ هەمیشە و بە هەمان ئەندازە... بە گیان و دڵ خۆشم دەوێت".
دایکی دەیبینی بڵێسەیەکی گەرم و سووتێنەر لە چاوەکانی نیکۆلا دەدرەوشێتەوە. سەری خستە ناو دەستی و سەیری شوێنێکی دوور، زۆر دووری دەکرد. وەک بڵێی لەشولاری باریک، بەڵام بەهێزی وەک لاسکە گیایەک ڕووەو خۆر دەجوڵێتەوە.
دایکی وتی: "دەی بە یەکەوە زەماوەند بکەن!"

- پێنج ساڵە شووی کردووە!
- بۆچی زەماوەندت لەگەڵ نەکرد؟ ئەی ئەویش تۆی خۆش نەدەویست؟
دوای چەند ساتێک تێڕامان، وەڵامی دایەوە: "پێم وابێت خۆشی دەویستم... تەنانەت دڵنیام، بەڵام شانس هاوڕێمان نەبووو. کاتێک ئەو ئازاد بوو، من لە زیندان بووم و کاتێک من ئازاد بووم، ئەویان شاربەدەر کردبوو. ئێمەش وەک ساشنکا و پاڤڵ بووین. سەرئەنجام بۆ ماوەی دە ساڵ بۆ سیبریا دووریان خستەوە... دوورییەکی مەترسیدار و بە ئازار! دەمویست بە دوایدا بڕۆم، بەڵام هەردووک شەرممان دەکرد و من مامەوە.. لەوێ لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی من کە کوڕێکی زۆر باشە، یەکتریان ناسی، پێکەوە لە زیندان هەڵاتن و ئێستا لە دەرەوەی وڵات ژیان بە سەر دەبەن".
نیکۆلا چاویلکەکەی لابرد و پاکی کردەوە. دواتر لە بەرامبەر رووناکی سەیری شووشەکەی کرد و دووبارە پاکی کردەوە.
دایکی سەری لەقاند و وەک هاوخەمی وتی: "ئاخ! هاوڕێکەم..!"
پلاگە جەرگی بۆی سووتا، بەڵام هەستی دایکانە ناچاری کرد بزەیەک بکات. نیکۆلا دووبارە پێنووسەکەی بە دەستەوە گرت و وتی: "ژیانی خێزانی، هێزی شۆڕشگێڕی لە کەسەکان دەگرێت، بەڵێ، کەمی دەکاتەوە، مرۆڤ منداڵی دەبێت، پێویستی بە پارەی زیاترە و بۆ بەدەستهێنانی نان دەبێت کار بکات... شۆڕشگێڕی راستەقینە دەبێت بێ ئەوەی هیلاک بێت، هێز و وزەی بە کار بەرێت، بۆ ئەم کارە، کاتی پێویستە، بەڵام بە هۆی شەکەتی یان خۆشویستنی کەسێک دوا دەکەوین، دەتوانین بڵێین خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک دەکەین".
دەنگی بەهێز بوو، هەرچەندە رەنگ بە ڕوخسارییەوە نەدەبینرا، بەڵام لە چاوەکانیدا هێزێکی لەبن نەهاتوو دەدرەوشایەوە. دووبارە لە دەرگایان دا و نیکۆلا قسەکەی بڕی. لۆدمیلا بوو. بە هۆی سەرما

سەرکوڵمەکانی سوور ببوونەوە. لە کاتێکدا پێڵاوەکانی دادەکەند، بە تووڕەیی وتی: "ڕۆژی دادگایی دەستنیشان کراوە، یەک هەفتەی ترە!"
نیکۆلا لە ژوورەکەیەوە هاواری کرد: "دڵنیای؟"
دایکی بێ ئەوەی بزانێت نیگەرانییەکەی بە هۆی ترسە یان خۆشحاڵی، بەرەو لای لۆدمیلا ڕۆیشت. لۆدمیلا بە دوایدا ڕۆیشت و بە دەنگی نزم و گاڵتەئامێز وتی: "بەڵێ! یاریدەدەر شستاک، داواکاری گشتی، داوانامەیەکی تازە ئامادە کردووە، لە دادگا بە ئاشکرا دەڵێت کە حوکمەکەیان پێشتر دەرکراوە. چ واتایەکی هەیە؟ بۆچما دەوڵەت دەترسێت فەرمانبەرەکانی بە نەرمی لەگەڵ دوژمنەکانیدا هەڵسوکەوت بکەن؟ دیارە دەوڵەت وێڕای ئەوەی کە پێشتر هەوڵی داوە نۆکەرەکانی فێرە گەندەڵی بکات، بەڵام دیسانیش بڕوای بە هیچوپووچی ئەوان نییە".
لۆدمیلا لە سەر کورسیەکە دانیشت و سەرکوڵمەکانی پاک کردەوە. سووکایەتی کردن لە چاوەکانی دەباری، لە کاتێکدا دەنگی سات لە دوای سات تووڕەتر دەبوو. نیکۆلا پێی وت: "بێ هۆ بارووتەکان بە فیرۆ مەدەن... دەنگی ئێوە بە گۆی دەوڵەت ناگات..."
ئەڵقەکانی دەوری چاوی لۆدمیلا ڕەشتر بوو و سێبەرێکی هەڕەشەئامێزی خستە سەر ڕوخساری. لە کاتێکدا لێوی دەگەست، وتی: "من نەیاری دەوڵەتم، ئەگەر بمکوژێت، مافی خۆیەتی، دوژمنی ئەوم، بەڵام بۆ بەرگری لە دەسەڵاتەکەی بۆچی خەڵک بەلاڕێدا دەبات؟ بۆ کەسانی وەک من ناچار دەکات سووکایەتییان پێ بکەم؟ بۆچی ڕۆحی من بە گەندەڵییەکانی خۆی ژەهراوی دەکات؟"
نیکۆلا پێڵوەکانی لە یەک نزیک کردەوە و سەری لەقاند و لەژێر چاویلکەکە سەیری کرد. ئەم ژنە گەنجە لە قسەکەی بەردەوام بوو وەک بڵێی ئەو کەسانەی ڕقی لێیانە، لە بەردەمیا بن. دایکی بە وردی گوێی لە قسەکانی دەگرت، بەڵام تێ نەدەگەیشت و تووتی

ئاسا هەمان وشەی دووبارە دەكردەوە: "دادگایی، هەفتەیەكی تر... دادگایی..."
پلاگە نەیدەتوانی بیر لەو شتە بكاتەوە كە ئەگەری هەیە روو بدات و ئەوەی كە دادوەرەكان چۆن لەگەڵ پاڤڵ هەڵسوكەوت دەكەن، بەڵام هەستی بە نزیكیی رووداوێكی بە ئازار دەكرد كە رەهەندی بێ بەزەییانە و توندوتیژی و نامرۆڤانەی هەبوو. ئەندێشەكان مێشكیان ئاڵۆز كرد و هەڵمێكی شینباو لە بەرچاوی كۆبۆوە و بردیە ناو شتێكی سارد و لینج و قێزەون، هێڵنجی دەدا، رۆیشتە ناو خوێنی، كاری لە دڵی كرد و هەموو ئازایەتییەكی لە ناخیدا خنكاند.

# وێنەی (22)

دایكی دوو ڕۆژی بەم قەیران و پەریشانی و خەمەوە بە سەر برد. ڕۆژی سێیەم ساشنكا هات و بە نیكۆلای وت: "هەموو شتێک ئامادەیە. بڕیارە ئەمڕۆ كاتژمێر یەک دەست پێ بكەین".
نیكۆلا بە سەرسوڕمانەوە وتی: "بەو پەلەپەلە؟"
- كارێكی ئەوتۆی نەبوو! تەنیا پێویست بوو جلوبەرگ بۆ ریبین و شوێنێک بۆ شاردنەوەی پەیدا بكەم... كارەكانی دیكە لە ئەستۆی گادۆن-ە.. ریبین تەنیا دەبێت چەند سەد مەترێک بە ڕێدا بڕوات. وسێف چیكێف كە هەڵبەت ڕوخساری گۆڕیوە، بەرەوپیری دەڕوات، پاڵتۆ و كڵاوی پێ دەدات و پێی دەڵێت بۆ كوێ بڕوات... منیش چاوەڕێی ریبین دەكەم و لەگەڵ خۆم دەیبەم.
نیكۆلا پرسی: "زۆر باشە، گادۆن كێیە؟"
- دەیناسن، لە ماڵی ئێمە بوو ئەو كاتەی بۆ كلیلسازەكان كتێبتان دەخوێندەوە.
- ئەرێ، بیرم كەوتەوە! پیرەپیاوێكی سەیرە...!
ساشنكا بیرمەندانە لە كاتێكدا لە پەنجەرەكەوە سەیری دەرەوەی دەكرد، وتی: "لە سەربازە كۆنەكانە و جەمەلۆنی ماڵان دادەنێت.. زانیاری زۆری پێ نییە، بەرامبەر زۆرداران و ستەمكاران رق لەدڵە... كەمێک هاوشێوەی فەیلەسوفەكانە!"
دایكی بێ دەنگ گوێی لە قسەكانی دەگرت. بیرێكی نامۆ لە مێشكیدا گەشەی كرد.
- گۆبۆن دەیەوێت ئامادەكاری بۆ هەڵاتنی راوچنگۆ-ی برازای بكات؛ واتە ئەو ئاسنگەرەی شیكپۆشی و پاكوخاوێنییەكەیت بە دڵ بوو، بیرتە؟

نیکۆلا سەری لەقاند. ساشنکا وتی: "هەموو شتێک ئامادەیە، بەڵام گومانم لە سەرکەوتنی پلانەکە هەیە. زیندانییەکان هەمووی لە یەک کاتدا دێنە حەوشە و پیاسە دەکەن، کاتێک پەیژەکە ببینن، زۆربەیان دەیانەوێت هەڵبێن و خۆیان رزگار بکەن".
چاوەکانی داخست و بێ دەنگ بوو. دایکی لێی نزیک کەوتەوە.
- بەم پێیە، کێشە بۆ یەکتر دروست دەکەن.
هەرسێکیان لای پەنجەرەکە وەستابوون و دایکی لە پشت سەری نیکۆلا و ساشنکا بوو. گفتوگۆی خێرای ئەوان هەستێکی نامۆی لە پلاگەدا بەئاگا دەهێنایەوە. لە ناکاو وتی: "منیش دەڕۆم".
ساشنکا پرسی: "جەنابت بۆچی دەڕۆی؟"
نیکۆلا پێشنیاری کرد: "نا، هاوڕێ گیان، تۆ مەچۆرە ئەوێ! لەوانەیە ڕووداوێکی ناخۆش ڕوو بدات.
دایکی سەیری کردن. بە ئارامی و پێداگرانە دووبارەی کردەوە: "بۆ نا، دەڕۆم".
نیکۆلا و کچەکە سەیری یەکتریان کرد. ساشنکا سەری بەرز کردەوە و وتی: "دیارە."
ڕووی کردە دایکی، قۆڵی گرت و بە میهرەبانی و هاوڕێیانە پێی وت: "لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادارت دەکەمەوە، بەڵام هیواکەت بەخۆڕاییە..."
دایکی بە دەستی لەرزۆک ساشنکای بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و وتی: "ئازیزم، من لەگەڵ خۆتان بەرن، نابمە ئەرک بۆ ئێوە! منیش دەبێت ببینم... پێم وا نییە پلانی هەڵاتنەکەیان سەر بگرێت".
کچەکە بە سادەیی بە نیکۆلای وت: "با بێت".
نیکۆلا سەری داخست و وتی: "ئەوە لە دەستی تۆدایە".
- بەڵام دایکە، ئێمە ناتوانین لەوێ پێکەوە بین. تۆ بڕۆ بۆ ناو کێڵگەکان، باخەکان... لەوێ مرۆڤ دەتوانێت دیوارەکانی زیندان ببینێت، ئەگینا لەوانەیە لێت بپرسن لەوێ چی دەکەی؟
پلاگە بە دڵنیاییەوە وتی: "هەرچۆنێک بێ وەڵامێک دەدۆزمەوە".

ساشنکا وتی: "بیرت نەچێت پاسەوانەکانی زیندان دەتناسن. ئەی ئەگەر لەوێ بتبینن؟"
دایکی وتی: "نامبینن".
لە ناکاو ئەو هیوایەی هەمیشە لە ناخیدا خەوتبوو، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بەئاگا هاتەوە. لە کاتێکدا جلی دەپۆشی، وتی: "لەوانەیە ئەویش..."
دوای سەعاتێک پلاگە لە ناو کێڵگەکانی نزیک زیندانەکە بوو. بایەکی خێرا هەڵیکرد و لەژێر داوێنی دەئالا و بەر زەوی بەستوو دەکەوت. لە کاتێکدا پەرژینی باخێکی کۆنەی دەجولاند، بە توندی خۆی دەکێشا بە دیواری کۆنی زیندان، دەگەیشتە حەوشی زیندان، هاوارەکانی زیندانی کۆ دەکردەوە و لەگەڵ خۆی بۆ ئاسمانی دەبردن. هەورەکان لە جوڵەدا بوون و هەندێک کات پانتایی شینی ئاسمانیان پیشان دەدا.
شار لە پشت سەری دایکی راخرابوو، لە بەردەمی گۆڕستانێک لە لای راست و لە بیست مەتری زیندانەکە دەبینرا. نزیک گۆڕستان دوو سەرباز ئەسپێکیان دەسووڕاندەوە و بە هەنگاوە قورسەکانیان بەرێدا دەڕۆیشتن، فیکەیان لێ دەدا و پێدەکەنین.
دایکی لە سەربازەکان نزیک کەوتەوە و وتی: "سەربازەکان، بزنەکەی منتان نەبینیوە؟ بۆ ئێرە نەهاتووە؟"
یەکیان وەڵامی دایەوە: "نا، نەمانبیوە".
بە ئارامی دوور کەوتەوە، لەوان تێپەڕی و لە کاتێکدا بە دزییەوە سەیری دەکردن، بەرەو دیواری گۆڕستانەکە ڕۆیشت. لە ناکاو هەستی کرد قاچەکانی قورس دەبن وەک ئەوەی بە زەوی بەستوو لکابن. لە سوچی زیندانەکە چرا هەڵگیرسێنەرێک کە پشتی لەژێر پەیژەیەکی بچوک چەمابۆوە، دەرکەوت لە کاتێکدا وەک هاوکارەکانی رایدەکرد. پلاگە ترسا و سەیرێکی سەربازەکانی کرد.
ئەوان دەوەستان و ئەسپەکە بە دەوریانا دەسووڕایەوە. دواتر بینی

ئەو پیاوە هێشتا هیچ نەبووە، پەیژەی بە دیوارەکەوە نا و بە ئارامی سەرکەوت. بە دەست جوڵەیەکی کرد و خێرا هاتە خوار و لە سوچی دیواری زیندانەکە لە بەرچاو نەما. دڵی دایکی خێرا لێی دەدا. خولەکەکان بە هێواشی تێپەڕ دەبوون. پەیژەکە لە نێوان پەڵەکانی قوڕ و گەچی ڕژاودا بە دژواری دەبینرا کە خشتەکان لەژێریەوە دەرکەوتبوون. لە ناکاو لە سەر دیوارەکە سەری ڕەشی ریبین دەرکەوت، دواتر جەستەی، بەرەو لایەکی دیکە ڕۆیشت و هاتە خوارەوە. کەسی دووەم کە کڵاوێکی پەشمی لە سەردا بوو، هاتە دەر و هاوشێوەی گلۆڵەیەکی ڕەش لە سەر زەوی تلا و دیار نەما. ریبین هەڵستا، سەیری دەوروبەری خۆی کرد و سەری لەقاند. دایکی لە بەرخۆیەوە دەیووت: "ڕاکە... ڕاکە..!"
گوێچکەی دەزرنگایەوە، هاوارەکان لە نزیک ئەو دەبیستران. سەری سێیەم کە قژی بۆر بوو، لە سەر دیوارەکە دەرکەوت. دایکی وشک بوو، دەستی خستبووە سەر سنگی و لەو دیمەنەی دەڕوانی. سەری بۆر و ڕوخساری بێ موو لە هەوادا بەرز بۆوە وەک ئەوەی بیەوێت لە جەستەی جیا ببێتەوە، دواتر لە پشت دیوارەکە دیار نەما. هاوارەکان زیاتر و خیراتر دەبوون. با، ئەوانی لەگەڵ دەنگی فیکە گوێ ئازاردەرەکان لە هەوادا بڵاو دەکردەوە. ریبین بە درێژایی دیوارەکە دەڕۆیشت، دواتر لەو زەوییەی زیندانی لە ماڵەکانی شار جیا دەکردەوە، گوزەری کرد. دایکی وای زانی بە خاوی و هێواشی دەڕوات و سەری زۆر بەرز دەکاتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەو کەسانەی دەیانبینی، هەرگیز سیمایان فەرامۆش نەدەکرد.
پلاگە لە بەر خۆیەوە وتی: "خێراتر، خێراتر..!"
لە حەوشی زیندان، خرەی شووشەی شکاو بە گوێ گەیشت. سەربازەکە بە هەموو هێزی ئەسپەکەی بۆ لای خۆی رادەکێشا و سەربازەکەی تر دەستی بە دەمیەوە گرتبوو و ڕووەو زیندان هاواری دەکرد. دواتر گوێی گرت و سەری بۆ ئەملا سووڕاند. دایکی

بە سیمایەکی تێکشکاو سەیری دەکرد، چاوەکانی هەموو شتێکی دەبینی، بەڵام بڕوای نەدەکرد. هەڵاتنێک کە بە گەورە و مەترسیداری دەبینی، خێراتر و سادەتر لەوەی پێشبینی دەکرا، جێبەجێ بوو. لە کۆڵانەکە، شوێنەواری ریبین-ی نەبینی. تەنیا پیاوێکی باڵابەرز کە پاڵتۆیەکی درێژی لە بەردا بوو دەبینرا و کیژۆڵەیەک کە رایدەکرد. سێ چاودێر لە سوچی زیندانەکە دەرکەوتن و دەستیان بۆ پێشەوە درێژ کردبوو. یەکێک لە سەربازەکان بۆ لایان ڕۆیشت. ئەوی تر بە دوای ئەسپەکەوە بوو و هەوڵی دەدا سواری بێت و ئەسپەکە نەیدەهێشت.

دایکی وای زانی هەموو شتێک لە گۆڕاندایە. دەنگدانەوەی بەردەوامی فیکەلێدان، بێ هیوایانە هەوای دەبڕی. ئەو کاتە پلاگە هەستی بە مەترسییەکە کرد. بە لەرزەلەرز بە درێژایی دیواری گۆڕستانەکە ڕێگەی بڕی، لە کاتێکدا پاسەوانەکان بە چاو سەیریان دەکرد و بە دوایەوە بوون. پاسەوانەکان و سەربازەکان بەرەو زیندانەکە ڕۆیشتن و هاوشێوەی ئەو دوو سەربازەی دیکە دیار نەمان. لێپرسراوی زیندانی بینی بەرەو هەمان شوێن دەڕوات. قۆپچەی جلکە فەرمییەکەی کراوە بوو. پاسەوانەکان سەروکەللەیان دەرکەوت و خەڵک کۆ بوونەوە...

با گێژی دەخوارد و وەک ئەوەی خۆشحاڵ بێت، بەشێک لە هاوارە تێکەڵ و پێکەڵەکانی بە گوێی پلاگە گەیاند: "هێشتا لەوێیە!"

- پەیژەکە؟

- چۆن؟ خوا لە ناوتان بەرێت؟

دووبارە دەنگی فیکەفیک بیسترا. ئەم ئاژاوە بووە هۆی خۆشحاڵی دایکی. هەنگاوەکانی خێراتر کرد و بە خۆی وت: "کەواتە دەکرا..! ئەگەر بیویستایە، دەیتوانی!"

لە ناکاو لە پشت دیواری گۆڕستانەکە دوو پاسەوان و سەرپاسەوانێکی بینی.

سەرپاسەوان هاواری کرد: "بوەستە..! پیاوێکی ریشنت نەبینی لێرەوە بڕوات؟"
بە پەنجە دەشتاییەکەی پیشان دا و بە ئارامی وتی: "بەڵێ، لەوێوە ڕۆیشت".
سەرپاسەوان هاواری کرد: "ژگۆرف، خێرا فیکە لێدە! زۆر دەمێکە؟"
- ئەگەر هەڵە نەبم، خولەکێک پێش ئێستا.
دەنگی فیکەکە نەیهێشت دەنگی ئەو ببیستن. بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت، سەرپاسەوان بە ناو تەپۆڵکەیەک گڵی بەستوودا رایکرد، لە کاتێکدا بە دەستەکانی باخەکەی پیشان دەدا. ئەو دوو پاسەوانە فیکەیان لێ دەدا و بە دوایدا ڕۆیشتن...
دایکی بۆ ساتێک بە نیگا شوێنیان کەوت و گەڕایەوە بۆ ماڵ. بێ ئەوەی بیر لە شتێکی تایبەت بکاتەوە، داخی دەخوارد. خەمبار و دڵتەنگ بوو... کاتێک لە شارەکە نزیک کەوتەوە، گالیسکەچییەکە وەستاندی. سەری بەرز کردەوە و لە ناو گالیسکەکە گەنجێکی سمێڵ خورمایی بینی، شەکەت و ماندوو دیار بوو. ئەویش سەیری دایکی کرد. بە لاری دانیشتبوو و پێ دەچوو لە بەر ئەوە بووبێت شانی راستی بەرزتر لە شانی چەپی دەردکەوت...
نیکۆلا بە خۆشحاڵی ئامێزی بۆ دایکی کردەوە.
- جەنابت باش و تەندروستی؟ چی بوو، چی رووی دا؟
- پێم وا بێت پلانەکە سەرکەوتوو بوو...
دایکی وەک ئەوەی بیەوێت بچوکترین وردەکارییەکان بە بیری خۆی بێنێتەوە، چۆنیەتی هەڵاتنەکەی بە شێوەیەک دەگێڕایەوە وەک ئەوەی لە کەسێکی دیکەی بیستبێت، بەڵام خۆی بڕوای پێ ناکات.
نیکۆلا دەستەکانی لە یەک خشاند و وتی: "دەبینی، شانسمان هەیە! بەڵام زۆر نیگەرانی جەنابت بووم. ناتوانی وێنای بکەیت..! دایکە، لە دادگایی مەترسە... هەرچی زووتر ئەنجام بدرێت، ڕۆژی ئازادی پاڤڵ نزیکتر دەبێتەوە. بڕوا بکە! لەوانەیە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ سیبریا

بتوانێت هەڵبێت، خوا بکات حوکمی دوورخستنەوەی بۆ دەربکەن".
دواتر باسی دادگای کرد. دایکی گوێی لە قسەکانی دەگرت، هەستی کرد نیکۆلا لە شتێک دەترسێت و هەوڵ دەدات دڵنیایی بەو ببەخشێت...
دایکی وتی: "ئێوە لەوانەیە پێتان وابێت من لەگەڵ دادوەرەکان قسە دەکەم و سکاڵانامەیان پێ دەدەم؟"
لە پڕ نیکۆلا هەڵستا، دەستی راوەشاند و بە دڵتەنگی هاواری کرد: "ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ هەرگیز بیرم لە شتی وا نەکردۆتەوە."
دایکی لە پشت دیواری گۆڕستان خۆی شاردەوە. لە دوورەوە بینەری هەڵاتنی سەرکەوتووانەی زیندانییەکان بوو. قاچی لە زەوی دەدا و دەیووت: "ڕابکەن..! لێرە دوور بکەونەوە!"
- ڕاستە، دەترسم! دەترسم و نازانم لە چی دەترسم!
پلاگە بێ دەنگ بوو، چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا.
- هەندێک کات گومانم دەکرد گاڵتە بە پاڤڵ دەکەن، سووکایەتی پێ دەکەن و پێی دەڵێن: "هۆی لادێیی! کوڕە لادێیی! بە تەمای چیت؟"
پاڤڵ کەسێکی لەخۆڕازییە و وەڵامیان دەداتەوە... هەرچەندە ئاندرێ گاڵتەیان پێ دەکات. ئەم منداڵانەی ئێمە زوو تووڕە دەبن. ئەوسا بە خۆم دەڵێم: "ئەگەر هەر ڕووداوێک ڕوو بدات، ئەگەر یەکێک لەوان هەڵبچێت... ئەو کات دادگا وەها سزایەکیان بۆ دەبڕێتەوە کە چیتر نەتوانین منداڵەکانمان ببینینەوە".
نیکۆلا بە خەمباری ریشی رادەکێشا و بێ دەنگ بوو. دایکی بە ئارامی درێژەی پێدا: "ناتوانم ئەم بیرکردنەوانە لە مێشکم دوور بکەمەوە. دادگا مەترسیدارە! لێکۆڵینەوە لە هەموو شتێک دەکەن، هەموو شتێک هەڵدەسەنگێنن... بە دوای راستیدا دەگەڕێن! ڕاستی تاڵ و بە ئازارە! سزادان مەترسیدار نییە، بەڵام دادگایی کردن و هەڵسەنگاندنی راستی تۆقێنەرە! نازانم چۆن بیڵێم..."
هەستی کرد نیکۆلا درک بە مەترسی ئەو ناکات و لە بەر ئەوە

روونكردنەوەكانی زیاتر كۆتوبەندی بۆ دروست دەكات.

# وێنەی (23)

سێ ڕۆژ بۆ دەستپێکردنی دادگاییەکە، ترسێکی سەیر ناخی پلاگەی گرتەوە و کاتێک ڕۆژی دادگایی گەیشت، ئەو قورساییەی پشتی چەماندبۆوە، لەگەڵ خۆی بردی بۆ دادگا. لە کۆڵان، دراوسێ کۆنەکانی گەڕەکی ناسییەوە و بۆ سڵاوکردن لێیان، بێ دەنگ سەری دانەواند و خێرا لە ناو خەڵکە خەمبارەکە ڕێگەی بۆ خۆی کردەوە و لە ڕێڕەوەکان و دواتر لە هۆڵی دادگا چاوی بە بنەماڵەی تۆمەتباران کەوت. بە خەمباری قسەیان دەکرد و دایکی لە قسەکانیان تێ نەدەگەیشت. بە هۆی ئاپۆڕای جەماوەرەکە هەستێکی ناخۆشی لا دروست بوو و زیاتر ئازاری دا.

سیزۆف لای خۆی جێگەی بۆ کردەوە و وتی: "دانیشە.!"

دایکی دانیشت، چرچی کراسەکەی ساف کرد و لە دەوروبەری ڕوانی. بە شێوەیەکی نامۆ شریتی سەوز و سوور، پەڵە و قەیتانی زەرد و ناسکی دەبینی.

ژنێک کە لە تەنیشتی بوو بە ئارامی وتی: "کوڕەکەت، کوڕەکەمی بەدبەخت کرد!"

سیزۆف قسەکانی ئەو ژنەی بڕی و وتی: "ناتالی، دەمت داخە!"

دایکی سەیری ئەو ژنەی کرد. دایکی سامۆئیلۆف بوو و کەمێک لەولاتر باوکی وەستابوو کە سەری کەچەڵ و ڕوخساری قۆز و ریشە سوورەکەی وەک باوەشێن ڕازاندبۆوە. پێڵوەکانی چرچی تێ کەوتبوو، سەیری پێشەوەی دەکرد و ریشی دەلەرزی.

لە پەنجەرەی بەرزی هۆڵی دادگاوە ڕووناکییەکی یەکسان دەهاتە ژوور، کلوە بەفرەکان لە سەر شووشەکە دەخلیسکان. لە نێوان پەنجەرەکاندا وێنەیەکی گەورەی تێزار لە چوارچێوەیەکی ئەستووری

زێڕیندا دەبینرا. دەوروبەری چوارچێوەکە چڵکن بوو و پەردە قورسە هەڵواسراوەکانی پەنجەرەکان ئەملاولای داپۆشیبوو. لە بەرامبەر وێنەکە، مێزێکی داپۆشراو بە ماهوتی سەوز، کەم تا زۆر درێژایی هۆڵەکەی داگیر کردبوو. لە لای ڕاست، لە پشت تۆڕێکی ئاسنین، دوو کورسی دار دەبینرا و لە لای چەپ، دوو ریز کورسی حەوانەوەی سوور. خزمەتکارەکان بە بەروانکەی سەوز و قوپچەی زێڕین بە ئارامی هاتوچۆیان دەکرد. لەو ژینگە گوماناوییەدا، چپەچپەکان دەلەرینەوە و هەست بە بۆنێکی نامۆ دەکرا کە دیار نەبوو لە کوێوە دێت.

ڕەنگەکان و زریقە و بریقەکان چاوەکانی زەق دەکردەوە. مرۆڤ هەستی دەکرد لە ناو ترسێکی پەرێشاندا نغرۆ بووە.

لە ناکاو کەسێک بە دەنگی بەرز قسەی کرد. هەمووان هەڵستان. دایکی ترسا و هەڵستا و خۆی بە قۆڵی سیزۆڤ-ەوە گرت. لە گۆشەی چەپ، دەرگا کرایەوە و پیرەپیاوێکی کورتەباڵا و چاویلکە لەچاو تلاوتل هاتە ژوور. مووی بناگوێی لە سەر دەموچاوی بچوک و خۆڵەمێشی دەلەرییەوە و لێوی سەرەوەی کە تاشرابوو، دەبردە ناو دەمی. ئێسقانە دەرپەڕیوەکانی سەر گۆنای و چەناگەی کەوتبووە سەر یەخەی جلکە فەرمییەکەی، وەک بڵێی ملی پێوە نەبوو. گەنجێکی باڵابەرز، پیرپیاوەکەی راگرتبوو. لە پشت سەری ئەوان سێ کەس کە جلکی زریقە و بریقەداریان پۆشیبوو و سێ کەسیش بە جلی ئاسایی دەڕۆیشتن.

ماوەیەکی دوورودرێژ بە دەوری مێزەکە راوێژیان کرد و دانیشتن. دواتر یەکێک لەوان کە کۆسە بوو، قۆپچەکانی جلکە فەرمییەکەی کردەوە و بێخەم و لە کاتێکدا لێوە ئەستوورەکانی بە قورسی دەجوڵان، لەگەڵ پیرەپیاوەکە قسەی کرد. پیرەپیاوی شلوشەوێق گوێی لە قسەکانی دەگرت. دایکی دوو پەڵەی بچوکی بێ ڕنگی لە پشت شووشەی چاویلکەکەی بینی.

نزیک مێزێکی نووسینی باریک، لە کۆتایی مێزە گەورەکە، پیاوێکی بالابەرزی کەچەڵ بە دەم کۆکینەوە، لاپەڕەکانی هەڵ دەدایەوە. پیرەپیاوەکە بۆ پێشەوە نوشتایەوە و قسەی کرد. یەکەم وشەی بە پاراوی وت، بەڵام وشەکانی دیکە لە سەر لێوی دەخزان..

- ڕایدەگەیەنم...

سیزۆڤ دایکی راوەشاند، هەڵستا و وتی: "سەیرکە!"

لە پشت تۆڕە ئاسنینەکە دەرگایەک کرایەوە و سەربازێک کە شمشێرێکی خستبووە سەرشانی، هاتە ژوور. دواتر پاڤڵ، ئاندرێ، فێدیا مازین، براکانی گۆسۆڤ، سامۆئیلۆڤ و پێنج گەنجی تر هاتنە ژوور. دایکی ئەم پێنج گەنجەی دوایی نەدەناسی. پاڤڵ پێدەکەنی و ئاندرێ بە ئیشارەی سەر سڵاوی لە دایکی کرد. پێکەنین و سیما و ورە و هێزی ئەوان شکۆی هۆڵەکەی دەشکاند و ڕووناکی زیاتری پێ دەبەخشی. بریقەی زێڕچنی جلکە فەرمییەکان کەم بوویەوە. شنەیەک لە بوێری و دڵنیاییەکی سەرخۆشانە دڵی پلاگەی فێنک کردەوە. لە پشت سەری ئەو، لە سەر ئەو کورسییانەی خەڵک تا ئەو کاتە چاوەڕێ بوون، دەنگە نامۆکان وەڵامی سڵاوی تۆمەتبارانیان دایەوە.

دایکی بیستی سیزۆڤ دەڵێت: "ناترسن!"

لای ڕاستی دایکی، سامۆئیلۆڤ ئاخێکی هەڵکێشا.

دەنگی بەهێز بەرز بۆوە: "بێ دەنگ!"

پیرەپیاوەکە وتی: "ئاگادارتان دەکەمەوە..."

پاڤڵ و ئاندرێ لە تەنیشت یەک بوون. دواتر مازین، سامۆئیلۆڤ و براکانی گۆسۆڤ هەموویان لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوون. ئاندرێ ریشی تاشیبوو و سمێڵی هاتبۆوە و نووکی سمێڵی دەگەیشتنەوە یەک و سەرە خڕەکەی وەک سەری پشیلە دەردەخست. ڕوخساری جدی بوو. لە سەر لێوی سەرەوەی مازین دوو هێڵی تۆخ، سێبەری خستبوو. دەموچاوی قەڵەو دەردەکەوت. سامۆئیلۆڤ وەک پێشتر

قژی لوول بوو و ئیڤان گۆسۆڤ وەک هەمیشە پێدەکەنی.
سیزۆڤ سەری داخست و ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: "فێدیا! فێدیا!"
دایکی بە ئاسانی هەناسەی دەدا و گوێی لە پرسیارە بێ ناوەرۆکەکانی پیرەپیاوەکە دەگرت کە بێ سەیر کردن و بە سەری بێ جوڵە لە سەر یەخەی جلکە فەرمییەکەی، پرسیاری لە تۆمەتباران دەکرد. پلاگە وەڵامە کورت و لەسەرخۆکانی کوڕەکەی دەبیست. هەستی کرد سەرۆکی دادگا و دادوەرەکان نابێت کەسانێکی خراپ و بێ بەزەیی بن. بە وردی سەیری قەڵافەتی دەکردن و هەوڵی دەدا خوێندنەوە بۆ هەستەکانیان بکات بۆ ئەوەی بڵێسەی ئومێدێکی تازە لە دڵی هەڵبگیرسێت.
ئەو پیاوەی کە وەک بڵێی دەمامکێکی چینی خستۆتە سەر دەموچاوی، بێ منەتانە بەڵگەیەکی دەخوێندەوە. دەنگە خەملیوەکەی، هۆڵەکەی پڕ دەکرد لە خەم و ئامادەبووانی بێزار دەکرد. چوار پارێزەری بەرگریکار بە ئارامی لەگەڵ تۆمەتبارەکان قسەیان دەکرد.
سیمایان شاد و نیشانەی بەهێزی بوو، مرۆڤی دەخستە بیری باڵندە ڕەشە گەورەکان.
لای راستی پیرەپیاوەکە، دادوەرێکی ورگزلی چاو بچکۆلە، لە سەر کورسییەک پاڵی لێ دابۆوە و، لای چەپ، پیاوێکی چەماوەی سمێڵ سووری ڕەنگ بزرکاو دەبینرا کە وەک کەسێکی ماندوو پشتی بە کورسیەکەوە دابوو، پێڵوەکانی تا نیوە داخستبوو و بیری دەکردەوە. داواکاری گشتیش، ماندوو و شەکەت و بێزار دەردەکەوت. پیاوێکی چوارشانەی بەهێز، بیرمەندانە دەموچاوی دەخوراند. نوێنەری خانەدانەکان کە قژی خۆڵەمێشی و ڕوخساری سوور و قێزەون و ریشی درێژ بوو، چاوە گەورەکانی بە ناو خەڵکەکەدا دەگێڕا. قایمقام بە روالەت ورگە زلەکەی دڵتەنگی دەکرد و هەوڵی دەدا لەژێر پاڵتۆکەی بیشارێتەوە، بەڵام بەردەوام دەخزا و دەردەکەوت. پاڤل بە دەنگی بەرز وتی: "لێرە نە تاوانباری لێیە نە دادڕەس، تەنیا

دیلەکان و براوەکان دەبینرێن..."
بێ دەنگی باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا. ماوەی چەند چرکە، گوێی دایکی جگە لە دەنگی پێنووس لە سەر کاغەز و ترپەی دڵی خۆی، هیچی نەدەبیست.
سەرۆکی دادگا وای پیشان دا کە گوێ لە شتێک دەگرێت و چاوەڕوانە. هاوکارەکانی جوڵەیەکیان کرد. ئەوسا وتی: "بەڵێ! ئاندرێ ناخۆکا، دان بە تاوانەکەتانا دەنێن؟"
کەسێک لە بەرخۆیەوە وتی: "هەستنە سەر پێ! هەستنە سەر پێ!"
ئاندرێ بە هێواشی هەڵستا و لە کاتێکدا سمێڵی با دەدا، سەیری پیرەپیاوەکەی کرد. شانەکانی بەرز کردەوە و بە دەنگە خەمبار و کێشدارەکەی وتی: "دان بە چ تاوانێکدا بنێم؟ نە کەسم کوشتووە، نە دزیم کردووە، تەنیا ئەم دامەزراوەیەم قبووڵ نییە، خەڵک ناچار دەکات یەکتر رووت بکەنەوە و یەکتر بکوژن..."
پیرەپیاوەکە بە جدی، بەڵام بە روونی وتی: "بە بەڵێ یاخود نا، وەڵام بدەنەوە".
دایکی هەستی کرد کە لە پشت سەری ئەو هاندان و ورووژاندن قوڵت دەدات. کەسانێک لە دەوری دایکی چپەچپیان دەکرد و دەجوڵان وەک ئەوەی بیانەوێت لە داوە جاڵجاڵۆکەی قسەکانی کابرای دەمامک چینی خۆیان رزگار بکەن.
سیزۆف بە دایکی وت: "گوێت لێیە چۆن وەڵام دەدەنەوە؟"
- بەڵێ.
- فێدیا مازین، جەنابت وەڵام بدەرەوە!
- فێدیا هەڵستا و بە راشکاوی وتی: "ئامادە نیم. ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو و چاوەکانی دەدرەوشایەوە".
سیزۆڤ هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا.
- داوای پارێزەرم نەکردووە... ئامادە نیم هیچ بڵێم، چونکە ئەم دادگایە نایاسایییە. ئێوە کێن؟ بۆچما گەل ئەو مافەی بە ئێوە داوە

دادگاییم بکەن؟ نا، گەل ئەو مافەی پێ نەداون! من ئێوە ناناسم".
دانیشت و ڕوخسارە سوور هەڵگەڕاوەکەی لە پشت ئاندریێ شاردەوە.
دادوەرە قەڵەوەکە ڕووی کردە سەرۆکی دادگا و شتێکی پی وت. ئەو دادوەرەی ڕەنگی هەڵبزرکابوو، سەیرێکی تۆمەتبارەکانی کرد و لە سەر لاپەڕەکەی بەردەمی هێڵی بە سەر چەند شتێکدا هێنا. قایمقام سەری لەقاند و بە وریایی قاچەکانی جوڵاند. نوێنەری خانەدانەکان لەگەڵ داواکاری گشتی قسەی دەکرد. بەڕێوەبەری شارەوانی گوێی دەگرت، پێدەکەنی و لووتی دەسڕی.
چوار پارێزەرەکە بە وردی گوێیان گرتبوو. تۆمەتبارەکان لە ناو خۆیاندا قسەیان دەکرد و فێدیا کە هێشتا بە دڵتەنگییەوە بزەی دەکرد، خۆی دەشاردەوە.
سیزۆڤ بە دایکی وت: "بینیت چۆن تەریقی کردنەوە؟ لە هەموویان باشتر قسەی کرد".
دایکی بێ ئەوەی تێ بگات، بزەیەکی کرد. هەموو ئەوەی رووی دەدا، وەک پێشەکییەکی بێزارکەر دەهاتە بەرچاو لە سەر دەقێکی ترسێنەر کە ئەگەری هەبوو ئامادەبووان وشک بکات، بەڵام لە وەڵامەکانی پاڤڵ و ئاندریێ-دا بە ئەندازەیەک بوێری و لەسەرخۆیی دەبینرا، وەک ئەوەی لەماڵێکی بچوکی قەراغ شار گفتوگۆ بکەن، نەک لە دادگا و لە بەردەم دادوەرەکان. وەڵامی توند و جەرگبڕی فێدیا، گیانێکی تازەی بە دایکی بەخشی. هەستی پاکی و بوێری بە ناو هۆڵی دادگادا بڵاو بۆوە و بە جموجوڵی کەسانی دواوەی، دایکی زانی لەم هەستەدا بە تەنیا نییە.
پیرەپیاوەکە پرسی: "بۆچوونی ئێوە چییە؟"
داواکاری گشتی هەڵستا و لە کاتێکدا دەستی خستبووە سەر مێزی بەردەمی، چەند ژمارەیەکی هێنایە سەر زمان و خێرا قسەی کرد. هیچ شتێکی ترسێنەر لە ناو وتەکانیدا نەبینرا. لەگەڵ ئەوەشدا پلاگە

هەستی کرد خەنجەرێک بەر دڵی کەوتووە. پێوەدانێکی دوژمنانە و ئاشکرا. وای زانی ئەم هەستە بە خاوی و لە شێوەی تەنێکی نەشیاوی وتن، بڵاو دەبێتەوە. دایکی سەیری دادوەرەکانی کرد، بەڵام لە وتەکانیان تێ نەدەگەیشت. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئەم، ئەوان لە پاڤڵ تووڕە نەدەبوون و قسەی نەشیاویان نەدەکرد. دەیبینی تەواوی ئەو پرسیارانەی دەیکەن، بە لایانەوە گرنگ نییە. وەک ئەوەی بە پێچەوانەی خواست و ویستیان بێت و بە ئەستەم گوێیان لە وەڵامەکان دەگرت. هیچ شتێک بۆ ئەوان سەرنجڕاکێش نەبوو، چونکە ئاگاداری هەموو شتێک بوون.

جەندرمەیەک لە بەرامبەریان وەستابوو و بە نزمی قسەی دەکرد.

هەمووان پاڤڵ ڤێلاسیێف-یان بە بزوێنەری سەرەکی لە قەڵەم دا.

دادوەرە قەڵەوەکە پرسی: "ئەی ئاندرێ ناخۆکا؟"

- ئەویش.

یەکێک لە پارێزەرەکان هەڵستا و وتی: "مۆڵەت هەیە؟"

پیرەپیاوەکە لە کەسێکی پرسی: "ڕەخنەگرتن نییە؟"

دایکی وای زانی هەموو دادوەرەکان نەخۆشن. لە شێوازیان، لە دەنگیان، لە ڕوخساریاندا نیشانەکانی نەخۆشی دەبینرا. مرۆڤ دەیبینی لە هەموو شتێک بێزارن، لە جلکە فەرمییەکان، جەندرمەکان، پارێزەرەکان و لە بەزۆرداینشتن لە سەر کورسییەکانیان و، لە گوێگرتنیش بێزارن. پلاگە کەمتر بەرپرسانی باڵای بینیبوو. لە چەند ساڵی رابردوودا بە هیچ جۆرێک ئەم کەسانەی نەدەبینی، بە شێوەیەک سەیری دادوەرەکانی دەکرد، وەک ئەوەی تازە و مەتەڵ-ئاسا و بێزارکەر و مەترسیدار بن.

ئەفسەری زەردباو قسەی دەکرد کە دایکی باش دەیناسی. سەبارەت بە ئاندرێ و پاڤڵ قسەی دەکرد. لە کاتی گوێگرتن لە قسەکانی، دایکی بە خۆی وت: "نەفام، تۆیش لە هیچ تێ ناگەیت!"

ئیتر بەرامبەر بەو کەسانەی لە پشت تەلبەندەکەوە بوون، نە هەستی

بە بەزەیی دەكرد نە ترس. هەستی بەزەیی نەیدەهێشت بەرەو لای ئەوان بڕوات، چونكە هەموویان خۆشەویستی و میهرەبانییان بۆ دەنارد و دڵیان فێنك دەكردەوە.
هەموویان گەنج و بەهێز بوون و لەسەرخۆ و جیا لە كەسانی دیكە لای دیوارەكە دانیشتبوون و لە گفتوگۆی بێ واتای پارێز و دادوەرەكان بەشدارییان نەدەكرد.
هەندێك جار یەكێك لەوان بە مەبەستی سووككردنی دادوەرەكان پێدەكەنی و شتێكی بە هاوڕێكانی دەوت. ئاندرێ و پاڤڵ بەردەوام بە هێواشی لەگەڵ یەكێك لە پارێزەرەكان قسەیان دەكرد. دایكی، شەوی پێشوو ئەم پارێزەرەی لەماڵەوە بینی و نیكۆلا بە "هاوڕێ" بانگی كرد. مازین بزۆزتر لەوانی تر گوێی لە گفتوگۆكان دەگرت. سامۆئیلۆف بە گوێی ئیڤان گرۆسۆڤدا چرپاندی. دایكی سەیری دەكرد، هەڵیسەنگاند، ئەندێشەی كرد بێ ئەوەی بتوانێت درك بەو هەستە دوژمنانەیە بكات كە ناخی دەگرتەوە.
سیزۆڤ بە ئانیشك و بە ئارامی لە دایكی دا. دایكی ئاوڕی بۆ دایەوە. ئەم كەسە هەرچەندە خۆشحاڵ بوو، بەڵام كەمێك نیگەران دەهاتە بەرچاو. وتی: "سەیركە، ئەم منداڵانە چەندە لە خۆیان دڵنیان، وەك ئاغاكان! دادگاییان دەكەن بۆ ئەوەی فێریان بكەن خۆ لە شتێك هەڵنەقورتێنن كە پەیوەندی بەوانەوە نییە."
دایكی بێ ئیرادە دووبارەی كردەوە: "دادگاییان دەكەن..."
شایەتحاڵەكان لە هۆڵەكە بە دەنگی بەرز و خێرا شایەتییان دەدا و دادوەرەكان لە پرسیار كردن بەردەوام بوون.
دادوەرە قەڵەوەكە باوێشكی دا و بە دەستە ئاوساوەكانی دەمی گرت. هاوكارە سمێڵ سوورەكەی رەنگی زیاتر هەڵبزركا. هەندێك جار قۆڵی بەرز دەكردەوە و بە پەنجە زەختی لە ناوچاوی دەكرد و بێ ئەوەی هیچ ببینێت، سەیری سەقفەكەی دەكرد. داواكاری گشتی جاروبار شتی دەنووسی و لەگەڵ نوێنەری خانەدانەكان چپەیان

دەکرد. بەڕێوەبەری شارەوانی قاچی خستبووە سەر یەک و بە پەنجە لە رانی دەدا و لە پەنجەکانی دەڕوانی. قایمقام بە دوو دەست ورگی گرتبوو کە کەوتبووە سەر ئەژنۆی و سەری دەلەقاند. ئەم کەسە لەگەڵ پیرەپیاوەکە کە لە سەر کورسییەکە جوڵەی نەدەکرد، تەنیا کەسانێک بوون وەک بڵێی گوێیان لە هەوا و دەنگەکان دەگرت. ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆری خایاند.

دایکی هەستی کرد ئەو دادپەروەرییە راستەی رۆح بە ساردی رووت دەکاتەوە و دەیپشکنێت و بە چاوە راست بینەکانی هەموو شتێک دەبینێت و بەهای هەموو شتێک دەنرخێنێت، هێشتا لەم هۆڵەدا دەرنەکەوتووە. شتێکی لێ نەبوو بە ئاشکراکردنی هێز و توانای خۆی دایکی بترسێنێت. تەنیا ڕوخساری بێ خوێن، چاوی خامۆش، دەنگی ماندوو، تەمێکی خەمباری شەوێکی ساردی پاییزی دەبینرا.

دایکی ئەم شتانەی لە دەوری خۆی دەبینی.

پیرەپیاوەکە بە روونی وتی: "ڕایدەگەیەنم..." باقی رستەکەی لەژێر لێوە ناسکەکانی شاردەوە و هەڵستا..

قەرەباڵغی، هاواری حەپەسان و سەرسوڕمان، دەنگی کۆکە و دەنگی پێ هۆڵەکەی گرتەوە. تۆمەتبارەکانیان هێنا. ئەوان بزەیان بۆ هاوڕێ و خزمەکانیان دەکرد و سەریان رادەوەشاند. دیار نەبوو ئیڤان گۆسۆڤ لەگەڵ کێ قسە دەکات: "هاوڕێ، بوێر بە..!"

دایکی و سیزۆڤ لە هۆڵەکە بەرەو ڕێڕەوەکە ڕۆیشتن.

سیزۆڤ-ی پیر بە میهرەبانی پرسی: "حەز دەکەی لە کافێکە چایەک بخۆیتەوە؟ دەبێت تا یەک سەعات و نیوی دیکە چاوەڕێ بین".

- نا، سوپاس.

- زۆر باشە، کەواتە منیش ناچم! ئەو کوڕانەت بینی؟ بە جۆرێک قسە دەکەن وەک بڵێیت ڕاستی تەنیا لای ئەوانە و کەسانی تر لێی بێ ئاگان. گوێت لە قسەکانی فێدیا بوو؟"

باوکی سامۆئیلۆڤ کڵاو بە دەست لێیان نزیک کەوتەوە. بە پێکەنین

پرسی: "سەبارەت بە کوڕەکەی من چی دەڵێن؟ پارێزەری نەگرتووە و وەڵامیان نەداتەوە... خۆی بەو ئەنجامە گەیشتووە... کوڕەکەی تۆ پلاگە، پێی وایە پارێزەری ناوێت! و ئەو چوار کەسەی دیکەش بە قسەیان کردووە..."

ژنەکەی لە تەنیشتی بوو و بە پەڕۆ ئاوی لووتی پاک دەکردەوە. بەردەوام پێڵوەکانی دەجوڵا. سامۆئیلۆڤ ریشی بە دەستەوە گرتبوو و بەردەوام بوو: "ئەمە بابەتێکی دیکەیە! کاتێک مرۆڤ سەیری ئەم شەیتانانە دەکات بە خۆی دەڵێت بۆ هۆ ئەم کارانەیان کردووە و بۆ هۆ ژیانی خۆیان لە ناو برد و لە ناکاو بیر دەکاتەوە و دڵێت لەوانەیە ئەوان لە سەر حەق بن.. مرۆڤ بیری دەکەوێتەوە ژمارەیان لە کارخانە بەردەوام زیاد دەبێت، هەندێک جار دەیانگرن، بەڵام قەت هەموویان ناگرن، بە هەمان شێوە کە ناتوانن هەموو ماسییەکانی رووبار پێکەوە بگرن! دووبارە مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت: ئاخۆ ئەمانە بە رێگەی راستدا دەڕۆن؟"

سیزۆڤ وتی: "درکی ئەم بابەتە بۆ ئێمە دژوارە!"

سامۆئیلۆڤ قسەکەی پشتڕاست کردەوە و وتی: "بەڵێ، ڕاستە."

ژنەکە دوای ئەوەی ئاوی لووتی هەڵلووشی، قسەی کرد: "هەموو ئەم دادوەرە نەفرەتییانە لەشساغن".

بزەیەک هاتە سەر ڕوخسارە ژاکاوەکەی و وتی: "پلاگە، لە بەر ئەوەی وتم هەمووی هەڵەی پاڤڵ-ە، مەڕەنجێ، راستییەکەی دیار نییە کێ لە هەموویان زیاتر تاوانبارە! بیستت سیخوڕ و جەندرمەکان سەبارەت بە کوڕەکەی ئێمە چ راپۆرتێکیان خوێندەوە...؟"

ئەو شانازی بە کوڕەکەیەوە دەکرد. دایکی ئەم هەستەی دەناسی و بزەیەکی میهرەبانی هاتە سەر لێوی.

بە ئارامی وتی: "دڵی گەنجەکان هەمیشە لە دڵی پیرەکان نزیکترە لە راستییەوە".

خەڵک لە ناو رێڕەوەکەدا دەسووڕانەوە، پۆل پۆل لە دەوری یەکتر

کۆ دەبوونەوە و بیرمەندانە باسی ڕووداوەکانیان دەکرد. کەس خۆی دوور نەدەخستەوە، نیازی قسەکردن، پرسیارکردن و گوێگرتن لە ڕوخساری هەموویاندا دەبینرا. لەم ڕێڕەوە تەسک و تەنگە لە نێوان دوو دیواری سپیدا، بەشێک لە خەڵکەکە هاتوچۆیان دەکرد وەک ئەوەی بایەکی توند ئەوانی دوور خستبێتەوە و بە دوای پەناگەیەکی پارێزراو و دڵنیادا بگەڕێن.
برا گەورەکەی بۆگین، وەک دێوێکی گەورە، بە ڕوخسارێکی ژاکاو و چالاک دەڕۆیشتە هەموو سوچ و قوژبنێک و دەیووت: "قایمقامی ئێرە چ کارەیە؟ ئێرە جێگەی ئەو نییە".
باوکی کە پیرەپیاوێکی وردیلە بوو، بە ترسەوە سەیری چواردەوری دەکرد و ئامۆژگاری پێ دەدا: "بێ دەنگ بە کۆنستانتین.! بێ دەنگ بە!"
- نا، دەمەوێت قسە بکەم، دەڵێم ئەم پیاوە ساڵی پار خزمەتکارێکی لە بەر جوانی ژنەکەی کوشت، پێم بڵێن ئەوە چ جۆرە دادوەرێکە؟ ژنی ئەو خزمەتکارە لەگەڵ ئەم دادوەرە دەژیت! دەبێت بیر لە چی بکەینەوە؟ جیا لەوە، هەمووان دەزانن ئەم پیاوە دزە".
- ئای خوایە گیان! کۆنستانتین!
سامۆئیلۆڤ وتی: "بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەی! ئەمە دادوەرێکی باش نییە..."
بۆگین کە قسەکانی ئەوانی بیست، خێرا لێیان نزیک بۆوە، دەستەیەک خەڵکی بەدواوە بوو. سوور هەڵگەڕابوو، دەستەکانی ڕادەوەشاند و قسەی کرد: "کاتێک بابەتەکە پەیوەندی بە تاوان یان دزییەوە بێت، دادوەرەکان دەبێت لێکۆڵینەوە بکەن، واتە کەسانی ئاسایی وەک جووتیارەکان، بورژواکان! ئەو کات کەسانێک کە دژی دەوڵەتن، دەوڵەت دادگاییان بکات... دەبێت بەم شێوە بێت؟"
- کۆنستانتین، بۆچما ئەمانە دژی دەوڵەتن؟ ئاخ! ئەوە باسی چی دەکەی؟

- من زللەیەک لە تۆ دەدەم و تۆ دادگاییم دەکەیت، ئاشکرایە کێ تاوانبارە، بەڵام لە ڕاستیدا کێ سووکایەتی کردووە؟ تۆ! تۆ!"
پاسەوانێکی پیری لووتخوار، سنگی دەرپەڕاند و خەڵکەکەی دوور خستەوە و بە پەنجە هەڕەشەی لە بۆگین کرد و وتی: "هۆی! قاوقیژ مەکە! تۆ دەزانی لە کوێیت؟ پێت وایە ئێرە مەیخانەیە؟"
- گەورەم، ڕێگە بدەن، تێ دەگەم! گوێ بگرن، ئەگەر من لە ئێوە بدەم و ئێوە لە من بدەن و من ئێوە دادگایی بکەم، پێتان وایە چی دەبێت؟
پاسەوانەکە بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە: "ئێستا لێرە فڕێت دەدەمە دەرەوە؟"
- بۆ کوێ؟ لە بەر چی؟
بۆگین سەیری دەوروبەری کرد و بە ئارامی وتی: "بە لای ئەمانەوە تەنیا شتێک گرنگە، ئەوەی کە مرۆڤ بێ دەنگ بێت..."
پیرەپیاوەکە بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە: "تا ئێستا ئەوەت نەدەزانی؟"
بۆگین دەنگی نزم کردەوە. جیا لەمە، بۆچی خەڵک ناتوانن لە دانیشتنی دادگادا ئامادە بن و تەنیا کەسە نزیکەکانی تۆمەتبارەکان دەتوانن؟ ئەگەر دادپەروەرانە دادگایی بکرێن، دەکرێت بە بەرچاوی خەڵک ئەو کارە بکەن، بۆ دەترسن؟"
سامۆئیلۆڤ بوێرانە دووبارەی کردەوە: "ڕاستە، ئەم دادگاییە ویژدانی مرۆڤ ڕازی ناکات..."
دایکی دەیویست ئەوەی نیکۆلا سەبارەت بە نادادپەروەریی دادگا بۆی باس کردبوو، بۆی بگێڕێتەوە، بەڵام باش درکی بە قسەکانی نیکۆلا نەکردبوو و بەشێکی فەرامۆش کردبوو. بۆ ئەوەی قسەکانی بیر بکەوێتەوە، خۆی لە خەڵکەکە دوور خستەوە. بینی گەنجێکی سمێڵ بۆر بە وردی سەیری دەکات. دەستی ڕاستی ئەم گەنجە لە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو و لە بەر ئەوە شانی چەپی کەمێک کورتتر لە شانەکەی دیکەی دەهاتە بەرچاو. ئەمە بۆ دایکی ئاشنا بوو،

بەڵام ئەو پیاوە پشتی تێ کرد و دایکی کە بیری لە بیرەوەرییەکانی دەکردەوە، فەرامۆشی کرد.
ساتێک دواتر، نیکۆلا دەنگی چپەچپی بەرگوێ کەوت: "ئەوەیان؟ لای چەپ؟"
کەسێک بە دەنگی بەرز و خۆشحاڵ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ".
دایکی سەیری دەوروبەری کرد. پیاوێکی شانخوار لە تەنیشتی بوو و لەگەڵ کەسەکەی نزیک خۆی، گەنجێکی چوارشانەی ریش ڕەش کە جزمەی گەورە و پاڵتۆیەکی کورتی لە بەردا بوو، گفتوگۆی دەکرد.
پلاگە راچەنی و لە هەمان کاتدا دەیویست سەبارەت بە بیروباوەڕی کوڕەکەی قسە بکات. دەیویست ئەو رەخنانە ببیستێت کە ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی بکەنەوە و لە ڕووی وتەی کەسانی دەوروبەری، گریمانەی حوکمی دادگا بکات.
بە وریایی بە سیزۆف-ی وت: "باشە، بەم شێوەیە دادگایی دەکەن؟ درک بەم دۆخە ناکەم... دادوەرەکان هەوڵ دەدەن بزانن هەرکام لە تۆمەتبارەکان چییان کردووە، بەڵام ناپرسن بۆ ئەو کارەی کردووە... ئەمە راستە؟ جیا لەمە، ئەمانە هەموویان پیر و پەککەوتەن. گەنجەکان دەبێت ئەو گەنجانە دادگایی بکەن".
سیزۆف وتی: "بەڵێ، تێگەیشتن لەم کارە بۆ ئێمە دژوار و قورسە... زۆر قورسە، زۆر زۆر!" و بیرمەندانە سەری لەقاند.
پاسەوانەکە دەرگای هۆڵەکەی کردەوە و هاواری کرد: "کەس‌وکاری تاوانباران، با بێنە ژوور. وەرەقەکانتان پیشان بدەن.."
دەنگێکی خەمبار وتی: "وەرەقە، وەک ئەوەی هاتبێتن بۆ سێرک...!"
ئینجا، هەڵخڕاندنێکی گشتی و ئاڵۆز و تووڕەییەکی نامۆ هەستی پێ دەکرا. خەڵک ئاژاوەیان دروست کرد و لەگەڵ پاسەوانەکان دەمەقاڵەیان دەکرد.

# وێنەی (24)

سیزۆڤ بە بۆڵەبۆڵ لە سەر کورسییەک دانیشت.
دایکی پرسی: "چیتە؟"
- هیچ! نەفامە... هیچ نازانێت... کوێرانە ژیان بە سەر دەبات...
دەنگی زەنگەکە بەرز بۆوە و کەسێک بە بێ منەتی رایگەیاند: "لێژنەی دادوەرەکان!"
سەرلەنوێ وەک جاری یەکەم هەموویان هەڵستان. دادوەرەکان بە هەمان شێوە هاتنە ژوور و دانیشتن. تۆمەتبارەکانیان هێنایە ناو هۆڵی دادگا.
سیزۆڤ بە چپە وتی: "گوێ بگرن! داواکاری گشتی ئێستا قسە دەکات..."
دایکی ملی بۆ پێشەوە درێژ کرد و لە چاوەڕوانی ڕووداوێکی ناخۆشدا بێ جوڵە مایەوە.
داواکاری گشتی لە کاتێکدا بە پێوە وەستابوو و ڕووی لە دادوەرەکان بوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و دەستی راستی بەرز کردەوە و دەستی بە قسەکردن کرد. دایکی لە رستەکانی یەکەم تێ نەگەیشت. دەنگی داواکاری گشتی روون، بەڵام کەمێک نارێکوپێک بوو، هەندێک جار بە پەلەپەل قسەی دەکرد و هەندێک جار بە خاوی. وشەکان بڵاو دەبوونەوە، دەفڕین و هاوشێوەی پۆلێک مێشی ڕەش بە دەوری کلۆیەک شەکردا دەسوورانەوە، بەڵام پلاگە لەو وشانەدا نە شتێکی مەترسیداری دەبینی نە شتێکی نائاسایی؛ سارد وەک بەفر و بە رەنگی خۆڵەمێش، دنک دنک دەبوون و هۆڵەکەیان پڕ دەکرد لە خەمێکی بێزارکەر. ئەم وتارە پڕ وشە و بێ مانایە، بێ گومان بە گوێی پاڤڵ و هاوڕێکانی نەدەگەیشت کە بە هیچ جۆرێک نیگەران

نەبوون و درێژەیان بە گفتوگۆی خۆیان دەدا. ئەوان هەندێک کات پێدەکەنین و هەندێک کات مۆن دەبوون بۆ ئەوەی پێکەنینەکانیان بشارنەوە.
سیزۆڤ بە ئارامی وتی: "درۆ دەکات.
دایکی نەیدەتوانی بڵێ راست دەکات یان درۆ. گوێی لە قسەکانی داواکاری گشتی دەگرت، دەیزانی تاوان دەخاتە ئەستۆی هەموویان بێ ئەوەی راستەوخۆ هێرش بکات. لە کاتی ناوهێنانی پاڤڵ، دەستی کرد بە قسەکردن سەبارەت بە فێدیا، کاتێک ئەم دووانەی پێکەوە کۆ کردەوە، بۆگین-ی خستە ریزی ئەوانەوە. وەک بڵێی هەموو تۆمەتبارەکان دەخاتە ناو کیسەیەک و دەیانپەستێوێت، بەڵام مانای وتەکانی دایکی رازی نەدەکرد، نە نیگەرانی دەکرد، نە کاریگەری لە سەر دادەنا، بەڵام چاوەڕوانی شتێکی تایبەت بوو و لە ناو ئەم قسانە، لە ڕوخساری داواکاری گشتی، لە چاوەکان و لە دەنگی و لە دەستە سپییەکانیدا بۆی دەگەڕا. هەستی دەکرد ئەو شتە نائاساییە کە بۆ باسکردن نابێت و بە دەست نایەت، لەوێیە. دووبارە دڵتەنگ بوو.
سەیری لیژنەی دادوەرانی کرد. ئەم وتارە، ئەوانی بێزار کردبوو. ڕوخساریان زەرد، خۆڵەمێشی، بێ رۆح و هاوشێوەی جەستەیەکی بێ جوڵە بوون. ئەم ڕوخسارانە کە یان زۆر ئاوسا بوون یان زەرد هەڵگەڕابوون، لەو هیلاکی و بێزارییەی هۆڵەکەی گرتبۆوە، لێڵ و ڕەش دەهاتنە بەرچاو. سەرۆکی دادگا قیتوقنج دانیشتبوو، جوڵەی نەدەکرد. پەڵە خۆڵەمێشییەکانی ژێر چاویلکەکەی هەندێک جار دەردەکەوتن و جاروباریش دیار نەدەمان. لە بەرامبەر ئەم کەمتەرخەمییە بەستووە، ئەم ساردییە بێ ئیرادە، دایکی بە ترسەوە لە خۆی پرسی: "ئاخۆ بە راستی دادگایی دەکەن؟"
لە ناکاو داوانامەکەی داواکاری گشتی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆتایی هات و داواکاری گشتی لە بەردەم دادوەرەکان چەمایەوە

و دانیشت. نوێنەری خانەدانەکان چاوەکانی سووراند و بە سەر ئیشارەیەکی کرد. بەڕێوەبەری شارەوانی تەوقەی لەگەڵ کرد و قایمقام دەم بە پێکەنین سەیری ورگی دەکرد.
بەڵام دیار بوو دادوەرەکان لە داواکاری گشتی رازی نین، چونکە هیچیان جوڵەیان نەدەکرد.
سیزۆڤ بۆڵەیەکی کرد: "ئەی سەگی هیچوپووچ...!"
پیرەپیاوی وردیلە نەخشی لاپەڕەیەکی لە ڕوخساری نزیک کردەوە و وتی: "کاتی قسە کردن... کاتی قسە کردنی پارێزەرەکان فدۆسیۆف، مارکۆڤ و زاکارۆف-ە".
ئەو پارێزەرەی دایکی، ئەوی لە ماڵی نیکۆلا بینیبوو، هەڵستا. دەموچاوێکی گەورە و ڕەنگوڕوویەکی بێ ئازاری هەبوو. چاوە وردەکانی دەدرەوشایەوە. بێ پەلەپەل قسەی دەکرد، بە روونی و پاراوی، بەڵام دایکی نەیتوانی گوێ لە قسەکانی بگرێت. سیزۆڤ وتی: "تێگەیشتی چی دەڵێت؟ دەڵێت هەموو ئەو منداڵانە شێت و خراپ و شەڕانگێزن. مەبەستی فێدیایە".
پلاگە لەژێر قورسایی خەمێکی گەورە پشتی شکا، وەڵامی نەدایەوە. خەمەکەی زیادی کرد و رۆحی ئازار دەدا. ئێستا تێدەگەیشت بۆچی چاوەڕوانی دادپەروەری بوو و بۆ وای دەزانی لە گفتوگۆی جوامێرانە و زۆر جدی نێوان حەقیقەتی کوڕەکەی و حەقیقەتی دادوەرەکاندا ئامادەیە. وای زانی دادوەرەکان زۆر بە وردی سەبارەت بە ژیان پرسیار لە پاڤڵ دەکەن، بە چاوی زۆر ورد بیرکردنەوە و کردەوەکانی کوڕەکەی هەڵدەسەنگێنن و کاتێک راستی و دروستی ئەویان بینی، بە دەنگی بەرز و بەهێز دەڵێت: "ئەم پیاوە راست دەکات".
بەڵام بە هیچ جۆرێک بەو شێوەیە نەبوو. وا دەردەکەوت تۆمەتبارەکان و دادوەرەکان سەدان کیلۆمەتر لە یەک دوور و بێ ئاگان. دایکی ئیتر بێزار بوو و گرنگی بە گفتوگۆکان نەدەدا. بیری دەکردەوە: "بەم شێوەیە دادگایی دەکەن؟" دادگایی...

پاڤڵ لە دادگا: "ئەو دەستانەی ئەمڕۆ بۆ خنکاندنی ئێمە بە کاری دێنن، بەیانی برایانە دەستی ئێمە دەگرێت. بەم زووانە کرێکار و جووتیار لە کۆتوبەندی کۆیلایەتی رزگاریان دەبێت. بڕووخێ قەلای زۆرداری! بژی خەڵکی رەنجدەر.!"
پێی وابوو وشەکان بەتاڵن و دەنگ دەدەنەوە. دەنگی ئەم وشانە وەک ئینجانەیەکی گڵ درزی دەبرد و بلاو دەبۆوە.
سیزۆڤ بە سەر قسەکانی پشتڕاست کردەوە و وتی: "زۆر باشە!".
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا: "دەڵێی دادوەرەکان مردوون!"
- دووبارە زیندوو دەبنەوە.
کاتێک پلاگە سەیری دەکردن، سێبەرێک لە نیگەرانی لە سەر ڕوخساریان دەبینی. یەکێکی دیکە لە پارێزەرەکان قسەی دەکرد: "پیاوێکی کورتەبالا، ڕوخساری درێژ، ڕەنگ زەرد و فشەکەر. دادوەرەکان بەردەوام قسەکانیان دەبڕی".
لە ناکاو داواکاری گشتی هەڵستا و بە دەنگی بەرز و تووڕە قسەی کرد و لەگەڵ پیرەپیاوە وردیلەکە دوا. پارێزەرەکە سەری وەک رێز دانەواندبوو و گوێی لە قسەکانیان دەگرت. دواتر بەردەوام بوو.
سیزۆڤ وتی: "بە راشکاوی بڵێ! روون قسە بکە و بزانە ناوەرۆکی بابەتەکە لە کوێیە؟"
جۆش و خرۆش لە ناو هۆڵەکەدا زیادی دەکرد. ئامادەبووان هەموویان تووڕە بوون. پارێزەر لە هێرشکردنە سەر دادوەرەکان بەردەوام بوو، پێستە بەسالاچووەکانیانی بە وشەگەلی سووتێنەر دەگەست. وا دەهاتە پێش چاو دادوەرەکان لە یەک نزیک دەبنەوە، دەئاوسێن و پان دەبنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە لە بەرامبەر قسە سووتێنەر و جەرگبڕەکانی پارێزەرەکە بەرگری لە خۆیان بکەن. دایکی سەیری دەکردن، زیاتر دەئاوسان، دەترسان لەوەی گورزەکانی پارێزەر، شتێک لە ناخیاندا زیندوو بکاتەوە. پاڤڵ هەڵستا و لە ناکاو هەمووان بێ دەنگ بوون. دایکی گەردنی بۆ پێشەوە درێژ کرد. پاڤڵ بە

ئارامی وتی: "لە بەر ئەوەی ئەندامی حزبیم، هیچ دادگایەکی دیکە بە فەرمی ناناسم، بۆ بەرگری لە خۆم قسە ناکەم، بەڵکو بۆ رازی کردنی خواستی ئەو هاوڕێیانەم کە ئەوانیش پارێزەریان نەگرتووە، قسە دەکەم. هەوڵ دەدەم ئەو بابەتەی درکتان پێ نەکردووە، ڕوونی بکەمەوە.. داواکاری گشتی هاتنەدەری ئێمە لەژێر ئاڵای دیموکراسی بە شۆڕش و ڕاپەڕین دژی دەوڵەت و بەرپرسەکان ناو دەبات و ئێمە بە یاخییەکانی دژی تێزار دەناسێنێت. دەبێت بڵێم بە بۆچوونی ئێمە تێزار هەموو ئەڵقەکانی ئەم زنجیرە نییە کە پەیکەری وڵاتی کۆتوبەند کردووە، بەڵکو ئەڵقەی یەکەمە و دەبێت گەل لە دەستی رزگار بکەین".

بە هۆی ئەم وتە بەهێزانە، کەس مەتەقی لێوە نەدات. وا دەهاتە بەرچاو هۆڵەکە فراوان دەبێت و پاڤڵ لە ئامادەبووان دوور دەکەوێتەوە. ڕووناک و چاوەکانی دەدرەوشایەوە. پلاگە هەستی بە سەرما کرد. دادوەرەکان بە قورسی و نیگەرانی جوڵەیان تێ کەوت. نوێنەری خانەدانەکان چەند وشەیەکی بە گوێی دادوەرەکەدا چپاند، ئەو پیاوە سەری لەقاند و پیرەپیاوە وردیلەکەی لێ ئاگادر کردەوە. سەرۆکی دادگا لە ناو کورسییەکەی بۆ ڕاست و چەپ دەجوڵا، شتێکی بە پاڤڵ وت، بەڵام دەنگی لە ناو پانتایی قسەکانی ئەم گەنجە ون بوو.

- ئێمە سۆسیالیستین، واتە دوژمنی خاوەندارێتی تایبەت کە هۆکاری ئاژاوەی نێوان خەڵکە و ئەوان دژی یەکتر چەکدار دەکات و ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییەکان دێنێتە ئاراوە و بە هەوڵدان بۆ شاردنەوە یان بەڵگەهێنانەوەی ئەم دوژمنایەتییە، درۆ دەکات و خەڵک بە درۆ و کینە و دووڕوویی لە ناو دەبات... ئێمە بڕوامان وایە ئەو کۆمەڵگایەی مرۆڤ دەچەوسێنێتەوە بۆ ئەوەی سامانی دەست بکەوێت، ئەو کۆمەڵگایە دوژمنی ئێمەیە. ئێمە ناتوانین ئاکاری بەکرێگیراوانە و خوێڕیەتی و ریسوایی و بێ بەزەیی ئەم کۆمەڵگایە بەرامبەر بە نەیارەکانی قبوڵ بکەین. دەمانەوێت دژی هەموو چەشنە

کۆیلایەتییەکی جەستەیی و رۆحی مرۆڤ کە کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیە بە کاری دەبات، هەروەها دژی هەموو ئەو شێوازانەی کە مرۆڤەکان لە بەر تەماح و چاوچنۆکی لێک جیا دەکاتەوە، بجەنگین و دەشجەنگین. ئێمەی کرێکار، کەسانێکین کارەکەمان هەموو شتێک بەرهەم دێنێت؛ لە ئامێرە زەبەلاحەکانەوە تاکو یاری منداڵان. ئێمە لە مافی تێکۆشان بۆ کەرامەتی مرۆیی خۆمان بێبەش کراوین. دەمانەوێت ئەوەندە ئازادیمان هەبێت تاکو وردە وردە دەسەڵات بگرینە دەست. واتە چینی کرێکار دەسەڵات بگرێتە دەست!

پاڤڵ بزەیەکی کرد و لەسەرخۆ دەستی خستە ناو قژی. چاوەکانی دەدرەوشایەوە.

سەرۆکی دادگا بە روون و پاراوی وتی: "تکایە باسی بابەتەکە بکەن!"

رووی لە پاڤڵ کردبوو و سەیری دەکرد. دایکی هەستی کرد چاوە خێچ و بێ پرشەنگەکەی ئەم پیاوە، تیشکێکی پڕ لە تەماح و بەدفەڕی تێدایە. هەموو دادوەرەکان سەیری پاڤڵ-یان دەکرد. وەک بڵێی چاویان لە سەر ئەو قوفڵ بووە و هەڵیانواسیوە تاکو خوێنی بمژن و ئەندامە رزیوەکانی جەستەی خۆیان بژیێنەوە. پاڤڵ بەهێز و خۆڕاگر، سەیری کردن و وتی: "ئێمە شۆڕشگێڕین و تا ئەو کاتەی تاقمێک ستەم لە تاقمێکی دیکە دەکات، بە شۆڕشگێڕی دەمێنینەوە. ئێمە دژی کۆمەڵگایەک خەبات دەکەین کە ئێوەیان کردۆتە بەرپرسی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی. ئاشتی لە نێوان ئێمە و ئێوە بەرقەرار نابێت تا ئەو کاتەی ئێمە سەرکەوتن بە دەست دێنین، چونکە سەرکەوتن مافی ئێمەی چەوساوەیە. پارێزەرەکانی ئێوە قەت ئەوەندە بەهێز نین کە لای خۆیان بیری لێ دەکەنەوە. ئەم سامانەی کۆیان کردۆتەوە بە قوربانی کردنی ملیۆنان کەسی بەدبەخت دەیپارێزن، ئەو هێزەی ئەوان بە سەر ئێمەدا زاڵ دەکات، ڕەوتێکی نەیار لە ناویاندا دێنێتە ئاراوە و جەستە و رۆحیان دەڕزێنێت.

بەرگری کردن لە دەسەڵاتەکەتان پێویستی بە پاڵەپەستۆیەکی رۆحی هەمیشەیی هەیە و لە راستیدا ئێوەی فەرمانڕەوای ئێمە، لە ئێمە کۆیلەترن، ئێوە رۆحتان کۆیلەیە، لە کاتێکدا ئێمە بە جەستە کۆیلەین. ئێوە ناتوانن خۆتان لە چەڵەمەی ئەو خوو و وەهمانە رزگار بکەن کە رۆحتان دەکوژێت، بەڵام هیچ شتێک رێگە لە ئێمە ناگرێت بۆ ئەوەی لە ناخەوە ئازاد بین. ویژدانی ئێمە بەردەوام گەشە دەکات و فراوان دەبێت، بەردەوام دەدرەوشێتەوە و باشترینی توخمەکان کە بە رۆح تەندروستن و تەنانەت باشترین توخمەکانی ژینگەی ئێوە رادەکێشێت... خۆتان ببینن. ئێستا ئیتر کەستان نییە لەژێر ناوی زاڵبوون و دەسەڵاتی ئێوە لەگەڵ بیروبۆچوونەکان بجەنگێت، چونکە هەموو ئەو بەڵگانەتان لە ناو بردووە کە دەیتوانی لە هێرشی دادپەروەریی زۆرەکی مێژوو بتانپارێزێت. چیتر ناتوانن لە سنووری بیرکردنەوە شتێک دروست بکەن، واتە لە رووی رۆحەوە نەزۆکن، بەڵام فکری ئێمە بە بەهێزی رۆژ لە دوای رۆژ گەشە دەکات و فراوان دەبێت، کاریگەری لە سەر چینی چەوساوە و گەل دادەنێت و ئەوان بە مەبەستی بەرخۆدان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی، بەرخۆدانێکی سەخت و بێ ئامان رێک دەخەن.
تەنیا بە دڵڕەقی و هەڵسوکەوتی سەگ ئاسا دەتوانن بەر بەم بزووتنەوەیە بگرن، بەڵام هەڵسوکەوتی سەگ ئاسا دیارە و بێ بەزەیی و دڵڕەقیش گەل تووڕە دەکات. ئەو دەستانەی ئەمڕۆ بۆ خنکاندنی ئێمە بە کاری دەبەن، بەیانی برایانە دەستەکانمان دەگوشێت. هێزی ئێوە هێزێکی میکانیکییە کە لە کۆکردنەوەی زێڕ بەرهەم هاتووە، ئەم هێزە لەگەڵ ئەو تاقم و دەستانە یەککگرتووتان دەکات کە دەبێت یەکتر قووت بدەن و بتوێنەوە، بەڵام هێزی ئێمە هێزی زیندووی هەستی یەکبوونە کە تەواوی چەوسێنەران لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوە. هەموو ئەو کارانەی ئێوە دەیکەن تاوانکارییە، چونکە تەنیا مەبەستتان کۆیلەکردنی مرۆڤەکانە، بەڵام ئەوەی ئێمە

دنیا لە دەست دێو و مۆتەکە رزگار دەکات کە بە درۆ، تەماح و چاوچنۆکیی داهێنراون. بەم نزیکانە چینی جووتیار و کرێکار ئازاد دەبێت و جیهانێکی ئازاد و بێ سنوور دێنێتە بوون و ئەم کارە دەبێت بکرێت".

پاڤڵ ساتێک بێ دەنگ بوو، دواتر بە گورِوتینێکی زیاتر درێژەی بە وتارەکەی دا: "ئەم کارە دەکرێت".

دادوەرەکان کەوتنە چپەچپ بێ ئەوەی لە پاڤڵ توورە بن. دایکی بە خۆی وت ئەمانە بە روانین هەیکەلی بەهێزی کورِەکەی پیس دەکەن و ئیرەیی پێ دەبەن. تۆمەتباران گوێیان لە وتەی هاورِێکەیان دەگرت، رِەنگ بە رِوخساریانەوە نەمابوو، بەڵام بڵێسەی شادی لە چاوەکانیاندا دەدرەوشایەوە. دایکی قسەکانی کورِەکەی قوت دەدا، ئەم قسانە لە یادگەیدا نەخشی بەست.

چەندین جار پیرەپیاوی وردیلە قسەکانی پاڤڵ-ی برِی و دیار نەبوو چ روونکردنەوەیەکی دەدا. تەنانەت جارێک بزەیەکی خەمباری کرد. پاڤڵ بێ دەنگ گوێی لە قسەکانی دەگرت. قسەکانی سەرنجی ئەوانی دەبزواند. ئەم دۆخە ماوەیەک بەردەوام بوو. سەرئەنجام سەرۆکی دادگا دەستی بۆ لای گەنجەکە درێژ کرد و چەند جارێک هاواری کرد. گەنجەکەیش وەک گاڵتەپێکردن وەڵامی دایەوە: "دەگەینە ئەو ئەنجامە؛ مەبەستم سووکایەتی کردن بە جەنابت نەبوو، بە پێچەوانەوە، چونکە بە زۆر لێرە دانراون و بەمە دەڵێن دادگا، بەزەییم بە ئێوەدا دێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوەیش مرۆڤن و ئێمە لە بینینی ئەوەی کە مرۆڤ تا ئەم ئاستە سووک و ریسوا بکرێت کە خۆی تەسلیم بە زۆرداری بکات و تا ئەم رادەیە جێگە و پێگەی خۆی لە بەرچاو نەگرێت، نارازین".

بێ ئەوەی سەیری دادوەرەکان بکات، دانیشت. دایکی هەناسەی نەدەدا و بە وردی سەیری ئەو کەسانەی دەکرد کە چارەنووسی کورِەکەی لە دەستیاندا بوو. چاوەرِوان بوو.

ئاندریێ لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، بە گەرمی دەستی پاڤڵ-ی گوشی. سامۆئیلۆڤ و مازین ئاوڕیان بۆ دایەوە. پاڤڵ بە دەربڕینی هەستی خۆشحاڵی هاوڕێکانی بزەیەکی کرد. دواتر سەیری کورسییەکەی دایکی کرد و بە سەر ئیشارەی بۆ کرد وەک ئەوەی بپرسێت: "ڕازی؟"

دایکی بە هەناسەیەکی قووڵ وەڵامی دایەوە، لە کاتێکدا شەپۆلێکی سووتێنەر سەرلەبەری جەستەی گرتەوە و دەلەرزی.

سیزۆڤ وتی: "ئەوەتا، دادگاییەکە ئێستا دەست پێ دەکات! باش پۆرتی شکاندن وایە؟"

پلاگە شادومان لەوەی کوڕەکەی بوێرانە قسەی کردووە و خۆشحاڵتر لەوەی کۆتایی بە وتارەکەی هێناوە، بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، سەری لەقاند.

پەرسیارێک وەک چەکوش لە مێشکی دەدا: "کوڕەکانم، ئێستا چیتان بە سەر دێت؟"

ئەوەی کوڕەکەی باسی کرد بۆ دایکی تازە نەبوو، چونکە دەیزانی چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە دادگا بوو هەستی بە هێزی کاریگەر و بزوێنەری بۆچوونەکانی کرد. پلاگە لە ئارامی کوڕە گەنجەکەی سەری سوڕمابوو. لە سنگیدا وتەکانی پاڤڵ تێکەڵ بە بڕوای تەواو بە سەرکەوتن و بە ڕەوایی کوڕەکەی دەبوو کە وەک ئەستێرەیەک لە ناخیدا دەدرەوشایەوە.

# وێنەی (25)

دایکی وای زانی ئێستا دادوەرەکان لەگەڵ پاڤل گفتوگۆ دەکەن، بە تووڕەیی وەڵامی دەدەنەوە و بەڵگەکانیان دەخەنە روو.
بەڵام لە جیاتی ئەوان، ئاندرێ هەڵستا، چاوی بە ناو هۆڵەکەدا گێڕا و دەستی پێ کرد: "پارێزەرە بەڕێزەکان..."
دادوەرەکە کە لە نەخۆش دەچوو، بە دەنگی بەرز و تووڕە هاواری کرد: "دادگا لە بەرامبەر ئێوەیە، نەک پارێزەرەکان!"
دایکی دەیزانی ئاندرێ گاڵتەیان پێ دەکات، سمێڵەکانی دەلەرینەوە، وەک پشیلە سەیری دەکرد، ئارام بوو، پلاگە ئەم حاڵەتانەی ئاندرێ-ی باش دەناسی. دەستی بە قژیدا هێنا و هەناسەیەکی هەڵکێشا.
سەری لەقاند و پرسی: "چۆن دەکرێت؟ پێم وابوو ئەم بابەتە راست نەبێت، واتە ئەوەی ئێوە دادوەر نین و تەنیا پارێزەرن..."
پیرەپیاوی وردیلە وتی: "تکا دەکەم باسی بابەتە سەرەکییەکە بکە".
- بابەتە سەرەکییەکە؟ زۆر باشە، دەمەوێت باوەڕ بکەم بە راستی ئێوە دادوەرن، واتە کەسانێکی سەربەخۆ و شەریف...
- دادگا پێویستی بە بۆچوونی تۆ نییە!
- چۆن پێویستی بە پەسنی لەم جۆرە نییە؟ ها! بەڵام بەردەوام دەبم... ئێوە کەسانێکن جیاوازی نێوان دۆست و دوژمن ناکەن، کەسانێکی ئازادن. بەم پێیە ئێستا دوو لایەن لە بەرامبەر ئێوەیە، لایەنێک کە سکاڵای هەیە لەوەی مافی خوراوە و لێیدراوە و بریندارە و لایەنێکیش کە دەڵێت مافی لێدان و ستەمی هەیە، چونکە هێز و تفەنگی پێیە.
پیرەپیاوی وردیلە دەنگی بەرز کردەوە و بە دەستی لەرزۆک پرسی: "سەبارەت بە بابەتە سەرەکییەکە دەتانەوێت شتێک بڵێن؟"

دایکی بە بینینی پەرێشانی و شڵەژانی دادوەرەکان خۆشحاڵ بوو، بەڵام حەزی بە هەڵسوکەوتی ئاندرێ نەدەکرد، چونکە لەگەڵ وتارەکەی پاڤل یەکی نەدەگرتەوە. پلاگە دەیویست گفتوگۆیەکی جدی و ئارام دەست پێ بکات.

ئاندرێ سەیری پیرەپیاوەکەی کرد بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە.

دواتر زۆر بە رێزەوە وتی: "بابەت؟ باسی چی بکەم؟ هاورێکەم هەموو شتێکی پێ وتن. ئەوی تری لە کاتی خۆیدا کەسانی دیکە پێتان دەڵێن..."

پیرەپیاوی وردیلە کەمێک لە شوێنەکەی هەڵستا و وتی: "مافی قسەکردنتان لێ وەردەگرمەوە. با سامۆئیلۆڤ قسە بکات".

ئاندرێ لێوەکانی گەست و لە سەر کورسییەکە دانیشت. سامۆئیلۆڤ هەڵستا و لە کاتێکدا قژە لوولەکەی دەجوڵاند، وتی: "داواکاری گشتی ئێمەی بە درندە و دوژمن ناو برد..."

- تەنیا باسی بابەتەکەی خۆتان بکەن، نەک زیاتر...!

- منیش ئەو کارە دەکەم... هیچ شتێک نییە پەیوەندی بە کەسانی راستکردارەوە نەبێت. داواتان لێ دەکەم قسەکانم مەبڕن. پرسیارەکەم لە ئێوەیە، زانیارییەکانتان لە چ ئاستێکدایە؟

پیرەپیاو ددانەکانی پیشان دا و وتی: "ئێمە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە لێرە نین، بگەڕێنەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە.

دیار بوو گاڵتەکانی ئاندرێ دادوەرەکەی بێزار کردووە، وەک ئەوەی شتێکی لێ سەندبێتن، لە سەر ڕوخساری خۆڵەمێشییان پەڵەی سوور دەردەکەوت و بروسکەیەکی سارد و سەوز لە چاوەکانیاندا دەدرەوشایەوە. وتارەکانی پاڤل ئەوانی شڵەژاند، بەڵام دەربڕینە بەهێزەکەی پێش تووڕەبوونی ئەوانی گرت و رێزی ئەوانی بە دەست هێنا. ئاندرێ ئەمەی لە ناو برد و بێ ئەوەی هەوڵ بدات، ئەوەی لەژێرەوە شاراوە بوو، ئاشکرای کرد. بە ڕوخساری گرژ و مۆن بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند و رق و کینەیان لێ دەباری.

سامۆئیلۆڤ بەردەوام بوو: "سیخوڕەکان پەروەردە دەکەن، ژن و کچی خەڵک بە لاڕێدا دەبەن؛ مرۆڤەکان دەخەنە دۆخی دز یان بکوژ؛ بە عارەق ژەهراوی دەکەن؛ لە ناو زیندانەکانی ئێوەدا دەڕزێن... جەنگی نێونەتەوەیی، درۆ، بەلاڕێدا بردنی خەڵک، ئەوەیە شارەستانیەتی ئێوە! بەڵێ، ئێمە دوژمنی ئەم شارستانیەتەین!
پیرەپیاوی وردیلە چەناگەی جوڵاند و هاواری کرد: "تکایە بەسە.!"
سامۆئیلۆڤ تووڕە بوو، بە دەنگی بەرزتر لەو هاواری کرد: "بەلام ئێمە ئەو شارستانیەتەی ترمان خۆش دەوێت، ئەو شارستانیەتەی کە ئێوە داهێنەرەکانی دەخەنە ناو زیندان..."
- مافی قسەکردنت لێ وەردەگرم، فێدیا مازین با قسە بکات.
گەنجێکی وردیلە وەک مشکێک لە کون بێتە دەر، هەڵستا و پچڕ پچڕ وتی: "من... من سوێند دەخۆم... دەزانم سزام دەدەن..."
هەناسەی سوار بوو، ڕەنگی پێوە نەما. ئیتر جگە لە چاوەکانی، هیچ شتێکی تر لە ڕوخساریدا نەدەبینرا. دەستی درێژ کرد و وتی: "بەڵێنی شەرەف دەدەم! بۆ هەر شوێنێکم بنێرن رادەکەم، هەمیشە بۆ ئامانجەکانی گەلەکەم تێدەکۆشم، بۆ ئازادی وڵات... بە درێژایی تەمەنم. بەڵێنی شەرەف دەدەم".
سیزۆڤ هاواری لێ بەرز بۆوە. تەواوی ئامادەبووان کە شەپۆلێکی هەڵخراندن و هاندان لە کورسییەکان جیای کردبوونەوە، لەگەڵ ژاوەژاوێکی سەیر دەجولانەوە. ژنێک دەگریا، کەسێک دەکۆکی و هەناسەی بۆ نەدەدرا. جەندرمەکان بە حەپەسانێکی منداڵانە سەیری تۆمەتبارانیان دەکرد و بە مۆڕە لە خەڵکەکەیان دەڕوانی. دادوەرەکان بۆ راست و چەپ دەچەمانەوە. پیرەپیاوەکە هاواری کرد: "ئیڤان گرۆسۆڤ قسە بکات".
- من قسە ناکەم!
- گۆسۆڤ ڤاسیلی قسە بکات.
- منیش نامەوێت قسە بکەم.

- بۆگین فیدۆر.
ئەم کەسە کە قژزەرد و کەمێک ڕەنگ بزرکاو بوو، بە قورسی لە شوێنەکەی هەڵستا و لە کاتێکدا سەری دەلەقاند، لەسەرخۆ وتی: "دەبێت شەرم بکەن! من کەسێکی نەزانم، بەڵام دەزانم دادپەروەری چییە".
دەستی خستە سەر سەری و بێ دەنگ بوو. پێڵوەکانی چاوی نیوە کراوە بوون، وەک ئەوەی لە دوورەوە سەیری شتێک بکات.
پیرەپیاوەکە بە سەرسوڕمانی تێکەڵ بە تووڕەیی، لە کاتێکدا پشتی بە کورسییەکەوە دا، هاواری کرد: "چی دەڵێیت؟"
- ئاخ! ئێوە...
بۆگین لە سەر کورسییەکە دانیشت. لە قسە ئاڵۆزەکانیدا، شتێکی گەورە و گرنگ و هاوکات سەرکۆنەکردنی مەترسیدار و ساویلکانە دەبینرا. ئەو کاریگەرییەی لە سەر هەموو خەڵکەکە بە جێ هێشت. تەنانەت دادوەرەکانیش گوێیان قوڵاخ کرد بۆ ئەوەی دەنگدانەوەی دەنگێک ببیستن لە وتەکانی ئەم ڕوونتر بێت. ئامادەبووان بێ دەنگ بوون. جگە لە دەنگی پروکەپروکی گریان هیچی دیکە نەدەبیسترا. داواکاری گشتی شانی بەرز کردەوە و بزەیەکی کرد. نوێنەری خانەدانەکان کۆکی. دووبارە چپەچپ لە هۆڵەکە دەستی پێ کرد و بە شێوەی مارپێچی بەرز بۆوە.
دایکی رووی کردە سیزۆڤ و وتی: "دادوەرەکان قسە دەکەن؟"
- نەخێر، تەواو بوو... ئێستا دەبێت حوکمەکان بخوێننەوە.
- پاش ئەوە ئیتر هیچ نامێنێتەوە؟
- بەڵێ!
پلاگە بڕوای بە قسەکەی سیزۆڤ نەکرد. دایکی سامۆئیلۆڤ بە نیگەرانی لە سەر کورسیەکە دەجوڵا، ئەنیشک و شانی بەر پلاگە دەکەوت و لە مێردەکەی پرسی: "سەیرە، چۆن! بۆچما دەکرێت؟"
- خۆ دەبینی!

- چی به سەر کوڕەکەمان دێت؟
- بێ دەنگ بە، ... وازم لێ بێنە..
مرۆڤ هەستی دەکرد لە ناو ئامادەبووان شتێک تێک شکاوە، لە ناو چووە و گۆڕاوە. چاوە دەرپەڕیوەکان بەریەک دەکەوتن وەک ئەوەی ئاگرێکی بڵێسەدار لە بەرچاویان هەڵکرابێت. بێ ئەوەی درک بەو هەستە گەورەیە بکەن، بینەران پەلەیان بوو لە شێوەی هەستێکی روون و شیاوی تێگەیشتن شی بکەنەوە. براکەی بۆگین، بێ شەرمکردن و بە هێواشی دەیووت: "ببوورن! بۆ ڕێگە نادەن ئەوان قسە بکەن؟ داواکاری گشتی بە دڵی خۆی قسەی کرد".
لە پێشەوە بوو، پاسەوانێک دەستی راوەشاند و وتی: "بێ دەنگ! بێ دەنگ!"
باوکی سامۆئیلۆڤ بۆ دواوە چەمایەوە و بە دەنگێکی نامۆ بە گوێی ژنەکەیدا وتی: "ئێستا گریمان ئەمانە تاوانبارن، بەڵام خۆ دەبێت ڕێگەیان بدەن قسە بکەن، دژی کێ بوون؟ حەز دەکەم بزانم. منیش تامەزرۆی ئەم بابەتەم، بە راست حەقیقەت لە کوێیە؟"
پاسەوانەکە بە پەنجە هەڕەشەی لێ کرد و وتی: "بێ دەنگ".
سیزۆڤ بە خەمباری سەری راوەشاند.
دایکی چاوی لە سەر دادوەرەکان هەڵنەدەگرت. هەڵخڕانی بەردەوامی ئەوانی دەبینی، پێکەوە قسەیان دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی لە قسەکانیان تێ بگات.
غەڵبەغەڵبی سارد و خلیسکی دەنگیان بەر ڕوخساری پلاگە دەکەوت، کوڵمی دەلەراندەوە و هەستێکی ناخۆشی لە ناو دەمیدا دروست دەکرد. وای دەهاتە پێش چاو کە هەموو دادوەرەکان باسی جەستەی کوڕەکەی و هاوڕێکانی دەکەن، واتە سەبارەت بەم جەستە بەهێز و رووتانە، دەمارەکانیان و ماسولکە و ئەندامەکانیان کە پڕە لە خوێنێکی تۆخ و هێزێکی زیندوو. وەک بڵێی لەش‌ولاریان ئیرەییەکی دەخستە ناو دڵی دادوەرەکان، وەک ئیرەیی سواڵکەرەکان

و تەماحێکی گەرمی تایبەت بە خەڵکانی نەخۆش و پەککەوتە. لێویان دەخستە سەر یەک و ئیرەییان بەو ماسولکانە دەبرد، ئەو ماسولکانەی توانای ئەنجامدانی کاری قورس، دروست کردنی سامان و چێژ وەرگرتن لە ژیان و ئافراندنیان هەیە. ئێستا جەستەی ئەم پیرەپیاوانە لە گەڕانی چالاکانەی ژیان بێبەش بوو. ئیتر زاڵبوون و کەڵک وەرگرتن لە هێزەکانیان نەبوو، نەیاندەتوانی لە ناوی بەرن. لە بەر ئەوە بوو ئەم گەنجانە دوژمنایەتییەکی رقاوی و خەمباریان دەخستە ناو رۆحی دادوەرەکان، هاوشێوەی دوژمنایەتی ئاژەڵێکی دڕەندەی لاواز کە گۆشتی تەڕوتازە ببینێت، بەڵام توانای بەدەستهێنانی نەبێت.

هەرچی دایکی زیاتر لە دادوەرەکانی دەڕوانی، ئەم دیمەنە زیاتر لە زەینی وێنا دەبوو. دڵنیا بوو دادوەرەکان ئیرەیی و تووڕەیی خۆیان ناشارنەوە کە وەک ئیرەیی و تووڕەیی کەسانی برسییە کە پێشتر دەیانتوانی زۆرتر بخۆن. پلاگە وەک دایکێک کە جەستەی کوڕەکەی سەرەڕای هەموو شتێک لە گیانی خۆی خۆشتر دەویست، لەو نیگایانەی دەخزانە سەر ڕوخساری پاڤڵ و بەرشان و سنگی دەکەوتن، دەترسا. وەک ئەوەی بە دوای هەوێنی ژیاندا بگەڕێن و بخوازن خوێنی دەمارە وشکبووەکان و ماسولکەی ژاکاوی کەسانێکی مردوو، نوێ بکەنەوە. پلاگە هەستی کرد کوڕەکەی درک بەم بەرکەوتنە شێدار و قێزەونانە دەکات و بە ترس و لەرزەوە، سەیری ئەو دەکات.

پاڤڵ چاوە ئارام و شەکەت و پڕ لە خۆشەویستییەکانی لە سەر دایکی بوو. هەندێک کات بزەی بۆ دەکرد و سەری دەلەقاند.

ئەم پێکەنینە دڵی پلاگەی ئارام دەکردەوە. وەک ئەوەی بڵێت: "بەم زووانە ئازاد دەبم".

لە ناکاو دادوەرەکان پێکەوە هەڵستان. دایکی بە چاو شوێن جوڵەکانیان کەوت.

سیزۆڤ وتی: "دەڕۆن!"
دایکی پرسی: "بۆ تاوانبار کردنی ئەوان؟"
- بەڵێ.

سەرنجی بڵاو بۆوە. شەکەتییەکی تاقەت پڕوکێن سەرلەبەری گیانی گرتەوە و عارەقی سارد لە سەر ناوچاوانی نیشت. هەستێکی ناخۆش لە دڵیدا دروست بوو و خێرا بۆ هەستی سووکایەتیکردن و ریسواکردنی دادوەرەکان و چۆنیەتی دادگاییەکە گۆڕا. ژانەسەری گرت، دەستی بە ناوچاویدا هێنا و سەیری دەوروبەری خۆی کرد. خزم و کەس‌وکاری تۆمەتبارەکان لە تۆڕە ئاسنییەکە نزیک دەبوونەوە و دەنگی نامۆی گفتوگۆ هۆڵی دادگای پڕ کرد. دایکی بەرەو لای پاڤڵ ڕۆیشت. دوای گرتنی دەستی، بە هەستێکی تێکەڵ بە خەم و شادی، دەستی بە گریان کرد. پاڤڵ دڵنەوایی کرد. ئاندرێ پێدەکەنی و گاڵتەی دەکرد. ژنەکان دەگریان و گریانی ئەوان لە بەر خوو و راهاتن بوو نەک خەم و خەفەت. لەو ئازارانە نەبوو بە لێدانێکی کتوپڕ و لە ناکاو بەر کەسێک بکەوێت و گێژی بکات، بەڵکو درکیان کرد بە کارەساتی خەمبزوێنی جیابوونەوە لە کوڕەکانیان، بەڵام ئەم ئازارە لەگەڵ هەستەکانی ئەو ڕۆژە تێکەڵ و نغرۆ دەبوو. دایک و باوکەکان وا سەیری منداڵەکانیان دەکرد کە لە نیگاکانیاندا، هەستی بێ متمانەیی بە هۆی گەنجێتی جگەرگۆشەکانیان و بڕوابوونیان بە بەربژاریی خۆیان، لەگەڵ ڕێزێکی تایبەت بۆ منداڵەکانیان، تێکەڵ بە یەک دەبوو. ئەم بەساڵاچووانە بە خەمباری لە خۆیان دەپرسی لەمەودوا چۆن ژیان بە سەر دەبەن. سەیری نەوەی نوێیان دەکرد کە ئازایانە سەبارەت بە ئەگەرەکانی ژیانێکی باشتر دەدوان. نەیاندەزانی چۆن هەستەکانیان دەرببڕن، ڕانەهاتبوون. قسەی زۆر لە زارەکان دەهاتە دەر، قسەکان ئاسایی بوون وەک جلوبەرگ و پێڵاو و بیجامە و چاودێری کردن و ئاگا لەخۆبوون... ئامۆژگاری سزادراوەکانیان دەکرد تاکو بێ هۆ کاربەدەستان تووڕە نەکەن.

سامۆئیلۆف به كوڕه‌كه‌ی وت: "هه‌موو خه‌ڵك بێزار ده‌بن! هه‌م ئێمه و هه‌م ئه‌وان!"
بۆگینی كه گه‌وره‌تر بوو، ده‌ستی راوه‌شاند و براگه‌وره‌كه‌ی هان ده‌دا: "دادپه‌روه‌ری ئه‌وان ئه‌مه‌یه و رازیبوون پێی دژواره".
گه‌نجه‌كه وه‌ڵامی دایه‌وه: "باش ئاگات له ریشۆڵه‌كه‌م بێت!... زۆرم خۆش ده‌ویست!"
- كاتێك بگه‌ڕێیته‌وه، ده‌بینی هێشتا زیندووه.
سیزۆڤ ده‌ستی برازاكه‌ی گرتبوو، له‌سه‌رخۆ ده‌یووت: "زۆر باشه فێدیا، تۆیش ده‌ڕۆیت!"
فێدیا چه‌مایه‌وه و به پێكه‌نینێكی فێڵبازانه شتێكی به گوێیدا چرپاند. سه‌ربازه‌كه‌ی ته‌نیشتیان پێكه‌نی، به‌ڵام خێرا به‌ری به خۆی گرت و بۆڵاندی. دایكی وه‌ك كه‌سانی تر باسی جلوبه‌رگی ژێره‌وه و ته‌ندروستی كرد له كاتێكدا له قووڵایی دڵیدا پرسیار سه‌باره‌ت به پاڤڵ، ساشنكا و خۆی هه‌ڵده‌قوولی و له‌ژێر ئه‌م قسانه، هه‌ستی عه‌شقێكی بێ كۆتایی بۆ پاڤڵ، ئاره‌زووی نزیكبوونه‌وه له دڵی گه‌شه‌ی ده‌كرد و فراوان ده‌بوو. كاتێك پلاگه بیری له دادوه‌ره‌كان ده‌كرده‌وه، چاوه‌ڕوانیی ئه‌و شته تایبه‌ته له ناو ده‌چوو و جگه له ناخۆشی، هیچی لێ نه‌ده‌مایه‌وه.
هه‌ستی كرد شادومانییه‌كی گه‌وره و دره‌وشاوه له ناخیدا دروست ده‌بێت، به‌ڵام دركی پێ نه‌ده‌كرد و له به‌ر ئه‌وه نیگه‌ران و په‌رێشان بوو. بینی ئاندرێ له‌گه‌ڵ كه‌سوكاری تۆمه‌تباره‌كان قسه ده‌كات و له به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ستی كرد ئاندرێ زیاتر له پاڤڵ پێویستی به خۆشه‌ویستی و میهره‌بانییه، وتی: "ئه‌م دادگاییه‌م به دڵ نه‌بوو".
ئاندرێ هاواری كرد: "بۆ دایه گیان؟ ئاشێكی كۆنه، به‌ڵام له كار نه‌كه‌وتووه!"
پلاگه به دوودڵی وتی: "تایبه‌ت نییه و مرۆڤ تێ ناگات، به دوای راستییه‌كاندا ناگه‌ڕێن".

ئاندرێ وەڵامی دایەوە: "حەی حەی! چاوەڕوانی ئەوە بوون؟ پێتان وایە لێرە گرنگی بە راستییەکان دەدەن؟"
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا. هەستم کرد دەبێت زۆر تایبەت بێت... تایبەتتر لەوەی لە کلێسا ئەنجام دەدرێت... هەستم کرد پاڕانەوە لە دەرگای راستی لێرە ئەنجام دەدرێت...
پاڤڵ وەک ئەوەی پرسیارێکی کردبێت، بە ئارامی وتی: "دایکە، ئێمە دەزانین لە کوێ دۆعا بۆ راستی بکەین".
ئاندرێ وتی: "تۆیش، دایە گیان تۆیش دەزانیت؟"
دەنگێک بەرز بۆوە: "دادگا فەرمییە...!"
هەمووان خێرا گەڕانەوە بۆ شوێنەکەیان.
سەرۆک دەستی بە مێزەکەوە گرت. ڕوخساری لە پشت لاپەڕەیەک شاردەوە و بە دەنگی کز هاوشێوەی ویزەویز دەستی بە خوێندنەوە کرد:
"دادگا دوای راوێژ کردن..."
سیزۆڤ کە گوێی گرتبوو، وتی: "بڕیاری دادگا سەپاندنی سزایە!"
بێ دەنگی بەرقەرار بوو. هەمووان هەڵستان و چاویان بڕییە پیرەپیاوە وردیلەکە. ئەم کەسە لە دارێکی وشک دەچوو کە دەستێکی نەبینراو پاڵی پێوە دابێت. دادوەرەکانیش وەستابوون. قایمقام سەری خستبووە سەرشانی و سەیری سەقفەکەی دەکرد. بەڕێوەبەری شارەوانی دەست لە سەر سنگ وەستابوو. نوێنەری خانەدانەکان دەستی بە ریشیدا دەهێنا، ئەو دادوەرەی نەخۆش دەهاتە بەرچاو لەگەڵ هاوکارە ورگ زلەکەی و داواکاری گشتی سەیری تۆمەتبارانیان دەکرد. لە پشت دادوەرەکان، لە سەر سەریان، تێزار بە جلکی فەرمیی سوور، خۆی دەنواند. مێروویەک بە سەر ڕوخسارە سپی و بێ منەتەکەیدا دەخوشا. داوە جاڵجاڵۆکەیەک دەلەرییەوە.
- دوورخرانەوە بۆ سیبریا.

سیزۆڤ هەناسەیەكی هەڵكێشا و وتی: "دوورخرانەوە! سەرئەنجام تەواو بوو، سوپاس بۆ خوا. باسی ئەشكەنجەی قورسیان دەكرد، ئەوەندە مەترسیدار نییە، دایكە هیچ نییە!"

پلاگە بە ئارامی وتی: "دەمزانی".

- لەگەڵ ئەوەشدا... ئێستا كە دڵنیا بووین. بە بوونی ئەم دادوەرانە هەرگیز ناتوانین پێشبینی هیچ شتێك بكەین.

تۆمەتبارەكانیان دەبرد، سیزۆڤ رووی تێكرد و بە دەنگی بەرز هاواری كرد: "فێدیا، بە ئومێدی بینینی دووبارە... بە هیوای بینینەوەی هەمووتان، خوا ئاگادارتان بێت".

دایكی بە سەر ئیشارەی بۆ پاڤڵ و هاوڕێكانی كرد. دەیویست بگری، بەڵام شەرمی دەكرد.

# وێنەی (26)

دایکی لە کاتی هاتنەدەر لە دادگا، بە بینینی ئەوەی کە هێشتا هیچ نەبووە و شەو باڵی بە سەر شارەکەدا کێشاوە، سەری سوڕما.
چراکانی سەر شەقام هەڵکرابوون. ئەستێرەکان لە ئاسمان دەدرەوشانەوە. لە نزیک کۆشکی دادگا خەڵک لە شێوەی دەستەی بچوک کۆ دەبوونەوە.
لەو سەرماوسۆڵەدا دەنگی بەفر لەژێر پێکان بەرز دەبۆوە. دەنگە گەنجەکان یەکتریان دەبڕی. پیاوێک کە کڵاوێکی گەورەی بارانی لە سەردا بوو، لە سیزۆڤ نزیک کەوتەوە و بە پەلەپەل پرسی: "حوکمەکە چی بوو؟"
- دوورخستنەوە.
- بۆ هەموویان؟
- بۆ هەموویان.
- سوپاس.
دوور کەوتەوە.
سیزۆڤ بە دایکی وت: "دەبینی، هەمووان گرنگی بەم بابەتە دەدەن...!"
لە ناکاو دە کچ و کوڕ لە دەوریان کۆ بوونەوە و دەنگە دەنگ بەرز بۆوە، بە جۆرێک کەسانی دیکەیش لێیان نزیک بوونەوە. سیزۆڤ و دایکی وەستان. خەڵک سەبارەت بە حوکمی دادگا پرسیاریان دەکرد، هەڵسوکەوتی تۆمەتباران چۆن بوو؟ کێ قسەی کرد و سەبارەت بە چی؟ تەواوی ئەم پرسیارانە لە رووی کونجکۆڵی و دڵسۆزییەوە دەکرا.
کەسێک وتی: "ئەوە دایکی پاڤڵ ڤێلاسێف-ە!"

لە ناکاو هەمووان بێ دەنگ بوون.
- ڕێگە بدەن تەوقەتان لەگەڵ بکەم!
دەستێک، دەستی پلاگەی گرت، دەنگێک کە لە خۆشیدا دەلەرزی، وتی: "کوڕەکەی ئێوە بۆ هەموومان هێمای ئازایەتی دەبێت".
دەنگێکی لەرۆزک هاواری کرد: "بژی کرێکارانی روسیا".
- بژی شۆڕش!
- بڕووخێ حکومەتی چەوسێنەران.
هاتوهاوارەکان سات بە سات زیاتر دەبوون و بەریەک دەکەوتن. خەڵک لە هەموو لایەک دەهاتن و لە دەوری سیزۆڤ و پلاگە کۆ بوونەوە. دەنگی فیکەی پاسەوانەکان بەرز بۆوە، بەڵام نەیتوانی بە سەر دەنگەکانی دیکەدا زاڵ بێت. پیرەپیاوەکە پێدەکەنی. دایکی ئەمەی بە خەونێکی شیرین دەبینی. پێدەکەنی و بە خۆشەویستییەوە تەوقەی لەگەڵ خەڵک دەکرد، سڵاوی دەکرد، فرمێسکی خۆشحاڵی لە چاوەکانی دەباری، قاچەکانی شەکەت بوو، بەڵام دڵی پڕ بوو لە سەرکەوتن، وەک ئاوێنەی زوڵاڵی گۆماوێک کاریگەرییەکانی بە دیار دەخست.
لە نزیک دایکی، دەنگێکی روون بە تووڕەیی وتی: "هاوڕێیان! هاوڕێیان! ئەو دێوەی نەتەوەی رووس دەخوات، ئەمڕۆ دیسان ئیشتیای کراوەتەوە..."
سیزۆڤ وتی: "دایکە بڕۆین..."
لەم کاتەدا ساشنکا هات، قۆڵی دایکی گرت و ئەوی بۆ لای شۆستە برد و وتی: "وەرە... ئەگەری هەیە پۆلیس هێرشیان بکاتە سەر و ژمارەیەک قۆڵبەست بکات. بە راست دادگا چی بوو؟ حوکمی دوورخستنەوەیان دەرچوو؟ بۆ سیبریا؟"
- بەڵێ، بەڵێ.
- باشە، پاڤڵ چی وت: "دەزانم، لە هەمووان سادەتر و بەهێزتر بوو... هەروەها سەختگیرتر، ڕاستە. میهرەبانە و هەستیارە، بەڵام

شەرم دەكات هەستەكانی دەرببڕێت، وەک خودی حەقیقەت بەهێز و شكۆمەندە، لە ناخی ئەودا هەموو شتێک هەیە، هەموو شتێک، بەڵام بۆ زۆر شت گوشار دەخاتە سەر خۆی... لە ترسی ئەوەی نەكا سەرلەبەری گیان و جەستەی بۆ خزمەتی ئامانجەكانی چینی كرێكار نەبێت... خۆم ئەوە بە باشی دەزانم".
ئەم وتە پڕ خۆشەویستیانە پلاگەی ئارام كردەوە و دووبارە هێزی پێ بەخشی.
بە دەنگی پڕ لە خۆشەویستی، كچەكەی بۆ لای خۆی راكێشا و پرسی: "كەی دەڕۆیتە لای؟"
ساشنكا كە لە بەر دڵنیایی سەیری رووبەڕووی دەكرد، وەڵامی دایەوە: "لەگەڵ ئەوەی كەسێک بدۆزمەوە كارەكەم لە ئەستۆ بگرێت! چونكە بەم زووانە منیش دادگایی دەكرێم... منیش بۆ سیبریا دەنێرن... ئەوسا دەڵێم حەز دەكەم بۆ ئەو شوێنە دوورم بخەنەوە كە ئەویان ناردووە".
دەنگی سیزۆڤ لە پشت سەری ئەم دوو ژنە بیسترا.
- سڵاوی منی پێ بگەیەنن!... ناوم سیزۆڤ-ە، دەمناسێت، مامی فێدیا مازین-م.
ساشنكا وەستا، ڕووی تێ كرد و تەوقەی لەگەڵ كرد.
- فێدیا دەناسم، ناوی من ساشنكایە.
- ناوی دووەم یان ناوی خێزانەكەتان؟
- ساشنكا سەیری كرد و وەڵامی دایەوە: "خێزانم نییە، ئیتر باوكم نییە؟"
- مردووە؟
ساشنكا وتی: "نا زیندووە. پێداگرانە شتێک لە دەنگی ئاڵا و لە هێڵەكانی ڕوخساری دەركەوت.
- لە خاوەن زەوییە گەورەكانە، قایمقامیشە. ئێستا جووتیارەكان دەچەوسێنێتەوە و لێیان دەدات.

سیزۆف وتی: "ئاخ!" دوای ساتێک بێ دەنگی، لە کاتێکدا بە تیلەی چاو سەیری کچەکەی دەکرد، وتی: "زۆر باشە دایکە، ماڵئاوا، من لەم ڕێگەوە دەڕۆم، هەر کات ویستت وەرە پێکەوە چایەک بخۆین و گفتوگۆ بکەین. خاتوون بە هیوای دیدار... سەبارەت بە باوکت زۆر لاسار و پێداگری، بەڵام ئەو بابەتە تەنیا پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە..."

ساشنکا وەڵامی دایەوە: "ئەگەر کوڕەکەتان کەسێکی بێ بەها و بۆ خەڵک زیانبەخش بێت، پێداگری لە سەر ئەو قسەیە دەکەن؟"

پیرەپیاوەکە دوای چەند ساتێک دڕدۆنگی، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ دەمکرد".

- کەواتە لای جەنابت حەقیقەت خۆشەویستترە لە کوڕەت، دەی بۆ منیش لە باوکم ئازیزترە...

سیزۆف سەری لەقاند، هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "ئاخ! ئەگەر بەم شێوەیە وەڵامتان بۆ هەموو شتێک پێ بێت، دیارە زۆر وریا و تێگەیشتوون، پیرەکان زوو شکست دەخۆن، ئێوە بە باشی قەناعەتیان پێ دەکەن. بە هیوای دیدار، بەختەوەری ئێوە ئاواتمە، بەڵام بەرامبەر بە خەڵک کەمێک میهرەبانتر بن، خوا ئاگای لێتان بێت! ماڵئاوا پلاگە، ئەگەر پاڤڵت بینی بڵێ گوێم لە وتارەکەی بوو، بەڵام لە هەمووی تێ نەگەیشتم، تەنانەت هەندێک جار ترساندمی، بەڵام ئەوەی وتی هەمووی ڕاستە!"

کڵاوەکەی بەرز کردەوە و بە ئارامی لە سوچی کۆڵانەکە ون بوو.

ساشنکا پێکەنی و وتی: "دەبێت مرۆڤێکی خۆشەویست بێت!"

دایکی وای زانی ڕوخساری ئەم کچە لە جاران میهرەبانتر دەردەکەوێت.

کاتێک گەیشتنە ماڵەوە، لە سەر قەنەفەیەک دانیشتن. دایکی دووبارە باسی پلانەکەی ساشنکای کرد. کچەکە خەیاڵی ڕۆیشتبوو، بە چاوە گەورەکانی سەیری شوێنێکی دووری دەکرد. لە سەر ڕوخساری

ڕەنگ زەردی و بیرکردنەوەیەکی ئارام دەخوێندرایەوە.
- دواتر، کاتێک منداڵتان بوو، منیش دێم بۆ پەرەستاری ئەوان. لەوێ ژیانمان لێرە خراپتر نابێت، پاڤڵ کار دەدۆزێتەوە، زۆر زیرەکە.
ساشنکا کە بە چاو سەیری دایکی دەکرد، پرسی: "حەز ناکەی خێرا بڕۆیتە لای؟"
پلاگە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "سودی چییە؟ جگە لەوەی ئەگەر بیەوێت لەوێ ڕابکات، دەبمە ئەرک بۆی، جیا لەوە، ڕێگەی ئەو کارەم پێ نادات..."
ساشنکا وتی: "بەڵێ ڕاستە".
دایکی بە شانازییەوە وتی: "لێرە کارم زۆرە".
ساشنکا بیرمەندانە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، ڕاستە. ئەمە زۆر باشە".
لە ناکاو جوڵا، وەک ئەوەی قورسایی شتێکی لە سەر شان هەڵگیرابێت. دواتر بە ئارامی وتی: "لە سیبریا نامێنێتەوە... بە دڵنیاییەوە ڕادەکات.."
- باشە، ئەو کاتە تۆ چیت بە سەر دێت؟ ئەگەر منداڵتان هەبێت.
- نازانم، دەبێت بزانین چی دەبێت. نابێت نیگەرانی من بێت. ئازادە لەوەی چی دەکات، من تەنیا هاوڕێی ئەوم.
- دەزانم جیابوونەوە لەو مەترسیدارە، بەڵام بەرگەی هەموو شتێک دەگرم، بە هیچ جۆرێک نابمە ئەرک بۆی، نا..!
دایکی هەستی کرد ساشنکا دەتوانێت ئەوەی دەیڵێت، ئەنجامی بدات. دڵسۆزانە کچەکەی لە ئامێز گرت و وتی: "ئازیزی دڵم، ڕۆژگارێکی سەختتان لە بەردەمدایە".
ساشنکا بە ئارامی پێکەنی و تەواوی جەستەی بە پلاگەوە نووساند. گۆناکانی سوور هەڵگەڕا.
ئەم بابەتە زۆر دوورە، بەڵام پێتان وا نەبێت بۆ من ئەرکێکی قورس بێت، دەزانم چی دەکەم... دەزانم دەبێت بە چی ئومێدوار بم... ئەگەر ئەو لەگەڵ من بەختەوەر بێت، منیش بەختەوەرم. ئارەزووم،

ئەركەكەم ئەوەیە وزە و هێزی ئەو زیاد بكەم، ئەوەی دەتوانم بۆ بەختەوەری ئەو بیكەم، بەختەوەری فراوان! زۆرم خۆش دەوێت؛ ئەویش منی خۆش دەوێت، دەزانم. هەستەكانمان پێشانی یەك دەدەین، تا ئەو جێیەی بتوانین سامانی رۆحیمان زیاتر دەكەین و ئەگەر پێویست بكات وەك دوو هاوڕێی میهرەبان لە یەك جیا دەبینەوە".

دایكی لە خۆشحاڵیدا پێكەنی، لەسەرخۆ وتی: "من هەمیشە سەردانتان دەكەم... ئەگەری هەیە منیش دوور بخەنەوە".

بۆ ماوەیەكی زۆر ئەم دوو ژنە، بێ ئەوەی قسە بكەن، لە ئامێزی یەك سەبارەت بە كەسێك كە خۆشیان دەویست، تێ رامان. بێ دەنگی، خەم و خۆشەویستییەكی گەرم ئەوانی گرتەوە.

نیكۆلا شەكەت و ماندوو گەڕایەوە. لە كاتێكدا جلەكانی دەردەهێنا، بە پەلەپەل وتی: "بڕۆن پێش ئەوەی دەرفەتمان نەمێنێت! لە بەیانییەوە دوو سیخوڕ بەدوامەوەن، دڵنیام قۆڵبەست دەكرێم. هەستی پێ دەكەم. دەبێت لە شوێنێك ڕووداوێكی خراپ ڕووی دابێت. بە ڕاست ئەوە وتارەكەی پاڤڵ و ئەوانی ترە... چاپ دەكرێت... بیبەرە بۆ لۆدمیلا و داوای لێ بكە بە زووترین كات چاپی بكات. دایكە، پاڤڵ زۆر بە باشی قسەی كرد. ساشنكا وریای سیخوڕەكان بە! چاوەڕێ بن، ئەم بەستانە لەگەڵ خۆتان بەرن و بیدەن بە دكتۆر".

لە كاتی قسەكردن دەستە تەزیوەكانی لە یەك دەسوو. دواتر لە مێزەكە نزیك كەوتەوە، چەكمەجەكەی كردەوە و خێرا كۆمەڵێك بەڵگەنامەی دەرهێنا، هەندێكی دڕاند و ئەوانی دیكەی خستە سەر یەك. بە تەواوی نیگەران و قژی ئاڵۆزكاو بوو.

- هەرچەندە زۆر دەمێك نییە پێداچوونەوەم بۆ ئەم لاپەڕانە كردووە و لامبردوون، دووبارە بزانە چەندە زۆر بووە. سەیرە! دایكە، باشتر وایە تۆ لێرە نەخەوی، بۆچوونی خۆت چییە؟ مانەوەتان لێرە بێزاركەر دەبێت، ئەگەری هەیە جەندرمەكان ئێوەش بەرن.

ئێوە پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی وتەکانی پاڤڵ سەردانی گوندەکان بکەن".
دایکی وتی: "بۆ دەبێت من بگرن؟"
نیکۆلا دەستی راوەشاند و بە دڵنیاییەوە وتی: "من هەست بەم شتە دەکەم... جیا لەوە دەتوانن هاوکاری لۆدمیلا بکەن! پێش ئەوەی دەرفەت نەمێنێت بڕۆن..."
پلاگە بەو بیرۆکەیە خۆشحاڵ بوو کە هاوکاری چاپکردنی وتەکانی کوڕەکەی بکات و وتی: "ئەگەر وایە دەڕۆم، بەڵام ڕۆیشتنەکەم لە ترسا نییە..."
بە جۆرێک کە خۆیشی سەری سوڕما، وتی: "ئێستا لە هیچ ناترسم، سوپاس بۆ خوا، هەموو شتێک دەزانم..."
نیکۆلا بێ ئەوەی سەیری بکات، هاواری کرد: "زۆر باشە، ئێستا بڵێ جانتا و جلەکانی ژێرەوەم لە کوێیە. هەموو شتێکتان گرتۆتە دەست و من چیتر ناتوانم خاوەندارێتی کەسێتی خۆم پەیدا بکەم. ئێستا ئامادە دەبم. جەندرمەکان سەریان سوور دەمێنێت".
ساشنکا کاغەزە گرمۆڵەکراوەکانی لە ناو زۆپاکەدا دەسووتاند و خۆڵەمێشی کاغەزەکان و خۆڵەمێشی دارەکانی تێکەڵ دەکرد.
نیکۆلا دەستی ساشنکای گوشی و وتی: "بڕۆن، بیرتان نەچێت، ئەگەر کتێبێکی تازە و سەرنجراکێش چاپ کرا، بۆمی بنێریت. بە هیوای دیدار،ماڵئاوا هاوڕێ، ئاگات لە خۆت بێت، بە تایبەت..."
ساشنکا پرسی: "پێت وایە زۆر لە زیندان دەمێنیتەوە؟"
- دیار نییە! لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر... تۆمەتی جیاوازیان خستۆتە پاڵم. دایکە لەگەڵ ساشنکا بڕۆ. ناتوانن شوێن دوو کەس بکەون.
دایکی وتی: "باشە، دەڕۆم جلەکانم لە بەر دەکەم".
دایکی بە وردی سەیری ڕوخساری نیکۆلای کرد، بەڵام جگە لە نیگەرانی کە ڕوخسارە میهرەبانەکەی داپۆشیبوو، شتێکی نائاسایی

دیکەی نەبینی. ئاگای لە هەمووان بوو، گەرموگوڕ خەملێنراو، وەک هەمیشە هێمن و تەنیا، ژیانێکی پڕ نهێنی چ لە ناخ و چ لە روالەتا. پلاگە ئەوی بەم شێوەیە خۆش دەویست، هەرچەند زۆریش دڵنیا نەبوو. ئێستا بەزەیی زۆری بە نیکۆلا دەهاتەوە، بەلام بەری بە خۆی گرت، چونکە دەیزانی ئەگەر نیکۆلا هەست بەم بەزەییە بکات، دڵتەنگ دەبێت. دایکی نەیدەویست بەم حالە بیبینێت.

لەگەڵ ئەوەی جلەکانی پۆشی، بۆ ژوورەکە گەڕایەوە. نیکۆلا دەستی ساشنکای گرتبوو، دەیووت: "زۆر باشە، دڵنیام هەم بۆ ئەو باشە هەم بۆ ئێوە. کەمێک بەختەوەری تاکەکەسی زیانبەخش نییە، بەلام دەزانن، نابێت زۆر بێت بۆ ئەوەی بەهاکەی لە دەست نەدات... دایە گیان، ئامادەی؟"

چاویلکەکەی چاک کرد و لێی نزیک بۆوە.

- بە هیوای دیدار! تا سێ-چوار... یان شەش مانگی دیکە. گریمان شەش مانگ. ئەم ماوەیە زۆرە... لە شەش مانگدا دەتوانین کاری زۆر بکەین. تکا دەکەم ئاگاتان لە خۆتان بێت! دەی، با یەکتر ماچ بکەین.

لە کاتێکدا دەستە بەهێزەکانی لە ملی پلاگە ئالاند، سەیری چاوەکانی کرد و بە پێکەنین وتی: "وا بزانم عاشقی تۆ بووم، چونکە بەردەوام ماچت دەکەم."

پلاگە بێ ئەوەی قسە بکات، ناوچاو و سەر و روومەتی ماچ کرد. دەستەکانی دەلەرزی و بۆ ئەوەی نیکۆلا هەستی پێ نەکات، دەستەکانی داگرت.

- دەڕۆن؟ وریا بن، زۆر وریا بن! سبەی بەیانی مێرمنداڵێک بنێرن بۆ ئێرە. لە مالی لۆدمیلا کەسێکی لێیە! با بێت و بزانێت دۆخی ئێرە چۆنە... هاوڕێیان بە هیوای دیدار! هەموو شتێک باشە!

لە کۆلان، ساشنکا بە ئارامی وتی: "ئەگەر پێویست بکات، هەروا بە ئاسانی بەرەوپیری مەرگ دەڕوات، وەک ئێستا کە زۆر پەلەپەل

دەكات، كاتێك مەرگ بەرەوپیری بێت، نیكۆلا چاویلكەكەی چاك دەكات و دەڵێت: "زۆر باشە و دەمرێت".
دایكی وتی: "زۆرم خۆش دەوێت".
- ئەو هەمیشە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی من. خۆشم ناوێت، بەڵام ڕێزی زۆری لێ دەگرم. مرۆڤێكی باشە، بەڵام بە ئەندازەی پێویست هەستی مرۆڤایەتی لە ناخیدا نییە... پێم وابێت بە دوامانەوەن. دەبێت لە یەك جیا ببینەوە. ئەگەر زانیتان چاودێریتان دەكەن، مەچن بۆ ماڵی لۆدمیلا.
دایكی وتی: "دەزانم".
بەڵام ساشنكا دووبارە جەختی كردەوە: "مەڕۆنە ئەوێ، وەرنە ماڵەكەی من. بە هیوای دیدار".
خێرا ئاوڕی دایەوە و لە هەمان ڕێگە گەڕایەوە.

# وێنەی (27)

چەند خولەک دواتر، پلاگە لە نزیک زۆپاکە، لە ژوورەکەی لۆدمیلا خۆی گەرم دەکردەوە.
لۆدمیلا کراسێکی ڕەشی پۆشیبوو، بە ئارامی بە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. ژوورەکەی پڕ کرد لە خشەخشی داوێنی و دەنگدانەوەی دەنگە فەرمان ئاساکانی. ئاگر لە ناو زۆپاکە دەنگی دەهات و هەوای ژوورەکەی دەبردە ژوور و فیکەی لێ دەدا: "خەڵک زیاتر لەوەی خراپ بن، کەرن، جگە لەوەی لێیان نزیکە و ئەوەی لە بەردەستیانە، ناتوانن هیچی دیکە ببینن، بەڵام هەر شتێک نزیک بێت، بێ بایەخە و ئەوەی دوور بێت، بەهادارە. لە راستیدا ئەگەر ژیان ئاسانتر و خەڵک وشیارتر دەبوون، لە بەرژەوەندی هەمووان‌دا بوو، بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبێت چاوپۆشی لە ژیانی ئارام بکەین. لە ناکاو لە بەردەم دایکی وەستا و وەک ئەوەی بیەوێت داوی لێبووردنی لێ بکات، درێژەی بە قسەکەی دا: "من زۆر کەم خەڵک دەبینم، بەڵام کاتێک کەسێک دێت بۆ ماڵەکەم وتاری بۆ دەدەم، پێکەنیناوییە، وانییە؟"
- بۆچی؟
پلاگە هەوڵی دا بزانێت لۆدمیلا گۆڤارەکان لە کوێ چاپ دەکات، بەڵام هیچ ئامێرێکی چاپی لەو ناوەدا نەبینی. لە ژوورێک کە هەرسێ پەنجەرەکەی بەرەو حەوشەکە دەکرانەوە، تەختێکی دانیشتنی فەنەری لێ بوو، ڕەفەیەک کتێب، مێزێک، کورسییەک و قەرەوێڵەیەک لای دیوارەکە. ئاودەست لە سوچێکی ژوورەکە بوو و لە سوچەکەی تر زۆپاکە دەبینرا. وێنەکانیش بە قەدی دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. هەموو شتەکان تازە و پاک‌وخاوێن بوو و بە تایبەت

سیمای راهیب ئاسای خاوەن ماڵەكە سێبەرێكی ساردی دەخستە سەر هەموو شتێک. مرۆڤ لەم ژوورەدا هەستی بە شتێكی نامۆ و رازاوی دەكرد. دایكی سەیری دەرگاكانی كرد. لە یەكێک لەو دەرگایانەی بە رووی هۆڵەكەدا دەكرایەوە، هاتبووە ژوور. لە نزیک زۆپاكە دەرگایەكی بەرز و باریكی دیكە دەبینرا.
لە بەر ئەوەی هەستی كرد لۆدمیلا زۆر بە وردی لێی دەڕوانێت، بە شپرزەیی وتی: "بۆ چەند كارێک هاتووم".
- دەزانم. كەس بۆ هۆكاری تر سەردانم ناكات.
دایكی وای زانی لە دەنگی خانەخوێكەی شتێكی سەیر دەلەرزێتەوە. بزە لە سوچی لێوەكانی نەخشی بەستبوو. چاوە كزەكانی لە پشت شووشەی چاویلكەكەی دەدرەوشایەوە. دایكی چاوی لە سەر هەڵگرت و وتارەكەی پاڤل-ی پێ دا.
- داوایان كردووە بە زووترین كات چاپی بكەین...
دەستی كرد بە گێڕانەوەی ئەو ئامادەكارییانەی كە نیكۆلا پێش قۆڵبەستكرانی كردبووی. لۆدمیلا بێ ئەوەی هیچ بڵێت، كاغەزەكەی خستە باخەڵی و لە سەر كورسییەكە دانیشت. ڕووناكی ئاگرەكە لە سەر ڕوخساری سەمای دەكرد. دوای ئەوەی گوێی لە چیرۆكی دایكی گرت، بە دەنگێكی بە بڕشت وتی: "ئەگەر جەندرمەكان بێنە ماڵەكەم، تەقەیان لێ دەكەم. مافی ئەوەم هەیە لە بەرامبەر زۆرداری بەرگری لە خۆم بكەم و لە بەر ئەوەی كەسانی دیكە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەوان هان دەدەم، دەبێت ئەو كارە بكەم.
سووری بڵێسەی ئاگر لە سەر ڕوخساری نەما و دووبارە هێمنی و جدیبوون لە ڕوخساری دەركەوتەوە.
دایكی لە ناكاو بیری كردەوە. دەبێت ژیانێكی ناخۆشت بە سەر بردبێت.
لۆدمیلا سەرەتا بە بێزاری دەستی بە خوێندنەوەی وتارەكەی پاڤل كرد. هەرچی زیاتر دەڕۆیشتە پێش، چاوەكانی لە كاغەزەكە زیاتر

نزیک دەکردەوە. کاتێک لە خوێندنەوەی تەواو بوو، لە دایکی نزیک کەوتەوە و وتی:
- زۆر باشە، ئەوەیە کە دەمویست، زۆر روونە.
سەری دانەواند و ساتێک بیری کردەوە:
- نەمویست سەبارەت بە کوڕەکەت قسەت لەگەڵ بکەم، قەت نەمبینیوە و حەز بە گفتوگۆی خەمبزوێن ناکەم، بەڵام دەزانم مرۆڤ کاتێک یەکێک لە کەسە نزیکەکانی دوور دەخرێتەوە، چ هەستێکی هەیە. پێم بڵێن ئاخۆ باشە مرۆڤ کوڕێکی وەک پاڤڵ-ی هەبێت؟
- بەڵێ زۆر باشە؟
- بەڵام مەترسیداریشە، وانییە؟
پلاگە بە ئارامی پێکەنی و وەڵامی دایەوە: "ئێستا نا".
لۆدمیلا بە دەستە ئەسمەرەکانی قژە خاوەکەی رێک کرد، دواتر رووەو پەنجەرەکە وەستا. سێبەرێکی سووک و گەرم لە سەر کوڵمەکانی یاری دەکرد.
- ئێستا چاپی دەکەم. ئێوە هاوکاریم دەکەن؟
- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە.
- ئێستا خێرا پیتەکانی دەچنم. وا باشە تۆ کەمێک بخەویت. ئەمڕۆ ڕۆژێکی ناخۆشت بە سەر بردووە، لە سەر قەرەوێڵەکە پاڵکەوە، چونکە من ناخەوم، ئەگەری هەیە شەو بەئاگات بێنمەوە بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەی، پێش ئەوەی بخەوی، چراکە بکوژێنەوە.
دوو داری خستنە ناو زۆپاکە و لەو کونەی لە پشت زۆپاکە هەڵکەنرابوو، ڕۆیشتە دەر و دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست.
پلاگە بە چاو سەیری دەکرد. لە کاتێکدا جلەکانی دەرهێنا، بیری لە خانەخوێکەی کردەوە: "خۆڕاگرە و ئازار دەکێشێت داماوە!"
لە ناو ماندوویەتی، سەری پلاگە گێژی دەخوارد، بەم پەسندانە، دڵی بە شێوەیەکی سەیر هێور بوو. پێی وابوو هەموو شتێک بە رووناکییەکی نەرم و دڵگیر ڕۆشن دەبێت. پلاگە لەمێژ بوو ئەم

ئارامییەی دەناسی، پێشتر پێی نیگەران دەبوو، بەڵام ئێستا ئەم ئارامییە رۆحی فراوان دەکرد و بە هەستێکی بەهێز و گەورە، پتەوتری دەکرد. چراکەی کوژاندەوە، لە سەر قەرەوێڵە ساردەکە راکشا، لەژێر بەتانییەکە خۆی گرمۆڵە کرد و خێرا خەوی لێ کەوت. کاتێک چاوی کردەوە، ژوورەکە پڕ بوو لە سەرما و سپیاتی رۆژێکی ساردی زستان. لۆدمیلا لە سەر کورسییەکە دانیشتبوو، کتێبێکی بە دەستەوە بوو و بە سۆزەوە سەیری دایکی دەکرد.

پلاگە هەستی بە شەرمەزاری کرد، وتی: "ئۆی خوایە گیان! دەمێکە خەوتووم؟"

لۆدمیلا وەڵامی دایەوە: "سڵاو، سەعات لە دە نزیک دەبێتەوە، هەڵستە با نانی بەیانی بخۆین".

- بۆ خەبەرت نەکردمەوە.

- ویستم، بەڵام لە کاتی خەودا بزەیەکی ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێش لە سەر لێوت بوو، دڵم نەهات بەئاگات بێنمەوە.

جەستە بەهێزەکەی بە ئارامی راوەشاند و هەڵستا. لە قەرەوێڵەکە نزیک کەوتەوە و ڕوخساری لە ڕوخساری دایکی نزیک کردەوە. پلاگە لە چاوە کزەکانی خانەخوێکەیدا، میهرەبانی و گەرموگوڕی و ئاشنایيەکی تایبەتی بینی.

- نەمویست بەئاگات بێنمەوە... وابزانم خەوێکی خۆشت دەبینی.

- نا، خەوم نەبینی.

- گرنگ نییە، بەڵام بزەکەت زۆر جوان بوو. ئارام و دڵگیر.

لۆدمیلا بە ئارامی پێکەنی.

- بیرم لە تۆ و ژیانی تۆ دەکردەوە، چونکە ژیانت قورس و دژوارە، وا نییە؟

دایکی بیری کردەوە، برۆکانی بەرز کردەوە و بە گومانەوە وتی: "لەم بارەوە شتێکی ئەوتۆ نازانم! هەندێک کات پێم وایە ئەمە راست نییە! جیا لەوە، ئەوەندە بابەتی گرنگ لە ژیاندا هەن، مرۆڤ

نازانێت... بابەتە جدیی و سەرسوڕهێنەرەكان كە یەك لە دوای یەك بەرۆكی مرۆڤ دەگرن..."
شەپۆلی جۆشوخرۆش لە دڵیدا دەركەوت و پڕی كرد لە وێنە و ئەندێشەكان. لە سەر قەرەوێڵەكە دانشت و هەوڵی دا هەرچی زووە هەیكەلی ئەندێشەكانی بە بەرگی قسە داپۆشێت.
- هەموو ئەمانە بەرەو یەك مەبەست دەڕۆن، وەك ئاگرێك، كاتێك ماڵێك دەسووتێنێت و بڵێسە دەسەنێت! لە شوێنێك دەلاقەیەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و لە شوێنێكی دیكە بە بڵێسەتر و رووناكتر دەدرەوشێتەوە... ئەوەندە بابەتە بە ئازارەكان زۆرن، خۆزگە دەتزانی! خەڵكی داماو لە نەهامەتیدان، دەبنە ئەرك بۆیان، سیخوڕیان بۆ دادەنێن، بێ بەزەییانە لێیان دەدەن، ئەوسا ئەوانیش خۆیان دەشارنەوە و هاوشێوەی راهیبەكان ژیان بە سەر دەبەن... زۆربەی خۆشییەكان بۆ ئەوان قەدەغەیە و ئەمەش زۆر سەختە!
لۆدمیلا سەری بەرز كردەوە بە قووڵی لە چاوەكانی دایكی دەڕوانی. بە ئارامی وتی: "سەبارەت بە خۆت قسە ناكەی؟"
پلاگە بە دەم پۆشینی جلەكانی، وتی: "سەبارەت بە خۆم... مرۆڤ كاتێك كەسێكی خۆش دەوێت، كاتێك ئەو كەسە لای ئێمە ئازیزە و لە هەمووان دەترسێت و نیگەرانی هەمووانە، دەتوانێت خۆی بخاتە لایەكەوە؟ ئەمانە لە دڵی مرۆڤدا بەریەك دەكەون... مرۆڤ چۆن دەتوانێت خۆی جیا بكاتەوە؟ بۆ كوێ بڕوات؟"
دایكی كە نیوەی جلەكانی لە بەر كردبوو، بۆ چەند ساتێك لە ناو ژوورەكەدا بیری كردەوە. هەستی كرد ئیتر ئەو ژنە نییە كە هێندە بۆ منداڵەكەی نیگەران بوو و دەترسا. ئیتر ئەم كەسایەتییە لە ئارادا نەبوو، لێی دوور و جیا ببۆوە. پلاگە گوێی لە دەنگی ناخی گرت، ئارەزووی بوو بزانێت لە ناخیدا چی دەگوزەرێت و لەگەڵ ئەوەش دەترسا لەوەی دووبارە هەستی نیگەرانی و پەرێشانی كۆن بەئاگا بێنێتەوە.

لۆدمیلا پرسی: "بیر لە چی دەکەیتەوە؟"
- نازانم.
بێ دەنگ بوون، سەیری یەکیان کرد و پێکەنین. لۆدمیلا لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەر و وتی: "نازانم سەماوەرەکەم لە چ حاڵێکدایە؟"
دایکی لە پەنجەرەوە سەیری کرد. لە دەرەوە هەتاوی سارد تیشکی بڵاو دەکردەوە. دڵی دایکی گەرم و ڕووناک بوو. دەیویست بە خۆشحاڵی، بە هەستێکی نامۆ لە ئەمەکناسی بۆ هەموو ئەو شتانەی لە رۆحیدا دەرکەوتبوون، سەبارەت بە هەموو شتێک قسە بکات. حەزی کرد دۆعا بخوێنێت، هەرچەند لەمێژ بوو ئەم حەزەی نەمابوو. ڕوخساری گەنجێکی بیر کەوتەوە. لە یادگەیدا دەنگێکی ڕوون و پاراو هاواری کرد: "ئەمە دایکی پاڤڵ ڤێلاسیێف-ە. چاوە پڕ سۆزەکانی ساشنکا درەوشانەوە، جەستەی ڕەشی ریبین-ی بیر کەوتەوە، ڕوخساری ئارام و ئەسمەری پاڤڵ بزەی کرد. نیکۆلا بە شەرمەوە پێڵوەکانی بەست، کتوپڕ ئاهێکی سووک و قووڵ، تەواوی ئەم وێنانەی شڵەقاند و وەکو هەورێکی ڕوون و ڕەنگاڵەیی تێکەڵی کردن و چێژێکی ئارامبەخشی بە دایکی بەخشی.
لۆدمیلا کاتێک گەڕایەوە، وتی: "نیکۆلا ڕاستی دەکرد، گرتوویانە، گومانی تیا نییە. وەک وتتان مێرمنداڵێکم نارد بۆ ماڵەکەی. گەڕاوەتەوە و دەڵێت پاسەوانەکان لە حەوشەکە خۆیان حەشار داوە و یەکیان لە پشت دەرگاکەیە. سیخوڕەکان بە دەوری ماڵەکەدا دەسوڕێنەوە. ئەو مێرمنداڵە دەیانناسێت..."
دایکی سەری لەقاند و بە ئارامی وتی: "نیکۆلای داماو!"
لۆدمیلا خەمبار و ئارام وتی: "ئەم دواییانە بە بەردەوامی وتاری بۆ کرێکارانی شار دەدا. دەیانناسی و کاتی ئەوە بوو خۆی بشارێتەوە، هاوڕێیان پێیان وت بەڕێ بکەوێت، بەڵام گوێی لە کەس نەگرت. بە بۆچوونی من لەم کاتانەدا نابێت هانی کەسەکان بدرێت، دەبێت ناچار بکرێن..."

کوڕێکی منداڵکاری قژڕەش، بە ڕوخسارێکی سوور و سپی و لووت هەڵۆیی و چاوشین لە بەردەم دەرگاکە دەرکەوت.
بە دەنگی پاراو پرسی: "سەماوەرەکە بێنم؟"
- بەڵێ سێرگێی، ئەگەر ئەرک نییە! ئەمە شاگردەکەمە، ئێوە نەتانبینیبوو؟
- نا.
- هەندێک کات دەمنارد بۆ لای نیکۆلا.
دایکی هەستی کرد لۆدمیلا گۆڕاوە و بۆتە کەسێکی دیکە، سادەتر دەردەکەوت. هۆشی لە شوێنێکی ترە. لە جوڵە نەرمەکانی لەش و لارە ڕێکەکەیدا هێزێکی زۆر دەبینرا کە کەمێک لە حاڵەتی ڕەنگ بزرکاویی دەموچاوی کەم دەکردەوە.
ئەڵقەکانی دەوری چاوی بە درێژایی شەو گەورتر ببوو. لە هەناویدا هەست بە تەقەللایەکی بەردەوام دەکرا. وەک ئەوەی تەلێکی باریک لە رۆحیدا کێشرابێتەوە.
کوڕەکە سەماوەرەکەی هێنا.
- سێرگێی، ئەمە دایکی پاڤڵ ڤێلاسێف-ە، ئەو کرێکارەی دوێنێ سزایان بە سەردا سەپاند.
کوڕەکە بێ دەنگ و ئارام چەمایەوە. دەستی دایکی گوشی و ڕۆیشتە دەر. نانی هێنا و لە سەر مێزەکە دانیشت. لۆدمیلا بە دەم تێکردنی چا، ئامۆژگاری پلاگەی کرد تا پێش ئەوەی دەرنەکەوێت پۆلیس بۆسەی بۆ کێ داناوەتەوە، نەگەڕێتەوە ماڵ.
- لەوانەیە بۆسەیان بۆ تۆ دانابێت. بە دڵنیاییەوە لێکۆڵینەوەت لەگەڵ دەکەن...
پلاگە وەڵامی دایەوە: "گرنگ نییە! ئەگەر بمگرن، کارەساتێکی گەورە نییە! تەنیا دەمەوێت وتەکانی پاڤڵ بڵاو ببێتەوە.
- پیتەکان نووسراون، بەیانی بە ئەندازەی پێویست بۆ شار و دەوروبەری ئامادە دەبێت. ناتاشا دەناسی؟

- بۆچی؟

- دەبێت ئەم نوسخانە بۆ ئەو بەریت.

کوڕەکە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و وای پیشان دەدا گوێ لە قسەکانیان ناگرێت، بەڵام جارجار سەیری دایکی دەکرد.. کاتێک دایکی ئەم نیگا زیرەکانەیەی ناکاوگیر دەکرد، هەستێکی خۆش بە کوڕەکە دەبڕا. لۆدمیلا دووبارە باسی نیکۆلای کرد بێ ئەوەی بۆ گرتنەکەی شیوەن بکات و قوڕ بپێوێت. ئەمە لای دایکی ئاسایی بوو. کات زووتر لە ڕۆژەکانی تر تێدەپەڕی. کاتێک لە سەر سفرەی نانی بەیانی کشانەوە، نزیک نیوەڕۆ بوو.

# وێنەی (28)

کتوپڕ بە قایمی لە دەرگایان دا. کوڕەکە هەڵستا. بە نیگا پرسیاری لە خاوەن ماڵەکە دەکرد.
- سێرگێی بڕۆ دەرگاکە بکەرەوە! دەبێ کێ بێت؟
لۆدمیلا بە ئارامی دەستی خستە ناو گیرفانی کراسەکەی و بە دایکی وت: "ئەگەر جەندرمەکان بن، تۆ لەم سوچەدا دانیشە و سێرگێی تۆ..."
مێرمنداڵەکە بە ئارامی وتی: "دەزانم!" و ونبوو.
دایکی بزەیەکی کرد. ئەم ئامادەکارییانە کاریگەری لە سەر ئەو دانەدەنا و لە ڕوودانی کارەساتێک ئاگاداری نەدەکردەوە.
دکتۆر بوو لە دەرگای دەدا. هاتە ژوور و خێرا وتی: "نیکۆلایان گرتووە... دایکە تۆ لێرەیت؟ کاتێک ئەویان گرت تۆ لە ماڵەوە نەبووی؟"
- نا، منی نارد بۆ ئێرە.
- ئممم... پێم وا نەبێت ئەمە بۆ تۆ زۆر باش بێت. دوێنێ شەو گەنجەکان پێنج سەد نوسخە لە وتەکانی پاڤل-یان بە ژەلاتین دروست کردووە. کارەکەیان باش کردووە، پاکە و دەخوێندرێتەوە. دەیانەوێت ئەمشەو بە ناو شاردا بڵاوی بکەنەوە، بەڵام من دژی ئەو کارەم. باشترە کاغەزی چاپکراو لە شار بڵاو بکرێتەوە. نوسخە ژەلاتینییەکان دەبێت بۆ شوێنەکانی دیکە بنێرین.
دایکی وتی: "ئەو نوسخانە دەبەم بۆ ناتاشا، بیدەن بە من".
پێداگری دەکرد لەوەی خێراتر وتەکانی پاڤل بڵاو بکرێتەوە و زەوی لە قسەکانی کوڕەکەی نغرۆ بکات. وەک ئەوەی بپاڕێتەوە، سەیری دکتۆری دەکرد.

دکتۆر بە گومانەوە وتی: "نازانم ئەگەر ئەو کارە بکەن، لۆژیکییە یان نا. کاتژمێرەکەی دەرهێنا".
- ساعەت یانزە و چلوسێ خولەکە، شەمەندەفەر کاتژمێر دوو و پێنج خولەک بەڕێ دەکەوێت. لەوانەیە شەو بگەن، بەڵام درەنگ نییە... جیا لەوە، ئەمە بابەتە سەرەکییەکە نییە.
لۆدمیلا برۆکانی بەرز کردەوە و وتی: "بەڵێ، ئەمە بابەتە سەرەکییەکە نییە".
دایکی نزیک کەوتەوە و پرسی: "کەواتە چییە؟ بابەتەکە ئەوەیە ئەم کارە بە باشی ئەنجام بدرێت و من دەزانم چی بکەم".
ژنە گەنجەکە سەیری دایکی کرد، ناوچاوی سڕی و وتی: "مەترسیدارە!"
دایکی پرسی: "بۆ؟"
دکتۆر خێرا وتی: "لە بەر ئەوەی یەک سەعات پێش گیرانی نیکۆلا، لە ماڵەکە ون بوون. لە کارخانە بوون و بە باشی دەتناسن. دوای ڕۆیشتنی تۆ بۆ کارخانە، بڵاوکراوەکانی شۆڕش لەوێ بڵاو بۆتەوە. هەموو ئەمانە وەک گرێی پەتی سێدارە دەکەوێتە ملی تۆ.
دایکی وتی: "هەست بە من ناکەن، ئەگەر لە کاتی گەڕانەوە بمگرن و بپرسن لە کوێ بووم..."
بۆ چرکەیەک قسەکانی بڕی و دووبارە بەردەوام بوو: "دەزانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە. لە کارخانەوە ڕاستەوخۆ بەرەو قەراغ شار دەڕۆم. لەوێ پیاوێک دەناسم بە ناوی سیزۆف... دەڵێم لە بەر ئەوەی دڵتەنگ بووم، دوای کۆتایی هاتنی دادگا، ڕاستەوخۆ ڕۆیشتمە لای سیزۆف و ئەویش هاوخەمی منە. برازاکەی لەگەڵ پاڤڵ-ە. دەڵێم ئەم ماوەیە لای ئەو بووم و ئەویش شایەتیم بۆ دەدات".
لە بەر ئەوەی هەستی کرد ئەوان لە بەرامبەر داواکەی تەسلیم دەبن، هەوڵی دەدا قەناعەتیان پێ بێنێت و پێداگرانە دووبارەی دەکردەوە.

سەرئەنجام ئەوانیش رازی بوون.
دکتۆر بە بێزاری وتی: "دەتوانین چی بکەین؟ بڕۆ!"
لۆدمیلا بێ دەنگ و بیرمەندانە بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا، ڕوخساری خەمبار و سەرکولمەکانی چاڵ ببوون. دەمارەکانی گەردنی کێشران وەک ئەوەی سەری قورس بووبێت و بێ ئیرادە بکەویتە سەر سنگی.
پلاگە دوای رەزامەندی بەناچاری دکتۆر، هەناسەیەکی هەڵکێشا.
دایکی بە پێکەنین وتی: "هەمووتان گرنگیم پێ دەدەن، بەلام بیر لە خۆتان ناکەنەوە!"
دکتۆر وەلامی دایەوە: "ئەو قسەیە راست نییە. گرنگی بە خۆمان دەدەین و دەبێت ئەو کارە بکەین. ئەوانەی لەخۆڕا خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، دەبێت سەرکۆنە بکرێن. بەهەرحاڵ، نووسخەکان دەهێنم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر".
بۆی روون کردەوە دەبێت چی بکات. دواتر لە بەردەمی وەستا و وتی: "سەرکەوتوو بی، خۆشحاڵی وایە؟"
دکتۆری ناڕازی ڕۆیشت. کاتێک دەرگاکە داخرا، لۆدمیلا لە دایکی نزیک بۆوە و پێی وت: "جەنابت ژنێکی خۆشەویستی و لە مەبەستەکەت تێ دەگەم..."
قۆڵی دایکی گرت و هەردووک بە ناو ژوورەکەدا پیاسەیان دەکرد.
- منیش کوڕێکم هەیە، ئێستا تەمەنی دوانزە ساڵە، بەلام لەگەڵ باوکی دەژی. مێردەکەم جێگری داواکاری گشتییە، لەوانەیە ئێستا داواکاری گشتی بێت، منداڵەکە لەگەڵ ئەوە... زۆر جار لە خۆم دەپرسم ئاکامی ئەم منداڵە بە کوێ دەگات..."
دەنگی دەلەرزی، پاشان دووبارە بیرمەندانە و بە پچەپچ درێژەی بە قسەکەی دا: "ئەم منداڵە لە لایەن کەسێکەوە پەروردە کراوە کە دوژمنی خوێنی ئەو کەسانەیە لای من ئازیزن و من ئەوان بە باشترین کەسەکانی سەر زەوی دادەنێم و ئەگەری هەیە کوڕەکەم ببێتە دوژمنی خۆم. ناتوانم منداڵەکە وەربگرمەوە و لەگەڵ خۆم

بێت، چونكە خۆم بە ناوی خوازراو ژیان بە سەر دەبەم. هەشت ساڵە نەمبینیوە".
نزیک پەنجەرەکە وەستا و سەیری ئاسمانی بێ ڕەنگ و بێ ئەستێرەی کرد و وتی: "ئەگەر لەگەڵم دەبوو، بەهێزتر دەبووم، ئەگەریش بمردایە، ئاسودە دەبووم!..."
دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، بە دەنگی بەرز وتی: "بەم شێوەیە دەمزانی مردووە و ناتوانێت دوژمنی ئەو شتە بێت کە بەرزترە لە سۆزی دایکانە..."
دایکی بە ئارامی و وەک هاوخەمی پێی وت: "باوانەکەم!"
لۆدمیلا بە پێکەنین لە قسەکانی بەردەوام بوو: "تۆ بەختەوەری! بینینی ئەوەی دایک و کوڕ شانبەشانی یەکتر خەبات دەکەن، زۆر باشە، زۆر بە کەمی شتی وا ڕوو دەدات!"
پلاگە وتی: "بەڵێ زۆر باشە. وەک ئەوەی بیەوێت نهێنییەکی بۆ باس بکات، دەنگی نزم کردەوە و وتی: "ژیانێکی دیکەیە، تۆ و نیکۆلا و هەموو ئەوانەی لەم ڕێگەیەدا خەبات دەکەن، لەگەڵ ئێمەن. بەم شێوەیە خەڵک لە یەک نزیک دەبنەوە. ئەم شتانە تێ دەگەم، وشەکان نا، بەڵکو لە کۆی بابەتەکە تێ دەگەم".
ژنە گەنجەکە وتی: "ڕاستە، وایە! ڕێک وایە!"
دایکی دەستی خستە سەر شانی لۆدمیلا و وتی: "ئەوەی تێی دەگەم، ئەوەیە کە منداڵەکان لە دنیا بەڕێ کەوتوون! لە دنیا، هەمووان بەرەو یەک ئامانج دەڕۆن! دڵە بێ گەردەکان، جوامێرانەترین ڕۆحەکان، بەهێزەوە هێرش دەبەن بێ ئەوەی ئاوڕ بۆ دواوە بدەنەوە، دواوە کە پڕە لە خراپە. درۆ و فرتوفێڵ لەژێر قاچەکانیان لە ناو دەبەن. گەنجەکان هەموو هێزیان بۆ یەک ئامانج دەخەنە گەڕ: "دادپەروەری! دەیانەوێت بە سەر ڕەنج و ئازاردا سەرکەون. تفەنگ بە دەستەوە دەگرن بۆ ئەوەی کۆتایی بە بەدبەختی و نەهامەتییەکانی مرۆڤ بێنن. دەیانەوێت ناحەزییەکان لە ناو بەرن و سەرئەنجام سەردەکەون!

یەکێک لەوان پێی وتم خۆرێکی تازە هەڵ دەکەین و، ئەم کارە دەکەن!
یەکی تر وتی: "هەموو دڵە شکاوەکان دەکەین بە یەک! و بە دڵنیاییەوە یەکگرتوویی بەدی دێنن!"
دەستی بۆ ئاسمان درێژ کرد.
- لەوێ خۆرەتاوێک هەیە!
لە سنگی خۆیدا و وتی: "لێرەیش ئاگرێکی دیکە هەڵ دەکەن، ڕووناکتر لە خۆری ئاسمان، خۆری بەختەوەریی مرۆڤ کە زەوی و هەموو دانیشتووانەکەی بە تیشکی عەشق و خۆشەویستی بەرامبەر بە یەکتر و بەرامبەر بە هەموو شتەکان، ڕووناک دەکاتەوە. بۆ هەڵکردنی بڕوای نوێ، وشەی دۆعا لەبیرکراوەکان لە ئاسمانێکی دیکە دەئافرێنن. ئاگرەکەیان لە قووڵایی ڕۆح و دڵیانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەم شێوەیە لە عەشق و خۆشەویستی منداڵەکانمان بۆ جیهان، ژیانێکی نوێ دێتە ئاراوە. کێ دەتوانێت ئەم عەشقە خامۆش بکات؟ چ کەسێک؟ هیچ هێزێک گەورەتر و مەزنتر لەمە هەیە؟ زەوی ئەوەی بەدی هێناوە و سەرانسەری ژیان خوازیاری سەرکەوتنی ئەوە... بەڵێ سەرانسەری ژیان".
دایکی لە لۆدمیلا جیا بۆوە و هیلاک و ماندوو دانیشت. ژنە گەنجەکە بە ئارامی بە دەوریدا سووڕا، وەک ئەوەی بترسێت لەوەی کە شتێک بشکێنێت. بە هەنگاوی ئارام بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕا، لە کاتێکدا بە چاوە کزەکانی سەیری خاڵێکی دووری دەکرد، دووبارە ناسکتر، ڕاستتر و گەورەتر دەردەکەوت. ڕوخساری کەم گۆشت و جدی بوو و لە تاو تووڕەیی لێوەکانی دەگەست. بێ دەنگی، خێرا دایکی ئارام کردەوە. بە ئارامی و بە ترسەوە وتی: "لەوانەیە ئەو شتانەم وتبێت کە نەدەبوو بیڵێم".
لۆدمیلا خێرا ئاوڕی دایەوە، حەپەساو سەیری کرد و وتی: "نا، هەر وایە... هەر وایە! بەڵام با چیتر لەم بارەوە قسە نەکەین!...

هەر بەو شێوەیە كە باست كرد، بەڵێ!" ئینجا لەسەرخۆتر درێژەی بە قسەكانی دا: "دەبێت خێرا بەڕێ بكەون. وێستگەی شەمەندەفەر لێرەوە دوورە."

- بەڵێ، هەرچی زووتر باشتر! چەندە خۆشحاڵم! ئاخ! چەندە خۆشحاڵم، خۆزگە دەتانزانی! وتەكانی كوڕەكەم دەبەم، وتەی خوێن و گۆشتی خۆم! وەكو رۆح و گیانمە!"

دایكی پێكەنی، بەڵام پێكەنینەكەی، تەنیا رەنگدانەوەیەكی كرچوكاڵی لە سەر ڕوخساری لۆدمیلا لێ كەوتەوە. دایكی هەستی كرد ڕوخساری لۆدمیلا، شادومانییەكەی دەكوژێنێتەوە.

لە ناكاو پلاگە ئارەزووی ئەوەی كرد گەرمی خۆی بۆ ئەم رۆحە بەهێزە بنێرێت، لە ئامێزی بگرێت و لەگەڵ سۆزی دایكانە هاوئاهەنگی بكات. دەستی لۆدمیلای گرت و گوشی، وتی: "باوانەكەم! زۆر باشە مرۆڤ بزانێت لە ژیاندا بەشی هەمووان ڕووناكی هەیە و بە تێپەڕینی كات هەمووان ئەو ڕووناكییە دەبینن، رۆحیان لەگەڵ ئەودا بە سەر دەبەن و هەمووان لەگەڵ بڵێسە نەكوژاوەكانی دەسووتێن".

ڕوخساری میهرەبانی دەلەرزی، چاوەكانی دەدرەوشانەوە و برژانگەكانی دەلەرینەوە وەك ئەوەی بیانەوێت بفڕن. بەو هزرە گەورانە سەرخۆش ببوو كە هەموو كزانەوەكانی دڵی و گشت هەستەكانی تیا جێ دەكردەوە، بیركردنەوەكانی چرۆی دەكرد و وەك خۆری بەهار، ژیانە خەزان دیتووەكەی گەرم و بەپیت دەكرد.

- وەك ئەوەیە خوایەكی تازە بۆ ئێمە هاتبێتە بوون، هەموو شتێك بۆ هەمووان، هەمووان بۆ هەموو شتێك. ژیانی یەكگرتوو! بەم شێوەیە دركی دەكەم. لە بەر ئەوە ئێوە لە سەر زەوین و ئەم خاڵە دەبینم. لە راستیدا هەمووتان هاوڕێن و سەر بە یەك خێزانن، چونكە منداڵی یەك دایكن: "حەقیقەت!" حەقیقەتە ئێوەی هێناوەتە بوون و ئێوە بە هێزی ئەو زیندوون.

پلاگە هەناسەی نوێ كردەوە و دەستەكانی ئاوەڵا كرد وەك ئەوەی

بیەویت کەسێک لە ئامێز بگرێت. بەردەوام بوو: "کاتێک لە ناخی خۆمدا وشەی هاوڕێ' دەهێنمە سەر زمان کە لە پێشرەویدان. لە هەموو شوێنەکانەوە دەستە دەستە دێن. دەنگدانەوەی دەنگەکانیان دەبیستم وەک ئەوەی تەواوی زەنگی کلێساکان پێکەوە لێ بدرێن".

دایکی سەرکەوتوو بوو. ڕوخساری لۆدمیلا گەشایەوە، لێوەکانی دەلەرزی، دلۆپی فرمێسک یەک لە دوای یەک لە چاوەکانی دەهاتە خوار.

دایکی لە ئامێزی گرت، پێکەنی، دڵی پڕ بوو لە شانازی و سەرکەوتن...

کاتێک ئەو دوو ژنە لە ئامێزی یەک جیا بوونەوە، لۆدمیلا سەیری پلاگەی کرد و بە ئارامی پرسی: "دەزانی بوون لەگەڵ تۆ زۆر تایبەتە؟"

وەڵامی خۆی دایەوە: "بەڵێ، دەڵێی مرۆڤ لە کاتی سپێدەدا لە سەر چیایەکی بەرز وەستاوە..."

# وێنەی (29)

لە کۆڵان هەوای وشک و زۆر سارد تەنگی بە جەستە هەڵدەچنی، گوشاری بۆ قورگ دەهێنا و کونە لووتی دەگەست و بە هۆی هەڵمژینی ئەو هەوا ساردەوە، سییەکان لە کار دەکەوت. دایکی وەستا و سەیری دەوروبەری کرد. لەو نزیکانە گالیسکەچییەکی لێ بوو، کڵاوێکی خوری کردبووە سەری. دوورتر لەو، پیاوێک بە پشتی چەماوە و کورەکورِ بە ڕێگەدا دەڕۆیشت. لە پێش ئەو پیاوە، سەربازێک هەڵبەز و دابەزی دەکرد و گوێ تەزیوەکانی گەرم دەکردەوە.

دایکی بیری کردەوە: "دەبێت وتارەکەی پاڤڵ بە ناو خەڵکدا بڵاو بکەمەوە. ئەوان بیخوێننەوە و بەئاگا بێنەوە کە چی بە سەر کوڕەکەم و منداڵەکانی تری ئەم نیشتمانە هاتووە و چەندە مافیان خوراوە".

پلاگە بیری کردەوە: "لەوانەیە ئەویان ناردبێت لە دووکانەکە شت بکڕێت. بە حەزەوە بە سەر بەفرەکاندا دەڕۆیشت. گەیشتە وێستگەکە. دەرگای شەمەندەفەرەکە هێشتا دانەخرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژووری چاوەڕوانی پڕ دووکەڵ و نمرە سێ، خەڵکێکی زۆر دەبینرا. سەرما کرێکارەکانی ڕێگەی ئاسنی لەوێ کۆ کردبۆوە. گالیسکەچییەکان، کەسانی ئاوارە و بێ پەنا دەهاتنە ئەم ژوورە بۆ ئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە. گەشتیارانیش لەوێ بوون. چەند جووتیارێک، بازرگانێکی قەڵەو لە ناو پاڵتۆیەکی پێستە، قەشەیەک لەگەڵ کچێکی ڕەنگ بزرکاو، پێنج-شەش سەرباز و چەند کەسی وردە بورژوا لەوێ دەبینران. گەشتیاران جگەرەیان دەکێشا، قسەیان دەکرد، عارەق یان چایان دەخواردەوە. لە نزیک کافێکە کە کەسێک

بە قاقا پێدەکەنی، هەورێک لە دووکەڵ بەو ناوەدا هاتوچۆی دەکرد. کاتێک دەرگا دەکرایەوە، دەنگی لێوە دەهات و کاتێک بە قایمی دایاندەخست، شووشەکان دەلەرزینەوە و دەنگەکەی بڵاو دەبۆوە... هەست بە بۆنی تووتن و ماسی سوێرکراو دەکرا.
دایکی لە نزیک دەرگاکە دانیشت. لە شوێنێک کە هەمووان دەیانبینی، چاوەڕوان بوو. هەر کات کەسێک دەهاتە ژوور، کەمێک هەوای سارد بەر ڕوخساری پلاگە دەکەوت. ئەم هەستە لای شیرین بوو و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا. خەڵکانێک کە جلی قورسیان پۆشیبوو و بەستەی گەورەیان بە دەستەوە بوو، دەهاتن. نەزانانە بە دەرگاکەوە دەلکان، جوێنیان دەدا. بارەکەیان لە سەر زەوی یان کورسییەک فڕێ دەدا، دواتر شەختەی سەر یەخەی پاڵتۆ و سەرقۆڵەکانیان دەتەکاند و بە بۆڵەبۆڵ ریش و سمێڵیان پاک دەکردەوە.
گەنجێک کە جانتایەکی بە دەستەوە بوو، هاتە ژوور و خێرا سەیری دەوروبەری کرد و ڕاستەوخۆ بەرەو لای دایکی ڕۆیشت.
بە ئارامی پرسی: "بەرەو مۆسکۆ دەڕۆن؟"
- بەڵێ، بۆ لای تاتیانا.
- فەرموون.
جانتاکەی لە سەر کورسییەکەی تەنیشت پلاگە دانا. جگەرەیکی لە گیرفانی دەرهێنا و خێرا دایگیرساند و دوای ئەوەی کەمێک کڵاوەکەی بەرز کردەوە، لە دەرگاکەی تر ڕۆیشتە دەر. دایکی، دەستی لە چەرمی جانتاکە دا. بە ڕەزامەندییەوە سەیری ئامادەبووانی دەکرد. دوای ساتێک هەڵستا و لە سەر کورسییەکی تر لە نزیک دەرگای چوونەدەرەوە دانیشت. جانتاکەی بە ئاسانی گواستەوە. سەری بەرز کردەوە و سەیری ڕوخسارەکانی بەرامبەری دەکرد.
پیاوێک کە پاڵتۆیەکی کورتی پۆشیبوو و سەری خستبووە ناو یەخەی پاڵتۆکەی، شانی لە شانی دا و بێ ئەوەی هیچ بڵێت، وەک داوای

لێبووردن دەستی بۆ کڵاوەکەی برد و دوور کەوتەوە. دایکی وای زانی پێشتر ئەم کەسەی بینیوە و رووی وەرگەڕاند. بینی بە یەک چاو چاودێری دەکات. ئەم چاوە روونە، جەستەی پلاگەی بڕی و دەستی هێنایە لەرزین کە لە سەر جانتاکەی دانابوو، وەک ئەوەی بارەکەی قورستر بووبێت. هەستێکی ناخۆش لە دڵیدا سەری هەڵدا و کاریگەری کردە سەر قورگی و دەمی تاڵ و وشک کرد. لە خۆی پرسی: "لە کوێ بینیومە؟" حەزی دەکرد دووبارە ئاوڕ بداتەوە و جارێکی دیکە سەیری بکات. پیاوەکە هێشتا لەوێ بوو. هەندێک جار لە سەر قاچی راست و هەندێک جار لە سەر قاچی چەپی دەوەستا و دوودڵ دەهاتە بەرچاو. دەستی راستی لە ناو قۆپچەی پاڵتۆکەی و دەستەکەی تری لە گیرفانیدا بوو... بەم شێوەیە شانی راستی گەورەتر لە شانی چەپی دەردەکەوت.

پلاگە بە ئارامی لە کورسییەک نزیک بۆوە و دانیشت، وەک ئەوەی ترسابێت لەوەی کە شتێکی لە ناخیدا دڕاندبێت. یادگەی بە هۆی هەستی پێش روودانی کارەسات، بەئاگا هاتبۆوە و دوو وێنە لەم پیاوە لە زەینیدا نەخشی بەست. یەکەمیان کاتی هەڵاتنی ریبین بوو و، دووەمیان لە ناو هۆڵی دادگا.

ئەو پاسەوانەی کە پلاگە زانیاری هەڵەی سەبارەت بە هەڵاتنی ریبین پێ دابوو. بە دڵنیاییەوە دایکیان دەناسی و چاودێرییان دەکرد. لە خۆی پرسی: "کەواتە تووش بووم؟" لەرزی و وەڵامی خۆی دایەوە: "بەڵام هێشتا نا، ئەگەری هەیە تووش بووبێتم، چارە نییە".

سەیری دەوروبەری کرد و هیچ شتێکی گوماناوی نەبینی. یەک لە دوای یەک بیری تازە لە زەینیدا دادەگیرسا و دەکوژایەوە.

- جانتاکەم دابنێم؟... بڕۆم؟

بەڵام خێرا بیرێکی دیکە بە زەینی دەگەیشت: "وتەکانی کوڕەکەم فڕێ بدەم و بڕۆم! ئەویش لە بەر دەستی ئەو کەسانە!"

جانتاکەی لە خۆی نزیک کردەوە.

- بۆچی بە جانتاکەوە رانەکەم؟ بە هەڵاتان...
ئەم ئەندێشانەی لا بێگانە بوو، وای دەزانی کەسێک بە زۆر دەیکاتە ناو مێشکی. وەک سووتانەوەیەک کە بە شێوەیەکی ئازاردەر دڵ و سەری دەڕزاند، ئەوی لە خۆی، لە پاڤڵ و هەموو ئەو کەسانەی تێکەڵ بە دڵی ببوون، دوور دەکردەوە. هەستی کرد هێزێکی دوژمنانە، بە پێداگرییەوە زۆری لێ دەکات، قورسایی خستۆتە سەر شان و سنگی و لە ترسێکی سارددا دەیخنکێنێت. دەمارەکانی ناوچاوی ئاوسا، ڕەگی مووەکانی گەرم داهات.
دواتر بە هەوڵێکی بەهێز کە سەرلەبەری جەستەی شڵەقاند، هەموو ئەو ترس و لەرزانەی لە ناخیدا کوژاندەوە و بە خۆی وت: "مەبە هۆی شەرمەزاری کوڕەکەت!"
چاوەکانی بەر نیگایەکی شەرمنانە و خەمبار کەوت. وێنەی ریبین لە زەینیدا نەخشی بەست. وا پێ دەچوو ئەم چەند سات دڕدۆنگییە، هەموو شتێکی لە ناخیدا پتەو و بەهێز کردووە. دڵی ڕێکوپێکتر لێی دەدا.
سەیری دەوروبەری کرد و لە خۆی پرسی: "ئێستا چی روو دەدات؟"
سیخوڕەکە چپەچپی دەکرد. پاسەوانێک سەیری دایکی کرد و ڕۆیشتە دواوە. پاسەوانێکی دیکە نزیک کەوتەوە و گوێی لە گفتوگۆی ئەوان گرت. ئەم کەسە پیرەپیاوێکی بەهێزی قژ ماشوبرنجی بوو. بە سەر ئیشارەی بۆ سیخوڕەکە کرد و بەرەو ئەو کورسییە هات کە دایکی لە سەری دانیشتبوو. سیخوڕەکە لە ناکاو ون بوو.
پیرەپیاوەکە بە ئارامی دەڕۆیشت، لە کاتێکدا بە وردی سەیری پلاگەی دەکرد. دایکی تا کۆتایی کورسییەکە ڕۆیشتە دواوە.
- ئەشکەنجەم نەکەن، تەنیا ئەشکەنجەم نەکەن..!
نزیک پلاگە وەستا و دوای چەند ساتێک بێ دەنگی، بێشەرمانە پرسی: "سەیری چی دەکەی؟"
- هیچ.

- زۆر باشە، پیرەژنی دز، پیر بوویت، بەڵام دەستت هەڵنەگرتووە.
دایکی هەستی کرد ئەم قسانە وەک شەقەزللە بەر ڕوخساری دەکەویت. قسەی ناشیرین و قیزەون و ئازاردەر بوو، وەک ئەوەی گۆنای مرۆڤیان بڕیبێت و چاوەکانیان هەڵکۆڵیبێت...
بە هەموو توانای هاواری کرد: "من؟ من دزم؟ درۆ دەکەی...
لەو گێژەڵووکەی تووڕەییدا، هەموو شتەکانی دەوروبەری دەسووڕانەوە. دڵی لە تاڵیی جوێنەکان ئازاری پێ گەیشت. جانتاکەی بە دەستەوە گرت و دەرگاکەی کردەوە. هەڵستا. دەستەیەک لە وەرەقەکانی لە سەر سەری ڕاگرت و هاواری کرد: "سەیر بکەن، هەمووتان بە جوانی سەیر بکەن...!" دەنگی ژاوەژاوی خەڵکی بیست بەرەو لای دەهاتن.
- چییە؟
- لێکۆڵەر، ئەوەتا...
- چی رووی داوە؟
- دەڵێن ئەم ژنە دزی کردووە.
- ئەم ژنە؟
- هاواریش دەکات.
- سیمایەکی چەند بەڕێزی هەیە!
- کێیان گرتووە؟
دایکی بە بینینی ئەو خەڵکەی لە دەوری کۆ بوونەوە، ئارامی گرت و بە دەنگی بەرز دووبارەی کردەوە: "من دز نیم، دوێنێ دەستەیەک زیندانی سیاسییان مەحکوم کرد، کوڕەکەم یەکێک بوو لەوان. ناوی ڤێلاسێف-ە. وتاری پێشکەش کرد و ئەمە وتارەکەیەتی. دەڕۆیشتم ئەم نووسراوە بۆ خەڵک بەرم بۆ ئەوەی بیخوێننەوە و سەبارەت بە ڕاستییەکان بیر بکەنەوە".
کەسێک بە وریایی یەکێک لە لاپەڕەکانی لە دەستی پلاگە وەرگرت. پلاگە لاپەڕەکانی دیکەی بە ناو خەڵکەکەدا بڵاو کردەوە.

دەنگێكی ترساو بەرز بۆوە. ئەگەر بۆ بڵاوكردنەوەی ئەمانە دەستخۆشیت لێ بكەم، مەترسی نییە!"
دەنگێكی دیكە وتی: "ئاگادار بن! كەس نازانێت چی روو دەدات!"
پلاگە دەیبینی كاغەزەكان هەڵدەگرن و لە ناو گیرفان و سنگیاندا دەیشارنەوە. دووبارە بوێر بوو. دەستەیەك لە كاغەزەكانی دەردەهێنا و بە راست و چەپدا بڵاوی دەكردەوە.
- دەزانن بۆچی كوڕەكەی من و هاوڕێكانیان سزا دا؟ پێتان دەڵێم! بڕوا بە قسەكانم بكەن كە قسەی دایكێكە. دوێنێ كەسانێكیان سزا دا كە حەقیقەتی پیرۆزیان بۆ ئێوە دەهێنا! دوێنێ هەستم كرد ئەم حەقیقەتە سەركەوتووە... كەس ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، هیچ كەس!.."
خەڵكەكە كە سەریان سوڕمابوو، بێ دەنگ بوون و بەردەوام لە دەوری دایكی كۆ دەبوونەوە.
- ئەنجامی كار بۆ ئێمە هەژاری و نەداری و نەخۆشییە! هەموو شتێك دژی ئێمەیە. ڕۆژانە بە هۆی كاری زۆرەوە گیان دەدەین، لە برسا و لە سەرما رەنج دەبەین، بەردەوام لە ناو فرت و فێڵدا نغرۆ بووین و كەسانی تر بە بەهای زەحمەتەكانی ئێمە تا قوڕگیان پڕ دەكەن و ڕادەبوێرن، بەڵام وەك سەگی بەستراو، ئێمە لە نەزانیدا دەهێڵنەوە، نازانین و ترسەنۆكانە لە هەموو شتێك دەترسین. ژیانی ئێمە وەك شەوە، شەوێكی تاریك، مۆتەكەیەكی مەترسیدارە. ئەی وا نییە؟"
چەند كەس بە ئارامی وەڵامیان دایەوە: "وایە".
- دەمی ببەستن.
دایكی لە پشت قەرەباڵغییەكە سیخوڕەكە و دوو جەندرمەی بینی. خێرا ویستی پاشماوەی كاغەزەكان بڵاو بكاتەوە، بەڵام كاتێك دەستی بە جانتاكەی گەیشت، هەستی كرد دەستێكی دیكە بەردەستی كەوت.

چەمایەوە و وتی: "هەمووی هەڵگرن، هەڵیگرن. بۆ گۆڕینی ئەم ژیانە، بۆ رزگاری هەموو خەڵک، بۆ زیندوو کردنەوەیان لە ناو مردووەکان بەو جۆرەی من زیندوو بوومەوە، کەسانێک هاتن، رۆڵەکانی خوا کە تۆوی پیرۆزی حەقیقەت دەچێنن. بە نهێنی کار دەکەن، چونکە بە باشی دەزانن کەس ناتوانێت راستی بڵێت و شوێنپێی هەڵنەگرن، نەیخنکێنن و زیندانی نەکەن و لە ناوی نەبەن. حەقیقەتی ژیان و ئازادی، دوژمنی ئەو کەسانەن فەرمانڕەوای ئێمەن و دەمانچەوسێننەوە. ئەو کەسانە، خەڵکانێکی پاکن و پەیامهێنەری راستین. بە هۆی هەوڵەکانیان، حەقیقەت دووبارە دێتە ناو ژیانی بە ئازار و پڕ نەهامەتی ئێمە، گەرممان دەکاتەوە و ژیانێکی تازەمان پێ دەبەخشێت. ئێمە لە ستەمی ئەو کەسانەی رۆحی خۆیان بەوان فرۆشتووە، ڕزگار دەکات. دڵنیا بن".

کەسێک هاواری کرد: "ئافەرین پیرەژن".

کەسێکی دیکە بە دەنگی بەرز پێکەنی.

خەڵک بە هاتوهاوار ڕۆیشتنە دواوە. دەوری جەندرمەکانیان گرت، دەتووت بە ئەنقەست ڕێگەیان لێ گرتن. ئەم ژنە قژ ماشوبرنجییە بە نیگای سادە و پڕ لە راستگۆیی و میهرەبانی خۆی، سەرنجی خەڵکەکەی راکێشا، خەڵکانی جیابۆوە لە یەک، تاک و تەنیا لە ژیان، ئێستا یەکیان گرت و تینی وتەکانی پلاگە کە بێگومان زۆریان لەمێژ بوو چاوەڕێی بوون، گەرمی کردبوونەوە. ئەوانەی لە دایکیەوە نزیک بوون، بێ دەنگ مانەوە. پلاگە بە وردی سەیری دەکردن و هەناسەی گەرمی ئەوانی لە سەر ڕوخساری هەست پێ دەکرد.

خەڵکەکە هاواریان کرد: "برۆ سەر کورسییەکە".

- برۆ پیرەژن!
- ئێستا لە سێدارەت دەدەن!
- چەند ژنێکی بوێرە.
- خێرا قسە بکە، وا هاتن.

جەندرمـەكان نزیـك بوونـەوە و هاواریـان دەكرد: "ڕێگەكە بكەنـەوە، ڕێگەكە بكەنـەوە."
ژمارەیـان زۆر بـوو و بـە توندوتیژی خەڵكەكەیـان دوور دەخستـەوە. خەڵكەكە شپرزە بـوون و پشتیان بـە یـەک بەست. دایكی هەستی كرد لـە دەوروبـەری شتێک هەڵدەقوڵێت و ئـەم خەڵكە بۆ تێگەیشتن و باوەڕكردن بـە قسـەكانی، ئامـادەن. دەیویست ئـەوەی دەیزانێت خێرا بیڵێت؛ هەمـوو ئـەو هزرانەی لە قووڵایی دڵیـەوە بەرز دەبێتەوە، دەریببڕێت، بـەڵام چیتر دەنگی نەدەگەیشت و جگە لـە مرخەمرخێكی لـەرزۆک، هیـچ دەنگێكی تـر لـە سنگیەوە نەدەهاتـە دەر.
- وتاری كوڕەكەم، وتاری پاكی ڕۆڵەی گەلە، ڕۆڵەیەكی ڕاستكردار و زەحمەتكێش. كەسانی ڕاستكردار بە هۆی بوێرییان جیا دەكرێنەوە. ئازان و ئەگـەر پێویست بكات، لـە ڕێگـەی ڕاستی و حەقیقەتـەوە گیانـی خۆیان دەبەخشن.
گەنجەكان بە تامەزرۆیی و ترسەوە سەیریان دەكرد.
كێشـایان بـە سنگیدا، تلاوتل كەوتـە سـەر كورسییەكە. بـە سـەر سـەری خەڵكـەوە دەستی جەندرمـەكان دەبینرا كـە پشتـەمڵ و شـانی خەڵكەكەیـان دەگرت و دووریـان دەخستنەوە. كڵاوەكانیان لادەبرد و فڕێیـان دەدا. لـە دەوروبـەری پلاكـە شـتی ڕەش دەجوڵانەوە. بەڵام بە سـەر ماندوویەتـی خۆیدا زاڵ بـوو و بـەو نەختـە هێزەی بـۆی مابۆوە، هـاواری كـرد: "گـەل دەبێت هەمـوو تواناكانـی لـە شێوەی یـەک هێزی یەكگرتـوو كـۆ بكاتـەوە".
دەسـتی گـەورە و سـووری جەندرمـەكان بـەر ملـی دایكـی كـەوت و ڕایوەشـاند:
- دەمت داخـە..!
دایكـی بـە قایمـی بـەر دیوارەكـە كـەوت. ئازارێكی زۆر كەوتـە ناو دڵی، بـەڵام ئـەو ئازارە بە هـۆی كاریگەری بڵێسـەكانی ناخی نەما.
جەندرمەكە وتی: "بڕۆ!"

- خەڵكینە، مەترسن، هیچ رەنجێک لەوەی کە بە درێژایی تەمەنتان کێشاوتانە، خراپتر و بە ئازارتر نییە.
جەندرمە کە قۆڵی گرتبوو و بۆ پێشەوە پاڵی پێوە نا، قیژاندی بە سەریا: "دەڵێم دەمت داخە..!"
جەندرمەی دووەم قۆڵی گرت.
- هیچ رەنجێک لەوەی رۆژ بە رۆژ دڵی مرۆڤ دەخوات و سنگی وشک دەکات، تاڵتر نییە.
سیخورەکە بەرەو لای رۆیشت و دەستە مشتکردووەکانی لە بەردەم روخساری دایکی راوەشاند و وتی: "دەمت داخە، هیچوپووچ..!"
چاوەکانی پلاگە گەورە بوو و بریسکایەوە. شەویلکەی کەوتە لەرزین. هەردوو پێی بە عەرزی خلیسکی ژوورەکەوە نووساند و هاواری کرد: "ناتوانن رۆحێک بکوژن کە زیندوو بۆتەوە".
- دەمت داخە دەڵە سەگ!
سیخورەکە مشتێکی لە چەناگەی پلاگە دا.
دەنگێک بەرز بۆوە: "باش چاری ئەم پیرە کەمتیارەتان کرد!"
شتێکی رەش و سوور بۆ ساتێک دایکی کوێر کرد. تامی سوێری خوێن دەمی پڕ کرد.
دەنگدانەوەی هاوارەکان گیانێکی تازەی بە دایکی بەخشی: "مافی ئەوەتان نییە لێی بدەن!"
- هاورێیان!
- چی بووە؟
- ئاخ! بێ شەرەف!
- مشتێکی لێدە!
- حەق لە ناو خوێندا ناخنکێنرێت!
- لە پشتەوە پاڵیان پێوە نا. هەموو شتێک دەجوڵا و لە ناو گێژەڵووکەی رەشی هاوارەکان و فیکەکاندا ون دەبوو. شتێکی چڕ و گوێ کەڕکەر، کاریگەری لە گوێچکەکانی کرد، قورگی پڕ

دەکرد و هەناسەی لێ دەبڕی. زەوی لەژێر قاچەکانی چەمایەوە، دەڕۆیشتە خوار و جەستەی لەژێر کزانەوەی ئازارەکان دەلەرزی. دایکی قورس و لاواز تلاوتلی دەکرد، بەڵام لە دەوروبەری خۆی چاوی زۆری بینی کە بوێرانە دەدرەوشانەوە. دایکی ئەم چاوانەی بە باشی دەناسی.

ئەویان بەرەو دەرگاکە برد.

یەکێك لە دەستەکانی بە دەرگاکەوە لکا.

- بە دەریایەك خوێن ناتوانن راستی خامۆش بکەن.

لە دەستیان دا.

- ئێوە شێتن، جگە لە کینە و نەفرەت هیچتان دەست ناکەوێت و رق و کینەی خەڵك، ڕۆژێك نغرۆتان دەکات.

جەندرمەیەك بە هەموو هێزی خۆی قوڕگی گرت.

دایکی بە مرخەمرخ وتی: "بەدبەختینە!"

کەسێك بە هەناسەیەکی درێژ وەڵامی دایەوە.